٢

# هەزار و یەك شەوە

@Muhammad N Hassan



و: جەوهەر مەحمود داراغا



کتێبی PDF
Ktebi_PDF
238 posts
19.2k followers
7 following
Promote
Edit Profile
پەرەی فەرمی کتێبی PDF
Public Figure
لێرە
باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان
بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە
.
Ganjyna
.
لینکی کتێبەکان ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان
drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVslbo_
Ktebi_PDF
با لێبوردە بیت
رۆمان
سەحەر
چیرۆک
ژیانی پێغەمبەران
ئاینی
رۆمان

@Muhammad N Hassan

# هەزار و یەك شەوە (٢)

وەرگێڕ: جەوهەر مەحمود داراغا

## ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| چیرۆكی باڵندەیان و درندەیان لە بەرامبەر مرۆڤدا | ٩ |
| چیرۆكی شوانەی خواپەرست | ١٧ |
| چیرۆكی باڵندەی ئاوی و كیسەڵ | ١٩ |
| چیرۆكی گورگ و ڕێوی | ٢١ |
| چیرۆكی مشكی شار و مشكی دەشتی | ٣١ |
| چیرۆكی پشیلە وقەلەڕەش | ٣٢ |
| چیرۆكی ڕێوی و قەلەڕەش | ٣٢ |
| چیرۆكی مشك و كێچ | ٣٣ |
| چیرۆكی هەڵۆ و باڵندەكان | ٣٥ |
| چیرۆكی داڵ و چۆلەكە | ٣٦ |
| چیرۆكی ژیشك و كۆترە كێوی | ٣٧ |
| چیرۆكی بازرگان و دووپیاوە فێڵبازەكە | ٣٩ |
| چیرۆكی دز و مەیمونەكەی | ٣٩ |
| چیرۆكی جۆلآیەكە | ٤٠ |
| چیرۆكی چۆلەكەكە | ٤١ |
| چیرۆكی نووستوی بە ئاگا | ٤٢ |
| چیرۆكی شا شەهەرەمان و قەمەرزەمانی كوڕی | ٦٤ |
| چیرۆكی مەیمون و دەهنەش | ٦٩ |
| چیرۆكی قەمەرزەمان و بدورخان | ٧٣ |
| چیرۆكی قەمەرزەمان و خزمەتكارەكەی | ٧٤ |
| بەسەرهاتی قەمەرزەمان و وەزیر | ٧٦ |
| بەسەرهاتی قەمەرزەمان و باوكی | ٧٨ |
| بەسەرهاتی خاتوو بدور و باوكی | ٨٢ |
| بەسەرهاتی بدورخان و براكەی: مەرزەوان | ٨٣ |
| چیرۆكی سەفەری مەرزەوان | ٨٤ |
| چیرۆكی مەرزەوان و قەمەرزەمان | ١٩٤ |
| بەسەرهاتی سەفەری مەرزەوان و قەمەرزەمان | ٩٠ |
| چیرۆكی كۆچی قەمەرزەمان و بدور | ٩٥ |
| بەسەرهاتی قەمەرزەمان و باڵندەكە | ٩٥ |
| بەسەرهاتی قەمەرزەمان و رمزەوان | ٩٦ |
| بەسەرهاتی دابڕانی بدور لە قەمەرزەمان | ٩٧ |
| بەسەرهاتی خاتوو بدور و حیاتولنفوس | ٩٨ |

| | |
|---|---|
| چیرۆکی پەژارەی شەهرەمان بۆ کورەکەی | ١٠١ |
| بەسەرهاتی قەمەرزەمانی لای رمزەوان | ١٠٣ |
| بەسەرهاتی دەریاوان و خاتو بدور | ١٠٦ |
| بەسەرهاتی بە یەك شاد بوونەوەی قەمەرزەمان و خاتوبدور | ١٠٨ |
| بەسەرهاتی قەمەرزەمان و حیاتولنفوس | ١٠٩ |
| بەسەرهاتی "ئەمجەد" و "ئەسعەد"ی کورانی قەمەرزەمان | ١١٠ |
| بەسەرهاتی ئەمجەد و ئەسعەد و خەزنەدار | ١١٣ |
| چیرۆکی چوونە شاخی ئەمجەد و ئەسعەد | ١١٨ |
| بەسەرهاتی ئەسعەد و بارامی مەجوسی | ١١٩ |
| چیرۆکی ئەمجەد و بەرگدرووەکە | ١٢١ |
| چیرۆکی ئەمجەد و بەهادۆر و کیژەکە | ١٢٢ |
| بەسەرهاتی بەیەك گەیشتنەوەی ئەمجەد و ئەسعەد | ١٣٢ |
| چیرۆکی نیعمەت و نەعیم | ١٣٤ |
| پاشماوەی چیرۆکی قەمەرزەمان | ١٥٣ |
| چیرۆکی عەلاالدین شامات | ١٥٧ |
| چیرۆکی ئەصلانی کوری عەلادینی خاڵدار | ١٩٢ |
| پاشماوەی چیرۆکی عەلادینی خاڵدار | ١٩٩ |
| چیرۆکی حاتەمی تەی | ٢٠٨ |
| چیرۆکی موعەینی کوری زایدە | ٢٠٩ |
| چیرۆکی شارۆچکەی لەبطیط | ٢١٢ |
| چیرۆکی هیشامی کوری عەبدولمەلیك لەگەڵ لاوێکی عەرەبدا | ٢١٣ |
| چیرۆکی برایمی کوری مەهدی | ٢١٥ |
| چیرۆکی عەبدوڵلا کوری باوکە قەلایە | ٢٢٢ |
| چیرۆکی ئیسحاقی موسڵی | ٢٢٥ |
| چیرۆکی پیاوە بەنگ کێشەکە | ٢٣١ |
| چیرۆکی هاورن رەشید و خەلیفەی دووەم | ٢٣٤ |
| چیرۆکی عەلی عەجەمی | ٢٤٧ |
| چیرۆکی هارونەرەشید و ئیمام ئەبویوسف | ٢٥٠ |
| چیرۆکی خالدی کوری عەبدوڵلای قەسری | ٢٥٣ |
| چیرۆکی بەخشندەیی جەعفەری بەرمەکی بەرامبەر پاقلەفرۆش | ٢٥٦ |
| چیرۆکی هارونەرەشید و ئەبومحەمەدی تەومزەل | ٢٥٨ |
| چیرۆکی بەخشندەیی یەحیای کوری خالدی بەرمەکی | ٢٧١ |
| چیرۆکی نامە درۆینەکە | ٢٧٣ |

| | |
|---|---|
| چیرۆکی پیاوێکی زانا و خەلیفە مەئموون | ٢٧٦ |
| چیرۆکی عەلی شار | ٢٧٧ |
| چیرۆکی زومرود و بەرسوم و براکەی | ٢٨٦ |
| چیرۆکی زومرود و جوانی کوردی | ٢٩٠ |
| چیرۆکی سوڵتان و زومرود | ٢٩٢ |
| چیرۆکی کوژرانی جوانی کورد بە دەستی شا زومرود | ٢٩٦ |
| چیرۆکی کوشتنی رەشیدەدین بە دەستی زومرود | ٢٩٩ |
| چیرۆکی پیاوە دزەکە | ٣٠٤ |
| چیرۆکی پیاوە ئازاکە | ٣٠٦ |
| چیرۆکی سێ والییەکەی بەردەم ناسرشا | ٣٠٨ |
| چیرۆکی دز و زێڕینگەرەکە | ٣١١ |
| چیرۆکی پیاوە دەستبڕەکە | ٣١٢ |
| چیرۆکی برایمی کوڕی مەهدی و بازرگانەکە | ٣١٤ |
| چیرۆکی بڕینەوەی ژنە خێرخوازەکە | ٣١٦ |
| چیرۆکی ئەبوحەسان و سپاردەکە | ٣١٩ |
| چیرۆکی پیاوێکی دەوڵەمەند کە زەمانە پشتی تێدەکات | ٣٢٣ |
| چیرۆکی پیاو و گەنجینەکە | ٣٢٤ |
| چیرۆکی وەردانی قەساب لەگەڵ ژن و ورچەکە | ٣٢٥ |
| چیرۆکی ئەسپە دارینەکە | ٣٣٠ |
| چیرۆکی مولتەمیس و ژنەکەی | ٣٦٥ |
| چیرۆکی ئاشەوان و ژنەکەی | ٣٦٥ |
| چیرۆکی پیاوە گێلەکە | ٣٦٧ |
| چیرۆکی "حاکم بامراللە" و بازرگانەکە | ٣٦٨ |
| چیرۆکی شا کیسرا ئەنەوشیروان و کەنیزەکێك | ٣٦٩ |
| چیرۆکی شا خەسرەو و ماسیگرەکە | ٣٧٠ |
| چیرۆکی یەحیای کوڕی خالیدی بەرمەکی و هەژارەکە | ٣٧٢ |
| چیرۆکی حەمە ئەمین و جەعفەری هادی | ٣٧٣ |
| چیرۆکی سەعیدی باهیلی و فەزڵ و جەعفەر | ٣٧٤ |
| چیرۆکی پیلانی ژنێك لە مێردەکەی | ٣٧٥ |
| چیرۆکی ئافرەتە خواپەرستەکەی بەنی ئیسرائیل | ٣٧٥ |
| چیرۆکی هارونەرەشید و جەعفەر و پیرەی دەشتەکی | ٣٧٧ |
| چیرۆکی عومەری کوڕی خەتاب و لاوێك | ٣٧٨ |
| چیرۆکی مەئمونی هارونەرەشید روخاندنی ئەهرام | ٣٨٢ |
| چیرۆکی دز و بازرگان | ٣٨٣ |

چیرۆکی هارونەڕەشید و "ئەبن قاربی" ٣٨٤
چیرۆکی هارونەرەشید و کوڕە خواناسەکەی ٣٨٦
چیرۆکی ژنە و پیرەی فێڵباز ٣٩٣
چیرۆکی ئەوڕەحمان فەرخ رەخ ٣٩٤
چیرۆکی "هیند"ی کچی نوعمان و "عودە"ی کوڕی زەید ٣٩٥
چیرۆکی ئیسحاق کوڕی برایمی موسڵی و بازرگانەکە ٣٩٧
چیرۆکی عەلی میسری بازرگان ٤٠٥
چیرۆکی حاجی و پیرەژن ٤٢٠
چیرۆکی فریشتەی مردن ٤٥٤
چیرۆکی ئەسکەندەر زولقرنین و نەتەوە لاوازەکە ٤٥٧
چیرۆکی بەدادی ئەنەوشیروان لە مەملەکەتەکەیدا ٤٥٩
ژنە خواناسەکەی نێو بەنی ئیسرائیل ٤٦٠
چیرۆکی ژنە خواناسە و چەند کەسێکی نێو کەعبە ٤٦٢
چیرۆکی مالیکی کوڕی دینار و کۆیلە رەشە خواناسەکە ٤٦٤
چیرۆکی پیاوچاکێك لە بەنوئیسرائیلدا ٤٦٦
چیرۆکی حەجاجی یوسف و پیاو چاکەکە ٤٦٨
چیرۆکی پیاوچاك و ئاسنگەر ٧٦٩
چیرۆکی پیاوە خواپەرستەکە ٤٧١
بەسەرهاتی چەند سەحابەیەکی سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب ٤٧٤
چیرۆکی ئیبراهیمی خەواس و کچە پاشاکە ٤٧٧
چیرۆکی یەکێك لە پێغەمبەران ٤٧٨
چیرۆکی کەشتی یەوانە پیاو چاکەکە ٤٧٩
چیرۆکی پیاو چاکەکەی بەنو ئیسرائیل ٤٨١
چیرۆکی ئەبو حەسەنی دەڕاج و ئەبوجەعفەر ٤٨٤
چیرۆکی حاسب کریم الدینی دانیالی زانا ٤٨٦
چیرۆکی شامار ٤٨٩
چیرۆکی بلوقیا ٤٩٠

## شەوی ١٤٦

# چیرۆکی باڵندەیان و دڕندەیان لە بەرامبەر مرۆڤدا

شەهرەزاد وتی: پێم ڕاگەیاندراوە...... ئەی پاشای شادمان، لەسەر دەمی کۆن و جاران تاوسێك و ژنەکەی، دوای سەرهەڵگرتن لە نزیك دەریایەك ماڵ دەخەن. ئەو شوێنە: دڕندەیەکی زۆری تێدا بوو. جەنگەڵ و دارستانێکی چڕ و جۆگە و ڕووبارێکی زۆری بوو.

تاوس و ژنەکەی لە ترسانا شەوانە لەسەر لقی درەخت دەنوستن. تا دەهات ترسیان پتر دەبوو، بۆیە بیریان لە شوێنێکی ئارام و هێمن دەکردەوە. ئەوە بوو ڕێیان لە دوورگەیەك کەوت. ڕەز و باخێکی چڕ و جۆگە و ڕووبارێکی فرەی تیابوو. تێیدا نیشتەجێ بوون، لە بەروبوومیان خوارد و ئاوی سازگاریان خواردەوە. ڕۆژێك بینیان مراوییە مێیەك، بە هەڵە داوان بەرەو ڕوویان هات. ڕەنگ و ڕووی پەڕی بوو. کە گەیشتە بن ئەو درەختەی تاوس و ژنەکەی بە سەرەوە بوو، ئارام بووەوە. تاوسە مێ، بێ گومان بوو لەوەی: کە ئەم مراوییە مێیە بەسەرهاتێکی عەجایبی هەیە. بۆیە هۆی ترس وبیمەکەی لێ پرسی. مراوی وەڵامی دایەوە:

" پەژارە و ترسی من لە مرۆڤە. بۆ خاتری خوا.... خۆتان لە ئادەمیزاد بپارێزن!"

تاوسە مێ وتی:

"مادام گەیشتویە ئێرە، ئیدی مەترسە."

مراویە مێ وتی:

"سوپاس بۆ خوا...... ئێستاش حەز بە نزیکیتان دەکەم."

تاوسە مێیە لە درەختەکە هاتە خوارەوە و ئەملاو ئەولای مراوی مێی ماچ کرد و وتی:

"خەمت نەبێت، ئەم دوورگەیە هێندە دوورە کە مرۆڤ ناگاتە لامان. ئاخر .... ئێمە لە ناوەڕاستی دەریادایین مژدە بێت لە وشکانیەوە کەس ناگاتە لامان! لە دەریاشەوە ئەوە هەر ناگات!"

ئەمجا پرسی:

"مرۆڤ چی بەسەر هێناویت!؟"

مراوییە مێ وتی:

"ئای..... دادە تاوس، بە درێژایی تەمەنم لە ئاسوودەیی لەم دوورگەیەدا ژیاوم! کارێکی خراپیشم لێرە نەدیوە! شەوێکیان لە خەومدا.... مرۆڤێکم بینی... دەسمان کردە قسە کردن. پێی وتم:

"خۆت بپارێزە لە ئادەمیزاد و بە قسە فریوت نەدات! هەر چیەکیشت، پیشان بدات، بڕوای پێ مەکە. چونکە فێڵبازە و فێڵی زۆرە. مەکربازە و خەڵەتێنەرە!"

شاعیرێك ئاوا پیاهەڵداوە:

زمان شیرین دڵنەوازە    لە ژێرەوە فێڵبازە

ئەوەش بزانە.... نەهەنگیشی دەخەڵەتێنێ لە دەریا دەری دێنێ... تەقلە بە فیل لێدەدا ! بە ساچمە زەن راوی پەلەوەر دەکات. نییە لە شەرەنگێزی ئادەمیزاد رزگاری ببێت. نە پەلەوەر، نە ئاژەڵ وا ئەوەی لە بارەی مرۆڤەوە زانیم: پێم راگەیاندی.....!"

کە لە خەو راپەڕیم... دادە تاوس خەم و پەژارە دای گرتم! لەو ساتەوە دڵم تەنگە و لە خۆم دەترسم، ورەم بەردا و توانام لەبەر بڕا. خواردن و خواردنەوەم لێ بێزرا! بە دڵێکی گوشراوەوە، هاتمە دەرێ... لە لاپاڵی شاخێکدا بەچکە شێرێکی زەردم بینی. ئەویش کە منی بینی زۆر دڵخۆش بوو. چونکە سەنگین بووم، رەنگ و رووەمی پێ جوان بوو. بانگی کردم کە لێی نزیك بوومەوە پرسی:

"تۆ چیت؟ ناوت چییە؟"

وتم:

"مراویم و لە باڵندەم."

منیش لێم پرسی:

"هۆی مانەوەت تا ئێستا و لەم شوێنەدا چییە؟"

بەچکە شێر وتی:

"لەبەر ئەوەی شێری باوکم، چەند رۆژێك دەیەوێت بحەوێتەوە، منی لە ئادەمیزاد بە ئاگا هێناوە وا رێکەوت ئەمشەو خەونم بە مرۆڤەوە بینی."

کە گوێ لە خەونەکەی دەگرم.... هەر ئەوەیە، کە منیش بینی بووم و بۆ تۆم گێڕایەوە. ئیدی پێم وت:

"من بۆیە پەنام بۆ هێناوی، مرۆڤم بۆ لەناو بەریت و سووریش بیت لە سەر ئەم کارە! کەچی تۆ منت فرەتر لە مرۆڤ ترساند، ئاخۆ تۆ شای گیانلەبەرانی!"

دەستم کرد بە ئامۆژگاری کردنی بەچکە شێر، هانم دا کە ئادەمیزاد بکوژێت. هەر کە ئەمەم وت....لە جێی خۆی راپەڕی کلکی خستە سەرشان و کەوتە رۆیشتن. منیش بە دوایەوە. تا گەیشتینە دوو رێ یانێك. سەیرمان کرد تەپ و تۆز بەرز بووە. دواتر کە رەوییەوە، کەرێکی رووتی بەرەڵلا دەرکەوت. دەمێ خۆی دەهێنایەوە یەك، دەمێکی دی خۆی دەکێشایەوە. کە بەچکە شێر تێی خوڕی، کەرەیش ملی شۆڕ کرد و هاتە بەردەمی لێی پرسی:

"ئەی ئاژەڵی بێ مێشك تۆ لە چ رەگەزێکیت و لێرە چی دەکەیت!؟"

لە وەڵامدا وتی:

"ئەی کوڕە پاشا.... من کەرم..... لە دەست مرۆڤ هەڵاتووم و کەوتوومە ئێرە!"

بەچکە شێر وتی:

"دەترسیت کە مرۆڤ بتکوژێت؟"

کەرەکە لە وەڵامدا وتی:

"نەخێر ئەی کوڕە پاشا.... لەوە دەترسێم فێڵم لێ بکات، سواری پشتم بێت! چونکە شتێکی هەیە سەر پشتمی دەنێت ناوی کورتانە قایشی هەیە... بە ژێر سکمدا دەیبات و دەیبەستێتەوە. ژێر پاڵووی هەیە..... دەیخاتە ژێرکلکم، لغاوی هەیە دەممی پێ دادەخات.

رەشمە دەکاتە سەرم و غارم پێ دەکات! گەر هەڵنووتم لەعنەتم دەکات. بزەرِم جنێوم پێ دەدات! کە پیریش دەبم و گورِم نامێنێ: شەڵتە دەخاتە سەرپشتم و دەمداتە دەست ئاوکێشان ئاوم پێ بەکێش دەکەن. بە ماندوویی، نابووتی، سەرشۆری دەمێنمەوە تا دەتۆپم.... لەسەر گردێك کەلاکەکەم فرێ دەدەن بۆ ئەوەی سەگ بمخوات! ئاخر.... چی لەم ژیانە نالەبارترە؟"

تاوس گیان کە ئەمەم لە کەرەکە بیست، مووچرکە بە لەشمدا هات. بە بەچکە شێرم وت:

"گەورەم... هەر چەند قسەکانی ئەم کەرە هێندەی تر منی ترساند، بەڵام لۆمە ناکرێت؟"

بەچکە شێرە لە کەرەکەی پرسی:

"ئەی ئێستا بۆ کوێ دەرِۆی؟"

کەرەکە وەڵامی دایەوە:

"تاریك و روونی بەیان.... دوور بە دوور مرۆڤێکم بینی.... بۆیە بریارم دا، هەڵێم! هێندە ترساوم.... ئێستاش ناوەستم و دەرِۆم تا ئەو دەمەی.... پەنایەکی ئارامی وا دەدۆزمەوە، کە دەستی مرۆڤی نەگاتێ!"

لەو کاتەدا کەرەکە قسەی بۆ بەچکە شێر دەکرد و دەیویست، خواحافیزی بکات... دوور بە دوور تەپ و تۆزێکمان بینی، کەرەکە رووی لە تەپ و تۆزەکە کرد و دەستی کردە زەرِین. دوای سەعاتێك تەپ و تۆز رەوییەوە، ئەسپێکی رەشمان تێدا بینی. نێوچاوان مارۆ..... زۆر جوان سێ پەل سپی دەست و پێ جوان. ئەسپە بە غاردان هات، تا گەیشتە بەردەستی بەچکە شێر. ئەمیش کە بینی رایگرت و پێی وت:

"تۆ لە کام رەگەزیت؟ بۆچی لەم دەشتە پان و پۆرەدا.... هەڵت تیزاندووە؟"

ئەمیش لە وەڵامدا وتی:

"ئەی شای ئاژەڵان من جوانووی بەرەگەز ئەسپم، هۆی غاردانیشم، ترسمە لە مرۆڤ!"

کتوپر بەچکە شێر وتی:

"وا..... مەڵێ شوورەییە تۆیەکی تۆکمە و درێژ......تۆیەکی لەش قەبە وخێرا لە رۆیشتندا.... من بەم لەشەی لە تۆ بچووکترەوە.... بریارم داوە لەگەڵ مرۆڤدا رووبەروو ببمەوە! لە گۆشتەکەی بخۆم. ترس و بیمی ئەم مراویەش برەوێنمەوە، بینێرمەوە وڵاتی خۆی! بەڵام هاتنی تۆ و لەم کاتەدا منی راچڵەکاند و ناچارم بە بریارەکەمدا بچمەوە!! تۆیەك بەم تۆکمەییەوە، ئاوا لە بەرامبەر مرۆڤ دا بۆرِت خواردبێت و لەم توکمەییەت نەترسێت!.... ئاخر.... خۆ تۆ..... بە لەقەیەکی پاشووەکانت، مرۆڤ دەکوژیت و شەرابی مەرگی پێ نۆش دەکەیت!"

ئەسپەکە پێکەنینی بە قسەکانی هات. وتی:

"هەیهوو....هەیهوو.... نەخۆزانم بێت بەسەر مرۆڤدا زاڵ ببم!..... ئەی کورە شای ئاژەڵان..... بە پان و پۆری و قەبەییم فریو مەخۆ.... مرۆڤ هێندە بە فرِ و فێڵە شتێکی دروست کردووە... ناوی "پێوەن"ە و دوو لاق و دوو دەستی پێ دەبەستێتەوە بە یەکەوە. لە مووی بزنی رێسراو "بەن" و لەو بەنە گوریس دروست دەکات. ... هەر ئەو گوریسە دەکاتە ملم و بە سنگێکمەوە دەبەستێت. ئیدی سەرم بۆ شۆرِ ناکرێتەوە و ناتوانم راکشێم و پاڵ

بکەوم! گەر ویستی سواری پشتم بێت، دوو ئاوزەنگی بەم دیو و ئەو دیوی قەبرغەمدا شۆڕ کردووەتەوە پێی تێ دەخات و بە ئاسانی هەڵ دەقونێتە سەر پشتم دوای ئەوەی شتێك دەخاتە سەر پشتم پێی دەوترێ "زین" بە دوو قایش کە بە ژێر باڵمدا دەیبات و پێکیانەوە دەبەستێت. لغاوی ئاسنی دەکاتە دەمم و ڕەشمەی لێ دەبەستێت. هەر ویستی سوارم بێت ئەوا دەچێتە سەر زینەکە و ڕەشمەکە بە دەستیەوە دەگرێت و مێی پێ لێ دەخوڕێت، پێیەکانی کە لە ئاوزەنگیەکانم دایە لە قەبرغەم توند دەکات، تا خوێنی لێ دێنێ، ئەی پاشازادە هەر مەپرسە، کە مرۆڤ چ تاڵاوێك دەکات بە قوڕگمدا!؟ دواتر کە پیر دەبم و پشتم کووڕ دەبێت، گوڕی غاردانم کەم دەبێتەوە..... دەم فرۆشێت، بە ئاشەوانێك و ئەویش بەرداشم پێ دەگێڕێت، ئیدی لە بازنەیەکدا... دەخولێمەوە و دەخولێمەوە تاکو دادەکەوم و هێزم لەبەر دەبڕێت.... ئیدی دەفرۆشرێم بە قەساب کە کلکم بۆگەنی کرد پێستم دەگوڕێت و دەی فرۆشێت بە "هێڵەك و بێژنگ" کەران.

کە بەچکە شێر ئەمەی بیست پەژارە دایگرت و توند بوو، پرسی:

"دوایەمین جار، کە مرۆڤت تێدا بینی کەی بوو؟"

لە وەڵامدا وتی:

"ئەم نیوەڕۆیە، لێی جیا بوومەوە، لەو کاتەوەیش بە شوێنمەوەیە!"

ئەمان لەم قسانەدا بوون........ کە تەپ و تۆز بڵند بووەوە... کە نیشتەوە لە نێو تەپ و تۆزەکە وشترێکی شپرزە دەرکەوت، چوار ناڵەی دەکرد تا گەیشتە لامان، هێندە گەورە و تۆکمە بوو بەچکە شێر پێی وابوو ئادەمیزادە...! ویستی پەلاماری بدات! نەمهێشت..... وتم:

"ئەی کوڕە سوڵتان ئەمە وشترە و پێ دەچێت ئەمیش لە دەست مرۆڤ هەڵهاتبێت!"

"ئەی خوشکە تاوس... کە ئێمە خەریکی گفتوگۆ بووین، وشترە سڵاوی لێ کردین. بەچکە شێر وەڵامی دایەوە و پرسی:

"چی تۆی گەیاندە ئێرە؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە:" لە مرۆڤ هەڵهاتووم!"

بەچکە شێر وتی:

"ئا...... بەم گەورەیی و پان و پۆڕییەوە؟....خۆ.... تۆ.... بە لەقەیەك دەیکوژیت! کەچی ..... لێی دەترسیت!؟"

وشترە وتی:

"کوڕە سوڵتان ..... حەز دەکەم بزانیت کە مرۆڤ فێڵاویە.... مردن نەبێت، شتێك نییە چاری بکات! ئەو پەتێك لە لووتم دەخات پێی دەڵێن "لووتەوانە" هەڵقەیەکی ئاسنین دەکاتە ملم و ڕەشمەم دەکات سەرەکەی تری دەداتە دەست بچوکترین منداڵی، ئەویش وەدووی خۆیم دەخات، قورسترین بارم لێ دەنێت و درێژترین ڕێم پێ دەبڕێت. شەو و ڕۆژ ئەمە حاڵمە! کە پیر بووم و تێکشکام، هاوڕێیەتیم لە بیر دەکات و دەم فرۆشێت بە قەساب. گۆشتم دەدەنە چێشت لێنەران و پێستم بۆ پێستە خۆشکەران. هەر مەپرسن.... حاڵم چۆنە بە دەست مرۆڤەوە!!؟"

بەچکە شێر پرسی:

"دەمێکە مرۆڤت جێ هێشتووە؟"

وشترە.... وەڵامی دایەوە:

"رۆژئاوا بوون بوو ... هەر چەند دەزانم بگەڕێتەوە و ... ئەم بینێت! بۆم دەگەڕێت و راوم دەنێت.... تو خوا لێم بگەڕێ.... با.... تاکو دەتوانم بەم چۆڵەوانیەدا، غار دەم!!"

بەچکە شێر وتی:

"کەمێ هێمن ببەرەوە... وشتر..... پەیمان بێت، دەبێت بە چاوی خۆت ببینی، کە چۆن دەیگرم!.... دەبێت لە گۆشتەکەیشیت دەرخوارد بدەم.... ئێسك و پروسکی تێك دەشکێنم و خوێنی دەخۆمەوە..."

وشترە ..... وتی:

"ئەی کوڕە سوڵتان..... گومانم لە توانای تۆیش هەیە.... لە بەرامبەر مرۆڤدا! ئەو فێڵبازە و فریودەر." دواتر ئەم شیعرەی وت:

سێبەر فورس لە تاو خێڵا ماڵی بێ  وڵات لە خێوی دەبێ خاڵی بێ!

لە کاتی ئەم گفتوگۆیەدا......... دیسان تەپ و تۆز لە دوورەوە بڵند بووەوە! دوای سەعاتێك .... کورتە باڵایەکی پیری پێست ناسك دەرکەوت. سەبەتەیەکی خستبووە سەرشانی شمەکی دارتاشی تێدابوو...... ٨ پارچە تەختەی لە سەر سەر نابوو. چەند مناڵێکیش دەستیان گرتبوو. بە خێرایی هەنگاوی دەنا....هات.... هات تا گەیشتە بەچکە شێر. دادە تاوس هەر کە ئەم دیمەنەم بینی، لە ترسا کەوتم! بەچکە شێر لێی نزیك بووەوە. پیرە بۆی پێکەنی و بە زمانێکی پاراو وتی:

"ئەی پاشای بە ئاگا.... دەستت بە هەموو شت ئەگا. کارت بە بەرهەم بێ...... ئازایەتیت وێنە کەم بێ! ئەم سەر ئێشەیەم ببڕە... ئەم کێشەیەم لەخۆ بگرە....! لە تۆم پاڵپشت تر نەدۆزیەوە."

کەوتە ناڵە، سکاڵا، گریان. بەچکە شێر کە ئەمەی بیست و بینی وتی:

"وا.... پەنام دایت! ئەی زیندەوەر... بێخەم ببە، لەوەی لێی دەترسیت...! بڵێ تۆ کێیت و کێ زوڵمی لێ کردووی؟ ئەی ئەوەی...... تا ئێستا لە تۆ جوانتر و ، زمان پاراوترم نەدیووە؟"

دارتاشەکە وتی:

"ئەی پادشای ئاژەڵان، من دارتاشم و ئەوەی زوڵمی لێ کردووم....... مرۆڤە!! سبەی بەیانی هەر لێرەدا رووبەڕووت دەبێتەوە"

بەچکە شێر... هەر کە ئەمەی بیست رەنگی گۆڕا..... دەستەکانی لە زەوی رادا و مڕاندی، گڕ لە چاوانی دەبووەوە...! نەڕاندی:

"بەو خوایە...... ئەمشەو شەونخوونی دەکێشم! ناگەڕێمەوە لای باوکم.... تا دەگەمە مەبەستم!"

بەلای دارتاشدا وەرگەڕا و وتی:

"هەنگاوەكانت كورت دەبینم. لە رۆیشتندا لەگەڵم دەرناچیت..... ناشمەوێ دڵت بشكێنم. بەرەو كوێ دەڕۆیت؟"

دارتاشەكە وەڵامی دایەوە:

"بۆ دیوەخانی شێری باوكت هاتووم. چونكە بیستبووی مرۆڤ پێی ناوەتە سەر ئەم زەویە..... لە خۆی ترسابوو، بۆیە تەتەرێكی ئاژەڵی ناردە لام ! تاكو خانوویەكی وای بۆ دروست بكەم...... كە تێیدا بحەوێتەوە و هەم لە دوژمنیشی پارێزراو بێت و دەستی مرۆڤی نەگاتێ! ئیدی منیش ئەم شمەك و چەند پارچە تەختەیەم هێنا و هاتم بۆ لای...."

بەچكە شێر ئیرەیی بە باوكی برد..... وتی:

"ئەو خانووە، بەم پارچە تەختانە لە پێشدا بۆ من دروست بكە دواتر بۆ باوكم."

دارتاشەكە وتی:

"ئەی شای ئاژەڵان، تا لە خانووی باوكت نەبمەوە، ناتوانم هیچت بۆ دروست بكەم! دواتر دێمە پەزێراییت خانوویەكیش بۆ تۆ دروست دەكەم. تاكو لە دوژمنانت بپارێزێ!"

بەچكە شێر وتی:

"بە خوا ناهێڵم بڕۆیت، تا بەو تەختانە خانوویەكم بۆ دروست نەكەیت!"

ئەمجا بە گاڵتەوە هەڵمەتی بۆ دارتاشەكە برد... ئەویش بوورایەوە وكەوت. بەچكە شێر دایە قاقای پێكەنین و وتی:

"نامەردت نەكەن..... چەندە لاوازیت!؟ لۆمە ناكرێیت گەر لە مرۆڤ بترسیت!"

دارتاشەكە هەر چەند تووڕە بوو، بەڵام دەری نەبڕی... پەنای بردە بەر فێڵ و بە رووی شێردا پێكەنی و وتی:

"هەر ئێستا خانووەكەت بۆ دروست دەكەم."

شمەك و پارچە تەختەكانی هێنا و كەوتە دروست كردنی.... بە هێندەی بەچكە شێر و دەرگایەكی بۆ هێشتەوە. وەكو سندوق وابوو. دەلاقەیەكی گەورەی تیا كردەوە. بزمارەكانی پیا داكوتی كە سەرە تیژەكەی لە ناوەوەی تەختەكە دەچووبوون. پیرە بە بەچكە شێری وت:

"ئێستا لەم دەلاقەیەوە بچۆ ژوورەوە، تا بە خۆتی بپێوم....."

بەچكە شێر بە دڵخۆشیەوە لە دەرگاكەوە چووە ژوور. بەڵام كەمێ پێی تەنگ بوو. بۆیە دارتاشەكە وتی:

"لەسەر ئەژنۆ و ئانیشك خۆتی پیا بكە."

بەچكە شێر بە قسەی كرد، بەڵام هێشتا هەر كلكی لە دەرەوە بوو.. ویستی بە دوادا بێتەوە دەرێ.

دارتاشەكە وتی:

"پەلە مەكە.... با بزانم جێی كلكت ناكەمەوە!"

ئەویش بە قسەی كرد. دارتاش كلكی بەچكە شێری لوول كرد و فڕێی دایە سندوقەوە. پارچە تەختەی بە سەر دەرگاكەدا.. داكوتا و بزمارڕێژی كرد. ئەمجا بەچكە شێر لە ناوەوە هاواری كرد:

"ئەی دارتاش.... ئەم خانووە تەنگەبەرە چییە، بیکەرەوە با بێمە دەرەوە."
دارتاش لەوەڵامدا وتی:
"هەی هوو....... پەشیمانی دادت نادات!.... جارێکی دی دەرەوە نابینیت!"
ئەمجا وتی:
"تۆ.... کەوتیتە داوەوە و دەرچوونت نییە...... ناشیرین!" بەچکە شێر وتی:
"ئەمە چ قسەیەکە...... براکەم؟" دارتاشەکە وەڵامی دایەوە:
"ئەی سەگە دەشتەکییە..... تۆ کەوتوویتە ئەو داوەوە کە لێی دەترسایت! خۆت بۆ نەپارێزراو، ئەمە قەدەرتە!"
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٤٧

شەهرەزاد وتی: خوشکە تاوس هەر ئەوەندەی بەچکە شێر ئەم قسانەی بیست، بۆی دەرکەوت کە ئەمەی بە سەری هاتووە بە هۆی ئادەمیزادەوە بووە... کە چەندین جار باوکی ئاگاداری کردۆتەوە منیش لە دڵم چەسپی بوو، کە خۆیەتی، بۆیە کەمێك خۆم لێیان بە دوور گرتبوو...! چاوەڕێی ئەوەم دەکرد بزانم چی بە سەر بەچکە شێر دێنێت!؟ ئای خوشکە تاوس.... بینیم چۆن مرۆڤەکە لە تەنیشت قەفەزەکەوە...... چاڵێکی لێدا و قەفەزی بە بەچکە شێرەوە خستە ناویەوە! چیلکە و چەوێڵی کردە سەری و گڕێ لێ بەردا ئیتر منیش کە ئەمەم بینی، ترسەکەم گەورەتر بوو.... ئەوە دوو رۆژە بەرێوەم! کە تاوس ئەمەی لە مراویە مێ بیست.... زۆر سەری سوڕما. وتی:
"خوشکێ تۆ ئێستا لە دوورگەیەکدایت! لە نێو دەریادا، هێشتا مرۆڤ دەستی پێی نەگەیشتووە ئاسوودە بە! شوێنێ بۆ خۆت هەڵبژێرە. خوایش کارئاسانی بۆ تۆ و ئێمەش دەکات."
مراوییە مێ وتی:
"دەترسم لە دەروازەم بدرێ...... شاراوەیش بم بمخاتە دەرێ!"
ئەمیش وتی:
"بمێنەوە، تۆش وەکو ئێمە، پاڵی لێ بدەرەوە."
لەسەر ئەم گفتوگۆیە رۆیشتن...تا مراوی وتی:
"خوشکێ تۆ.... بێ ئارامی من دەزانیت.... تۆم لێرە نەدیبایە... نەدەمامەوە!"
خانمی تاوس هەڵیدایە :
"چی لە نێو چاوانمان نووسرابێت، ئەمە دێتە رێمان. کەسیش ناتوانێ خۆی لە مردن رزگار بکات."

لەم وتوویژەدا بوون........ گێژەڵووکە و تەپ و تۆزێك بەرپا بوو. مراوییە مێ لە ترساندا قیراندی و خۆی فڕێ دایە، دەریاوە. وتی:

"هەر چەند کەس بە قەزا و قەدەری خۆیا ئاگا...... بە ئاگا بە، بە ئاگا."

دوای سـەعاتێك تـەپ و تـۆز رەوییـەوە و ئاسـکێك دەرکـەوت. هـەر دووکیـان هـێمن بوونەوە.... تاوس بە مراوییە مێی وت:

"ئەوەتا... خوشکێ ئەوەی منت لێ بە ئاگا هێنایەوە ئاسك بوو. وا بەرەو ئێمەش دێت. هەر وەکو چۆن تۆ لە رەگەزی باڵندەی، ئەویش... گیاخۆرە..... درِندە نییە! گوێ مەدەرێ و خەم مەخۆ، با لاوازتر نەبیت!"

هێشتا قسەکەی تەواو نـەکردبوو، ئاسك گەیشتە لایان، چووە بن سێبەری درەختەکە و سڵاوی لێیان کرد.

وتی:

"ئەمڕۆ گەیشتوومە ئێرە، شوێنی وا بە پیت و بەرەکەت و لەبارم نەبینیوە! حەزیشم بـە هاوڕێیەتیتانە"

ئـەمانیش پەسـەندیان کـرد و باوەشـیان پێـدا کـرد. بڕیاریـان دا: خـواردن و خـەوتنیان پێکەوە بێت. بەو شێوەیە مانەوە، تا ئەو دەمەی پاپۆڕێکی رێ ونکەر بە لایانـدا تێپـەڕی و لـە نزیکیانـەوە، لەنگـەری خست. سەرنشـینەکانی دابـەزین و بـەو نـاوەدا بـڵاو بوونـەوە، کـە کۆ بوونەوەی ئاسك و تاوس و مراوییەیان بینی بۆیان چوون. تاوسە فڕییە سەر درەختەکە و لەوێوە فڕین و رۆیشتن. ئاسکەکەیش، کەوتـە را کـردن و بـۆی دەرچوو. شوێن مراوییـە مـێ کەوتن تاکو گرتیان، قیراندی:

"خۆ پاراستن، لە قەزا و قەدەر بێهوودەیە!"

مراوییـەیان بـردەوە لای کەشـتیەکەیان. تـاوس کـە رووداوی مراوییـەی بـینی بڕیـاری دا دوورگەکە جێ بهێڵێت، وتی:

"وای دەبینـم بـەڵا، لـە پارێزی هـەر یەکەماندایە! ئـەم کەشـتییە نەبوایـە لـە یـەك جیـا نەدەبووینەوە، ئەو مراوییە لە هاوڕێ چاکەکان بوو."

فڕی، فڕی تاکو ئاسکەکەی دۆزیەوە سڵاوی لێکرد و ئەحواڵی مراوییەی لێ پرسی، ئەویش لە وەڵامدا وتی:

"گرتیان و بردیان، دوای مراوی دوورگەکەم لەبەرچاو کەوتووە."

ئەمجا بە دەم گریانەوە وتی:

خوایە جەرگی ئەوە ببڕی
کە هاوڕێکەمی لە من دابڕی

ئاسکە، پەژارەیەکی فرە، دایگرت.... زۆری لەگەڵ تاوس وت. تا.... رازی بـوو، بـار نـەکات و بڕوات. ئیدی پێکەوە مانەوە، ژیانێکی ئاسوودەیان دەگوزەران، بـەڵام هـەر پـەژارەی دابڕانیـان لە مراوییە مێ لە دڵا مابوو. جارێکیان ئاسکەکە بە تاوسەکەی وت:

"خوشکێ ئەوە بـوو زانیمـان سەرنیشـینانی پاپۆڕەکە، هۆی دابڕانـی ئێمـە و مـراوی بـوو. هەمیشە هۆشت بە خۆت بێت.... بە ئاگا بە.... خۆت لە فڕ و فێڵی مرۆڤ بپارێزە..!"

تاوس وتی:

"گومانی نییه، که واز هێنانی له زیکر و تەسبیحات، ئەو بەڵایەی بەسەر هێنا."

ئاسکه که ئەمەی بیست وتی:

"خوا ... شێوه جوانت بکات!"

ئەمیش دەستی کرده زیکر و تەلیله و وازی لێ نەهێنا. دەڵێن هەر "سبحان الدیان. ذي الجبروت و السطان"ی دەوتەوه.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٤٨

## چیرۆکی شوانەی خواپەرست

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوه، چەند... خوا پەرستێك، لەو شاخانەدا خەریکی خواپەرستی بوون. هەر لەو شاخەدا دوو کۆتریش هەبوو. خواپەرستەکه، کارومانـدوو بـوونی بـۆ خـۆی و ئەم جووته کۆتره بوو. دوعای بۆیان کرد بەچکەیەکی زۆریـان لـێ کەوتـەوه. بەهیچ لایەکی دیدا نەدەچوون! خواپەرستەش، لەبەر زکر و تەلیلەیان هۆگریان بووبوو. تەسبیحاتەکەشیان: پـەنا بـه خـوای دروسـتکاری دروسـتکراوان، دابەشـکاری رۆژی..... دروسـتکاری ئاسمانـان و راخەری زەوییان بوو..."

که خوا پەرستەکه مرد، کۆترەکان بـەو شاخ و دۆڵەدا بڵاوەیـان لێکـرد. لـه نێـو شاخاندا شـوانێك بـوو. بـرپوادار و ژیـر و پـاك، رانـه مـەڕێکی بـوو، دەیلەوەڕانـد. سـودی لـه شـیر و خوریـەکانی وەردەگـرت. ئـەو شـاخەی ئـەم شوانەی لێبـوو، لەوەرگا و دارو درەختێکـی زۆر و شـێری فـرەی هـەبوو. شـوانه بێخـەم بـوو لـه رانەکـەی چـونکه... بـه رانەکـەی ئـەمیان نەدەوێرا....!! ئەمیش خەریکی خواپەرستی و کارکردن بـوو بۆیـه... زۆر بـەختیار و ئاسـووده بوو. شوانه نەخۆش کەوت و چووه ئەشکەوتێکەوه رانەمەڕەکەیش، رۆژانـه دەچـووه لـەوەڕ و شەوانه دەهاتەوه بەردەم ئەشکەوتەکە... یەزدان ویستی تاقی بکاتەوه.. رێگەی بـه شـەیتان دا له شێوەی ژندا بچێته ئەشکەوتەکەی شوانەوه. که شـوانه ئـەو ژنـه جوانـەی بـینی مووچـڕکه بە گیانیدا هات. لێی پرسی:

"ژنەکه.... چی تۆی هێنایه ئێره؟ خۆ..... هیچ شتێك له نێوانماندا نییه....!"

ژنه له وەڵامدا وتی:

"لای تۆم هەڵبژارد.... حەزم لێته.....! تۆ پێویستت به خزمـەتی ژن هەیـه..... منـیش لـه قسەت دەرناچم!"

شوانه وەڵامی دایەوه:

"برۆ دەرەوە....... فریودەری، غەدار! پێویستم بە نزیك بوونەوەی تۆ نییە! ئەوەی تۆی بوێ...... دوارۆژی نابێت. ئەوەشی لە تۆ دوور بێت دوارۆژی مسۆگەرە...... تۆ فیتنەی سەرەتا و کۆتایی.... هیچ لە خوا ون نابێت. واوەیلا بۆ ئەوەی هاوسەرێتی تۆ دەکات."

ژنە وتی:

"ئەی بەرەڵای نامەسئول...... لە راستەڕێ ترازاو..... سەیرم بکە.... مرۆڤانی پێش تۆ..... لە تۆ بە ئەزموون و وریاتر بوون. کەچی چێژی ژیانیان کرد، لە کاتێکدا تۆ...... خۆتی لێ دەگریتەوە! کاری خراپیش لە دنیا و دینیان نەکرد! چاکتر وایە پەشیمان بیتەوە!"

شوانە وتی:

"ئەوانەی تۆ باسی دەکەیت من رقم لێیانە...... تۆ غەدار و فریو دەریت..... وەفات نییە! چەند ناشیرینیت، لە جوانیتا حەشارداوە؟ چەند پیاو چاکت فریو داوە و...... کۆتاییان بە پەشیمانی و دۆڕاندن هاتووە؟ وازم لێ بێنە.... ئەی ئەو کەسەی خۆت رازاندۆتەوە...... بۆ تێکدانی بەرامبەرت."

ئەمجا..... بە چمکی کەواکەی سەری خۆی داپۆشی و دەستی کردە: ویرد خوێندن. خوا...کە پاکی شوانەی بینی...... شەیتانی لێ دوور خستەوە. لە دێیەکی نزیك شوانەدا.... خواپەرستێك بوو. لە خەونیدا پێیان وت: لە نزیکتەوە پیاوچاکێك هەیە، بچۆ بیدۆزەوە و لای بمێنەوە و لە خزمەتیدا بە......! کە رۆژ بووەوە، شوانە کەوتە رێ. گەرما زۆری بۆ هێنا..... چووە سەر کانی و ئاوێ... کە درەختێك سێبەری بۆ کردبوو.

باڵندە و ئاژەڵ و درندەکان بەرەو کانی و ئاوە..... بۆ ئاو خواردنەوە دەهاتن. کە شوانەیان دەبینی سڵیان دەکرد و دەگەڕانەوە. بۆیە شوانە لەبەر خۆیەوە وتی:

"لاحول ولاقوە الا بالله. حەوانەکەم لێرەدا بۆتە مایەی زیان بۆ.... باڵندە و ئاژەڵان."

هەستا و سەرزنشتی خۆی کرد. روو زەرد خۆم بۆ ئەو رۆژەی کە "یەزدان حەقی بزنی بێشاخ بە سەر شاخدارەوە ناهێڵێت!" بە دەم گریانەوە وتی:

| | |
|---|---|
| مرۆڤ گەر زانا بوایە: بێ وتن: | بێ هۆش نەدەبوون تا رۆژی مردن |
| مردن و زیندوو بوونەوە حەشر | ئێسك و پروسك و دۆزەخ و سووتن |
| فەرمان بە چاکە...... نا... بۆ خراپە | ئەسحابولکەهف: لە ئەشکەوت نووستن |

دیسان دەستی کردەوە بە گریان. کە چۆن بۆتە هۆی ئاو نەخواردنەوەی ئاژەڵان و باڵندەیان، درێژەی بە رۆیشتنەکەیدا. تا گەیشتە لای شوانە سڵاوی لێ کرد. باوەشی پیا کرد و گریا....! شوانە لێی پرسی:

"کەس نەهاتووەتە ئێرە.... چی تۆی گەیاندە ئێرە؟"

خواپەرستیش وتی:

"لە خەونمدا ئێرەیان پێ وتم..... فەرمانیان پێکردم، منیش داخوازیەکەم جێبەجێ کرد"

شوانه ئـەملاولای مـاج کـرد، دڵـی پێـی کرایـەوە، پێکـەوە لـە ئەشـکەوتەکەدا مانـەوە، بـە بەروبوومی رانە مەڕەکە دەژیان و دەستیان لە ماڵ و مناڵ و دنیـا شـت. تـاکو خـوا: بردنیـەوە بۆ خۆی. شا شەهرەیار بە شەهرەزادی وتی:

"تۆ ماڵ و موڵك و سامانی دنیات لەبەرچاو خستم، پەشیمانت کردمـەوە لـە کوشـتنی ئـەو هەموو ژنانەم، ئەی هیچ دەزانیت لەبارەی باڵندەکانەوە؟"

ئەویش وتی:

"بەڵێ."

## شەوی ١٤٩

چیرۆکی باڵندەی ئاوی و کیسەڵ

شەهرەزاد وتی: ئەی شا دەگێڕنەوە: باڵندەیـەکی نێـو باڵنـدەکان، لـە ئاسمانـدا بـەرزە فـڕی کرد. ئەمجا بە گوژم داهاتەوە بۆ تاشە بەردێکی نێو رووبار. باڵندەکە بەسەر بەردەکەوە بـوو، کە لاشەی مرۆڤێکی هەڵئاوساو، لەسەردا ئاو هێنای و بە بەردەکەوە گیرساندەوە. باڵندەکە پیـا هەڵڕوانیش، بۆی دەرکەوت بە "رم" کوژراوە بە شمشێر لێـدراوە و رمـی پیـا چـەقیوە. باڵنـدە ئاویەکە لە دڵی خۆیدا وتی:

"رەنگە ئەمە پیاو خراپ بووبێت کۆمەڵێکی لێ کـۆ بووبێتـەوە و کوشـتبێتیان خۆیـان لـە ئازاری رزگار کردبێت."

باڵندەی ئاوی هێشتا سەراسیمە بوو کە چەند هەڵۆ و داڵ ئەملاولایان لێ گرت تـا بیخۆن. زۆر ترسا، بە خۆی وت:

"ئیدی، لێرە جێگام نابێتەوە."

لە شەقەی باڵی دا، کەوتە گەڕان، بەدوای شوێنێکدا تێیدا نیشتەجێ ببـێ. تـا ئـەو لاشـەیە کۆتا دەبێت، دڕندە پەیدا دەبێت و هەڵۆ و داڵـەکان راو دەنێـت. لـە نێـو رووبارێکـدا درەختێکی دۆزیەوە. لە سەری نیشتەوە و غەمبار بوو. لە دڵی خۆیدا وتی:

"تەماشا چۆن خـەم بـە شـوێنمەوەیە؟ ئـەو لاشـەیەم لـە دوورەوە بـینی وتم دەنـگ مەکە رۆزییە و خوا ناردوویەتی. بەڵام ئەم داڵ و هەڵۆیانە ئەم خۆشیەیان لێ کـردم بەخـەم. جا... چۆن خوازیاری بێەوەیی بم؟ لەم دنیایەدا؟... ئەوە نییە وتوویانە: دنیـا مـاڵی بێماڵانـە... ئـەو گێلانەی پێ فریو دەخۆن. کە ماڵ و مناڵ و خزم و هۆزیان هەیە. فریو خواردووان خۆیان بـا دەدەن بـە سـەر زەویـدا.... تـا دەچـنە ژێـر زەوی. کەسانێك خـۆڵ دەکەنـەوە بـە سـەریدا، کە خۆشەویستی بوون. لە هەموو شتێ باشتر بۆ هەرزەکاران، هێمنی و لەسەرخۆ بوونە. لە کاتی خـەم و مەینەتیەکانیـدا. هـەر چـەند حـەزم بـە دووری خـزم ودۆسـتانیش نـەبوو، وا جێگا و نیشتمانم گۆڕی."

لەم بیرکردنەوەیەدا بوو، کە نێرە کیسەڵێك، بە مەلە هات و سڵاوی لێ کرد و وتی:

"گەورەم چی تۆی ئاوارە کردووە؟"
باڵندەی ئاوی وەڵامی دایەوە:
"هاتنی دوژمنان، هیچ خاوەن ئاوەزێك لەگەڵ دوژمنیدا هەڵناکات!"
شاعیران جوانیان وتوە:
رەزا قورسێکت: کە لەسەر کۆڵ کەی     دیارە: کە دەبێت... ماڵی بۆ چۆڵ کەی
کیسەڵ پێی وت:
" گەر وا بێت و شتە وەکو ئەمە بێت تۆ وتت، وا لەبەر دەستتدام، لێت جوێ نابمەوە، لە پەزێراییتدا دەبم.
چونکە وتراوە:
"هیچ نامۆ بوونێك، بە هێندە نامۆ بوون لە خزم و خوێشان ونیشتمان سەخت نییە!"
هەروەها وتراوە:
"دابڕان لە کەسانی چاك، هیچ بەلایەکی ناگاتێ! چاکترین تەسەلای ژیران، خۆ ڕاهێنانە لەسەر نامۆ بوون..... ئارام بوون لە بەرامبەر بەلادا."
خۆزگە هاوڕێیەتی منت لا پەسەند دەبوو، تا منیش ببوومایە، خزمەتکار و پاڵپشت."
کە باڵندەی ئاوی گوێی لە وتاری کیسەڵەکە بوو پێی وت:
"ڕاست دەکەیت لەدابڕان بە خەم و بە ئازارترم نەبینیوە. چونکە دابڕان بۆخۆی پەندی لێ وەر دەگیرێت و بیر بە هێز دەکات. پێویستە ژیران: خوو بدەنە هاوڕێکانیان، غەمیان بە بادەن، ئارام و خۆڕاگر بن. چونکە ئەم دوانە سیفەتی چاکن بۆ شان دانە بەر گورزەکانی زەمانە. ترس و بیم دەڕەوێنێتەوە."
کیسەڵە وتی:
"بێ ورە مەبە. چونکە ژیانت تاڵ دەکات و کەسێتیت دەکوژێت."
هەروەها قسەیان بۆ یەکتر دەکرد، تا باڵندەی ئاوی بە کیسەڵی وت:
"من ئێستاش لە بەلا و ڕووداوی زەمانە دەترسم!"
کە کیسەڵ ئەمەی بیست باوەشی بە ملیا کرد و ناوچەوانی ماچ کرد پێی وت:
"باڵندەکان بە تۆوە پیرۆزن، کە پرس و ڕات پێ دەکەن خێرت لێ دەبینن! چۆن غەم و پەژارە پێت دەوێرن!؟"
هێندە دڵی باڵندەی ئاوی دایەوە، تاکو هێور بووەوە دواتر، دای لەشەقەی باڵ بەرەو شوێنی لاشەی مرۆڤەکە. بینی نە باڵندە گۆشتخۆرەکانی لێماوە، نە شێرەکان، تەنیا چەند ئێسقانێك نەبێت. دیسان گەڕایەوە لای کیسەڵەکە و پێی وت:
"کە دوژمنەکان لەوێ نەماون."
وتی:
"ئەزانی حەز دەکەم بگەڕێمەوە شوێن و جێی خۆم تاکو تاسەم لەدۆست و هاوڕێیانم بشکێت، ژیران ناتوانن دوورە وڵات بژین!"

گەڕانەوە ...... شوێنی خۆیان و شتێك نەمابوو لێی بترسن. باڵندەی ناوی ئەم دوو دێڕەی بە گۆرانیەوە وت:

رەنگە میوانێ کە هی ناوەخت بێ بۆ خانەخوێکەی شانس و بەخت بێ
رۆژێ بێت کێشەت بە ئەو چارە بێ کۆسپی سەرە رێت بە ئەو تەخت بێ

لە دوورگەکەدا مانەوە. لە کاتێکدا باڵندە ئاوی دەخواردەوە بەختەوەر و ئاسوودە بوو. قەزا و قەدەر بازێکی برسی لێ پەیدا بوو، پەلاماری دا و ورگی دڕی و کوشتی. بە ئاگا بوون دادی نەدا، چونکە رۆژی تەواو بووبوو. هۆی تیاچوونەکەی پشتگوێ خستنی زیکر و تەلیلە بوو. دەڵێن:

"زیکر کردنی "سوبحان الله" خوایە. هەر خۆت پێمان دەبەخشیت و هەر خۆیشت لێمان دەگریتەوە. "

شا شەهرەیار وتی:

"ئەی شەهرەزاد، بەم چیرۆکەت پەند و ئامۆژگاری زۆرت کردم. ئەی چیرۆکی دڕندەکانت لا نییە؟"

شەهرەزاد وتی:

"بە چاوان"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٥٠

# چیرۆکی گورگ و رێوی

شەهرەزاد وتی: ئەوە بزانە پاشا، گورگ و رێوییەك کونێکیان کردە کولانە. پێکەوە شەوانیان تیا بەسەر دەبرد. ماوەیەك پێکەوە مانەوە. جارێکیان رێوییەکە ئامۆژگاری گورگەی کرد، کە نەرم و نیان بێت و لە خراپە دوور بکەوێتەوە، وتی:

"گەر لە سەر ئەم لوت بەرزیەت بمێنیتەوە، رەنگە خوا مرۆڤ بنێرێتە گیانت. جا مرۆڤ فریودەر و فێڵباز و خەڵەتێنەرە. باڵندە بە ئاسمانەوە راو دەکات!! نەهەنگ لە دەریا دەردێنێت!! شاخ دەبڕێت، لەم شوێنەوە بۆ ئەو شوێن دەڕوات ئەویش بە هۆی فێڵ و فریودانەوە دەژی!! پێویستە نیان و بە ویژدان بیت، شەرەنگێزی واز لێ بێنە. ژیانت خۆش دەبێت."

گورگە ئەم ئامۆژگاریەی بە دڵ نەبوو بە تووڕەییەوە وتی:

"چیتە وا قسەی زل دەکەیت؟"

مشتەکۆڵەیەکی کێشا بە قەپۆزیدا.... رێویە، بووریەوە، کاتێك هۆشی هاتەوە بە پێکەنینەوە داوای لێ بووردنی کرد و ئەم شیعرەی بۆ خوێندەوە:

گەر راستگۆییم و قسەی رووبەڕوو لای تۆ خراپە، ئامۆژگاری بوو

وا تۆبەم کرد وتۆش من ببەخشە تۆ لێ بووردە بە و بە ڕەوشت و خوو گورگەکە لە ڕێوییە خۆش بوو. ئیدی ڕێوی ئازار نەدا و پێی وت:

لە هەر کارێکدا خۆت هەڵقورتێنی          پەرچەکرداری باشە نابینی

ڕێوییە وتی:

"بەسەر چاو. ئیدی شتێ ناڵێم بە دڵت نەبێت. زانایان وتویانە.... هیچ مەڵێ، تاکو: ڕووت تێ نەکەن و لێت نەپرسن. قسە مەکە ئەوەی مەبەستت نییە بیگۆڕە بۆ ئەوەی مەبەستتە ئامۆژگاری پیاوخراپان مەکە، با خراپەیان لێ وەر نەگریتەوە."

ڕێوی بە ڕووی گورگەدا پێکەنی و لە دڵی خۆیدا وتی:

"دەبێت تەقەلا بدەم، ئەم گورگە لەناو بەرم....!"

خۆی لەبەر ئازاردانی ڕێویەدا گرت بە خۆی وت:

"بۆ هەڵبەستن، دەبێتە ماندوو کردن و سەر لێ شێوان. وتراوە: لە ڕاستی لادان، مایەی زیان. ئەوەی نەزانە..... هەمیشە پەشیمانە. ئەوەی دەترسێ: قەت ناخەلەسێ ویژدان سیفەتی پیاوی گەورەیە. بە ڕەوشت بوون باشترین پاشەکەوتە. لام وایە دەبێت بگونجێم لەگەڵ ئەم ملهوڕەدا. ڕۆژێ دێ. ملی بشکێت!"

ڕێویەکە وتی:

"خوا لە گوناهبار خۆش دەبێت. لێبووردەیەی تاوانبارانە. منیش بەندەیەکی لاوازم لە بەرامبەر ئامۆژگاری کردنیدا: توندوتیژیم وەرگرتەوە. هەر ناشزانێت: فیل بەرگەی مشتەکۆڵەکەی نەدەگرت. سکاڵایش ناکەم، چونکە پێی دڵشاد بووم. زانایەك وتویەتی:

"لێدانی بە ڕەوشتان هەر چەند سەرەتا ناخۆشە...... بەلام لە دواجاردا لە هەنگوینی پالاوتە شیرین ترە."

گورگە وتی:

"لە هەڵەکەت خۆش بووم وەرە لای خۆم، دان بە کۆیلەیەتی خۆتدا بنێ. وا ڕق و تووڕەیی منت لە بەرامبەر بەرهەڵستکاریمدا بۆ دەرکەوت."

ڕێوی کڕنوشی بۆ برد و وتی:

"تەمەن درێژ بیت، ئێستاش دوژمن شکێنیت!"

ترسی ڕێوی لە گورگە سەروەر بوو. ڕۆژێکیان ڕێوی ڕەزێکی بینی کە هەندێ لە دیوارەکەی داڕوخابوو. لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەم داڕوخانە شتێکی تیایە! لە پەندی پێشینیاندا بیستوومە گەر کەسێك چاڵێکی لە زەویدا بینی و خۆی لێ نەپاراست ئەوە بە خۆی دەنازێت، ئەگەری تووش بوونی دەرد و بەلای هەیە! وا بلاوە، کە خەڵکانێك وێنەی ڕێویان کردووە و چەند بۆڵ ترێیان بۆ داناوە. کە ڕێوی بۆ خواردنی چووە، کەوتۆتە تەڵەکەوە و تیاچووە.....!! وای دەبینم ئەم شوێنە داڕوخاوە، فێڵێکی وەکو تەڵە و تەپکەکە بێت! لە پەندی پێشیناندا هاتووە: "ترس لە ئازایەتیەوەیە!" با بە وریاییەوە سەرنجی ئەم کەلەبەرە بدەم، ڕەنگە فێڵەکەیم بۆ دەرکەوێت. "تەماع فریوم نەدات و تووش ببم."

له کەلەبەری دیوارە پەرژینەکە ورد بووەوە، بەو ناوەدا گەڕا. بۆی دەرکەوت ئەمە چاڵێکە و بۆ ئەو دڕندەیە هەڵکەندراوە، کە بە ئەم ڕەزی مێو و ترێیە فێر بووە و زیانی پێ گەیاندووە. بۆیە بە خۆی وت:

"ئەوەی ویستت، پێی گەیشتیت! ئەوە تا زۆر تەنك و لاواز سەری پۆشراوە."

ئەمجا وتی:

"سوپاس بۆ خوا کە زوو سڵم لێ کرد. خۆزگە، گورگی دوژمنم تێی بکەوتایە، خۆ....... ژیانی لێ تاڵ کردووم. ئیتر بۆ خۆم بێ خەم دەمامەوە و ژیانێکی ئاسوودەم بەسەر دەبرد."

سەری بە دەم قاقای پێکەنینەوە بادا و ئەم گۆرانییەی وت:

| | |
|---|---|
| خۆزگە دوعام گیرا بوایە | ئەو گورگەم لە بیرا بوایە |
| تالآوی زۆر کرد بە قورگما | گیری بیری کەی خوایە |
| لە ئازاری بە دوور بین و | ئەم شوێنە بە گۆڕی بوایە |

ئەمجا بە پەلە گەڕایەوە بۆ لای گورگە و پێی وت:

"خوا ڕێی بەرەو ڕەزی ترێیە بۆ ئاسان کردووی، بێ ماندوو بوون بەختەوەری کردی. ئەو ڕۆژیەت عافیەت بێت."

گورگە بە ڕێوییەکەی وت:

"بەڵگەت بۆ ئەمە چییە!؟"

ڕێوی وتی:

"کە گەیشتمە سەر ڕەزە مێوەکە...... گورگ خاوەن ڕەزەکەی خواردووە.... خۆم چوومە ڕەزە ترێیەکەوە. هەموو میوەکانم بینی....... ئای چەند شیرین و خۆش بوو. گورگە گومانی نەما و شوێنی کەوت، تا گەیشتنە کەلەبەری دیواری ڕەزەکە. گورگە تەماعی ڕەزەکە گرتی. ڕێویش وەستا و کەوتە هەناسە بڕکێ! ئەم هۆنراوەیەی بیر کەوتەوە:

| | |
|---|---|
| اتطمع من ليلي بوصل و انما | تضر باعناق الرجال المطامع |

ئەوە بوو، کە گەیشتنە کەلەبەرەکە، ڕێوی وتی:

"بچۆ..... ژوورەوە، نە بە دیوارەکەیدا هەڵ دەزنێیت! نە دەیڕووخێنیت! خوا، خێرێکی گەورەی پێ کردووی؟"

گورگە هەنگاوی بەرەو ناو ڕەزەکە نا...... چووە سەر چاڵە سەر بە گەڵا داپۆشراوەکە و کەوتە خوارەوە کە ڕێوییەکە.... لە خۆشیدا خەریك بوو شاگەشکە ببێت!! لە خۆشیدا ئەم گۆرانیەی وت:

| | |
|---|---|
| فەلەك کە بۆ من نەرم و نیان بوو | بۆم لاوایەوە و چاو بە گریان بوو |
| هەر چیم حەز لێ بوو هەمووی پێ بەخشیم | تەختی کرد هەرچی کۆسپی ژیان بوو |
| بە زیرەکی خۆم...... ڕزگارم بووە | لەم هاوڕێ "کەر"ەی بۆ من: زیان بوو |

ئەمجا سەری بە سەر چاڵەکەدا شۆڕ کردەوە و بینی گورگە بۆ خۆی دەگری، پەشیمانی دەکێشێت. ڕێویش لەگەڵیدا دەستی کردە گریان گورگە سەری بڵند کردەوە و پرسی:

"ئەوە بەزەییت بە مندا دێتەوە وا دەگریت؟"

ڕێوی وتی:

"ئەوەڵڵا ...... تەنیا بۆ تەمەنی با بردووت، دەگریم. بە داخەوە کە ڕۆژێك زووتر، نەکەوتیتە ئەم چاڵەوە...! گەر پێش یەکتر ناسینمان بکەوتیایە ئەم چاڵەوە من زووتر ئاسودە و بێ خەم دەبووم. بەڵام خوا منی هێشتەوە، تاکو چارەنووست بە چاوی خۆم ببینم!"

گورگە وەکو ئەوەی سوعبەتی لەگەڵ بکات پێی وت:

"برۆ........ خراپەکار، ئەم هەواڵە بگەیەنە بە دایکم، بەڵکو فێڵێکم بۆ بدۆزێتەوە و ڕزگارم بکات."

ڕێوی وتی:

"تەماع بازی تۆی فڕێ داوەتە چاڵێك کە بە بێ‌وەی لێی دەرناچیت، ئەرێ...... بێ‌عەقڵ نەت بیستووە وتراوە:

"زەمانە، هاوڕێی ئەوانە نییە، کە بیر لە دەرئەنجامی کارەکانیان ناکەنەوە و هەر تووش دەبن!؟"

گورگە بە ڕێوی وت:

"مام ڕێوی..... خۆ.... تۆ وا خۆت دەردەخست کە منت خۆش دەوێت....... لە هێز و توانام دەترسایت! هێندە داخ لە دڵ مەبە چاو لە خراپەکانم بپۆشە." پاداشتی بەخشندەکان لای خوایە! پێشینان وتویانە:

چاکەی خۆت بکەی بە ئاوییا بدەی ڕۆژێ دێ کەوا: بە سوودی بگەی

لە زەویدا تۆ چیت ڕواند بێت دوایی بەرهەمی ئەو جۆرە دەبەی

ڕێوی وتی:

"ئەی گێلترین درندەی سەرزەوی، خۆ بە زل زانینەکەت و ملهوڕیەکەی خۆت بیر چووەتەوە....!! نە هاوڕێیەتیت دەزانی و نە لەم شیعرەوە فێر بوویت:

کە توانات هەبوو زۆرداری مەکە بە دڵی بن دەست تۆ یاری مەکە

تۆ چاو لێك دەنێی مەزڵوم بە ئاگا نزای لای خوایە بێ عاری مەکە

گورگە وتی:

"مام ڕێوی.... ئەوەی بوو بوو.. بە شوێنیدا مەچۆ. بەخشین لە بەخشندەیان چاوەڕوان دەکرێت! ئەوەتا شاعیرێك چەند جوان وتویەتی:

پەلەی چاکەت بێ: زوو بە ئاسانی نەك لێ بکەوی و دواتر نەتوانی

بەو هەموو زەلیلیەوە، لە ڕێوی دەپاڕایەوە دەیوت:

"ڕەنگە...... پێت بکرێت ڕزگارم بکەیت!"

ڕێوی وتی:

"هەی نەزان، کین لە دڵەی غەدارە... ئەم بەڵایە.... بۆ تۆ سزایە!"

دایە قاقای پێکەنین و ئەم دوو دێڕە شیعرەی وت:

ناتوانی بم خەڵەتێنی باشترە وازم لێ بێنی

| | |
|---|---|
| خۆت بە سەر خۆتت هێناوە | لەوە دەخۆی کە دەی چێنی |

گورگ دەستی بە گریان کرد و وتی:

"هەرگیز بڕوام نییە لەم چاڵەدا بەجێم بهێڵێت! ئەم دوو دێڕە شیعرەی بە دەم فرمێسک ڕشتنەوە وت:

| | |
|---|---|
| ئەی ئەو کەسەی بە توانایە | سیفاتی لە ژمارە نایە |
| هەر کێشەیەکم هەبووبێت | شت و پەنایی تۆی تیایە |

ڕێوی پێی وت:

" ئەی دوژمنی گێل، ئەوە چۆن دەپاڕیتەوە و ئاوا خاکی سادەی، ڕسوا و ئەڵقە لە گوێی خۆ..... جاران لوت بەرز و بە خۆناز بوویت. دەتخوری و زۆردار بووی... ئای... چەند بە ترسەوە، هاوڕێیەتیم کردی. ماستاوێکی زۆرم بۆ کردی کە لەبەر چاکیەکەت نەبوو. ئەوەتا ئێستایش لە ترسدا دەلەرزی. ئەمجا ئەم شیعرەی وت:

| | |
|---|---|
| ئەی ئەوەی پەنات هەر فڕ و فێڵە | چاڵی نیەتی خۆتە: بیکێڵە |
| بەری خراپەی خۆتە بچێژە | گورگانی هاوڕێی خۆت جێ بهێڵە |

گورگەکە وتی:

"ئەی، هێمن و ئارام، بەزمانی ڕکەبەر گفتوگۆ مەکە. بە چاوی ئەوان مەڕوانە..... بە وەفا بە بۆ دۆستایەتی هەستە، پەتێك پەیدا بکە و سەرێکی بە درەختێکەوە ببەستە و سەرەکەی تری بۆ چاڵەکە شۆڕ بکەرەوە، با پیا هەڵبزنێم. بەڵکو خوا بکات... ڕزگارم ببێت...... کە هاتمە دەرەوە، هەموو خواردنی گەنجینەکەمت پێشکەش دەکەم."

ڕێوییەکە وتی:

"زۆرت وت، لە قسەی بێ سوود چاوەڕێی بەئاوات گەیشتن مەبە. بە هیوای ئەوە مەبە بۆت بکەم. بیر لە کردەوە خراپەکانی خۆت بکەرەوە. هێشتا ماوتە، دەبوو، بەرد باران بکرێیت. ئاگادار بە ئەم دنیایە بێ وەفایە، لەگەڵ کەسدا تاسەر نایە....!"

گورگەکە وتی:

"ئاخر.....ئەوەی چاك بێ..... پێویستە دڵی لە کینە پاك بێ. گەر لە مردن، کەسێ بە تۆ دەربازە تۆش پێی ببەخشە ژینێکی تازە. یەکێك لە مردن گەر دەربهێنی وەك ئەوە وایە: هەمووان بژێنی. مەهێڵە بە بەرچاوتەوە بە خۆ خواردنەوەوە بمرم. لە کاتێکدا کە دەتوانی ڕزگارم بکەیت. چاکە بکە.... !"

ڕێوی وتی:

"ڕسوا.... ئەم زمان درێژی و نیەت گڵاوییەت: چیرۆکی "هەڵۆ" و "پۆڕ"ەکەم بیر دێنێتەوە!"

گورگەکە وتی:

"ئەوە چۆن بووە؟"

ڕێوی وتی:

"رۆژێك چوومە سەر کەپری مێوێك بۆ ترێ خواردن. هەڵۆیەکم بینی داهاتەوە بۆ "پۆڕ"ێك هەر کە گرتی... لەدەستی بەربوو...!! خۆی کرد بە کون و کەلەبەرێکی ئەو دەورووبەرەدا. هەڵۆکە؛ بۆی گەڕا و نەیدۆزیەوە. ئەمجا بانگی کرد:

"ئەی نەزان؛ خۆ....من لەو دەشتە کە تۆم بینی، وتم برسییەتی، بەزەییم پێتدا هاتەوە، تۆم بۆیە گرت ئەو دانەت بدەمێ، کەچی تۆ هەڵهاتیت. خۆت لەو خواردنە بێبەش کرد. وەرە، خواردنەکەت نۆشی گیان بکە."

کە پۆڕەکە، ئەمەی بیست بڕوای پێ کرد و هاتە دەرەوە. هەڵۆیش، پەلاماری دا و نینۆکەکانی لێ گیر کرد. پۆڕەکە وتی:

"ئەرێ..... تۆ بە منت وت، برسیتە و دانت دەدەم.....! کەچی درۆت لەگەڵ کردم...! خوا گۆشتەکەم لە گەدەتدا بکاتە ژەهرێکی کوشندە!"

هەر کە هەڵۆکە پۆڕەکەی خوارد، پەڕەکانی وەرین و هێزی لەبەر بڕا و هەر لەو شوێنەدا مردار بووەوە.

ئەمجا رێوی وتی:

"هەر کەسێ چاڵی بۆ خەڵکی هەڵکەن..... خۆی تێ دەکەوێ مەگەر بە دەگمەن... تۆش کاتی خۆی غەدرت لە من کرد."

گورگە وتی:

"واز بهێنە لەم قسانە... لە وتنی ئەم پەندانە... کە من.. ئا... بەم حاڵەم.... چیتە لەحەواڵە و قەواڵەم. ئێستاش؛ هانام بۆ تۆ هێناوە..... دەرم بێنە لەم داوە. ئا ئەمە، دوژمنیش پێی بە خەمە. دیارە لای تۆیش ستەمە. دۆست و هاوڕێ و تەنگانە..... کوا هی سفرە و سەرخوانە!؟ هاوڕێی بە ڕەحم و ئەرباب.... چاترە لە برای بەرە باب. گەر توانیت لەم چاڵە رزگارم بکەیت ئەمەندەت شتی پێویست دەدەمێ، چوونە ژوورەوەی رەز و باخ و شوێنێکت لێ عاسی نەبێت، کۆمەڵە فێڵێکیشت فێر دەکەم. پێی بچیتە سەر درەختە بەردارەکان. بەرەکانیان عافیەت بکەیت."

رێوی بە دەم پێکەنینەوە وتی:

"ژیرەکان چەند جوان بە گێلەکانی وەکو تۆیان وتووە: زلی بێ هونەر.... راستە هاوڕێ دەبێت دڵسۆز بێت بۆ هاوڕێکەی بەڵام تۆ خائینیت! من رقم لێتە، کەچی بە هاوڕێم دادەنێیت! گەر ژیر بوویتایە؛ ئەم کێشەیەت بە سەر نەدەهات. دەڵێیت فڕ و فێڵم فێر دەکەیت. تا پێی سوودمەند بم... ئەی باشە... بۆ فریای ئەم لێقەومانەی خۆت ناکەویت!؟ خۆت رزگار بکە، کە خوا نەکات رزگارت بێت! سەیرە کە هێندە فێڵبازیت خۆت رزگار بکە، کەس فێر مەکە! ئەمەی تۆ دەیڵێیت وەکو: ئەو نەخۆشەیە کە بە نەخۆشەکەی بەرامبەری وت؛ کە هەمان نەخۆشی هەبوو، وەرە.... با تیمارت بکەم تاکو چاك بیتەوە! نەخۆشەکەی دی پێی وت؛ تەقەلا بدە خۆت چاك بکەیتەوە. پشتی تێکرد و جێی هێشت. کەوابوو.... ئەی هێر... سەری خۆت کز بکە و ئارام بە لەم تووش بوونەدا."

گورگە.. .بۆی دەرکەوت رێوییەکە بێ کەڵکە خۆی لاواندەوە و وتی:

"بێ ئاگا بووم له حاڵ و باڵی خۆم...... گەر ئەمجارە، خوا رزگاری کردم......تۆبە دەکەم. ببڕای، ببڕ خۆم بە زل نازانم لە بەرامبەر ئەوانەی لە خۆم بێهێزترن! کەولی خوری دەپۆشم، دەدەمە شاخ بۆ خوا پەرستی و هەمیشە ترسم لە سزای دەبێت. لە ئاژەڵانی تر.... دوورەپەرێز دەبم و هەژاران و سەربازانی خوا تێر دەکەم."

دواتر دەستی کردە شین و شەپۆڕ. ڕێوییەکە بەزەیی پێدا هاتەوە و دڵی نەرم بوو. ڕاپەڕی و بە چیچکانەوە لەسەر لێواری چاڵەکە دانیشت و کلکی شۆڕ کردەوە. گورگەیش خۆی بۆ هەڵدا و کلکی گرت. بەڵام هەڵنەزنا، بۆ سەرکەوتنە سەرەوە، بەڵکو ڕێویەی ڕاکێشایە خوارەوە. ئەمجا گورگەکە، لە چاڵەکەدا پێی وت:

"چۆن توانیت گاڵتەم پێ بکەیت، تۆ لە ژێر بەزەیی و رقی مندا نەبوویت؟ ئەوا تۆیش سزای خۆت وەردەگریت و شاعیرێك جوان وتویەتی:

| | |
|---|---|
| فەلەك کە داینا لە سەر کەسانێ | قورسایی سنگی: یخی دا هەر زوو |
| لاقرتێ کاران: کەمێ هۆشیار بن | هەر دێ لە ئێوەش ببڕێ پشوو |

ئەمجا وتی:

"مردنەکەیشمان پێکەوە خۆشە! تۆ زووتر دەکوژم تا...... کوشتنی من نەبینیت!"

ڕێوییەکە لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئاخ...... ئاخ، چۆن لەگەڵ ئەم زۆردارەدا تێکەوتم! ئەمە پێویستی بە، فروفێڵ هەیە. ئاڵتوون و متومووروی بۆ ڕۆژی خۆ جوان کردنە."

پێشینان وتویانە:

"هەڵگرتنی ئەم فرمێسکانەم، پێویستە بۆ تەنگانەم..... دەبێت ئا ئەم زۆردارە ....... فریو دەم چار..... ناچارە...! ئەو شاعیرە جوانی وتوە:

هەر بە فێڵ بژی خۆ ئەم زەمانە  ژیان لای شێری ناوبێشەڵانە

| | |
|---|---|
| سەرچاوەی فێڵت هەل بسوڕێنە | با رووت تێبکات بەخت و زەمانە |
| هەلی بۆ ڕەخسان بقۆزەرەوە | گەرنا... پەنای تۆ هەر بەنگ کێشانە |

ئەمجا ڕێوییەکە بە گورگەی وت:

"جا...... ئەوە پاداشتمە کە بە پەلە بمکوژی؟ ئەی پاڵەوان، درندەی ئاژەڵان. گەر ڕێگەم بدەی و کەمێ سەرنج بدەی لە ئەمەی بۆت دەگێڕمەوە قسە کۆنەکانم تێ دەگەیت.

خۆ ....... گەر زوو بمکوژیت. هیچت بە دەستەوە نامێنێت و هەر دووکمان لەم چاڵەدا.... دەمرین"

گورگەکە بە ڕێوییەکەی وت:

"ئەی خەڵەتێنەری فێڵباز، ئەوە بۆچی داوای سەلامەتی، خۆم و خۆتت دەکرد و دەتوت، پەلەم لێ مەکە؟ مەبەستەکەتم پێ بڵێ....!"

ڕێوی وتی:

"مەبەستم ئەوە بوو کە چاوەڕێی پاداشت نەبووم، چونکە گوێم لە دان نان بوو بە تاوانەکانی ڕابردووتدا. چۆن تۆبەت نەکردووە و کاری چاکەت نەکردووە، گوێم لێت بوو،

پەیمانت دا گەر ئەمجارە رزگار بوویت ئازاری هاوڕێکانت نادەی وخواردنی ترێ و میوەکان لە بیر خۆت دەبەیتەوە و کەڵبەکانت بەکار ناهێنیت، نینۆکەکانت کورت دەکەیتەوە و قوربانی لە ڕێی خوادا دەکەیت. کەوڵی خوری دەپۆشیت..... هەر چەند سوور بووم لە سەر تیاچوونت بەڵام.... بەزەییم پێتدا هاتەوە...... ئیتر گوێم لە تۆبە کردنت بوو، کلکم بۆ شۆڕ کردیتەوە رزگارت بکەم، بەڵام تۆ منت راکێشایە خوارەوە و کەوتم، کە خەریك بوو پێی بمرم! ئێستاش گەر بە قسەم نەکەیت هەر دووکمان تیا دەچین! دوایش پێویستە تۆبەکەت جێبەجێ بکەیت و منیش هاوڕێیەتیت دەکەم!"

گورگە وتی:

"چیت بە قسە بکەم؟"

ڕێوی وتی:

"دەچمە سەرشانت و لەسەر پاشووت بووەستە و دەستەکانت بە دیواری چاڵەکەوە بگرە، ئەمجا خۆم هەڵ دەدەم تاکو بکەومەوە سەر زەوی دواتر شتێکت بۆ شۆڕ دەکەمەوە و دەرت دێنم."

گورگەکە وتی:

"برِوات پێناکەم. چونکە ژیران وتویانە: متمانە بە کینە لە دڵان ناکرێت، نابێت پێی پشت ئەستوور بیت. لە خۆبایی بوونە متمانەی بدەیتێ. هەر کەس رەش و سپی لێك جیا نەکردەوە بەڵاکانی فرە دەبێت: شاعیر وتویەتی:

| | |
|---|---|
| گومان روویەکی پیسی ژیانە | گەندترین رەوشت هەر دەم گومانە |
| چاکە کردن و گومان بە باشە | جوانتری دەکات ئا ئەم ژیانە |
| یان: گومانت نەبوو خاترجەم دەبیت | بە ئاگا نەبوویت... تووشی خەم دەبیت |
| رووی خۆشت بدە دوژمنت.... بەڵام | تەگەری زۆری لە بەردەم دەبیت |

ڕێوی وتی:

"گومانی خراپ لە هەموو بارێکدا چاك نییە. نیەتی پاکیش، سیفەتی کەسی تەواوە. ئێستا ئێمە تێکەوتووین. دەبێت تۆ کارێك بکەیت رزگار بین کینە و دڵپیسی وەلاوە بنێ. گەر دڵت لە من پاك بووەوە، ئەوا دوو گریمان دێتە ئاراوە.... یان ئەوەتا، شتێکت بۆ شۆڕ دەکەمەوە و رزگار دەبیت، یان غەدرت لێ دەکەم و جێت دێڵم. کە ئەمەیان هەرگیز نابێت چونکە نامەوێت لە ئەم بەڵایەی تۆ جارێکی دی بێتەوە رێم و سزای غەدرەکەم وەربگرمەوە. چەند پەندی پێشینان هەیە.... دەڵێت: وەفا جوانە، غەدر ناشیرین لە گەردانی زەمانە بە ئاگام و با... پەلە بکەین لە رێگا چارەی رزگار بوون و کات بە گفتوگۆ نەبەینە سەر......"

گورگەکە وتی:

"هەر چەندە، متمانەت پێ ناکرێت، بەڵام ئەوکات لەدڵی خۆمدا وتم: بە خوا.... کە گوێم لە تۆبەکردن و گریانەکەم بوو، هەستم کرد، کاری تێ کردیت و ویستت هەڵەکەت راست بکەیتەوە. وا بە قسەت دەکەم....گەر غەدریشم لێ بکەیت خوا لە ناوت بەرێت."

ڕێوییەی خستە سەر شان و بە لێواری چاڵەدا هەڵزنا..! ڕێوییەکەش قەڵەمبازێکی دایە سەر زەوی. ئیدی بووڕایەوە...! گورگەکە لە ناو چاڵەکەوە، هاواری کرد:

"ئەی هاوڕێی گیانی...... پشتگوێم مەخەو ڕزگارم بکە.......!"

ڕێوییەکە دایە قاقای پێکەنین و وتی:

"فشەکەر، گاڵتەکردن و پێت ڕابواردن منی خستە بەر دەستت. کە تۆبە گورگانەکەتم بیست، لە خۆشیدا دەستم کردە هەڵپەر و داپەڕ، بۆیە کلکم کەوتە بەر دەستت.... ئەوە بوو تۆیش ڕاتکێشامە خوارەوە..... دواتر خوا می لە دەست تۆ ڕزگار کرد. بۆچی یارمەتیت بدەم؟ تۆیەك سەر بە گرووپی شەیتانیت!؟ ئەی.... دوێنێ لە خەوم دا..... لە شایی تۆدا..... هەڵدەپەڕیم. کە پرسیارم لە شی کردنەوەکەی کرد پێیان وتم:

"تووشی تەنگ و چەڵەمەیەك دەبیت بەڵام ڕزگار دەبیت!! بۆیە دەمزانی ڕزگارم دەبێت..... ئەی فشەکەری نەزان.... من کە دوژمنتم.... چۆن ڕزگارت دەکەم؟ زانایان وتویانە:

"بە نەمانی خراپە کارێك.... کۆمەڵ ئاسوودەتر و زەوی پاکتر دەبێتەوە!" گەر بمزانیایە شانم بۆ دەدرێتە بەر ئازارەکانت بە وەفا دەبووم و غەدرم لێ نەدەکردی و ڕزگارم دەکردیت!"

گورگە........کە ئەمەی بیست لە پەشیمانیدا بەری لەپی خۆی گەست! دواتر بە زمانی شیرین و قسەی نەرم و نیان کەوتە پیاهەڵدانی.... هەر سوودی نەبوو.....! ئەمجا بە دەنگێکی نیان وتی:

"ئێوەی ڕێوی تەنیا زمان شیرین و سوعبەت چی، نێو ئاژەڵانن! ئەم قسەیەشت سوعبەتە بەڵام، ئێستا کاتی سوعبەت نییە!"

ڕێوی وتی:

"نەزان.... سوعبەتیش سنوری خۆی هەیە. پێت وانەبێت، خوا کە منی لە دەست تۆ ڕزگار کرد، جارێکی دی بکەوەمەوە بەردەستت!!"

گورگەکە وتی:

"لێت دەوەشێتەوە، بیر لە ڕزگار کردنم بکەیتەوە، ئەویش بە هۆی برایەتیە کۆنەکەمانەوە! کە ڕزگاریشت کردم، پێویستە منیش پاداشتی ئەو چاکەیەت بدەمەوە."

ڕێوی وتی:

"زانایان وتویانە دۆستایەتی نەزان و داوێن پیس مەکە، چونکە پێی ناشیرین دەبیت و جوان نابیت، دۆستایەتی درۆزن مەکە چونکە چاکەت کرد، دەی شارێتەوە و خراپەت کرد بڵاوی دەکاتەوە....! زانایان وتویانە: هەموو شتێ ڕێ و شوێنی خۆی هەیە.... مردن نەبێت... هەموو شتێك بەرگیری لێ دەکرێت قەدەر نەبێت! بەڵام بۆ پاداشتەکەی بۆت داناوم...... هەر وەکو مارە هەڵهاتووەکەم لە مارەوانەکە دێتە بەرچاو.... کە پیاوێك بینی تۆقیوە پێی وت:"

"ئەی مار ئەو چیتە؟"

مارە ترساوەکە وتی:

"له مارەوان هەڵاتووم، بە شوێنمەوەیە.... گەر رزگارم بکەیت لە دەستی و منت شاردەوە، پاداشتت دەدەمەوە و چاك دەبم بۆت."

پیاوەش خستیە گیرفانیەوە، مارەوان بەلایدا رەت بوو، ترسی نەما.. پیاوەکە وتی:

"ئەوە رزگارم کردیت لەوەی لێی دەترسایت... کوا پاداشتەکەم؟"

مارەکە وتی:

"بۆ پاداشتەکەت....... دەتەوێ بە کوێتەوە بدەم!؟"

ئیدی بە پیاوەکەی دا و...... ئەویش دەم ودەست مرد! دواتر رێوییەکە وتی:

"ئەی نەزان.... پاداشتەکەی تۆ ئەم چیرۆکەی بیر خستمەوە..... ئەی ئەمەت نەبیستووە؟

کەسێ بە کینەکەی دڵخۆش کەرە بە بێ دەنگیەکەی تۆ مەخۆ تەفرە

کاژی جەستەی مار هەر چەند جوان بێ مخابن ناوی ئەو لەشە ژەهرە !

گورگەکە وتی:

"ئەی زمان پاراو رەوان، شێوە و رووجوان.... وەلاوەم مەنێ.... بیرت نەچێت: کە خەڵك چەند لێم دەترسێت!؟ خۆ .... دەزانیت کە هێرش ئەبەمە سەر پەرژینەکان و دارمێوەکان لە رەگ و ریشە دەریان دێنم! چی داوا بکەیت لێم بۆت جێبەجێ دەکەم.... خاوەن چی بە کۆیلەی دەکات، تۆیش بە منی بکە...!"

رێوی وتی:

"هەی بێمێشك و نەزان، سەرم لە کەرێتی و بێ چاو و روویت سور دەمێنێ! هەر ئەڵێی من کۆیلەی تۆم.... وا فەرمانم بە سەردا دەدەیت! خۆ نەت کڕیوم! دەبینیت چۆن دێنە بەردەبارانت... دەشکێنن کەڵبە و دانت! ئەمجا چووە یالێك، بە سەر رەزە مێوەکەیدا دەنڕوانی، کەوتە هاوار، هاوار، تاکو.. خاوەن رەز و خەڵکی ئاوایی پێیان زانی و بۆی هاتن! کە چاڵی تەپکەکەی گورگەیان بینی.... کەوتنە بەردەبارانی گورگە و.... رێوییەکە بۆی دەرچوو. هێندە رمیان کرد بە لاشەی گورگەدا، تاکو مرد. دواتر جێیان هێشت. رێوی گەڕایەوە سەر تەپکەکە و بینی گورگە گیانی لە دەست داوە...... لە خۆشیدا سەری بادا، بە گۆرانیەوە ئەم شیعرەی وت:

شەقی زەمانە گورگەی خستە چاڵ‌لەناو چوو گورگەی پیسەی بەدفەساڵ

زۆرداریيەکەی خۆت هاتەوە رێگات ئەو چاڵە قوڵەی بۆ کردیتە ماڵ

کەوتیتە: چاڵێ ئەمەندە قوڵ بوو مەرگی بێ گومان رزگاری مەحاڵ

ئیتر بۆ رێوی تەخت بوو...... بە ئاسوودەیی لە نێو رەزی مێوەکەدا مایەوە تاکو..... خوا بردیەوە بۆ خۆی و .....مرد. ئەمە بوو چیرۆکی گورگە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە....... بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٥١

# چیرۆکی مشکی شار و مشکی دەشتی

دەگێڕنەوە: مشکێکی دەشتی لەگەڵ مشکێکی ماڵی دا، لە کونێکی ماڵی قەشەیەکدا دەژیان. ئەم قەشەیە هەژار و نەبوو، بوو. یەکێك لە هاوڕێکانی نەخۆش دەکەوێت. پزیشك "کونجی"ی بۆ دەست نیشان دەکات، وەکو دەرمان بە کاری بێنێ. نەخۆشەیش کونجیەکە پەیدا دەکات. دەیبات بۆ ماڵی قەشە و پێی دەڵێ کە بۆی پاك بکات. لە بەرامبەریدا پارەی بداتێ. قەشەیش کونجیە دەباتەوە و بە ژنەکەی دەڵێ کە ئەو کونجیە چاك بکات و لە توێکڵەکەی پاك بکاتەوە. ژنەکەیش تەڕی دەکات و هەڵی دەخات. دوای پاککردنەوە.

مشکە دەشتی، کە کونجیە هەڵخراوەی بینی کەوتە ناوی، تاکو خواردی، دریغی نەکرد. دواتر کەوتە بە کێش کردنی بۆ کونەکەی تاکو بەشی زۆری لە کونەکەدا شاردەوە. کە ژنە قەشە چووە سەر کونجیە هەڵخراوەکە، بۆ هەڵگێڕانەوەی، سەری سوڕما کە بینی زۆری کەم کردووە! مشکە دەشتی هاتە دەم کونەکە تاکو کونجی تر بهێنێت سەیری کرد ژنەکە لە کەمیندایە.... لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەم کارەی من ئەنجامی خراپی هەیە! دەترسم ئەم ژنە بۆ من دانیشت بێت. ئەوەی لە ئەنجامی کاری نەنواڕێ..... زەمانەی نابێت بە هاوڕێ! کەوابوو دەبێت کارێکی وا بکەم، ئەم ژنە رقی لێم نەبێتەوە."

ئەمجا کەوتە هێنانەوەی کونجی لە کونەکەوە بۆ سەر کونجیە هەڵخراوەکە....! ژنەکەیش شوێنی کەوت... کە ئەمەی بینی.... لەدڵی خۆیدا وتی:

"ئەمە کارەکەی باشە وئەوەتا.... لەو کونەوە، کونجیە دزراوەکە دێنێتەوە بۆ سەر کونجیە هەڵخراوەکە، پاداشتی کاری چاکەیش هەر چاکە کردنە، بەرامبەر چاکەکار!! بەڵام دەبێت هەر بزانم.... کێ ئەم کونجیەی دزیوە!؟"

مشکە دەشتی دەیزانی... ئەم ژنە بیر لە چی دەکاتەوە. بە هەڵەداوان، خۆی کردەوە بە کونەکەدا و بە مشکە ماڵییەکەی وت:

"گەر ئێمە بۆ یەکتر باش و بە سوود نەبین بۆچی باشین!؟"

مشکە ماڵیش لە وەڵامدا وتی:

"بەڵێ، وایە.... بەڵام ئەم قسەیە بۆ دەکەیت؟"

ئەویش وتی:

"ئەوی راستی بێت..... ژنە قەشە کونجیەکی زۆری هەڵخستووە. تاکو لێیان خواردووە، خواردوویانە و ئەوی تریان بە جێ هێشتووە و گیانلەبەرانی تریش لێیان خواردووە."

مشکە دەشتی وتی:

"بۆ تۆ رەواترە لەوانەی لێیان خواردووە!"

کلکی هەڵسوڕاند و گوێیەکانی جووڵاند، هەر خێرا راپەڕی و بەرەو دەرەوە، کە کونجیەکەی بینی پاککراوە و دەبریسکێتەوە! چووە ناویەوە و دەستی کرد بە خواردنی!

ئەوەی بیری لێ نەکردبووەوە، ئەنجامی کارە خراپەکەی بوو. ژنەش بە خۆی و دارەکەیەوە، بۆی هات و پیاکێشا و سەری کرد بە دوو بەشەوە! کوشتی.

شا وتی:

"بەو خوایە.... تا بڵێی رازێکی خۆش بوو. باشە هیچ دەزانیت لە بارەی....هاورێی باش و راگرتنی، لە کاتی گیروگرفت و پێویست بوونیدا؟"

شەهرەزاد وتی:

"بەڵێ!"

## چیرۆکی پشیلە وقەلەڕەش

دەگێڕنەوە: قەلەڕەش و پشیلەیەك دەبنە هاورێ. لە ژێر درەختێکدا پێکەوە بوون، روانیان، پڵنگێك بەرەولای درەختەکەی ئەمان دێت! قەلەڕەش فرییە سەر دارەکە و پشیلەکە بە شپرزەیی مایەوە. پشیلە پرسی:

"هاورێی تەنگانە، چارەم چییە؟ چاوەڕێی یارمەتی دانت لێ دەکەم!"

دیسان وتی:

"کاتی پێویست هاورێ بە هانای هاورێکەیەوە دەچێت. شاعیرێك چەند جوان وتویەتی:

| | |
|---|---|
| ان صديق الحقا من كان معك | و من دخير نفسة لينفعك |
| ومن اذا ريي الزمان صدعك | شتت فيك سهلة ليجمعك |

لەنزیکیانەوە شوانێك بوون، سەگیان پێ بوو، قەلەڕەش چووە نزیکیانەوە و دەستی کردە باڵە تەپە، سەگەکان شوێنی کەوتن، شوان سەری بڵند کردەوە، قەلەڕەشی بینی زۆر نزم دەفڕێت و دەکەوێت و هەڵ دەستێتەوە! ئەویش شوێنی کەوت. تا ...... گەیشتە بن ئەو دارەی پشیلەکەی لێ بوو.... بەم شێوەیە شای هەمووان، خۆشەویستی نێوان هاورێیان بووە هۆی رزگاربوون لە مردن.

## چیرۆکی رێوی و قەلەڕەش

دەگێڕنەوە: رێوییەك لە کونەشاخدا دەژیا..... هەر جارە کە بێچووی دەبوو هێندە برسی دەکەوت... چاری نەدەما.... ئەگەر بەلای بەخێو کردنی بێچووەکەوە بمایەتەوە. ئەوە لە برسانادەمرد. بۆیە... دەبوو بێچووەکەی بخوات! هەر لە لاپاڵی ئەو شاخەدا قەلەڕەشێك هێلانەی هەبوو.....! رێوییەکە، لە دڵی خۆیدا وتی:

باشە بۆچی خۆم نەکەم بەهاورێی ئەم قەلەڕەشە..... ئاخر...... ئەمە.... سوودم پێ دەگەیەنێت. رەنگە بژێویم بە هۆی ئەوە باشتر ببێت. قەلە ڕەش هەندێ ئیشی پێ دەکرێت.

که به من ناکرێت!" کولانەکەی جێ هێشت و هاتە خوارتر.... هێندە خۆی لە هێلانەی قەلە ڕەش نزیك کردەوە کە گوێیان لەدەنگی یەکتری بوو.

سڵاوی لە قەلە ڕەش کرد و وتی:

"ئەی دراوسێ... دراوسێ بوونی، موسڵمانان دوو ڕەوایی دەسەپێنێ: ڕەوای بە سەریەکەوە بوونی دراوسێیەتی و ڕەوای موسڵمانیەتی! خۆشەویستی تۆ، لەسینەمدا بوو، پاڵی پێوەنام، کە ببمە هاوڕێت! چاوەڕێی دۆستایەتی و برایەتیت لێ دەکەم.... نازانم تۆ چی دەڵێیت؟"

قەلە ڕەش بە ڕێوی وت:

"باشترین شت ڕاستگۆییە! ڕەنگە زمان و دڵت یەك نەبن! دەترسم هاوڕێیەتیت هەر بە قسە بێت، لەدڵتدا دوژمنایەتی هەبێت! چونکە تۆ خۆریاری منیت و منیش پارووی چەوری تۆم! بۆیە پێویستە من و تۆ دوورە دەستی یەکتر بین! چی وای لێ کردی بەمە نەزانیت!؟ خوازیاری شتێکیت، کە دەست نادات؟ ئاخر تۆ ئاژەڵی درندەی و منیش باڵندەم!؟ ئەم هاوڕێیەتی و برایەتیە.... ڕاست نییە و ڕێك ناکەوێت!"

ڕێوی لە وەڵامدا وتی:

"هەر کەسێك شوێن و ڕێی خۆی زانی....... هەڵبژاردنەکانیشی لە جێی خۆیدا دەبێت! هاوڕێیەتی ئێمەش یارمەتی دانی یەکتری تێدا دەبێت! ئاگامان لە ماڵ و سامانی یەکتر دەبێت. کە دواتر هەر دووکمان سەرکەوتوو دەبین! چیرۆکی زۆرم لە بارەی هاوڕێی چاکەوە لە لایە.... گەر ڕێم پێ بدەی بۆت دەگێڕمەوە."

قەلەڕەش وتی:

"فەرموو... بیگێڕەوە .... با بزانم."

ڕێوییەکە وتی:

"گوێ بگرە، هاوڕێ.... چیرۆکی کێچ و مشك هەیە کە ڕاستی قسەکانم دەسەلمێنێ."

قەلەڕەش وتی:

"ئەوە چۆن بووە.؟"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٥٢

# چیرۆکی مشك و کێچ

شەهرەزاد دەستی پێ کرد: ڕێوی وتی:

"دەگێڕنەوە: مشکە مێیەك لە ماڵی بازرگانێکی زۆر دەوڵەمەنددا دەژیا. شەوێکیان کێچێك چووە پێخەفی ئەم بازرگانەوە، سەیری کرد بازرگانەکە لەش و لارێکی نەرم و نیانی هەیە! کێچەکە تینوی بوو، کەوتە هەڵ لووشینی خوێنی.... ئەویش خەبەری بووەوە. کەنیزەك و دەست و پێوەندی بانگ کرد، ئەوانیش کەوتنە گەڕان بە شوێن کێچەکەدا، بۆیە

ئەویش کەوتە فەڵەمباز بۆ خۆ شاردنەوە، ڕێی کەوتە کونی مشکە مێیەکە. مشکە مێیەکە پرسی:

"چی تۆی کرد بە کونەکەی مندا؟ تۆ نە لە گروپی منیت! نە بێخەمیت لە تووڕەبوون و لێدانی من؟ نە منیش، لە خراپەکانت؟"

کێچەکە وتی:

"لە ماڵی تۆدا من ڕامکردووە! خۆم لە مردن ڕزگار کردووە. پەنام بۆ تۆ هێناوە. چاویشم نەبڕیوەتە ماڵ و سامانت. کارێکیش ناکەم، لە ماڵەکەت دەرتپەڕێنم! خوا بیکا، پاداشتی ئەمەت دەدەمەوە. سوپاسی خوایش دەکەیت!"

مشکە مێ وتی:

"جا ئەگەر وابێت... ئاسوودە بە، ئاشتی بە سەرتا دەڕژێت. باشە نەبێت خراپە نابینیت، خۆم تووشی چی بووم، تۆیش تووشی ئەوە دەبیت. خەمی لاوازیت مەخۆ... بەرامبەر کێشەکەت. ڕازی بە، بەشی. ئەوە بێخەمت دەکات. لە شاعیرانی ئامۆژگارکارانم بیستووە:

دوورەپەرێزی و کونجی قەناعە — چۆن ڕێکەوت: وام کرد! خۆم نەکرد شەکەت
بە نانە وردە و ئاوێ ڕازی بووم — جل و بەرگێکی شڕ و لەت و پەت
ڕۆژی یەزدانم پێ ئاسوودە بوو — ناڕازی نەبووم لە ژیانم قەت

کێچەکە کە گوێی لەمە بوو وتی:

"خوشکێ.... وەسیەتەکەی تۆم بیست، من لە قسەکانت دەرناچم. بە درێژایی تەمەنیشم توانای بە گژا چوونەوەی تۆم نییە!"

مشکە مێ وتی:

"هێندە بەسە. نیەتت چاك بێت.... دەرونت پاك بێت!"

ئیدی کێچە شەوانە..... ئازاری زۆری بازرگان نادات و لە جلەکانیا دەنوێت! بەڕۆژیش دەچێتە لای مشکە مێ! ئێوارەیەکیان بازرگانە پارەیەکی زۆر هێنایەوە و شەو کەوتە ژماردنی. کە مشکە مێ گوێی لە خشەخشی پارەکان بوو. سەری لە کونەکەی هێنایە دەر و کەوتە سەرنج دانی بازرگانە.... تاکو لێ بووە، ئەمجا خستیە ژێر سەرینەکەی نوست. مشکە مێ بە کێچەی وت:

"ئاخۆ.... ئەمە هەلێکی ڕەخساو نییە بۆ گەیشتن بەم هەموو پارەیە؟"

کێچە وتی:

"جوان نییە داوای کارێ لە یەکێ بکەیت کە توانای بە سەریدا نەشکێت! چونکە تووشی لاوازی دەکەیت. هەر وەکو... ئەو چۆلەکەیەی لێ دێت، کە لە گەنمی .... تەڵە و تەپکە دەخوات. دواتر تێی دەکەوێت! نە تۆ توانای بردنە دەرەوەیت هەیە! نە من..... بۆم هەڵدەگیرێت. چیتە بە سەر ئەم پارانەوە!"

مشکە مێ وتی:

"بروا بکە ٧٠ ڕێگای دەرباز بوونم لەم کونەدا، دروست کردووە، بۆ خۆ دەرباز کردن. گەنجینەکەیشم، نادۆزرێتەوە. گەر تۆ کارێ بکەیت ئەم بازرگانە لە ماڵ بکەیتە دەرەوە! خوا یار بێ..... ڕەنگە بە من بار بێ!"

کێچەکە وتی:

"پەیمان بێت بۆت دەکەمە دەرەوە!"

کێچە چووە جلەکانی بازرگانەوە و گازێکی لێ گرت. ئەمجا ڕای کرد و خۆی شاردەوە. بازرگانەش هەر چەندە، بۆی گەڕا نەیدۆزیەوە! دواتر لەسەر لایەکەتری نووست. ئەمجارە گازێکی خراپتری لێ گرت. بازرگانەیش جێگاکەی جێ هێشت و لەسەر سەکۆیەك لەبەر دەرگای دەرەوە یەك تەختە لێی نووست. مشکە مێ، پارەکانی بە کێش کردە کونەکەیەوە و یەك دیناریشی لێ بەجێ نەهێشت. بۆ بەیانی... بازرگانە کە پارەکەی بۆ نەدۆزرایەوە، کەوتە تاوانبار کردنی خەڵکی!"

ئەمجا ڕێوی بە قەلەڕەشی وت:

"ئەی قەلە ڕەشی... چاو کراوە، ئەم قسەیەم بۆیە پێ وتی: تاکو وەکو مشکە مێ چۆن پاداشتی کێچەکەی پێ گەیشتەوە! تۆ بزانە... چۆن یارمەتی دا!"

قەلە ڕەش وتی:

"چاکەکار.... ویستی چاکە دەکات.... نەیویست چاکە ناکات! ئەم کارە، نەسەپاوە! ئەگەر چاکە بەرامبەرت بکەم..... ئەوە غەدر لە خۆم دکەم.... چونکە تۆ دوژمنی منی! تۆی فێڵباز و خەڵەتێنەر.... متمانەت پێ ناکرێت! هەر کەسێکیش متمانەی دۆڕاند.... مەترسی دارە! بۆیان گێڕامەوەتەوە، کە چۆن بوویتە هۆی تیاچوونی گورگە داماوەکەی هاوڕێت... کە ئەو لە ڕەگەزی خۆت بوو. ماوەیەکی زۆریش هاوڕێی بوویت! ئاخر.... من چۆن متمانەت پێ بکەم!!؟ ئاخر... ئەو کارەت لەگەڵ ڕەگەزی خۆت کردووە. ئاخۆ.... من کە دوژمنتم، چی!! بە خوا... ئەمەی تۆ وەکو "چیرۆکی هەڵۆ و باڵندەکانە."

ڕێوی پرسی:

"ئەو چۆن بوو؟"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٥٣

# چیرۆکی هەڵۆ و باڵندەکان

شەهرەزاد وتی: قەلە ڕەش وتی:

"دەگێڕنەوە... هەڵۆیەك هەبووە، لە کاتی گەنجی، ستەمکار و توند و تیژ بووە. شێرانی دەریا و زەوی لە چنگی دەرنەچوون. زۆریان لە بارەی زۆرداری و ملهوڕیەوە گێڕابووەوە. دەڵێن..... کە پیر بووە و هێز و توانا و توند و تیژی جارانی نەماوە. برسی بووە و لاواز

بووە... ئیدی بە خۆیدا چووەتەوە.. بڕیاری داوە: شەڕەنگێزی وەلاوە بنێ و دەست بداتە فڕ و فێڵ کردن. تۆیش مام ڕێوی هێز و توانات لاواز و کەم دەبێت... بەڵام فێڵبازی و فریودانت نە !! دەزانم ئەمەی تۆ باسی دەکەیت، شتێکی وایە!! ئەگینا تۆ یەکێك نیت.... دەست بخرێتە دەستتەوە. نێ..... منیش خوا هێزی بە باڵەکانم داوە... ئاگا و بیر و هۆشی بە ڕۆحم داوە..... بینینی بە هۆی چاوانمەوە پێداوم! ئەوەش بزانە..... ئەوەی خۆی .... بە لە خۆی بە تواناترەوە هەڵواسی و... خۆی بە شت زانی.... ماندوو دەبێت.... ڕەنگە ببێتە هۆی تیاچوونیشی! منیش لێت دەترسم کە خۆت بە لە خۆت تواناتر چوانە!! ڕەنگە وەکو چۆلەکەکەت بەسەر بێت!"

ڕێوی پرسی:

خۆزگە بۆت دەگێڕامەوە!..... چۆلەکەکە چی بەسەر هاتووە."

## چیرۆکی داڵ و چۆلەکە

شەهرەزاد وتی: قەلەڕەش وتی:

"بیستوومە: جارێکیان چۆلەکەیەك بە سەر ڕانە مەڕێکدا دەفڕێت و سەرنجی... ئەو ڕانە مەڕە دەدات.... لە پڕێکدا دەبینێت: داڵێکی گەورە دادێتەوە بۆ ڕانە مەڕەکە و چنگەکانی لە پشتی بەرخۆڵەیەکی بچووك گیر دەکات... لە شەقەی باڵ دەدا و دەیبات! چۆلەکەکەیش باڵەکانی بە یەکدا دەدات و دەڵێت:

"جا.... چییە: ئێستا منیش وەکو ئەو دەکەم."

دادێتەوە و چنگەکانی لە پشتی بەرانێکی گەورە گیر دەکات.... کە بیبات!! بەڵام بەرانەکە..... چونکە لە شوێن میزەکەی خۆیدا پێشووتر نووستبوو خوریەکەی تەڕ بووبوو.... کە چنگی چۆلەکەکەی تیا گیر بوو.... ئیدی لە خوریەکەی پشتی ئەو بەرانە ئاڵا و... نەهاتە دەرەوە.....!

ئەمە... بە بەرچاوی شوانەکەوە... ڕوویدا! بۆیە.. بە تووڕەییەوە بەرەو چۆلەکە گیرساوەکە چوو. چۆلەکەکەی دەرهێناو.... پەڕی باڵەکانی کرد... ئەمجا دەزوویەکی بە قاچیەوە بەست و بردیەوە بۆ منداڵەکانی... ئەوانیش پرسیان:

"ئەمە چییە؟"

شوانەکە وتی:

"ئەمە خۆی لێ کردین بە داڵ و شاتاوڵی هێنا بۆ بەرانێکم لەو دەشتە. بۆ خۆی... بوو بە خوریەکەوە.... ئەمە لەخۆی گۆڕا بوو."

ڕێوییەکە کە لە هاوڕێیەتی قەلەڕەش..... کە بێ ئومێد بوو جێی هێشت و لە پەشیمانیدا دانە چۆقەی بوو. کە قەلە ڕەش گوێی لە ناڵە و گریانی بوو..... خەم و داماوییەکەی بینی... پرسی:

"مام ڕێوی ئەوە...... ئەو دانە چۆقەیەت لە چییە؟"
ڕێوی وتی:
"لەبەر ئەوەی تۆ لە من فێڵبازتری."
ئەمجا بە هەڵەداوان بەرەو کونەکەی خۆی بووەوە! ئەمە بوو نێوان ئەو دووانە! ئەی پاشا!" شا وتی:
"ئەی شەهرەزاد.... ئەم چیرۆکانە چەند خۆشن! هیچی ترت لایە، لەم ئامۆژگاریانە!؟"

## چیرۆکی ژیشك و کۆترە کێوی

دەگێڕنەوە: ژیشکێك کونێکی لە بن دارخورمایەکدا بۆ خۆی کردە کولانە. لەسەر دارخورماکەیش دوو کۆتری کێویش هێلانەیان هەبوو. کە بێ باکانە، تێر و پڕ دەژیان. ژیشکە کۆترەکێوییەکانی سەرنج دابوو کە بە دڵی خۆیان لە بەری دارخورماکە دەخۆن و ئەمیش دەستی پێدا ناگات! هەر دەنکە خورمایەك نەکەوتایە بن دارخورماکە، ئەم دەستی نەدەکەوت بیخوات. هەر بۆیە ئەم کونەی لێدا و خۆی و خێزانی تێدا نیشتەجێ بوون. کەمێ لە ئەو لایشیەوە، شوێنی خواپەرستی بۆ ساز کرد. خۆیش وا پیشان دا، کە بەندەی خوا رەخساو و دەم گیراوەیە لە خواردن! کۆترە کێوی کە ئەمەی بینی دڵی بۆی نەرم بوو. لێی پرسی:
"دەمێکە.... ئاوا دەژیت!؟"
ژیشکیش لە وەڵامدا وتی:
" ٣٠ ساڵێك دەبێت!"
دیسان پرسییەوە:
"ئەی چی دەخۆیت؟"
وتی:
"دەنکە دەنکە ئەو خورمایەی.... کە دەکەوێتە خوارەوە!"
دیسان پرسی:
"ئەی ئەوە چییە لەبەرتا؟"
وتی:
"دڕکە... سوود لە زبرییەکەی وەردەگرم!"
ئەمجا کۆترە کێوی پرسی:
"ئەی چۆن.... ئەم شوێنەت هەڵبژارد؟"
وەڵامی دایەوە:
"ئێرە سەرە ڕێیە، ڕێنمایی، گومڕایان دەکەم و نەزانان فێر دەکەم!"
ئەمجا کۆترە کێوی وتی:

"من، به پێچەوانەوە، لێت تێگەیشتبووم! بەڵام ئێستا دڵی منت بۆ لای خۆت ڕاکێشا!"
ژیشك وتی:
دەترسم کردەوەت پێچەوانەی قسەت بێت، هەر وەکو ئەو جوتیارەت لێ بێت، کە وتویەتی: ئەمساڵ تۆو ناوەشێنم، لە ترسی ئەوەی ساڵ خراپ بێت و کشتوکاڵەکەم بەر نەدات! کاتێ کاتی دروێنە هات، جوتیاران بەرهەمی خۆیان دووریەوە، ئەمیش هێندە سەیری کردن و خەمی لێ خوارد.... تاکو پەژارە کوشتی!"
کۆترەکە پرسی:
"ئەی باشە: چی بکەم بۆ ئەوەی پەرستیاریم بۆ خوا بێ.... دنیام لە لا ڕسوا بێ!!؟"
ژیشك لە وەڵامدا وتی:
"ڕێی زۆر خۆری وەرگێڕە.... ئەو دنیات هەڵبژێرە!"
کۆترە کێوی وتی:
"چۆن دەتوانم، ئاخر، من کۆترێکی لاوازم، ناتوانم، لەم دارخورمایە دوور بکەومەوە ئەگەرنا، جێم بە خۆم نەدەگرت!"
ژیشك وتی:
"ئەتوانیت، بەشی ساڵێك خورما بخەیتە، خوارەوە.... لە نزیك منەوە، هێلانە بکەیت! ئیدی من وردە وردە ئامۆژگاری خواناسیت دەکەم، تۆیش خواپەرستی خۆت بکە! کە بەشی ساڵەکەیشی نەکردیت! ئەوا، دەم لە خواردن بگرەوە!"
کۆترە کێوی وتی:
"خوا پاداشتت بداتەوە. ڕاستیت دا بە دەستمەوە... ئەو دنیات بیر خستمەوە"
دواتر دوو کۆترە کێوی نێر و مێ.... هێندەیان دەنکە خورما بەردایەوە.... تا ماندوو بوون. خورمایەکی ئەوتۆش، نەمایەوە. ژیشك زۆر دڵخۆش بوو لە دڵی خۆیدا وتی: ئیدی کونەکەم پڕ دەکەم لە دەنکە خورما و هەڵیان دەگرم بۆ زستان. خۆ.... ئەگەر بە هۆی: خواپەرستییەوە، هاتنە دەرگام ئەوا... هەر دووکیان، ڕاو دەکەم و دەیان خۆم! ئیدی دارخورما و بەرەکەی بۆ خۆم دەمێنێتەوە! دواتر... دوو کۆترە کێوییەکە، لە دارخورماکە هاتنە خوارەوە.... سەرنجیان دا... ژیشك هەموو دەنکە خورماکانی بە کێش کردووەتە... کونەکەی خۆیەوە...!" کۆترە کێوی وتی:
"ئەی ژیشکی چاك.... ڕێنماکەری دڵپاك. گەر خورما نەخۆین...! ئەی بۆ کوێ بڕۆین؟"
ژیشك وتی:
"ڕەنگە خوا بە بەشی نەکردبێتی.. یا بردبێتی...! مەیکە بە هەڵایە.. بژێوی لای خوایە!"
بەم شێوەیە.... بە زمانی شیرین کەوتە ڕێنمایی کردنیان.. بە "فەرمووده" و "ئایەتانی قورئان"... دڵیانی بۆ خۆی ڕاکێشان.... بۆ.... دەر کونەی کێشا. کەڵبەکانی جیڕ کرد.... بە هەڵمەتێ.. هەر دووکیانی گرت! کۆترە کێوی... کە فێڵبازی ژیشکی بۆ دەرکەوت وتی:
"ئەوەت لە چی و ئەمەت لە چی؟ ئەی تۆ نازانیت خوا پشت و پەنای زۆرلێکراوانە!؟ فێڵ و کەڵەك مەکە... یا... وەکو: دوو فێڵباز و بازرگانەکەت لێ بەسەر نەیەت!"

ژیشك وتی:
"ئەوە چۆن بووە؟"

## چیرۆکی بازرگان و دووپیاوە فێڵبازەکە

شەهرەزاد وتی: کۆترە کێوی وتی:

"دەگێڕنەوە، بازرگانێکی شاری "سندە"ی زۆر دەوڵەمەند هەبوو. کاروانێکی گەورەی شتومەکی بازرگانی ئامادە کرد و لەگەڵ خۆی بردی بۆ چەند شارێکی دی بۆ فرۆشتن و کاسبی. دوو پیاوی فێڵباز و فریودەر پارەیەکی زۆریان هەڵگرتوو وا خۆیان پیشانی بازرگان دا کە ئەمانیش بازرگانن و خۆیان دایە پەنای کاروانەکەی! لە ڕێگا هەر یەکەیان.... بیری لە ناوبردنی ئەوی تر دەکردەوە.... ! بۆ ئەوەی ئەو شتومەکی کاروانەکە بە تەنیا بۆ خۆی بێت! تومەز.... هەر یەکەیان... لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا... ئەوی تر.... دەرمان خواردوو بکات!! بۆیە لەسەر یەك سفرە خواردنی ژەهراوی دەرخواردی یەکتر دەدەن! تا... لە یەك جێگادا هەر دووکیان دەمرن. بازرگانی خاوەن کاروان... بە دڵپاکی خۆی بە شوێنیاندا دەگەڕێت! کە دەچێتە سەر سفرەکەیان... دەبینێ هەر دووکیان مردوون..! دوای لێکۆڵینەوە بۆی دەردەکەوێت نیازیان خرا بووە و چاویان بڕیوەتە کاروانە شتومەکی ئەو. هەر یەکەیان ویستویەتی سامانی کاروانەکە بۆ خۆی ببات! فێڵ و تەڵەکە بازیەکەیان.... بە سەر خۆیاندا شکاوەتەوە و یەکتریان کوشتووە! بازرگانیش ... لە چنگی ئەم دووانە ڕزگاری بووە. پاشا وتی:

"بەخوا.... شەهرەزاد، لەسەر زۆر بابەت کە من لێی بێ ئاگا بووم، ئاگادارت کردمەوە! پەند و ئامۆژگاری دی هەیە بۆمانی بگێڕیتەوە!!؟"

## چیرۆکی دز و مەیمونەکەی

شەهرەزاد وتی پاشا گیان: دەگێڕنەوە: پیاوێکی دز مەیمونێکی بوو، ئەم پیاوە... کە دەچووە هەر بازاڕێك، لە بازاڕەکانی شار، تاکو پارەیەکی باشی دەست نەکەوتایە! نەدەهاتە دەرەوە. وا ڕێکەوت ڕۆژێکیان لە بازاڕەکە پیاوێك جلە کۆنەی لە بوخچەیەکدا پێ بوو دەیفرۆشتن! هەر کەسێ سەیری جلەکانی دەکرد ! لێی نەدەکڕی.

پیاوەکە کە ماندوو بووبوو: بوخچە جلەکانی لە بەردەمیدا دانا و لێی دانیشت، تاکو کەمێك بحەوێتەوە.. مەیمونەکە کەوتە یاری کردن بۆ کۆنە فرۆش، هێندەی سەرقاڵ کرد کە ئاگای لە بوخچەکەی نەما. خاوەن مەیمونیش، لێی دزی! ئەمجا مەیمونە و بوخچەکەی برد و چووە بازاڕێکی تر، لە شارەکەدا و کەوتەوە یاری کردن بە مەیمونەکە. بوخچە جلەکەشی دانا و هاواری بۆ کرد. بۆ فرۆشتن. مەرجیشی دانا کە نابێت کڕیار بیکاتەوە. لەبەر ئەوەی نرخەکەی هەرزان بوو. کابرایەك کڕی و بردیەوە بۆ ماڵ. کە ژنەکەی بینی پرسی:

"ئەمە چییە؟"

پیاوەکە وتی:
"ئەمە هەراج کرابوو، منیش زۆر هەرزان کڕیم!"
ژنەکەی وتی:
"گێلی نەفام، خاوەنی چۆن ئەم بوخچەیە تالاّن فرۆش دەکات...!!؟ گەر دزراو نەبێت!، هەر کەسێ شتێك بکڕێ و سەیری نەکات چی تێدایە، ئەوە هەڵەی کردووە. هەر وەکو تەون کەرەکەی لێ دێت!"
مێردەکەی پرسی:
"ئەو چیرۆکە چۆن بووە؟"
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٥٤

# چیرۆکی جۆلاّیەکە

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە: تەونکەرێك دێ بە دێ گەڕاوە و تەون و چنینی بۆ خەڵك کردووە! ئەم پیاوە باری بژیوی خراپ و زۆر بە گران توانیویەتی خۆی بژێنێت! ڕۆژێك لە دێیەکدا کاری دەکرد. بیستی لە دێیەکی نزیك خۆیان... دەوڵەمەندێك نانی مەولوودی سازداوە و خەڵکی بانگهێشت کردووە. ئەمیش هەڵسا و چوو! کە بینی خانەخوێ پەزیرایی ئەوانە زۆرتر دەکات کە جل و بەرگیان پۆشتەیە و جوان و گرانە! جۆلاّی تەون کەریش لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئاخر... ئەگەر منیش کارەکەم بگۆڕم و کەمێ هەق دەست گرانتر بکەم... پارەم زۆرتر دەبێت و جل و بەرگی نیان و جوان لەبەر دەکەم و.... ئا... بەم شێوەیەی دەوڵەمەندان ڕێزی زیاترم لێ دەگیرێت! دوای نان خواردن، هەندێ لە میوانەکانی بینی ... بە سەر دیواری گۆڕەپانێکدا سەر دەکەون و خۆیان هەڵدەدەنە ئەو دیوی تاکو... سەیری یاری بکەن. جۆلاّیش کە ئەمە دەبینێ... بە خۆی دەڵێت منیش دەتوانم وەکو ئەمانە بکەم.... بۆیە بە دیوارەکەدا هەڵدەدەزنێت.... ئەمجا خۆی بەردەداتەوە ئەو دیو.... بەلاّم ملی دەشکێت و هەر لەوێدا دەمرێت...!

ئەمەم بۆیە بۆ گێڕایتەوە..... تا بزانیت .... چاوچنۆکی خراپە و تەماع فریوت نەدات! کارێك نەکەیت کە ئیشی خۆت نەبێت!
مێردەکە بە ژنەکەی وت:

"مەرج نییە زاناکان هەموویان... لە زیانی زانستەکەی خۆیان رزگار ببن! نەزانەکانیش .... هەموویان بە هۆی بێ ئاگاییانەوە تووش نابن! ڕێدەکەوێت مارگر، مارێکی خۆی پێوەی بدات. لە هەمان کاتدا کەسی ڕەشۆکی بێ ئاگا، لە ماران، ماریش بگرێت و پێوەشی نەدات!.

بۆیـە بـە گـوێی ژنەکـەی نـەکرد و هـەر سـەرومڕ بـوو لـە کـڕینی شـتانی مەزادخانـەدا، تـاکو جارێکیان بە هۆی ئەم کارەیەوە تووش بوو و سەری تیا چوو!"

## چیرۆکی چۆلەکەکە

دەڵێن لەسەر درەختێکدا چۆلەکەیەك بووە، هەموو ڕۆژێك زوو چووەتە لای سەرۆکێکی باڵندەیان، دوایەمین میوانی سەرۆکی باڵندەیان بووە لە هاتنە دەرەوەیدا. ئیدی ئەم چۆلەکە، هەمیشە لە هاتووچۆدا بووە! وا ڕێ دەکەوێت: کۆمەڵێکی زۆر لە باڵندەکان ڕوو دەکەنە لووتکەی چیایەکی بڵند و دەنیشنەوە و دەست دەکەن بە کۆبوونەوە.... لە نێوان خۆیاندا دەڵێن: ئێمە لەبەر ئەوەی زۆر بووین... جیاوازیەکانیشمان زۆر بوون! کە وابوو پێویستمان بە پاشایەك هەیە، چاودێریمان بکات! نەهێڵێت نێوانمان تێك چێت! چۆلەکەکە بە لایاندا ڕۆیشتبوو، لای دابوو، پێی وتن:

"کە "تاووس" بکەنە پاشای خۆیان. چونکە ئەم چۆلەکەیە هەموو ڕۆژێك لایبووە، چاکی دەناسی! ئەوانیش بە قسەیان کرد و کردیانە پاشای خۆیان!

تاوسیش زۆر بۆیان باش بوو، چۆلەکەیشی کردبووە، وەزیری خۆی. دەستی کردە کاروباری باڵندەکان، ڕۆژێکیان چۆلەکە دیار نەبوو. تاوس زۆر نیگەران بوو. بە دڵتەنگی دەهات و دەچوو، کاتێکی زانی چۆلەکە پەیدا بوو. تاوس پرسی:

"ئەرێ بۆچی دواکەوتیت ئاخر... تۆ نزیکترین کەسی لە منەوە. لە هەمووشیان خۆشەویست تری؟"

چۆلەکە وتی:

"شتێکم بینی سەری لێ شێواندم و لێی ترسام!"

تاوس وتی:

"چیت دی!؟"

چۆلەکەکە وتی:

"پیاوێکم بینی، تۆڕێکی ڕاوی پێ بوو، لە نزیك هێلانەکەی منەوە، تۆڕەکەی نایەوە و بڕێك گەنمی بەسەردا پڕژاند... خۆیشی چوو لە دوورەوە لێی دانیشت و چاوەڕێی دەکرد..... قەزا و قەدەر، ماسیگرەیەك و ژنەکەی هاتن و کەوتنە ناوەڕاستییەوە.... دەستیان کردە هاوار هاوار....! ڕاوچی هات و هەر دووکیانی برد..... منیش کە ئەمەم بینی زۆرم خەم خوارد. ئەی شای باڵندەیان ئەمە بووە هۆی دواکەوتنم. ئیدی منیش لە ترسانا ...... هێلانەکەم جێ هێشتووە!" شا تاوس وتی:

"جا.... هێلانەی خۆت بۆ جێ دێڵیت. خۆ پاراستن، قەزا و قەدەرت لێ ناگێڕێتەوە."

چۆلەکەش بە قسەی کرد و وتی:

"لە فەرمانت دەرناچم پاشا، دەگەڕێمەوە بۆ هێلانەکەم!"

چۆلەکەکە خواردنی بۆ شاتاوس برد و دەستیان بە خواردنی کرد و ناویان بە سەردا کرد. چۆلەکەکە گەڕایەوە بۆ هێلانەکەی و ئیدی زۆر خۆی دەپاراست، رۆژێکیان..... دوو چۆلەکەی بینی لەسەر زەوی کردیانە شەڕە دەنووک! ئەمیش لە دڵی خۆیدا وتی:

"چۆن دەبێت ئەوان شەڕ بکەن و منیش تەماشایان بکەم!!؟ هەر ئێستا دادەبەزم و ئاشتیان دەکەمەوە!"

دابەزی تا ئاشتیان بکاتەوە راوچی پەیدا بوو، تۆڕەکەی بەسەریاندا قڵپ کردەوە و گرتنی! راوچی بردی و دایە خاوەنی و پێی وت:

"بگرە، ئەم چۆلەکەیەیان کە ناوبژی کەر بوو، زۆر قەڵەو و چاکە!"

چۆلەکەکە لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەوەی لێی دەترسام روویدا! شا تاوس منی بێخەم کرد....! خۆپاراستن لە قەزا و قەدەری نەپاراستم! شاعیر چەند جوانی وتووە:

ئەوەی کە نەبێت بە فێڵیش ناکرێ          چیت بە نسیب بوو: ئەوەت دێتە رێ

رووداو لە کاتی خۆیدا: جێگیرە....بە کەس ناکرێ: پاش و پێش خرێ

شەهرەیار شا وت:

"شەهرەزاد.......... چی تر هەیە بیگێڕەوە؟" وتی:

"گەر..گەر ژیام: ئەوا..... بۆ سبەی شەو ! خوا پایەدارت بکات!"

دنیازادی خوشکیشی وتی:

"قسەکانت چەند خۆش و بەچێژن!"

شەهرەزاد وتی:

"جا....ئەمەی گێڕامەوە، هەر هیچ نییە لە بەرامبەر چیرۆکی نووستووەی بە ئاگادا!"

پاشا وتی:

"چیرۆکی نوستووی بە ئاگا چۆن بووە؟"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٥٥

# چیرۆکی نووستوی بە ئاگا

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە: لە سەردەمی خەلیفە هارون رەشیدا بازرگانێك بووە، کوڕێکی بووە ناوی "حەسەنە رووتە" "حسن الخليق" بووە. دوای مردنی باوکی سامانێکی زۆری بۆ دەمێنێتەوە، ئەویش سامانەکە دەکاتە دوو بەش..... بەشێکیان پاشەکەوت دەکات و بەشەکەی تری دەخاتە بەردەست. ئەمجا تێکەڵ بە کوڕە دەوڵەمەندان دەبێت و خواردن و خواردنەوەی باش.... تاکو....پارەکانی لە دەست دەڕوات. ئەمجا روو لەو هاوڕێ و دۆست و کەسانە دەنێت

تێیان دەگەیەنێت ئیفلاسی کردووە و هیچی لە دەستدا نەماوە هەموویان پشتیان تێ کرد و لایان لێ نەکردەوە.

دەگەڕێتەوە لای دایکی و بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. دایکیشی دەڵێت:

"ئای.... حەسەن گیان، مناڵانی ئێستا هەر وەهان! گەر شتێکت پێ شك بەرن، لێت نزیك دەبنەوە! کە هیچت نەما، پشتت تێ دەکەن!"

دایکیشی خەمی بۆ خوارد. کوڕەیشی بەزەیی بە خۆیدا هاتەوە وتی:

| | |
|---|---|
| کە هەبوو پارە هاوڕێ هەزارە | کە نەتبوو، هاوڕێ لە تۆ بێزارە |
| هاوڕێی سەر سفرەم بەجارێ زۆر بوو | کە ئیفلاسیش بووم تەنیا و بێ چارە |

ئەمجا..... ڕاپەڕی و پەلاماری نیوەکەی دی سامانە پاشەکەوت کراوەکەی دا و سوێندیشی خوارد هاوڕێیەتی، لە تەك هاوڕێ کۆنەکانی نەکات. تێکەڵی بێگانە ببێت! ئەویش هەر بۆ شەو و ڕۆژێك و ڕۆژی دواتر. هەر وەکو نەیناسی بێت. ئێواران دەچووە سەر پردێك و سەیری ڕێبوارانی دەکرد. تاکو یەکێکی هەڵدەبژارد و دەیبرد بۆماڵەوە و شەو لەگەڵیدا دەیبردە سەر! ئیدی...... ڕۆژی دواتر نەیدەناسی و سڵاویشی لێ نەدەکرد.

نزیکەی ساڵێك ئەمە ئیشی بوو. کاتێ لەسەر پردەکە دانیشتبوو چاوەڕێی یەکێکی دەکرد ئێوارە وەکو جاران بیباتەوە ماڵی خۆی.... خەلیفە و مەسروری شیرباز، وەکو جاران خۆیان بە شێوەیەك گۆڕیبوو کە نەناسرێنەوە. لە ناوەڕاستی شەقامەکەوە هاتن. حەسەن کە نەیانی ناسی بوو، پێی وتن:

"ئاخۆ.... دەبنە میوانم! خوا چیدا، دەیخۆین و دەیخۆینەوە.... هەر لە نانی تیری، گۆشتی بێ ئێسقان! چاکترین مەی!؟"

خەلیفە وتی:

"نەخێر!"

ئەمجا سوێندی دا:

"بۆ خاتری خوا، گەورەم لەگەڵم وەرە! بێ ئومێدم مەکە!"

هێندەی پێ وت تاکو، وتی باش! پێشیان کەوت و قسەی بۆیان کرد، تاکو گەیشتنە ماڵ و لە دیوەخان دانیشتن و خزمەتکاری لەبەر قاپی دانا. خواردنی بۆ هێنان و خۆی لەتەك خەلیفەوە دەستی کردە خواردن. دوایی دەستیان شت و سفرە لابرا! ئەمجا پێکێکی بۆ تێکرد، ئەم شێوەیە خزمەتێکی چاکی کردن! خەلیفە لێی پرسی:

"ئەی لاو خۆتم پێ بناسێنە، تاکو پاداشتت بدەمەوە!"

حەسەن وتی:

"شەوان دەڕوات و ڕۆژان دێتەوە... بەڵام ڕابردوو ناگەڕێتەوە!"

خەلیفە وتی:

"جا.... بۆچی وایە... بۆ حاڵی خۆتم، بۆ ناگێڕیتەوە!؟"

حەسەن وتی:

"گەورەم سەرگوزەشتەی من سەر سوڕهێنەرە، ئەمەی ئێستا دەیکەم بێ هۆ نییە!"

خەلیفە لە هۆیەکەی پرسی، حەسەن وتی:
"هۆیەکە بۆ خۆی تاوانە! خەلیفە پێکەنی.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٥٦

شەهرەزاد وتی: بە هۆی بەسەرهاتی خاوەن چێشتخانە و پیاوە بێ ددم و پلەوە... یەکێ لە گێلەکان، پارە و پولێکی پێنامێنێت و دنیای لێ دەبێتە کونە مشك! ئارامی لەبەر هەڵگیرا و خۆی دا بە زەویدا ئیدی بە ئاگا نەهاتەوە، تاکو... هەتاو سوتاندی و کەف بە لاشەکەیدا هاتە خوارەوە! هەستا بێ پارە و درهەمێك چییە پێی نەبوو. گەیشتە بەر دەم دوکانێکی چێشتخانە سەرنجی دا، مەنجەڵە خواردن ریزکراون، چەوریەکەی بریسکە دەداتەوە و بۆنی رۆژمرێیەك دەڕوات و خاوەن چێشتخانەکە لەو دیو مەنجەڵەکانەوە بوو، ناورشێنی دوکانی کردبوو! قاپ و قاچاغی شت بوو! بێ ددم و پل خۆی بە ژووردا کرد و سڵاوی لێکرد. بە خاوەنی وت:
"بایی نیو درهەم گۆشت.. چارەکە درهەمێك خواردن، چارەکە درهەمێکی دی نانم بۆ بێنە!"
ئەویش بایی درەمێکی خستە بەردەم. ئەویش تێری خوارد و چەوری قاپەکانیش لستەوە! ئەمجا تیا مابوو! نەیدەزانی چی بکات! دەستی کرد بە هەڵڕوانین بە دار و دیواری چێشتخانە و زەوی ژوورەکەدا. تاکو تەشتێکی بینی نخوون کرابووەوە... دەستی بۆ درێژ کرد و هەڵی دایەوە، سەرنجی دا.. لە ژێریدا کلکە ئەسپێك هەیە..! ئیدی فرە دڵخۆش بوو، هەستا وچوو دەست و پلی شت ئەمجا سەری داخست و بەرەو دەرگا چووە دەرەوە! بێ ئەوەی پارە بدات! خاوەن چێشتخانەکە هاواری کرد:
"مەڕۆ هەی بێ چاوڕوو!"
بێ ددم و پل وەڵامی دایەوە:
"ئەوە لەگەڵ منتە هەی شەیتان!؟"
خاوەن چێشتخانە هێندەی دی تووڕە بوو لە دوکان بۆی هاتە دەرەوە! وتی:
"ئەوە قسەیش دەکەیت، نان و پێخۆرت لێرەبوو گۆشت خۆر! پارەیش نادەیت!؟"
بێ ددم و پل وتی:
"درۆ... دەکەیت، ئەی پیاوی خراپ!"
خاوەن چێشتخانە شیراندی بەسەریدا و دەستی دایە یەخەی، وتی:
"ئەی موسڵمانان، ئەمە سفتاحی ئەمرۆمە! ئاخر... چۆن تێر و پڕ دەخۆیت و پارە نادەیت!؟"
خەڵکەکە لێیان کۆ بوونەوە کەوتنە سەرزەنشتی بێ ددم و پل!!

وتیان:

"پارەی ئەوەی خواردووتە، بیدە!"

ئەمیش وتی:

"بابە گیان.... پێش ئەوەی بێمە ژوورەوە، درەمێکم پێ داوە!"

خاوەن چێشتخانە وتی:

"گەر پارەیەکت بە من دابێت، خوایە ڕۆژی ئەمڕۆم لێ حەرام بکەیت!! بەو خوایە.... پولێکی نەداوە و تێر و پڕی خواردووە و لێی داوە و چووەتە دەرەوە!"

بێ دەم و پل وتیەوە:

"درەمێکم دایتێ!"

جنێوێکی بە خاوەن چێشتخانەکە دا. ئەویش پێی دایەوە. ئەمجا بۆکسێکی لێدا و خەڵکەکە نەیان هێشت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٥٧

شەهرەزاد گێڕایەوە: کە خەڵکەکە ئەمەیان بینی، پێیان وتن:

"ئەمە چییە؟ بە هۆی چییەوەیە!؟"

بێ دەم و پل وتی:

"بە خوا : سووچ لە قەباحەتەکە خراپترە"

خاوەن چێشتخانەکە کە تێگەیشت هۆیەکە چییە وتی:

"ئەهـ....بەوخوایە، ئەو ڕاست دەکات!... پارەکەی داوە. ئێستا بیرم کەوتەوە....! وەرە، وەرە باقی درهەمەکەت بدەمەوە!"

ئەمجا وتی:

"براکەم بەسەرهاتی منیش بێهۆ نییە! هەر وەکو پێشووتر پێم وتی!"

خەلیفە دەستی کردە پێکەنین و وتی:

"بەخوا.... بەسەرهاتێکی خۆش بوو. تۆش بەسەرهاتەکەت بگێڕەوە، هۆیەکەشیمان پێ بڵێ!"

حەسەن وتی:

"بەسەر چاوان! ... من حەسەنە رووتەم ناوە! کە باوکم مرد سامانێکی فرەی بۆ بەجێ هێشتم.... منیش نیوەیم پاشەکەوت کرد و نیوەکەی دیم.... خستە بەردەست، لەگەڵ هاوڕێکانم دا خواردم و کەسێك نەما، نەیکەمە هاوڕێم.... تاکو هیچم بە دەستەوە نەما! ئەمجا سەرم نا... بە دەرگای یەکە یەکەی ئەو هاوڕێیانەوەی کە سامانەکەم بۆ خەرج

کردبـوون، بـەڵکو: دڵیـان پـێم بسوتێ! بـەڵام کـەس لای لـێ نەکردمـەوە و لـە لەتـە نـانێکی نەگرتم!"

دواتر تێر بە سەر دایکمدا گریام! ئەویش پێی وتم:

"زۆرینــەی هاوڕێیــان..... تــا دەوڵەمەنــد بیــت وەدووت دەکــەون لەگــەڵتا دەخــۆن وەدەخۆنەوە....... کە هەژار کەوتیت، دەرت دەکەن!"

ئیدی نیوەکەی تـری سامانە پاشەکەوتەکەم خستە بەردەست.... ئێستاش پـەیمانم داوە، ئـەو رەفتـارەی جـاران دووبـارە نەکەمـەوە... تـۆیش هـەر ئەمشـەو هاوڕێیـەتیت دەکـەم، رۆژ بووەوە، ئیدی سڵاویشت لێ ناکەم!"

خەلیفە دەستی کردە پێکەنین و وتی:

"بە ڕاستی تۆیش رەوایە وا بکەیت! بەڵام من خوا یار بێت پێت لێ نابڕم!"

حەسەنە رووت وتی:

"ئەی پێم نەوتیت، تازە، ناگەڕێمـەوە سـەر رەفتـاری کۆنم؟ درێـژە بـە هاوڕێیـەتی نـادەم؟ لەیەك شەو زیاتر هاوڕێیەتی کەس ناکەم."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو...... بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٥٨

شەهرەزاد وتـی: هەسـتا و قـاپێکی هێنـا، قـازێکی بـرژاوی بەسـەرەوە بـوو خسـتیە بـەردەم خەلیفە. کە تێریان خوارد ناردی تەشت و حـەوت جۆشـێك ئـاو و خاولییـان هێنـا و دەسـتیان شت. سفرە لابـرا.... دوای کـەمێك مـەی وشـەراب و خواردنەوەیـەکی نایـاب هـات و خانـەخوێ یەکەم پیاڵەی مەی بۆ خەلیفە تێکرد و دایە دەستی! وتی:

"ئەی میوانی ئازیز شەرم لا ببە، من خزمەتکارتم بفەرموو!"

ئەمجا پیاڵەی دووەم! خەلیفە کە ئەمەی لێ بینی لە دڵی خۆیدا وتی:

"بەو خوایە.... ئەم کابرایە، لە بارە! دەبێت پاداشتی تۆڵەی ئەم کارەی بۆ بکەمەوە."

حەسەن پێکێکی دی بۆ تێ کرد و ئەم شیعرەی بۆ خوێندەوە:

گەر من دەمزانی میوان دەبێت "دۆست" بۆ بەرپێت سنگی خۆمان رادەخست
سۆمای چاوانمان دەکردە پێك و برژۆڵەکانیش دەخرانە بەردەست

خانە خوێ کە زانی میوانەکانی شیعرەکەیان بە دڵ بوو. پێکێکی دی هێنا و ئەمەی وت:

دانی پیا دەنێین خۆمان هاتنت رێزە بۆمان
لێرە نەبیت بێگومان چۆڵ دەبێ جێگای تۆمان

تاکو نیوەشەو خواردیان و خواردیانەوە. ئەمجا خەلیفە رووی لە خانەخوێ کرد و وتی:

"چ حەزێك بیر و هۆشی داگیر کردویت! یان تاسەی چی دەکەی!؟"

حەسەنە رووتە وتی،

"بە خوا.... حەزم لە هیچ نییە... تەنیا ئەوە نەبێت، ببمە خاوەن دەسەلاتێکی وا... کە هەر چییەکم بە بیرا هات بیکەم!"

خەلیفە وتی،

"ئەی خوایە گیان... ! ئەوەی دێت بە خەیالتدا بیلێ!"

خانەخوێ وتی،

"لەخوا خوازیار بووم، تۆلە لە دراوسێکانم بکەمەوە.... ئا.... ئەو ماڵە دراوسێ نزیکەم، چوار پیرەمێردی تێدایە.... هەر کە من میوان دێنمەوە، ئەوان دێنە سەرم و قسەم پێدەڵێن! بۆیە خوازیارم بۆ یەك ڕۆژ ببمە حاکم و فەرمان بدەم هەر یەکەیان لە بەردەم ماڵەکەی خۆیاندا ٤٠٠ شوڵیان لێ بدەن! با.... ببێتە سزا بۆ ئەوانەی دڵی دراوسێ دەڕەنجێنن! خۆشی لە خەڵك دەشێوێنن!"

خەلیفە وتی،

"خوا بە دڵی خۆتت لەگەڵ بکات.... دەی وا بەرە بەیانە! شەوی داهاتووش هەر لای تۆ دەمێنمەوە!"

حەسەنە رووتیش وتی،

"نەخۆرانت بێت!"

ئەمجا خەلیفە پیاڵەی پڕ کرد و دەرمانێکی بەنجی "هۆشبەر"ی تێ کرد و پێشکەشی خانەخوێی کرد و وتی،

"سوێندت دەدەم، ئەم پێکە بەدەستی من دەخۆی!"

ئەویش وتی،

"بێنە!"

کە خواردیەوە، کەوت و وەکو مردووی لێهات! ئەمجا خەلیفە بە مەسروری هاوڕێی وت،

"دەی...... خەریکی ببە........ بۆم بهێنە بۆ کۆشك و دەرگای ماڵەکە دابخە!"

مەسرور حەسەنە رووتەی دا بە شانیدا.... کە گەیشتنە کۆشك، کەڵەشێر دەیقووقان! لە ژووری خەلیفەدا...... پاڵی خست، خەلیفەش پێی پێ دەکەنی.

ئەمجا ناردی بە شوێن ئەبو جەعفەری بەرمەکی دا. کە هات، فەرمانی بە سەریدا... دا کە سبەینێ ئەم پیاوە...... بەرگی ناڵ و لای حوکمڕانی لەبەرکرا.... لە دیوەخان، لەسەر کورسی من دانرا، فەرمانڕەوایە! هەر فەرمانێکی دا بۆی جێبەجێ بکەن و هەموو وەزیر و دەست و پێوەنی نزیکیش ئاگادار بکەرەوە.

تۆیش سبەینێ ڕۆژ بووەوە، سەرپێچی فەرمانەکانی نەکەیت! ئەبو جەعفەری بەرمەکی وتی،

"بەسەرچاوان".

گەڕایەوە ماڵی خۆی. ئەمجا خەلیفە خۆی کرد بە شوێنی کەنیزەکەکاندا و کۆی کردنەوە و فەرمانی دا کە سبەینێ کوڕە بە ئاگا هات چواردەوری بدەن و کڕنووشی بۆ بەرن، جل و بەرگی منی لەبەر بکەن.. سەرپێچی فەرمانەکانی مەکەن!

پێی بڵێن کە تۆ خەلیفەیت!" خۆشی چووە شوێنێك نووست کە پەردەیەك لە نێوان خۆی و حەسەنە رووتدا هەبوو حەسەنە رووتیش... پرخەی خەوی دەهات. کە رۆژ بووەوە کەنیزەکێك هاتە ژوور سەری و وتی:

"گەورەم، نوێژی بەیانی بکە!"

کە ئەم قسەیەی بیست دەستی کردە پێکەنین. کەوتە سەرنج دانی بنمیچی ژووری پاشا کە هەمووی بریسکەی دەهاتەوە کە بە نەخش و نیگاری زێڕین رازابووەوە. دەرگای ژوورەکان کەوانەیی، پەردەی ئاوریشمی پەنجەرە و دەرگا! قاپ و پیاڵە و پەرداخی زێڕین. کەنیزەك و خزمەتکاران لە دەوری بوون. زۆر سەری سوڕما!! چاوانی لێك نا، نووستەوە! بەڵام خزمەتکارێك پێی وت:

"میری میران... ئەم نوستتنەوەیە.... پیشەی تۆ نییە!"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٥٩

شەهرەزاد وتی: کە کەنیزەکەکان هاتن.... حەسەن لەسەر سیسەمێکی لۆکە پاڵی بە پشتییەکەوە، دابوو. چوار دەوری بە کەنیزەك گیرابوو.

سەرێکی بادا، لە دڵی خۆیدا وتی:

"خوایە.... ئەمە خەوە یا خەیاڵە!؟"

کە هەستا... بینی کەنیزەکەکان بۆی پێدەکەنن و دەست بە دەمەوە دەگرن و ناز دەکەن! ئەمیش سەری سوڕما و دەستی خۆی گەست. کە ئازاری پێ گەیشت هاواری لێ هەستا! خەلیفەش لەودیو پەردەوە سەیر دەکات و پێدەکەنێت! حەسەنە رووتە کەنیزەکێکی بانگ کرد و بە دزیەوە پرسی:

"تو خوا ئەی کەنیزەك، بە ڕاستتانە، کە من "میری میران"م!؟"

ئەویش وتی:

"ئەرێ بە خوا.... ئێستا تۆ میری میرانیت!"

حەسەنە رووتە وتی:

"درۆم لەگەڵ دەکەیت."

ئەمجا خزمەتکارە گەورەکەیانی بانگ کرد، ئەویش هاتە بەردەمی و کڕنووشی بۆ برد و وتی:

"بەڵێ.... میری میران!"

حەسەنە رووتە پرسی:
"میری میران کێیە؟"
وتی:
"تۆ"
حەسەنە رووتە وتی:
"درۆت کرد."
ئەمجا یەکێکی دی بانگ کرد کە پێی وابوو، وریا نییە، پرسی:
"بۆ خاتری خوا... من میری میرانم!؟"
ئەویش وەڵامی دایەوە:
"بەڵێ..... ئێستا تۆ میری میرانیت!"
ئەمیش بەخۆی وت:
"دوێنێ حەسەنە رووتە بووم! چۆن ئەمڕۆ بوومە میری میران؟"
سەرۆکی کەنیزەك و خزمەتکاران وتیان:
"بەرەکەتی "بسم الله"ت بە سەردا بڕژێت تۆ میری میرانیت، سوڵتانی سوڵتانەکانیت!"
داردەستی بەزێڕ چنراویان دایە دەست. ئەمیش بە دەستیەوە گرت. خزمەتکار هاواری کرد:
"لە دەمت لای ببە بیکە بە سەر پێوە!"
ئەمجا بردیانە ژووری خۆی.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو...... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٦٠

شەهرەزاد وتی: حەسەنە رووتە لە دەمی دەرهێنا و کردیە پێ! زۆر تەریق بووەوە! ئەوا.. خەلیفەش لەو دیو پەردەوە، هێندە پێکەنی خەریك بوو بمرێ! ئەمجا...... چووە ژوور، دوای کەمێك هاتە دەرەوە تەشت و مەسینەی زێڕیان بۆ هێنا و دەستنوێژی هەلگرت. بەرماڵیان بۆ راخست. بە بێ ئاگایی ٢٠ رکات نوێژی کرد. خەیاڵی هەر لای... بوون بە میری میران بوو! بە خۆی دەوت راستە من میری میرانم. ئەگەرنا.... بۆچی ئەم هەمووە پەزێراییم دەکەن!؟

خۆ...ئەمە.... خەون نییە! نە...! ئەمجا کەنیزەك و خزمەتکاران، بوخچەی جل وبەرگیان هێنا، بەرگی شاهانەیان پێ پۆشی. باوەشێنی خاڵخاڵی رەنگینیان دایە دەستەوە. سەرۆکی خزمەتکاران پێشی کەوت و دەست و پێوەند بە چوار دەوریدا. بردیانە دیوەخان، پەردەکانیان هەڵ دایەوە! لەسەر تەختی شاهانە دایان نا! سەیری کرد دیوەخان ٤٠ دەرگایە! مێزان ژێریان تایە. کۆشك و سەرا شمشێری پۆڵای تیایە! هەندێکیان درێژ هەندێ کوور. پلنگی دەم کراوە. وێنەی زەرکەفتی ئاوی ئاڵتوون بە دیوارەوە. دیوەخانیش جمەی دەهات پڕ

بوو له عەجەم و عەرەب، دەیلەمی و تورك، گزیر و وەزیر. ئەفسەران و گەوردیان، ناوداران و پیاوانی دەوڵەت! هەیبەتی بە دەوڵەتی عەباسی دەدا.... لەسەر تەخت دانیشت و باوەشێنی لە کۆش نا...! هەموویان کرنوشیان بۆ برد. ئەبو جەعفەری بەرمەکی کرنوشی بۆ برد و وتی:
"جێگەت بەهەشت بێت ودوژمنانت دۆزەخ. نەبێتە دوژمنت: دراوسێ. ئاگریشت هەمیشە بسوتێ، ئەی پاشای هەموو پارچەکانی وڵات"
حەسەنە رووت، شیراندی بە سەریدا و وتی:
"ئەی سەگی بەرمەکی.... هەر ئێستا خۆت و والی شار بچنە فلاّن گەڕەك، کە لەسەر فیسارە رێیە و ١٠٠ دینار بدەنە دایکی حەسەنە رووت. ئەمجا ٤ پیرەمێردەکەی دراوسێی بگرن و سواری کەریان بکەن و تا ئێوارە بە شاردا بیان گێڕن. دواتر ٤٠٠ شوڵیان لێدەن، با....... ماڵیشیان بگوێزنەوە بۆ گەڕەکێکی دی. با یەکێکیش بە دەنگی بلند بانگ بکات و بلێت:
"ئەمە سزای ئەوانەیە، دەکەنە سەر دراوسێکانیان و خۆشییان لێ تێك دەدەن!"
جارێکی دی ئەبو جەعفەری بەرمەکی کرنوشی بۆ برد و چووە ناوشار و فەرمانەکەی حەسەنە رووتی جێبەجێ کرد. ئەو رۆژە حەسەنە رووت فەرمانی دەدا و وەری دەگرت و دەیدا، کاری جێبەجێ دەکرد تاکو ئێوارە. ئەمجا میر و هاتوچۆکەرانی سەری ئیزن دا. دەست و پێوەندان هاتن و نزای.. مانەوە و تەمەن درێژیان بۆ کرد. پەردەی سەرا دادرانەوە. پاشا و دەست و پێوەند بۆ کۆشك گەڕانەوە. حەسەنە رووت بینی دیوەخان بە مۆمی داگیرساو چراخانە. چراوگ بە دیوارەوە دەسوتێ چراکان داگیرساون گۆرانی بێژان دەچرن. سەری سورما و وتی:
"بەو خوایە.... هەر بە راستی، میری میرانم!"
کە لە شوێنی خۆی دانیشت کەنیزەك لێی کۆ بوونەوە و بردیانە ژووری نان خواردن و جوانترین خواردنیان خستە بەردەم، تا توانی خواردی. ئەمجا شیراندی بە سەر کەنیزەکێکدا:
"ناوت چییە؟"
ئەویش وتی:
"ناوم مسکە"
لە یەکێکی دی پرسی. وەڵامی دایەوە:
"ناوم تەرفە"یە.
لە یەکێکی دی پرسی. وتی:
"ناوم توحفە"یە.
ئیدی ناوی یەکە یەکەیانی پرسی. دواتر لەوێ چووە دەرەوە...... بەرەو ژووری بارەکە. بینی رێك و پێك کراوە و بە مەی و پیاڵە و پەرداخ رازاوەیە. ١٠ قاپ پڕن لە جۆرەکانی میوە و شیرینی. لەوێش دانیشت و هێندەی پێ خورا، خواردییەوە. ئەمجا ٣ کۆمەڵە مۆسیقا ژەنی لە کەنیزەکانی بینی. لەوێش دانیشت و کەنیزەکان هەندێکیان لە تەکیدا دانیشتن و هەندێکیان بە پێوە بوون. ئیدی کیژانی گۆرانی بێژ، دەستیان کردە گۆرانی وتن و چەندین

جۆر گۆرانیـان وت. حەسـەنە رووت جۆرێـك دڵخـۆش و شـادمان بـوو، كـە پێـی وابـوو لـە بەهەشتدایە! باوەشی بە كەنیزەكەكاندا دەكرد و خۆی رووت دەكردەوە.

شەهرەزاد هەستی كرد شەو درەنگ بوو...... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٦١

شەهرەزاد وتی:

"ئەمە وا.... خەلیفەش هەر سەیری دەكات و پێدەكەنێت. ئەمجا لـە نیوەشـەودا، خەلیفـە دەرمانی هۆشبەری دایە دەست كەنیزەكێك و فەرمانی دا....... بۆی بكاتە "مەی"یەكەوە.

دوای خواردنـەوەی..... حەسـەنە رووت، سـەر و دەسـتی ون كـرد و .... بوورایـەوە، ئیـدی خەلیفە لەو دیو پەردە هاتە دەرێ و ئەو خزمـەتكارەی بـانگ كـرد، كـە حەسـەنە رووتـەی لـە ماڵی خۆیانەوە دابوو بـە شـانیدا و هێنابوویـە، كۆشـكی خەلیفـە و فـەرمانی پێـدا... بیباتـەوە مـاڵی خۆی و لەسـەر جێگەی نووستنی دابنـێ و دەرگـای لـێ پێـوە بـدا و بگەرێتـەوە كۆشـك. خزمـەتكار جێبـەجێی كـرد و خەلیفـەش بێخـەم لێـی نووسـت تـاكو.... بـەیانی. حەسـەنە رووتەش، سبەینێ درەنگانێ خەبەری بووەوە هاواری كرد......:

"ئەی توفاحە، رۆحی رەوانم...! مسكە گیان...! توحفە."

هێندەی بـانگی كەنیزەكـەكانی كـرد..... تـاكو.... دایكیشی خەبـەری بـووەوە و هاتـە ژوور سەری وتی:

"بسم ألله الرحمن الرحیم.... هەستە كورم! هەستە...! ئەوە خەو دەبینیت!"

كە سەیری ژوور سەری كرد پیرەژنێكی بینی پێی وت:

"تۆ.... كێیت!!؟"ئەویش وتی:

" من دایكتم!" حەسەنە رووت وتی:

"درۆ دەكەیت..... چونكە من میری میرانم!!"

دایكی شیراندی بە سەریدا و وتی:

"خوا بەزەیی بە عەقڵتدا بێتەوە.... دەنگت بڵند مەكەوە با خـەڵك گوێی لێمـان نـەبێت و بیگەیەننەوە بە خەلیفە و دواتر سەر و سامانمان تیا بچێت!"

لە خەو رابوو، ئەمجا بینی دایكی لەهۆڵەكە دایە. پەشۆكاو وتی:

"بەو خوایـە... دایـە ئەمشـەو لـە خەونمـدا، مـیری مـیران بـووم و لـە كۆشـكی پاشایەتی دا بووم، كەنیزەك و خزمەتكاران، پـەزێراییان دەكـردم. رۆژێـك حـوكمڕانیم كـرد، بكەر و لابـەر بووم"

ئەمجا كەمێك راما ... وتی:

"كوا خەون بوو......!؟ هەر بەراستی خەلیفە بووم!... دانرام و لابرام!"

دایكی پێی وت:

"کوڕه شیرینەکەم ژیریت لە دەست نەدەیت! ئاخر.... پێت بزانن.... دەتخزێننە شێتخانەوە.... ئیدی ناوت بە شێت بوون دەزڕێت! ئەو خەوە "شەیتانی" بووە...... شەیتان یاری بە ژیری مرۆڤ دەکات."

ئەمجا دایکی لێی پرسی:

"دوێنێ شەو میوانت هەبوو!؟"

حەسەنە رووت وتی:

"ئەرێ بە خوا..... یەکێکم لابوو ... رەنگە شەیتان بووبێت! خەمەکانی خۆم بۆ هەڵڕشت! ئا.... ئا من حەسەنە رووتم!"

دایکی وتی:

"حەسەن مژدەم بدەرێ... دوێنێ ئەبو جەعفەری بەرمەکی و دەست و پێوەندانی هاتنە گەڕەکەکەمان و ٤ پیرەمێردەکەی دراوسێی ئێمەیان، هێنایە دەر و ٤٠٠ شوڵیان لێدان! دواتر سواری کەریان کردن و بە شاردا گێڕانیان و هاواریان بۆ دەکردن کە ئەمانە رێزی دراوسێ ناگرن.... ئەمجا ١٠٠ دیناریشیان دا بە من و وتیان کوڕەکەت سڵاوت لێ دەکات!"

حەسەنە رووتە هاواری لێ بڵند بووەوە:

"من دەڵێم....... خەلیفە بووم: بڕوام پێ ناکەیت.... چاك بزانە..... من فەرمانم دا بە ئەبوجەعفەری بەرمەکی کە ئەو ٤ پیرەمێردە بەو مەرەدە بەرێت، هەر منیش فەرمانم دا ١٠٠ دینارت بدەنێ و سڵاوی منت پێ بگەیەنێت. ئەی پیرەژنە نەگبەتەکە تۆ درۆ دەکەیت و شتێم دەکەیت!"

لە پیرەژنەی دایکی راست بووەوە، لقە دار گوێزێکی هێنا و کەوتە لێدانی ئەویش هاواری کرد:

"ئەی هاوار موسڵمانینە"

خەڵکی گەڕەك لێیان کۆ بوونەوە. حەسەنە رووتیش بە دەم لێدانەوەی هاواری دەکرد... :

"پیرەژنەی نەگبەت: خەلیفە نەبووم، تۆ سیحرت لێکردم!"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٦٢

شەهرەزاد وتی: کە دراوسێکان گوێیان لە قسەکانی حەسەنە رووت بوو گرتیان و ئەمە شێت بووە، گرتیان و باڵبەستیان کرد و بردیانە شێتخانە پزیشکی شێتخانە پرسی:

"ئەم گەنجە چییەتی؟"

وتیان:

"ئەمە شێت بووە!"

حەسەنە رووت وتی:

"به خوا، درۆ دەکەن.... شێت نیم.... من خەلیفەم."

پزیشکەکە وتی:

"تۆ درۆزنیت........ ئەی..... ! شێتی نەگبەت!"

ئەمجا لە ژوورێکدا رووتی کردەوە و زنجیری خستە ملی و بەستیەوە ماوەی ١٠ رۆژ لێی دا. رۆژێکیان دایکی، سەردانی کرد و پێی وت:

"حەسەن....کوڕە شیرینەکەم، هۆشت بێنەوە خۆت...... ئەمە شەیتان کردەیە"

کوڕەش بە دایکی گوت:

"راست دەکەیت..... دایە گیان، تۆ شایەتیم بۆ بدە کە چاك بوومەتەوە و ئیدی هیچ نالێم.... خەریکم دەمرم لێرە!"

دایکی چووە لای پزیشکە و تێی گەیاند. لەگەڵ خۆی هێنایەوە ماڵ. دوای ماوەیەك.......ئارەزووی سفرە رازانەوە و خواردنەوەی کرد..... بۆیە، چووەوە سەر پردەکە. بۆ هێنانەوەی میوان. وا رێکەوت خەلیفە لای دایە لای و حەسەنە رووتەیش نەك سلاوی لێ نەکرد، بەڵکو پێی وت:

"بەخێر نەیەیت! ئێوە شەیتانن."

خەلیفەش وەڵامی دایەوە:

"ئەم وت جارێکی تریش دێمەوە لات!؟"

حەسەنە رووت وتی:

"پێویستم پێت نییە! پەندێکی پێشینان هەیە دەڵێت: دووری و دۆست... باشترە. چونکە لەبەر چاوان نین تا دڵان خەم بخۆن! ئەو شەوەی کە لەسەر خوانی من بوویت، پێکەوە خواردمانەوە هەر وەکو ئەوەی شەیتان میوان بووبێت..... وابوو! تووشی دڵەڕاوکێت کردم!"

خەلیفە وتی:

"کێ شەیتانە؟" وەڵامی دایەوە:

"تۆ!"

ئەمجا خەلیفە بزەیەك هاتە سەر لێوانی و کەوتە بەسەرا هاتنی و دڵ دانەوەی! وتی:

"براکەم..... کە جێم هێشتی، بیرم چوو دەرگات لەسەر دابخەمەوە.... زەنگە شەیتان، خۆی کردبێت بە ماڵەکەتدا!"

ئەمجا حەسەن کەوتە گێڕانەوەی ئەوەی بە سەری هاتبوو. خەلیفەش بە دزیەوە، پێدەکەنی. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ......... بۆیە بێدەنگ بوو.

# شەوی ١٦٣

شەهرەزاد وتی: دواتر خەلیفە بە حەسەنە رووتی وت:

"سوپاس بۆ خوا، ئەی پێت ناخۆش بوو.. ژیریت بۆ گەڕایەوە و ... ئێستا زۆر باشیت؟"

حەسەنە رووت وتی:

"نە دەتکەمە هاوڕێی سەرمێز و خواردنەوە و نـە لەگەڵیشت دادەنیشـم، چـونکە پێشینان وتوویانــە، ڕێگەیـەك کـە پێیـدا رۆیشـتیت و لـە بـەردێك هەڵکـەوتیت جـارێکی دی، پێیـدا رۆیشتیتەوە دەبێت گلەیی لە خۆت بکەیت! جارێکی دی لەگەڵ تۆدا کۆ نابمـەوە چـونکە پێت بەخێر نەبوو، بۆ ماڵی ئێمە!"

خەلیفە کەمێك دڵخۆشی دایەوە و وتی:

"من میوانی تۆم، میوانیش دەرناکرێت!"

ئیـدی حەسـەنە رووت جـارێکی دی لەگـەڵ خـۆی بردیـەوە مـاڵ و پێکـەوە خواردیـان و خواردیانەوە. پەزێرایی باشی کرد، دواتر.... چی بەسـەر هـاتبوو بـۆ خەلیفـەی گێڕایـەوە. کە پێکی سێیەمی دایە، خەلیفە پێی وت:

"ئەی هاونیشینم، بەندە لەبەر دەستتدام. هیچت بە لاوە گران نەبێت. درێغی مەکە!"

ئەمجا بە گۆرانییەوە وتی:

بەم شەوە تارە: کە بەدمەست دەبم   قاچ بۆ سەرەوە: لەسەر دەست دەبم
سەر گوڵی "مەی"ە و بریسکەی وەك خۆ   بێخەم و خاوەن هۆش و هەست دەبم

زۆریان خواردەوە و سەریان گەرم بوو. حەسەن بە خەلیفەی وت:

"هاوڕێ سەرم سوڕماوە.... لەو دەچوو: خەلیفـە بـوویم.... فـەرمانم دابێـت و حـوکمڕانیم کردبێت!! خەون نەبوو، راستی بوو!!"

خەلیفە وتی:

"خەون بووە براکەم."

ئەمجا کەمێ دەرمـانی هۆشـبەری کـردەوە پەرداخـە مەیەکـەی....! و پێشکەشـی حەسـەنی کرد و وتی:

"لەبەر دڵی من ئەم پێکەش بخۆرەوە!"

حەسەن وتی:

"دەیخۆمەوە چونکە بەدەستی تۆیە!"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٦٤

شەهرەزاد وتی: خەلیفە، راستگۆیی و رەوشتی حەسەنی زۆر بە دڵ بوو. بە خۆی وت:
"بەراستی ئەمە بکەمە هاورێ و پیاوی دەرباری خۆم باشە."

کە حەسەن پێکەکەی هەڵدا. دوای کەمێك سەر و دەستی ون کرد. ئەمجا فەرمانی دا: بردیانەوە بۆ کۆشك. پیاوی خەلیفە.... دای بە شانیدا و خستیە بەردەم خەلیفە. ئەمجا فەرمانی دا بە هەمان شێوە بیگۆڕن. کەنیزەك و خزمەتکارانی لێ کۆ ببنەوە. ئەمجا فەرمان درا..... تیپی مۆسیقاژەن گۆرانی بێژان ئامادە بوون. خەلیفەش لەو دیو پەردەوە خۆی شاردەوە ئەمجا خەلیفە فەرمانی دا کەنیزەکێکی عود ژەن بچێتە ژوور سەری حەسەن و بژەنێت. کە دەستیان بە ژەنین کرد، حەسەن خەبەری بووەوە. کە چاوی کردەوە کۆشك و ئەو هەموو خزمەتکار و کەنیزەکە جوانەی بینی و ئاواز دەژەنن وتی:

"لاحول و لاقوە الا بالله العلی....... ، بە ڕاستی لە شێتخانەوە لێدانەکەی زۆر دەترسم! رەنگە شەیتان..... دیسان ئەمەی بەسەر هێنابمەوە! خوایە..... شەیتان رسوا بکەیت!"

ئەمجا سەری خۆی داپۆشیەوە و کەمێك پێکەنی بە خۆی! سەری لە ژێر لێفە دەرهێنایەوە و سەرنجی دایەوە، بە هەمان شێوەیە و... راستە کەنیزەکێك هاتە سەرینی و وتی:

"هەستە لە خەو، ئەی میری میران، کۆشك و کەنیزەکەکانت ببینە!"

حەسەنە رووت وتی:

"پەنا بەخوا..... بە ڕاست میری میرانم!؟ یان ئێوە درۆ دەکەن!؟ ئاخر... دوێنێ شەو خواردەمەوە و لە ماڵی خۆم لێی نووستم.... کەچی ئەم خزمەتکارە ئێستا هەڵم دەستێنێ!"

حەسەنە رووت راست بووە و لە شوێنی خۆی دانیشت. دایکی و شێتخانە و ئەوەی بە سەری هاتبوو، بیر کەوتەوە، پزیشکی شێتان و لێدان و شوێنەواری لە سەر جەستەی بیر کەوتەوە. وتی:

"بەو خوایە سەرم لێ شێواوە، نازانم چیم لێ بەسەر هاتووە! کێ منی هێناوەتە ئەم شوێنە؟"

شەهرەزادە هەستی کرد شەو درەنگ بوو............... بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٦٥

شەهرەزاد وتی: رووی کردە کەنیزەکێك و پرسی:

"من کێم؟" وتی:

"تۆ میری میرانیت!"

حەسەن پێی وت:

"درۆت کرد، نەگبەت! گەر من میری میرانم، وەرە....... گاز لە پەنجەیەکم بگرە!"

هات و گازێکی بەهێزی لە پەنجەی گرت. حەسەن هاواری لێ هەستا: "بەس!" ئەمجا سەرۆکی خزمەتکارانی بانگ کرد و پرسی:

"من کێم!؟"

وەڵامی دایەوە:

"میری میرانیت!"

هێندەی دی، سەری لێ تێك چوو. غوڵامێکی بچکۆلەی بانگ کرد و وتی:

"بگەزێ بە گوێمدا"

ملی بۆ دانەواند و ئەویش پیا گەزی و خەریك بوو بیقرتێنێت! چونکە غوڵامەکە عەرەبی نەدەزانی، کە هاواری لێ هەستا، غوڵامەکە پتر پیاگەزی! خەلیفەش کە ئەمانەی بینی هێندە پێکەنی خەریك بوو ببورێتەوە. کە هۆش خۆی هاتەوە، هاتە دەرەو و بە حەسەنی وت:

"خوا بتگرێ، حەسەن، خەریك بوو بە پێکەنین بمکوژیت."

کە حەسەنە رووت ناسیەوە وتی:

"بەو خوایە.... تۆ منت کوشت.... دایکمت کوشت! هەر چوار پیرەکەی دراوسێمت کوشت!"

ئەمجا باوەشی پێدا کرد و لە خۆی نزیك کردەوە و بوو بە دەیەمین هاورێی شەوانەی خەلیفە... کە ئەمانە بوون :"عجلی" و "رقاشی" و "عبدان".و "حەسەن" و "فرزدق" و "لۆز" و "سوکەر" و "عومەر تەرتیس" و "ئەبونەواس" و "ئەبو ئیسحاق الندیم"، ئەمیش واتە "حەسەنە رووت" کە هەر یەکەیان چیرۆکێکی هەیە، بەڵام لەم کتێبەدا نین!"

حەسەنە رووت هێندە بەخیت یاری بوو، کە لەگەڵ خەلیفە و "زبێدەی" ژنیدا دادەنیشت، دواتر کچە گەنجینەدارەکەی خۆی کە ناوی "نزهەالفواد" بوو، لێی مارە کرد. پێکەوە مانەوە، تاکو هەموو سامانەکەی لەگەڵدا خەرج کرد!

حەسەنە رووت رۆژێکیان نزهەالفوادی بانگ کرد، ئەویش وتی:

"بەڵێ."

"با من فێڵێك لە خەلیفە بکەم ...... تۆیش فێڵێك لە زبێدەی خێزانی بکە. تاکو ٢٠٠ دیناریان لێ بکێشینەوە! دوو شۆقەشیان لێ بسەنین!!"

ژنەکەی وتی:

"چۆن دەوێت باوا بێت!"

نزهەالفواد لە حەسەنە رووتی پرسی:

"چی بکەین؟........ تۆیش پارچە قوماشێکی ئاوریشم بدە پێمدا، چەقۆیەك و کەمێ خوێ بخەرە سەر سنگم! بە جامانەکەی سەرم، پەنجەکانی پێم ببەستە ئەمجا قژەکەت بەر بدەوە و بە لە خۆدان و هاوار هاوار خۆت بگەیەنە زبێدە و پێی بڵێ "حەسەن.... تۆ خۆش! مرد" ئەویش دەست دەبات ١٠٠ دینارت بۆ خەرجی تەعزیەکە دەداتێ لەگەڵ پارچەیەك قوماشی ئاوریشم و پێت دەڵێت: برۆ ..... بڵێ با بیشۆن و لە ماڵ بیبەنە دەرەوە! تۆش پارە و

ئاوریشمەکە بێنە و وەرەوە! کە هاتیتەوە ئەمجا تۆ خۆت درێژ بکە و ...... بە ڕاکردن خۆم دەگەیەنمە خەلیفە و ریشم تێك وەر دەدەم و جل بە بەری خۆمەوە دەدڕێنم! بە دەم گریانەوە دەڵێم "نزهەالفواد" تۆ خۆش! مرد!"

خەلیفەش بە خزنەدارەکەی دەڵێت: بڕۆن لە خەزێنە ١٠٠ دیناری بدەنێ و پارچەیەك قوماشی ئاوریشم!" ئەمجا روو دەکاتە من و دەڵێت....... بڕۆ.... ئەوانە وەر بگرە و کفن و دفنی بکەن. ئیدی بە خۆ بادان دێمەوە بۆ لای تۆ!"

نزهەالفوادیش وتی:

"بە ڕاستی ئەمە فێڵێکی چاکە!"

هەستا و قاچەکانی حەسەنە رووتی بەست و مێردەکەی چی پێ وتبوو...... جێبەجێی کرد. ئەمجا سەری رووت کرد و قژی بڵاو کردەوە و جلی بەری دادڕی و بە گریان، بەرەولای زبێدەی خێزانی خەلیفە چوو. کە شاژنە زبێدە ئەمەی بینی هاواری کرد:

"ئەمە...... بۆ وا دەکەیت، چی رووی داوە، بۆچی دەگریت؟"

ئەمیش بە گریانەوە وتی:

"گەورەم...... حەسەن قەزا و بەلای تۆی برد....... مرد!"

شاژنە زبێدە زۆر دڵگران بوو، وتی:

"ئای، حەسەنە رووتی داماو!"

سەعاتێك بۆی گریا. ئەمجا فەرمانی بە خەزنەدار دا ١٠٠ دینار و پارچە قوماشێکی ئاوریشمی بدەنێ بۆ کفن. کە پارە و قوماشەکەیان پێ دا وتی:

"دە برۆ با کفنی بۆ بکەن و لە ماڵ بیبەنە دەرەوە بینێژن!"

ئەمجا بە دڵخۆشی و خۆبادان خۆی گەیاندەوە ماڵ. ئەویش خۆی کردەوە و هەستا و قوماشەی لە کەمەر بەست و دەستی کردە سەما...!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٦٦

شەهرەزاد وتی: ئەمجا...... خۆی چۆن لێی راکشابوو خۆی کردبوو بە مردوو، هەر وایشی لە نزهەالفواد کرد. جلی لەبەر خۆی دادڕی و ریشی تەڕ کرد و چەفتەی سەری دڕی ...... بە ڕا کردن خۆی گەیاندە خەلیفە کە لە کۆڕی حوکمڕانیدا بوو، لە سەرای مەملەکەتدا! پرسی:

"ئەوە چیت بەسەرهاتووە..... حەسەن!؟"

حەسەن وتی:

"نزهەالفواد..... قەزا و بەلای تۆی برد.....!"

خەلیفە ...... دەستەکانی بە یەکدا دا و وتی:

"لا اله الا الله"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٦٧

شەهرەزاد وتی: خەلیفە دڵی حەسەنە رووتی دایەوە و گەلێك بە سەریدا هات. ئەمجا پێی وت:

"خەم مەخۆ........ کەنیزەکێکی بەردەستی خێزانەکەمت، لێ مارە دەکەم!"

ئـەمجا فـەرمانی دا ١٠٠ دینـار و پارچـەیەك قوماشـی ئاورشمیـان دایـە بـۆ کفـن کردنـی مردووەکە، ئەمجا وتی:

"دە...... برۆ...... بە شێوەیەکی جوان بینێژە."

بە دڵخۆشیەوە گەڕایەوە بۆ لای نزهەالفواد وتی:

"هەستە..... چیمان ویست هاتە دی!"

١٠٠ دینـار و پـارە ئاوریشـمەکەی دایـە ئـەویش دڵـی خـۆش بـوو. ئـەمجا دەسـتیان کـردە پێکەنین بە خۆیان و خەلیفەش سەرای حوکمڕانی داخست و بە دڵ گرانی بەرەومالْ بـووەوە. لە کاتێکدا مەسروری شیرباز چووبووە ژێر باڵی. سەرەو ژووری زبێدەی خێزانـی بوونـەوە. بۆ ئـەوەی سەرەخۆشـی مردنـی "نزهـەالفواد"ی کـەنیزەکی لـێ بکـات. کـە بـینی: ئـەوا ئـەویش دانیشـتووە و هـەر دەگـری...... چاوەڕێی هاتنـەوەی خەلیفـە دەکـات کـە سەرخۆشـی مردنـی حەسەنە رووتی لێ بکات! ئەمیش وتی:

"خوا، کەنیزەکەکەم بـۆ بهێڵێت. بـە مردنـی حەسـەنی هاوڕێـت، خـۆت خـۆش بیـت! ئـەو مردووە!"

خەلیفە بزەیەك گرتی و رووی کردە مەسرور و وتی:

"ئەها........ مەسرور ژنان هەروا کاڵفامن! تو خوا...... کەمێك پـێش ئێستا، حەسـەن لای من نەبوو؟"

شا ژنە زبێدەش وتی:

"کۆڵ لە سوعبەت نادەیت!؟ بە حەسەنەوە نەوەستایت، کەنیزەکەکەشم دەمرێنی!؟"

خەلیفە وتی:

"نزهەالفواد مردووە"

شاژن وتی:

"نەخێر ئەمە تۆزێکە لە لای مـن بـوو، پـەژارە دایگرتبـوو، دەگریـا و جل و بـەرگی خۆی دادڕی بوو. منیش بە سەریدا هاتم و پارچەیەك ئاوریشمم دایە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.................. بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٦٨

شەهرەزاد وتی: خەلیفە دایە قاقای پێکەنین و وتی:

"نزهەالفواد نەبێت کەس نەمردووە!"

خانمی زبێدەش وتی:

"حەسەنە رووت نەبێت کەس دی نەمردووە!"

خەلیفە زۆر توورە بوو، شیراندی بە سەر مەسروری شیربازاد و فەرمانی دا کە بڕوات بۆ ماڵی حەسەنە رووت، بزانێت کێ مردووە؟

مەسرور بە را کردن رۆیشت خەلیفە وتی:

"گرەو بکەین لە سەری"

خاتوو زبێدەش وتی:

"بەڵێ گرەو دەکەم لەسەر ئەوەی کە حەسەنە رووت مردووە!"

خەلیفەش وتی:

"منیش گرەو دەکەم کە نزهەالفواد مردووە، گرەوی من و تۆ باخی سەیرانەکەی نێوان، کۆشکەکەت و کۆشکی پەیکەران بێت!"

ئەمجا هەر دووکیان دانیشتن چاوەڕێی مەسروریان دەکرد. تاکو هەواڵی راست بێنێتەوە. مەسرور بە پەلە گەیشتە کۆڵانی ماڵی حەسەن کە بەرامبەر پەنجەرەیەك دانیشتبوو بەسەر کۆڵانێدا دەیڕوانی. مەسروری بینی، خێرا نزهەالفوادی بە ئاگا هێنا. ئەویش راکشا و پارچە ئاوریشمەکەی بە خۆیدادا و وتی:

"بڕوا بکە ئێستا خەلیفە دەڵێت:

"نزهەالفواد مردووە"

خاتو زبێدەش دەڵێت:

"حەسەن مردووە....!"

" با مەسرور بتبینێت بڕوا بە قسەی خەلیفە بکرێت!!"

ئەمجا چووە ژوور سەری و دەستی کردە گریان. مەسرور خۆی کرد بە ژوورا و سەرە خۆشی لە حەسەن کرد و سەری مردووەکەی لادا. تاکو گومانی نەمێنێت! وتی:

"لااله الا الله" قەزا و قەدەری خوا چەند کتوپڕە!؟ خوا پاداشتی ئێوە بداتەوە.

## شەوی ١٦٩

شەهرەزاد وتی: کە مەسرور گەڕایەوە چووە بەردەم خەلیفە و زبێدە خانم، دەستی کردە پێکەنین خەلیفە توورە بوو وتی:

"مەلعون کەی ئێستا کاتی پێکەنینە؟ پێمان بڵێ کامیان مردووە؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە:

"بەو خوایە...... حەسەنە رووت، عەیبی نییە، نزهەالفواد مردووە!"

خەلیفە رووی کردە "زبێدە"ی خێزانی و وتی:

"ئەوە....... کۆشکەکەتت دۆڕاند."

ئەمجا هەندێ بە "زبێدە" پێکەنی و وتی:

"دەی..... مەسرور چیت دیوە بیگێڕەوە!"

ئەویش وتی:

"راستییەکەی..... بە راکردن چووم و خۆم کرد بە ماڵی حەسەن دا....... سەرنجم دا "نزهەالفواد" راکشاوە، حەسەنیش لە ژوور سەریەوە دانیشتووە و دەگری! بە دەستی خۆم سەریم هەڵدایەوە روانیم خۆیەتی! سەرەخۆشیم لێ کرد و رام سپارد کە زوو بینێژن! ئەوانم جێ هێشت، تا بێمەوە، هەواڵەکەتان بدەمێ!"

پێکەنی و وتی:

"دەی ، بۆ ئەو کاڵفامەی بگێڕەوە."

کە زبێدە خانم ئەمەی لە مەسرور بیست، لێی تووڕە بوو وتی:

"کاڵفام ئەو کەسەیە بڕوای بەم بەندەیە هەیە!"

دەستی کردە جنێودان پێی خەلیفەش هەر پێدەکەنێت! مەسروریش بە پێکەنینەوە وتی:

"راستیان وتووە، کاڵفام و کەم دینن!"

شاژنە زبێدە وتی:

"ئەی میری میران تۆ سوعبەت لەگەڵ من دەکەیت! ئەم بەندەیەش.... لەبەر خاتری تۆ فێڵ لە من دەکات، بەڵام خۆم دەنێرم........ تا ببیستێت و ببینێت! بانگی لە پیرەژنە "قەهرەمانە" کرد و پێی وت:

"هەڕاکە..... بۆ ماڵی نزهەالفواد و بزانە کامیان مردووە و هەر ئێستا وەرەوە."

پیرەژنە بە راکردن رۆیشت. خەلیفە و مەسروریش پێدەکەنین.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٧٠

شەهرەزاد وتی:"قارەمانە" بە هەڵەداوان، خۆی کرد بە کۆڵانی ماڵی حەسەن دا، ئەویش کە بینی بە ژنەکەی وت بەخوا، وا دیارە شاژنە "زبێدە" بڕوای بە مەسرور نەکردووە. بۆیە ئەم پیرەژنەی ناردووە، من درێژ ببم و پارچە ئاوریشمەکە بە خۆمدا بدەم باشە....!! با تۆ لای شا ژنە زبێدە بە درۆ نەکەویتەوە!!"

دیسان نزهەالفواد سەر وقاچی بەست و بە پارچە ئاوریشمەکە دایپۆشی و چووە ژوور سەری و دەستی کردە گریان. کە ........ پیرەژنە "قارەمانە" خۆی بە ژووردا کرد، پەشۆکا... "نزهەالفواد"یش، دای لە پڕمەی گریان و باوەشی بە پیرەژنەدا کرد و وتی:

"بروانـه...... چیم بەسـەر هـات؟ و چۆن حەسـەنی مێـردم مـنی جێهێشـت و بـە تـەنیا مامەوە!؟"

یەخەی خۆی دادڕی و وتی:

"دایە:چەند بە بەزەیی بوو بۆم!!؟"

پیرەژنەش لە وەڵامدا وتی:

"جێی خۆیەتی پەژارەی بۆ بخۆیت چونکە پێکەوە راهاتبوون!"

ئەمجا ئاگای لە کەین و بەینی... خەلیفە و ژنەکەی بوو، بۆیە وتی:

"بەخوا... خەریك بوو کاکە مەسرور نێوانی خەلیفە و ژنەکەی تێك بدات!"

نزهەالفواد پرسی:

"فیتنەیی چی ...... دایە گیان!"

پیرەژنە وتی:

"کچەکەم مەسرور گەڕایەوە ماڵ و هەواڵی دایـە هـەر دووکیـان........ کـە تـۆ مردوویـت و حەسەن ماوە!!"

نزهەالفواد وتی:

"مـن چـوومە لای شـاژنە زبێـدە و بـە سـەریدا گریـام ئـەویش ١٠٠ دینـار و پارچـەیەك ئاوریشمی بۆ کفن کردنی پێدام. سەیری حاڵم بکە.......! چیم بەسەر هاتووە!؟ ئێستا تێدا ماوم.... خۆزگە من بمردمایە و ئەو نەمردایە!!"

دایە پڕمەی گریان و پیرەژنە "قارەمانە"یش لەگەڵیدا...

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٧١

ئـەمجا........ پیرەژنـە چـووە لای سـەری حەسـەنەوە و سـەری هەڵدایـەوە و دواتـر سەرەخۆشی لە ژنەکەی کرد و بە پەلە گەڕایەوە کۆشك و خۆی گەیانـدە شـاژنە زبێـدە و چی بینی بوو بۆی گێڕایەوە. ئەمجا دەستی کرد بە پێکەنین و وتی:

"بۆ خەلیفەی بگێڕەوە...... کە بە من دەڵێت.... ژیری و ئاییتی کەمە!"

مەسرور هەڵیدایە:

"ئەم پیرەژنە درۆ دەکـات.... تـۆزێ لەمـەوپێش مـن لـەوێ بـووم! حەسـەن دەگریـا بەسـەر "نزهەالفواد"دا کە راکشا بوو. مردبوو."

پیرەژنە وتی:

"تۆ درۆ دەکەیت...... خەریکی فیتنەییت! لە نێوان خەلیفە و ژنەکەیدا!"

ئەمجا مەسرور هاواری لێ هەستا و وتی:

"تۆ درۆ دەکەیت پیرەژنە نەگبەتە، شاژنیش......خەرەفاوە کە بڕوا بە تۆ دەکات!"

شازن دەستی بە گریان کرد. خەلیفە وتی:

"من و خزمەتکارم تۆ و کەنیزەکەت...... هەموو درۆ دەکەین...! راستییەکەی پێویستە هەر چوارمان بڕۆین بۆ ماڵی حەسەن. تاکو بە چاوی خۆمان ببینین! کە کام لامان راست دەکات!"

مەسرور وتی:

"هەستن با بڕۆین تاکو ئەم پیرەژنە بەرمەوە سەر درۆکەی خۆی!"

پیرەژنە وتی:

"ئەی........ وەك من بێ مێشك! و دەماغ بە هێندەی دەماغی مریشکێك."

مەسرور بۆی چوو پێیدا بماڵێت! شازنە زبێدە پاڵێکی پێوە نا و دووری خستەوە و وتی:

"هەر ئێستا دەردەکەوێت، ئەو راست دەکات و تۆ درۆزنیت!!"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو...........بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٧٢

هەر وەکو گرەویان کردبێت، هەر چواریان لە کۆشك هاتنە دەرەوە و بەرەو کۆڵانی ماڵی حەسەن.کە حەسەن لە پەنجەرەکەوە ئەوانی بینی وتی:

"ژنەکە...... ئەوە هەر چواریان خەلیفە و مەسرور، شازنە زبێدە و کەنیزەکەی هاتن.. جا چی بکەین؟ دیارە ئەمانە بووە بە شەڕیان، لە سەر مردنی ئێمە!"

نزهەالفواد راست بووەوە و وتی:

"جا...... چی بکەین؟"

حەسەنی مێردی وتی:

"وەرە.... با هەردووکمان درێژ بین و خۆمان بکەین بە مردوو......! دوو پارچە حەریرەکە بیدەینە سەرماندا و هەناسە لە خۆمان ببڕین!"

هەر دووکیان درێژ بوون و چاویان نووقاند! خەلیفە چووە ژوورەوە. زبێدە و مەسرور و پیرەژن بە دوایاندا کە شازنە زبێدە بینی هەر دووکیان مردوون...... وتی:

"هێندەتان لە نزهەالفوادی کەنیزەکەم خوێند...... ئەوەتا ئەویش بە حەسرەتی حەسەنەوە مردووە!"

خەلیفە وتی:

"پێش من قسە مەکە....... کەنیزەکی تۆ پێش حەسەن مردووە! چونکە ... حەسەن بە ریشی تەڕی فرمێسکاویەوە، بە لە خۆدان هاتە لام و منیش ١٠٠ دینار و کفنەکەم دایە و پێم وت:

"بڕۆ.... ڕێـم و ڕەسمـی ئاشـتی بـەجێ بهێنـەوە و دواتـر کـەنیزەکێکی زۆر نزیکـی لـەو جوانترت لێ مارە دەکەم! دیارە بەرگەی ئەم خەمەی نەگرتووە و دوا بە دوای مردنی ژنەکەی مردووە! ئا لەبەر ئەوە من گرەوەکەم بردۆتەوە!"

ئیدی زۆریان لەگەڵ یەك وت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٧٣

شەهرەزاد وتـی: کـە چوونـە مـاڵی حەسـەنەوە سـەیریان کـرد کـە هـەر دووکیـان مـردوون پێیان سەیر بوو. خەلیفە چووە ژوور سەری هەر دووکیان، وتی:

"سـوێندتان دەدەم، بـۆ خـاتری ئـەو خۆڵـەی پێغەمبـەر "د.خ" خـۆڵی باووبـاپیرانم! زۆر ئارەزوومە بزانم کامتان زووتر مردوون؟ پەیمان بێت ١٠٠٠ دیناریشی بدەمێ!"

کە ئەمەیان بیست ....... حەسەن خۆی پێ نەگیرا و نرکەیەکی کرد و وتی:

"مـن لـە پێشـەوە مـردم ئـەی مـیری مـیران...... دەبێنـە ١٠٠٠ دینارەکـەم بـدەرێ! و پەیمانەکەت جێبەجێ بکە!"

ئەمجا نزهەالفوادیش راست بووەوە باوەشی کرد بە شابانوودا.

خەلیفە و شابانوو ئەوانی تر پیرۆزبایی سەلامەتیان لێ کردن، تێگەیشتن کە ئـەم فێڵەیان بۆ پارە و سامان کردووە، بۆیە شابانوو زبێدە بە نزهەالفوادی وت:

"جا.......با.....داوای پارەت راستەوخۆ بکردایە و دڵی منت داخ نەکردایە!"

نزهەالفوادیش وتی:

"بەڕاستی لە رووم نەهات داوای پارەت لێ بکەم!"

خەلیفەش هەر بوورایەوە لە پێکەنیندا! ئەمجا بە حەسەنە رووتی وت:

"ئێستاش هەر رووتی و کاری عەجایب و غەریب دەکەیت!"

حەسەن وتی:

"ئەی میری میران، ئەمەم بۆیە کرد، ئەو پارانـەی دابـووت بـە مـن نـەمان!! ئیـدی شـەرمم کـرد داوای پـارەی تـر بکـەم. مـن کـە خـۆم بـووم دەسـتم بـە پـارەوە بـۆ نـەدەگیرا. تـۆ ئـەم کەنیزەکەیشت لێ مارە کردم. بڕوا بکە ئەگەر هەموو سامانەکەی خۆیشت بدامایە... ئێستا لە ناوم بردبوو! ئەم فێڵەشمان بۆ ١٠٠ دینارەکە بوو! ئێستاش سـوێندەکەی خـۆت بـەجێ بێنـە و ١٠٠٠ دینارەکەم بدەرێ!"

ئەمجا بـە دڵـی خـۆش و بـە پێکەنینـەوە بـەرەو مـاڵ بوونـەوە، دوای ئـەوەی خەلیفـە ١٠٠٠ دینارەکەی دایە حەسەن وتی:

"ئەوەش شیرینی سەلامەتیتان، لە مردن."

شابانوویش ١٠٠٠ دیناری دایە نزهەالفواد و پێی وت:

"بیگره، شیرینی سەلامەتیەکەت لە مردن!"
خەلیفەش.........مووچەی دەوڵەتی بۆ زیاتر کردن و خواردنی ڕۆژانەی پێ بەخشین. ئیدی ژیانیان بە خۆشی بردە سەر تا ئەو دەمەی تێکەدەر و لە یەکتری کەر و شارودێ کاولکەر و گۆڕستان ئاوەدانکەر دەستی گەیشتە ئەمانیش. خۆ ئەم چیرۆکە عەجایب تر نییە لە چیرۆکی "قەمەر زەمان" کوڕی "شا شەهرەمان".
پاشا وتی:
"ئەو چۆن بووە؟"
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو................ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٧٤

چیرۆکی شا شەهەرەمان و قەمەرزەمانی کوڕی
شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە.... ئەی پاشای بەختیار، سەرۆك و سەردار پاشایەك بوو سوپای پڕ چەکی زۆر و زەبەندی بوو....... وەزیر و گزی و دەست و پێوەندی بوو. وەجاخی کوێر و کوڕێکی نەبوو..... خەمی دوای خۆی بوو....... جێگرێکی نەبوو. هێندە فرە بوو پەژارە و ژانی! ڕۆژێکیان وتی بە وەزیرانی:
"کە مردم ناوم کوێر دەبێتەوە..... کوڕێکم نییە جێم بگرێتەوە!!"
وەزیرێکی لە وەڵامدا وتی:
"گوێ مەدەرێ. پاشا خوا خۆی ئاڵوگۆڕکەرە! هەمیشە ڕوو لە خوا ببە و لێی بپاڕێوە!"
دواتر شا دەستنوێژی هەڵگرت و دوو ڕکات نوێژی کرد..... کەوتە نزا کردن بە نیەتێکی پاك و لە کانگای دڵیەوە. خوا .... نزاکەی پەسەند کرد و کوڕێکی جوانی پێ بەخشی.... کە وەکو.. مانگی چواردە بوو. ناوی نا "قەمەر زەمان". ٧ شەو و ٧ ڕۆژ لە وڵاتدا...... ئاهەنگیان بۆ گێڕا. قەمەرزەمان لە ناز و نیعمەتی دا، گەورە بوو، تەمەنی بووە ١٥ ساڵان.
کوڕێکی شێوە و باڵا جوان... باوکی بێ ئەو هەڵی نەدەکرد و شەو و ڕۆژ لەگەڵیدا بوو. هێندە بە تەنگیەوە دەهات تاکو ڕۆژێکیان لای وەزیرەکەی درکاندی:
"کە پێی باشە.... تا لە ژیاندا ماوە خۆی ژنی بۆ بێنێت!!"
وەزیرەش، هەم ئاهەنگی بوو وتی:
"بەڕاستی کارێکی چاك دەکەیت، ژن هێنان لە ڕەوشتە باشەکانە. با ژن هێنانەکەی پێش وەرگرتنی دەسەڵات بێت!"
ئەمجا چا فەرمانی دا..... قەمەرزەمانم بۆ بانگ بکەن. کوڕەکەی سەری بۆ باوکی نەوی کرد وەکو ڕێزلێنانی باوکی! باوکی پێی وت:
"ئەمەوێ ژنت بۆ بێنم.... تا نەمردوم ئاهەنگەکەت ببینم!"
کوڕە وتی:

"بابـه گیـان، حـەزم لـە ژن هێنـان نییـە، چـونکە هێنـدە فێـڵ و مـەکر و غـەدریانم خوێندووەتەوە و بیستووە! شاعیرێك وتویەتی:

گەر لە ژنانتان نێوە پرسیارە — بەندە پزیشکە نا لەو بوارە
رووی خۆش و وەفا لایان نامێنێ — کە پیاو دەست کورت بوو بێ پول و پارە
تاکو ملهوڕ بیت گوێ لە مستی تۆن — ڕەشمەیان کردی خەمت هەزارە

ئەمجا وتی:
"گەر بشمکوژن... ژن ناهێنم...!"

کە بـاوکی ئەمـەی بیست دنیـای لا تاریـك بـوو. خـەم دایگـرت. چونکە هێنـدەی خـۆش دەویست دڵی نەدەهات رووی لێ گرژ بکات بەڵکو دڵی دایەوە، ئەمـە...... ئـاوا قەمـەرزەمانیش رۆژ دوای رۆژ شۆخ و شـەنگ تـر دەبـوو. تـاکو سـاڵێك شـەهرەمان شـا ئـارام بـوو، خـۆی گـرت! سەیری کرد کە زمان پاراو و شۆخ و کـارا و پیـاوتر دەبێـت. مـانگی چـواردە شـەرم لـە جـوانی کوڕەکەی دەکات. باڵای دەڵێی دارخەیزەرانە.... جوانی شەقایقی نوعمانـە! ئـەم هونـراوەیـەیان پێدا هەڵداوە:

هەر کەس ببینێ پەنای یەزدانە بۆ ئەو کلێشە و دیمەنە جوانە
بۆنی لێوانی .... هەنگوینی ساغە مرواری بەندە: ئەو ریزە دانە
لە نێو چاوانی نووسراوە کە وا: سەر گوڵی: جوانی.... هەموو جیهانە
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٧٥

شەهرەزاد وتی: ساڵێك تێپەڕی... دیسان پاشا قەمەرزەمانی بانگ کرد و پێی وت:
"کوڕەکەم، تاکەی بە قسەم ناکەیت؟"
کوڕەکە کڕنوشی بۆ برد و وتی:
"چۆن بە قسەت ناکەم.... لە کاتێکدا خوا فەرمانی داوە کە گوێڕایەڵتان بین!؟"
شا شەهرەمان وتی:
"کوڕم دەمەوێت، پێش مردنم.... ژنت بۆ بێنم..... فەرمانڕەوایی وڵاتت بدەمە دەست!"
قەمەرزەمانیش وتی:
"بابە گیان منیش پێم وتی...... بشمکوژن ژن ناهێنم! چونکە کتـێبی زۆر لەسـەر ژنـان و فڕ و فێڵیان خوێندووەتەوە. شاعیرێك چەند جوانی وتووە:

قەحبە گەر چووە راوی — هەر کەسێ : کەوتە داوی
با قورقوشمی تۆکمەش بێ — دیوار و بەند و باوی
بەڵگەی خاینی ژنە — خەم و پەژارەی پیاوی
چاوی بە کل دەرێژێ — خۆڵیش بۆ دیدەی پیاوی

شەهرەزاد وتی: کە شەهرەمان ئەمەی بیست. سەری سوڕما! بەلام هێندەی کوڕەکەی خۆش دەویست، لێی تووڕە نەبوو. کەمێ بەسەریدا هات. کە دەورووبەری چۆل بوو. وەزیری بانگ کردە لاوە و لێی پرسی:

"چی بکەم باشە؟ تۆیش پێت باش بوو، پێش فەرمانڕەوایی کردنی ولات ژنی بۆ بێنم. ئەوە چەند جارێك پێی دەلێم، بە گوێم ناگات! ڕێیەکم بۆ دابنێ."

وەزیری وتی:

"ئەمسالیش با بڕوات.... سالی داهاتوو، ڕۆژێك لە نێو وەزیران و پیاوانی مەملەکەت و دەست و پێوەندان دا... بە گیری بێنە و پێی بلێ..... ئیدی لە نێو ئەو هەموو خەلکەدا... ڕووگیر دەبێت و بە قسەت دەکات!"

شا شەهرەمان کە ئەم ئامۆژگاریەی بیست...... زۆر دلی خۆش بوو.... شاباشێکی باشی وەزیریشی کرد! ئیدی شا ئارامی گرت.... سال تێپەڕی.... کوڕەکەشی تەمەنی نزیکەی ٢٠ سالێك بوو.... تا دەهات کوڕە شۆخ و شەنگ و جوانتر دەبوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو ............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٧٦

شەهرەزاد وتی: پاشا ئارامی گرت.... تا سال وەرگەڕایەوە... ڕۆژی سالیادی دامەزراندنی دەولەت هاتەوە.... وەزیران و پیاوانی بەدەسەلات و دۆستان و دەست و پێوەندان..... خۆیان گەیاندە دەرباری شا و ئاهەنگی شاهانە دەستی پێکرد.... ئەمجا نازدیە دوای قەمەرزەمانی کوڕیدا.... کە ئامادە بوو...... لەو کۆڕەدا ڕووی تێکرد و وتی:

"کوڕە شیرینەکەم، دەمەوێ لە نێو ئەم پیاوە ماقولانەی دەولەتدا.... ڕووت لێ بنێم کە ژن بێنی.... زۆر حەز دەکەم پێش مردنم.... کیژە شازادەیەکت بۆ داوا بکەم!"

قەمەرزەمان کە ئەمەی بیست سەری داخست، کە سەری بلند کرد.... هەلەشەیی هەرزەکاری دایگرت... وتی:

"تۆ پیرێکی خەرەفاوی.... ئەی دوو جاری دی پێت نەوتم و منیش نەموت بشمکوژیت ژن ناهێنم!!؟"

شاشەهرەمان کە ئەو هەلە و هەلەشەیی و هەلچوونەی لە نێو ئەو هەموو خەلکەدا بینی: زۆر تەریق بووەوە... بۆیە فەرمانی دا بیگرن، دەستی ببەستن! دەست و پێوەندان هەر زوو گرتیان و قۆلبەستیان کرد و هێنایانە بەژدەستی پاشا. کوڕەش سەری نەوی کردبوو...... ئارەقەیەکی زۆری کردبووەوە.

شا وتی:

"هاوار بە مالْت.... تۆ چۆن وێرات لە نێو ئەو هەموو پیاوە گەورانەدا.... لە من هەلْبگەڕێیتەوە؟ دیارە: کەس نەبووە پەروەردەیەکی باشت بکات! لە خۆت ناپرسیت... هەر کەسێکی دی ئەم رەفتارەی بنوانایە چەند ناشیرین بوو؟"

ئەمجا شا فەرمانی دا بیبەن.. بیخەنە قوللەیەکی شارەوە بەندی بکەن"

ئەوانیش خستیانە قوللەیەکی کۆن و شوێنیان بۆ پاك کردەوە و پێستەیەکیان بۆ راخست. هێندە تاریك بوو، چرا و مۆمیان دایە...... دەرگاوانیان بۆ دانا و خزمەتکاریان بۆ ئامادە کرد. کوڕە زۆر پەشیمان بووەوە، لەو هەڵەیەی، لە کاتێکدا پەشیمانی دادی نەدا. لەبەر خۆیەوە....... کچان و ژن هێنان و ئافرەتی خائنی بەر لەعنەت دا، خۆزگە بە گوێم بکردایە و ژنم بهێنایە. لەم بەندیخانە تاریك و پیس و پۆخڵە باشتر بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٧٧

شەهرەزاد وتی: قەمەرزەمان لەوێ بوەستێ و با بچینەوە لای شاشەهرەمان. ئەویش ئەو رۆژەی وەکو رۆژانی پێشوو بە حوکمڕانی بەسەر برد، کە ئێوارە هات وەزیری بانگ کردە لاوە و پێی وت:

"وەزیر، ئەوە بزانە تۆ بوویتە هۆی ئەم ئالۆزیەی من و کوڕەکەم.... دەبێت ئێستاش تەگبیرم بۆ بکەیت! چی بکەم؟"

وەزیر وتی:

"واز لە کوڕەکەت بێنە با ١٥ رۆژ بەند بێت! دواتر فەرمان بدە..... بیهێننە بەردەمت، ئەمجا..... فەرمان بدە ژنی بۆ بێنن! ئەمجارە قسەت ناشکێنێ!"

ئەو شەوە بە دڵێکی تەنگ و نیگەرانەوە نووست، چونکە تەنیا ئەو کوڕەی هەبوو زۆری خۆش دەویست! شەوانی تر باڵی دەکردە سەرینی ئینجا خەوی لێدەکەوت! ئیدی هەر چەند ئەم دیو و ، ئەو دیوی کرد تا بەرەبەیان خەوی لێنەکەوت. کاتێك فرمێسك بە چاوانیدا دەهاتە خوارێ ئەم شیعرەی دەوت:

| | |
|---|---|
| شەوم درێژە نەیاریش بێ خەم | دڵ بە ترپەیە و ناڵەی پڕ بە دەم |
| شەوم بە خەمم درێژە کێشە | حەز بە گزنگی بەرەبەیان دەکەم |
| ئەستێران هێندە بێ جووڵەو ماتن | دەڵێ خولگەیان گیر بە ئەستەم |

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ۱۷۸

شەهرەزاد وتی: وەرن با.. شەهرەمان شا... جێ بهێڵین بچین بۆ لای قەمەرزەمانەوە. ئێوارە هات و قوللە تاریك بوو. خزمەتکار فانۆس و مۆمی داگیرسان. کە خواردنی بۆ دانا، کەمێکی خوارد. شەو لە دڵی خۆیدا کەوتە سەرزەنشتی خۆی. وتی:

"ئەفسی بۆگەن: نەتزانی مرۆڤ بەندەی زمانی خۆیەتی؟ زمان مرۆڤ تووش دەکات. ئەم شیعرەی وت:

کەسێ زمانی خلیسکا دەمرێ　　پێی بوو: زیندووە و بەرگەشی دەگرێ
کە دەمی هەڵنووت سەری تیاچووە　　چاك دەبێتەوە: هەڵنووت لە گرێ

کە لە خواردن بووەوە خزمەتکار ئاوی بۆ هێنا و دەستی شت دواتر دەستنوێژی هەلگرت، نوێژی ئێوارە و خەوتنانی کرد، ئەمجا لەسەر جێگاکەی دەستی کرد بە قورئان خوێندن.... سورەتی "بەقەرە" و "ال عمران" و "یاسین" و "الرحمان" و "تبارك" و "الملك" و "اخلاص" و هەر دوو "معوذة"ەکەی خوێند. دەستی کردە نزا و پارانەوە. ئەمجا وتی: "اعوذباللة" و چووە سەر بەرە ئەتڵەسە گران بەهاکە. کە هەر دوو رووەکەی ئاوریشم چنی عیراقی بوو. سەرینێکی خستە ژوور سەری کە لە پەری باڵندە بوو. خۆی رووت کردەوە و پۆپەشمینێکی تەنکی دا بە خۆیدا لە جوانیدا لە مانگی چواردە دەچوو. فانوسێك لە پێینی و مۆمێك لە ژوور سەری داگیرسابوو. تاکو سێیەکی شەو نووست، بێ ئەوەی بزانێت، لە غەیبدا، ئاگای غەیبزان چ قەدەرێکی بۆ ئامادە کردووە! ئەو قوللە و هۆڵە.... ساڵانێکی زۆر بوو چۆڵ و هۆڵ بوو. بیرێکی تیدا بوو. جنوکەی نەوەی شەیتانی تێدا بوو. کە ناوی "مەیمونەی دمریات" بوو. ئەمەیش پاشایەکی ناسراوی جنۆکەکان بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ۱۷۹

شەهرەزاد وتی: کاتێ قەمەرزەمان تاکو سێ یەکی شەو نووست.... ئەو جنۆکەیەش لە بیرە رۆمانیەکە هاتە دەر و بڵند بووەوە و گوێ گرت: سەیری کرد قوللەکە کە جاران تاریك و نوتەك بوو، رووناکی تێدایە.... ئەمیش دەمێکە لێرە دەژی. لەدڵی خۆیدا وتی: شتی وام لێرە نەدیوە!! زۆر سەری سوڕما! بەرەو رووناکیەکە چوو. بینی خزمەتکارێك لەبەر دەرگا نووستووە. چووە ژوورەوە بینی.... کەسێك نوستووە و فانۆسێك لەبەر پێیدا و مۆمێك لە ژوور سەریدا داگیرساوە.

مەیمونەی کچی دمریات، کە ئەو مرۆڤە جوانەی بینی وتی "سبحان الله" و "تبارك الله احسن الخالقین". سەعاتێك سەیری کرد خێرا خێرا دەیوت "لاالەالاالله" لەو جوانیە و شۆخ و شەنگیە. لەبەر خۆیەوە وتی: نە زیانی پێ دەگەیەنم، نە دەهێڵم ئازاری بدەن. خۆم

دەکەمە قوربانی ئەو شۆخە. بەڵام ئەمە چۆن کەس و کاری دڵیان هاتووە لێرە دای بنێن!؟ خۆ .... جنۆکەیەك یان دێوێك ببینێ؛ دەستی لێ دەوەشێنێت."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو............... بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٨٠

## چیرۆکی مەیمون و دەهنەش

شەهرەزاد وتی: ئەم دێوە، سەرچەفەکەی دایەوە، بەسەر قەمەرزەماندا ئەمجا دای لە شەقەی باڵ و بڵند بووەوە، کەوتە چاودێری کردنی، قوللەکە و بووە پاسەوان.... داهاتە خوارەوە.... گوێی لە لەرەی باڵەفرە بوو.... کە گەیشتە شوێنی دەنگەکە سەیری کرد ئەوە، دێوە "دهنەش"ە. پەلاماری دا... کە "دەهنەش"یش ناسیەوە، ئەمە "مەیمونەی شای دێوانە..... زۆری لێ ترسا و گیانی هاتە لەرزین. بۆیە هانای بۆ هێنا وتی:

"سوێندت بە ناوی گەورە و تەلسەمی نەخشی سەر موستیلەی سولەیمان دەدەم. کە بەزەییت پێما بێتەوە و ئازارم نەدەیت!"

مەیمونەش وتی:

"بە ناوێکی گەورە و پیرۆز سوێندت دام...! بەڵام مەلعون دەبێت پێم بڵێیت کە ئێستا لە کوێوە هاتوویت؟"

ئەویش وتی:

"لەوپەری وڵاتی چینەوە و بە نێو دوورگەکاندا هاتووم و هەواڵی شتێکی سەیرت پێ دەڵێم کە ئەم شەو بینیومە! ئەگەر بۆت دەرکەوت کە قسەکەم راستە.... دەبێت، بەلگەنامەیەکم بدەیتێ کە ئازادت کردووم بۆ ئەوەی ئیدی دێو و درنج و جنۆکەی.... سەروو خواروو رۆچو، دەست نەهێننە رێگام!"

مەیمونە وتی:

"مەلعونی درۆزن: ئەمشەو چیت دیوە؟ دەزانم دەتەوێت لە ژێر چنگم دەربچیت! درۆم بۆ نەکەیت! سوێند بە نەخشی مۆرکراوی سەر موستیلەی سولەیمانی داود سڵاوی خوایان لێ بێت گەر درۆ بکەیت: ئێسقانەکانت تێك دەشکێنم و پێستت دەکەنم!"

دەهنەش وتی:

"مەرجەکەتم پەسەندە."

ئەمجا وتی:

"کە هاتم بە وڵاتی چیندا، بە نێو چەند دەریا و دوورگەی بەریندا! بە نێو ٧ کۆشکی باڵا و رەنگیندا.... کچە شایەکم بینی کە رەنگە یەزدان لەوە شۆخ و شەنگتر و جوانتری دروست نەکردبێت. جوانێك زمانم لەنگە لە پیاهەڵدانی!"

مەیمونە کە ئەمەی بیست سەری سوڕما. دەهنەش لە سەری رۆیشت:

"باوکی پاشایەکی توانای بێ باك، شەڕەنگێز و سوارچاك! لە تاریکی نەدەگەڕایەوە. نەترس لە تیاچوون.... لە مردن. چونکە ملهوڕ و شەڕباز بوو، زۆر بە خۆ ناز بوو. خاوەن لەشکر و سوارە و سەرباز بوو. خاوەنی دوورگە و ناوچەی پانوپۆڕ بوو. شار و دێیەکی بێ ئەندازە..... پاشایەکی بەخۆناز! ئەم پاشایە کیژۆڵە بێ وێنەکەی زۆر خۆش دەویست سامانێکی زۆری خەرج کرد لە پێناوی دروست کردنی ٧ کۆشکدا یەکێکیان لە بلور و ئەوی دی لە مەڕمەڕ و سێیەم لە ئاسنی چینی چوارەم بەردی بە نرخ پێنجەم لە تەختە و قەدی درەخت. کۆشکی شەشەم لە "زیو" حەوتەم لە زێڕ. هەر ٧ کۆشکەکە بە فەرش و پێداویستیەکانی کۆش رازابوونەوە. ئەمجا ئامۆژگاری کیژۆڵەی کرد بوو بە درێژەی ساڵەکە.... لە ٧ کۆشکەکە دابنیشێت. کیژۆڵەکەیش ناوی "بدور" بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو................ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٨١

شەهرەزاد وتی: کە ناوبانگی شۆخ و شەنگی ئەم کیژە بڵاو بووەوە، زۆرێك لە پاشایانی مەملەکەتانی دەوروبەر ناردیانە داخوازی... کیژە بێزار بوو بە باوکی وت:

"بەنیاز نیم شوو بکەم.... ئەوەتا خاتوون و فەرمانڕەوا و پاشام. من فەرمان بە سەر خەڵکدا دەدەم و نامەوێت کەس فەرمان بەسەر مندا بدات!"

چەندە ئەم کیژە شێلگیر بووایە، داخوازی کاری پتر دەبوو. چەندین جار لە وڵاتانی چینەوە... دیاری و نامە بۆ باوکی هات و داخوازیان کرد. بۆیە... دەیان جار باوکی پێی دەوتەوە.

کیژەکە.... پەست بوو، بە باوکی وت:

"یەکجاری دی پێم بڵێیت شوو بکە، مستووی شمشێرەکەم دەخەمە زەوی و سنگم دەدەم بە سەر نووکەکەیدا..... تاکو لە پشتمەوە دەر بچێت"

کە باوکی ئەمەی بیست ڕۆژی ڕووناکی لەبەر چاو تاریك بوو. خەمی لێهات و بەزەیی بە کچەکەیدا هاتەوە. نەیدەزانی چۆنی وەڵامی پاشای ئەو وڵاتانە بداتەوە!؟ بە کچەکەی وت:

"کە تۆ مانت لە شوو کردن گرتووە.... نابێت هێندە بێیت و بڕۆیت."

ئەمجا ١٠ پیرەژنی پاڵەوانی کردە چاودێری. لە کۆشکدا بەندی کرد و نەیهێشت بچێتە ناو کۆشکەکانی دی! کەوتە نامە ناردن و وەڵام دانەوەی ئەو پاشا و میرانەی ناردبوویانە خوازبێنی و پێی ڕاگەیاندن کە کچەکەی شێت بووە و ئەمیش بەندی کردووە. وای پیشان دا کە لە کچەکەی نیگەرانە."

ئەمجا دەهنەشە دێو، بە مەیمونە دێوی وت:

"سوێندت دەدەم..... وەرە لەگەڵما با پیشانت بدەم. کە چەندە جوان و شۆخ و شەنگە..... دوای ئەوە... دەمکەیتە کۆیلە.... دەمکوژی! چێم لێ دەکەیت بیکە!"

دەهنەش دێو باڵەكانی ئەوی گرد و مەیمونەی بەرەو خوار برد و تفێكی لێ كرد و وتی:

"كچی چی و؟ جوانی چی؟ وەرە بە لای منەوە، ئەمشەو یەك قۆز و جوانم دیوە، لە خەویشدا بیبینی، دەبووریێتەوە!"

كە دێوەكە ئەمەی بیست وتی:

"ئەی بەسەرهاتی ئەم كوڕە چییە؟ "

ئەویش وتی:

"ئەم كوڕە..... هەمان كێشەی ئەو كچەی هەیە كە باسی دەكەیت!! جەنابی مانی گرتووە، لە ژن هێنان و باوكی لێی تووڕە بووە و لەم قوللەیەی كە منی تێدا دەژم بەندی كردووە."

ئەمیش وتی:

"دەی باشە..... كوڕەكەم پیشان بدە! چونكە من بڕوا ناكەم لە جیهاندا كچێكی دی وا جوان هەبێت!"

شەهرەزاد هەستی كرد شەو درەنگ بوو..................... بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٨٢

شەهرەزاد وتی: مەلعونی درۆزن..... ئەگبەت ترین دێو! من لەوە دەكۆڵمەوە. چونكە جوانی وەكو ئەم كوڕە لەم دەورووبەرەدا نییە!"

ئەمجا ئەم وتی:

"توخوا.... وەرە با بچین شا بدور ببینین، ئەمجا دێینەوە، ئەم كوڕەیش تەماشا دەكەین!"

مەیمونە دێو وتی:

"زۆر باشە بەڵام گرەوی لەسەر دەكەین ئەگەر كچەكەی تۆ باسی دەكەیت جوانتر بوو ئەوا من دۆڕابێتم! ئەگەریش كوڕەكەی لەمەڕ من جوانتر بوو ئەوە تۆ دۆڕابیت!"

دەهنەش دێو وتی:

"مەرجەكەتم پەسەندە، دەی با بڕۆین بۆ دوورگەكانی چین."

مەیمونە دێویش وتی:

"نە! لەبەر ئەوەی كوڕە نزیكە ئاوا..... پێج دەكەینەوە دەی ببینین! ئەمجا دەچین بۆ لای "بدور".

دەهنەش وتی:

"بەسەر چاوان"

بەرەو كوڕە چوون. ئەمجا خۆیان بە هۆڵەكەدا كرد و مەیمونە دێو، دەهنەشی بردە لای سەری كوڕەكەوە ئەمجا دەستی برد سەرچەفەكەی لەسەر قەمەرزەمان لادا و وتی:

"مەلعون سەیر بكە و شێت مەبە!"

دەهنەش زۆر سەیری كرد. ئەمجا وتی:

"بەڕاستی هەر چیەکت وتووە هەقی خۆتە! بەڵام بەڕاستی ئەم هەموو جوانی و شەنگ و شۆخی و باڵایە.. هەر ڕێك وەکو هی ئەو کچە وایە، کە من باسی دەکەم! هەر دەڵێی لەتی یەك سێون!"

کە مەیمونە دێو ئەمەی بیست بەرچاوی هێندەی تر تاریك بوو. زۆر تووڕە بوو، بە هەموو هێزی باڵێکی دا بەسەر دەهنەشدا کە هێندەی نەمابوو بیکوژێ. ئەمجا وتی:

"مەلعون... سوێندم خواردووە، دەبێت هەر ئێستا بچیت ئەو "بدورە" کیژە جوانەکەی خۆت بێنیت بۆ ئێرە. ناهێڵین لە خەورابن.......... بەلای یەکەو پاڵیان دەخەین... تاکو بەراوردیان بکەین بە یەك. گەر بە قسەم نەکەیت هەر ئێستا بە پریشکی ئاگرم دەتسووتێنم! پارچە پارچەت دەکەم و فرێت دەدەم و دەتکەمە عیبرت بۆ خەڵك."

دەهنەش وتی:

"جا.... ئەوەی بۆچیە....هەر ئێستا.... چونکە دەزانم کچەکە لەم جوانترە!"

## شەوی ١٨٣

شەهرەزاد وتی: دێو دەهنەش دای لە شەقەی باڵ و دێو مەیمونیش بە دوایدا، بۆ پارێزگاری کردنی. سەعاتێکیان پێچوو. ئەمجا کچەیان هێنا و هاتنەوە کراسێکی بوندقی تەنکی دوو ڕێزە چنراوی دەزووی ئاڵتوون، جوانترین چنینی پێوە بوو. خستیانە تەنیشتی قەمەرزەمان. سەری داپۆشراوی هەر دووکیان لادا. دەت وت: دوانەن! ئەمجا دەهنەش وتی:

"کچەکە جوانترە!"

دێو مەیمونەش وتی:

"نەخێر. کورەکە جوانترە. دەهنەش ئەوە تۆ چاو و دڵت نابینێ؟ جیاوازی لاوازی و قەڵەوی ناکەیت!؟ ڕاستی ناشاردرێتەوە! سەیری ئەم جوانییە بکە!"

ئیدی قسەیان دەکرد و کەسیان نەیدەتوانی قەناعەت بەوی دی بکات. مەیمونە دێو شیراندی بەسەر دەهنەشە دێودا خەریك بوو بیکوژێت. ئەمجا دەهنەش وتی:

"وەرە، با یەکێك بکەینە دادوەر و ڕای ئەو پەسەند بکەین."

مەیمونەش وتی:

"پەسەندمە!"

ئەمجا دەهنەش باڵەکانی دا بەزەویدا.... دێوێك هاتە دەرەوە. کوور و لارکوێری، چاو داقڵیشاو حەوت شاخی بەسەرەوە و چوار پرچی شۆڕەوە بوو تاکو پاژنەی پێی! دەستەکانی درێژ و لاقەکانی وەك کۆڵەکەی ناوەڕاستی کەشتی نینۆکەکانی وەکو شمشێر. پاژنەکانی وەکو پاژنەی کەرە دەریا.

کە لە زەوی هاتە دەر و مەیمونەی دێوی بینی؛ کڕنووشی بۆ برد وتی:

"گەورەم..... شازادە چیت دەوێت؟"

مەیمونەش وتی:

"ئەی قشقش دەمەوێت ناوبژیوانی من و دەهنەشی مەلعون بکەیت."

ئەمجا چیرۆکەکەی بۆ گێرایەوە.... قشقش سەیری روخساری کوڕە و کچەی کرد. بینی هەر دووکیان بە هێندەی یەکتری شەنگن. سەری سوڕما وتی:

"بەو خوایە.... هەر چەند سەرنج دەدەم.... لە جوانیدا وەکو یەکن! گەر راستتان دەوێت بە هێندەی یەکتری جوان و شۆخ و شەنگن!"

شەهرەزدا هەستی کرد شەو دەرنگ بوو................ بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٨٤

چیرۆکی قەمەرزەمان و بدورخان

شەهرەزاد وتی: دواتر مەیمونە وتی:

"ئەمەیە رای راست!"

دەهنەشیش وتی:

"منیش رایەکەیم پەسەندە. وام پێ باشە ئەم کیژە جوانە بۆ ئەم کوڕە شۆخ و شەنگە داوا بکەین!"

لێرەدا قەمەرزەمان بە ئاگا هات و سەیرێکی شازادە بدوری کرد! لە خەویشیدا باوکی کچێکی وەها جوانی بۆ داوا نەکردبوو. لە دڵی خۆیدا وتی:

"گەر خەوەکەم راست دەرچووبێت... ئەوا ئەم کیژە جوانەیە ......کەوا باوکم بۆی داوا کردووم! ٣ ساڵە باوکم پێم دەڵێت و من دەڵێم نا!! هەر ئێستا شتێکی لێ دەکەمەوە تاکو بەڵگە بێت لە لام! دەستی گرت و موستیلەکەی پەنجەی دەرهێنا! ئەمجا بە خۆی وت: رەنگە باوکم کە لێم تووڕە بوو و لێرە بەندی کردووم... بیەوێت تاقیم بکاتەوە و بۆیە..... ئەم کیژە جوانەی بۆ ناردوومەتە ئێرە! خوا یار بێت، بەیانی رۆژ بووەوە بە باوکم دەڵێم لێم مارە بکات. ئەو موستیلەیە زۆر گران بەها بوو، کردیە پەنجەی خۆی و لێی نووستەوە. مەیمونە دێو... بە دەهنەش و قشقشی وت:

"بینیتان.... قەمەرزەمان چەند رەوشت جوانە!؟ پشتی تێ کرد و لێی نووستەوە! ئەوە هێندەی دی جوان بوو."

دواتر شازادە بدور بە ئاگا هاتەوە. لە شوێنی خۆی دانیشت. قەمەرزەمانی بینی.... پرخەی خەوی دێ! زۆری پێ سەیر بوو! لە دڵی خۆیدا وتی:

"حەیاچوو خۆم.... ئەم لاوە نامۆیە بە من! چی دەکات لەسەر جێگای من؟"

ئەمجا... وردتر سەرنجی دا، لەبەر خۆیەوە وتی:

"لاوێکی چەند جوانە! دەڵێی مانگی ئاسمانە! ئەگەر ....... ئەمزانی ئەم گەنجە داوای کردووم سێ و دووم لێ نەدەکرد و شووم پێ دەکرد.... بەیانی بە باوکم دەڵێم.... ئەمەم دەوێت!"

ئەمجا زۆر گەڕا بۆ موستیلەکەی .... دواتر بۆی دەرکەوت لە پەنجەی قەمەرزەمان دایە. کیژە وتی:

"با... منیش یادوەرییەك لەم لاوە هەلگرم"

لە جیاتی موستیلەکەی خۆی موستیلەیەکی کوڕەی لە پەنجە دەرهێنا و کردیە پەنجەی خۆی. لێی نوست. ئەمجا مەیمونە دێو رووی کردە دەهنەش وتی:

"ئەوە نیشان کردنیان جێبەجێ کرد. ئەمانە هەر بۆیەك باشن! ئەوە منیش تۆم ئازاد کرد! پێناسێکی دایە.... کە ئازادە! ئەمجا رووی کردە قشقش و وتی:

"شەو هێندەی نەماوە، ئەم کیژە ببەنەوە شوێنی خۆی!"

قشقش وتی:

"بەسەرچاوان."

هەڵیان گرت و بەرەو شوێنی خۆیان برد و، لە نوێنەکەی خۆیدا درێژیان کردەوە. هەر یەکەیان بەلایەکدا رۆیشتن کە رۆژ بووەوە، قەمەرزەمان بە ئاگا هات... هەندێ سەرنجی ئەملا و ئەولای خۆیدا، کیژە جوانەی نەبینی! لەبەر خۆیەوە وتی:

"ئەمە چییە تۆ بلێی باوکم ئەمشەو ئەو کیژە جوانەی ناردبێتە ئێرە، تاکو بیبینم! دواتر بردبێتیەوە، تاکو پتر ئارەزووی...... ژن هێنان بکەم!؟ "

ئەمجا نەڕاندی بە سەر خزمەتکاری بەر دەرگادا و وتی:

"خانە خراپ، لە خەو رابە!"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو ............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٨٥

## چیرۆکی قەمەرزەمان و خزمەتکارەکەی

شەهرەزاد وتی: خزمەتکار لە خەو رابوو، حەوتجۆش و تەشتی ئامادە کرد و قەمەرزەمان دەستنوێژی هەلگرت و نوێژی بەیانی کرد و دەستی کردە تەسبیحات! ئەمجا سەبری کرد. خزمەتکار دەستەونەزەر وەستاوە و چاوەڕێی فەرمانە! پێی وت:

"سەواب، کوا کیژە جوانەکەی لای من؟"

خزمەتکار وتی:

"من دەرگاوان بووم، دەرگا داخراوبووە، بەو خوایە گەورەم نە نێرینە نە مێینە نەهاتووەتە ژوور!"

قەمەرزەمان وتی:

"درۆ دەکەیت ئەی کۆیلەی نەگبەت! کار گەیشتە ئەوەی بم خەڵەتێنی و پێم نەڵێیت: کە ئەو کیژە لە کوێیە و کێ بردی؟"

خزمەتکاری خەواڵو نارەحەت بوو وتی:

"بەو خوایە گەورەم.... نەکیژ و نە کورم نەدیون!"

قەمەرزەمان وتی:

"وەرە... مەلعون باوکم فێری کردووی، بم خەڵەتێنی؟"

خزمەتکار لێی چووە پێش... قەمەرزەمان یەخەی گرت، شەقێکی تێ هەڵدا و خستیە سەر زەوی. ئەژنۆی خستە سەر سنگی و دەستی نایە... بینە قاقای... تا بوورایەوە. ئەمجا بردیە لای بیرەکە و بە پەتەکەی بەستیەوە و شۆڕی کردەوە.... دنیاش سارد بوو. خزمەتکاری نقوومی ئاوەکە کرد. خزمەتکاری داماو، دەستی کردە هاوار و ناڵە. قەمەرزەمان پێی وت:

"بەو خوایە.... مەلعون دەرت ناهێنم تاکو پێم نەڵێیت: کێشەی ئەو کیژە جوانە چی بوو، کێ بردی؟"

بەندەی خزمەتکار چاری نەما وتی:

"تۆ دەرم بێنە..........با..... راستیەکەت پێ بڵێم!"

ئەویش دەری هێنا......بەلام چی دەربێنێ، پیاوێکی تەڕ و لەرزۆك و تێ هەڵدراو و قوراوی. ئەمجا.... قەمەرزەمان زۆری بەزەیی پێدا هاتەوە. خزمەتکار وتی:

"گەورەم مۆڵەتم بدە، با بچم جلەکانم بگۆڕم و ئەم بەرگانە "بووشم" و هەڵیان بخەم.... هەر زوو دێمەوە خزمەتت."

قەمەرزەمان وتی:

"ئەی بەندەی پیاوخراپ، تا نەم گەیاندیتە لواری مردن دانت بە راستیەکەدا نەنا!! دە.....خێرا کە، دوایی راستییەکەم پێ بڵێ!"

ئەمجا بەندەی خزمەتکار رۆیشت، بڕوای بە خۆی نەدەکرد کە رزگاری بووە! بە را کردن... خۆی گەیاندە دیوەخانی پاشا...... کە سەیری کرد، پاشا و وەزیر گفتوگۆیانە و باس باسی قەمەرزەمانە. ئەوا پاشا رووی کردۆتە وەزیر و دەڵێ ئەمشەو، تا بەیانی نەنووستووم و هەر دڵم لای قەمەرزەمان بوو... دەترسام لەو قوللە کۆنەدا شتێکی بەسەر بێت. ئاخر... چ بەرژەوەندییەك لەو کارەماندا هەبوو؟"

وەزیرەکەش وەڵامی دایەوە:

"لێی مەترسە با مانگێك لەوێ بەند بێت، کەمێ لووتی بشکێت و بە خۆیدا بچێتەوە ئەو سەرکێشیانەی نەمێنێ!"

لەم قسانەدا بوون خزمەتکارەکە چووە بەردەمیان پاشا کە خزمەتکاری بەو شێوەیە بینی نارەحەت بوو، خزمەتکارەکە وتی:

"گەورەم، سوڵتان کوڕەکەت شێت بووە......... ئەو پێی وایە ئەمشەو کیژێکی جوان لە لای بووە، کە رۆژ بووەتەوە، کیژە نەماوە بە مەرجێ بەیانی خۆم دەرگای هۆڵەم کردووەتەوە! نە

کیژ و نه لاو..... ئەمشەو کەسم نەبینیوە!! کەچی...... دەڵێت: دەبێت پێم بڵێیت: کێ ئەو کیژەی شەو هێنا و بەیانی لێی دزیمەوە؟"

کە شا شەهرەمان ئەم هەواڵەی قەمەرزەمانی کوڕی بیست هاواری کرد:

"هاوار بۆ کوڕەکەم."

لە وەزیر تووڕە بوو وتی:

"هەستە بڕۆ بزانە چی ڕوویداوە؟"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو ............. بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٨٦

بەسەرهاتی قەمەرزەمان و وەزیر

شەهرەزاد وتی: وەزیر ڕێی گرتە بەر و لە ترسانا لەتری دەدا، لەگەڵ خزمەتکار چوونە قوللەکەوە، هەتاو کەوتبوو. کە وەزیر چووە بەردەم قەمەرزەمان بینی قورئان دەخوێنێت. سڵاوی کرد و لەو لایەوە دانیشت ئەمجا وتی:

"گەورەم، ئەم بەندە نەگبەتە... هەواڵێکی بۆ هێناین، و سەری لێ شێواندین، بۆیە پاشای گەورە زۆر تووڕە بوو."

قەمەرزەمان وتی:

"هەواڵی چی پێدان، وا سەری لێ شێواندن؟ لە ڕاستیدا ئێوە سەرتان لە من شێواندووە!"

وەزیر وتی:

"جۆرێك هاتە لامان، هەر مەپرسە... هەواڵێکی هێنا کە بڕوام وایە لە ئێوەوە دوورە! خوا بکات: سەلامەتی دەماغت بێ، سەرێکی ساغت بێ! قسەت پاراو بێ، زمانت پڕاو بێ. لەسەر کاری چاك سوور بیت... لە کاری خراپیش بە دوور بیت."

قەمەرزەمان وتی:

"هەواڵی چی پێداون؟"

وەزیر وتی:

"دەڵێیت گوایە ئەمشەو کیژێکت لا بووە...! ئێستا... داوات لێ کردووە، پێت بڵێت، ئەو کچە چی بەسەر هاتووە؟ زۆرت لێداوە... ڕاستییەکەی دەڵێت گوایە تێك چوویت!"

قەمەرزەمان وتی:

"ئێستا بۆم دەرکەوت، ئێوە ئاگاداری ئەو کارەن و خۆتان فەرمانتان داوە بەو خزمەتکارە کە هیچ نەڵێت! ئەی وەزیر تۆ لەو خزمەتکارە داناتری. پێم بڵێ ئەو کچە لە کوێیە؟ چونکە خۆتان بۆتان ناردووم. "

وەزیر وتی:

"لە سایەی ناوی خوادا بیت.. ئێمە کەسێکمان ئەمشەو نەناردووە! تۆ ئەمشەو لێرە نووستبوویت خزمەتکار لەبەر دەرگاکە نوستووە و دەرگا ئەمشەو داخراوبووە! نە کچ هاتووەتە ژوور و نە کەس. هۆشت بێنەوە سەرت و گوێی مەدەرێ!"

قەمەرزەمان کە توورە بووبوو وتی:

"ئەی وەزیر.... من ئەو کیژەم پەسەند کردووە و مارەییم لێ ببڕن!"

وەزیر سەری سوڕما بۆیە پرسی:

"تۆ... ئەو کچەت لە خەودا بینی.... یان بە ئاگا بوویت؟"

ئەویش وتی:

"پیرە..... پێت وایە بە گوێ بینیومە؟ ئەی بە خەبەر بووم و بەچاوان بینیومە!"

خزمەتکارەکەیش دانی پێدا ناوە چونکە بە منی وت....... هەر ئێستا بۆت دەگێڕمەوە. ئێوەش ئامۆژگاری کچەکەتان کردبوو کە قسەم لەگەڵ نەکات. ئیدی نوستمەوە. کە بەیانی هەڵدەستم کچەی لێ نەماوە."

وەزیر وتی:

"گەورەم، رەنگە لە خەوتدا بووبێت. ئەویش بە هۆی خواردنی چەور و قورس.... یان دڵەڕاوکێی شەیتانی رەزا قورس، خەون دروست دەبێت."

قەمەرزەمان وتی:

"ئەی پیری نەگبەت، بۆچی گاڵتەم پێ دەکەیت؟ دەڵێیت خەوت بینیوە؟ ئەوەتا.... خزمەتکارەکەش وتی....دانی پێدا دەنێم!"

ئەمجا ......ریشە درێژەکەی وەزیری ئالاندە دەستی و رای کێشا و دای بە زەویدا، وەزیر وای زانی مردووە. ئیدی کەوتە زللە و شەق تێ هەڵدانی، هێندەی نەمابوو بیکوژێت! لە دڵی خۆیدا وتی:

"خزمەتکارەکە بە درۆیەك خۆی پەڕاندەوە و لەم شێتە رزگاری بوو من بۆ درۆ نەکەم؟ دەنا دەمکوژێت"

وەزیر وتی:

"گەورەم لێم مەگرە، فەرمانی پاشایە.... کە هیچ نەڵێم! ئێستاش .....پیرم و بەرگەی لێدان ناگرم پەلەم لێ مەکە، با بەسەرهاتی ئەو کیژەت پێ بڵێم!"

ئەمجا بەری دا و وتی:

"هۆی چییە.......تاکو لێتان نەدەم.......راستیم پێ ناڵێن؟ هەستە ......پیری نەگبەت بۆم بگێڕەوە!"

وەزیر وتی:

"ئەو کیژە جوانەی باڵا رێکە ناڵێت؟"

قەمەرزەمان وتی:

"ئا.....ئا، ئێستا پێم بڵێ: کێ هێنایە لام و هەر بەو شەوە ........بردیەوە؟ لە کوێیە تاکو خۆم بچم بۆ لای؟ گەر شاشەهرەمان بەو کارەی منی تاقی کردووەتەوە و ئەو کیژە جوانە

خان و مانه... هانم دەدات کە ژن بێنم! پەسەندمە و مارەی بکەن لە من. ئەی ئەو ئەمەی لە من کرد هەر لەبەر ئەوە نەبوو ژن بهێنم!؟ ئەوەتا من پەسەندمە و بڕایەوە! باوکم تێ بگەیەنە.... ئەی وەزیر لەو کچە زیاتر کەسی دیم ناوێت! پەلە بکە بۆ لای باوکم و هەر ئێستا وەڵامەکەم بۆ بێنەوە."

وەزیر وتی:

"بەڵێ"

لە قوللە هاتە دەر و بە پەلە خۆی دەرباز کرد، لە ڕێگا هەڵدەنووت! بڕوای بە خۆی نەبوو...... کە لەو بەڵایە قوتار بووە! هەر چۆنێك بوو، خۆی گەیاندە شا شەهرەمان. هەر گەیشتە لای شا.... لێی پرسی:

"ئەی وەزیر......چی ڕوویداوە، کێ پێتیدا کێشاوە؟ بۆچی حاڵت شڵەژاوە؟ کە ئاوات بەسەر هاتووە؟"

وەزیر وتی:

"پاشا........مژدەم بۆت هێناوە!"

شا وتی:

"چ مژدەیەك؟"

وەزیر وتی:

"کوڕەکەت ژیری لە دەست داوە!"

شا....... کە ئەمەی بیست بەرچاوی تاریك بوو، وتی:

"چۆن چۆنی، شێت بووە؟"

ئەمجا وەزیر چی بینی بوو و بیست بووی، چی بەسەرهاتبوو هەمووی بۆ پاشا گێڕایەوە."

پاشا پێی وت:

"مژدە بێت ئەی وەزیر، لە بەرامبەر ئەو مژدەیەدا بڕیار دەدەم سەرت لە لەشت جیا بکەنەوە. لەو خێر و خۆشیەت بێ بەش بکەم. ئەی بۆگەنترین و نەگبەت ترین وەزیر! چونکە تۆ بوویتە هۆی شێت بوونی کوڕەکەم! ئەمە ئەنجامی پرس پێ کردن و پیلانی تۆ بوو! لەسەر ئەو قوللەیەوە بەرت دەدەمەوە"

لێرەدا شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............... بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٨٧

## بەسەرهاتی قەمەرزەمان و باوکی

**شەهرەزاد وتی: ئەمجا پاشا هەستایە سەر پێ و وەزیری لەگەڵ خۆی برد بۆ قوللەکە، بۆ لای کوڕەکەی. کە قەمەرزەمان باوکی بینی ڕاست بووە و لەسەر جێگەکەی هاتە خوارەوە و**

دەستی باوکی ماچ کرد و سەری داخست. لە بەرامبەر باوکیدا. ئیدی فرمێسك لە چاوانی باری، ئەمەی وت:

| | |
|---|---|
| بەرامبەرتان من تاوانبارم | لە رووی ئێوەدا: وا شەرمەزارم |
| تۆبەم کردووە بەخشینی ئێوەش | فراوان ترە لە عەیب و عارم |

ئەمجا پاشا هەستا و نێوچاوانی کوڕەکەی ماچ کرد و لە تەنیشتیەوە دانیشت بە تووڕەییەوە سەیرێکی وەزیری کرد و وتی:

"ئەی سەگی وەزیران، تۆ منت ترساند و وتت کوڕەکەت واو، وا...."

رووی کردە کوڕەکەی و پرسی:

"ئەمڕۆ چەند شەممەیە؟"

کوڕە وەڵامی دایەوە کە:

"ئەمڕۆ شەممەیە سبەینێ یەکشەممەیە... دووسبەی دوو شەممەیە، دواتر سێ شەمە، دواتر چوارشەممە ئەمجا پێنج شەمە و هەینی."

ئەمجا پاشا وتی:

"سوپاس بۆ خوا کە ژیریت لە دەست نەداوە........ئاخۆ....... ئەم مانگەی تێیدایین کام مانگی عەرەبییە؟"

کوڕە وەڵامی دایەوە:

"زولقەعیدەیە، ئەمجا زولحیجە، دواتر موحەرەم... سەفەر...رەبیعول ئەوەل.... رەبیعول ئاخەر... جەمادول ئەوەل....جەمادول ئاخر...رەجەب....شەعبان.... رەمەزان.. دواتر شوال".

پاشا زۆر دڵشاد بوو بە وەڵامی کوڕەکەی و تفێکی کردە نێوچاوانی وەزیر و وتی: .

"پیری پیاوخراپ.... بۆچی دەتوت کوڕەکەت شێت بووە، خۆت شێت توویت؟"

وەزیر ویستی قسە بکات دواتر، بە باشی زانی هیچ نەڵێت! تاکو بزانێت چی تر روو دەدات؟ ئەمجا پاشا بە کوڕەکەی وت:

"ئەرێ ئەوە چۆن بووە، کە بە خزمەتکار و وەزیرت وتووە.. کە گوایە کیژۆڵەیەکی جوانت لا بووە؟"

کوڕە پێکەنی و وتی:

"بابە گیان... لە توانامدا نەماوە چی دی گاڵتەم پێ بکەن. هیچی دی مەڵێن... نارەحەتم بکات. ئەوەش بزانە ئامادەم ژنم بۆ بێنیت. بە مەرجێ ئەو کیژە جوانەم بۆ بێنن کە ئەمشەو لام بوو. لێیشم روونە کە خۆت ناردبووت! وات کرد حەزی لێ بکەم. دواتر لێت سەندمەوە ."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو ............. بێدەنگ بوو.

# شەوی ١٨٨

شەهرەزاد وتی: شا وتی:

"کوڕەکەم..... خوا بەزەیی بە ژیریت دا، بێتەوە: کام کچەم دوێنێ شەو ناردووە و دواتر گەڕاندوومەتەوە؟ توخوا پێم بڵێ: خەونت بینی بوو... یان خەونی خواردنی قورس بووە؟ ئەوە .. بە دەم بیر کردنەوە لە ژن نەهێنان خەوت لێ کەوتووە. "بەڵا"م دا لە ژن هێنان و ئەوەی ڕێگای بۆ دانا. دیارە زۆر پێی خەمبار بوویت. بۆیە ئەو کچەت لە خەودا بینیوە. وا تێگەیشتویت کە ڕاستە و خەون نییە!"

قەمەرزەمان بە باوکی وت:

"لەسەر ئەو قسانە مەڕۆ.... بە خوای گەورە سوێند بخۆ... کە نە ئاگات لەو کارەیە، نە شوێنی کیژەکەش دەزانیت!"

پاشا وتی:

"نە بە یەزدان بە گۆڕی حەزرەتی مۆسا و سلێمان.. لەم کارە بێئاگام، شوێنی ئەو کیژەش نازانم. ئەوەی تۆ دەڵێی بێ بناغەیە. تەنیا و تەنیا خەونە!"

قەمەرزەمان وتی:

"بیستووتە، کەسێك لە خەویدا جەنگابێت.... کە بە ئاگا هاتبێتەوە، شمشێرە خوێناویەکە، بە دەستییەوە بووبێت؟"

لە وەڵامدا باوکی وتی:

"نە بە خوا.... هەرگیز شتی وا ڕووی نەداوە!"

"کەوابێت با پێت بڵێم کە نیوە شەو هەستام لە خەو... ڕوانیم کیژێکی جوان و شۆخ و شەنگ لە سەر جێگەکەمە.. منیش دوای بیر کردنەوە وتم هەبێت و نەبێت.... ئەمە کاری باوکمە.... فەرمانی داوە، کە بۆم بنێرن، بۆیە موستیلەکەی پەنجەیم دەرهێنا و کردمە پەنجەی خۆم! وتم با بەم شەوە، دیاری بکەم. بەیانی کە لە خەو ڕابووم ..... نە کچە لە شوێنی خۆی ماوە و نە هیچ... ئەوەم لەگەڵ، خزمەتکار و وەزیردا لێ بەسەر هات، کە بینیت! ئاخر، کەی ئەمە خەونە؟"

مەسەلەی موستیلەکەش ڕاستە.... ئەوەتا لە پەنجەم دایە..... موستیلەکەی خۆیشم نەماوە! فەرموو پاشا سەیری ئەم موستیلەیە بکە... بزانە..... بزانە چەند گران بەهایە؟"

پاشا موستیلەکەی وەرگرت و کەمێك ئەم دیو و ئەو دیوی کرد، ئەمجا وتی:

"ئەمە موستیلەیەکی گران بەهایە ئاخۆ....... دوێنێ شەو کێ دزەی کردبێت و هاتبێتە ژوورەوە؟ دیارە ئەمە هەر کردەوەی ئەم وەزیرە نەگبەتەیە. بۆ خاتری خوا.. کوڕە شیرینەکەم پەلەی لێ مەکە، بەڵکو خوا ئەم بار گرانیەت لەسەر لابەرێت. شاعیران وتویانە:

بەڵکو زەمانە لا بکاتەوە     قەرەبوویەکی خێرمان باتەوە
کارمان ئاسان و بە ئاوات بگەین     هەر دێت: کە زڵمان خەم بخواتەوە

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.........بێدەنگ بوو.

# شەوی ٨٩

شەهرەزاد وتی: پاشا لە سەری ڕۆیشت و وتی:

"ئێستا بۆم دەرکەوت کە شێ نەبوویت... بەسەرهاتەکەت عەجایەبە.... خوا نەبێت کەس بۆی چارەسەر ناکرێت"

قەمەرزەمان وتی:

"بۆ خاتری خوا بابە.... فریام بکەوە و شوێن ئەم کێشەیەم بکەوە، چونکە...... چاری نەکەیت..... ئەم کیژە "سیل و دیق"م پێ دەکات و هێندەت زانی مردم."

ئەمجا وەزیرەکە بە پاشای وت:

"تاکو کەی لای کوڕەکەت دادەنیشیت؟ هەستە برۆ لای سوپاکەت، با کوودەتاچیان سوپا و دەوڵەت هەڵنەگێڕنەوە. گەر کەسێکی زانا چەند برینێك بە لەشیەوە بوو، ترسناك ترینیان چارەسەر دەکات! من پێم وایە... ئەم کوڕە بنێریتە نێو کۆشکی سەر دەریا... ڕۆژانی دوو شەموان و پێنج شەموان... بچۆ دیوەخانی دەوڵەت ئەفسەرانی سوپا و گەورە لێپرسراوانی دەوڵەت و ڕەمەکی خەڵك ببینە و حوکم بکە... کێشەیان چارەسەر بکە. ڕۆژەکانی تری هەفتە لەگەڵ کوڕەکەتدا بەسەر بەرە، تا خوا...... دەروویەکتان لێ دەکاتەوە. متمانەت بە هەموو کەسێك نەبێت. ئەم شاعیرە چەند جوان وتویەتی:

| | |
|---|---|
| ڕۆژانت خۆش بوو پاڵت دایەوە | نەترسای قەدەر چی بۆت نایەوە |
| شەوانی خۆشی فەرامۆشت کرد | لێقەومان لە پڕ دێتە کایەوە......! |

کە سوڵتان، ئەو ئامۆژگاریەی لە وەزیر بیست، تێگەیشت لە بەرژەوەندییەتی، کاری تێکرد، خەمی لە دەست دانی کورسی دەسەڵاتی لێهات، فەرمانی دا کوڕەکەی ببەنە کۆشکی سەر دەریا. کە دەبوو، بە سەر پردێکدا کە بە سەر دەریاوە بوو، بیست هەنگاو ڕێ بڕۆیت. هەر چوار لای پەنجەرە بوو. بە سەر دەریادا دەیڕوانی. بنمیچەکەی بۆیەی جۆر جۆر بوو. نەخشی زێڕین!! نایابترین فەرش و پەردەی نەخشی زێڕین بوو، بەڵام لێرەش هەر زەمان لەبەر بیر کردنەوە لەو کچە شۆخ و شەنگە.......ئارامی لێ بڕا بوو. زەرد و لاواز بوو. هەر وەکو نەخۆشێکی ٢٠ ساڵە وابوو.

ئیدی پاشای باوکی .... تەنیا ڕۆژانی دوو شەموان و پێنج شەموان حوکمی دەکرد. ڕۆژانی دی، پاشا لای کوڕەکەی بوو. پەژارەیەکی زۆری بۆ کوڕەکەی دەخوارد، ماوەیەکی باش بەم شێوەیە مانەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو...............بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٩٠

# بەسەرهاتی خاتوو بدور و باوکی

شەهرەزاد وتی: ئەوە حالّی، قەمەرزەمان کوڕی شا شەهرەمان بوو. بابێینەوە سەر شازادە بدور، کچی شای مەغرور، خاوەنی کۆمەڵە دوورگە و ٧ کۆشکی بڵندی پانوپۆڕ. کە جنۆکەکان هەڵیان گرت و بەرەو وڵات و کۆشکی خۆیان برد، لەسەر جێگەی خۆی درێژیان کرد و لێی نوست تاکو رۆژ بووەوە. ئەمجا راست بووەوە سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆی کرد! لاوە هەرزەکارەکەی شەوی نەبینی. خەریك بوو دڵی بوەستێت! بۆیە جۆرێکی شیراند: هەرچی کەنیزەك و خزمەتکار و پاڵەوانانی کۆشك بوو، هەموویانی هەڵساند. چوونە ژوور سەری و پیرە کەنیزەکێکیان لێی پرسی:

"بەرێز.. ئەوە چت لێ بەسەر هاتووە؟"

شازادە وتی:

"ئەی پیرەژنە بەرازەکە... کوا لاوە قۆزەکە؟ ئەوەی کە ئەمشەو لام بوو؟ پێم بڵێ: بۆ کوێ چووا؟"

کەنیزەکە دەمڕاستەکە، کە ئەمەی بیست بەرچاوی تاریك بوو، زۆر ترسا! وتی:

"بەو خوایەی بە حەواوە.... نەمدیوە، نە کەس و نە ئەو لاوە! ئەم سوعبەتە بنێ بە لاوە، ئێمەش دەکوژێ، بێ بیستێ باوە!"

شازادە بدور وتی:

"ئەمشەو هەرزەکارێکی شۆخ و شەنگم لابوو."

سەرۆکی کەنیزەکان وتی:

"خوا....... بەزەیی بە عەقڵتا بێتەوە....... کەست لا نەبووە."

ئەمجا........ شازادە سەیری پەنجەی کرد، هێشتا موستیلەکەی قەمەرزەمان تێدا بوو. موستیلەکەی خۆیشی دیار نەمابوو. بە کەنیزەکە دەم ڕاستەکەی وت:

"بەڵات لێ بدا، سوێندی درۆ دەخۆیت ئەمشەو کەسم لا نەبووە"

کەنیزەکە وتی:

"بەخوا.... نە سوێندی درۆم خواردووە و نە درۆم کردا"

شازادە هێندەی دی تووڕە بوو، شمشێری لە کالان کێشا و دای لە کەنیزەکە دەمڕاستەکە و کوشتی! کە دەست و پێوەندانی ئەمەیان بینی.... بە ڕاکردن خۆیان گەیاندە، باوکی شازادە و ئەم بەسەرهاتەیان بۆ گێڕایەوە. هەر ئەو کاتە... باوکی گەیشتە لای. پێی وت:

"کچەکەم چیتە!؟"

شازادە وتی:

"بابە... کوا لاوەکەی لام بوو؟"

بدور ئاوەزی لە دەست دابوو، جل وبەرگی بەر خۆی دادڕی بوو. هەر ئەم لاو ئەولای دەکرد. کە پاشای باوکی ئەمەی بینی....... فەرمانی دا زنجیر لە ملی بخەن و بیگرن و بی بەستنەوە، بە پەنجەرەیەکی کۆشکەکەوە، ئەوانیش فەرمانی پاشایان جێبەجێ کرد.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو...... بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٩١

بەسەرهاتی بدورخان و براکەی: مەرزەوان

شەهرەزاد وتی: ئەمە حاڵی بدورخان، بەڵام حاڵی پاشای باوکی زۆر خراپ بوو. چونکە ئەم کچەی زۆر خۆش دەویست...... پەژارە دایگرت بۆیە.... پزیشکان و زانایان و نووسەرانی کۆ کردەوە و پێی وتن:

"هەر کەسێ لە ئێوە کچەکەم چاك بکاتەوە، لێی مارە دەکەم و نیوەی مەملەکەتی پێشکەش دەکەم! هەر کەسێکیش.......تەقەلای لەگەڵدا دا. بەڵام بۆی چاك نەکرایەوە، لە گەردنی دەدەم و کەللەی سەری بە دەروازەی کۆشکەکەیدا هەڵدەواسم!"

ئیدی کەسانێك بەخیت خۆیان تاقی کردەوە و، کەللەیان هەڵواسترا!! ژمارەی کەللە سەرەکان گەیشتنە ٤٠ لە پزیشکان! ئەستێرەناسان و ساحیرانیش ٤٠ کەللە سەر! ئیدی ئەمە بووە ، باسی سەر زمانی هاوڵاتیانی مەملەکەت. بە تایبەتی پزیشکان و ئەستێرەناسانی دەوروبەر. شازادە بدور ٣ ساڵی بە پەژارە و گریانەوە بەڕێ کرد. چاوانی بە قوڵا چووبوون!

برایەکی شیری هەبوو...... ناوی "مەرزەوان" بوو... کە سەفەری کردبوو بۆ ئەوپەڕی وڵات! بە درێژی ئەو ٣ ساڵە لە خاتو بدوری خوشکی بێ ئاگا بوو...... بەڵام زۆری خۆش دەویست! کە گەڕایەوە...... هەواڵی بدوری خوشکی لە دایکی پرسی...... دایکیشی وتی:

"کوڕە شیرینەکەم خوشکەکەت تێکچووە، ئێستا زنجیر کراوە.... ئەوە ٣ ساڵە پزیشکان و زانایان و رۆشنبیران، سەراسیمەن لە ئاستی نەخۆشیەکەیدا...! کە مەرزەوان ئەمەی بیست وتی:

"دەبێت، سەری لێ بدەم بەڵکو بتوانم... تیماری بکەم"

کە دایکی ئەمەی بیست وتی:

"سەری لێ بدە بەڵام مۆڵەتم بدە، فێڵێکت بۆ بدۆزمەوە، پێی بچیتە لای بدور خان."

ئەمجا .... دایکە خۆی چوو بۆ کۆشك و دیاری لەگەڵ خۆی برد بۆ کەنیزەکی دەرگاوانی، شازادە.... دوای ئەوەی پێشکەشی کرد.... وتی کچێکی بە شووم هەیە، هاوڕێی گیانی بە گیانی شازادەیە.... ئێستاش کە شازادە ئاوای لێهاتووە.... کچەکەم زۆر نیگەرانە بۆی...... خۆزگە ڕێگەت دەدا...... بە دزیەوە..... سەردانی بکردایە!"

کەنیزەکی دەرگاوان وتی:

"ئەوە........ دەبێت، کە شەو هات و پاشای گەورە، لە سەردانی کچە بووەوە دوا بە دوای ئەو بچێتە ژوورەوە...."

ئەمجا دایکەکە بەرگی ژنانەی کردە بەر مەرزەوانی کوڕی و دەستی گرت و کردی بە کۆشکدا....... بردیە بەر دەرگای ژووری شازادە. هەر کە پاشای باوکی شازادە بدور.... لە ژوورەکە هاتە دەرەوە...... دەرگاوانەکە..... هەر دوکیانی کردە ژوورە و وتی:

"دەبڕۆنە ژوور.......... زۆرتان پێ نەچێت!"

کە چوونە ژوورەوە، دایکەکە بەرگە ژنانەکەی لەبەر کوڕەکەی داکەند و سڵاویان لێکرد. ئەمجا مەرزەوان هەندێ کتێبی دەرهێنا و مۆمێکی داگیرساند! چەند "قەسەم"ێکی خوێند....کە شازادە بدور سەرنجی دا.....ناسیەوە و پێی وت:

"کاکە گیان..... خۆ تۆ رۆیشت بووی و هەواڵمان نەدەزانیت!"

مەرزەوانیش وتی:

"راست دەکەیت بە سەلامەتیش گەڕامەوە! ویستم دیسان سەفەر بکەمەوە، بەڵام کە ئەم هەواڵەی تۆم بیست.... دڵم لە سەفەرەکەم سارد بووەوە و دڵم بۆت سووتا... ئێستاش هاتم، بەڵکو بتوانم رزگارت بکەم!"

ئەمجا شازادە پرسی:

"توخوا........کاکە تۆیش وادەزانی شێت بووم!؟"

مەرزەوان وتی:

"بەڵێ!!"

شازادەش وتی:

"بە خوا شێت نەبووم... بەڵام چی بڵێم؟"

هەر وەکو شاعرێك وتویەتی:

"لە جیاتی ئەوەی کە دەکەن لۆمەم ئەوەی بۆی شێت بووم: بخەنە بەردەم

ئیدی مەرزەوان..... تێگەیشت.... ئەمە چیرۆکێکی هەیە..... پێی وت:

"دە بۆم بگێڕەوە... بەڵکو، تروسکاییەکی رزگاربوونی تۆی تێدا بێت بە دەستم!"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٩٢

## چیرۆکی سەفەری مەرزەوان

شەهرەزاد وتی: خاتوو بدور وتی:

"دە...... کاکە گیان گوێ لە بەسەرهاتەکەم بگرە. ئەو شەوە، دوو سێ یەکی رۆیشت بوو، کە لە خەو رابووم! لە سەر جێگاکەم دانیشتم، سەیرم کرد: کوڕێکی هەرزەکاری زۆر جوان و شۆخ و شەنگ، لە تەنیشتمەوە راکشاوە! کوڕ بە راستی کوڕ! باڵای دەڵێی سەرووی هەڵکشاوە!

منــیش دوای بــیر کردنەوەیــەکی قــوڵ وتم: هــەبێت و نــەبێت، ئەمــە کــاری باوکمــە.... دەیـەوێت..... تـاقیم بکاتـەوە! ئەمـەش کوڕە شـازادەیە... بـۆ ئـەوەی مـن بیبیـنم و دڵـم تێـی بچێت و پەسـەندی بکـەم و شـووی پـێ بکـەم! ئیـدی منـیش..... لاوە هەرزەکارەکـەم بـە ئاگـا نـەهێناوە، تـاکو لێـی پرسـم، بـەیانی کـە بـە ئاگـا هاتمـەوە.. سـەیری دەسـت و پەنجـەم دەکـەم خوایە... موستیلەکەم، گۆڕاوە بە موستیلەکەی خۆی. ئا ئەمەیـە بەسـەرهاتەکە و هـۆی شـێت بوونەکـەم. ئیـدی براکـەم، دڵـی بـردم و حـەزم لێـی کـرد. ئێسـتاش ئـەوەتا.... خـەو ناچێتە چاوانم. کار و پیشەم بۆتە گریان و شیعر وتن و خۆ لاوانەوە."

فرمێسک بە چاوانیدا هاتە خوار و وتی:

"براکەم ئیدی چیت بۆ دەکرێت... لە بەرامبەر ئەم کێشەیەدا بیکە!؟"

مەرزەوان ماوەیەك سەری داخست و سەری سوڕما... نەیدەزانی چی بکات!!؟ ئەمجا سـەری بڵند کرد و وتی:

"بەسەرهاتی ئەم کوڕە ، بیر و هۆشی بڕیوم. بـەڵام شـاران دەدەم بـە پێـوە..... بـەڵکو خـوا ئەم دەردەت بە دەستی من دەرمان بکات! تۆش مەترسە و ئارام بە."

ئـەمجا مـەرزەوان خواحـافیزی لـێ کـرد و هیـوای چـاك بوونـەوەی بـۆ خواسـت و لـە تـەك دایکیدا گەڕانەوە ماڵ... ئـەو شـەوە لێـی نوسـتن. ڕۆژی دواتـر سـەفەرەکەی دەسـت پێکـردەوە. شـارە و شـار. ئـەم دوورگـە و ئـەو دوورەگـە، مـانگێکی پێچـوو. لـە شـارێك گیرسـایەوە. نـاوی "تەیرەب" بوو. دەگەڕا و گوێی هەڵدەخست، ئـێ ...... بـەڵکو دەرمـانی: شـێت بـوونی شـازادە بدوری دەست بکەوێت. دەنگوباسی قەمەرزەمانی کوڕی شا شەهرەمانی بیست. کە شێت بـووە! کە شوێنی شازادە قەمەرزەمانی پرسی وتیان: لە دوورگەکانە..... گەر بە دەریادا بـۆی بڕۆیـت. بـە مانگێـك پێـی دەگـەیت. گـەر بـە ڕێگـای سـەر زەویـدا بـۆی بچیت، بـە شـەش مـانگ پێـی دەگەیت!"

مەرزەوان سواری کەشتیەك بوو، کە بۆ دوورگەکان دەچوو، مانگێـك هـەوای فێنکـی دەریـا لێی دا، هێندەی نزیك بوونەوە دوورگەکانیان بە چاوان دەبینی.. بەڵام هێندەیان زانی بایـەکی توند هەڵی کرد و کەشتیەی هەڵگێڕایەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٩٣

شەهرەزاد وتی: کە کەشتیەکە قلْپ بـووەوە و نقـوم بـوو، هـەر سەرنشینە کەوتـە ڕزگـاری کردنی خۆی، شەپۆلی دەریا، مەرزەوانی هێنا و برد.... لە ئەنجامدا فڕێی دایە... لێواری دەریـا و نزیکی ئەو کۆشکەی قەمەرزەمانی تێدا نیشتەجێ بوو. قەدەری خـوا وابـوو، لـەو ڕۆژەدا شـا شەهرەمان لە گۆڕەپـان لـە تـەك پیـاوانی دەوڵـەت وهاوڵاتیـان کـۆ دەبـووەوە. لـە کۆشـکدا پاشـا دانیشت و قەمەرزەمان لە تەنیشتیەوە.... کە سـەری لـە کۆشـیدا بـوو ئـەوە دوو ڕۆژ بـوو، ئـە

نانی خواردبوو، نە نووست بوو! لاواز.. وەکو تەشی لێهاتبوو. وەزیـریش کـە لای پەنجەرەکەوە وەستابوو، کە بە سەر دەریایدا دەڕوانی ئەویش سـەیری دەریـای دەکـرد. مـەرزەوانی بـینی کە چۆن شـەپۆل هەڵیدایـە بـەر دەرگـای کۆشـك. ئەمەنـدە مانـدووە خەریکـە دەمرێـت. بۆیـە بـە پاشای وت:

"گەر پاشا ڕێـم پـێ بـدات، دەچـم دەرگـای حەوشـەی کۆشـك دەکەمـەوە و ئـەو زەلامـە کە شەپۆل فڕێی دا ڕزگار دەکەم و دەی هێنمە ژوورەوە.. سا... بەڵکو ... بە هۆی ئەم کارەوە خـوا شیفای قەمەرزەمان بدات!"

پاشا وتی:

"هێندەی کە بە سەرت هێناوین کەم نییە. زەلامی چی دێنیتە ژوور، ئـەمجا نـۆرەی ئـەوە، بەم حاڵە بمان بینێت و گاڵتەمان پێ بکات!؟ بـڕۆ ڕزگاری بکە و بیهێنـە.... بـەڵام سوێند بـە یەزدانی مەزن، ئـەو کەسـە ئـەم لێقەومانـەمان بباتـە دەرەوە لـە پێشـدا سـەری تـۆ دەپـەڕێنم! چونکە سـەری بگریـت و قنگـی بگریـت تـەنیا تـۆ هۆکـاری ئـەم کێشـەیەیت!.... چـی دەکـەیت بیکە!"

وەزیر... لە دەرگای نهێنی کۆشـکەوە چووە سـەر دەریـا و باوەشـی بـە مەرزەوانـدا کـرد و ڕایکێشایە وشکایی، سەیری کرد، هەناسەی سوارە و ئاو چووەتە سەیییەکانی و زۆر ماندووە.

هێنایە کۆشك و فەرمانی دا جل و بـەرگیان گـۆڕی و مێـزەری یـەکێك لـە خزمـەتکارانیان بەست بە سەریەوە.... کە هۆش خۆی هاتەوە وەزیر پێی وت:

"ئەوا.... تۆم لە مردن ڕزگار کرد.... تۆش نەبیتە هۆی مردنی من!"

مەرزەوان پرسی:

"ئەمە چۆن دەبێت؟"

وەزیر وتی:

"چـونکە ئێسـتا تـۆ لـە نێـوان پیـاوانی دەوڵـەت و وەزیرەکانـدایت.... هـەموویان لەبـەر قەمەرزەمان کوڕی شا شەهرەمان..... بێدەنگن!"

کە مەرزەوان ناوی قەمەرزەمانی کوڕە شای بیست، تێگەیشت کە ئەمـە ئـەو کەسـەیە کە ئەو هەموو ڕێگایەی بڕیوە، بۆ پێگەیشتنی! بەڵام وا خۆی پیشان دا کـە بێئاگا و نەشارەزایە. بۆیە لە وەزیری پرسی:

"قەمەرزەمان کێیە؟"

وەزیر وتی:

"ئـەو کـوڕی پاشـا شـەهرەمانە. ئێسـتاش نەخۆشـە و لـە جێگادایـە نـە دەخـوات و نـە دەخواتەوە. نە بە شەو و نە بە ڕۆژ دەنوێت! لە سەر لێواری مردنـە و دەسـتمان لێـی شتووە! ئامان سەد ئامان نە سەیری بکە و نە هیچ تەنیا سەیری بەر پێـی خـۆت بکـە....... دەنـا پاشا لە گەردنی هەر دووکمان دەدات!"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

# شەوی ١٩٤

چیرۆکی مەرزەوان و قەمەرزەمان

شەهرەزاد وتی: ئەمجا وەزیر وتی:

"تو خوا وەزیر، پیاوی چاك بە... باسی ئەو کوڕەم بۆ بکە.. بە هۆی چیەوە ئەوەی بەسەر هاتووە؟"

وەزیریش وەڵامی دایەوە:

"هۆیەکەی نازانم، هێندەم ئاگا لێیە، کە پێش ٣ ساڵ باوکی ویستی ژنی بۆ بهێنێت! بەڵام ئەم کوڕە، بە قسەی نەکرد. باوکیشی رقی لێ هەستا و بەندی کرد. کار گەیشتە ئەوەی، ئەم لاوە بڵێت.... کیژێکی جوانی دیوە! کە زمان لاڵە... لە وەسف کردنیدا. ئەمجا پێی وتین: کە موستیلەکەی، لە پەنجە دەرهێناوە و موستیلەکەی خۆی کردووەتە دەستی.... بەڵام ئێمە، ناوەخنی ئەم کێشەیە نازانین! تۆیش کوڕی باش کە چووینە سەرەوە و لاوەکەت بینی زۆر سەیری مەکە! چونکە باوکی زۆر لێم تووڕەیە."

مەرزەوان لە دڵی خۆیدا وتی:

"بەو خوایە ئەمە ئەوەیە بۆی دەگەڕام."

ئەمجا شوێن وەزیر کەوت بەرەو ناو کۆشك چوون. وەزیر لای قاچی قەمەرزەمانەوە وەستا. مەرزەوانیش چووە نزیکی و سەرنجێکی باشی کوڕەکەی دا. وەزیر لە ترسانا خەریك بوو گیانی دەردەچوو. بۆیە ... چاوی لە مەرزەوان داگرت. کە بڕوات بە ڕێی خۆیەوە. ئەمیش سەرخۆی نەهێنا تا بۆی دەرکەوت، کە ئەمەیە خواستەکەی خۆی! ئەمجا لەبەر خۆیەوە وتی:

"پەنا بەخوا.... باڵای هێندەی باڵای شازادە بدورە! لێوانی هەر هەمان لێوانی خاتو بدورە! قەمەرزەمانیش چاوانی کردەوە و گوێی لە ورتە ورتەکەی گرت! مەرزەوان کە پێی زانی... ئەم هۆنراوەیەی وت:

بە سۆز و ساز و ئاواز هەست دەکەم     پیا هەڵدانی جوان بەڵام هەر بە دەم

سۆزت قوڵپ ئەدا تیر دەهاوێژی     بۆ تیرەکانت ئامانجم هەر دەم

پاراوی "مەی" و "گۆرانی"م بکە     با لە دڵی دەرچێ پەژارە و خەم

وەك لوقمان زانای شۆخی وەك یوسف     ئاوازی داود، پاکیزەی "مەریەم"

کە ئەم هۆنراوانەی وت... قەمەرزەمان دڵی خۆش بوو رووی کرایەوە و هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و بە باوکی وت:

"بابە گیان.... بهێڵە با ئەم لاوە بێتە لام... دابنیشێت!"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............... بۆیە بێدەنگ بوو.

# شەوی ١٩٥

شەهرەزاد وتی: کە سوڵتان ئەوەی لە کوڕەکەی بیست دڵخۆش بوو بیر و رای بەرامبەر مەرزەوان گۆڕی... چونکە لە دڵی خۆیدا، بڕیاری دابوو کە لە ملی بدەن... باوەشی بە مەرزەواندا کرد و سوپاسی خوای کرد کە لە خنکاندن رزگاری بووە. مەرزەوانیش وتی:

"خوا کوڕەکەت سەلامەت بکات."

پاشا لێی پرسی:

"تۆ خەڵکی کام وڵاتیت؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە:

"دوورگە جوانەکانی مەملەکەتی غەیورپاشا خاوەنی دەریایان و دوورگەکان. پاشای ٧ کۆشکان."

پاشا شەهرەمان وتی:

"بەڵکو پێ و قەدەمت بە خێر بێت و کوڕەکەم، لەم حاڵەتە رزگاری بێت!"

مەرزەوان وتی:

"خوا یار بێت، چاك دەبێتەوە."

ئەمجا لە قەمەرزەمان نزیك بووەوە و بینی شای لێ بێ ئاگایە، چرپانی بە گوێیدا:

"گەورەم، وەرە بدە بەر خۆت! دڵت تۆکمە بێت! چاوت روون! ئەوەی لە پێناوی دا ئاوات لێهاتووە، هەر مەپرسە: لە پێناوی تۆدا چی بەسەر هاتووە!؟ تۆ نهێنیت ئاشکرا نەبووە.... بەڵام ئەو پێیان زانیوە! بۆیە... پێیان وایە شێت بووە ئێستا.. زنجیر و پێوەند... بەندە! خوا یاربێت دەرمانی ئێوە لە سەر دەستی من دەبێت!"

کە ئەمەی بیست وره و توانای وەبەر خۆی نا.... ئیشارەتی باوکی کرد کە دای بنیشێنێت! پاشا کە ئەمەی لە کوڕەکەی بینی: لە خۆشیدا خەریك بوو باڵ بگرێتەوە! لە ترسانا دەسڕەکەی کردەوە لە سەری کوڕەکەی، وەزیران و پیاوانی دەوڵەت، بەرێ کران. ٢ پشتی بۆ نەخۆش دانرا... تاکو دابنیشێت. پاشا فەرمانی دا.... کۆشك گوڵاو رێژ بکەن. شاریش برازێننەوە. ئەمجا بە مەرزەوانی وت:

"بەو خوایە کوڕەکەم تۆ پیرۆزیت و چارەسەری دەکەی!"

پاشا ستایشێکی زۆری مەرزەوانی کرد و فەرمانی دا، خواردن بهێنن. مەرزەوان، فەرمووی لە قەمەرزەمان کرد و ئەویش لەگەڵیدا دەستی بە نان خواردن کرد. پاشایش لەبەر خۆیەوە دەیوت:

"هاتنت بۆ لای ئێمە چەند چاك بوو!!؟"

بە تایبەتی کە بینی کوڕەکەی لەگەڵ مەرزەوان دانیشتووە و نان دەخوات. گەڕایەوە کۆشك و دایکی کوڕە و ئەندامانی کۆشکی لە خۆشیانا تێگەیاند. ئەو شەوە مەرزەوان لای قەمەرزەمان مایەوە و پاشایش لە خۆشیاندا لە کۆشك مایەوە. کە رۆژ بووەوە پاشا گەڕایەوە

کۆشك و سەرای حوکمڕان و دەوروو‌بەری هەر دووکیان چۆڵ بوو. مەرزەوان هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە. ئەمجا وتی:

"بێخەم بە.....من شازادە بدور کچی پاشای غەیور دەناسم!"

ئەمجا وتی:

"تۆ چیت بە سەر هاتووە، خاتو بدوریش بە هەمان شێوەی بەسەر هاتووە! ئیدی ئێوە دڵدار و دڵخوازی یەکترن.... بڕوات بە خۆت هەبێت، دڵت پتەو بکە.. بە یەکتان دەگەیەنم. گوێ بگرە:

| | |
|---|---|
| گەر بینیم دڵدار بە یاری ناگا | هەوڵیان بۆ دەدەم ورد و بە ئاگا |
| هێندە بە یەکتر نزیکیان دەکەم | وەکو کلیل و کلۆمی دەرگا |

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٩٦

شەهرەزاد وتی: بەهاندانی قەمەرزەمان سەرومڕ بوو، کاتی لەگەڵدا دەبردە سەر و هانی دەدا، کە بخوات و بخواتەوە تاکو بەهێز بێت! چاك بێتەوە بێ تاقەتی دەر دەکرد و چیرۆکی بۆ دەگێڕایەوە. تاکو رۆژێکیان بێ یارمەتی دەوروو‌بەری خۆی هەستا و چوو بۆ گەرماو و مەرزەوان لە دواوە دەڕۆیشت.

خۆیان شت، پاشایش لە خۆشیدا فەرمانی دەرکرد، کە زیندانیان ئازاد بکرێن، دەوڵەت خێر ببەخشێتەوە بە سەر هەژاراندا. شار رازاوە بێت بۆ ماوەی ٧ رۆژ. ئەمجا مەرزەوان بە قەمەرزەمانی وت:

"گەورەم ئەوە بزانە، من تەرخانی ئەم کارەم.... لە لایەن شازادە بدورەوە هاتووم، تاکو ئەو لەو نەخۆشیە رزگار بکەم... دەبێت فێڵێك بدۆزینەوە، تاکو بگەینە لای شازادە بدور پێم باشە، داوا لە باوکت بکەیت... کە رێت بدات... سبەینێ بچین بۆ راو، کەشکۆڵێك پڕ بکە لە پارە و ئەسپێك، لە ئەسپەکەت ببەستە... منیش لەگەڵتا دەبم. بە باوکیشت بڵێ کە دەمەوێت ئەو دەشت و دەرە ببینم و سەیری ئاسمان و ئەستێرەکان بکەم. بۆیە دەمەوێت، کە شەوێك لە دەشت بمێنمەوە، کە چووینە دەرەوە، بۆی دەردەچین و ناهێڵین، کەس شوێنمان بکەوێت."

قەمەرزەمان وتی:

"بە دڵمە!"

زۆر دڵی خۆش بوو. خۆی کرد بە ژووردا و بە باوکی وت: باوکیشی وتی:

"کوڕەکەم، پێم ناخۆش نییە بچیتە دەشت بەڵام لە شەوێك پتر پێ نەچێت! بۆ خۆت ئاگات لێیە، بێ تۆ هەڵناکەم و تۆیش دەمێك نییە لە نەخۆشی هەستاویەوە. بۆ من وەکو ئەم شیعرەیت:

| | |
|---|---|
| گەر شەو و رۆژی بەمن بەخشرا | فەرشی سولەیمان... سامانی کیسرا |

بەهێندەی مێشێك لە تۆ ناهێنێ ئەو دەمەی کە تۆ دەبینم وەڵلا

ئەمجا پاشا... پێداویستی کوڕەکەی و مەرزەوانی ئامادە کرد و وتی: چوار ئەسپی چاك و وشترێك، خواردن و پێداویستی لێ بار بکەن. قەمەرزەمانیش نەیهێشت کەس لەگەڵیان بێت.

ئەمجا پاشای پاوکی قەمەرزەمانی بە سنگیەوە نوساند و ماچی کرد و پێی وتەوە:

"سوێندت دەدەم لە شەوێك زیاترت پێ نەچێت... خەو و خۆراکم لێ تێك مەدە. لە پەژارەی ئەم شاعرەم پێ مەچێژە:

| | |
|---|---|
| بە تۆوە ژیان خۆشییە خۆشی | بێ تۆیش تاڵاوە و پەژارە نۆشی |
| بە قوربانت بم! هەر چیەك روویدا | خەمە و بە هێندەی: دنیا ناخۆشی |

ئەمیش وتی:

"خوا یار بێت لە شەوێك پترم پێناچێت."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو..... بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٩٧

## بەسەرهاتی سەفەری مەرزەوان و قەمەرزەمان

شەهرەزاد وتی: قەمەرزەمان ومەرزەوان، بە سواری ئەسپەکانیانەوە و هێسترێك بە کۆشکۆڵ و پارەوە و وشترێك، بەئاو و خواردەمەنییەوە لە شار دەرچوون. سێ رۆژی رەبەق بەرێوە بوون. رۆژی چوارەم زەویەکی بە دینیان بینی. باریان خست مەرزەوان ئەسپێك و وشترەکەی سەر بڕی! بەرگی بەری خۆی و قەمەرزەمانی داکەند و هەموویانی دڕی و لە خوێنەکەی وەردا. عەباکەشی هێنا و دڕاندی و بە هەمان شێوە خوێناوی کرد و فڕێی دایە سەر چوار ڕێیانەکە. ئەمجا تێر و پڕیان خوارد و لێیان دا و رۆیشتن. قەمەرزەمان لە مەزرەوانی پرسی:

"ئەرێ... کاکە ئەوە چیت کرد؟ سوودی چی بوو؟"

ئەویش وتی:

"کاکە.... لە شەوێك پترمان پێ چووە.. باوکت بێدەنگ نابێت و دەنێرێتە دوومان، سەفەرەکەمان دەوەستێنێت! منیش ئەم کارەم بۆیە کرد.... کە سەربازەکانی گەیشتنە ئێرە و ئەم جل و بەرگە خوێناوییەیان بینی دەستت لێ دەشۆن و دەگەڕێنەوە و دەڵێن: ڕێگران، رووتیان کردوونەتەوە و کوشتونیان یان ئاژەڵانی درندە خواردونیان ئومێد بڕاو دەبن. ئێمەش بە ئاواتی خۆمان دەگەین."

قەمەرزەمان وتی:

"بەڕاستی فێڵێکی باشە، چاکت کرد!"

ئیدی چەندین شەو و رۆژ بەرێدا رۆیشتن. کە هەر جارێك قەمەرزەمان تاك دەکەوت، دەستی بە گریان دەکردەوە. تا لە شوێنی مەبەستەوە نزیك بوونەوە، ئەمجا ئەم گۆرانیەی وت:

من بۆ سەعاتێك تۆم بیر نەچووە کەی من تاوانی دووری تۆم بووە
گەر وایش دەزانی تاوانی منە لە ئاستی تۆدا، ملم وەك مووە
ئای کە عەجیبە فەلەکیش ئەمرۆ زاڵم هەر تۆی و کار ئاوەژووە
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٩٨

شەهرەزاد وتی: کە قەمەرزەمان لە گۆرانیەکەی بووەوە، مەرزەوان پێی وت:
"ئەوە دوورگەکانی پاشا غەیورە دەرکەوتن!"

قەمەرزەمان کە ئەمەی بیست زۆر دڵی خۆش بوو، باوەشی بە مەرزەواندا کرد و نێوچاوانی ماچ کرد. دواتر چوونە ناوشار، ئەمجا لە خانێکدا دابەزین و سێ شەو تێیدا مانەوە. ئەمجا بردیە گەرماوەوە، جوان خۆیان شت دواتر بەرگی بازرگانی لەبەر کرد، چەند پێداویستی کاری بۆ کڕی، لەوانە دووربینێك کە لە زیو دروست کرابوو، نەخشی زێڕی تێدا بوو. ئەمجا پێی وت:

"هەستە بچۆ بەر کۆشکی پاشا.... بە دەنگی بڵند هاوار بکە: من حیساب دەگرم.. کتاب دەگرم! نیاز دەگرمەوە... هەر چییەکت گەرەك بێ، پێدەزانم! منم زانای چارەناس.... شارەزا و ئەستێرەناس. پاشا گوێی لە دەنگت دەبێت و دەنێرێتە دووت... ئیدی شازادە بدور دەبینیت! کە لێیان پرسیت....بڵێ سێ رۆژم لێرە مۆڵەت بدەن.... دوای ئەوە ئەگەر توانیم... کیژەکەتان چاك بکەمەوە، ئەوە دەبێت لێم مارە بکەن! گەر بۆیشم چارەسەر نەکرا، منیش بە دەردەکەی زانایان و پزیشکانی پێشوو بەرن! واتە: منیش بکوژن! ئیدی رایەکەت پەسەند دەکەن... بچۆ ژوورەوە بە تەنیا... دەم و دەست خۆتی پێ بناسێنە ئەویش لە خۆشیدا هەر ئەو شەوە چاك دەبێتەوە. ئیدی لە لای دابنیشە نان و ئاوی لەگەڵدا بخۆ تاکو توانای وەبەر خۆی دێتەوە. باوکیشی زۆر زۆر شاد دەبێت! دواتر لێت مارە دەکات.... نیوەی سامانی خۆیت دەداتێ، چونکە کاتی خۆی پەیمانی داوە. ئیدی برۆ... بە خێرهاتی."

قەمەرزەمان .... زۆر دڵشاد بوو وتی:
"خوا چاکە و پیاوەتیت نەبڕێت!"

پێداویستییەکانی فاڵ گرتنەوەی لەگەڵ خۆ برد و رۆیشت. کە گەیشتە بەردەرگای کۆشکی پاشا هاواری کرد:

"حسێب دەگرمەوە... کتێب دەگرمەوە.... نیاز دەگرمەوە، پەنهانەکانت پێ دەڵێم! کێ نیاز دەگرێتەوە، با بفەرموێت!"

هاوڵاتیـان کـە لـە مێـژ بـوو، نیازگـەرەوە و ئەستێرەناسـیان نـەدیبوو، لێـی کـۆ بوونـەوە سـەرنجی شـۆخ و شـەنگی و قـۆزی کوڕەشـیان دەدا و پێـی موعجیـب بـوون. هاوڵاتییـەك لـە قەمەرزەمان چووە پێش و ئامۆژگاری کرد و وتی:

"ئەی لاوی کاکۆڵ زێڕین... زمان پاراو و شیرین... سەیری کۆشکی شا بکە و کەللە سەرانێ ببینە..! مەخوازە مێردی کیژێ.. با.. پاشا تۆیش نەکوژێ!"

قەمەرزەمان هەر گوێشی بەم ئامۆژگاریانە نەدا!! دیسان هاواری کردەوە:

"کتێـب دەگرمــەوە.... حسـێب دەگرمــەوە." ئیـدی هــەر هـاوڵاتی بـوون و دەهـاتن و ئامۆژگاریان دەکرد، کوڕە شتی وا.. نەکەیت!!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ١٩٩

شەهرەزاد وتی: قەمەرزەمان گوێی بـە ئامۆژگاریـەکانی، هاوڵاتیـان نـەدا... لـە دڵـی خۆیـدا وتی:

"هەر کەس عاشق نەبێت لە ئازارەکەی ناگات!"

ئیـدی بـە دەنگـی بڵنـدتر هـاواری دەکـرد و دەکـردەوە.... " کتێـب دەگرمـەوە، حسـێب دەگرمەوە..." کەسانی دەورووبەری لێی تەکینەوە و دەیانوت:

"تۆ گەنجێکی بەهێز و بە خۆناز و کەریت! بۆ بەزمییت، بەتەمەنی کـەم و جـوانی خۆتـدا نایەتەوە....!!؟"

قەمەرزەمانیش دەستی پێ کردەوە:

"کتێب دەگرمەوە... حسێب دەگرمەوە!"

بەهۆی دەنگە دەنگی هاوڵاتیانەوە... پاشای غەیور، فەرمانی دا بە وەزیر:

"ئەو کتێب دەگرەوەم بۆ بێننە ژوور."

وەزیر چووە دەر و لەنێوان قەرەباڵغیەکەی دەرهێنـا و بردیـە بـەردەم پاشـا. قەمـەرزەمان کڕنوشی بۆ برد و ئەم هۆنراوەیەی بۆ وت:

بۆ شکۆمەندیت: دەوران و زەمان هەشت پلەی دایتێ: شیرینی زمان
"بدە"یی، "تەقوا"، "یەقین" و "پاك"ی "زاڵ"ی و "بەنەفس" ، "ژیری" فراوان

چووە دڵی پاشاوە... بۆیە لای خۆیەوە داینا... ئەمجا پێی وت:

"بۆ خوا پێت دەڵێم گەر ئەستێرەناسی شارەزا نیت، مەچۆرە ژێر رکێفـی مەرجەکەمـەوە! چونکە مـەرجی مـن ئەوەیـە... هـەر کـەس کچەکەم ببینـێ و بـۆی چاك نەکرێتـەوە لە ملی دەدەم! هەر کەسێکیش شیفای بۆ بێنێت و چاکی بکاتەوە، کچەکەمی لێ مارە دەبڕم!.. فریـوی جوانی و شۆخ و شەنگی خـۆت مـەخۆ... بـەخوا... بـە خـوا.. بـۆت چـاك نەکرێتـەوە: لـە ملـت دەدەم!"

قەمەرزەمان وتی:
"چیم لێ دەکەیت بیکە... دەمێکە ئاگاداری مەرجەکەت هەم!"
پاشا ... لەبەردەم حاکم دا.... شایەتی لێ گرت و قەمەرزەمانی دایە دەست خزمەتکارێك تاکو بیبات بۆ ژووری شازادە "بدور". کە لە هۆڵەکە چوونە دەر، خزمەتکارەکە بە داڵانێکدا بردی. هێندەی پەلەی بینینی "بدور" بوو، پێش خزمەتکارەکە کەوت بۆیە لێی توورە بوو وتی:
"بەڵام دا لێت، بۆ هێندە بە پەلەیت، کوژراوانی پێش تۆ هێندە بە پەلە بەرەو مەرگی خۆیان نەدەچوون!"
قەمەرزەمان لای کردەوە بە لای خزمەتکارەکەدا... ئەم هۆنراوەیەی وت:

| | |
|---|---|
| "لە ئاستی وەسفت زمانم لاڵە | چونکە ئەبڵەقم: نایکەمە گاڵە |
| بڵێم وەك تۆیە خۆ: ئاوا نابێ | قەتارەی خۆران لە ناو گەواڵە |
| وەها نەخشاویت: تووشت ناوێ | لە رووتا: "ژیر"یش بیری بەتاڵە |

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٠٠

شەهرەزاد وتی: خزمەتکارەکە، قەمەرزەمانی لە پشت پەردەی دەرگاوە راوەستاند، بۆیە پرسی:
"کامیانت پێ باشە هەر لێرەوە... دەرمانی خاتونەکەت بکەم... یان بێ پەردە و لە نزیکەوە؟"
خزمەتکارەکە وتی:
"گەر نەچیتە ئەو دیو پەردە... کارێکی باشمان لەگەڵدا دەکەیت!"
ئەویش کاغەز و ئووج و مەرەکەبی دەرهێنا... ئەم هۆنراوەیەی نووسی:

| | |
|---|---|
| ئەڵقەی خۆیشت وا بۆ هاتەوە | دەڵێ با: ئەویش هێ خۆم باتەوە |

قەمەرزەمان.. موستیلەکەی شازادەی کردە، تۆی کاغەزەکەوە دایە خزمەتکار، تاکو بیداتە شازادە بدور. شازادە کە کاغەزەکەی کردەوە... سەرنجی موستیلەکەی دا... بینی ئەوەکەی خۆیەتی!! ئەمجا خوێندیەوە و لە مەبەستی تێگەیشت. ناوەزی لە دەست دا... رووی گەش بووە و لە خۆشیدا سنگی فراوان بوو. هێندە دڵی کراوە... ئاوا وەڵامی داوە:

| | |
|---|---|
| زۆر پەشیمانی لێك دابڕانم | کردی بە لافاو ئەشکی چاوانم |
| "نەزر"م کردووە، پێك شاد بووینەوە | تاڵ ناکەم هەرگیز لەتۆ زمانم |
| تەوژمی خۆشیت، هێندە گوڕی بوو | لە خۆشیاندا، زۆری گریانم |

هەر لە هۆنراوەکە بووەوە، زنجیر و پێوەندی بە کێش کرد و هەستا و خۆی دا بە سەر دەسکی چراپەیەکەدا، هاتە ئەم دیو پەردە و وتی:

"بەرێز، ئەمە راستییە... یان خەو دەبینم!؟ بڵێی ئەمە بەخشینی خوا بێت و دوای ئەم هەموو دابڕان و پرزە بڕاویە پێك شاد بووبینەوە!؟"

کە خزمەتکارە ئەمەی بینی بە ڕاکردن خۆی گەیاندە پاشای غەیور، کڕنوشی بۆ برد و وتی:

"ئەوە بزانە گەورەم، کە ئەمە سەرۆکی ئەستێرەناسانە، هەر لەم دیو پەردەوە و بێ ئەوەی ببینێ کچەکەتی چاك کردەوە!"

پاشا وتی:

"برۆ.... وردتر سەرنج بدە، بزانە بە ڕاستتە؟"

خزمەتکار وتی:

"گەورەم: بۆچی خۆت ناچیت، تا بە چاوی خۆت ببینێت کە چۆن ئەو کۆت و زنجیرەشی پچڕاندووە و چووەتە لای بەخت گرەوەکە؟"

ئەمجا... پاشای غەیور، چووە دیتنی بدور. کیژەکەی کە باوکی بینی سەرپۆشەکەی بە سەریدا دایەوە و ئەم دوو بەیتەی وت:

دیارە بە قوربان نامکرێ بێ تۆ  وەختە بوو بێ تۆ: منیش سوێن بێتۆ
کە هاتمە سایەت، ناو ئەو ساباتە  بە تۆوە ژیان هەر حساباتە

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە.... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٠١

شەهرەزاد وتی: کە پاشا کچەکەی بەو شێوەیە بینی نێوچاوانی ماچ کرد چونکە زۆری خۆش دەویست! ئەمجا دەست خۆشی لە قەمەرزەمان کرد و پرسی:

"لە کام وڵاتەوە هاتوویت!؟"

ئیدی قەمەرزەمان، وڵاتی خۆی پێ وت و تێی گەیاند کە کوڕی... شا شەهرەمانە. چۆنیەتی سەفەرەکەیشی بۆ گێڕایەوە. پێی وت: کە چۆن لە خەوا رابوو، شازادە بدوری بینی.. موستیلەکەی پەنجەی خۆی کردووەتە پەنجەی شازادە و هی ئەویشی کردووەتە پەنجەی خۆی. ئەمجا پاشا وتی:

"پێویستە ئەم چیرۆکەی ئێوە بچێتە مێژووە و نەوە دوای نەوە بیخوێنێتەوە!"

دەم و دەست قازی و شایەتی هێنا و لە یەکتری مارە بڕین و فەرمانی دا... شار برازێننەوە و ٧ رۆژ و ٧ شەو ئاهەنگ بگێڕرێت! ئیدی سفرە راخرا، شار رازایەوە و جوان کرا. لە دەهۆڵ و زوڕنا درا! ١ مانگ سفرە و خوان سەرومڕ بوو. دوایی باوکی قەمەرزەمان چووە خەوی و پێی وت کرە شیرینەکەم بۆچی... ئەمەت بەسەر هێنام؟ بەم هۆنراوەیە کوڕەکەی لاوانەوە:

مانگی خەرمانە چاودێری کردم  برژانگ ئەستێرەی زۆری بۆ گرتم
هێور بە هەناو بەڵکو بێتەوە  مەسووتێ هەردێ بگەڕێتەوە

شەهرەزادە هەستی کرد شەو درەنگ بووە.... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٠٢

# چیرۆکی کۆچی قەمەرزەمان و بدور

شەهرەزاد وتی: دوای ئەو خەونە، قەمەرزەمان پەژارە دایگرت. کە شازادە بدور لێی پرسی:.... خەونەکەی بۆ گێڕایەوە. بۆیە هەر دووکیان چونە لای پاشای غەیور... خەونەکەیان بۆ گێڕایەوە وتیان ڕێمان بدە، کۆچ بکەین بەرەو وڵاتی قەمەرزەمان، پاشایش کۆچی قەمەرزەمانی پەسەند کرد! شازادەش وتی:

"ئاخر... بابە گیان منیش بە بێ ئەم هەڵناکەم!"

باوکی لە وەڵامدا وتی:

"تۆیش سەفەری لەگەڵ بکە!"

ئامۆژگاری کرد ساڵی جارێك بە سەردان بێتەوە و بۆ یەکجاری لەوێ بمێنێتەوە. هەر دوکیان دەستی پاشایان ماچ کرد.

پاشا فەرمانی دا باروبارخانە، هێستر و چاکترین ئەسپ و پێداویستی سەفەر کردن ئامادە بکەن. خزمەتکاری وەدووخستن، ڕۆژی سەفەر پاشا ١٠ دیاری زێڕین و ١٠ ئەسپ، ١٠ وشتر و پارەیەکی زۆری پێدان... تاکو دوورگە هەرە دورەکەیان لەگەڵیاندا ڕۆیشت. دوای باوەش پیاکردنی کچەکەی خواحافیزی لە قەمەرزەمان کرد و خۆی و سەربازەکانی گەڕانەوە مەملەکەتی خۆیان. ئەمجا شازادە و قەمەرزەمان و کاروانەکە، ٤ ڕۆژ بەڕێوە بوون. تا گەیشتنە میرگوزارێکی پان و پۆڕ. کە پاوانێکی لەبار بوو، بۆ تێربوونی وڵاغەکان. باروبارخانەیان خست بۆ حەوانەوە.

کە قەمەرزەمان چووە ڕەشماڵی شازادە بدورەوە، ئەڵقەیەکی سووری بینی لەسەر سنگی کردیەوە و سەیری کرد. چەند شت نوسراون، کە ئەم بۆی نەدەخوێنرایەوە زۆر سەری سوڕما بە خۆی وت:

"گەر ئەم ئەڵقەیە: زۆر گرنگ نەبێت.... نای شارێتەوە و لەسەر سنگی دایناێت...! دیارە بێ ئەمە هەڵناکات... ئاخۆ.. نهێنی چی هەبێت؟

## شەوی ٢٠٣

# بەسەرهاتی قەمەرزەمان و باڵندەکە

قەمەرزەمان ئەڵقەکەی بردە دەرەوە کە لە ڕووناکیدا، سەیری بکات! لە پڕێکدا باڵندەیەك داهات و موستیلەکەی فڕاند! چەند هەنگاوێك دوور لەخۆی نیشتەوە... قەمەرزەمان زۆر لە ون بوونی موستیلەکە ترسا. ڕای کرد بە شوێن باڵندەکەدا... باڵندەش هەڵفڕیەوە، پێ بە پێی قەمەرزەمان دەفڕی و قەمەرزەمانیش شوێنی دەکەوت. ئەم گرد بۆ ئەو گرد، ئەم دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ... ئەمجا بە خۆی وت:

"ئـای خوایـه.... خـۆ ئـەم باڵندەیـە پـێ بـە پێـی مـن دەفڕێـت..... ئـەمڕۆ لـە دوێنـێ ماندووترم! ئەویش لەسەرەخۆ ترە...! ئەمە سەرسوڕهێنەرە! بـە خـوا منـیش لەگـەڵی دەڕۆم یان دەمرم یان ژیانم دەکڕمەوە. چونکە ئەمە بەرەو ئاوەدانی دەفڕێت."

ئیدی باڵندەکە بە سەر سەریەوە دەفڕی کە شەو دادەهات، باڵندەکە بە سەر درەختێکەوە، دەنیشـتەوە.. قەمـەرزەمانیش لـە گـژو گیـای دەشـت و ئـاوی رووبارەکـانی دەخـوارد و دەخـواردەوە. دوای ١٠ رۆژ گەیشتنە شوێنێك، بـە سـەر شارێکدا دەیڕوانـی. باڵندەکە دای لە شەقەی باڵ و لە چاو تروکاندنێکدا خۆی کـرد بـە شاردا و ون بـوو... قەمـەرزەمانیش سـەری سوڕما. لە دڵی خۆیدا وتی:

"سوپاس بۆ خوا... کە تاکو ئەم شارەیش هێنام و ون نەبووم!"

لەسـەر جۆگـە ئاوێـك دەسـت و دەم و چـاوی و پێیـەکانی شـت. سـەعاتێك شـانی دادا، بـۆ حەوانەوە. کەوتە بیر کردنەوە، لەوەی کە چۆن لە ناز و نیعمەت دا بوو..... بە دڵخوازی خۆی گەیشتبوو. ئێستاش لە چ ماندوو بوونێکدایـە و چەند برسییە چۆن دابـڕاوە!؟ فرمێسك بـە چاوانیدا هاتە خوارەوە و بەم شێوەیە خۆی لاواندەوە:

| | |
|---|---|
| چیم لێت شاردەوە هەمووی کەوتە روو | رۆژانم بە خەم.. شەو نخوونی بوو |
| کە بیر کردنەوە هێزی لێ بڕیم | شیرانەم: فەلەك بمیەرەوە زوو |

لێرەدا شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٠٤

## بەسەرهاتی قەمەرزەمان و رەزەوان

شەهرەزاد وتـی: ئـەمجا قەمـەرزەمان دەسـتی کـرد بـە رۆیشـتن تـاکو گەیشـتە شـارەکە. نـە شارەزایانە بە شاردا گەڕا..... خۆیشی نەیدەزانی بـۆ کـوێ دەچێـت! لـە دەرگـای سـەر زەوییـەوە خۆی دەکرد بە شارد، لە دەرگای سەر دیواری شارەوە دەردەچوو! نـە کـەس لێـی پرسـیەوە، نـە هیچ. ئەمە شارێکی سەر دەریا بوو. بە کەناری دەریادا رۆیشت و رۆیشت... تاکو گەیشـتە رەزو باخی شارەکە. خۆی کرد بە نێو درەختەکاندا، کەمێك وەستا، خـاوەن رەزی لـێ پەیـدا بـوو.... سڵاوی لێ کرد و وتی:

"سوپاس بۆ خوا... بەم شارەدا تێپەڕیویت و بە سەلامەت گەیشتوویت! وەرە ئـاوەوە تـاکو کەس نەیبینیویت!"

کە شوێنی کەوت پرسی:

"بەسەرهاتی ئەم شارە چییە؟"

خاوەن رەز وتی:

"دانیشتوانی ئەم شارە ..... رۆژ و ئاگر پەرستن."

ئەمیش پرسی:

"تووخوا پێم بڵێ لە کام وڵاتەوە هاتویت و کارت بە ئێرە چییە؟"

قەمەرزەمانیش هەر لە نووکەوە بۆی گێڕایەوە. ڕەزەوان زۆر زۆر عەجایەبی لێهات وتی:

"ئەوە بزانە دەوڵەتە موسڵمانەکان زۆر لێمانەوە دوورن.... گەر بە دەریادا بۆی بڕۆیت ٤ مانگت پێدەچێت! بەڵام بە سەر زەویدا بۆی بڕۆیت، ساڵێکت پێدەچێت! پاپۆڕێکمان هەیە، ساڵانە بار دەکرێت و دەڕوات بۆ وڵاتانی موسڵمان... بە ڕێای دوورگەکانی "ابوالفرس" دا دەڕوات و دورگە ئەمرەکانی شا شەهرەمان."

قەمەرزەمانیش هێنای و بردی، ئەمجا چارەسەر هەر ئەوە بوو... بەر دەستی ڕەزەوان بکات. بۆیە پرسی:

"جێم دەکەیتەوە؟"

ڕەزەوان وتی:

"بەسەرچاو."

دواتر فێری ئاو داشکاندنی کرد بۆ گۆلەکان.... دروێنەی زەل و گڕ و گیا بە داس. ئەمجا قەمەرزەمان... کە ئاوی دەدا درەختان... دەگریا و خۆی دەلاوان! لە چاوان تۆرابوو خەو... نە بە ڕۆژ و نە بە شەو. ئەم هۆنراوەیەی دەوتەوە:

پەیمانت داوە: دە ئەو مەردەیە — چۆن گفتت داوە: وایش بە کردەیە

هاوڕێ جوانەکەی خۆشی و ناخۆشیم — بۆ تۆیە: ئا ئەم هەڵا و دەبدەیە

لای هەندێ: دڵم ئازار چەشتووە — کەمێ خەمخۆری منی بەندە بە

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو...... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٠٥

# بەسەرهاتی دابڕانی بدور لە قەمەرزەمان

شەهرزاد وتی: قەمەرزەمان: ئەوەی بە سەرهات لەملایشەوە کە بدوری ژنی کە خەبەری بووەوە، مێردەکەی دیار نەبوو، کە سەیری کرد "نقێمە"کەشی دیار نییە. بە خۆی وت:

"خوایە گیان: ڕەنگە نقێمەکەی بردبێت کە نهێنییەکەی نازانێت! و ڕۆیشتبێت! ئاخۆ.... بۆ کوێ چووبێت؟ بەڵام شتێکی سەیری ڕووی دابێت... چونکە وا بە ئاسانی ناڕوات.. "بەڵا"م دا لە نقێمەکەش!"

ئەمجا کەوتە بیر کردنەوە، بە خۆی وت:

"گەر بە دەورووبەرەکەم بڵێم... تەماعم تێدەکەن.... بەڵام دەبێت فێڵێك بکەم."

هەستا و جل و بەرگی مێردەکەی پۆشی و مێزەرەکەی لەسەر کرد. دەم و لوتی هەڵبەست کەنیزەکێکی هێناو جل و بەرگی خۆی کردە بەر و خستیە جێی خۆی لە کەژاوەکەیدا. ئەمجا فەرمانی خۆ کۆ کردنەوەی دا، بۆ سەفەر کردن کەس گومانی پێ نەبرد، چونکە لە باڵا و

ڕۆوکەشدا وەکو قەمەرزەمان بوو. ڕۆیشتن، تاکو گەیشتنە شوێنێك کە بە سەر شارێکی دا، دەڕوانی و لەسەر دەریایەکی خوێیاوکە... فەرمانی دا کاروان لایدا. کە پرسیاری کرد وتیان: شاری "ئەبەنووس"ی شا "ئەرمانووس"ە. کچێکی هەیە ناوی "حەیات ولنفووسە."
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو....... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٠٦

## بەسەرهاتی خاتوو بدور و حیاتولنفوس

شا ئەرمانوس، کە بیستی شازادەیەك لە قەراغ شار باروبارخانەی بۆ حەوانەوە، خستووە، تەتەرێکی نارد، کە هەواڵیان بپرسێ. ئەمانیش پێیان وت: شازادە ڕێی هەڵە کردووە، دەیەوێت بەرەو دوورگە ئەمرەکانی شەهرەمان شا بڕوات. تەتەرەکە ڕۆیشت و هەواڵی بۆ هێنایەوە.

شا ئەرمانوس کە ئەمەی بیست فەرمانی دا پیاوانی دەوڵەت خۆ ئامادە کەن بڕۆین بە پیریانەوە. کە گەیشتن، شا لە زین هاتە خوار و شازادەش چووە پێشوازی و چوونە دەواری شازادەوە. دواتر، خۆ ئامادە کرا و هەموو گەڕانەوە نێو شار و چوونە کۆشکی شاوە... ئەمجا خانەخوێ فەرمانی دا دەست و پێوەندی شازادە ببەنە کۆشکی میوان و شازادە و شاژنیش لە کۆشکی خۆی مانەوە و فەرشی کاشان ڕاخرا، سفرە و خوان ڕێك خرا. سێ ڕۆژ بۆ حەوانەوەیان دانرا. ئەمجا شا ئەرمانوس لەگەڵ شازادە کۆبووەوە. خانە خوێ وتی:

"کوڕە شیرینەکەم، من تەنیا کچێکەم هەیە وەك تۆ جوانە. زۆر خانومانە.... جوانە. بۆ نایەی لێت مارە بکەم... خۆ من پیر بووم. ئەم مەملەکەتەیشت دەدەمێ و بۆ خۆم لە کونجێکدا لێی دادەنیشم و دەحەوێمەوە."

شازادە بدور سەری داخست و هەندێ شەرمی کرد. ئەمجا بە خۆی وت:

"ئای بدوری نەگبەت... ئاخر بۆ خۆت ژنیت! ئەمە چۆن دەبێت؟ ئەگەر من ڕاستی بەسەرهاتی خۆمی پێ بڵێم.... ئەوا شەرمەزاری دەبم! گەرنا... خۆ من قەمەرزەمانی مێردیشم لێ ون بووە. خوایە گیان چی بکەم!؟ ئەگەر دەست بنێم بە ڕووی شا ئەرمانوسەوە و بڕۆم... لەوەیە لەشکر بنێرێتە شوێنم و لەو ڕێ و بانە.... تەفر و تونامان بکەن. باشە: بۆ خۆم نەدەمە دەست قەدەر و لێرە بمێنمەوە، تا خوا خۆی... کار ئاسانیم بۆ بکات و خوا بەسەر هەموو شتێکدا توانایە."

ئەمجا سەری بڵند کردەوە وتی:

"فەرمانت لەسەرچاوان."

شا زۆر خۆشحاڵ بوو، فەرمانی دا.......... شار برازێننەوە و ئاهەنگ بگێڕن... فەرمانیشی دا وەزیران و سەرانی دەوڵەت، لە کۆشکی حوکمڕانی کۆ ببنەوە. ئەمجا بە ئاگاداری هەمووان شازادە بدوری کردە پاشا و ئەوانیش پیرۆزباییان لە شای لاو کرد.... بێ ئەوەی کەسیان

هەست بەوە بکەن کە ئەمە ژنە و کوڕ نییە...!! ئەرمانۆس شا کچەکەی خۆی و شای نوێی کردە کەژاوەی بووك و زاوایەتییەوە ئەو دوانە هێندە جوان بوون... دەتوت دوو "خۆر" کۆ بوونەتەوە! یان دوو مانگن بە جوانی...! ئەمجا.... کۆشکیان بۆ رازایەوە... پەردەیان بە سەردا دادرایەوە.. کە شازادە بدور لەگەڵ... حەیاتولنفوس دانیشت. قەمەرزەمانی وەبیر کەوتەوە... خەمبار بوو. ئەم هۆنراوەیەی وت:

کە لێم بزر بووی، چویتە تاراوگە — وشکت کردمەوە بە دڵەڕاوکە
کانی چاوانم وشك بوونەوە — سەیری دوو پێڵوی سووتە مەرۆکە
هەر کە بارگەتان لێم دوورکەوتەوە — هێزی لێ بڕا ئەم ئەژنۆ و چۆکە
سکاڵام لای خوا لە تۆیە چونکە — فرمێسك لە چاوان بوونە دوو جۆگە

کە شا بدور لەم هۆنراوەیە بووەوە، چوو دەستنوێژی هەلگرت و کەوتە نوێژ کردن. ئەمجا "حەیاتولنفوس" خەوی لێکەوت. ئەمیش لە لایەوە لێی نووست. رۆژی دواتر دایکی چووە پرسیاری کچەکەی. ئەویش ئەو شەوە چۆن بوو: گێڕایەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٠٧

شەهرەزاد وتی: ئەوە بەسەرهاتی حیاتولنفوس و دایك و باوکی. بۆ بەیانی شا بدور چووە کۆشك و لەسەر کورسی حوکمڕانی دانیشت. سەرانی دەوڵەت و وەزیران، کۆمەڵ کۆمەڵ دەهاتن و کڕنوشیان بۆ دەبرد و پیرۆزباییان لێ دەکرد، ئەمیش بە روویاندا پێدەکەنی... ئەمجا بەخششی باشیدا سوپا و وەزیران و سەرانی دەوڵەت. ئیدی بوو بە خۆشەویستی هاولاتیان. گومرگی لە سەر لا بردن.... زیندانیانی بەردان. بۆیە هاوڵاتیان نزا و پاڕانەوەی تەمەن درێژیان بۆ دەکرد. کە ئێوارە گەڕایەوە کۆشك لە تەنیشت حەیاتولنفوسەوە دانیشتو نێوچاوانی ماچ کرد. ئەم هۆنراوەیەی وت:

فرمێسك نهێنی هێنامە دەرێ — شایەتی لێدام لەشی پەیکەرێ
عیشقم شاردەوە... ناڵە فیغانم — وەختە لە شارا: ئابڕووم بەرێ
کە تۆ لە پەردەی دڵا جێگیر بیت — چۆن لە چاواندا: فرمێسك نابارێ
خۆ من بە قوربانی دووریەکەی تۆ بم — با.... بە تاسەی تۆ.. گیانو دڵ دەرێ

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٠٨

شەهرەزاد وتی: شازاد بدور هەستایە سەر پێیان و فرمێسکەکانی سڕی. دەستنوێژی هەلگرت و کەوتە نوێژ کردن. تاکو.. "حەیاتولنفوس" بە لادا هات و خەو بردیەوە..!!

ئەمیش لەولاترەوە لێی نووست. بۆ رۆژی دواتر رۆیشت بۆ سەرای حوکمڕانی. لەسەر تەختی پاشایەتی لێی دانیشت. فەرمانی پاشایانەی دەر دەکرد و ئامۆژگاری دەکردن... لەو لایشەوە باوکە "ئەرمانۆس" چووە لای کچەکەی و هەواڵی زاواکەی پرسی. کچەکەیشی شەو چی بەسەر هاتبوو بۆی گێڕایەوە. بە باوکی وت:

"پیاوی ئاوا خواناس و ژیرم نەدیوە! جار و باریش هەناسەیەکی هەڵدەکێشا."

باوکی وتی:

"پەلەم لێ مەکە... بزانە چۆن لە پاشایەتی دەخەم و دووریشی دەخەمەوە لە مەملەکەت."

ئاگاداری کچەکەی کردەوە کە ئەم قسەیە پەنهان بکات. کە شەو داهات، کچە چووەوە سەر جێ و نوێنی شەوی پێشوو... مۆم و بخوردی داگیرسان... شازادە بدور کە گەڕایەوە کۆشک و خۆی کرد بە ژووردا، حەیاتولنفوسی بینی، دانیشتووە و مۆمەکان داگیرساون مێردەکەی خۆی بیر کەوتەوە. خەمی دابڕان بووەوە میوانی. هەناسەیەکی هەڵکێشا و فرمێسک بەچاوانیدا هاتە خوار. ئەم هۆنراوەیەی وت:

خۆیشم ناڕازیم ئا لەم قەدەرە | جۆرێك چەقیوم قوڕم بە سەرە
نقوومی غەمە تا بینە قاقام | کێشەم لە ژێری مرۆڤ بەدەرە
شۆخێکی وەکو منتان بینیوە | خەفەت و ترسی ئەمسەرەو سەرە

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو... بۆیە بێدەنگ بوو. ..

## شەوی ۲۰۹

شەهرەزاد وتی: کە لە خوێندنەوەی هۆنراوەکە بووەوە، ویستی بڕوات دەستنوێژ هەڵبگرێت. "حیاتولنفوس" قۆڵی گرت و وتی:

"گەورەم.... ئەوە شەرم لە باوکم ناکەیت.... کە چەندی چاکە لەگەڵ کردی؟"

کە ئەمەی بیست لە جێی خۆی دانیشت و وتی:

"خۆشەویستەکەم، ئەوە دەڵێی چی!؟"

ئەویش وتی:

"ئەمەوێ بڵێم کەسێکم نەدیوە وەکو تۆ بە خۆی بنازێت! ئاخر..... بۆیە ئەمەت پێ دەڵێم... لە شا ئەمانۆس دەترسێم...چونکە... بەنیازە لە پاشایەتیت بخات و دووریشت بخاتەوە!! رەنگە لەمە تووڕەتر ببێت بشتکوژێت!.... بەڵام ئەوا....من بەزەییم پێتدا هاتەوە و ئامۆژگاریم کردی، بیر و رایش بیر و رای خۆتە."

کە شازادە بدور ئەمەی بیست سەری داخست، سەراسیمە بوو. ئەمجا لە دڵی خۆیدا وتی:

"گەر بە پێچەوانەی ئەوان بجوڵێمەوە تیادەچم! بە گوێشیان بکەم، ئابڕووم دەچێت! لە هەمان کاتدا... من شای دوورگەکانی ئەبەنوسم و وڵاتێك لە ژێر دەستمدایە...

قەمەرزەمانیش هەر لێرە دەدۆزمەوە: چونکە لە شوێنێك بێت گەر بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی دەبێت هەر بە ئێرەدا تێپەڕێت. منیش ئێستا سەراسیمەم... بۆیە خۆم دەدەم دەست یەزدان، کە باشترین بەڕێوەبەرە."

ئەمجا.. لە نوکەوە بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە، دواتر پێی وت:

"بۆ خاتر خوا نهێنیم بپارێزە و بمخە ژێر سایەی بەزەیی خۆت، تا بە قەمەرزەمان شاد دەبمەوە.. دواتر چی دەبێت با ببێت!"

کە حەیاتولنفوس بەمەی زانی زۆری عەجایب لێ هات. دڵی بۆی نەرم بوو. ئەمجا پێی وت:

"خوشکە گیان مەترسە و خەمت نەبێت، ئارام بگرە، هەر چییەك خوا نەیکات نابێت."

ئەمجا وتی:

"خوشکە کەسێ بەهێزە... سنگی گۆرشی نهێنی پارێزە! بێخەم بە..... نهێنیت دەرناخەم!"

ئیدی شازادە بدور، نوێژی بەیانی کرد و بەرەو سەرای حوکمڕانی بووەوە. حەیاتولنفوسیش، چووە لای باوکی و پێی وت: کە لەگەڵ مێردەکەیدا، رێك کەوتونەتەوە. ئەرمانۆسی باوکی زۆر خۆشحاڵ بوو. فەرمانی دا لە شاردا سفرە و خوان، بۆ هەژاران برازێننەوە. ماوەیەکی زۆر بەم شێوەیە مانەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢١٠

## چیرۆکی پەژارەی شەهرەمان بۆ کوڕەکەی

شەهرەزاد وتی: ئەو ژن و مێردە جێ دەهێڵین و دەچینەوە سەروکاری شاشەهرەمان کە شەوی بەسەردا هات، کەوتە بیر کردنەوە لە کوڕەکەی و تاکو بەیانی خەو نەچووە چاوانی. سبەینێش، تاکو نیوەڕۆ خۆی پێ گیرا... ئیدی کەوتە، بۆڵچە و ناڵە و هاوار... بەم جۆرە خۆی لاوانەوە:

هێندە چاودێریم کرد: بۆی تێدەکۆشیم — تا تالی و سوێری خەمی پێنۆشیم

هەر دەتوت: فەلەك نەزری کردووە — ئاوا... شێواندی بەختیاری و خۆشیم

کە لێ بووەوە... فرمێسکەکانی سڕی و فەرمانی دا کاروان بۆ سەفەری رێگای دوور ئامادە بکەن. چەکداران پاسەوان بن و دوولای کاروان بپارێزن. رێکەوتن. سبەینێ لەچواررێیان کۆ ببنەوە. شەو و رۆژێك بەرێوە بوون تا گەیشتنە شوێنی دیاری کراو. نەشیان دەزانی بە کام لە رێگاکانیدا رۆیشتووە. بەو ناوەدا بڵاوەیان لێکرد... تا بەرگە خوێناویەکانیان بینی.

هەر زوو ناسیانەوە کە شەهرەمان شا بەمەی زانی. کەوتە لە خۆدان و هاوار و گریان... فرمێسکەکانی ریشی تەڕ کرد، بەگری لەبەر خۆیدا دادڕی ئیدی گومانی لە تیاچوونی کوڕەکەی نەما، لەشکرەکەش تەعزیەباربوو. خۆڵیان بەسەر خۆدا کرد. شەهرەمان شایش بە دەم گریانەوە ... ئاوا خۆی لاوانەوە:

خەفەتبار گلەی کە لێ ناکرێ — بە تەنیا بەرگەی خەمی خۆی دەگرێ
داخ و خەفەت و ئازاری زۆرە — لە سوێیدا: یاران، خەریکە دەمرێ
ئەمەندە خەم و پەژارەی هەیە — لە چاویا: هەرگیز فرمێسك نابڕێ

بەجۆرێ ماڵی خۆی جێهێشتووە ماڵ ئاوای نەکرد لە دۆست و هاوڕێ
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢١١

شەهرەزاد وتی: شەهرەمان شا، کە لە هۆنراوەکەی بووەوە، فەرمانی دا کاروان ئامادە بکرێتەوە. سوپا بەرەو شار ببێتەوە! گومانی نەما کە کوڕەکەی تیا چووە! یان ڕێگران رووتیان کردوونە و کوشتویانن... یا ئەوەتا درندەی، ئەو جەنگەڵ و دارستانانە خواردوویانن. هەر کە گەیشتنەوە شار فەرمانی دا هاوڵاتیان رەش بپۆشن و تازیەباری کوڕە شا بن! فەرمانی دا کۆشکێك تایبەت بە خۆی دروست بکەن.... ناویشی نا "ماڵی پەژارە". ئیدی دووشەموان و پێنج شەموان دەچووە سەرای مەملەکەت و حوکمڕانی دەکرد. ڕۆژەکانی دی هەفتەش لەماڵی پەژارەدا، دەگوزەران! بۆ خۆی تێیدا دەگریا و بۆ کوڕەکەی دەلاوایەوە. یەکێ لە لاواندنەوەکانی شا ئەمە بوو:

نزیك بیت هەر دەم گەشە دەدەی پێم — دەشمرم ساتێ کە تۆ دوور بی لێم
ترس و بیم لە من گەر کۆ بێتەوە تۆم بینی ئیدی لە هیچ ناترسێم

ئەمە حاڵی شەهرەمان شا بوو......... بابچینەوە لای شازادە بدور... کچی شا غەیور.... ئیدی حوکمڕانی دەکرد. مەملەکەتی بەڕێوە دەبرد. کارێکی کرد، هاوڵاتیان پەنجەی چاکە و مەردایەتیان بۆ درێژ دەکرد. زاوای شا ئەرمانۆسە!! بەڵام کە شەوی لێ دەهات دەگریا و سکاڵای تاسەی بۆ مێردەکەی دەکرد. هەمیشە بەجوانی و چاکیدا هەڵ دەدا. رازی دڵی بۆ حیاتولنفوس هەڵدەرێژا، ئەم هۆنراوەیەی بۆ دەوت:

هەر خوا دەزانێ کە دووری ئێوە — چۆن شێواندمی و تێکیدا شێوە
لۆمەکارانم وتیان: ئارام بە — وتم: ئارامی بێنم لە کوێوە؟

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢١٢

## بەسەرهاتی قەمەرزەمانی لای رەزەوان

ئەوە دەنگوباسی شازادە بدور بوو. قەمەرزەمان، ماوەیەکی باش لای رەزەوان مایەوە، کە هێندەی خەم بوو... خەوی کەم بوو. هەر خەریکی هۆنراوە خوێندنەوە بوو. تاسەی کاتە خۆشەکان و شەوە تامەزرۆکانی دەکرد. رەزەوانیش زوو زوو ئومێدی سەفەری پاپۆرەکەی بەرەو وڵاتی موسڵمانانی بەگوێدا دەدا. رۆژێکیان، قەربالغی خەڵکەکەی دوور بە دوور بینی، لە خۆی پرسی ئاخۆ.... چی بێت؟ رەزەوان، گەیشتە لای و پێی وت :

"کورەکەم دەست لە ئاودان هەڵبگرە، ئەمرۆ جەژنە و خەڵکی سەردانی یەکدی دەکەن. تۆیش لانیکەم ماندوویەتیت دەر بکە و ئاگایەکیشت لە رەزەکە بێت. وا منیش دەچم بە سەروکاری پاپۆرەکەوە، ئیدی کاتی نزیک بووەتەوە، بەڵکو رەوانەی وڵاتی موسڵمانانت بکەمەوە."

ئەمجا رەزەوان رۆیشت و قەمەرزەمان مایەوە. دەستی کردەوە بە بیر کردنەوە، لە ژنەکەی.. زۆر گریا. فرمێسك بە چاوانیا هاتە خوار هێندە گریا کە لە هۆش خۆی چوو و کەوت. دواتر کە بە ئاگا هاتەوە. کەوتە پیاسە کردن بە ناو رەزەکەدا، بەڵام هەر دەگریا و دەگریا. تا نێوچاوانی دای بە قەدی درەختێکدا و شکا... خوێن و فرمێسك تێکەڵ بوون! ئەمیش بە پارچەیەك پەرۆ نێوچاوانی بەست بە دەم گریانەوە کەوتەوە رێ. لە کاتێکدا کە بە درەختەکانیدا دەروانی. دوو باڵندەی بینی شەڕیان بوو. یەکێکیان بە دنووك قورقوڕاگەی ئەوی تریانی گرت و سەری لێکردەوە و دای لە شەقەی باڵ و بردی. لەشەکەی کەوتە بەر پێی. هێندەی زانی ٢ باڵندەی گەورە، لای لاشەکەدا نیشتنەوە، یەکێکیان چووە سەرینی، ئەوی تریان پێینی. دەنوك و باڵیان بە سەریدا شۆڕ کردەو و بە سەریدا گریان. کە قەمەرزەمان ئەم دیمەنەی بینی ژنەکەی و باوکی بیر کەوتەوە. دەستی کردەوە بە گریان. ئەمجا بە دەنووك چاڵێکان بۆ هەڵکەند و لاشە بێ سەرەکەیان تێکرد و خۆڵیان کردەو بە سەریدا. قەمەرزەمان لەولاوە لێی دانیشت و دەستی کردەوە بە گریان. هەر دوو باڵندە گەورەکەیش دایان لە شەقەی باڵ و لە چاوان ون بوون. دوای سەعاتێك جارێکی دی پەیدا بوونەوە بەڵام ئەمجارە باڵندە بکوژەکەیان هێنابوو. لە سەر گۆڕی باڵندە کوژراوەکە، بکوژەیان کوشتەوە وخوێنیان لەسەر خۆڵی گۆڕەکە رژاند. ئەمجا بە دەنووك لاشەکەیان، ونجڕ ونجڕ کرد و هەر پارچە گۆشتێکیان برد بۆ لایەك و فڕێیان دا. قەمەرزەمانیش سەیر دەکات و سەری سوڕماوە!! ئەمیش سەیری گۆڕە خوێناویەکەی دەکرد سەیری شوێنی شەڕی دوو باڵندەکەی دەکرد بە سەر لقی درەختەکەوە، وردتر سەرنجی دا... بینی شتێك دەبریسکێتەوە. ئەویش هێنای و سەیری کرد. سیقەتۆرەی باڵندەکەیە! کە یەکاڵای کردەوە روانی: ئەوە ئەو نقێمی شازادە بدوری ژنیەتی! لە خۆشیدا بورایەوە و کەوت کە بە ئاگا هاتەوە وتی:

"سوپاس بۆ خوا.... ئەمە نیشانەی خێر و خۆشیە و مژدەی گەیشتنەوەمە بە ژنەکەم."

ئیدی نقێمەکەی لە باسکی بەست. لەو ناوەدا، هاتوچو تاکو ئێوارە، ڕەزەوان دێتەوە، بەڵام نەهاتەوە، ئەو شەوە هەر لەوێ لێی نوست. ڕۆژی دواتر خۆی بۆ کارکردن بەست و تەوری بە دەستەوە گرت. بە دەم هەڵپاچینی لق و پۆی درەختانەوە، گەیشتە بنەدارێکی وشك... تەورێکی لێدا، گوێی لە تەپەی بوو. ئەمجا کەوتە گومان و خۆڵی لایەکانی هەڵکەند ژوورێکی بچووکی بینی و چووە خوارەوە دەرگایەکی بینی و کردیەوە. ئەمجا پەیژەیەکی بینی دەچووە خوارەو. پێیدا شۆڕ بووەوە. ئەمجا هۆڵێکی کە هی سەردەمی "عاد" و "ثمود" بوو بینی، سەیری دیوارەکانی کرد، بە بەردی نەقاری نەخش کراوبوو. چاڵەکانی نەخشی زێرینی بە بریسکەی پێوە بوو. لە دڵی خۆیدا وتی:

"بەخوا... سەردەمی ماندووبوون بەسەرچوو. ڕۆژی بەختیاریمانە."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو................ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢١٣

شەهرەزاد وتی: ئەمجا قەمەرزەمان سەرکەوتەوە بان، چاڵەی داپۆشی، شوێن وەکو جاران، کەوتەوە ئاودان و کارکردن تاکو ئێوارە. ڕەزەوان گەڕایەوە و وتی:

"مژدە بێت بازرگانان خۆیان بۆ سەفەر، ئامادە کردووە و دوای سێ ڕۆژ دەگەنە یەکەم وڵاتی موسڵمانان، کە شاری ئەبەنوسە! کە گەیشتیتە ئەوێش، دەبێت ٦ مانگی دیش بە وشکانیدا سەفەر بکەیت. تا دەگەیتە دوورگە ئەمرەکان. کە شا شەهرەمانی تێدایە."

قەمەرزەمان زۆری پێخۆش بوو، ئەم هۆنراوەیەی وت:

| | |
|---|---|
| کەسێ فێر نەبێ تێی مەکە پشتت | گەر بێتاوان چوو وا بزانە کوشتت |
| دەڵێن بەرچاوان: لەبەر دڵانن | من ناگرێتەوە یاسای بڕشتت |

ئەمجا دەستی ڕەزەوانی ماچ کرد و وتی:

"باوانەکەم... تۆ چۆن مژدەت بە من دا، منیش مژدەیەکی زۆر خۆشم بۆ تۆ پێیە!!"

باسی هۆڵی ژێر قەدی درەختە وشك بووەکەی پێ وت. ڕەزەوان وتی:

"کوڕەکەم، خۆ من ٨٠ ساڵە لەم بێشە و دارستانو ڕەزەدام ڕێم لە شتی وا نەکەوتووە! ئەو ڕۆژی خۆتە ببیە لەگەڵ خۆت یارمەتی دەرت دەبێت بۆ خەرجی سەفەرەکەت و گەیشتن بەخۆشەویستانت!"

قەمەرزەمانیش وتی:

"کەوابوو، دەبێت لەنێو خۆماندا بەشی بکەین."

ڕۆژی دواتر چوونە شوێنەکە و گڵەکەیان لابرد و چوونە خوارەوە. ٢٠ گۆزە زێڕیان تێیدا دۆزیەوە و هەر یەکەیان ١٠ گۆزەی پڕ لە زێڕی بەرکەوت. ئەمجا ڕەزەوان وتی:

"کوڕەکەم لەم وڵاتە ڕۆنە چۆلەکەیەك هەیە.. کە لە هیچ وڵاتێکی دی دەست ناکەوێت. خەڵکی ئێرە بازرگانی پێوە دەکەن.... تۆیش چەند هیزەیەك لەو ڕۆنە لەگەڵ خۆت ببە.

ئالتونەکە بخە ناوی و رۆنە چۆلەکەکەی بکە بەسەردا. دوای ئەوەی نقێمەکە دەخەیتە یەکێکیانەوە، سەریان جوان ببەستە. ئەمجا بیکە پاپۆڕەکەوە."

قەمەرزەمان کەوتە کار و ٥٠ هیزە رۆنی پەیدا کرد و ئالتونەکانی تێکردن و رۆنە چۆلەکە بەسەریاندا و نقێمەی خستە یەکێکیانەوە. ئیدی پێکەوە بوون. قەمەرزەمان، بێگومان بوو لە شادبوونەوەی بە کەس و کاری بە خۆی وت:

"هەر گەیشتمە دوورگەی "ئەبەنوس" لەوێوە بەرەو مەملەکەتی باوکم دەبمەوە... پرسیاری بدوری خێزانم دەکەم. ئاخۆ... گەڕابێتەوە ولاتی خۆی؟ یان بەرەو مەملەکەتی باوکم بۆتەوە!؟ یان لە رێگا تووشی رووداوێك بووە!!؟" ئەم هۆنراوەیەی وت:

خۆیان شیرین کرد چوونە دڵەوە　　داینایین بە دیاری ماڵی چۆڵەوە
کە بەرەو هەوار سەر دەنێینەوە　　خەمی دووری تۆیش وا بە کۆڵەوە
لەناچاریدا بێدەنگ و ماتین　　ئەرنا فرمێسکمان بە برژۆڵەوە
کە رۆیشتی شادیش لە ئێمە تۆرا　　دڵ بە خەم دەم بە پرتە و بۆڵەوە

قەمەرزەمان ئەو رۆژەی، بە سەر دەبرد، بە سەرهاتی شەڕی باڵندەکانی بۆ رەزەوان گێڕایەوە، ئەویش زۆری پێسەیر بوو...!! رەزەوان نەخۆش کەوت، رۆژ لەدوای رۆژ لاواز و بێتوانا دەبوو. تاکو گەیشتە ئەوەی قەمەرزەمان دەستی لێ شت. زۆریشی پەژارە بۆ خوارد! دواتر سەرۆکی دەریاوان هاتە رەزەکە و هەواڵی رەزەوانی پرسی. ئەمیش وتی:

"زۆر نەخۆشە!"

ئەمجا سەرۆك و ئەوانی دەورووبەری پرسیان:

"ئەی کوا، ئەو لاوەی دەیەوێت، لەگەڵمان سەفەر بکات بۆ دوورگەی ئەبەنوس؟"

قەمەرزەمان وتی:

"بەندەتانم!"

ئەمجا سەرۆك فەرمانی دا هیزەکانیان بەرەو پاپۆڕ برد و پێی وت:

"خێراکە... بای دەریا لەبارە!"

ئەوان رۆیشتن و ئەمیش هاتەوە بەلای رەزەوانەوە، سەیری کرد لە گیانەلا دایە. ئەمیش بە سەرییەوە بوو تاکو گیانی دەرچوو. ئەمجا گۆڕی بۆ هەڵکەند و ناشتی. خواردن و شتی وردەی هەڵگرت و بەرەو پاپۆڕ بووەوە. پاپۆڕ کەوتە رێ. دەریای بڕی تاکو لە چاو ون بوو.

قەمەرزەمان فریای نەکەوت بە دڵشکاوی گەڕایەوە. پەژارەیەکی زۆر دایگرت کە پرسیاری کرد وتیان:

"دەبێت ساڵێك چاوەڕێ بکەیت!"

چووەوە بۆ رەز و باخەکە. دەستی کردە گریان خۆڵی بەسەر خۆیدا کرد. خەمی بۆ نقێمەکەی "بدور"ی ژنیشی خوارد. کە تیا چوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٢١٤

## بەسەرهاتی دەریاوان و خاتو بدور

شـەهرەزاد وتـی: قەمـەرزەمان نـەوەی بەسـەرهات. لەولایشـەوە: بـای دەریـا لـەبار بـوو کەشـتیەکە بـە سـەلامەتی گەیشـتە دوورگـەی "ئەبـەنوس". وارێکـەوت خـاتو بـدور لەبـەر پەنجەرەی ژوورەکەیەوە، لەدەریای دەڕوانـی. کە پاپۆڕەکەی بینی دڵی کەوتە خورپە! بۆیە فەرمانی دا چەکدارانی کۆ کردەو بەرەو شوێنی پاپۆڕەکە چوون. سەیریان کـرد سـەرقاڵی بار داگرتنن خاتو بدور ناردی شوێن کەشیتوان: کە هێنایان لێی پرسی:

"چیت بار کردووە؟"

ئەویش وتی:

"پاشامان پایـەدار بێت: هەر لـە دەرمانـەوە.... پێمانـە تـا دەگاتـە کلی چاوان و چـنین و مەرهـەم و قوماشـی نایـاب. بەرەچـەرمی یەمـەنی. کـە هێنـدە سـەنگینە وشـتر و هێسـتر نایتوانێت! جۆرەکانی بۆنی خۆش و بەهارات و داری عود و تەمەر هێند و رۆنی چۆلەکە. کە لە هیچ وڵاتێکدا نییە."

کە شا بدور رۆنی چۆلەکەی بیست حەزی لێکرد! پرسی چەند "هیزە"ت پێیە؟"

سەرۆك وتی:

"٥٠ هیزەی پڕم پێیە، بەڵام خاوەنەکەی لەگەڵمان نەهاتووە تۆش چەن دەبەیت ببە."

شا بدور فەرمانی دا هەر ٥٠ هیزەکە دابگرنە سەر زەوی با "سەیریان بکات."

سەرۆك فەرمانی دا دایبگرن. سەری یەکێکیانی کردەوە و سەیری کرد. ئەمجا وتی:

"هەر ٥٠ هیزەکەم دەوێت و بایی هەر چەندێك بێت دەیکڕم."

سەرۆکی دەریاوان وتی:

"ئەوە هی پیاوێکی هەژارە، کە خۆی فریا نەکەوت لەگەڵمان بێت."

شابدور پرسی:

"ئەو هیزانە بایی چەندە؟"

سەرۆك وتی:

"بایی ١٠٠ درهەمن."

شازادە بدور وتی:

"ئەوە پەسەندم کرد بەو نرخە!"

فـەرمانی دا، گواسـتیانەوە بـۆ کۆشـك. کـە شـەو داهـات فـەرمانی دا هیزەیـەکیان بـۆ هێنـا، تیانەیـەکی هێنـا و دەمـی هیـزە رۆنـی تیـا قڵـپ کـردەوە سـەرنجی دا، ئـاڵتونیش کەوتـە بـنی تیانەکە. ئەمجا بۆی دەرکەوت کە ئەمانە هەموو زێڕن!! فەرمانی هیزەکانی تریشیان هێنـا و دایان جۆڕاننە تیانەکانەوە و زێڕەکانیان دەرهێنا سەیریان کـرد، رۆنـە چـۆلەکەکە، هیزەیـەك پڕ ناکات! شازادە بدور کەوتە هەڵگێڕ و وەرگێڕی ئاڵتونـەکان، نقێمەکەشـی تیـا دۆزیـەوە. زۆر

به وردی سەرنجی دا، ناسیەوە، کە ئەم نقێمە.... نقێمەکەی سەر دڵی خۆیەتی.. لە خۆشیدا شاگەشکە بوو....... بوورایەوە. کە بە ئاگا هاتەوە بە خۆی وت:

"هەبێ و نەبێ، ئەم نقێمە هۆی دابڕانی قەمەرزەمان بووە لە من... بەڵام ئەمە نوقڵانەی خێر و چاکەیشە!" بە حیاتولنفوسیشی وت کە ئەمە هۆی بە یەك گەیشتنەوەشمە. بۆ سبەینێ کە ڕۆژ بووەوە فەرمانی دا.. سەرۆکی کەشتییەکەی بۆ بێنن. کە هاتە بەردەم شازادە "بدورشا" کڕنوشی بۆ برد ئەمجا شازادە بدور لێی پرسی:

"خاوەنی ئەم ڕۆنەت لە کوێ بەجێ هێشتووە؟"

ئەویش وتی:

"ئەی شای زەمانە ئەومان لەوڵاتی مەجوسە ئاگر پەرستەکان بەجێ هێشتووە و ئەو ڕەزەوانی ڕەز و باخێکە!"

ئەویش فەرمانی پێدا گەر ئەو پیاوەم بە دەستی بەستە بۆ نەهێنن، خوا خۆی دەزانێت چی بەسەر خۆت و پاپۆڕەکەت دەهێنم! فەرمانیشی دا دەست بە سەر باری پاپۆڕەکەدا بگیرێت. ئەمجا وتی:

"خاوەنی ئەم ڕۆنە دوژمنمە! قەرزارمە! گەر نەیدەنە دەستم، دەست بە سەر پاپۆڕ و بارەکەیدا دەگرم و هەموویشتان دەکوژم!"

ئیدی بازرگانە سەرنشینەکانی هانایان بردە لای سەرۆك ویتان، بگەڕێوە، ئەو پیاوە بێنە و ئێمە لە دەست ئەم زۆردارە ڕزگار بکە. پارەی کاروانیەکەشت دەدەین. بۆیە پاپۆڕەکە گەڕایەوە بۆ دوورگەکە و شەو گەیشتە ئەوێ خۆیان کرد بە ڕەزەکەدا. سەیریان کرد قەمەرزەمان بەو شەوە دانیشتووە و خەو لە چاوی تۆراوە و ئەم هۆنراوەیە دەڵێت:

| | |
|---|---|
| هەر دەڵێی شەوی ڕۆژی دوایییە | هێندە درێژە و بێ کۆتاییە! |
| بڵێی ئەم شەویش ڕۆژ ببێتەوە؟ | ڕووناك بێتەوە: ئەم پانتاییە؟ |

لە دەرگای کۆختەکەیان دا و قەمەرزەمانیان لەگەڵ خۆیان برد و خستیانە پاپۆڕەکە و گەڕانەوە، بێ ئەوەی بزانێت بۆ کوێی دەبەن! کە پرسیاری لێ کردن وتیان:

"تۆ دوژمنی شای دوورگەکانی ئەبەنوسیت، ئەگبەت زاوای شا "ئەرمانوس" تۆی دەوێت! تۆ سامانی ئەوت دزیوە!"

ئەویش وتی:

"بەخوا... لە ژیانمدا ئەو مەملەکەتەم نەدیوە!"

کە گەیشتنە جێ قۆڵیان گرت، بۆ لای شازادە بدوریان برد. ئەویش فەرمانی دا بەخزمەتکارەکان: بینەنە گەرماوەکە پاك بیشۆن! فەرمانیشی دا بە سەربازەکان، شمەکە دەست بە سەردا گیراوەکانیان بدەنەوە و ١٠٠٠٠ دیناریش بدەنە سەرۆکی کەشتیەوان.

ئەمجا شابدور گەڕایەوە کۆشك و حیاتولنفوسی تێگەیاند وتی:

"نهێنیم بپارێزە کە بە ئاواتم گەیشتم. کارێك دەکەم کە لە مێژوودا بنوسرێتەوە و هاوڵاتیان و پاشایان بیخوێننەوە."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

# شەوی ٢١٥

## بەسەرهاتی بە یەك شاد بوونەوەی قەمەرزەمان و خاتوبدور

کە قەمەرزەمان، لە گەرماو هاتەدەر، هێندە جوان و بێگەرد دەبێت مانگ لە ئاستیا رووزەرد دەبێت! شا بدور ئارامی گرت و کەنیزەك و خزمەتکاری خستە بەردەست. گەنجینە و سامانی دایە. پلە بە پلە قەمەرزەمانی لە مەملەکەتدا بڵند کردەوە، تاکو هاوڵاتیانیش خۆشیان ویست...! کردیە، خەزنەداری مەملەکەت. قەمەرزەمانیش نازانێت... بۆچی پایەی بڵند دەکەنەوە!؟ تاکو وای لێهات کەوتە خزمەتکردنی هاوڵاتیان و تەنانەت، ئەرمانوسیش بۆیە ئەویش خۆشی دەویست! رەمەکی خەڵکەکە هێندەیان خۆش دەویست.... کە سوێندیان بەسەری ئەو دەخوارد!

شەهرەزاد وتی: کە قەمەرزەمان ئەمانەی بینی بە لایەوە سەیر بوو بە خۆی وت:

"بە خوا ئەم خۆشەویستییە بێ هۆ نییە!! ئەم پاشایە مەبەستێکی هەیە! بۆیە دەبێت: پێی بڵێم کە رێم پێ بدات، سەفەر بکەم!"

ئەمجا چووە لای شا بدور و پێی وت:

"ئەی پاشام... بە راستی رێزێکی زۆرت گرتم، سوپاست دەکەم... ئێستاش هەموو سامان و دارایيم دەگەڕێنمەوە بۆتان و رێم بدەن کە سەفەر بکەم!"

شا بدور بزەیەك گرتی و پرسی:

"چی وا لە تۆ دەکات بە خەم و ماندووبوونی سەر هەڵبگریت. خۆ تۆ لە هیچت کەم نییە!؟"

قەمەرزەمانیش وتی:

"ئەی پاشا ئەم هەموو رێز و پلە و پایەیە گەر هۆیەکی نەبێت لێی عەجایب تر نییە، بە تایبەتی ئەم پلە و پایانە، پیران پێی دەگەن! کەچی تۆ بەخشیوتە بە لاوێکی وەکو من!!"

شابدور دایە قاقای پێکەنین! ئەمجا وتی:

"خۆشەویستەکەم، چەند زوو، ئەو هەموو شەوانەت بیر چووەوە، کە پێکەوە بە سەرمان برد!!"

ئەمجا خۆی پێ ناسان. ئیدی تێگەیشت کە ئەمە ژنەکەی خۆیەتی! شازادە بدورە کچی شا غەیورە، خاوەن دورگە و دەریایانی دوورە! ئیدی هەر یەکەیان بەسەرهاتی خۆی بۆ ئەوی دی گێڕایەوە. شابدور ناردیە شوێن شائەرمانوس، باوکی شازادە حەیاتولنفوس.... ئەویشی تێگەیاند و پێی وت: پیاو نیم و ژنی قەمەرزەمانم، هۆی دابڕانەکەی بۆ گێڕایەوە. کە شا ئەرمانوس، خاوەن دوورگەکانی ئەبەنوس، چیرۆکی شا بدور، کچی شا غەیوری بیست، هێندەی پێ عەجایب بوو فەرمانی دا وەك مێژوو بنوسرێتەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢١٦

# بەسەرهاتی قەمەرزەمان و حیاتولنفوس

شەهرەزاد وتی: شا ئەرمانوس لە قەمەرزەمانی پرسی:

"ئەی کوڕە شا... ئەتوانی.... حەیاتولنفوس مارە بکەیت لەخۆت؟"

ئەویش وتی:

"پرس و ڕا لای شازادە بدورە، چونکە چاکەی بۆ من ، بێ سنوورە!"

کە لە شازادە بدوری پرسی وتی:

"بەڵێ پەسەندمە.. چونکە ئەو ماوەیەی لێرە بووم... ڕێزێکی زۆریان لێ گرتووم. حیاتولنفوسیش نهێنی پاراستووم. خزمەتکار و کەنیزەکیان وەبەر خستووم! شا ئەرمانوس نقومی پیاوەتی و چاکەی کردووم."

کە قەمەرزەمان سەرنجی دا شا بدور حەز دەکات و دەڵێت: دەبمە کەنیزەکی بەردەستی حەیاتولنفوس. لەگەڵیدا ڕێکەوت و بۆ شا ئەرمانوسی گێڕایەوە. شا ئەرمانوسیش زۆر دڵخۆش بوو. ڕۆژێ دواتر شا ئەرمانوس چووە سەرا و سەرکورسی دەسەڵات. فەرمانی دا وەزیران و میران و پیاوانی دەوڵەت، بێنە سەرای حوکم. کە هەموو ئامادە بوون. هەر لە سەرەتاوە تا بنەتا.... بەسەرهاتی شا بدوری بۆ گێڕانەوە، ئەمجا مارەبڕینی حیاتولنفوسی لە قەمەرزەمانی مێردی شا بدور ڕاگەیاند و کورسی پاشایەتی بەخشیە قەمەرزەمان و فەرمانی پاشایەتی ئەوی ڕاگەیاند. ئەوانیش ئەم کارەیان پەسەند کرد و پەیمانیان دا، کە لە ژێر ڕکێفی شای نوێ دا بن، لە فەرمایشتەکانی دەرنەچن. شای نوێ کەوتە چاکە کردن بەرامبەر هاوڵاتیان و دەستگیرۆیی هەژاران و بەردانی گیراوان. ئیدی دانیشتوان نزای تەمەن درێژی شای نوێ و پایەدار بوونی. شایش گومرگی لەسەر کاڵاکان لابرد. بەخێر و خۆشی ژیانی بردە سەر و شەهرەمان شای، باوکی بیر چووەوە!! ساڵان هات و ساڵان چوو، تاکو خوا دوو کوڕی دا بە قەمەرزەمان. کوڕە گەورەکەی لە شازادە بدوری ژنە گەورەی و ناوی "ئەمجەد" بوو، کوڕە بچوکەکەیشی لە ژنە بچووکەکەی حیاتولنفوس بوو ناوی "ئەسعەد" بوو، هەر چەندە هەر دووکیان زۆر جوان بوون. بەڵام ئەسعەد لە ئەمجەد جوانتر بوو.... لە سایەی باوك ودایکیاندا بە ناز و نیعمەت پەروەردە بوون. فێری خوێندن و خۆش نووسی، سیاسەت و سوارچاکی بوون. هێندە جوان بوون کچان و کوڕان شەیدایان بووبوون. ئەمانیش هەمیشە نووستن و هەستانیان، هاتوچۆ و گەڕانیان پێکەوە بوو، سەعاتێك بە بێ یەکتر هەڵیان نەدەکرد. خەڵکی غیرەییان پێ دەبردن. تەمەنیان خۆی لە ١٧ ساڵان دەدا. هەر کە پاشای باوکیان مەملەکەتی بە جێ دەهێشت هەر ڕۆژە و یەکێکیان دەچووە سەرا و حوکمڕان!

قەدەری خوا وابوو، خۆشەویستی ئەسعەدی کوڕی حیاتولنفوس چووبووە دڵی شازادە بدوری باوەژنیەوە! خۆشەویستی ئەمجەدی شازادە بدوریش چووبووە، دڵی حەیاتولنفوسی باوەژنیەوە. ئیدی هەر یەکەیان، کوڕی هەوویەکەی خۆی دەلاوان! تاکو هێندە هۆگری کوڕەکان بوون، کە بێ ئەوان هەڵیان نەدەکرد. تاکو وای لێهات شەیدای کوڕەکان بوون. دواتر ئەم دوو

دایکە خەو و خواردنیان لە خۆیان حەرام کرد. رۆژێکیان پاشا، کاروانی راو و شکاری ئامادە کرد تا بچێتە راو! فەرمانی بە دوو کوڕەدا: بە نۆرە بچنە سەر تەخت. چونکە زۆرم پێدەچێت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ۲۱۷

## بەسەرهاتی "ئەمجەد" و "ئەسعەد"ی کوڕانی قەمەرزەمان

شەهرەزاد وتی: ئەمجەدی کوڕی شازادە بدور، یەکەم رۆژ حوکمڕانی کرد شازادە حەیاتولنفوس، نامەیەکی بۆ ئەمجەد نووسی و تێیدا، خۆشەویستی و ئالوودە بوونی پێیەوە، ئاشکرا کرد! ئەمجا خستیە ناو پارچەیەك ئاوریشم و بۆنی مسکی پێوە کرد و چەند تاڵێکی ئەگریجەی خۆی بڕی و پێی بەست و دایە دەستی خزمەتکارێکی و فەرمانی پێدا بیگەیەنێتە دەست "ئەمجەد". خزمەتکار کەوتە رێ بێ ئەوەی ئاگای لە هیچ بێت...!

چووە سەرا و لەبەردەم ئەمجەددا کڕنوشی برد و نامەکەی دایە دەستی! ئەویش نامەکەی کردەوە و خوێندیەوە و تێگەیشت کە ژنەکەی باوکی دەیەوێت خیانەت لە باوکی بکات. زۆر تووڕە بوو، کەوتە جنێو دان بە ژنان وتی:

""بەڵا"م دا لە ژنانی کاڵفام و بێ ئیمان!"

ئەمجا مستوی شمشێرەکەی گرت و هەڵیکێشا وتی:

"بەڵام دا لە تۆیش ئەی کۆیلەی رووڕەش تۆ چۆن نامەیەك هەڵدەگریت کە خیانەتی باوژنە گەورەکەمی تێدایە؟ هەی ناشیرینی پیس!؟"

شمشێرێکی دا لە ملی کۆیلەکە و سەری پەڕاند. نامەکەیشی پێچایەوە و خستیە گیرفانی. ئەمجا گەڕایەوە کۆشك و خۆی کرد بە لای دایکیدا و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە و دەستی کردە جنێو دان. ئەمجا وتی:

"یەك لە یەك نەگبەت ترن! بەو خوایە... لەبەر دڵی باوکم و ئەسعەدی برام نەبوایە.... هەر ئێستا بۆی دەچوومە ژوورەوە و بەم شمشێرە سەریم وەکو سەری خزمەتکارەکەی دەپەڕاند."

کە حیاتولنفوس بیستیەوە سەری خزمەتکارەکەی پەڕاندووە، کەوتە قسە پێ وتنی و کینەی لێ هەڵگرت. ئیدی ئەو شەوە ئەمجەد... دەمی بۆ نان و ئاو نەبرد و تاکو بەیانی خەوی لێ نەکەوت!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو.......... بۆیە بێدەنگ بوو.

# شەوی ٢١٨

شەهرەزاد وتی: ڕۆژی دواتر، شازادە ئەسعەد، بەرگی شایانەی پۆشی و چووە سەر کورسی حوکمڕانی باوکی، تاکو حوکمی مەملەکەت بکات. حەیاتولنفوسی دایکی، کە ئەو شەوە، لە پەژارەی پەڕاندنی سەری خزمەتکارەکەیدا، خەوی لێ نەکەوتبوو زەرد و بێ هێز بووبوو. شازادە ئەسعەدیش تاکو دوا نیوەڕۆ، حوکمڕانی کرد. شازادە بدوریش، کە زۆری ئەسعەد خۆش دەویست ناردبوویە دووی پیرەژنێکی زۆرزان، ئەو خۆشەویستییەی تێگەیاند، ئەمجا نامەیەکی بۆ ئەسعەد شا نووسی و خۆشەویستی خۆی تێدا نووسی بوو. کە ناتوانێ بێ ئەو هەڵ بکات. لە پارچەیەك ئاوریشمی عیراقیەوە ئاڵان و بە هەندێك لە تاڵی زوڵفی بەستی و بۆنی مسکی پێدا پژاند و دایە دەست پیرەژنە کە بیداتە دەست ئەسعەد شاوە. کە گەیشت ئەسعەد شا هەر خۆی بوو، لە سەرا، دایە پاسەوان و سەعاتێك لە دەرەوە چاوەڕێی کرد. کە شا نامەکەی خوێندەوە، زۆر تووڕە بوو، ژنانی خائینی بە لەعنەت کرد. بە شمشێری رووتەوە چووە دەرەوە و سەری پیرەژنەی پەڕاند. ئەمجا خۆی گەیاندەوە کۆشك و خۆی کرد بە لای حەیاتولنفوسی دایکیدا، بینی لە جێگادا کەوتووە. نەخۆشە و زەرد و لاواز ئەمجا کەوتە جنێو دان بە شازادە بدوری باوەژنی. ئەمجا چووە دەرەوە و بۆ لای ئەمجەدی برای و نامەکەی بدوری دایکی بۆ گێڕایەوە. وتیشی کە سەری پیرەژنەکەی پەڕاندووە! ئەمجا بە ئەمجەدی برای وت:

"بەو خوایە، لەبەر تۆ نەبوایە، هەر ئێستا دەچوومە ژوورەوە بۆ دایکت و سەری ئەویشم دەپەڕاند. "

ئەمجا ئەمجەدیش وتی:

"بەو خوایە برا، چی بەسەر تۆ هاتووە، هەمان شت بەسەر منیش هاتووە! دایکی تۆیش بە هەمان شێوە نامەی بۆ من ناردووە."

ئەمجا چی بە سەر هاتبوو ڕۆژی پێشووتر لەگەڵ حەیاتولنفوسدا، کە ئەمیش سەری خزمەتکارەکەی پەڕاندووە بۆی گێڕایەوە. ئەو شەوە پێکەوە، هەر باسی... ئەم بەسەرهاتەیان دەکرد و بڕیاریان دا، کە قەمەرزەمانی باوکیان لە ڕاو گەڕایەوە بۆی نەگێڕنەوە، گەر بزانێت دایکیان دەکوژێت. ئیدی تاکو بەیانی بەو شێوەیە مانەوە.

بۆ سبەینێ شا قەمەرزەمان لەگەڵ سوپا و دەست و پێوەندەکەی لە ڕاو و شکار گەڕانەوە، پاشا بەرەو سەرای حوکمڕان بووەوە و دوای سەعاتێك وەزیر و پیاوانی دەوڵەتی مۆڵەت دا و خۆی بەرەو کۆشك بووەوە. ژنەکانیشی کە لە کوڕەکان تووڕە و داخ لە دڵ بوون، لە جێگادا کەوتن پێکەوە کەوتنە پیلان دانان بۆ کوڕەکانیان. خەمی ئەوەیان بوو، ڕسوای لای کوڕەکان دەبن.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بۆیە بێدەنگ بوو.

# شەوی ٢١٩

شەهرەزاد وتی: کە شا قەمەرزەمان هەر دوو ژنەکەی بەو جۆرە بینی لێی پرسین:

"ئەوە چیتانە؟"

هەر دووکیان هەستان و دەستیان ماچ کرد و بەسەرهاتەکەیان بۆ گێڕایەوە و پێیان وت:

" ئەی پاشا ئەوە بزانە.. ئە دوو کوڕەی، لە سایەی تۆدا و بە ناز و نیعمەت پەروەردە بوون، خیانەتیان لێ کردیت. بەرامبەر هەر دوو ژنەکەت. حەیاچوونیان کردە کۆڵت!"

کە قەمەرزەمان ئەمەی بیست زۆر تووڕە بوو دنیای رووناکی لێ تاریك بوو، ئاوەزی لە دەست دا. بە ژنەکانی وت:

"ئەمەم بۆ روون بکەنەوە."

شازادە بدور وتی:

"پاشا ئەسعەدی کوڕی ئەم حەیاتولنفوسە، ماوەیەکە نامەم بۆ دەنووسێت و مـن، وەڵامی نادەمەوە و ، خۆم راگرتووە، کە تۆ سەفەرت کرد، بە شمشێری رووتـەوە هەڵی کوتایە سەرم، کە دەرم کرد، ئەویش سەری خزمەتکارەی پەڕاند و کوشتی!"

ئەمجا دەستی کردە شین و هاوار و گریان. وتی:

"گەر حەقی منی لێ نەسەندیت! پێویستم بە ژیان نەماوە، خۆم دەکوژم خۆم لەم ئابڕوو چوونە رزگار دەکەم."

ئەمجا حەیاتولنفوسیش بە هەمان شێوەی "هەویە"کەی دەستی پێ کرد. وتی:

"گەر حەقم نەسەندی، بۆ ئەرمانۆسی باوکمی دەگێڕمەوە."

ئەمجا هەر دووکیان دەستیان کردەوە بە گریان و لە خۆدان لەبەردەم مێردەکەیانـدا. بۆیە هێندەی تر رقی هەستا و شمشێری هەڵکێشا و چوو تـاکو هـەر دوو کوڕەکەی بکوژێت بـەڵام تووشی بوو بە تووش ئەرمانوسەوە، کە ئەمیش هاتبوو بۆ بەخێرهێنانـەوەی لـە سـەفەری راو و شکارەکەی. کە بەو تووڕەییەوە بینی پرسی:

"ئەوە چیتە؟"

ئەویش چی بە سەر ژنەکانی هاتبوو بۆی گێڕایەوە وتیشی:

"ئەوا، ئێستاش دەچم دەیان کوژم و لاشەکانیان پارچە پارچە دەکەم."

ئەرمانوسیش زۆر تووڕە بوو وتی:

"زۆر چاك دەکەیت کوڕم، "بەڵا"م دا لەو کوڕانەی، ئەو کارانـە دەکـەن بەرامبـەر باوکیان بەڵام کوڕەکەم هەر کەس لە ئەنجامی کاری نـەنواڕێ هـەرگیز داهـاتووی نابێتـە هاوڕێ! هەر چۆنێك بێت ئـەوان کـوڕانی تـۆن. گـەر بـە دەسـتی خـۆت بیـان کـوژی، تـا دەمریـت پـەژارەی پەشیمانی دەکێشیت.... بیان دە دەستی یەکێك لە پیاوانی دەوڵەت و بیان با بۆ بیابان و بیان کوژێت. ! چونکە پەندێکی پێشینان هەیە دەڵێ: دووری دۆستت چاکە و هەم خاترجەمە.. کە چاو نەبینی دڵیش بێخەمە!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو................ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٢٠

# بەسەرهاتی ئەمجەد و ئەسعەد و خەزنەدار

شـەهرەزاد وتـی: کـە قەمـەرزەمان ئەمـەی لـە ئـەرمانوس بیسـت، پەسـەندی کـرد و شمشێرەکەی کـردەوە بـە کالانـدا و بـەرەو دیوەخـان و سـەرای مەملەکـەت بـووەوە و لەسـەر کورسی پاشایەتی دانیشت بـۆ حـوکمڕانی. ناردی بـە شـوێن خەزنـەداردا کـە پیـاوێکی پیری دنیادیدە بوو. فەرمانی پێدا:

"بـڕۆ هـەر دوو کوڕەکـەمم بـۆ بێنـە و قۆڵبەسـتیان بکـە و دوو سـندوقیش ئامادە بکـە و هێسترێك هەر یەکەیان بخە سندوقێکەوە و سەرپشتی هێسترەکەی بخە و بیان بە بیابان لەوێ سەریان ببڕە و دوو شووشە خوێنیان لێ بگرە و جێیان بهێڵە و بگەڕێوە!"

خەزنەدار وتی:

"فەرمایشتە!"

چووە دەرەوە، چەند سەربازی دوای خـۆی خسـت و ڕۆیشـت کوڕەکان بگرێـت. کە ڕووانـی هەر دووکیان لە دالانی سەرادان و خۆیان پۆشیوە و هـاتوون بـەخێر هاتنـەوەی باکیـان بکـەن. ئەمیش چووە بەردەمیان و وتی:

"باوکتان فەرمانی بە من داوە کە بتـان گـرم و بتـان بەمـە بەردەسـتی. بـڕوایش ناکـەم لـە فەرمانی باوکتان دەربچن!"

ئەوانیش وتیان:

"چۆن دەڵێیت با وا بێت، ئێمە لە فەرمانی باوکمان دەرناچین."

ئەمجا فەرمانی دا هەر دووکیان قۆڵبەست کردن و کردنیە دوو سندوقەکە و بـاری کردنـە هێسـترەکە و بـەرەو بیابـان بـووەوە تـاکو دەمـەونیوەڕۆی ئـەو ڕۆژە بـەڕێوە بـوون. گەیشـتنە بیابان و چۆڵەوانی، ئەمجا دابەزی و بارەکـەی داگـرت و دوو براکـەی هێنایـە دەرەوە شمشێری لێ هەڵکێشان و وتی:

"بەو خوایە کوڕەکانم، هەرگیز حەز ناکەم بەم شێوە ناشیرینە بکوژرێن، بەڵام چارم نییـە و من فەرمان پێدراوم کە دەبێت لە ملتان بدەم."

ئەوانیش بە ناچاری وتیان:

"فەرمانی باوکمان جێبەجێ بکە. ئێمە ڕازین بە قەزای خوا. خواحافیزیان لە یـەك کـرد. ئەسعەدیان بە خەزنەداری وت:

"توخوا، یەکەم جار من بکوژە. چونکە بەرگەی بینینی کوشتنی ئەمجەدی برام ناکەم!"

ئەمجەدیش بەهەمان شێوە پاڕایەوە کە ئەم لە پێشەوە بکوژێـت! ئـەوەی کـردە بیـانوو کـە ئەسعەد بـرای بچووکە...! بـا سوێی نەچێتە دڵمـەوە! ئیـدی زۆر بـۆ خۆیـان لانـەوە و گریـان خەزنەداریش خۆی پێ نەگیرا و دەستی کردە گریان. ئەمجا برایەکیان بەوی دی وت:

ئەمە پیلانی دوو خائینەکەی دایکم و دایکتە! ئەمە پاداشتی خۆمە الا لە لایەن دایکتەوە و پاداشتی تۆیش لە لایەن دایکمەوە. لاحول و لاقوە الا............ اناللە و انالیە راجعون. بە دەم هەناسە هەڵکێشانەوە ئاوا خۆی لاوانەوە:

ئەی رووگەی هەژار هی لێقەوماوان ئەی نەخشەکێشی بەلای داماوان
بێ‌لە دەروازەی ئێوە شوێن نییە! بۆ قاپیت هاتووم بەهەڵە داوان
گەنجینەی چاکەت هەر دەم والایە خێر بارانم کە بینایی چاوان

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

## شەوی ۲۲۱

شەهرەزاد وتی: کە ئەمجەد گریانی براکەی بینی: خۆی دا بە سەریدا و وتی:

ئەی تواناداری گەورە و بالادەست زانایە هەموو خاوەن هۆش و هەست
هەر جارێ کەوا لە من قەومابێ فریاد رەسم بوویت دەست داوە دەست

ئەمجەد بەخەزنەداری وت:

"سوێندت دەدەم، بە تاقانەی قەهار، پاشای سەتار، پێش ئەسعەدی برام، من بکوژە. با ئاگری دڵم بکوژێتەوە. مەهێڵە داگیرسێتەوە!"

ئەسعەد گریا و وتی:

"کەس پێش من ناکوژیت!"

ئەمجەد وتی:

"بە رای من دەستمان بکاتەوە، با دەست بکەینە ملی یەکتری و پێکەوە سەرمان ببەرێنێت!"

خەزنەدار بە قسەی کرد و پێکەوەی بەستن و شمشێری بڵند کردەوە و وتی:

"بەخوا.. گەورەکانم پێم خۆش نییە بتان کوژم. کارێکتان نییە دوای مردنتان جێبەجێی بکەم؟ وەسیەتێکتان نییە، قسەیەکتان نییە، بیگەیەنم؟"

ئەمجەد وتی:

"کە ئێمەت کوشت و گەڕایتەوە لای پاشا........... چیت دی بیگێڕەوە و بڵێ کوڕەکانت سڵاویان هەبوو بۆت... دەیان وت.... دەیان وت: تۆ نازانیت ئێمە، بێ‌تاوانین یان تاوانبار! هەر دووکیانت کوشت و لێکۆڵینەوەت نەکرد و ئاگات لە حاڵیان نەبوو." ئەم دوو دێڕە هۆنراوەیشی وت:

ژنان شەیتانن بۆ ئێمە کران لە ترسیان پەنا بۆ یەزدان بران
سەرچاوەی بەلا و کێشە و رووداون لەسەر زەویدا و نێو زیندەوەران

ئەمجەد وتی:

"هیچمان لێت ناوێت، تەنیا خوێندنەوەی ئەم دوو دێڕە هۆنراوەیە نەبێت... بۆ باوکمان. پەلە مەکە با ئەم دوو دێڕەش بۆ براکەم بڵێم... بە دەم گریانەوە وتی:

رێی مردن هەبووە لە دەمێکەوە
رێی رەمەکی بوو بە مەلیکەوە

ڕێبوارەکانی ئاخۆ چەند بووبن؟ بۆی را بمێنە و بیری لێکەوە
کە خەزنەدار ئەمەی بیست زۆر گریا. بەڵام ئەسعەد ئەم دێڕانەی وت:
بە چاوەوە بوویت: ئەمجا زەمانە بەسەر وێنەت دا چاو بە گریانە
هەر کە لە چاڵێك هەڵنوویت: نیتر خەنجەر لە پشتت ئەدا بێگانە
ئەمجا بە چاوی فرمێسك بارەوە، کەوتەوە دنیای ئەم هۆنراوەوە:
ڕۆژ و شەوانی زەمانە وایە هەزاران فێڵ و تەڵەکەی تیایە
تارمایی دەرگا: سمێل با برە تاریکیش بۆیە وا، جەرگ برە
ئەمجا بە هەنسك هەڵکێشانەوە بەم شێوەیە کەوتە لاوانەوە:
ئەی دنیا پەرست ئەوە بزانە ژیان پڕ خەم و پەژارە و ژانە
دنیاماڵێکە زۆر خۆشە ئەمڕۆ ژیانت خۆش و سوك و ئاسانە
پشتی تێ بکە ئاسوودە دەبی سبەینێ چاوت بۆی بە گریانە
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٢٢

شەهرەزاد وتی: کە ئەسعەد لە شیعرەکە بووەوە بە شێوەیەك باوەشی بە براکەیدا کرد و وەك یەك جەستەیان لێهات. خەزنەداریش شمشێرەکەی بلند کردەوە.... تا دای بێنێتە خوار. ئەسپەکەی سڵەمیەوە و کەوتە غارکردن. ئەسپێك کە بایی ١٠٠٠ دینار بوو. زێنێکی گرانبەهایشی بەسەر پشتەوە بوو. شمشێری فرێدا، کەوتە شوێنی، تا گەیشتە دارستانێك، هەر بە دوایەوە بوو.

ئەسپ چوارناڵەی دەکرد و خەزنەدار بە دوایدا ڕای دەکرد. ئەسپ کەوتە پرخە و حیلە. ئەو دارستانە شێرێکی گەورەی ترسناکی تێدا بوو. گڕ لە چاوانی دەباری. شێرێکی بەد فەساڵ... ڕوویەکی تاڵ. خەزنەدار کە سەیری کرد، بەرەورووی دێت. شمشێرەکەیشی جێهێشتووە، ڕای کرد لەدەستی. لەدڵی خۆیدا وتی:

"لاحول و لاقوە الا بالله العلی العظیم. ئەمەش بە هۆی تاوانی ئەمجەد و ئەسعەدەوە بە سەر من هات. ئەم سەفەرەم شووم بوو."

وتیان :

"خۆزگە هەر زوو بیکوشتینایە و ڕزگارمان بوایە! نازانین ئەم ئەسپە سڵی کرد و هەڵی تیزان، خەزنەداریش بۆ کوێ شوێنی کەوت و ئاوا بە بەستراوی ئێمەی جێ هێشت. بگەڕایەتەوە و ئێمەی بکوشتایە و لەم سزادانە باشتر بوو."

ئەسعەد وتی:

"براکەم.... ئارام بە، هەر دێتەوە خوایش بەزەیی بە ئێمەدا هاتەوە. بۆیە: ئەسپەکە، سڵەمیەوە و هەڵی تیزان. ئێمەش تینوێتی ئازارمان دەدا."

ئیدی کەوتە جووڵە جووڵ بە ڕاست و چەپدا. پەتەکە کرایەوە. ئەمجا براکەشی کردەوە و شمشێرەکەی بە دەستەوەگرت و وتی:

"بەوخوایە... ناچین بە هیچ لایەکدا، تاکو نەیدۆزینەوە و نەزانین خەزنەدار چی بەسەر هاتووە؟"

شوێن پێیان هەلگرت، تا گەیشتنە ناو دارستانەکە. ئەمجا بە یەکتریان وت:

"خەزنەدار و ئەسپەکەی لەم دارستانەیان تێنەپەڕاندووە."

ئەسعەد بە براکەی وت:

"تۆ لێرە بوەستە، تاکو من بچمە ناوەوە سەیرێك بکەم."

ئەمجەد وتی:

"شتی وا نابێت، هەر دووکمان پێکەوە دەبین، سەلامەت بووین با پێکەوە سەلامەت بین، تاچووین پێکەوە با تیابچین."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ۲۲۳

شەهرەزاد وتی: کە چوونە ناو دارستانەکەوە، بینیان، خەزنەدار وەکو چۆلەکەیەکە بە دەست شێرەکەوە، هێندە ماندوو بووە، روو لەئاسمان دەپاڕایەوە. ئەمجەد شمشێرەکەی لێ وەرگرت و هەڵی کوتایە سەر شێرەکە و شمشێرێکی دایە نێوچاوانی دا و خستی. میری خەزنەدار، هەستایە سەرپێ و سەری لەم دوو برایە سوڕما! خۆی دا بە سەر پێڵاوەکانیاندا و وتی:

"بەو خوایە.. نەدەبوو، خەریکی کوشتنی ئێوە بوومایە. ئێستاش رۆحم بەقوربانتان دەکەم."

ئەمجا خەزنەدار پرسی: کە چۆن خۆیان کردۆتەوە، بۆیان گێڕایەوە، کە خەریك بووە، لە تینودا کوێر بین و تەقەلایان داوە و یەکێکیان پەتەکەی کراوەتەوە و ئەوی دی کردۆتەوە، ئەمجا شوێن پێی ئەسپەکەیان هەلگرتووە، تاکو هاتونەتە دارستانەکە. ئەمجا خەزنەدار سوپاسی کردن، کە لە دارستانەکە هاتنە دەر دوو براکە پێیان وت:

"مامە گیان، فەرمانەکەی باوکمان بە جێ بێنە."

خەزنەدار وتی:

"هەرگیز ئازارتان نادەم، لە جیاتی ئەوە، بەرگی خۆم دەدەم بە ئێوە لەبەری بکەن، بەرگەکانی ئێوەش دەبەمەوە و دوو شووشە لە خوێنی شێرەکەشی دەبەمەوە و دەڵێم کوشتومن! ئێوەش، زەوی خوا پان و پۆڕە سەری خۆتان هەلگرن.... هەر چەند دابڕانتان بۆ من پەژارەیە!"

ئەمجا هەر دوو برا و خەزنەدار دەستیان کردە گریان. بەرگەکانیان داکەند و خەزنەدار سواری ئەسپەکەی بوو، بەرەو شار گەڕایەوە. چووە بەردەم پاشا و کڕنووشی بۆ برد و پاشا

که بینین ڕەنگی تێك چووە، وتی ئەوە بە هۆی کوشتنی دوو کوڕەکەیەوەیە. دڵخۆش بوو وتی:

"کارەکەت جێبەجێ کرد؟"

خەزنەداریش وتی:

"بەڵێ گەورەم."

ئەمجا دوو بووخچە جل و بەرگی دوو کوڕەکەی و دوو شووشە خوێنەکەی خستە بەردەم.

پاشا وتی:

"چیت لێ بینین، هیچ وەسیەتێکیان بۆ نەکردیت؟"

ئەمیش وتی:

"ئارام و خۆڕاگر بوون! ئەمجا وتیان: سەلامی ئێمەی پێ ڕابگەیەنە و پێی بڵێ، ئێمە لە خوێنی خۆمان خۆش بووین، تکایە ئەم دوو دێڕە هۆنراوەیەی بۆ بخوێنەوە:

ژنان شەیتانن بۆ ئێمە کران    لەترسیان پەنا بۆ یەزدان بران

سەرچاوەی بەڵا و کێشە و رووداون    لەسەر زەویدا و نێو زیندەوەران

که پاشا ئەمەی بیست.... سەری داخست، تێگەیشت کە لە خۆڕا کوژران ئەمجا هەر دوو بوخچەکەی کردەوە و جلەکانی هەڵدەدایەوە، دەگریا. گیرفانی جلەکانی ئەسعەد گەڕا نامەیەکی بینی، کە بە تاڵی زوڵفی بدور پێچراوە و کە کردیەوە بە دەست و خەتی شازادە بدور نووسراوە. دوای خوێندنەوەی ئەمجا گیرفانی جلەکانی ئەمجەدیش گەڕا نامەکەی ئەویشی دۆزیەوە بە هەمان شێوە، بە تاڵی زوڵفی "حیاتولنفوس" پێچرابوو، کە کردیەوە بینی دەست و خەتی ئەوە. بۆی دەرکەوت ئەمجەدیش بە خۆڕا کوژراوە! بۆیە دەستی بە دەستدا دا و بە چەپۆك بەربووە دەم و چاوی خۆی و وتی:

"ئەی هاوار بۆ دوو کوڕەکەم."

دواتر فەرمانی دا دوو گۆڕیچە بۆ دوو کوڕەکەی هەڵبەستن، کەوتە لاواندنەوەیان:

مانگی بزربووی ئەودیوی هەوران    بە سەرتا گریان هەموو ئەستێران

دڵم نەدەهات بە دل سەیرت کەم    نەکو بکەونە بەر تیری چاوان

ئەمجا لەسەر گۆڕیچکەی ئەسعەدیش بە دەم گریانەوە وتی:

لەترس و بیمی ژیان پاراستم    قەدەری خوایش بەدەر لە خواستم

ئەمجا زۆر بە کوڵ گریا. ئیدی لەو قسن و دوو گۆڕیچەیە دوور نەدەکەوتەوە، بەڵام لە هەر دوو ژنەکەی و خۆشەویستانی دوور کەوتەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

# شەوی ٢٢٤

## چیرۆکی چوونە شاخی ئەمجەد و ئەسعەد

شەهرەزاد وتی: پاشا ئەوە حاڵی بوو. ئەمجەد و ئەسعەدیش دایانە شاخ و مانگێك بەڕێوە بوون. خواردنیان بەری درەخت و گژوگیا بوو. خواردنەوەیان ئاوی کانی و باراناو بوو. ئەمجا گەیشتنە شاخێك بەردەکانی بەردە ئەستێی ڕەش بوو. دوو ڕێیانێك لەم شاخەدابوو...! یەکێکیان بەرەو بان و ئەوی دی بە لاپاڵیدا دەڕۆیشت. ئەمانیش ڕێگەی بەرەوبانیان گرتەبەر. ٥ ڕۆژ بە ڕێوە بوون. زۆر ماندوو بوون و هیچیان نەهاتە ڕێ! ئەوانیش فێرە ماندوو بوونی زۆر نەبووبوون. ئەمجا بە شوێنی خۆیاندا گەڕانەوە. ئەمجا ڕێی قەدپاڵیان گرتەبەر. هەر لە بەیانیەوە تاکو شەو بەڕێوە بوون. ئەسعەد کە زۆر ماندوو بوو وتی:

"براکەم.... خۆڕاگر بە... تا خوا دەرووییەکمان لێ دەکاتەوە."

نزیکەی سەعاتێکیش ، بە شەو ڕۆیشتن دیسان ئەسعەد هاواری لێ هەستا و خۆی دا بە زەویدا و دەستی کردە گریان وتی:

"ئیدی توانام نەماوە."

ئەمجەد براکەی دا بە کۆڵیدا و سەعاتێك دەڕۆیشت و سەعاتێك دادەنیشت. ڕۆیشت تاکو ڕۆژ بووەوە. کە سەیری دەوروبەری خۆی کرد بەو شاخەوە دار هەنارێك و کانی و ئاو و بەردەنوێژەکیان بینی. لە خۆشیدا بڕوایان بە خۆیان نەدەکرد. ئەمجا دەم و چاویان شت و ئاویان خواردەوە و دەستیان کردە هەنار خواردن. تاکو دوا نیوەڕۆ لێی نووستن. پێیەکانی ئەسعەد ئاوسابوون بۆیە ٣ ڕۆژ لەوێ مانەوە. ئەمجا چەند شەو و ڕۆژ بەڕێوە بوون. زۆر ماندوو و تینوو بوون. شارێکیان دوور بە دوور بینی، زۆر دڵیان خۆش بوو. بەرەو ئەوێ بوونەوە تاکو گەیشتن، سوپاسی خوایان کرد. ئەمجەد بە ئەسعەدی وت:

"براکەم، تۆ لێرە چاوەڕێم بە، با خۆم بکەم بە شاردا و بزانم ئێرە کوێیە؟ هی کێیە؟ ئێمە لە کوێی ئەم زەوییە پان و پۆڕەداین؟ چەندەمان ڕێگا بڕیوە؟ خۆ... ئەگەر هەر بە ڕێگاکەدا بڕۆیشتینایە. ساڵێکمان پێدەچوو. سوپاس بۆ خوا، کە بە بێەوەی دەرچووین."

ئەسعەدی برای وتی:

"شتی وا نابێت، خۆم نەبێت کەس ناچێت. چۆن سەعاتێك لێرە خۆم پێ دەگیرێت؟ ناتوانم لێت دوور بم!"

ئەمجەد وتی:

"دە..... بڕۆ و پەلە بکە!"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بۆیە بێدەنگ بوو.

# شەوی ٢٢٥

## بەسەرهاتی ئەسعەد و بارامی مەجوسی

شەهرەزاد وتی: ئەسعەد لە شاخ دابەزی، چەند دینارێکی لەگەڵ خۆی برد گەیشتە دامێنی چیا و خۆی کرد بە شاردا، هەندێ شەقام و کۆڵان گەڕا.... پیرێکی ریش پانی بینی کە ریشی کردبووە دوو بەشەوە. جل و بەرگێکی نایابی لەبەردا بوو. گاڵۆکێکی بە دەستەوە بوو. عەمامەیەکی سووری بە سەرەوە بوو. کە ئەسعەد ئەمەی بینی سەری لێی سوڕما! بۆیە لێی چووە پێش و پرسی:

"لە کام رێگاوە بچمە بازاڕ؟"

پیرەمێرد، بە روویدا پێکەنی و وتی:

"لەوە دەچێت نامۆ بیت."

ئەسعەدیش وتی:

"بەڵێ... نامۆم!"

ئەمجا پیرە وتی:

"ئێرەت رووناك کردەوە و ماڵی خۆتان تاریك. پێویستیت چییە بە بازاڕ؟"

ئەسعەدیش وتی:

"مامە برایەکم هەیە لەو شاخە جێم هێشتووە، رێبواری رێی دوورین. ٣ مانگە بەرێوەین! هاتووم پێداویستی و خواردنی بۆ بەرم." پیرە وتی:

"مژدە بێت، منیش خواردنێکی زۆرم لە ماڵەوە کردووە و خەڵکێکی زۆرم میوانە. بۆ لەگەڵ من ناگەڕێیتەوە بۆ ماڵ. خواردنی باش لەگەڵ خۆت بەرەو منیش ئەحواڵی ئەم شارەت بۆ باس دەکەم سوپاس بۆ خوا، کە رووبەڕووی من بوویتەوە کەسی ترت نەبینی کوڕەکەم." ئەسعەد وتی:

"چۆن دەڵێیت باوابێت بەڵام خێرا کە... براکەم چاوەڕێمە"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٢٢٦

شەهرەزاد وتی: پیرەمێرد دەستی ئەسعەدی گرت و بەرەو ماڵ بوونەوە پیرەمێررد بە روویدا پێکەنی و جاروبارێ دەیوت:

"گەورەیی بۆ ئەوەی تۆی لە دەست خەڵکی ئەم شارە قوتار کرد."

خۆیان کرد بە کۆڵانێکی دوورودرێژی تەنگەبەردا. هەر رۆیشتن تا گەیشتنە بەرماڵێك و خۆیان کرد بە ژووردا. ئەسعەد هۆڵێکی گەورە و ٤٠ پیرەمێردی بینی کە بە شێوەی بازنەیی

دانیشتبوون و ئاگرێك لەناوەڕاستیاندا دەسووتا. ئەمانیش دەیان پەرست! ئەسعەد كە ئەمەی بینی موچڕكە بە لەشیدا هات. ئەمجا پیرەمێرد بانگی كردن:

"پیرەمێردانی بەسۆز، ئەم رۆژەتان پیرۆز."

ئەمجا بانگی كرد "غەزبان". قولە رەشێك هات. درێژ و ناشیرین و لوت پانەوە بوو. چاوێكی لێ داگرت ئەویش ئەسعەدی قۆڵبەست كرد. ئەمجا فەرمانی پێدا بیبە ژووری ژێر زەمینەكە و بە كەنیزەكەكە بڵێ، شەو و رۆژ سزای بدات. كە گەشتە ئەوێ، بەیانیان نانێك و ئێواران نانێك مووچەی بوو. نیوەڕۆ گۆزەیەك ئاو ئێوارەش گۆزەیەك ئاوی سوێر. پیرانیش لەسەر ئەوە رێكەوتن: كە جەژنی ئاگر هات، لەسەر چیا دەیكەنە.... قوربانی بۆ ئاگرەكە!"

كەنیزەكەكە، لێدانێكی باش لێی دا و گۆزەیەك ئاوی سوێری لە ژوور سەری دانا و جێی هێشت. كە ئەسعەد نیوەشەو بە ئاگا هات. هەموو گیانی ئازار بوو، بەستراببووەوە. ئەمجا بیری لەو خۆشی و ئاسوودەییەی جاران و دابڕانی لە پاشای باوكی كردەوە و زۆر گریا! ئەم هۆنراوەیەی وت:

وێنەی ماڵمان چۆنە با: وابێ ... بەیادەوەری ساڵان ئاوابێ
فەلەك لە یەكتر وا دای بڕیوین ... كەچی حەسودان دڵیانوا نابێ
لۆمەكارێكم قەمچی وەشێنە ... هێندەم لێ پڕە: دڵی چا نابێ

شەهرەزاد هەستی كرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٢٧

شەهرەزاد وتی: كە ئەسعەد هۆنراوەكەی تەواو كرد، دەستی بۆ ژوور سەری درێژ كرد، لەتێ نانی هێنا و تۆزێ ئاوی سوێری كرد بە سەریدا، ئیدی تاكو رۆژ بووەوە خەوی لێ نەكەوت. ئەمجا كەنیزەكەكە هات و كردیەوە و جل وبەرگی خوێناوی، چەند پارچە پێستی لەشیشی پێوە بوو گۆڕی. ئەسعەدیش بەدەم ئاخ و ئۆفەوە وتی:

"گەورەم، ئەگەر ئازاری من سوودی تۆی تیایە، باوا بێت. ئەگەرنا... خوا تۆڵەی ....... منت لێ بكاتەوە. ئەمجا وتی:

خوایە بە پەلەی قەدەرم مەبە ... كە پێی رازی بم سوار سەرم مەبە
زوڵمیان لێم كرد و ئێستاش بوونە پیاو ... رەنگە: بهێنن: پاداشتی گونجاو
كێشەت دیاری كە: ئەمجا بیخە روو ... قەدەری خوایە: هەر چیەكیش بوو
خۆ: رەنگە: كارێك خۆی قێزەون بێ ... كەچی: ئەنجامی: باش و رۆشن بێ!
ویستی خودایە: هەر چییەك روویدا ... نەبێتە رێگر: ئامان! بە روویدا

شەهرەزاد هەستی كرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٢٨

شەهرەزاد وتی: کە لە هۆنراوەکە بووەوە، کەنیزەکەکە دەستی کردەوە بە لێدانی. گۆزەیەکی دی ئاوی سوێر و نانێکی لە ژوور سەری دانا و بە ماندوویی و ئازار و خوێن لێ ڕۆیشتوویی و قۆڵبەست کراوی و پێ بە پێوەندەوە جێی هێشت... دیسان ئەمیش براکەی و شادی و بەختەوەری جارانی خۆی بیر کەوتەوە بۆیە ئەم شیعرەی وتەوە:

فەلەك چیت نەکرد لە نێو بەشەردا          چەندین جار برا و برات بە شەڕدا
سەیرە هاوڕێیان بە من گاڵتە کەن پێم ڕابوێرن و وا لاقرتە کەن
وا منت: کەڕ و کاش و بێ هۆش کرد          دڵی دوژمنت: کە بە من خۆش کرد
بەندت کردم و دوو قۆڵت بەستم  تا وەکو دەستی خۆمت پێ گەستم
شەوم درێژە و ڕۆژهەڵنایە لێم          چونکە بەخەمی ئەوە دەسوتێم
خەمە و پەژارە و دووریە و تاسە  داخ و حەسرەت و قووڵی هەناسە
تاسەت دەکێشم خەمە نۆشینم          لە تاو دووریەکەت گردەنشینم
هیچ کەسێ بۆ من بەزەی نەجولا  بەسەرما بێت و بمدا تەسەلا
ڕاز و گلەیی بۆ هەڵبژێرم          پەژارەی خۆمی هەموو پێ بێژم

کە شیعرەکەی کۆتایی پێ هێنا.:.. دیسان دابڕانی لە براکەی بیر هاتەوە.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٢٩

# چیرۆکی ئەمجەد و بەرگدرووەکە

شەهرەزاد وتی: ئەمە حاڵی ئەسعەد بوو. ئەمجەدیش لە شوێنی خۆی مایەوە و تاکو نیوەڕۆ چاوەڕوان بوو. ئیدی دڵی کەوتە تەپ و کۆ و ترسی دابڕانی لێهات، فرمێسك لە چاوانی باری. هاواری کرد:

"برا ڕۆ، هاوڕێم ڕۆ چی لە دابڕان ناخۆشترە؟"

ئەمجا بەرەوشار بووەوە. کە چووە ناوشار ناوی شارەکە و خەڵکەکەی پرسی.

وتیان:

"ئەمە شاری مەجوسە ودانیشتوانی ئاگرپەرستن!"

ئەمجا پرسیاری شاری ئەبەنوسی کرد. پێیان وت:

"بە ڕێگای سەرزەویدا بڕۆیت بە ساڵێك . بە دەریادا ٦ مانگت پێ دەچێت. جاران ئەرمانوس شا حوکمڕانی بوو، ئێستاش شا قەمەرزەمان پاشایەتی. کە حوکمڕانێکی چاکە.... خێرەومەندە و دەست پاکە."

که ئەمجەد باسی باوکی بیستەوە دەست کردە گریان ئیدی خۆیشی نەیدەزانی روو بکاتە کوێ!؟ هەندێ خواردنی کڕی و دەگەڕا بۆ پاسارێك، تێیدا بخوا و بحەوێتەوە. کە دەستی بە خواردن کرد براکەی بیرکەوتەوە و خواردنەی بۆ تەواو نەکرا. هەستا و دەستی کردەوە بە گەڕان بە ناو شاردا. تاکو لە بەردەم دوکانی بەرگدروویەکدا گیرسایەوە و لای دانشت ئەمجا بە دەم گریانەوە بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە. بەرگدروویش وتی:

"گەر بەردەستی مەجووسان کەوتبێت، زۆر بە گران دەی بینیەوە! خوا بکات پێی شاد بیتەوە."

ئەمجا وتیشی:

"وا چاکە ببیتە شاگردم لای من بمێنیتەوە."

دوای ماوەیەك خەیاتێکی باشی لێ دەرچوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو....... بێدەنگ بوو.

## شەوی ۲۳۰

## چیرۆکی ئەمجەد و بەهادۆر و کیژەکە

شەهرەزاد وتی: رۆژێکیان ئەمجەد، چووە گەرماو و دواتر بەرگی جوانی لەبەر کرد. چووە ناوشار. کیژێکی جوانی سنەوبەر باڵا، پۆشی بووی بەرگی ئاڵووالا. هێندە ناسك بوو ئەو دەم و لێوەی.... کە لە دنیادا نەبوو لە شێوەی! کیژە لای کردەوە و بە ئەمجەدی وت:

"بمکە میوانت!"

ئەویش شەرمی کرد نیازەکەی بەجێ نەهێنێت! بۆیە کیژە شوێنی کەوت. ئەم کۆڵانە و ئەو کۆڵانیان کرد. ئەمجەد نە رووی دەهات بیباتەوە ماڵی کابرای بەرگدروو، نە خۆیشی لا ودیوەخانی بوو. کیژە ماندوو بوو ئەمجا پرسی:

"گەورەم ماڵت لە کوێیە؟"

ئەمجەدیش لە وەڵامدا وتی:

"ئەمەندەمان نەماوە!"

ئەمجا سوڕایەوە بۆ کۆڵانێك کە پڕ بوو لە کۆشك و خانووی رازاوە. کیژەش بەدوایەوە. رۆیشتن... رۆیشتن.. تا گەیشتنە ئەو سەری کۆڵانەکە. سەیری کرد کۆڵانەکە دەرناچێت!! لە دڵی خۆیدا وتی:

"لاحول لاقوه الا بالله العلی..."

ئەمجا وردتر سەرنجی دا، دەروازەیەکی داخراوی دووتاکی گەورە بەرامبەرێتی. دوو سەکۆیش لەم لاو ئەولای دەروازەکەوەن. هەر یەکەیان لەسەر سەکۆیەکیان دانیشتن.

کیژە وتی:

"چاوەڕێی چی دەکەیت؟"

ماوەیەك بە بێ دەنگی سەری داخست ئەمجا وتی:

"چاوەڕێی کۆیلەکەمم، چونکە کلیلی دەروازە لای ئەوە، پێم وتووە، خواردن ئامادە بکات و مەی و پیاڵە و میوە برازێنێتەوە."

ئەمجا لە دڵی خۆیدا وتی: بەڵکو ئەمە خوایە.... زۆری پێ بچێت و ئەم کیژە، ئارام نەگرێت و بڕوات بە ڕێی خۆیەوە و منیش بە ڕێی خۆمەوە."

کیژە ئارامی لەبەر بڕا و وتی:

"گەورەم کۆیلەکەت دواکەوت و ئێمەش... لە کۆڵان دانیشتووین!"

ئەمجا کیژە بەردێکی هەڵگرت و کێشای بە کڵۆمی دەروازەکەدا. کڵۆمەکە بوو بە دوو کەرتەوە. ئەمجەد وتی:

"پێم نەوتیت پەلە مەکە، وا کۆیلەکە پەیدا دەبێت."

کە دەروازەکەی کردەوە، ئەمجەد پرسی:

"چاوەڕێی بینینی چی بوویت لەو دیو دەروازەکەوە؟"

کیژە ناسکەکەیش وتی:

"وی لە تۆ.... ئەی ئەم ماڵی خۆت نییە؟"

ئەمیش وتی:

"بەڵێ ڕاست دەکەیت بەڵام پێویستی بەوە نەدەکرد. کڵۆم و کێلونی دەروازەکە بشکێنی."

کیژە چووە ئەو دیو دەروازەکە.......... ئەمجەدیش سەراسیمەبوو...... خەمی خاوەن ماڵی بوو! نەیدەزانی چی بکات!

کیژەش وتی:

"دێیتە ژوورەوە؟"

ئەمجەد لە وەڵامدا وتی:

"هەر ئێستا، ئەوە کۆیلەکەش دواکەوت، نازانم ئاخۆ.... شتەکان ئامادە کرابێت!؟"

ئەمجا چووە ژوورەوە و زۆریش لە خاوەن ماڵ دەترسا. کە چوونە ژوورەوە، هۆڵێك و ٤ هەیوانی بەرامبەر بە یەکیان بینی. کە بە ڕاخەری پڕ نەخش و نیگار و پەردەی چنراوی ئاوریشم ڕازابووەوە! لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا حەوزێکی ٨ پاڵو هەبوو. کە بە لێواریدا قاپ و دەوری بە زێڕ نەخشاو دانرابوو. پڕ بوون لە میوە، لە نێوانیاندا پیاڵە و مەی دانرابوو. مۆمدانێکی گەورە و هۆڵ بە قوماشی ئاوازە و گران ڕازابووەوە ڕیزە کورسی دانرابوون، کە هەر یەکەیان بوخچەیەکی پڕ لە درهەم و دینار و زێڕی لەسەر بوون. کۆشکەکە بەڵگەی بەختیاری خاوەنەکەی بوو. تەنانەت زەوی کۆشکەکەش، کاشی ڕێژی مەڕ مەڕ بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............... بۆیە بێدەنگ بوو.

# شەوی ٢٣١

شەهرەزاد وتی: ئەمجەد کە ئەمانەی بینی سەراسیمە بوو! بەخۆی وت:
"هەر ئێستا رەوانم رەو دەکات! اناللە و انا الیە راجعون."
کیژە ناسکەکەش سەری لە رازاوەیی کۆشکەکە سوڕمابوو!! کە هەرگیز شتی وای نەدیبوو! ئەمجا وتی:
"بەو خوایە..... گەورەم کۆیلەکەت کەمتەرخەمی نەکردووە!"
ئەمجەد لە ترسی خاوەن ماڵ وەڵامی کیژەی نەدایەوە. بۆیە کچەکە وتی:
"ئۆی.... ئەوە چیتە، وا رەپ راوەستاویت!؟"
ئەمجەد هەر چەند لە دڵدا زۆر تووڕە بوو، بەڵام بە روویدا پێکەنی، هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە خۆی وت: ئەی نەگبەتی خوێنرێژ، گەر خاوەن ماڵ بێت چی؟"
کیژە جوانە دانیشت و ئەویش خەمبار و رووگرژ. دەیان داڵغەی لێ دەدا: دەبێت خاوەن ماڵ هەر پەیدا ببێت! ئاخر من چی پێ بڵێم؟ گومانی نییە..... دەمکوژێت! کچە ناسکەکە، سفرەی راخست و دەستی کرد بە خواردن، فەرمووی لە ئەمجەدیش کرد، ئەمیش چووە سەر سفرە، بەڵام چێژی لێ نەبینی، چونکە هەر چاوێکی لە دەرگاوە بوو. ئەمجا میوەیان خوارد. ئەمجا پیاڵەی مەی پڕ کرد و دایە ئەمجەد، ئەویش وەریگرت و لە دڵی خۆیدا وتی:
"ئاخ...ئاخ، گەر ئێستا خاوەن ماڵ دەمبینێت!"
پیاڵەی مەی بە دەستەوە و چاوی لەسەر داڵانەکە بوو. هێندەی زانی، خاوەن ماڵ پەیدا بوو کە مۆلکدارێکی ناسراوی شار بوو. میر "ئاخور" پیاوی دەرباری پاشا بوو. ئەم کۆشکەش، ئامادەکراوبوو بۆ ئەو کاتانەی کە تێیدا بە تەنیا کاتی بە سەر دەبرد. ئەویش چاوەڕێی هاوڕێیەکی بوو، بێتە میوانی.... بۆیە... کۆشك رازەوە و ئامادە بوو. ئەو خاوەن موڵکەیش "بەهادۆر"ی ناوبوو. چاکەکار و بەخشندە و باوەڕپێکراو بوو. ئیدی وردە وردە هاتبووە ژوور و سەری کێشا، وا کوڕ و کیژێکی جوان شۆخ و شەنگ سفرەیان رازاوەیە و مەی و پیاڵەی لە سەرە. ئەمجەدیش پیاڵەی مەی بە دەستەوە و چاوی لە داڵانە. کە چاوی بڕیە چاوانی خاوەن ماڵ، زۆر ترسا سەراسیمە بوو. کە بەهادۆر بەو رەنگە ئەمجەدی بینی پەنجەی خستە سەر لێوانی واتە بێدەنگ بە... بانگی کردە لای خۆی. ئەویش پێکەکەی دانا و بەرەو بەهادۆر رۆیشت و کیژە پرسی بۆ کوێ؟ سەرلی بۆ کیژە لەقاند، کە گوایە کارێکی هەیە. ئەمجا لە داڵانەکەدا دەستی بەهادۆری ماچ کرد و پاڕایەوە:
"گەورەم، پێش ئەوەی سزام بدەی گوێم لێ بگرە."
ئەمجا هەر لە سەرەتاوە، بۆی گێڕایەوە و پێی وت: کە هەڵە.... هەڵەی ئەو کیژە بووە... کە هاتۆتەماڵیەوە. ئەویش کلۆمەکەی شکاندووە. دەروازەی کردووەتەوە. بەهادۆر کە زانی ئەم کوڕە پاشایە و لێی قەوماوە بەزەیی پێدا هاتەوە بۆیە وتی:
"ئەمجەد قسەم ببیستە.... منیش دەتپارێزم و مەترسە! بە قسەشم نەکەیت... دەتکوژم!"
ئەمجەدیش وتی:

"فەرمان بدە و جێبەجێی بکەم..... چونکە بەندەی پیاوەتی تۆم."

"کەوابوو بچۆوە شوێنی خۆت... کە هاتمە لات لێم توورە ببە و جنێویشم پێ بدە و بڵێ بۆ دواکەوتیت؟ چیت ویست فەرمان بدە و جێبەجێی دەکەم. ئەمشەویش لێرە دەمێنیتەوە! ئەویش لەبەر ئەوەی کە نامۆی بەم شارە. سبەینێ خوات لەگەڵ و برۆ."

ئەمجەد دەستی ماچ کرد و... چووەوە شوێنی خۆی، ئەمجا رووی کردە کیژە و وتی:

"بەخێر بێیت میوانی ئازیز."

کیژە جوانەکەیش وتی:

"چەند سەیرە، کە ئاوا کرایتەوە و رووت خۆش بوو!!"

ئەمجەد لە وەڵامدا وتی:

"بە خوا وامزانی کۆیلەکەم، زنجیری ئاڵتونی بردووم، کە هەر دانەیەکی بایی ۱۰۰۰۰ دینارە، ئێستا چووم، سەیرم کرد لە شوێنی خۆیدا مابووەوە ناشزانم، ئەم کۆیلەیەی من بۆچی هێندە دواکەوت!؟ دەبێت هەر سزای بدەم."

کیژە ناسکە جوانەکە، دڵی ئارام بوو. ئەمجا ناوقەدی بە قوماش بەست و پاوانەی لە پێ کرد و کەوتە سەما بۆ ئەمجەد و تا ئێوارە خواردیان و خواردیانەوە. بەهادۆر هاتە لایان، دەست لەسەر دەست ملی شۆڕ، هەر وەکو تاوانبار وەستا. ئەمجەد سەیرێکی کرد و خۆی توورە کرد و وتی:

"ئەی کۆیلەی نەگبەت.... بۆچی دواکەوتیت؟"

ئەویش وتی:

"گەورەم، چووم خۆم و جل و بەرگەکەم شت... چاوەڕێی ئێوارە بووم کە بگەڕێیتەوە ئێرە... نەکو رۆژ."

ئەمجەد بە سەریدا نەڕاندی:

"درۆ دەکەیت کۆیلەی نەگبەت، دەبێ هەر لێت بدەم."

ئەمجا بۆی هەستا و دای بە زەویدا و ، بە هێواشی چەند دارێکی لێدا. کیژە هات و دارەکەی لێ سەند و چەند دارێکی توندی لە بەهادۆر دا..... کە بە راستی ئازاری پێ گەیاند. ئەمجەدیش هاواری کرد:

"کچێ نەکەیت!"

کچەش وتی:

"وازم لێ بێنە، با دڵم ئاو بخواتەوە!"

ئەمجا ئەمجەد دارەکەی لێ سەند و پاڵێکی پێوەنا.....

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بۆیە بێدەنگ بوو.

# شەوی ۲۳۲

شەهرەزاد وتی: بەهادۆر هەستایەوە و فرمێسکەکانی سڕی نزیکەی سەعاتێك خزمەتی هەر دووکیانی کرد. وای لێهات، چی بەهادۆر دەهاتە لایان، کیژە پڕ جنێوی دەکرد و ئەمجەدیش لێی توورە دەبوو، دەیوت، کۆڵی لێ بدە! ئیدی ئەمان دەیان خوارد و دەیان خواردەوە تاکو نیوەشەو و بەهادۆریش خزمەتی دەکردن. ئەمجا بەهادۆر بە تەواوەتی ماندوو بوو، لە هۆڵەکەدا پرخە پرخ لێی نوست. کچە جوانە کە تەواو خەیاڵ بوو، بە ئەمجەدی وت:

"هەستە ئەو شمشێرە دابگرە و ملی ئەم کۆیلەیە بپەڕێنە! گەر بە قسەم نەکەیت لە ناوت دەبەم!"

ئەمجەدیش وتی:

"ئاخۆ بۆ دەیکوژیت؟"

کچە جوانەکەش وتی:

"دەبێت بکوژرێت! گەر تۆ نایکوژیت خۆم هەڵدەستم و دەیکوژم."

ئەمجەد وتی:

"بۆ خاتری خوا، چۆن شتی وا دەبێت؟"

کچە وتی:

"دەبێت، ئەمە ببێت!"

شمشێری لەکالان راکێشا و ویستی بیکوژێت!

ئەمجەد بە خۆی وت:

"ئەم پیاوە، یارمەتی داوم و ئەمشەو بووەتە کۆیلەم پاداشتی چاکەکەی ئاوا بدەمەوە؟"

ئەمجا بە کیژەکەی وت:

"گەر هەر دەبێت بیکوژرێت..... ئەو کۆیلەی منە، دەبێت خۆیشم بیکوژم."

ئەمجا شمشێرەکەی لە دەست سەند و دای لە ملی کیژە جوانەکە و سەری پەڕاند، کەللە سەرە خوێناویەکە، دای بە خاوەن ماڵدا و بە ئاگای هێنایەوە. کە چاوانی کردەوە، ئەمجەد شمشێرێکی رووتی خوێناوی بە دەستەوەیە. کیژە جوانەکەشی بینی سەری پەڕاوە. کە لە ئەمجەدی پرسی. لە سەرەتاوە بۆی گێڕایەوە و وتی:

"ئەم کیژە سوور بوو لە سەر کوشتنت. منیش ئاوام لێ کرد."

بەهادۆر هەستا و سەری ئەمجەدی ماچ کرد و پێی وت:

"گەورەم خۆزگە بت بەخشیا و نەتکوشتبا! ئێستاش پێش دنیا رووناك بوونەوە دەبێت خۆمان لە تەرمەکەی رزگار بکەین."

بەهادۆر خۆی بەست و تەرمی کیژەی لە عابایەکەوە ئالان و بە ئەمجەدی وت:

"تۆ نامۆیت و کەس ناناسیت، لێرە بمێنەوە گەر پێش سپێدە گەڕامەوە، ئەوە خێرێکی زۆرم لێ دەبینیت و یارمەتیت دەدەم لە دۆزینەوەی براکەتدا... گەر پێش سپێدەش

نەگەڕامەوە.... ئەوە تیاچووم ئەم کۆشکە بۆ خۆت! هەر چیەکیشی تێدایە حەڵاڵ و زوڵاڵت بێت."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٣٣

شەهرەزاد وتی: ئەمجا بەهادۆر تەرمەکەی بە شانیدا دا و بۆ دەرەوە و کۆڵانە و کۆڵان بەرەو دەریای سوێراو، تاکو فڕێی بداتە ناو ئاوەوە. کە نزیك دەریا بووەوە کەوتە کەمینی والی و سەربازانیەوە گرتیان و عەباکەیان کردەوە، کیژێکی کوژراویان بینی. ئەمجا لە بەندیخانەیان توند کرد و بۆ بەیانی بردیانە بەردەم پاشا. پاشایش زۆر تووڕە بوو وتی:

"بەڵام لێت دا، ئەمە کوشتن پیشەتە و ئاوا سامانیان دەبەیت بۆ خۆت؟ ئاخۆ.... چەندی دیت کوشتبێت؟"

بەهادۆر لە بەردەم پاشادا سەری داخست. پاشا شیڕاندی بە سەریدا:

"بەڵا لێت دات، کێ ئەم کیژەی کوشتووە؟"

بەهادۆر لە وەڵامدا وتی:

"لاحول و لاقوه الا بالله العلی العظیم..... من کوشتوومە."

پاشا زۆر تووڕە بوو، فەرمانی دا، سێدارەی بۆ هەڵخەن و هەڵی واسن! شمشێرەوان بەهادۆری برد، بە ناو شاریشدا جاڕیان دا، کە بەهادۆری میر "ئاخور" لە سێدارە دەدرێت، وەرنن بۆ سەیری. ئەمجەدیش هەتاکو ڕۆژ بووەوە هەر چاوەڕێ بوو. دواتر بە خۆی وت:

"لاحول و لاقوه الا بالله العلی العظیم.... ئاخۆ.... چی بەسەر هاتبێت؟"

هێندەی زانی بانگدەر بانگ دەکات کە بەهادۆر لە سێدارە دەدرێت. لە نێوەندی شاردا و وەرن بۆ سەیر کردن. ئەمجەد کە ئەمەی بیست بە خۆی وت: اناللە و انااليه راجعون بە دەستی خۆی خۆی تووش کرد. منیش هۆی تیاچوونی دەبم! بەخوا ئەمە وا نابێت! ئەمجا هەستا و دەروازەی کۆشکی داخست و خۆی گەیاندە نێوەندی شار و خۆی بە قەرەباڵغیەکەدا کرد ئەمجا چووە بەردەم میری شار و وتی:

"گەورەم بەهادۆر بێ تاوانە مەی کوژن. بەو خوایە من نەبێت کەسی دی ئەو کیژەی نەکوشتووە!"

والی کە ئەمەی بیست هەر دووکیان بردە بەردەم پاشا و قسەی ئەمجەدی بۆ گێڕایەوە....

پاشا سەیرێکی ئەمجەدی کرد و پرسی:

"تۆ ئەم کچەت کوشتووە؟"

ئەمیش وتی:

"بەڵێ"

پاشا وتی:

"ده... بۆم بگێڕەوە بۆچی کوشتوته تاکو برِوات پێ بکەم!"

ئەمجەد وتی:

"پاشام..... بەسەرهاتێکی هێندە سەیرم بە سەر هاتووە، کە گوێ وایە... بە ئاوی ئاڵتون بنوسرێتەوە تا ببێتە پەند و ئامۆژگاری."

ئەمجا لە نووکەوە بۆی گێڕایەوە و تێی گەیاند کە چی بە سەر خۆی و براکەی هاتووە!

پاشا هەر زۆر سەری سوڕما!! پێی وت:

"دەزانم، تاوانی تۆ نییە، وەرە با بتکەمە وەزیری خۆم!"

ئەمیش وتی:

"لە پەزێراییتدام!"

ئەمجا هەر دووکیانی لەگەڵ خۆی بردەوە و خەڵاتی کردن و خانوویەك و چەندین کەنیزەك و خزمەتکاری پێ بەخشین! موچەیشی بۆ دانان. فەرمانی دا بگەڕێن بە شوێن ئەسعەدی برایدا. ئەمجەد بوو بە وەزیر و حوکمڕانی کرد، خەڵکانێکی لە کار لادەدا و خەڵکانێکی دادەمەزراند. دادپەروەر بوو، جاڕدەری ناردە نێو شار و جاڕی دۆزینەوەی ئەسعەدی دا. رۆژانێکی زۆر جاڕ دەدرا و سۆراخ دەکرا، بەڵام بێ سوود بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٣٤

شەهرەزاد وتی: ئەوە بەسەرهاتی ئەمجەد بوو. ئەسعەدی داماویش مەجووسیەکانی شەو و رۆژ ئەشکەنجەیان دەدا. ساڵێکی رەبەق ئەمە حاڵی بوو. تا..... رۆژی جەژنی ئاگر هاتەوە. بارام خۆی ئامادەی سەفەر کرد و پاپۆڕی رێك خست ئەسعەدیشی خستە نێو سندوقێکەوە، قەزا و قەدەری خوا وابوو کە ئەمجەد لەبەر پەنجەرەی کۆشکدا کە بە سەر دەریایدا دەیڕوانی وەستا بوو، سەیری دەریای دەکرد. شتومەکی بارەکەی دەبینی کە دەخرانە پاپۆڕەکەوە. خورپەیەك بە دڵیدا هات. بۆیە فەرمانی بە چەکدارەکانی کۆشك دا، کە بەلەمەکەی بۆ ئامادە بکەن و سوار بوو، بەرەو پاپۆڕەکە. کە گەیشت فەرمانی دا هەموو بارەکان بگەڕێن! کە هیچیان نەدۆزیەوە ئەمجەد فەرمانی دا بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. چوونەوە کۆشك، بەڵام دڵی گیرابوو. هەروا دەیڕوانی بە شتەکانی ژوورەکەدا. ئەم دوو دێڕەی بە هەڵواسراوی بە دیواردا بینی:

لەبەرچاو گەر نەمێنن لە دڵا خاوەن شوێنن

لە دیدەم خەوتان تۆران خۆشتان نوستوی ژێر نوێنن

ئیدی دەستی کردە گریان.... ئەمە ئەم........ بارامی مەجووسیش، شیراندی بە سەر پاپۆڕەکەدا، کە چارۆکە بڵند بکەن و خێراکەن و بەرێ بکەون. چەند رۆژ و چەند شەو

بەرێوە بوون. ڕۆژی دوو جار ئەسعەدیان لە سندوق دەردەهێنا و نان و ئاویان دەدا و دەیان خستەوە شوێنی خۆی. تا گەیشتنە شاخی ئاگری داخ. ئەمجا بایەکی توند هەڵی کرد. دەریا کەوتە شەپۆل دانێکی توند. پاپۆڕ لە هێڵی خۆی دەرچوو، چووە دەریایەکی دی و ڕێی ون کرد. ڕۆیشتن تاکو گەیشتنە شارێکی سەر دەریا کە قەڵایەکی بڵندی شووشەبەندی بوو. حاکمی شارەکەش ژنێك بوو ناوی "مەرجانە" بوو. پاپۆڕەوان بە بارامی وت:

"گەورەم ئێمە ڕێمان هەڵە کردووە. با.....لەم شارە لا بدەین و ماندوویەتیمان دەربچێت، دواتر خوا چی بێنێتە ڕێمان هەر ئەوەیە."

بارام وتی:

"بە دڵمە، چی دەڵێیت با وابێت."

پاپۆڕەوان پرسی:

"گەر حاکم بنێرێتە دوومان چی بکەم؟"

بارام وتی:

"من ئەم موسڵمانەم لەگەڵدایە جال و بەرگی خزمەتکاری لەبەر بکە، با.... کە بینی وابزانێت کۆیلەیە.. کە پرسیاریشی کرد، دەڵێم بازرگانی بە کۆیلەوە دەکەم. هەموویانم فرۆشتووەو ئەم دانەیە ماوەتەوە."

پاپۆڕەوان وتی:

"قسەیەکی بەجێیە."

کە گەیشتنەکەنار دەریا لەنگەریان خست. هێندەیانزانی پاشا مەرجانە یان لێ پەیدا بوو. کۆمەڵێك سەرباز بە دوایەوە. ناردیە شوێن پاپۆڕەوان. کە هات، کڕنوشی بۆ برد. مەرجانەش پرسی:

"پاپۆڕەکەت چی تێدایە و کێت لەگەڵە؟"

پاپۆڕەوان وتی:

"ئەی پاشای زەمانە، بازرگانێکی کۆیلە فرۆشم لەگەڵە."

مەرجانەش وتی:

"بۆم بهێنن."

ئەمجا بارام هات و ئەسعەدیش بە جل و بەرگی کۆیلەوە وەدووی کەوتبوو. کڕنووشی بۆ برد. ئەمجا شا مەرجانە پرسی:

"چ کارەیت؟"

بارام وەڵامی دایەوە:

"بازرگانی کۆیلە دەکەم."

سەیرێکی ئەسعەدی کرد و بە کۆیلەی تێگەیشت و پرسی:

"ناوت چییە؟"

ئەمیش کە پڕ قورگی گریان بوو وتی:

"ناوم ئەسعەدە."

شا مەرجانە کە بەزەیی پێدا دەهاتەوە پرسی:
"خوێندەواریت هەیە؟"
ئەمیش وتی:
"بەڵێ."
شا مەرجانە داوای کاغەز و قەڵەمی کرد بۆی و وتی شتێك بنووسە، تاکو ببینم! ئەویش نووسی:

کەسێك دەخاتە نێو بێنەوبەرە
فەلەك گوناهی نییە... قەدەرە
که ئەو منالە: بۆچی وا تەڕە!!؟
لە دەریای دەخا و هەڕەشەش دەکات

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٣٥

شەهرەزاد وتی: کە کاغەزەکەی بینی، بەزەیی پیادا هاتەوە، بە بارامی وت:
"ئەم کۆیلەیەم پێ بفرۆشە."
ئەویش وتی:
"گەورەم، هەر ئەم کۆیلەیەم ماوە بۆیە نایفرۆشم!"
شا مەرجانە وتی:
"دەبێت هەر بیدەی بە من.. یان بەفرۆشتن، یان بە دیاری."
بارامیش وتی:
"نە بە دیاری دەتدەمێ نە پێت دەفرۆشم!"
شا مەرجانە تووڕە بوو....... دەستی ئەسعەدی گرت و بردی بۆ قەڵاکەی خۆی و ئەمجا سەربازێکی ناردەی لای بارام و پێی راگەیاند... گەر ئەمشەو ئەم شارە جێ نەهێڵێت و پاپۆڕەکەی نەڕوات.... سبەینێ دەست دەگیرێ بە سەر بارەکەیدا و پاپۆڕەکەیشی تێك و پێك دەشکێنێت..!!"
بارام پەژارەیەکی زۆری خوارد و وتی:
"سەفەرێکی شووم بوو!"
ئەمجا فەرمانی دا ئاوی خواردنەوە ببەنە پاپۆڕەکە و شتومەك، ئامادە بکەن. شەو سەفەر دەکەین. ئەمە..... حاڵی ئەمان بوو. شا مەرجانەش پەنجەرەی سەر دەریای قەڵاکەی واڵا کرد و فەرمانی دا سفرە و خوان ئامادە بکەن. ئەمجا فەرمانی دا مەی و پیاڵە ئامادە بکەن. "سوبحان الله" خوا، خۆشەویستی ئەسعەدی خستە دڵیەوە. هێندەی مەی دەرخواردی ئەسعەد دا تاکو بەد مەست بوو. ئەسعەد هەستا تا بچێتە سەر ئاو، رۆیشت و دەرگایەکی کراوەی بینی. چووە ژوور. رۆیشت تا گەیشتە رمز و باخێکی پان و پۆڕ، کە هەموو جۆرە میوەیەکی تێدا بوو. لەسەر لێواری حەوزێك دانیشت کە لە بەین دارێکدا بوو. شەماڵێکی فێنك بوو.

ئەمیش خەیاڵ بوو، خەو بردیەوە. شەو بە سەریدا هات. بارامیش، فەرمانی دا کە لەنگەری بەلەم، هەڵ بگرنەوە و پاپۆڕ بڕوات. ئەوانیش دەست بە کار بوون وتیان هێندە چاوەڕێ بکە تاکو کوننەکان پڕ ئاوی خواردنەوە دەکەین. ئەمجا پاپۆڕەیان بە کەناری دەریا دا برد. تا گەیشتنە دیواری ڕەز و باخێك ئەمجا لەنگەریان خست و چەند کەسێکیان بە دیوارەکەدا هەڵ زنان، و چوونە ناو ڕەزەکەوە. شوێن پێیەکیان هەلگرت، تا گەیشتنە سەر حەوزێك . ڕوانیان ئەوە ئەسعەدە و ڕاکشاوە و نوستووە! زۆر دڵخۆش بوون و کوننەکانیان پڕ کرد و ئەسعەدیشیان هەلگرت و بردیان چوونە ئەو دیو دیوارەکە، بە بارامیان وت:

"مژدە، با دەهۆڵ و زوڕنا لێ بدرێت، کۆیلە لە بەردڵانەکەتمان بۆ هێنایەتەوە!"

خستیانە بەردەمی. بارام کە ئەسعەدی بینی زۆر دڵخۆش و سینەفراوان بوو. مژدانەی دایە هەموان. ئەمجا فەرمانی دا پەلە بکەن. با ئێرە جێ بێڵین. بەرەو شاخی ئاگری داخ بوونەوە. شا مەرجانەش سەعاتێك چاوەڕێی ئەسعەدی کرد بگەڕێتەوە، ئەسعەد دیار نەبوو، ئەمجا فەرمانی دا کەنیزەکەکان قەڵایان پشکنی هەر نەدۆزرایەوە! ئەمجا خۆی و چەند کەسێك بە داڵانەکەدا بەرەو ڕەز و باخەکە بوونەوە. بینیان.... دەرگا کراوەتەوە. چوونە ڕەزەکەوە.. تا گەیشتنە سەر حەوزەکە... سەیریان کرد تاکێك لە پێڵاوەکانی جێماوە هەموو ڕەز و باخەکەیان پشکنی. ئەسعەدیان نەدۆزیەوە. ئیدی تا ڕۆژ بووەوە، بۆی گەڕان!! ئەمجا شا مەرجانە تێگەیشت کە بارامی خاوەنی فڕاندوویەتی. زۆر تووڕە بوو.... بۆیە فەرمانی دا ١٠ پاپۆڕی جەنگی ئامادە بکەن و سەرباز و خزمەتکار وم کەنیزەك سەر بکەون. چەك و تەقەمەنی باشیان پێ بێت: ئەمجا وتی:

"پاپۆڕی مەجووسم بۆ بێنن.... تاکو.... پاداشت و خەڵاتی باشتان بدەمێ!! گەر بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە ئەوە دوا بە یەکتان دەکوژم!! "

بۆیە ئەوانیش ترسیان لێ نیشت: ١٠ پاپۆڕەکە کەوتنە دەریا و سەوڵیان لێدا، ڕۆژی یەکەم هیچیان نەدی، ڕۆژی دووەم و سێیەمیش هەروا... ڕۆژی چوارەم گەیشتنە پاپۆڕەکەی بارامی مەجووسی! کە سەیریان کرد بارامی مەجووسی، خەریکی ئەشکەنجەدانی ئەسعەدە. ئەسعەدیش........ هاوار و ناڵە دەکات و دەپاڕێتەوە. لە کاتێکدا کە لە ئەسعەدی دەدا سەری بڵند کرد. ڕوانی وا کۆمەڵێك پاپۆڕ وەکو سپێنەی چاو چوار دەوری بیلبیلەیان دابێت، ئاوا چواردەوری لێ گیراوە!! تیاچووە. زۆری خەم خوارد و وتی:

"بەڵام دا لێت ئەسعەد، کە لە پێناوی تۆدا ئەمە دەکەن!" ئەمجا فەرمانی دا ئەسعەد فڕێ بدەنە دەریاوە. پیاوانی پاپۆڕ چوارپەلیان گرت و هەڵیان دایە... دەریاوە، کەسێك خوا نەیکوژێت نامرێت. بۆیە دوای نقوم بوون هاتەوە سەرئاو دەستی کرد بە لاق و دەست جوڵاندن. شەپۆلەکان بردیان تا فڕێیان دایە کەناری دەریا. ئەمجا تەڕ و بڕ سەیری چوار دەوری کرد چۆڵ و هۆڵ.....! خۆی ڕووت کردەوە و جلەکانی وشی و هەڵی خستن. تاکو وشك بوونەوە، ئەمیش حەوایەوە. ئیدی خۆی لەبەر کردەوە و کەوتە ڕێ. نەیدەزانی ڕوو لە کوێ بکات! شەو و ڕۆژ بەڕێوە بوو کە برسی دەبوو، گژوگیای دەخوارد، ئێوارەیەکیان، کە گەیشتە بەر دیواری شارێك بینی دەروازەکانی شار کڵۆم درابوون. بۆیە بە ناچاری و بە ماندوێتی

گەڕایەوە سەر قەبرانەکە. چووە گۆڕیچەیەکەوە و لێی نووست. تومەز ئەمە هەر ئەو شارەیە کە تێیدا گیرا و قەدەری خوا وابوو، ئەو شارە، هەر ئەو شارە بوو، کە براکەی تێیدا وەزیر بوو. ۱۰ پاپۆڕەکە ویستیان پەلاماری پاپۆڕی بارامی مەجووس بدەن. ئەمیش هەر بە سیحر کردن، پاپۆڕەکانی تێك شکاندن بە سەر کەوتوویی. بەدڵخۆشی گەڕایەوە شارەکەی خۆی و درەنگی بەسەرهات. ئیدی بەو شەوە، کەوتە پیاسە کردن بە ناو گۆڕستاندا. گۆڕێکی نوێ و گڵێکی زۆری بینی هەڵدرابووەوە، بە خۆی وت: دەبێت سەیرێکی بکەم.... کە چووە سەری ئەوە زەلامێك، سەری کردووە بە بن باڵیدا. ئەمیش سەری سوڕما و تێوەی ژەند و وتی:

"زەلام... ماویت!؟"

کە سەرنجی دا، ئەوە خۆ... ئەسعەدە!! قۆڵی گرت و دایە پێش خۆی. بۆ سبەینێ گەیاندیەوە ماڵەکەی خۆی و ژێرزەمینێکی هەبوو. کە هەر بۆ ئەشکەنجەدانی موسڵمانانی دانابوو. بردیە ئەوێ کچێکیشی هەبوو ناوی "بێستان" بوو. ئەمجا پێوەنی کردە پێی و زنجیر لە مل، بە کیژەکەیشی وت: ئەشکەنجەی بدات. کە بینی لاوێکی زۆر قۆز و شەنگە چاو و برۆ ڕەش، لێی پرسی:

"ناوت چییە؟"

لە وەڵامدا وتی:

"ئەسعەد"

کچەش وتی:

"شاد و بەختیار بێت... تۆ هی ئەوە نیت... ئەشکەنجە بدرێیت! زوڵمیان لێت کردووە!"

زنجیر و پێوەنەکەی کردەوە و دەستی کرد بە دەمەتەقێ لەگەڵیدا. پرسیاری ئایینی ئیسلامی لێ کرد. ئەسعەدیش بۆی باس کرد کە ئیسلام دینێکی دروستە و .... پێغەمبەری مەزن... خاوەنی موعجیزە بووە، نیشانەکانی دەرکەوتن.... ئاگریش زیانی هەیە بۆ مرۆڤ. ئیدی کەوتە باسی ئایینی ئیسلام و بنەماکانی. تاکو... ئایینی ئیسلام لە دڵیدا چەسپی. شایەتمانی هێنا. خۆشەویستی ئەسعەد چووە بیر و هۆشیەوە. ئیدی خواردنی باشی بۆ دروست دەکرد و پێکەوە نوێژیان دەکرد. تا...... وای لێهات، ئەسعەد ڕەنگ و رووی کرایەوە و بە خۆیدا هات و تەندروستی باش بووەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٣٦

## بەسەرهاتی بەیەك گەیشتنەوەی ئەمجەد و ئەسعەد

شەهرەزاد وتی: ئەوە بەسەرهاتی ئەسعەد و کچی بارامی مەجووسی بوو. کچەکەی بارامی مەجووسی، کە ژێرزەمینەی بەجێ هێشتبوو، چووبووە بەر دەرگا و لێی دانیشتبوو. دوای کەمێك گوێی لێ بوو، جارچی، جاڕی دەدا،

"هەر کەسێ کوڕێکی لاوی، لەلا بێت و بیداتەوە، پێمان بە دڵی خۆی خەڵات وەردەگرێت! گەر لەماڵیدا گیرا و خاوەن ماڵ، پەنهانی کردبێت ئەوا لەبەر دەرگای ماڵی خۆیدا، هەڵدەواسرێت و لە سێدارە دەدرێت!! سامانەکەشی دەستی بەسەرا دەگیرێت!"

ئەو رۆژانە بێستانی کچی بارام دەمەتەقێی لەگەڵ ئەسعەددا کردبوو، ئەسعەد بە سەرهاتی خۆی و ئەمجەدی برای بۆ گێڕابووەوە، بۆیە بێستانی کچی بارام، چووە ژێر زەمینەکە و بانگەوازەی پێ وت و زانیشی کە جاری دۆزینەوەی ئەو دەدەن. ئەمجا چوونە دەرەوە و شوێن ئەسعەد کەوت، بەر سەرای وەزیر، کە ئەسعەد وەزیری بینی وتی:

"بەو خوایە، ئەم وەزیرە ئەمجەدی برامە!!"

باوەشی بە وەزیردا کرد. ئیدی دەست و پێوەند و سەرانی دەوڵەت لێیان کۆ بوونەوە. کە بە ئاگا هاتنەوە وەزیر دەستی ئەسعەدی باری گرت، بۆ لای سوڵتانی برد. بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە. ئەمجا سوڵتانی فەرمانی دا دەست بە سەر خانوو، سامانی بارامدا بگرن و خۆیشی لە سێدارە بدەن. ئەمجا بێستانی کچیان بردە کۆشك و رێزێکی زۆریان لێ گرت. ئەمجەد بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە کە چۆن لە پەتی سێدارە رزگاری بوو چۆن بوو بە وەزیر. ئیدی هەر یەکەیان کەوتنە گلەیی و بناشت و پەژارەی دابڕان. بارامی مەجووسیان هێنایە بەردەم سوڵتان. ئەویش فەرمانی دا لە سێدارەی بدەن.

بارام وتی:

"ئەی پاشای گەورە، هەر سووریت لە سەر کوشتنم؟"

ئەویش وتی:

"بێ گومان."

بارام پێی وت:

"کەواتە کەمێك لەسەرم بوەستە.. پاشای گەورە."

ئەمجا کەمێك سەری داخست و سەری بڵند کردەوە، لە سەر دەستی سوڵتاندا موسوڵمان بووم......!! ئەوانیش زۆریان پێخۆش بوو. سوڵتان لێی خۆش بوو. دوو براکەش بەسەرهاتی خۆیان لەوێدا گێڕایەوە. بارام زۆری پێ سەیر بوو. ئەمجا بە هەر دووکیان وت:

"گەورەکانم هەر دووکتان، خۆتان ئامادەی سەفەر بکەن، من دەتان گەیەنمەوە شوێنی خۆتان."

جارێکی دی لە خۆشیاندا دوو براکە دەستیان کردەوە بە گریان. بارام پێی وتن:

"گەورەکانم، هێندە مەگرین، ئێوەش وەکو نیعمەت و نەعیم بە یەکتر شاد دەبنەوە."

ئەوانیش پرسیان:

"بەسەرهاتی... نیعمەت و نەعیم چۆن بووە؟"

# شەوی ٢٣٧

## چیرۆکی نیعمەت و نەعیم

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە: هەر خوا خۆی دەزانێت...... لە شاری کوفەدا پیاوێکی بەناو بانگ هەبووە ناوی رەبیعی کوڕی حاتەم بووە، دەوڵەمەندی تەواو، ژیان بۆ رەخساو، خوای کوڕێکی پێ بەخشی بوو. ناوی نابوو "نیعمەتوڵلا". رۆژێکیان، کە لە بازاڕی کۆیلەفرۆشان بوو، کەنیزەکێکی بینی، دەفرۆشرا. کیژۆڵەیەکی زۆر ناسکۆڵە و جوانی بە دەستەوە بوو. رەبیع ئاماژەی کردە دەلالەکە کە ئاخۆ....:

"ئەو دایکە و کچە نرخیان چەندە؟"

ئەوش وەڵامی دایەوە:

"٥٠ دینار."

رەبیع وتی:

"پەیمان بنووسە و پارەی خۆت وەربگرە."

ئەمجا پارەکەی دایە دەلالەکە و دەلالانەشی دایە خۆی. دایك و کچەی بردەوە ماڵ. کچە مامی سەیرێکی کەنیزەکەکەی کرد پرسی:

"ئامۆزا، ئەم کەنیزەکە چییە؟"

ئەویش وتی:

"لەبەر ئەو کیژۆڵەیەی کچی کڕیومە! با گەورەتر ببێت ئەوسا بۆت دەردەکەوێت کە لەجوانیدا لە نێو دەوڵەتی عەرەب و عەجەم دا بێوێنە دەبێت." ئامۆزاش وتی:

"کارێکی چاکت کردووە." ئەمجا لە کەنیزەکەکەی پرسی:

"ناوت چییە؟" وتی:

"تۆفیقە" وتی:

"ئەی ناوی کچەکەت؟" وتی:

"سەعدە." ئەمجا ئامۆزا وتی:

"راست ئەکەیت... ئەو کەسە تۆی کڕیوە..... هەر بەختیار بێت." ژنەش پرسی:

"ئەی باشە.. ئامۆزا ئێمە ئەم کچە ناوبنێین چی؟" رەبیع وتی:

"بە دڵی خۆت. ناوی بنێ!" ئەویش وتی:

"ناوی دەنێین نەعیم."

ئیدی نەعیم لەگەڵ نیعمەتی کوڕی بازرگاندا گەورە بوو. تاکو تەمەنیان بووە ٢٠ ساڵان. هەر یەکەیان لەوی دی جوانتر و چاك تر بوو. کوڕەکە بە نەعیمی دەوت: خوشکێ! کچەش بە نیعمەتی دەوت: "کاکە!"

رۆژێکیان رەبیع باوەشی بە نیعمەتی کوڕیدا کرد و وتی:

"کوڕەکەم نەعیم خوشکی راستەقینەت نییە! تۆ لە بێشکەدا بوویت، کە کڕیومانە و لەسەر شێوەی ناوی تۆ ناومان نا: "نەعیم" و کەنیزەکی تۆیە! ئیدی بە ناوی خوشکێ بانگی مەکە."

نیعمەتی کوڕی وتی:

"گەر وابێت... مارەی دەکەم!"

ئەمجا چووە لای دایکی و بە ئەویشی وت. دایکی لە وەڵامدا وتی:

"کوڕی خۆم ئەو کەنیزەکی خۆتە."

ئەمجا مارەی کرد و ساڵانێك پێکەوە بوون. کە لە هەموو شاری کوفەدا، کەنیزەکێکی دی لەو جوانتر و چاکتر نەبوو. قورئانی خەتم کردبوو، لە زۆربەی زانستەکاندا شارەزا بوو، لە ژەنینی ئامێرەکانی مۆسیقادا زۆر شارەزا بوو، تەنانەت... لە کوفەدا دەنگی دابووەوە. جارێکیان لەتەك نیعمەتی مێردیدا کە مەست بووبوو، دەستی دایە عوود و عەسفی کرد و دەستی کردە گۆرانی وتن:

گەر گەورەی من و تێکەڵ بە خوێنم       شمشێری و بە تۆ دوژمن بە زێنم

من چیمە بەسەر عەمرو زەیدەوە بێتۆ: پەنای خۆم بۆ کەس ناهێنم

مێردەکەی کە زۆر کەیفی پێی هات وتی:

"توو سەری من، بە دەف و ئامێری دی، گۆرانی بڵێ."

ئامێرەکەی گۆڕی..... ئەم هۆنراوەیەی چڕی:

دەستی بە سەردا نەگرتووم ژیان       دژ بە ئارەزوو حەزی حەسوودان

بۆ تۆ لۆمەکار کە دەرەنجێنم       پشت لە ئارەزوو، رووم لێتە یەزادن

مێردەکەی دەست خۆشی لێکرد. لە کاتێکدا ئەمان بادەنۆشی.... دڵخۆش بوون. حەجاجی والی لە کۆشکی وتی:

"پێویستە فێڵێك بدۆزمەوە تاکو.... نەعیمی کەنیزەك لەو ماڵە دەربێنم و رەوانەی کۆشکی میری میران... عبدالملك کوڕی مەروانی بکەم. چونکە کەنیزەکی ئاوا نایاب لە کۆشکی ئەودا نییە! لەویش دەنگ خۆشتری نییە."

پیرەژنە قارەمانەی بانگ کرد و وتی:

"بڕۆ بۆ ماڵی رەبیع و گفتوگۆ لەگەڵ "نەعیم"ی کەنیزەك بکە و کارێك بکە بگاتە دەستم! چونکە لە دنیادا وێنەی نییە!"

پیرەژنەش کڕنوشی بۆ برد و پەسەندی کرد. بەیانی رۆژی دواتر... بەرگە سۆفیەتیەکەی لەبەر کرد و تەزبێحە هەزار و یەك دەنکی لە مل کرد. گاڵۆکێکی بە دەستەوە گرت. گۆزەڵەیەکی هەڵگرت کەوتە رێ بەدەم رێوە دەیوت:

"سبحان الله، و الحمد لله، و لااله‌الاالله، و الله اکبر. ولاحول و لاقوە الا بالله العلی العظیم" دەنگی بەرز کردەوە، دڵ بە فێڵ و مەکرەوە. کە گەیشتە بەر دەرگای ماڵی نیعمەتی کوڕی رەبیع، لەدەرگای دا، دەرگاوان دەرگای لێ کردەوە و پرسی:

"چیت دەوێت؟"

پیرەژنەش وتی:

"کەسێکی بۆ خوا سوڵحاوم، هەژارم، گوێم لە بانگی نیوەڕۆ بوو، دەمەوێت لە ماڵە پیرۆزەی ئێوەدا نوێژ بکەم."

دەرگاوانوتی:

"پیرەژن، ئێرە مزگەوت نییە و ماڵی نیعمەتی کوڕی ڕەبیعە!"

پیرەژنەش وتی:

"دەزانم ئێرە مزگەوت نییە و منیش کەنیزەکە قارەمانەی کۆشکی میری میرانم! ئەوێم جێ هێشتووە بۆ خوا پەرستن."

دەرگاوان وتی:

"ناهێڵم بێیتە ژوورەوە."

گفتو گۆیان فرە بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٣٨

شەهرەزاد وتی: پیرەژنە لە کۆڵ دەرگاوان نەبووە و پرسی:

"ڕێم لێ دەگریت، بچمە ماڵی نیعمەتی کوڕی ڕەبیع، لە کاتێکدا خۆم کردووە بە ماڵی میری میراندا؟"

لەو کاتەدا نیعمەت هاتە بەردەرگا و گوێی لە قسەی پیرەژنەکە بوو...... دەستی کردە پێکەنین و وتی:

"شوێنم بکەوە."

وەدووی کەوت تا گەیشتە لای "نەعیم". کە پیرەژنە بینی سەری لە کاری خوا سوڕما و سڵاوێکی زۆر جوانی لێ کرد. ئەمجا وتی:

"خانم خوا بت پارێزێت، کە بەم جوانی و ناسکییەوە، هاوسەری ئەم پیاوە مەزنەی."

ئیدی پیرەژن، دەست نوێژی هەلگرت و چووە سەر بەرماڵ. هەر خواپەرستی کرد تاکو ئێوارە کەنیزەکێك پێی وت:

"دایە گیان، ماوەیەك بحەوێوە، با ماندووی پێیەکانت دەربچێت!"

پیرەژنەش وتی:

"خانم ئەوەی ئەو دنیا هەڵبژێرێت دەبێت لەم دنیا ماندوو ببێت! ئەوەشی لەم دنیا خۆی ماندوو نەکات پلەی بڵندی چاکانی لە ڕۆژی دواییدا نادرێتێ!"

ئەمجا کەنیزەك چەند جۆر خواردنی خستە بەردەم و وتی:

"کامەت پێخۆشە لەوە بخۆ و نزای چاکیشم بۆ بکە."

پیرەژنە وتی:

"بەرۆژووم.... بەڵام تۆ گەنج و جوانی، دەتوانی هەموو شتێك بە ئارەزووی خۆت بخۆیت. ئەوەتا خوا فەرمویەتی:

"الا من تاب و امن و عمل عملا صالحا."

کەنیزەکەکە پیرەژنەی پێ سەیر بوو، نزیکەی سەعاتێك لای مایەوە. ئەمجا نەعیم بە نیعمەتی وت:

"گیانەکەم، لەگەڵ ئەم پیرەژنە هەوڵ بدە، با لێرە بمێنێتەوە. نیشانەی خواپەرستی بە روخساریەوە دیارە!"

مێردەکەی وتی:

"شوێنێکی بۆ تەرخانی خواپەرستی دەکەم و ناهێڵم کەس بچێتە سەری ، بەڵکو خوای مەزن بەرەکەتی ئەم پیرەژنەمان بە سەردا برژێنێت و لەیەك دانەبڕێین!"

ئیدی پیرەژن، تاکو سبەینێ هەر خەریکی نوێژ و خواپەرستی بوو. رۆژی دواتر بەیانی باشی لە نەعیم و نیعمەت کرد. ئەمجا.... ماڵ ئاوایی لێکردن کە بڕوات، نەعیم وتی بۆ کوێ دەڕۆیت!؟....... پیاوەکەم فەرمانی داوە، خەڵوەتگات بۆ ئامادە بکەم و تێیدا خواپەرستی بکەیت!؟"

پیرەژن وتی:

"خوا ئەم ناز و نیعمەتەتان لێ نەشێوێنێت! هێندەم دەوێت، کە سەردانم کردن ئەو دەرگاوانە رێگرم نەبێت. خوا یار بیچت، سەردانی شوێنە پیرۆزەکانم کرد هەروەها دوای پەرستش، نزا و پاڕانەوە لە یەزدان شەو و رۆژ بۆ دەکەم."

ئەمجا رۆیشت و نەعیم بە دوایدا دەگریا. بێ ئەوەی بزانێت کە ئەو پیرەژنە بۆچی هاتبوو. ئەمجا پیرەژنە بەرەو کۆشکی "حەجاج" بووەوە، پێی وت:

"کەنیزەکەکەم بینی.... بڕوا ناکەم هێشتا دایك منالی وا جوانی بووبێت!"

حەجاج وتی:

"ئەگەر ئەو کارەم بۆ جێبەجێ بکەیت: باشترین پاداشتت دەدەمەوە."

پیرەژن وتی:

" ١ مانگ مۆڵەتم بدە."

حەجاج وتی:

"زۆر باشە."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٣٩

شەهرەزاد وتی: پیرەژنە کەوتە هاتوچۆی ماڵی نیعمەت و کەنیزەکەکەی و ئەوانیش تا دەهات، پتر ڕێزیان دەگرت. تا ڕۆژێکیان پیرەژن، هەلی لە کەنیزەك وەرگرت. پێی وت:

"خانم، گەر جار و بارێك لە تەك مندا بێیتە دەرەوە، دەتبەمە هەندێ لە ماڵە پاکیزەکان و تەکیە و خانەقاکان لەوێ نزای خۆت بکە."

کەنیزەکەکەش وتی:

"توخوا، بم بە لەگەڵ خۆت!"

پیرەژنەش وتی:

"با خەسوت ڕێگات بدات، ئەوسا دەتبەم"

کەنیزەکەکەش بەخەسووی وت کە بە نیعمەتی کوڕی بڵێت ڕێگای بدات. لە تەك پیرەژنەدا بڕوات بۆ تەکیە و خانەقا و نوێژ و نزا و پاڕانەوە بکات. کە نیعمەت هاتەوە پیرەژن، بەرەو ڕووی چوو دەستی ماچ بکات. بەڵام نیعمەت نەیهێشت. ئەمجا ماڵ ئاوایی کرد و ماڵی بەجێ هێشت. ڕۆژی دواتر، پیرەژن گەڕایەوە ماڵ و نیعمەتی لێ نەبوو. پێی وت:

"دوێنێ نزام بۆ کردی. ئێستاش خێرا بکە، خۆت بگۆڕە. پێکەوە دەڕۆین و پێش هاتنەوەی نیعمەت، دێینەوە!"

نەعیمیش، ڕووی کردە خەسووی و وتی:

"دە..... توخوا ڕێم بدە، با لە تەك ئەم پیرەژنەدا بڕۆم و پیاوچاکان و شوێنە پیرۆزەکان ببینم! هەندێ نزا و پاڕانەوە بکەم و پێش هاتنەوەی مێردەکەم بگەڕێمەوە!"

خەسوویشی وتی:

"دەترسم، ئاغات بزانێت!"

پیرەژنەش وتی:

"ناهێڵم دابنیشێت! هەر بە سەر پێوە زوویش دەگەڕێینەوە."

ئەمجا بەو فڕ و فێڵە، کەنیزەکەکەی گەیاندە کۆشکی "حەجاج"، هەواڵی نارد بۆی، کە هێناویێتی. حەجاج کەنیزەکەکەی بینی لە جوانی و شۆخ و شەنگی سەری سوڕما! تا ئەو دەمە ژنی وا جوانی نەدیبوو. نەعیم، پەچکەی بە ڕوودا دادایەوە. ئەمجا حەجاج فەرمانی دا پەنجا سەربازیان هێنا و کەنیزەکەیان لە تەکیاندا ڕەوانەی دیمەشق کرد. تاکو بیگەننە دەست :"میری میران" عەبدول مەلیك کوڕی مەروان. نامەیەکیشی بۆ میری میران نووسی و پێی وتن، وەڵامەکەیم بۆ بێننەوە. نەعیم بە گریاوی و خەمی گەورەیەوە، سوار کرا و بەرەو دیمەشق بوونەوە.

ئەمجا هەواڵیان دا کە تەتەر هاتووە و کەنیزەکێك و نامەیەکی هێناوە لە حەجاجەوە، میری میرانیش ڕێی پێدان و کەنیزەکەیان بردە ژوورێك و نامەکەیان دا بە میری میران. خەلیفەش چووە ژووری ژنەکەی و پێی وت:

"حەجاج کەنیزەکێکی، لە شازادەکانی کوفە بۆ کڕیوم، بە ۱۰۰۰۰ دینار، لە تەکیدا ئەم نامەیەشی ناردووە"

ژنەکەی وتی:

"خوا خێری خۆیت پتر و پتر بە سەردا ببارێنێت."

خوشکی خەلیفە چووە لای کەنیزەکەکە، کە بینی وتی:

"لە ماڵی هەر کەسێکدا بیت وێران نابێت، ئەگەر نرخەکەیشت ۱۰۰۰۰۰ دینار بێت!!"

کەنیزەکەکەیش پرسی:

"خاتوونی نازدار، ئەم شارە ناوی چییە و ئەم ماڵی کام پاشایە؟"

ئەویش لە وەڵامدا وتی:

"ئێرە دیمەشقە و ئەمە ماڵی عەبدول مەلیك کوڕی مەروانی برامە!"

ئەمجا لە کەنیزەکەکەی پرسی:

"بۆ، ئەڵبەتە تۆ نەتزانیوە بۆ ئێرەت دێنن!؟"

نەعیم وتی:

"بێ ئاگا بووم خاتوون."

ئەمجا خوشکی میری میران پرسی:

"ئەوەی کە تۆی فرۆشتوە پێی نەوتویت کە خەلیفە تۆی کڕیوە؟"

ئەمجا کەنیزەکەکە دەستی کردە گریان و بە خۆی وت:

"فێڵیان لێ کردووم!"

دیسان بە خۆی وت:

"ئەگەر بۆیشیان باس بکەم بڕوام پێ ناکەن. نەوەڵڵا با هەر بێدەنگ بم. خوا کەسی بێکەسانە!"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو................. بێدەنگ بوو.

## شەوی ۲٤۰

شەهرەزاد وتی، کەنیزەکەکە لە شەرمدا سەری داخستبوو، ماندووی ڕێگا بوو تینی هەتاو، کاریان تێ کردبوو، ئەو ڕۆژە، خوشکی خەلیفە جێی هێشت. ڕۆژی دواتر بەرگی شایانەی لەبەر کەنیزەك کرد و خشڵی پێدا کرد و ڕازاندیەوە کە میری میران هات بۆ بینینی، خوشکەکەی پێی وت،

"سەیری ئەم کەنیزەکە بکە، خوا ئەم هەموو شۆخ و شەنگی و جوانیەی پێ بەخشیوە!"

خەلیفەش وتی،

"پەچەکەت لا بدە، با رووت ببینم."

کەنیزەکە، پەچەکەی لا نەدا و خەلیفەش رووی نەبینی! ئەمجا خەلیفە بە خوشکەکەی وت:

"رووی بدمرێ با هۆگرت ببێت!"

ئەمجا چووە دەرەوە. ئیدی کەنیزەکەکە هەر بیری بە لای نیعمەتەوە بوو. شەو تایەکی گرانی گرت. نان و ئاوی نەخوارد. رۆژی دواتر زۆر زەرد و لاواز بوو. کە خەلیفە بەمەی زانی، پزیشکانی هێنایە سەر، بەڵام چارەسەری نەبوو.

کە نیعمەتیش گەڕایەوە ماڵ، خۆی گۆڕی و بانگی کرد:

"نەعیم"

کەس وەڵامی نەدایەوە. ئەمجا هەستا و بەرەو ژوورەکان و بانگیشی دەکرد. کەس نەهات بە دەمیەوە. هەر کەنیزەکە و لە شوێنێك لە ترساندا خۆی شاردبووەوە. کە سەیری کرد، دایکی بێدەنگ دانیشتووە و دەستی لەسەر لێوییەتی. ئەمجا پرسی:

"دایە، نەعیم کوا؟"

ئەوی وتی:

"کوڕەکەم، لەگەڵ یەکێکدایە، کە لە من زیاتر متمانەی پێ دەکەیت! لەگەڵ پیرەژنە خواناسەکە چووە، هەزاران بە سەر بکاتەوە و دەگەڕێتەوە"

کوڕەکەی وتی:

"جا.. کوا ئەو هێندە چووەتە دەرەوە.... کەی رۆیشتوون؟"

دایکەکەی وتی:

"سەر لە بەیانی ئەمرۆ."

ئەمجا کوڕە پرسی:

"چۆن رێت پێدا؟"

دایکەکە وتی:

کوڕەکەم، ئەو داوای لێ کردم، رێی پێ بدەم."

ئەمجا نیعمەت وتی:

"لاحول و لاقوه الا بالله العلی العظیم."

ئەمجا نیعمەت لە ماڵ هاتە دەر و بەرەو پۆلیسخانە. بە بەڕێوەبەری پۆلیسی وت:

"فێڵ لە منیش دەکەیت!! کەنیزەکەکەم دەبەیت! دەبێت ئەم سکاڵایەم ببمە لای میری میران."

بەڕێوەبەری پۆلیس پرسی:

"لەگەڵ کێ چووەتە دەرەوە؟"

نیعمەت وتی:

"پیرەژنێکی لەم شێوە و لەم رەنگە، بەرگی خوری پۆشی بوو. تەزبێحێکی هەزار دەنکەی لە ملدا بوو."

بەڕێوەبەری پۆلیس وتی:

"پیرەژنەکەم پیشان بدە، منیش کەنیزەکەکەت بۆ دێنمەوە."
ئەویش وتی:
"جا.... کێ پیرەژنە.... دەناسێتەوە؟"
بەڕێوەبەری پۆلیسیش وتی:
"خوا نەبێت کەس غەیب نازانێت."
بەڕێوەبەری پۆلیس گومانی لە پیرەژنە فێڵاویەکەی حەجاج کرد. نیعمەت وتی:
"ئەو کەنیزەکە لە چاوی تۆی دەناسم! ئیدی من و تۆ و حەجاج"
بەڕێوەبەر وتی:
"بۆ لای کێ دەچیت بچۆ...!"
ئەمجا نیعمەت بەرەو کۆشکی حەجاج بووەوە. باوکی نیعمەت یەکێك بوو لە گەورە پیاوانی کوفە و ناسراو بوو. کە لە دەرگای دا دەرگاوان چووە لای حەجاج و کێشەکەی تێگەیاند. حەجاجیش وتی:
"بۆم بێنن."
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.................. بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٤١

شەهرەزاد وتی: کە نیعمەتیان بردە بەردەمی حەجاج، پرسی:
"چیتە؟"
ئەویش وەڵامی دایەوە:
"کە چی لێ بەسەرهاتووە"
ئەمجا ناردیە دووی بەڕێوەبەری پۆلیس، فەرمانی پێدا کە بە شوێن پیرەژنەدا بگەڕێت، چونکە دەیزانی کە پیرەژنە دەناسێتەوە. کە هێنایان وتی:
"خوا نەبێت کەس غەیب نازانێت."
حەجاج فەرمانی پێ دا:
"دەبێت سواری ئەسپ بیت و شار و دێ و ڕێگا و بانان بپشکنی، تاکو ئەو کەنیزەکە دەدۆزیتەوە."
ئەمجا رووی کردە نیعمەت و پێی وت:
"ئەگەر هەر بۆمان نەدۆزرایەوە، ئەوا من و بەڕێوەبەری پۆلیس یەکی ١٠ کەنیزەکت، لە ماڵی خۆمان دەدەینە تۆ..!!"
بە بەڕێوەبەری پۆلیسی وت:
"بڕۆ، هەر لە ئێستاوە بگەڕێ!"

که بەڕێوەبەر، هاتە دەرەوە پەژارە دایگرت.... ئەو شەوە تاکو بەیانی لەگەڵ دایکیدا گریا.
کە باوکی ئەمەی بینی بە کوڕەکەی وت:
"کوڕم حەجاج بە فێڵ و کەڵەك، ئەو کەنیزەکەی بردووە، سات دوای سات، خوا دەرووت لێ دەکاتەوە."
پەژارە نیعمەتی داگرت. خۆیشی نەی دەزانی چی دەکات و چی ناکات. تاکو لەڕ و لاواز بوو. باوکی چەندین پزیشکی هێنایە سەر، بەڵام دەیان وت:
"ئەمە دەرمانی نییە."
ڕۆژێکیان، کە لە ماڵ دانیشتبوو، ناوبانگی پزیشکێکیان بۆ هەڵدا کە گوایە زۆر زیرەکە، لە چارەسەرکردندا و ئەستێرەناسە و فاڵچیە و "رمل" لێ دەدا. رەبیعی باوکی ناردیە شوێنی، زۆر ڕێزی لێ گرت و پێی وت:
"سەیری کوڕەکەم بکە."
پزیشکە بە نیعمەتی وت:
"دەستت بێنە."
کە سەرنجی لێدانی دڵی دا و سەرنجی دەم و چاوی دا. پێکەنی و بە باوکی وت:
"کوڕەکەت دڵی نەبێت هیچی تری نییە!"
باوکی وتی:
"ڕاستت وت: ورد ورد لێی بکۆڵەوە و ئەمجا هیچیشم لێ مەشارەوە."
پزیشکە عەجەمیەکە وتی:
"ئەمە نەخۆشی کەنیزەکێکە، کە لە بەسرەیە... یان لە دیمەشقە.. دەرمانی کوڕەکەیشت تەنیا و تەنیا بینینی ئەو کەنیزەکەیە."
رەبیعی باوکی نیعمەتیش وتی:
"ئەگەر توانیت ئەم دوانە بە یەك بگەیەنیت، چیت لە دنیادا دەوێت دەتدەمێ و کارێك دەکەم، تا ماویت، نەبوونی نەبینیت!"
پزیشکە وتی:
"کارەکە ئاسانە و بەم زووانە."
ڕوویشی کردە نیعمەت و وتی:
"ورەت بڵند بکەوە، خەمت نەبێت"
بە باوکیشی وت:
"٤٠٠٠ دینارم بۆ بێنە."
باوکەش پارەکەی هەر لەوێدا پێدا. پزیشکە عەجەمیەکە پارەکەی وەرگرت و وتی:
"ئەمجا دەستی کوڕەکەت بدە دەستمەوە و با بڕۆین، یەکەمجار بەرەو دیمەشق، خوا یار بێت تا کەنیزەکەکە نەهێنمەوە، ناگەڕێمەوە."
ڕووی کردە نیعمەت و وتی:
"ناوت چیە؟"

ئەویش وتی:
"نیعمەت"
ئەمجا پێی وت:
"ئەی نیعمەت، خوا بێوەیت بکات. خوا بە کەنیزەکەکەتت دەگەیەنێتەوە."
نیعمەت لە خۆشیدا هەستایە سەر پێ پزیشکە عەجەمیەکە پێی وت:
"ورەت هەبێت، خۆت دڵخۆش بکە. خواردن و خواردنەوەی باش بخۆ. چونکە هەر ئەمڕۆ بەڕێ دەکەوین.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٤٢

شەهرەزاد وتی: عەجەمی، چی پێویست بوو، لە ئەسپ و وشتر باری چینی و فەخفوری و دەستکاری ناسك و جوان، خواردن و پێداویستی ڕێگای کاوانی دوور، ئامادەی کرد، نیعمەتیش دەست لە ملانی دایك و باوکی بوو خواحافیزی لێ کردن و وەڕێ کەوت، کە گەیشتنە "حەڵەب" لایان دا، دوای پرس و گوێ هەڵخستن بۆی دەرکەوت، کەنیزەکەکە لێرە نییە. ئەمجا بەرەو شاری دیمەشق بوونەوە و کاروانی لەوێ خست و ٣ ڕۆژ مانەوە. عەجەمی دوکانێکی گرت و شتومەکی بارەکەی تێدا دانا. هەر لە چینی و فەخفوری تا پەردە و سەر پەنجەرەی ڕازاوە و جۆرەکانی ماکیاجی ژنان. خواردنەوەی پیاوان. بەم لا و الی شووشەکاندا پەرداخی ئەنتیکە و نایابی بلوور، کورسی و مێزی لە ناوەڕاستی دوکاندا بۆ دانا. ئەمجا بە نیعمەتی وت:
"لەمڕۆوە، تۆ پێم دەڵێی بابە و منیش بە کوڕی خۆم بانگت دەکەم."
ئەویش وتی:
"بە چاوان"
دوکانەکە هەر زوو ناوبانگی دەرکرد، هاوڵاتیان دەستە دەستە دەهاتن بۆ تەماشا کردن و شت کڕین و سەریان لەو شتومەکانە و لە شۆخ و شەنگی نیعمەت سوڕ دەما! عەجەمیەکە و نیعمەت، بە زمانی فارسی قسەیان لەگەڵ یەك دەکرد: جارانیش وا باو بوو، منداڵە دەوڵەمەندەکان دەبوو زمانی فارسیان بزانیبایە. عەجەمیش، زیرەکانە چارسەری دەکردن. ئیدی کە مۆڵەتی نەخۆشیان دەدایە، کە سەرنجی دەدا، دەرمانی بۆ دیاری دەکردن. پێی دەوتن:
"نەخۆشەکەتان، حاڵەتی ئاوایە و... ئاوایە!"
ناوبانگی زیرەکی، گەیشتە ناوماڵە دەوڵەمەند و پیاوماقوڵانی دیمەشق. ڕۆژێکیان، لە دوکانەکەی دانیشتبوو، پیرەژنێك بە جل و بەرگی، چنراوی جوان و پۆشتەوە بە سواری کەر، گەیشتە بەردەم دوکانەکە و ڕەشمەی کەرەکەی توند کرد و پرسی:

"تۆ ئەو پزیشکە عەجەمیەی کە لە بەغداوە هاتوویت!؟" ئەمیش وتی:

" بەڵێ"

پیرەژنە وتی:

"لەماڵەوە نەخۆشێکم هەیە"

ئەمجا کە مۆڵەیەکی دەرهێنا و دایە دەستی. کە عەجەمی سەیری کەمۆڵەکەی کرد پرسی:

"خانم، ناوی ئەم کەنیزەکەم پێ بڵێ تاکو بزانم ئەو دەرمانەی کە بۆی دیاری دەکەم، چ ڕۆژ و سەعاتێك بیخوات!؟ چونکە دەبێت سەیری ئەستێرەی بکەم و ڕمڵی بۆ لێبدەم!"

پیرەژنە وتی:

"برای فارس، نەخۆشەکە ناوی نەعیمە."

ئەمجا چەند شتێکی نووسی و پرسیەوە:

"لەبەر جیاوازی ئاو و هەوای شوێنەکان، تاکو نەزانم خەڵکی کوێیە، ناتوانم دەرمانی بۆ دەست نیشان بکەم! تەمەنیشی چەندە؟"

پیرەژنە وتی:

"تەمەنی ١٤ ساڵە و لە شاری کوفەی مەملەکەی عیراق بووە"

ئەمجا عەجەمی پرسی:

"دەمێکە لێرەیە؟"

پیرەژنە لە وەڵامدا وتی:

"چەند مانگێکی کەمە."

کە نیعمەت بۆی دەرکەوت ئەوە نەعیمی خێزانی خۆیەتی، دڵی کەوتە تەپوکۆ! ئەمجا عەجەمی بە نیعمەتی وت:

"ئەو دەرمانە و ئەو دەرمانەیتری بۆ دەبێت."

پیرەژنە وتی:

"هەر چەندت دەوێت با بت دەمێ و ناوی خوای لێ بێنم و بڕۆم."

پیرەژنە ١٠ دیناری فڕێ دایە دوکانەکەوە عەجەمی سەیرێکی نیعمەتی کرد و فەرمانی دایە کە دەرمانەکان ئامادە بکات. پیرەژنەش هەر سەیری نیعمەتی دەکرد، بە خۆی وت:

"پەنا بە خوا، ئەم کوڕە هەر لە نەعیم دەچێت!"

ئەمجا لە عەجەمی پرسی:

"ئەم کوڕە کۆیلەتە یان کوڕتە."

ئەویش وتی:

"کوڕمە."

نیعمەت دەرمانەکانی کردە شووشەوە و کاغەزێکی هێنا و نووسی:

نیعمەتە ئەگەر بە تیلەی چاوێ — بۆ ئێمە تەنیا تیرێ بهاوێ

وتیان: یەك پرسیار ٢٠ وەڵامی هەن — وەڵام وەردەگرم هەر بە پڕ تاوێ

ئەو کاغەزەیشی خستە ناو شووشەکانەوە. مۆری خۆی لێدا و بە شێوەی هێڵی کوفی لەسەر شووشەکەی نووسی:

"من نیعمەتی کوڕی رەبیعی کوفیم."

ئەمجا شووشەکانی دایە دەست پیرەژنە. کە پیرەژن گەڕایەوە شووشەی دەرمانەکانی خستە بەردەم نەعیم و پێی وت:

"خانم... ئەزانیت، پزیشکێکی عەجەمی لە شارەکەماندایە. هەر کە کۆمۆڵەکەی تۆم دایە، سەرنجی دا، بۆم دەرکەوت زۆر زیرەکە و پزیشکی وا هەر نییە! کە ناوی تۆم پێ وت.... یەکسەر، زانی چ نەخۆشیەکتە! بە کوڕەکەی وت کە دەرمانەکان ئامادە بکات. بڕوا بکە لە هەموو دیمەشقدا کوڕێکی ئاوا شۆخ و شەنگ و قۆزی تر نییە! هیچ دوکانێ: هێندەی دوکانەکەی ئەوان رازاوە و پڕ شتومەك نییە!"

نەعیم، سەیری دەرمانەکانی کرد و شووشەکانی کردەوە، نامەیەکی تیا دۆزیەوە کە ناوی گەورەکەی و باوکی تیانووسرابوو. بۆیە رەنگی تێکچوو، بە خۆی وت:

"بێ گومان ئەم پزیشکە بۆ هەواڵی من هاتووە!"

ئەمجا پرسی:

"ئەو کوڕە گەنجە چۆنە؟"

پیرەژنە وتی:

"ناوی نیعمەتە، بە لای برۆی راستییەوە نیشانەیەك هەیە. جل و بەرگی جوانی لەبەردا بوو، زۆریش قۆز و شەنگ بوو."

نەعیم وتی:

"ئەو دەرمانەم بدەرێ با ناوی خوای لێ بێنم و لێی بخۆم."

بە پێکەنینەوە وتی:

"دەرمانێکی پیرۆزە."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٤٣

شەهرەزاد وتی: کە کاغەزی ناو شووشەکەی بینی و شیعرەکەی خوێندەوە، گومانی نەما، کە مێردەکەی خۆیەتی. پیرەژنەش، کە بینی نەعیم پێدەکەنێت وتی:

"ئەمڕۆ رۆژێکی پیرۆزە."

نەعیم وتی:

"ئادەی قارەمانە شتێکم بۆ بێنە بیخۆم."

ئەویش فەرمانی دا بە کەنیزەکەکان:

"خۆشترین خواردن و خواردنەوە بخەنە بەردەست خانمی گەورە."

لەو کاتەدا عەبدوڵڵای کوڕی مەروان، خۆی کرد بە لایاندا و کە بینی نەعیم، پاروو دەگلێنێ، زۆری پێخۆش بوو. پیرەژنە قارەمانە بە میری میرانی وت:

"خۆشی لە خۆت، کە نەعیم روو لە چاك بوونەوەیە....! پزیشکێکی دەرمانی بۆ دیاری کردووە! لە وێنەی نییە! ئەوەتا... یەك ژەمی لە دەرمانەکە خواردووە، دەستی کردووە بە پاروو گلاندن! "

میری موسڵمانان بە پیرەژنە قارەمانەی وت:

"ئەو ١٠٠٠ دینارە بگرە. بیدە بە پزیشکەکە پاداشتی چاك بوونەوەی نەعیم "

پیرەژنــە ١٠٠٠ دینــارەی گەیانــدە دوکـانی عەجـەمی و پێـی دا، ئـەمجا تێـی گەیانـد کـە نەخۆشەکە کەنیزەکی میری میران بوو. کاغەزێکیش کە نەعیم نووسی بووی دایە دەست عەجەمی پزیشکی. عەجەمیش نامەکەی دایە دەست نیعمەت. ئەویش کە دەست و خەتەکەی بینی بووڕایەوە. کە بە ئاگا هاتەوە خوێندیەوە:

"لە کەنیزەکە، داماڵراوەکەی نیعمەتـە، فریوخواردووەکەوە دابـڕاو لـە خۆشەویستەکەی، نامەکەت گەیشت. دڵم پێی کرایەوە. وەکو شاعرێك دەڵێت:

نامەکەت گەیشت پەنجەت نەرزێ — بۆن دار بوو: وەکو گوڵی نێرگزێ

"موسا" بۆ دایکی چۆن گەڕایەوە — دڵی من ئاوا پێی گەشایەوە

پیرەژنە قارەمانە کە ئەمەی بینی پرسی:

"ئەوە بۆ دەگریت.. خوایە چاو بە فرمێسك نەبیت هەرگیز؟"

پزیشکی عەجەمی وتی:

"چۆن نەگریەت بۆ کەنیزەکەکەی؟ ئاخر... ئەم خاوەنێتی. ئەمە نیعمەتی کوڕی رەبیعی کوفیە! نەخۆشی کەنیزەکەکە بەندە بە بینینی ئەم خاوەنە خۆشەویستەیەوە. خانم... ها... ئەو ١٠٠٠ دینارەش بۆ خۆت. مـن لـەو بـڕە پارەیـەش پـتڕت دەدەمـێ... تـۆش چاوی بـەزەییت لێمان بێت. ئەم کارە بە تۆ نەبێت ناکرێت."

پیرەژنە وتی:

"تۆ خاوەنی ئەو کەنیزەکەیت؟"

وتی:

"بەڵێ"

پیرەژنە وتی:

"راست دەکەیت...! چونکە هەمیشە باست دەکات."

ئیدی نیعمەت هەر لە نووکەوە، بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە. پیرەژن وتی:

"کەوابوو.... بە یەك گەیشتنەوەتان لە من بناسە!"

کە پیرەژن گەڕایەوە لای نەعیم بزەیەك گرتی و وتی:

"حەقی خۆتە، لـە پێنـاوی نیعمـەتی کورشـی رەبیعـی کـوفی گەورەتـدا، بگریـت و نـەخۆش بکەوێت!"

نەعیم وتی:

"کەوابوو نهێنییەکەت بۆ دەرکەوت راستیەکە ئاشکرا بوو."
پیرەژن وتی:
"بێخەم بە بەو خوایە.... ئەگەر کوشتومیان، دەستت دەدەمە دەستیەوە!!"
ئەمجا گەڕایەوە لای نیعمەت و وتی:
"ئێستا لای کەنیزەکەکە بووم، ئەو لە نیعمەت پتر بە تاسیە پێك گەیشتنەوەتە. گەر هێندە دڵت بەهێزە بە هەر فڕ و فێڵێك بێت، ژیانی خۆم دەخەمە مەترسیەوە و دەتبەمە کۆشکی خەلیفە. چونکە نەعیم ناتوانێت بێتە دەرەوە."
نیعمەت وتی:
"خوا پاداشتت بداتەوە."
دیسان گەڕایەوە کۆشك و بوخچەیەك لە جل و بەرگی کەنیزەکی هێنا و هاتەوە لای نیعمەت و وتی:
"دەی.... با بچینە، کونجێکی پشتەوەی دوکانەکە..... ئەمجا جل و بەرگی ژنانەی لەبەر نیعمەت کرد و کلی لە چاوان کرد و رازاندیەوە، بە جۆرێك دەتوت: فریشتەی بەهەشتە.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٤٤

شەهرەزاد وتی: کە پیرەژنە لە رازاندنەوەی، نیعمەت بووەوە، وتی:
"ئادەی کەمێك وەرە وبڕۆ..."
ئەمجا وتی:
"یەکەم جار پێی چەپت هەڵبنێ."
ئەویش بە قسەی کرد. ئەمجا پیرەژنە وتی:
"پیرۆز هەر خوایە، کە مرۆڤ چاکترینی دروست کراوێتی..!"
ئەمجا وتی:
"لێرە چاوەڕێ بکە.... سبەینێ، دێمە شوێنت و دەتبەم و دەچینە کۆشك. لەوێ گوێ بە دەرگاوان و خزمەتکاران و کەنیزەکان نادەیت.... سەر دادەخەیت و قسە لەگەڵ کەسیان ناکەیت.... خۆم هەموو کارەکان دەکەم، خوا پشت و پەنامان بێت."
بەیانی رۆژی دواتر، نیعمەتی دایە پێش بەرەو کۆشکی خەلیفە. کە دەرگاوان ئەم دوانەی بینی پیرەژنە قارەمانەی رێ پێدا... نەیهێشت، نیعمەت بچێتە ژوور. پیرەژن هەڵگەڕایەوە وتی:
"ئەی بەدبەخت ترین، کۆیلە، ئەوە کەنیزەکە نەعیمی کۆشکە، چۆن رێی پێ نادەیت؟"
بە نیعمەتیشی وت:
"کەنیزەکەکە.... وەرەژوور"

رۆیشتن، رۆیشتن تا گەیشتنە هۆڵی کۆشکەکە. ئەمجا بە نیعمەتی وت:
"ورمت بلند بێت، خۆت رابگرە.... لێرەوە رێك دەڕۆین... ٥ دەرگا دەژمێریت، ئەمجا خۆت دەکەیت بە شەشەم دەرگادا!! ئەو ژوورەم بۆ تۆ داناوە.... هەر کەسێك قسەی لەگەڵ کردی، وەڵام مەدەرەوە."
کە گەیشتنە دەرگای شەشەم، نیعمەت ویستی بچێتە ژوورەوە، دەرگاوان نەیهێشت و پرسی:
"ئەم کەنیزەکە چییە؟"
پیرەژن وتی:
"ئەم خاتوو نەعیم کڕیوێتی."
دەرگاوان وتی:
"کەس ناچێتە ژوورەوە، بە بێ ڕێ پێدانی خەلیفە.... بیگێڕە دواوە، چونکە من وا فەرمانم پێدراوە."
پیرەژنە فارەمانەش وتی:
"دەرگاوان، ژیریت بخە گەر.... نەعیم کەنیزەکە خۆشەویستەکەی خەلیفەیە، دەمێك نییە چاك بووەتەوە، خەلیفەش هێشتا هەر خەمیەتی مەبە، ڕێگر..... با نەعیم سکاڵات لای خەلیفە لێ نەکات و ئەویش، فەرمان نەدات سەرت بپەڕێنن!!"
ئەمجا بە نیعمەتی وت:
"دەی بابچینە ژوورەوە، بۆ خاتوو نەعیم مەگێڕەوە، کە دەرگاوان نەیهێشتووە بێیتە ژوورەکەیەوە!"
نیعمەت سەری داخست و هاتە ژوورەوە. لە جیاتی ئەوەی بە لای چەپدا بڕوات بە هەڵە بە لای ڕاست دا ڕۆیشت. لە جیاتی ئەوەی ٥ دەرگا بژمێرێت و خۆی بکا بە دەرگای شەشەمدا... ٦ ی ژمارد و خۆی کرد بە حەوتمدا. کە چووە ژوور چی ببینێ.... ژوورێکی رازاوە، بە پەردەی چنراوی تاڵی زێڕین سیسەم و نوێن ئاوریشم. بۆنی مسك و گوڵاو، نیعمەت لەسەر سیسەمەکە دانیشت و بیری لەم ژوورە دەکردەوە هێندەی زانی خوشکی میری موسڵمانان خۆی کرد بە ژووردا. کە نیعمەتی بینی وای زانی، کەنیزەکە، لێی پرسی:
"کەنیزەکەکە، تۆ کێیت، کێ تۆی گەیاندە ئەم ژوورە؟"
نیعمەت قسەی نەکرد. ئەمجا خوشکی میری موسڵمانان وتی:
"کەنیزەکەکە گەر براکەم لێت تووڕە بووە با دڵی بدەمەوە و ئاشتی بکەمەوە."
نیعمەتیش وەڵامی نەدایەوە. ئەمجا فەرمانی دا بە کەنیزەکەکە خۆی لە دەم دەرگاکە بوەستێت و نەهێڵێت، کەس بێتە ژوورەوە. ئەمجا پەچەی لە رووی هەڵدایەوە، کە ئەو هەموو جوانیەی بینی سەری سوڕما!! پرسی:
"کیژۆڵە، ناوت چییە و تۆ کێیت؟ من تۆم لە کۆشکدا پێشتر نەبینیوە!!؟"
نیعمەت دیسان بێدەنگ بوو. بۆیە خوشکی یری موسڵمانان تووڕە بوو. چەپۆکێکی بە سەری نیعمەتدا دا، شتەکان کەوتنە خوار و فرۆفێڵەکەی بۆ دەرکەوت. ئەمجا نیعمەت وتی:

"خانم.... پەنا بۆ تۆ دێنم... کۆیلەم و بمکرە. بە هانامەوە ببە."
ئەویش وتی:
"گوێ مەدەرێ.... تۆ کێیت... کێ تۆی گەیاندە ئەم کۆشکە!!؟"
نیعمەت لەوەڵامدا وتی:
"من ناوم نیعمەتی کوڕی رەبیعی کوفیە. ژیانی خۆم خستۆتە مەترسیەوە بۆ نەعیمی کەنیزەکەم. کە حەجاج بە فڕ و فێڵ دەستی بە سەردا گرتوو، ناردییە ئێرە."
ئەمجا فەرمانی بە کەنیزەکی دەرگا دا، بچێت نەعیم بانگ بکات. پیرەژنە فارەمانەش کە چووە لای نەعیم.... پرسی:
"خاوەنەکەت گەیشتە لات؟"
ئەویش وتی:
"نە بە خوا"
پیرەژنە وتی:
"رەنگە ژوورەکەی لێ تێك چووبێت و لە کۆشکدا ون بووبێت! "
نەعیم وتی:
"لاحول و لاقوە الا بالله العلی العظیم.... ئەوە هەمووومان تیاچووین!!"
دەستیان کرد بە بیرکردنەوە. کاتێکیان زانی کەنیزەکی خوشکی میری موسڵمانان خۆی بە ژووردا کرد دوای سڵاو وتی:
"خاتوون دەڵێت بابێت بۆ ژوورەکەم."
نەعیم وتی:
"بە سەرچاو."
پیرەژن وتی:
"رەنگە نیعمەت، لای خوشکی میری موسڵمانان بێت و نهێنیەکەی ئاشکرا بووبێت!"
خێرا بەرەو ژووری خوشکی خەلیفە چوو. کە گەیشت خوشکی خەلیفە پێی وت:
"ئەوە گەورەکەت... ژوورەکەی لێ تێکچووە. خوا یار بێت خەمتان نەبێت!"
کە نەعیم ترسی رەویەوە.... باوەشی بە نیعمەت دا کرد و ماچی کرد. نیعمەتیش لە خۆشیدا بوورایەوە و کەوتە سەر زەوی.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٤٥

شەهرەزاد وتی، کە هۆشیان هاتەوە، خوشکی خەلیفە وتی:
"لێرە دانیشن، تاکو رێگەیەکتان بۆ بدۆزمەوە و رزگارتان بکەم."
ئەوانیش وتیان:

"فەرمایشتە."

دیسان وتی:

"بەو خوایە، نابێت لای ئێمەوە خراپتان بێتە ڕێ!"

ئەمجا بە کەنیزەکەکەی وت:

"خواردنیان بۆ بێنە."

ئەویش بۆی هێنان. ئەمجا مەی و پیاڵەی خستنە بەردەم. ئەوانیش خۆیان شاد و دڵخۆش بوون. ئەمجا نیعمەت وتی:

"خۆزگە دەمزانی، دوای ئەمە چی ڕوو دەدات؟"

خوشکی خەلیفە پرسی:

"ئەرێ... ئەم کەنیزەکەت خۆش دەوێت؟"

نیعمەتیش وتی:

"خانم لەبەر خۆشەویستی ئەو ئاوا ژیانم خستۆتە مەترسییەوە!!"

ئەمجا ئەم پرسیارەی لە کەنیزەکە نەعیم کرد. ئەویش وتی:

"خانم خۆشەویستی ئەو، منی گۆڕی."

ئەمجا خوشکی خەلیفە وتی:

"یەك دەنگ، خەم مەخۆن، چونکە ئاوا یەکتان خۆش دەوێت، بەو خوایە کەس ناتوانێت، لێکتان بکات."

نەعیم هێندە دڵی خۆش بوو کە وتی: عودێکم بۆ بێنن. بۆیان هێنا، هەندێ نەسبی کرد و ئەم گۆرانیەی وت:

بێ ئەوەی حەقی لام من و تۆ بێ لە یەك دابڕین بە کڵۆ کۆیێ

دەم و زوبانی لێ خستینە کار بێئەوەی هاوڕێ و خزمم لێ کۆ بێ

نەعیمیان، هان دا و بادەیان نۆشی..... مەستی ئاواز و گۆرانی خۆش... کاتێکیان زانی، خەلیفە خۆی کرد بە ژوورەکەیاندا. کە بینیان هەستان و کڕنوشیان بۆ برد. ئەویش کە نەعیمی بینی وتی:

"سوپاس بۆ خوا، کە سەریەشەکەت نەما."

ئەمجا لە خوشکەکەی پرسی:

"ئەی ئەم کەنیزەکە نوێیەی لای نەعیمەوە دانیشتووە کێیە؟"

خوشکەکەی وتی:

"میری موسڵمانان، نەعیم بە بێ ئەم کەنیزەکە ناخوات و ناخواتەوە، هێندەی خۆش دەوێت!!"

خەلیفە وتی:

"کە بە هێندەی نەعیم جوان و نازدارە، سبەینێ فەرمان دەدەم، جێی لە ژوورەکەی نەعیم بۆ بڕازێننەوە، لە بەرخاتری نەعیم."

ئـەمجا خەلیفـەیان لـە کۆڕەکەیانـدا جـێ کـردەوە و پیاڵـەی شـەرابیان دایـە دەسـت. خوشکەکەی چاوێکی لـە نـەعیم داگـرت، کـە گۆرانیـەك بڵێـت. نـەعیمیش، پێکەکـەی هەڵدا و عودەکەی گرتە دەست و گۆرانییەکی خۆشی بۆ وت:

ئەمجا خەلیفە پێکێکی بۆ کرد و بەڵکو گۆرانیەکی تریش بڵێیت. ئەویش پێکەکەی هەڵدا و دەست بە سازەوە... گۆرانی بۆ وت بەم ئاوازەوە:

| | |
|---|---|
| ئەی شەریف ترین کەسی زەمانە | لە وێنەت نییە.... چاکی بزانە |
| ئەی ئەوەی پلە وپایەت باڵایە | ناوت بڵندە: دەڵێی ئاڵایە |
| خوا بتپارێزێ لە بەڵای خراپ | خوایە گیرابێت.... ئا ئەم دوعایە |

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٤٦

شەهرەزاد وتی: کە خەلیفە گۆرانیەکەی بیست وتی:

"چەند گۆرانیەکی خۆش بوو! چەندە زمان پاراو و شیعر رەساو بوو!"

دانیشتنەکەی تاکو نیوەشەو درێژەی کێشا. دواتر خوشکی خەلیفە بە خەلیفەی وت:

"گوێ بگرە، لە کتێبی ژیاننامەی گەورە پیاواندا چیرۆکێکم دیوە!"

خەلیفە وتی:

"چ چیرۆکێك؟"

خوشکەکەی وتی:

"گـوێ بگـرە... لـە شـاری کوفـەدا لاوێـك هـەبوو، نـاوی نیعمـەتی کـوڕی رەبیـع بـوو، کەنیزەکێکی هەبوو، کە هەر لە منداڵیەوە پێکەو گەورە بوون. کە گەورە بـوون، خۆشەویستی داگیری کردن. ئەمجا زەمانە نەگبەتی خۆی دا بە سەریاندا. بەڵای بـۆ نـاردن. تووشی دابڕانـی کردن لە یەکتر. بە فڕ و فێڵ کەنیزەکەیان لە ماڵ هێنایە دەر و دزیان، ئەمجا دزەکە فرۆشـتی بە یەکێ لـە سوڵتانەکان بـە ١٠٠٠٠ دینـار. لاوەکە هێنـدەی کـەنیزەك خۆشـی دەویست مـاڵ و سامانی جێ هێشت و ژیانی خستە مەترسییەوە و شارە و شار کەوتە سۆراخی کەنیزەکەکەی! خەو و خـۆراکی لـێ هـەلگیرا. دوای مانـدوو بـوونێکی فـرە، کەنیزەکەکـەی دۆزیـەوە، کـە نـاوی نەعیم بوو. دەستی لە ژیانی هەلگرت و چووە لای. کەنزەکەکەیش لاوەکەی خـاوەنی هـەر زۆر خۆش دەویست. هێشتا تاسەیان، لەیەك نەشکابوو، کـە خەلیفـە خـۆی کـرد بـە ژوورەکەیانـدا، خەلیفەش کاتی خۆی کەنیزەکەکەی کـڕی بـوو. لـەو کەسـەی کـە دزی بـووی. نـە هێشـتی دەم بکەنـەوە، نـەگوێی لـێ گـرتن. دەم و دەسـت فـەرمانی دا و بردیـانن و کوشـتیانن! باشـە مـیری موسڵمانان تۆ چی دەڵێیت، لەبارەی بێویژدانی ئەو پاشایەوە!؟"

میری موسڵمانان وتی:

"ئەوە، شتێکی زۆر عەجایبە، دەبوو، لەگەڵ ئەو هەموو دەست ڕۆیشتنەدا، لێبوردە بوایە! لێیان خۆش بوایە، لەبەر ئەم سێ هۆیە، یەکەم ئەوانە خۆشەویستی یەك بوون. دووەم: لە حاڵی ئەودابوون و لەسەر بڕەی خۆی بوون. سێیەم: دەبوا پاشایان ئارام و شینەیی بن. ئەوان حوکمڕانی هاوڵاتیانن، چۆن دەبێت هێندە بە پەلە بن؟ ئەو پاشایە کاری ئەو کەسە پاشایانە نەبووە!"

ئەمجا خوشکەکەی وتی:

"برا گیانەکەم.... توو پاشای ئاسمانان و زەوی، ئێستا بە نەعیم بڵێ بۆ گۆرانیەکی تر."

نەعیمیش دەنگی هەڵبڕی. ئەم گۆرانیەی چڕی:

غەدری زەمانە هەر سەرومڕە — دڵێ دەگۆشێ کە بە خەم پڕە
نێوان هاوڕێیان دەئاڵۆزێنێ — بۆ خۆشەویستیان وەکو ئاگرە
پێکەوە ژینمان خۆشی و خەندان بوو — ئەوەی بیر نەبوو هەر دابڕان بوو

خەلیفە کە ئەم گۆرانیەی بیست، زۆری پێ خۆش بوو. ئەمجا خوشکەکەی وتی:

"برا گیان، هەر کەسێك بڕیارێك بدات، دەبێت خاوەن قسەی خۆی بێت! تۆش خۆت، حوکمی خۆت دا."

ئەمجا وتی:

"نیعمەت هەستە، تۆش نەعیم، هەستە بەرامبەری بوەستە."

ئەمجا خوشکی خەلیفە وتی:

"ئەی میری موسڵمانان، ئەم نەعیمە، حەجاج کوڕی یوسفول سەقەفی دزیویەتی. درۆیشی کردووە، کە گوایە بە ١٠٠٠٠ دینار کڕیویەتی! ئەمەیش نیعمەتی کوڕی ڕەبیعی خاوەنیەتی..... منیش دەڵێم، بۆ خاتری حورمەتی پاکیزەیی باوانت حەمزە و عەباسی و عوقەیل...لێیان خۆش ببە و بیان بەخشە بەیەك! پاداشتی ئەم چاکەیە لەو دنیا وەر بگرەوە. ئێستا ئەمانە لەبەر دەستی تۆدان! نمەکی تۆیان کردووە. منیش بۆیان دەپاڕێمەوە لێت!"

خەلیفە وتی:

"ڕاست دەکەیت، خۆم حوکمی خۆم داوە و پەشیمان نیم لەو قسەیە."

ئەمجا پرسی:

"نەعیم، ئەمە خاوەنتە!؟"

ئەویش وتی:

"بەڵێ میری موسڵمانان."

خەلیفە پێی وت:

"خەمتان نەبێت، ئەوا منیش دامنەوە بە یەك."

ئەمجا لە نیعمەتی پرسی:

"چۆن زانیت نەعیم لێرەیە و کێ پێی وتی؟"

نیعمەت وتی:

"میری موسڵمانان، بە گۆڕی باو و باپیرانت، بەسەرهاتەکەت وەکو خۆی بۆ دەگێڕمەوە."

بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، کە چۆن لەگەڵ پزیشکی عەجەمیدا هاتوون و پیرەژنە فارەمانە چۆن لە نێواندا بووە. کە خەلیفە بەسەرهاتەکەی بیست، زۆری بەلاوە عەجایەب بوو......! ناردییە شوێن عەجەمی ئەویشیان بۆ هێنا. ئەوی کردە پیاوانی دەوڵەت و لە خۆی نزیك کردەوە. پاداشتی کرد. ئەمجا وتی:

"کەسێك ئاوا تەگبیری زیرەکانە بکات!! ئێمەش دەیکەینە یەکێك لە پیاوانی دەربار."

ئەمجا خەلاتی بە نەعیم و نیعمەت دا و هەروەها بە پیرەژنە فارەمانە. ٧ رۆژ مانەوە، ئەمج نەعیم و نیعمەت داوایان کرد بگەڕێنەوە. خەلیفە رێی دان، بەرەو کوفە بوونەوە، نیعمەت..... بە دایك و باوکی شاد بووەوە، ئەو دوو خێزانە بەختەوەرانە ژیانیان رابوادر. تاکو............... دابڕی کۆمەڵان... تێکدەری چێژان، لەناو بەری ژیان کاری خۆی کرد. کە ئەسعەد و ئەمجەد ئەمەیان لە بارام بیست. هەر زۆریان پێ سەیر بوو!! وتیان:

"ئەوە رووداوێکی سەیر بووە!"

ئیدی ئەو شەوە نووستن.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو................ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٤٧

## پاشماوەی چیرۆکی قەمەرزەمان

شەهرەزاد وتی: کە رۆژ بووەوە، ئەمجەد و ئەسعەد سوار بوون. تا بچنە لای پاشا.... رێیان دان. پاشا رێزی گرتن. دەستی کرد بە قسە کردن لەگەڵیاندا. گوێیان لەهاوار و قیژە و زریکەی خەڵك بوو، دەرگاوان هاتە ژوور و بە خەلیفەی وت: کە یەکێك لە پاشاکان سەربازێکی زۆری هێناوە و هاتۆتە سەر شارەکەیان...! پاشاش ئەسعەد و ئەمجەدی تێگەیاند. ئەمجەد وتی:

"ئێستا خۆم دەچم هەواڵتان بۆ دێنم."

کە چووە گۆڕەپانی شار، پاشا و سەربازانیو دەست و پێوەندانی بینی!! کە ئەمجەدیان بینی گرتیان و بردیانە بەردەم پاشایان و وتیان:

"قوربان ئەم پیاوە، نوێنەری پاشای شارە! ئەمجەدیش کڕنووشی بۆ برد. تومەز پاشا ژنە و دەماخی کردووە. ئەمجا پاشا بە ئەمجەدی وت:

"ئەوە بزانە ئامانجێکم لەداگیرکردنی ئێرە نییە، تەنیا بۆ کۆیلە "امرد"ەکەم دەگەڕێم. گەر دەیدەنەوە دەستم ئەوە باشە...... گەر نا..... ئەوا خراپتان بە سەر دێنم."

ئەمجا ئەمجەد پرسی:

"ئەو کۆیلەیە ناوی چییە و بۆم وەسف بکە."

شا وتی:

"من شا مەرجانەم... کۆیلەکەشم ناوی "ئەسعەد"ە. بارامی مەجووسی هێنابووی، ویستم لێی بکرم... پێی نەفرۆشتم، ئەوە بوو منیش بە زۆر لێم سەند. ئەویش بێدەنگ نەبوو، شەو هات و ئەسعەدی دزیەوە و لەگەڵ خۆی بردی."

ئەمجا وەسفی ئەسعەدی بۆ کرد. ئەمجا ئەمجەد وتی:

"سوپاس بۆ خوا، ئەی شای زەمانە، من برای ئەو ئەسعەدەم و خوا کێشەکەی ئاسان کرد!"

ئەمجا شا مەرجانە ئەمجەدی لەگەڵ خۆی برد و چوونە سەربازگە. کە دانیشتن ئەمجەد چیرۆکی خۆی بۆ گێرایەوە، کە چۆن لەگەڵ ئەسعەدی برایدا، لە نیشتمانی غەریبان چیان بەسەر هاتووە و هۆی چوونە دەرەوەیان لە دوورگەکانی "ئەبەنوس"ی بۆ باس کرد. شا مەرجانە هەر زۆری بە لاوە سەیری بوو.........!!!" ئەمجەد گەڕایەوە لای پاشای شار و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە. ئەویش زۆری پێخۆش بوو. ئەمجا پاشا و ئەمجەد و ئەسعەد چوونە سەربازگەکە و داوای بینینی شا مەرجانەیان کرد و لای شا مەرجانە دانیشتن. لە کاتێکدا، دەمەتەقێیان دەکرد تۆز رووی ئاسمانی گرت جارێکی تر حاڵی شار تێکچووەوە. دوای سەعاتێك بۆیان دەرکەوت، سوپایەکی گەورە گەشتووەتە شارەکە، سەربازانی زرێپۆش و رم بە دەستن. هەر وەکو مستیلە چۆن لە پەنجەدا دەسووڕێت، ئاوا بە دەوری شاردا دەسووڕانەوە.

ئەمجەد بە ئەسعەدی وت:

"اناللە و اناالیە راجعون." ئەم سوپایە چییە؟ گومانی نییە ئەمەیان دوژمنە، گەر پەنا بۆ سوپای ئامادە کراوی شا مەرجانە نەبەین.... شارەکەمان لە دەست دەدەین، هەموویشمان دەکوژن. چار نییە دەبێت بچینە دەرەوەی شار. تا هەواڵ بزانین. ئەمجەد هەستا و لە نێوەندی سوپای مەرجانە چووە دەرەوە و بۆ قەراغ شار. کە سەیری سوپاکەی کرد و لێی پرسین. بۆی دەرکەوت ئەم سوپایە سوپاس بۆ خوا باپیرە غەیورە، باوکی شازادە بدوورە. ئەم شایە خاوەنی دوورگە و دەریایان و ٧ کۆشکەکە بوو.

شەهەرزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٤٨

شەهرەزاد وتی: کە ئەمجەد گەیشتە بەردەم پاشا کڕنوشی بۆ برد. پاشا خۆی پێ ناسان و وتی:

"ناوم شا غەیورە، بە رێبواری بە ئێرەدا هاتین و لامان داوە، زەمانە جەرگی سووتاندووم و بدووری کچم ون کردووە. لە ئەو کاتەوەی رۆیشتووە، هەواڵی خۆی و قەمەرزەمانی، مێردی نازانم. وتم... لێرەش هەواڵێکیان دەپرسم!!"

ئەمجەد کەمێ سەری داخست و بیری کردەوە، ئەمجا لێی روون بووە جارێکی تر کڕنوشی بۆ پاشا بردەوە و وتی:

"من کچەزاتم! کوڕی بدوورم. کە بیستی ئەمە کچەزاکەیەتی: خۆی فڕێ دایە سەری و باوەشیان بە یەکدا کرد و دەستیان کردە گریان. پاشا غەیور وتی : سوپاس بۆ خوا کە سەلامەتیت و پێك گەیشتینەوە. ئەمجا پێی وت کە بدوری کچی و قەمەرزەمان سەلامەتن و لە دوورگەی ئەبەنووسن. ئەوەشی بۆ گێڕایەوە، کە باوکی لە خۆی و ئەسعەدی برای تووڕە بووە و فەرمانی داوە، بمان کوژن، خەزنەدار بەزەیی پێماندا هاتووەتەوەو نەیکوشتوین. ئەمجا بە پێکەنینەوە گەڕایەوە لای پاشا و هەواڵەکەی پێ وت. پاشاش هەر زۆری پێ سەیر بوو...!! فەرمانی دا پێویستیەکانی میوانداری لە مەڕ و ئەسپ و وشتر ئامادە بکەن لەوێوە چووە لای شا مەرجانە و ئەویشی تێگەیاند..... مەرجانەش وتی:

"خۆم و سوپاکەم، ئامادەین بۆ ئاشتەوایی!"

کە ئەمان سەرگەرمی رووداوەکان بوون، تەپ و تۆز دیسان بڵند بووەوە و بەری ئاسمانی گرت. رۆژی رووناکی تاریك کرد. کە نزیك شار بوونەوە و ئەو دوو سوپایەیان بینی لە تەپڵی شەڕیان دا، هەر دەنگی ئاوزەنگی و ترپەی پێی ئەسپ بوو دەبیسترا و بریسکەی شمشێر و رم بوو دەبینرا. کە پاشا ئەمەی بینی وتی:

"دیارە ئەمڕۆ رۆژێکی پیرۆزە. وا ئەم دوو سوپایە پێکهاتن. بێ گومان ئەم سوپایەی تریش هەروا دەبێت!"

ئەمجا فەرمانی دایە، ئەمجەد و ئەسعەد کە بچنە دەرەوە و هەواڵیان بپرسن. وتیشی:

"سوپای وا سەنگین و بەنگینم، هێشتا نەدیوە."

دوو براکە چوونە دەرەوە، دەروازەکانی شار داخرابوون. بۆیە دەروازەیەکیان بۆ کردنەوە کە چوونە دەرەوە، سوپایەکی مەزنیان بینی!! کە پرسیان، بۆیان دەرکەوت کە ئەمە سوپای شا ئەبەنووسە و قەمەرزەمانی باوکیشانی لەگەڵدایە. کە باوکیان دۆزیەوە چوونە لای و کڕنوشیان بۆ برد و دەستیان کردە گریان. قەمەرزەمانیش کە بینینی، خۆی هەڵدایە خوارەوە و باوەشی پیا کردن و بە سنگیەوە، نووساندن. ئەمجا پەژارەی دابڕانیان بۆ باس کردن ئەوانیش باسی غەیور شایان بۆ کرد. ئیدی هەر دوو کوڕەکەی دایە پێش و بەرەو سوپای غەیور شا چوو. یەکێك لە کوڕەکان، چووە لای غەیور شا و مژدەی گەیشتنی قەمەرزەمانی دایە! ئەمجا پێك شاد بوونەوە زۆریشیان پێ سەیر بوو کە لێرەدا یەکانگیر بوون...! ئەمجا لە شاردا بووە ئاهەنگ. خواردنی فرە ئامادە کرا، شیرینی پێشکەش کرا. میوانداریەکی کەم وێنە کران. کە ئەمان سەرگەرمی خواردن بوون دیسان، تەپوتۆز، رووی ئاسمانی گرتەوە! دەنگی تەپڵی جەنگ گوێی کەڕ دەکرد، سوپایەکی رەشپۆشی هێندە زۆر بوو کە نەدەهاتە ئەژماردن. کەسێك لە نێوەندیدا بوو، ریشی سپی شۆڕ بووبووەوە سەر سنگ، ئەویش رەشی پۆشی بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بۆیە بێدەنگ بوو.

# شەوی ٢٤٩

شەهرەزاد وتی: خەڵکی شار، سەیری ئەو سوپا ڕەش پۆشەیان دەکرد. پاشای شاریش وتی: "سوپاس بۆ خوا.... کە هەموومانی ئاوا... کۆ کردەوە. ئاخۆ.... ئەم سوپا مەزنە چی بێت!؟"

ئەوانیش وتیان:

"خەمت نەبێت، ئێمە سێ پاشاین، سێ لەشکرمان ئامادەی جەنگە، ئەگەر دوژمن بن سێ هێندەش بن بەرەنگاریان دەبینەوە...!"

هێندەیان زانی نوێنەرێکی پاشا هاتووە ئەوانیش بردیانە بەردەم شا قەمەرزەمان و شا غەیور و شا مەرجانە و شای شارەکە. نوێنەرەکە کڕنوشی بۆ بردن. ئەمجا وتی:

"ئەوە ، سوپای پاشایەکی عەجەمە. چەند ساڵ لەمەوبەر کوڕێکی ون بووە. ئەویش شار بە شار دەگەڕێت بە شوێنیدا. ئەگەر لەم شارە دایە ئەوە خەمتان نەبێت. ئەگەریش نا ئەوە پەلامار دەدات و شارەکەتان بە سەردا دەڕوخێنێت."

قەمەرزەمان وتی:

ناتوانێت، ئەوە بکات. ئەم پاشای عەجەمە ناوی چییە؟"

نێرراوەکە وتی:

"ناوی شا شەهرەمانە. خاوەن دوورگەیانی ئەمرە.... هەر شارێکی داگیر کردووە، سوپاکەی پێش خۆی خستووە! ئاوا.. بۆ کوڕەکەی دەگەڕێت."

کە قەمەرزەمان ئەمەی بیست، هاوارێکی کرد و بوورایەوە. کە بە ئاگا هاتەوە زۆر بە کوڵ گریا و بە ئەمجەد و ئەسعەد و دەورووبەرەکەی وت:

"دەی....... کوڕەکانم، پێکەوە بڕۆن، باپیرەتان بهێنن. مژدەی منی بدەنێ! ئەوە چەند ساڵە ، لە بەر من ڕەشپۆشە!"

ئەمجا هەر لە منداڵیەوە چی بەسەرهاتبوو، بۆ پاشاکانی گێڕایەوە. ئەوانیش هەر زۆر سریان سوڕما!! ئەمجا لە تەك قەمەرزەماندا، چوونە پێشوازی شەهرەمان شا. قەمەرزەمان باوەشی کرد بە باوکیدا، لە خۆشیاندا هەر دووکیان بوورانەوە. کە بە ئاگا هاتنەوە و دواتر حەوانەوە. شەهرەمان شا بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە، ئەمجا شا مەرجانەیان لە ئەسعەد مارە کرد و ڕەوانەی شاری خۆیان کردەوە. پێیان وتن نامەیان لێ نەبڕن. ئەمجا بێستانی کچی بارامیان لە ئەمجەد مارە کرد. هەمووشیان گەڕانەوە بۆ شاری "ئەبەنوس". قەمەرزەمان بەسەرهاتی گەشتنەوەی بۆ کوڕەکانی بۆ خەزووری گێڕایەوە. ئەویش زۆری پێ خۆش بوو بۆیان. ئەمجا پاشای غەیور، باوکی بدور، چووە لای کچەکەی و تاسەی لێی شکا لە شاری ئەبەنوس مانگێك مایەوە. ئەمجا ئەمجەد و کچەی برد و گەڕایەوە شاری خۆی. لە شاریش ئەمجەدی کردە جێ نشینی خۆی. قەمەرزەمانیش ئەسعەدی کوڕی کردە جێنشینی ئەرمانوس. ئەمجا قەمەرزەمان خۆی ئامادەی سەفەر کرد و لە تەك پاشای باوکیدا بەرەو دوورگە ئەمرەکان بوونەوە. ماوەی مانگێك مژدانە و پاداشت دەبەخشرانەوە بە شاردا.

قەمەرزەمان لە شوێنی باوکی حوکمڕانی کرد، تاکو خوا بردیەوە بۆ خۆی. ئەمجا شا شەهرەیار، بە شەهرەزادی وت:

"ئەم چیرۆکە هەر زۆر سەرسوڕهێنەر بوو."

شەهرەزادیش وتی:

"پاشام، ئەو چیرۆکەی بیستت، ناگاتە چیرۆکی عەلاالدین شامات."

شا پرسی:

"چیرۆکی عەلاالدین شامات چۆن بووە؟"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

# شەوی ٢٥٠

## چیرۆکی عەلاالدین شامات

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە: ئەی پاشای بەختیار، هەبوو...... نەبوو لە زەمانی پێشوو، لە سەردەمی زوو.. بازرگانێك بوو. ناوی عەلادین بوو. خاوەنی سامان بوو. دەست و پێوەند و کۆیلە و خزمەتکار، کەنیزەکی شابەندەری بازرگانانی میسر بوو. ژنێکی هەبوو، زۆریان یەکتر خۆشدەویست بەلام ٤٠ ساڵ پێکەوە بوون، خوا نە منداڵێکی نێرینە.. نە مێینەیەکی پێ نەبەخشین. رۆژێکیان لەسەر دوکانەکەی کە دانیشتبوو، سەیری خاوەن دوکانەکانی تری دەکرد. دەیبینی ئەوان کوڕەکانیان دێن بۆ لایان. لەسەر دوکان دادەنیشتن لای باوکیان. هاتەوە ماڵ خۆی شت، ئەمجا ئاوێنەی هێنا و تێر سەیری خۆی کرد و بینی مووە سپیەکانی ریشی لە رەشەکانی زۆرترن. شایەتمانی هێنا. ئەمجا بە خۆی وت: ئەمە نیشانەی نزیك بوونەوەیە لە مردن! ژنەکەیشی ژوانی هاتنەوەکانی دەزانی، بۆیە خۆی بۆ ئامادە دەکرد. ئەو هەینییە، کە بازرگان لە خۆشتن بووەوە، پێی وت:

"ئێوارەت باش."

ئەویش وتی:

"من باشەم نەبینیوە!"

بە کەنیزەکەکەی وت:

"سفرەی خوان رابخە."

کە خواردن ئامادە بوو وتی:

"فەرموو نانەکەت بخۆ."

بازرگان وتی:

"هیچ ناخۆم."

شەقێکی لە سفرەکە هەڵدا و رووی وەرگێڕا. ژنەکەی پرسی:

"ئەوە چییە.. وا تووڕە و خەمباریت؟"

بازرگان وتی:
"له مردنەوە نزیك بوومەتەوە و منداڵێکم نییە و ناوم کوێر دەبێتەوە."

ژنە وتی:
"نزا بکە لای خوا، بەڵکو حەزەکەت پێ ببەخشێ !"

ئەمجا دوو بە دوو کەوتنە ڕۆژوو گرتن و پاڕانەوە و خێر و چاکە بۆ هەژاران، تاکو... خوا بەزەیی پێیاندا هاتەوە و ژنەکەی سکی پڕ بوو...... کە ٩ مانگە و ٩ ڕۆژەی چوو، لە دایك بوو، مامانەکە زۆر پێوەی ماندوو بوو. دواتر، خواردنی زۆر بۆ گەڕەك، منداڵە بە دایکی درا، شیری دایە و منداڵەکە ئەو ڕۆژە نووست، کە حەوتەی چوو، بازرگان بە ژنەکەی وت:

"دەبێت تۆ ناوی بنێیت. لەو کاتەدا گوێیان لە یەکێك بوو، ئەوی دی بانگ کرد:

"هۆ عەلادین.... عەلادین"

ئیدی ڕێوڕەسمی ئەو دەمە وابوو، ئەو ناوە... دەبووە... "نوقلانە". بۆیە باوکەکە وتی:

"کەواتە ناوی دەنێین عەلادینی خاڵدار."

دوو ساڵان شیری دایکی خوارد ئەمجا لە شیریان بڕیەوە، ئەو منداڵە گەورە بوو، دایك و باوکیشی هەمیشە دەترسان بە چاوەوە ببێت، بۆیە نهۆمی دووەمی کۆشکیان بۆ تەرخان کرد. عەلادینی خاڵدار گەورەتر بوو. تا تەمەنی گەیشتە ٧ ساڵان. بڕیاریان دابوو کە نابێت بچێتە دەرەوە تاکو سەروڕیش تاش نەبێت!!"

خەتەنەکراو دیسان خواردنێکی فرە بە گەڕەکدا، بەخشرایەوە. کەنیزەکێکیان بۆ دانابوو، هەر خواردنی بۆ ئامادە دەکرد. خزمەتکارێکیش بۆی دەبردە سەرەوە. مەلایان بۆ بە کرێ گرت وانەی فێربوونی قورئان و خۆشنووسیان فێر دەکرد. تاکو وای لێهات، زانا و خۆشنووس و وریا دەرچوو. ڕۆژێکیان، خزمەتکارەکە بیری چوو دەرگای پلیکانەکە، دابخاتەوە. عەلادینی خاڵدار، بە پلیکانەدا هاتەخوار خۆی کرد بە ژوورەکەی دایکیدا. کە بینی کۆمەڵێك ژنی میوانە. ژنان و دایکی لە گەرمەی قسە کردندا بوون. کە بینیان سەریان داپۆشی و وتیان:

"ئەوە بۆ دەهێڵیت کۆیلەی بیانی بێتە ژوورەکەمانەوە. نازانیت شەرم لە بڕواومیە؟"

ئەویش سەری هەڵبڕی وتی:

"بسم الله بکەن، ئەوە بەری ژیانمە وکوڕی شا بەندەر شەمسەدینە!"

ئەوانیش وتیان:

"ئێمە لە ژیانماندا نەمان بیستووە تۆ کوڕت هەبوو بێت!"

دایکی وتی:

"باوکی لە چاوی پیس دەترسا. بۆیە نهومێکی بۆ بەخێو کردنی ئەو دانابوو. ڕەنگە خزمەتکارەکە بیری چووبێت دەرگای نێوان کلۆم بداتەوە ئەگەرنا... نیازمان بوو تاکو سەروڕیش نەتاشێت، کەس نەیبینێت!"

ژنان پیرۆزباییان لێ کرد،

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو... بۆیە بێدەنگ بوو.

# شەوی ٢٥١

شەهرەزاد وتی: کوڕەکە، لەلای ژنەکان هاتە دەرەوە و بەرەو حەوشە و باخەکە چوو. کورسیەکی درێژی لێبوو. لە سەری دانیشت، کاتێکی زانی خزمەتکارەکان جوانوویەکیان هێنا. پێیان وت:

"باوکی تۆمان بەم جوانووە گەیاندووەتە دوکان. ئێستا گەڕاوینەتەوە."

عەلادین پرسی:

"بۆچی باوکم ئیشی چییە؟"

وتیان:

"باوکت شابەندەری بازرگانانە، لە میسردا. سوڵتانی بەرەبابی عەرەبە!"

ئەمجا چووەوە بۆ لای دایکی و هەمان پرسیاری لێ کرد. دایکیشی وتی:

"باوکت شابەندەری بازرگانانو سوڵتانی بەرەبابی عەرەبە... کۆیلەکانی ئەو شتانەی نرخی لە هەزار دینار کەمترە، دەیفرۆشن و پرس بە باوکت ناکەن. لە ئەملا و ئەولایشەوە بازرگانان دێنە بندەستی باوکتەوە. ئەمجا کار دەکەن. بازرگانێك کاروانی بازرگانی بێ پرسی باوکت بەڕێ ناکات بۆ دەرەوەی وڵات. خوا سامانێکی زۆری بە باوکت بەخشیوە! کە لە ژمارە نایەت!"

عەلادین وتی:

"سوپاس بۆ خوا دایە گیان. کە کوڕی سوڵتانی مناڵانی عەرەبم و باوکم شابەندەری بازرگانانە. ئەی..... ئاخۆ بۆچی منتان لەنهۆمێکدا بە تەنیا داناوە؟"

دایکی وتی:

"کوڕەکەم، بڕوامان بەچاوی پیس هەیە. زۆربەی مردوانی گۆڕستان بە چاوەوە بوون! لە ترسانا تۆمان لەو نهومە داناوە!"

کوڕەکەشی وتی:

"گەر قەزا و قەدەر هات ناگەڕێتەوە! ئەوەی نووسرابوو، کرابوو. ئەویە باپیرەم دەمرێنی، ڕێ نادا و ژینی منیش دەستێنێ! بەڵام دایە... ئاخر کە باوکم مرد و منیش ئاوا بەند کرام دوایی چوومە دەرەوە، کەس بڕوام پێ ناکات. کە کوڕی ئەوم. پیاوە بە تەمەنەکان، دەڵێن: ئێمە نەمان بیستووە، کە شەمسەدین،کوڕی هەبووبێت! ئیتر دەوڵەت دەست دەگرێت بەسەر پارە و سامانی باوکمدا...! تەنانەت پیاو خراپان ژنەکەشی دەبەن! دایەگیان بەباوکم بڵێ، با لەگەڵ خۆی بمبات بۆ بازاڕ و دوکانێکم لای خۆی بۆ بکاتەوە و فێرە بازرگانیم بکات."

دایکی وتی:

"باشە کوڕم، بەباوکت دەڵێم."

کە ئێوارە بازرگان گەڕایەوە، عەلادینی بینی لە لای دایکی دانیشتووە. پرسی:

"بۆچی، کوڕەکەت لە نهومەکەی خۆی دەرکردووە؟"

ژنەکەی وتی:

"ئامۆزا، من نەمهێناوەتە دەر، خزمەتکار بیری چووە، دەرگاکە دابخاتەوە، خۆی هاتووە کۆمەڵێك ژن، میوانم بوون کە هات بۆلام!"

ئەمجا داواکەی عەلادینی پێ وت. باوکیشی وتی:

"ئاسانە.... سبەینێ، خوا یار بێت، لەگەڵ خۆم دەتبەم! بەڵام دانیشتن لەدوکاندا و لەنێو بازاڕ رەوشتی جوانی دەوێت!"

کوڕە زۆر دڵخۆش بوو، رۆژی دواتر خۆی شت و جل و بەرگی گرانبەهایان لەبەر کرد و دوای نان خواردن، هەر یەکەیان سواری ئەسپێك بوو، بەرەو بازاڕ کەوتنە رێ. کە خەڵکی بازارەکە شا بەندەریان بینی، کوڕێکی بە دواوەیە دەڵێی شازادەیە.... شۆخ و شەنگ وەك مانگی چواردەیە. یەکێك بەوی تری وت:

"تۆ سەیرکە... شابەندەرمان بە پیاوێکی باش دەزانی... کەچی منداڵێکی جوانکیلەی شوێن خۆی خستووە...! چەندە تەرپیرە..!!"

محمد سمسمی پیرەمێرد پێشەنگی بازرگانان وتی:

"لەمەودوا، نایکەینە گەورەی خۆمان!"

جاران وا باو بوو، لە بازاڕەکەدا پێشەنگی بازرگانان، فاتیحای دادەدا. دوکانداران لەگەڵیدا. ئەمجا دەچوونەی لای شابەندەر و لەوێش فاتیحایان دادەدا... رۆژباشیان لێ دەکرد. ئەمجا هەر یەکە و بەرەو دوکانی خۆی دەبووەوە. ئەم بەیانیە ئەو رێورەسمەیان بەکار نەهێنا. شابەندەرناردیە شوێن نەقیب و پرسی:

"بۆچی وەکو جاران، ئەم بەیانیە، ریورەسمی کردنەوەی دوکانیان بەکار نەهێنا؟"

نەقیب وتی:

"فیتنەیی نابێت گەر بڵێم بازرگانان نیازیانە لە شابەندەریت بخەن بۆیە فاتیحات لا ناخوێنن!"

شەمسەدین پرسی:

"بۆچی؟"

ئەویش وتی:

"تۆ سەرۆکی بازرگانانیت، پیاوێکی بە تەمەنیت! ئەم منداڵە چییە لای خۆت داتناوە؟ ئەمە کۆیلەی خۆتە یان خزمی ژنەکەتە؟"

شابەندەر توورە بوو:

"بێدەنگ بە، بەدفەساڵ..... ئەوە کوڕمە!"

ئەویش وتی:

"بە درێژایی تەمەنمان نەمان بیستووە، تۆ کوڕت هەبوو بێت!"

شابەندەر وتی:

"ئاخر... هێندە لە خوا پاڕاینەوە خێر و چاکەمان کرد، تاکو دایکی سکی پڕ بوو، بەم منداڵە. ئیتر منیش نهومێکی ژێرزەمینم بۆ تەرخان کرد. بە تەنیا تێیدا بەخێو بکرێت، ئەویش لە ترسی چاوی پیس. من دەمویست کەس نەیبێنێ، تاکو تەمەنێك کە بتوانێت

ریشی بە دەستی خۆی بگرێت. بەڵام دایکی داوای لە من کرد بیهێنمە بازاڕ و فێری بازرگانی بکەم!"

پێشەنگی بازرگانان گەڕایەوە لای دوکاندارەکان و کێشەکەی بۆ گێڕانەوە ئەمجا هەموویان شوێنی کەوتن و چوونە لاس شابەندەر و فاتیحایان دادا و پێخۆش بوونیان دەربڕی و وتیان:

"خوا ئەم کوڕ و باوکەمان بۆ بهێڵێت. بەڵام هەژاران، کە منالیان دەبێت، دانەڕۆکەی بۆ دەکەن! تۆی دەوڵەمەند، ئەمەشت نەکردووە!"

ئەویش وتی:

"ئەوە، ئێوە و دەعوەتێك، کۆبوونەوەکەشمان لە رەز و باخەکەدا دەبێت."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٥٢

شەهرەزاد وتی: رۆژی دواتر شابەندەری بازرگان، فەرمانی دا چی پێویستی چێشت لێنان هەیە... هەر لە مەڕ و رۆن و برنجەوە تا ئەوانی تر ناردیانە رەزو باخەوە. چێشت لێنەران، دەست بەکار بوون. هەروەها فەرمانی دا، سفرە و خوان لە دوو شوێن را بخەن. یەکێکیان لە هۆڵی کۆشك، ئەوی دی لە ناو رەز و باخەکەدا. ئەمجا بە کوڕەکەی وت:

"رۆڵە تۆ... لاوەکان بەخێر دێنیت و دەیان بەیتە سەر خوانی هۆڵەکە. منیش پیاوان بەخێر دێنم و دەیان بەمە سەر خوانی رەز و باخەکە."

کوڕەکەی پرسی:

"بۆ جیایان دەکەیتەوە؟"

باوکی وتی:

"کوڕم، لاوان و هەرزەکاران، شەرم دەکەن، لەگەڵ گەورەکان نان بخۆن!"

کوڕە ئەمەی پەسەند کرد. کە میوانان روویان لە کۆشك کرد، شا بەندەر... شەمسەدنی بازرگان پیاو ماقوڵانی بەرەو خوانی رەزو باخ برد و کوڕەش هەرزەکارانی بەرەوخوانی هۆڵەکە برد. سفرەکان بە خواردن رازانەوە. خەڵکی تێر و پڕیان خوارد، شەربەتیان گێڕا. مۆم و بوخورد داگیرسا. میوانان گوڵاو پڕژێن کران. پیاوماقوڵان کەوتنە باسی زانست و ئەدەب. بازرگانێکیان تێدابوو ناوی مەحمودی بەلخی بوو. ئەو پیاوە، سەرزارەکی موسڵمان بوو. لە دڵیشدا هەر مەجووسی بوو. پیاوێکی روو لە خراپە بوو. سەیرێکی عەلادینی کرد و ئاخی حەسرەتێکی هەڵکێشا. ئەم پیاوە هەمیشە کوتاڵی لە باوکی عەلادین دەکڕی. مەحمودی بەلخی هەستا و بەرەو هۆڵەکە چوو. کە بینی عەلادین، چووە دەرەوە بە هەندێ لە کوڕ و کاڵانی دەوروبەری وت:

"گەر بتوانن عەلادین رازی بکەن لەگەڵ من سەفەر بکات یەکی دەستێ جل و بەرگی زۆر گرانتان بۆ دەکڕم."

ئەوان لەم قسە کردنەدا بوون عەلادین گەڕایەوە. لەبەری هەستان و لای خۆیان دایان نا.

یەکێك لە هاورێکەی پرسی:

"ئەو سەرمایەیەی، شتومەکی پێ دەکری... لە کوێت بوو؟"

ئەویش وتی:

"کە گەورە بووم و بوومە پیاو بە باوکم وت، دوکانی بازرگانیم دەوێت. وتی: من پارەم نییە برۆ، داوا لکە لە بازرگانێك ئەمجا ٢٠٠٠ دینارم قەرز کرد و کوتاڵم پێ کڕی و رووە و شام. سەرمایەکەم بوو بە دوو هێندە. لە شامیشەوە کوتاڵم کڕی و بردم بۆ "حەڵەب". لەو بازرگانیەش قازانجێکی زۆرم کرد. بەرە بەرە تاکو سەرمایەکەم بوو بە ١٠٠٠٠دینار."

هەر یەکە و باسی خۆی کرد و چۆن، بازرگانی کردووە و دەوڵەمەند بووە. تا سەرە گەیشتە عەلادینی خاڵدار. وتیان:

"ئەی تۆ عەلادین؟"

وتی:

"بەخوا من لە نهومێکی ژێر زەمیندا پەروەردە بووم. ئەوە هەفتەیەکە دێمە دەرەوە. بۆ دوکان و دەگەڕێمەوە ماڵەوە."

پێیان وت:

"دیارە تۆ، فێری دانیشتنی ماڵ بوویت و چێژت لە سەفەر کردن وەرنەگرتووە! سەفەر کاری پیاوانە!"

عەلادین وتی:

"من حەزم لە سەفەر نییە!"

هاوڕێیەکی بە لاقرتێوە بەوی دی وت:

"ئەمە وەکو ماسی وایە، لە ئاو دوور بکەوێتەوە دەمرێت!"

ئەمجا بە عەلادینی وت:

"تەنیا شانازیەکی منالە بازرگانەکان سەفەر کردن و پارە پەیدا کردنە."

دوای دەعوەتەکە، رۆژێکیان عەلادین بە تووڕەییەوە لە دوکانەوە بەرەو ماڵ بووەوە. گەیشتە ماڵ چاوانی بە فرمێسك بوون. دایکی پرسی:

"بۆ دەگریت؟"

ئەویش وتی:

"منالە بازرگانەکان، گاڵتەیان پێ کردم و وتیان تەنیا شانازی منالە بازرگانەکان سەفەر کردن و پارە پەیدا کردنە!"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو ......... بۆیە بێدەنگ بوو.

# شەوی ٢٥٣

شەهرەزاد وتی: مەبەستت سەفەر کردنە؟

وتی:

"بەڵێ"

دایکی پرسی:

"دەتەوێت بەرەو کوێ بڕۆیت؟"

کوڕەکەی وتی:

"بەرەو بەغدا. دەڵێن بازرگانی لەوێ، هێندە باشە کە چەندت دەستمایە پێ بێت، دوو هێندەی دی پەیدا دەکات."

دایکی وتی:

"کوڕە شیرینەکەم، باوکت زۆر بووەیە. کاروانی بازرگانیت بۆ رێك دەخات. ئەگەر بە قسەی نەکردیت، ئەوا من بۆت رێك دەخەم."

کوڕەکەی وتی:

"باشتر وایە، پەلە بکەین، ئێستاش کاتی خۆیەتی."

ئەمجا دایکی چەند کۆیلەیەکی نارده بازاڕ و چەندین تۆپە قوماشی نایابیان لە بازاڕ بۆ هێنایەوە، باری ١٠ وشتریان بۆ ئامادە کرد. باوکی عەلادین چاوی بە دەورووبەریدا گێڕا عەلادینی نەبینی کە پرسی وتیان سواری ئەسپەکەی بووە و بەرەو ماڵ بۆتەوە. ئەویش سواری ئەسپەکەی بوو بەرەو ماڵ بووەوە. کە سەیری ماڵ دەکات.... وا باروبنە پێچراوەتەوە. کە لە ژنەکەی پرسی بەسەرهاتی کوڕەکەی و مناڵە بازرگانەکانی بۆ گێڕایەوە. ئەمجا بە کوڕەکەی وت:

"کوڕم "بەلا"مد=ا، لە نامۆ بوون. پێغەمبەر "د.خ" فەرمویەتی: ئەو رۆزییە چاکە، لە شاری خۆتدا دەستت بکەوێت! پێشنانیش وتویانە: سەفەر مەکە، گەر میلێکیش بڕۆیت."

ئەمجا پرسی:

"ئێستا هەر سەفەر دەکەیت و پەشیمان نیت؟"

عەلادین وتی:

"بەڵێ....... گەر نەهێڵن، ئەم جلانە لەبەر خۆمدا دادەڕم و دەدەمە شاخ و دەروێشانە دەژیم! ئەبێ هەر بڕۆم بۆ بەغدا."

باوکی وتی:

"کوڕەکەم من پێویستم بە پارە نییە و دەوڵەمەندم!"

باوکە چاری نەما، چووە سەیری بارە پێچراوەکان، ئەمجا وتی:

"شمەکی هەر شار و مەملەکەتەم هەیە ٤٠ باری بەستراوم لە مەخزەن هەیە هەر بارە و ١٠٠٠ دیناری لێ نووسراوە. ئەمجا بە کوڕەکەی وت: ئەو ٤٠ بارەی منیش لەگەڵ ئەم ١٠ بارەی دایکت بەرە، خوا ئاگای لێت بێت. بەڵام خەمی دارستانێکمە پێی دەوترێت دارستانی "شیرۆ".

دۆڵێکیش ناوی دۆڵی "سەگەلە". ئەمانە دێنە رێت. کە پیاو پێیدا بڕوات لە ترسانا رۆحی دەچێت."

کوڕەکەی وتی:

"ئەمە بۆچی بابە؟"

باوکی وتی:

"دەشتەکییەکی رێگریشی لییە ناوی عجلانە."

کوڕەش وتی:

"رۆزیەك باشە خوا بیدات. گەر رۆزی من بێت تووشی زیان نابم!"

ئەمجا هەر دووکیان سوار بوون بەرەوخان و کاروانەکەی. هێندەیان زانی کاروانیچییەك لە ئەسپەکەی دابەزی و دەستی شابەندەری بازرگانی ماچ کرد. وتی:

"بەخوا...... لە مێژە بازرگانیمان پێکەوە نەکردووە."

ئەمیش وتی:

"هەر سەردەمە: دەوڵەت پیاوانی خۆی هەیە." وتراوە:

| | |
|---|---|
| پیرێکم بینی کووڕی چەماوە | ئیشی بۆ ئەژنۆی پەخش و بلاّوە |
| پرسیم: مامە گیان لەچی دەگەڕێیت؟ | وتی: بۆ گەنجیم: لە دەستم داوە!! |

کە لە شیعرەکەی بووەوە وتی:

"ئەی پێشەنگی کاروان، ئەم کوڕەم دەیەوێت سەفەر بکات."

ئەویش وتی:

"خوا لێت نەسەندێت."

ئەمجا شا بەندەر کردی بە دەمڕاستی کوڕەکەی و ئامۆژگاری کرد کە ئاگای لە کوڕەکەی بێت. ئەمجا وتی:

"ئەم ١٠٠ دنیارەش بدە بە پیاوەکانت."

ئەمجا ٦٠ ئەسپ و دارمەشخەڵی کڕی و چاوەزارێکی شێخ عەبدولقادری گەیلانی. ئەمجا وتی:

"کوڕەکەم ئیدی من نابینیت و ئەم پیاوە لە جێی منە بۆ تۆ. سەرپێچی مەکە."

بۆ شەوەکەی خەتمەیەکی شێخ عەبدولقادری گەیلانی کرد. بەیانی رۆژی دواتر ١٠٠٠٠ دیناریشی دایە کوڕەکەی و پێی وت:

"کە خۆت کرد بە بەغدادا و زانیت فرۆختی کۆتاڵەکانت باشە بیفرۆشە. گەر کوتاڵەکانت نەفرۆشت، لەو پارەیە خەرج بکە."

ئەمجا کاروان کەوتە رێ و خواحافیزیان لەیەك کرد و لە شار چوونە دەرەوە. مەحمودی بەڵخی، کە کاروانی خۆی بەرێ خستبوو، بۆ بازرگانی کردن، شا بەندەر، ئەویشی ئامۆژگاری کرد کە ئەمە کوڕێتی و ئەو ١٠٠٠ دینارەی، کە قەرزی کۆنە و لای ماوەتەوە لە رێ بیداتە عەلادینی کوڕی، ئاگایشی لێی بێت و وەکو کوڕی خۆی سەیری بکات. ئیدی مەحمودی بەڵخی بەو پارەیە و بە فەرمانی ئە و خواردنیان بۆ کاروانچیانی عەلادینیش ساز دەکرد. مەحمودی

بەلخی ٤ مالی هەبوو، مالێکیان لە میسر، مالێکی دی لە شام، مالێکی دی لە حەلەب، مالێکی تریش لە بەغداد. کاروان بەرێکەوت، چۆل و بیابانیان بڕی تا گەیشتنە شام. مەحمودی بەلخی پیاوێکی نارده لای عەلادین، کە گەیشت سەیری کرد خەریکی خوێندنەوەیە. ئەویش چوو دەستی ماچ کرد، ئەمجا پرسی:

"چیت دەوێت؟"

پیاوەکە وتی:

"گەورەم، مەحمودی بلخی دەلێت، با بفەرموێت بۆ مالەکەم."

ئەویش وتی:

"با پرس بەکەمالەدینی کاروانچیم بکەم."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٥٤

شەهرەزاد وتی: کاروان بە رێکەوت. تاکو گەیشتنە حەلەب لەوێش، دیسان مەحمودی بەلخی، بانگهێشتی عەلادینی کرد، بۆ نان خواردن لە مالیدا، بە هەمان شێوە کەمالەدینی کاروانچی نەیهێشت بچێت. کاروان بە رێکەوتەوە تاکو لە بەغداوە نزیك بوونەوە. ئەمجارەش، مەحمودی بەلخی سفرەی رازانەوە و ناردیە دووی عەلادین، دیسان کەمالەدینی کاروانچی.... وتی:

"مەچۆ"

بەلام ئەمجارە عەلادین وتی:

"دەبێت هەر بچم."

ئەمجا هەستا و خۆی گۆڕی و شمشێری لە ژێر بەرگەوە بەست. خۆی کرد بە دەواری مەحمودی بەلخی دا و سلاوی لێ کرد. ئەویش بەخێری هێنا و سفرە و خوانێکی زۆر نایابی بۆ رازاندەوە. نان خورا، دەست و دەم شۆرا.

خانەخوێ ویستی، عەلادین ماچ بکات نەیهێشت. جاری دووەم سەری هێنا عەلادین ماچ بکات. ئەمجارە عەلادین شمشێری راکێشا و وتی:

"هاوار بۆ پیریەکەت، ئەوە لەخوا ناترسیت؟ رەحمەت لەو کەسەی وتویەتی:

ریشت بە عەیبە پیس نەبێتەوە　　　خۆ.... گەر سپی بوو لێی نابێتەوە

کە هۆنراوەکەی تەواو کرد وتی:

"بەو خوایە، ئەگەر........ بارەکانم بزانم، لەگەل تۆدا ، هەمووی دەبێتە ئالتوون، هاوڕێیەتیت ناکەم و بە تەنیا دەیان فرۆشم. ئەگەر بە زیویشم گۆڕیوەتەوە پیسی نەگبەت، لەگەل تۆدا نابم."

کە گەڕایەوە بە کەمالەدینی وت:

"ئەو پیاوە، پیاوێکی پیسە، هەرگیز کاروانی لەگەڵداناکەم."

کەمالەدینیش وتی:

"ئەی پێم نەوتی میوانی مەکە؟"

ئەمجا وتی:

"کوڕم... ئەگەر لێی جیا بینەوە، شتەکانمان لێی خراپ دەبێت ."

عەلادین وتی:

"هەرگیز لەگەڵیدا ناڕۆم."

جیا بوونەوە و بەرەو بەغدا ڕۆیشتن، تا گەیشتنە دۆڵێك ویستیان باروبنە بخەن و لەوێ بحەوێنەوە... بەڵام کاروانچی وتی:

"با لانەدەین... بەڵکو پێش شێوان بگەینە بەغدا و دەروازەکانی شارمان بەروودا دانەخرێت! چونکە خۆر دەکەوێت دەیکەنەوە و خۆر دەمێنێ، دایدەخەن. لە ترسی ئەوەی رافزیەکان نەدەن بەسەر بەغدادا و داگیری بکەن و هەموو کتێبە زانستیەکان بخەنە دیجلەوە."

ئەمجا عەلادین وتی:

"بابە گیان.... من بۆ پارە پەیدا کردن نەهاتووم بە هێندەی ئەوە بۆ بینینی شوێنەکان هاتووم."

کەمالەدینیش وتی:

"کوڕم ئێمە لەم سامانەی پێمانە دەترسین لەم عەرەبانە!"

ئەویش وتی:

"تۆ هاتوویت بخوریت یان خزمەت بکەیت؟ من سبەینێ بەیانی خۆم دەکەم بە بەغدادا."

کاروانچی وتی:

"چیت دەوێت وابکە... من ئامۆژگاری خۆمم کردی."

ئەمجا فەرمانی دا، بارو بارخانە لێرە بخەن! ڕەشماڵ هەڵدەن. لەوێ مانەوە حەوانەوە... تاکو نیوەشەو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٥٥

شەهرەزاد وتی: نیوەشەو عەلادین، بۆ دەست بەئاو گەیاندن چووە دەرەوە. شتێکی لە دوورەوە بینی دەبریسکایەوە. هاتەوە و کاروانچی بە ئاگا هێنا و وتی:

"کاروانچی، ئەوە چییە دەبریسکێتەوە؟"

کە وردتر کاروانچی سەرنجی دا، بۆی دەرکەوت ئەوە بریسکەی شمشێر و ڕمە. تومەز ئەمانە ڕێگرن و عەجلانی پیری عەرەب پێشەنگیانە. کە چواردەوریان دان یەکێکیان وتی:

"بەخوا دەست کەوتی چاکە."

کاروانچی کە گوێی لەو قسەیە بوو وتی:

"بێدەنگ رسوا"

عەجلانی پیری عەرەب شمشێرێکی کرد بە سنگی کاروانچیدا لە پشتییەوە دەرچوو. لەبەردەم رەشماڵەکەدا کەوت. ئاوهێنەریش هەمان قسەی کرد و ئەویشیان کوشت. عەلادینیش وەستا و سەیر دەکات. ئەمجا پیاوانی عەجلان کەوتنە غاردان بە چوار لای باروبارخانەکەدا و هەموویان کوشتن.ئەمجا عەلادین بەخۆی وت:

"هیچ نەتکوژێت، ئەم جل و بەرگەت دەتکوژێت!"

هەمووی داکەندن، تەنیا دەرپێیەکی لەبەردا مایەوە و بردی و لە خوڕ و خوێنی کوژراوەکانی وەردا تا وەکو کوژراوی لێ بێت. عەجلان، کارکەی تەواو کرد و پرسی:

"ئەرێ ئەم کاروانە، لە بەغداوە هاتووە بەرەو میسر یان بە پێچەوانەوە؟"

وتیان:

"لە میسرەو بۆ بەغدا."

ئەویش وتی:

"بە سەر کوژراواندا بگەڕێنەوە، خاوەن کاروان نەکوژراوە!"

کەوتنە گیانی کوژراوان. دەشتەکییەك گەیشتە سەر عەلادین کە خۆی لە نێو کوژراواندا پاڵ خستبوو. بە پێکەنینەوە وتی:

"خۆت خۆت کردووە بە کوژراو ، ئێمەش کوشتنەکەت بۆ تەواو دەکەین."

شمشێری بڵند کرد بیچەقێنێتە سنگی عەلادینەوە.

عەلادینیش لە دڵی خۆیدا پەنای بردە بەرخوا و وتی:

"یا بەرەکەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی!"

دەشتەکیەکە شمشێرەکەی داهێنایەوە خوارەوە و لێی تێك چوو. کردی بە سنگی کاروانچی تەنیشت عەلادین دا. لە کاتێکدا باروبنەیان دابووە پێش خۆیان، عەجلان وتی:

"ئەو تارماییە دەبینن؟"

یەکێکیان سەرنجی دا عەلادینی بینی را دەکات. ئەمجا وتی:

"بۆ کوێ رادەکەیت داماو؟"

ئاوزەنگی لێدا و بە غار بە دوایدا، عەلادین گۆمێکی ئاوی بینی و ئەستێلێك لەو لایەوە. چووە لای دەرگاکەیەو و خۆی وا پیشاندا نووستووە. لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەی پەنای پەنایان، پەنهانم بکە، کە شاردراوەت وەدیار نەکەوێت."

دەشتەکیەکە دەستی برد بۆ عەلادین. ئەویش لە دڵی خۆیدا وتی:

"یا بەرەکەتی خاتوو نەفیسە... ئیدی کاتی تۆیە."

کاتێکی زانی دوپشکێك دای بە دەستی دەشتەکییەکەوە. بۆیە هاواری کرد:

"فریام کەون پیوەدرام"

لە سەر زینی ئەسپەکەی دابەزی. کە گەیشتە سەری پرسیان چی پێوەی دایت؟

وتی:
"دووپشك"
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٥٦

شەهرەزاد وتی: عەلادین ئەو شەوە لەوێ نوست. مەحمودی بەڵخیش کاروانی بەرێ کرد بوو، تا گەیشتبوونە دارستانی شێر. سەیر دەکەن، کاروانچی و پیاوانی عەلادین هەموو کوژراون. مەحمودی بەڵخی زۆری پێخۆش بوو. ڕۆیشتن، ڕۆیشتن تا گەیشتنە گۆمەئاو و ئەستێڵەکە. ئەسپەکەی مەحمودی بەڵخی تینووی بوو. سەری شۆڕ کردەوە، ئاو بخواتەوە. وێنەی عەلادینی لە ئاوەکەدا بینی، سڵەمیەوە! مەحمودی بەڵخی کە سەری بڵند کردەوە، عەلادینی بینی بە تۆپێ کراسێك و دەرپێیەك، نوستووە هەڵی ساند و پرسی:

"کێ لێی دایت، ئاوای بەسەر هێنایت؟"

وتی:

"عەرەبی دەشتەکی."

ئەویش وتی:

"کورم پارە و سامان بە قوربانی خۆت بێت. وتراوە:

سامانت تیاچوو، هەر دەبێتەوە سەرتیاچوو، لە جێگەی قەت نابێتەوە

ئەسپێکی دا بە عەلادین و لەگەڵ خۆی بردی تا گەیشتنە بەغدا و لە ماڵی خۆی لایاندا، ئەمجا فەرمانی دا، گەرماوی بۆ ساز دەن پێیشی وت:

"پارە و سامانی دنیا بە قوربانی خۆت بێت.. بە گوێم بکەیت دوو هێندەت سامان دەدەمەوە."

کە هاتە دەرەوە بریدە هۆڵێکەوە ٤ هەیوانی لەسەر بوو. دیوارەکان هەمووی نەخشی جوانی زێڕین بوو. ئەمجا فەرمانی دا، سفرە و خوان ڕازایەوە، و هەر چییەك دڵ ئارەزوو بکات دانرابوو. تێرو پڕیان خوارد. ئەجا مەحمودی بەڵخی خۆی لار کردەوە بەلای عەلادین دا... ماچی بکات. ئەویش نەیهێشت و وتی:

"ئەمە هەر لە سەر ڕێ دەرچوونەکەت سەرومڕی. لەگەڵ مندا؟"

مەحمودی بەڵخی وتی:

"ئەی هەر لەبەر ئەوەیە، خزمەتت دەکەم!"

عەلادینیش وتی:

"ئەوە جل و بەرگەکەت و ئەوەش ئەسپەکەت دەرگام بۆ بکەرەوە، با بڕۆم"

ئەویش دەری کرد. عەلادین هەر رۆیشت تاك مزگەوتێکی بینی. خۆی کرد بە دالانەکەی دا. کاتێکی زانی دوو تروسکایی دەرکەوت. کە نزیك بوونەوە دوو کۆیلە بوون، فانوسیان پێ بوو، لەبەردەم پیرێك و گەنجێکەوە دەڕۆیشتن. گوێی لێ بوو، گەنجەکە بە پیرەکەی وت:

"پیاوی چاك بە، ئامۆزاکەم بدرەوە.....!"

پیرەش لە وەڵامدا وتی:

"ئەی پێم نەوتی، سوێند بە تەڵاق مەخۆ...؟"

پیرەمێرد بەلای راستدا ئاوڕی دایەوە، کوڕێکی شۆخ و شەنگی بینی، سڵاوی لێکرد و وتی:

"تۆ کێیت؟"

ئەویش وتی:

"من عەلادینی کوڕی شەمسەدینی شا بەندەری بازرگانانی میسرم. حەزم لەبازرگانی بوو، باوکم ٥٠ باری پێدام . هاتم هاتم تا گەیشتم دارستانی شێر. هێندەم زانی عەرەبان بۆم دەرپەڕین. پارە و بارەکانیان لێ سەندم. منیش دوای رزگاربوونم خۆم کرد بەم شارەدا و نەمزانی روو لەکوێ بکەم. ئێرەم بەرچاو کەوت خۆم پێدا کرد. تاکو شەوی تێدا بە رۆژ بکەمەوە."

پیرەمێرد وتی:

"چی دەڵێیت کوڕم... گەر ١٠٠٠ دینارت بدەمێ و جل و بەرگێك بایی ١٠٠٠ دینار و ئەسپێکی ١٠٠٠ دیناری؟"

عەلادین پرسی:

"لەبەرچی، ئەوانەم دەدەیتێ؟"

پیرەمێرد وتی:

"ئەم کوڕەی لەگەڵمە برازامە. تاقانەی باوکێتی! منیش تەنیا کچێکم هەیە! زۆر جوان و نازدارە. منیش لە کوڕەم مارە کرد. ئەم کچەکەمی خۆش دەوێت. بەڵام کچەکەم رقی لەمە. ئەمیش سێ بە سێی تەڵاقی، بە روویدا داوە. کچەکەم بڕوای بە خۆی نەدەکرد، لە خۆشیدا ماڵی بۆ جێ هێشت. ئەمیش خەڵکێکی زۆری کردە سەرم و داوای دەکاتەوە. منیش پێم وتووە... تەنیا بە مارەبەجاش، حەڵاڵ دەبێتەوە ئێستاش هەر دوکمان لەسەر ئەوە رێکەوتووین. کچەکەم لە کەسێکی نامۆ بەم شارە مارە بکەین و دواتر برازاکەم مارەی بکاتەوە. تاکو کەس گەڵتەیان پێنەکات! ئەوەتا، تۆیش دەڵێیت من نامۆم بەم شارە، هەر ئێستا لەگەڵمان وەرە کچەکەمت لێ مارە دەکەم. هەر ئەمشەو لای بنوو تا سبەینێ. کە لێم مارە کردی ١٠٠٠ دینار جل و بەرگت دەدەمێ و ئەسپێکی ١٠٠٠ دیناریشت پێشکەش دەکەم. کە تەڵاقیشت نەدا ١٠٠٠ دینارەکەت لێ دەسەندینەوە."

لەسەر رێکەوتن و عەلادینیان بردەوە بۆ ماڵ جل و بەرگی جوان و شایستەیان بۆ هێنا و لەبەریان کرد. ئەمجا باوکەکە کاغەزی پەیماننامە و مارەبڕینی برد و پیشانی کچەکەی دا و وتی:

"لە کوڕێکی فۆزی جوانم مارە بڕیویت! ناوی عەلادینی خالّدارە، ئاگات لێی بێت." ئەمجا هاتەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو................ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٥٧

شەهرەزاد وتی: کە ڕۆژ بووەوە، عەلادین بە ژنەکەی وت:

"ئای... لەم خۆشیە، چۆن قەلەڕەش هات و بردی و دای لە شەقەی باڵ....!!"

ژنەکەی پرسی:

"یەعنی چی؟"

عەلادین وتی:

"خانم هەر سەعاتێکم لای تۆ ماوە!!"

ژنەکەی وتی:

"کێ دەڵێت وایە؟"

ئەویش وتی:

"باوکت لە پەیماننامەی ژن و مێردایەتیەکەدا... ١٠٠٠ دینار مارەیی تۆی لەسەر نووسیوم. کە نەمبوو لای قازی بەندم دەکات. منیش بێ پوول و پارەم!!"

ژنەکەی لێی پرسی:

"تەلاق دان، بەدەست تۆیە یان ئەوان؟"

ئەمیش وتی:

"بە دەست منە، بەڵام پارەم نییە!!"

ژنەکەی وتی:

"ئەم ١٠٠ دینارە بگرە، هەر ئەوەندەم هەیە، باوکم هێندە ئەم برازایەی خۆی دەوێت، هەموو سامانەکەی منیشی داوەتێ. تەنانەت خشڵ و ئاڵتوونەکانشم... کە بردیتیانە بەردەم قازی و وتیان: فەرموو، تەلاقی بدە تۆی بڵێ: بە ریشی کێ ڕەوایە: شەو ژنێك مارە بکەیت و بۆ بەیانیا تەلاقی بدەیت؟"

ئەمجا بچۆ دەستی قازی ماچ بکە و لەو کاتەدا، لەم پارەیە بەرتیلی بدەرێ. ئەمجا یەکە یەکە دەستی شایەتەکان ماچ بکە و هەر یەکە و ١٠ دیناری بدەرێ. ئیدی ئەوانە دەبنە لایەنگیری تۆ. کە لە دەرەوە پێیان وتی: ئەی تۆ ١٠٠٠ دینار و جل وبەرگی نوێ و ئەسپێکت وەرنەگرت، حەقی تەلاق دانی ئەو ژنە؟ تۆش بڵا: نە جل و بەرگم دەوێت و نە ئەسپ، تاڵێك مووی ئەو ژنە نادەم بە ١٠٠٠ دینار. گەر قازیش وتی: کەوابوو دەبێت پێشەکی مارەکردنەکە بدەیت. تۆیش بڵێ ئێستا دەستم کورتە و نیمە...! ئەمجا قازی و شایەتەکان بەزەییان پێتدا

دێتەوە و مۆڵەتێکت بۆ دادەنێن. ئەمان لەم قسانەدابوون کە جەندرمە و نوێنەری قازی لە دەرگایان دا. کە پرسیان نوێنەر وتی:

"خەزوورت، لای قازیە و دەبێت تۆیش بچیت."

عەلادین ٥ دیناری دایە ئەمجا پرسی:

"تو خوا دادنوس لە شەرعا رەوایە..... شەو ژنێك مارە بکەم، بە بەیانی تەڵاقی بدەم؟"

ئەویش وتی:

"لای ئێمە نابێت، گەر تۆ لە شەرعدا شارەزا نیت، من یارمەتیت دەدەم."

بەرەو دادگا بوونەوە. قازی لە عەلادینی پرسی:

"بۆچی ژنەکەت تەڵاق نادەیت و ئەو قەرزە دێنیتە سەر خۆت؟"

ئەمیش بەرەو قازی رۆیشت و دەستی ماچ کرد و ٥٠ دیناری خستە دەستییەوە و وتی:

"گەورەم جەنابی قازی بە کام مەزهەب رەوایە شەو ژنێك مارە بکەم و بۆ بەیانی بە زۆر پێم تەڵاق بدەن؟"

قازی وتی:

"بەهیچ مەزهەبێك، لە مەزهەبەکانی موسڵمانان نابێت!!"

خەزووری وتی:

"ئەگەر تەڵاقی نادات، با ١٠٠٠٠ دیناری پێشەکی بدات!"

عەلادین وتی:

"سێ رۆژم مۆڵەت بدەن!"

قازی هەڵیدایە:

"سێ رۆژ کەمە! ١٠ رۆژت دەدەمێ!"

ئیدی مەرجیان بۆ دانا. دوای ١٠ رۆژی دی دەبێت یان ١٠٠٠٠ دینار بدات بە خەزووری یان کچەکەی تەڵاق بدات. گۆشت و برنج و رۆین کڕی و بەرەوماڵ بووەوە. ئیدی چی بەسەرهات لەگەڵ قازیدا بۆ ژنەکەی گێڕایەوە. ژنەکەی پێی وت:

"لە شەو و رۆژێکدا شتی سەیر روو دەدات!"

رەحمەت لەو کەسەی ئەمەی وتووە:

| | |
|---|---|
| با لە سەر خۆت بەرامبەر بەڵا | تووش بوویت: نەیکەیتە هاوا و هەڵا |
| شەون لە زەمان کە ئاوس دەبن | ژانیان گرت، شتی سەیریان لە کۆڵا |

ئەمجا سفرە و خوان ئامادە کرا، تێروپڕ خورا. ئەمجا داوای لێ کرد... سەمای بۆ بکات ئەویش عودی گرت بە دەستەوە. پلی پیادا بە بەستەوە. ئەوان لەو خۆشیەدا بوون، لە دەرگا درا. بە دەم سەماوە پێی وت:

"برۆ بزانە ئەوە کێیە؟"

ئەویش چوو، روانی ٤ دەروێشن پرسی:

"چیتان دەوێت؟"

ئەوانیش وتیان:

"مۆسیقا خواردنی رۆحه و ئێمەش دەروێشین..... شیعر و سرودێکی زۆرمان لەبەرە.... گەر رێمان بدەن... ئەمشەو لێرە بەسەر بەرین، ئەوا خوا پاداشتتان دەداتەوە. بۆ سبەینێش دەڕۆین بە رێی خۆمانەوە."

ئەویش وتی:

"با بچم پرس بکەم."

دوای کەمێك هاتەوە و دەرگای بۆ کردنەوە. بە خێریان هێنان و خواردنیان بۆ دانان. ئەمجا وتیان:

"گەورەم خواردنەکە خوای وەبیر هێناینەوە، گوێشمان حەزی لە گۆرانی و مۆسیقایە، رەحمەت لەوەی وتویەتی:

مەبەستی ئێمە کۆڕ و کۆمەڵە وەگەرنا ... لەوەڕ پیشەی ئاژەڵە

کە لەبەر دەرگا وەستابووین، گوێمان لەمۆسیقا و گۆرانی بوو، ئاخۆ... گۆرانی بێژەکە کەنیزەکی قولە، یان سپی پێست، یان کچێکی خانەدانە؟"

ئەویش وتی:

"ئەوە خێزانمە. بەلام خەزوورم ۱۰۰۰۰ دیناری پێشەکی لەسەر داناوە،کە دەبێت لە ماوەی ۱۰ رۆژدا، بۆی ئامادە بکەم."

ئەمجا بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕانەوە. دەروێشێکیان وتی:

"خەمت نەبێت! من خاوەن تەکیەم و ٤٠ دەروێشم هەن. فەرمانیان بە سەردا دەدەم، کە ۱۰۰۰۰ دینار لە نێو خۆیاندا کۆ بکەنەوە، تۆیش ئەو قەرزەی پێ بدەرەوە.... بەلام توخوا... فەرمان بدە، با مۆسیقامان بۆ لێبدا و گۆرانیمان بۆ بڵێت. چونکە مۆسیقا بۆ هەندێك خواردنی گیانە... بۆ هەندێکی دی دەرمانە! بۆ هەندێکیش شنەی شەماڵ و ئارامی گیانە."

تومەز..... ئەم ٤ دەروێشە، خەلیفە هاورنەرەشید و جەعفەری بەرمەکی وەزیر و ئەبونەواسی حەسەنی کوڕی هانی و مەسروری شمشێرباز بوون. هۆی گەیشتنە بەر ئەو ماڵەیش ئەوە بوو خەلیفە ئەو شەوە هەستی بە دڵتەنگی کردووە ناردوویەتیە دووی وەزیر و وتویەتی:

"وزیر ئەمشەو دڵتەنگم، دەی با بچینە شەقام و کۆلانەکانی بەغداوە."

جل و بەرگی دەروێشیان لەبەر کردووە کە گەیشتوونەتە بەر دەرگای ئەم ماڵە گوێیان لە گۆرانی و مۆسیقا بووە. ویستویانە بزانن، ئەو ماڵە چییانە؟ ئەو شەوە، بە خۆشی دەبەنە سەر و خەلیفە ۱۰۰ دینار دەخاتە ژێر سەرینی خانەخوێ. ئەمجا سوپاسیان کرد و رۆیشتن بە رێی خۆیانەوە کە ژنە جێگا هەڵدەگرێت، ۱۰۰ دینارە دەبینێ دەیداتە عەلادین و دەڵێت:

"ئەم پارەیە، دەروێشەکان دایان ناوە، بێ ئەوەی ئێمە بزانین هەڵی بگرە."

ئەویش بردیە بازاڕ و برنج و رۆن و گۆشت و پێداویستیەکانی ماڵی لێ کڕی. شەوی دووەم، مۆمی لێ داگیرساند و بە ژنەکەی وت:

"دەروێشەکان ۱۰۰۰۰ دینارەکەی کە بەڵێنیان دابوو، نەیان هێناوە. دەروێشانیش هەژارن."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٥٨

شەهرەزاد وتی: هەردووکیان گفتوگۆی ئەوەیان بوو، کە لە دەرگا درا، ژنە وتی:
"برۆ خوار، دەرگایان لێ بکەوە."
ئەویش بۆی کردنەوە و پێی وتن:
"ئایا ١٠٠٠٠ دینارەکەی کە پەیمانتان دابوومێ هێناوتانە؟"
وتیان:
"هێندەی پێمان هەڵوسرابێت، هێناومانە، بێ ئومێد مەبە، سبەینێش خوانی کیمیایی ئامادە دەکەنی. تۆ فەرمان بدە، با خێزانت گۆرانیمان بۆ بڵێت. تاکو دڵمان بکرێتەوە."
ژنەش عودەکەی بە دەستەوە گرت، چەند گۆرانیەکی بۆ وتن... کە بەردی دەهێنایە سەما. شەو لەوێ مانەوە، تاکو بەیان.... کاتێ، خۆر تیشکی دەکات پەخشان دیسان خەلیفە ١٠٠ دیناری دی بۆ خستنە ژێر نوێن. ٩ شەو ئاوا دەهاتن و دەمانەوە و خەلیفەش ١٠٠ دیناری لە ژێر نوێن بۆ دەخستن. شەوی دەیەم کە دیار نەبوون. خەلیفە فەرمانی بە بازرگانێك دابوو، کە ٥٠ کاروان کوتاڵ ئامادە بکات، کە لە میسرەوە دەی هێنا. هەر کاروانێك بایی ١٠٠٠ دینار بێت. هەر بارە و نرخەکەی لە سەر بنووسە و کۆیلەیەکی حەبەشی لە تەکیاندا بێت."
بازرگانەش ٥٠ بارەکەی بۆ خەلیفە ئامادە کرد. ئەمجا تەشتێك و مەسینەیەکی زێری دایە دەست کۆیلە حەبەشییەکە. بە زمانیش شەمسەدین شاوە سەرۆکی بازرگانانی میسر و باوکی عەلادین و پێی و ت:
"ئەم پەنجا بارە دەبەیت و دەڕۆیتە فلان گەڕەك، کە ماڵی شابەندەری بازرگانی لێیە. بڵێ: ماڵی گەورەم عەلادینی خاڵدار لە کوێیە؟ خەڵکی ماڵەکەت نیشان دەدەن."
کۆیلەی حەبەشی کاروانەکەی بەرەو میسر کردەوە ئەمە لێرەدا... ئاوا...! ئامۆزای کیژەش چووە لای باوکی و پێی وت:
"دەی... با بڕۆین... ئامۆزای پێ تەڵاق بدەین."
پێکەوە بەرەو ماڵی عەلادینی خاڵدار بوونەوە.... سەیریان کرد، پەنجا بار کوتاڵی بازرگانی لەبەر دەرگایاندا داگیراوە و کۆیلەیەکی حەبەشیش بە سواری هێسترێکەوەیە. لێیان پرسی:
"ئەم بارە کوتاڵانە هی کێن؟"
کۆیلەکەش وتی:
"عەلادینی خاڵدار"
کاتێك باوکی عەلادین بیستییەوە، بارە کوتاڵە بازرگانیەکانی لێ زەوت کراوە، ئەم ٥٠ بارە کوتاڵەی بۆ ناردووە. ئەم هێسترەش کە لە ژێرمدایە و بایی ٥٠٠٠٠ دینارە و بوخچەیەکیش کە بە زێڕو پارە پڕە. تەشتێك و مەسینەیەکی زێڕیشی بۆ ناردووە."
باوکی کچە وتی:
"ئەو عەلادینە زاوامە و خۆم پیشانتی دەدەم."

عەلادینیش لە ژوورەوە، لێی دانیشتووە و پەژارە دایگرتووە. لە درەگایان دا عەلادین وتی:
"زبێدە، باوکت یان قازی یان والی پۆلیسی ناردووەتە دووم!"
ژنەکەی وتی:
"تۆ برۆ... دەرگاکە بکەرەوە."
کە دەرگای کردەوە شا بەندەری بازرگانی خەزووری بینی. کۆیلەیەکی رەشی حەبەشی جوانیشی بینی، بە سواری هێسترێکەوە. کۆیلەکە دابەزی و دەستی ماچ کر. ئەمجا وتی:
"من کۆیلەی عەلادینی خاڵدارم کورشی شەمسەدین شابەندەری بازرگانی میسر. باوکی عەلادین، ئەم دیاریانەی بۆ ناردویت. عەلادین نامەکەی لێ وەرگرت، کە کردیەوە، ئەمەی تیا نووسرابوو:

| | |
|---|---|
| ئەی نامە ئەگەر خۆشەویستت دی | نێوچاوانی بۆ بنێ لە عەردی |
| لەسەرە خۆ بە: هیچ پەلە مەکە | لەودا بەختیاریم کردووە بەدی |

دوای سڵاو... لە شەمسەدینەوە بۆ خاڵداری کوڕی. بزانە، هەواڵی کوشتنی پیاوەکانت، تاڵان کردنی سامان و باری کاروانەکەتم بیست. ٥٠ باری ترم بۆ ناردیت لە کوتاڵی میسر، کوتاڵ و کەرنەك و تەشت و مەسینەی زێرین. خەمت نەبێت، سامانی دنیا بە قوربانی خۆت بێت! خەم مەخۆ.... دایکت و ناسیاوانت هەموو باشن و سڵاوت لێ دەکەن. بۆیان گێڕاومەتەوە کە چ مەرجێکی قورسیان بۆ داناویت لە مارەیی زبێدەدا. کە ٥٠٠٠٠ دینارە ئەوە بە "سەلیم"ی کۆیلەی خۆتدا: بۆم ناردوویت."
کە لە خوێندنەوەی نامەکە بووەوە، وتی:
"مامە گیان... ئەوە ٥٠٠٠٠ دیناری پێشەکییەکە... ئەمجا ئەم بارە کوتاڵانەش، لەگەڵ خۆت ببە بازاڕ.. ساغیان بکەرەو و بیان فرۆشە، مایەکەیم بدەرەوە و قازانجەکەی بۆ خۆت."
ئەویش وتی:
"نە بە خوا نابێت.... هیچم ناوێت. پێشەکی ژنەکشت، پێکەوە خەرجی بکەن."
ئەمجا عەلادین و خەزووری چوونەوە ماڵ. دوای جێبەجێ کردنی باری کاروانەکە، زبێدە بە باوکی وت:
"بابە.... ئەم کاروانە هی کێیە؟"
باوکی لە وەڵامدا وتی:
"ئەم کاروانە هی عەلادینی مێردتە. باوکی بۆی ناردووە. لە جیاتی ئەو کاروانەی کە لە ڕێگا رووتیان کردووەتەوە و لێیان سەندووە. ٥٠٠٠٠ دینار و بوخچەیەك کرك سمۆر، هێسترێك و تەشت و مەسینەیەکی زێرینیش. پارەی پێشەکی خۆت، ئەوە را رای خۆتە!"
ئەمجا عەلادین سندوقەکەی کردەوە و پێشەکی مارەییەکەی خۆی دایە... ئامۆزای کچەکە وتی:
"مامە... بە عەلادین بڵێ ژنەکەم تەڵاق بدات...!!"
ئەویش وتی:
"ئەم کارێکی راست نییە! ئەوە بە دەستی خۆیەتی."

ئیدی کوڕە برازا بەرەو ماڵی خۆیان بووەوە... هێندەی پەژارەی ژنەکەی بوو، تا دەهات لاواز دەبوو.... لەکۆتاییدا .. مرد. عەلادین، دوای ئەوەی باری کاروانەکەی وەرگرت چووە بازاڕ. چی ماڵ پێویستی بوو، لەخواردن و خواردنەوە کڕی و یاسایەکی بۆ ماڵ دانا. ئەمجا بە زبێدەی وت:

"بڕوانە... ئەو دەروێشانە، درۆزن دەرچوون! پەیمانیان شکاند."

ژنەکەی وتی:

"تۆ کوڕی شابەندەری بازرگان بوویت دەستت هێندە کورت بوو، نیو لیرەت نەبوو......... چ جای ئەو دەروێشە هەژارانە!!"

مێردەش وتی:

"خوا کارێکی کرد، پێویستمان پێیان نەما! گەر بێن: دەرگایان لێ ناکەمەوە."

ژنەکە وتی:

"لەبەرچی دەرگایان بە روودا دادەخەیت، کە بە هۆی پێ و قەدەمی ئەوانەوە خوا دەرووی لە ئێمە کردەوە. هەر شەوێك لامان بووبن ١٠٠ دیناریان بۆمان دانابوو بۆیە، پێویستە دەرگایان بۆ بکەینەوە."

ئێوارە داهات. مۆم داگیرسا. دوای کەمێك لە دەرگا درا. ژنەکە وتی:

"بڕۆ بزانە کێیە؟" ئەویش کە دەرگای کردەوە دەروێشەکانی بینی وتی:

"درۆزنان، بەخێر بێنەوە."ئەمجا هێنایە سەرەوە و سفرەی بۆ راخستن خواردنی بۆ دانان..... وتیان:

"دڵمان هەر لاتان بوو، چیتان کرد لەگەڵ خەزوورت."ئەویش وتی:

"خوا..... چەندین هێندەی ئەو کێشەیەی بۆ ناردین!"ئەوانیش وتیان:

"بەوخوایە.... هەر خەمی تۆمان بوو.......... رووی نەبوونی رەش بێت."ئەویش وتی:

"خوا دەرووی کردەوە."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو................ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٥٩

شەهرەزاد وتی: "باوکم ٥٠٠٠٠ دینار و پەنجا بار کوتاڵ، کە نرخی هەر بارێك ١٠٠٠ دینار بوو جل و بەرگ و "کرك سمۆر" و هێسترێك و کۆیلەیەك، تەشتێك و مەسینەیەکی زێڕینی بۆ ناردم. سوپاس بۆ خوا. ئەوە بووە هۆی ئاشتەوایی نێوان خۆم و خەزوورم. خەلیفە چووە "سەرئاو". ئەبوجەعفەری وەزیر سەری بەلای عەلادین دا شۆڕ کردەوە و پێی وت:

"بەرێزەوە، گفتگۆ بکە.... چوونکە ئەو پیاوە میری موسڵمانانە!"

عەلادینیش وتی:

"بۆ... هیچی خراپم وتووە؟ جا میری موسڵمانان چییە؟"

وەزیر وتی:

"ئەوەی چوو بۆ سەرناو هارونەرەشیدە! من ئەبوجەعفەری بەرمەکی وەزیری ئەوم! ئەمەش مەسروری شمشێرەبازە! ئەوی تریش ئەبو نەواسی حەسەنە! کەمێك بیر بکەرەوە ماوەی نێوان میسر و بەغداد چەند رۆژە؟"

عەلادین وتی:

"٤٥ رۆژە."

ئەویش پێی وت:

"کاروانەکەت پێش ١٠ رۆژ تالان کرا.. ئەم هەواڵە چۆن گەیشتە باوکت؟ ئەو کاروانەی تری بۆ ئامادە کردیت و گەیاندیە لات، لە ١٠ رۆژدا، لە کاتێکدا دووری رێگاکە ٤٥ رۆژە؟"

عەلادینی پرسی:

"ئەی کەوابوو...... ئەی لە کوێوە، ئەم کاروانە گەیشت؟"

ئەو کاروان و پاداشتانە لە لای خەلیفەوە بووە...... هێندەی خۆش ویستوویت... ئەمەی بۆ کردوویت."

ئەمان لە گفتوگۆدا بوون کە خەلیفە گەڕایەوە. عەلادین لەبەری هەستا و کڕنوشی بۆ برد، پێی وت:

"میری موسڵمانان خوا بتپارێزێت، تاکو خەڵکی لە چاکە وبەخشندەییت بێ بەش نەبن!"

خەلیفە وتی:

"عەلادین... با زبێدەخان.. برێ ئاوازی ناوچەی "حەلوان" مان بۆ بچڕێت!"

زبێدەش عوودی بە دەستەوە گرت. هێنایە سەما درشت و ورد. ئاهەنگەکەیان .... تا بەرەبەیان درێژەی کێشا. بۆ بەیانی خەلیفە بە عەلادینی وتی:

"سەرێك لەدیوان بدە."

ئەویش وتی:

"تۆ سەلامەت بیت... وا دەکەم."

دواتر لەگەڵ خۆیدا ٦ قاپ، لەگەڵ سینیەکی زیوینی بە دیاری برد بۆ دیوان لە کاتێکدا خەلیفە لە سەر تەختی شاهانە دانیشتبوو، عەلادین خۆی بە ژوورا کرد و وتی:

| | |
|---|---|
| یاخوا بەختیاریت هەر دەم هەڤاڵ بێ | دوژمنانیشت بە کۆی زوخاڵ بێ |
| رۆژانی عومرت سپی و بێ گەرد بێ | رۆژی حەسودان وەك ژەهری تاڵ بێ |

خەلیفە پێی وت:

"چۆنی..... عەلادین"

ئەویش وتی:

"ئەی میری موسڵمانان.... پێغەمبەر "د.خ" دیاری پەسەند کردووە! ئەو ١٠ قاپە پڕە، دیاری منە بۆتان."

خەلیفە پەسەندی کرد، ئەویش فەرمانی دا، پاداشت بکرێت. فەرمانیشی دا: بکرێتە شا بەندەری بازرگانان، سەرۆکی بازرگانان... کردیشی بە هاونشینی خۆی.هەر کە دانیشت "ئەبو

زبێده"ی خزمی هات. عەلادینی بینی لە جێگاکەی دانیشتبوو... پلەی ئەوی دراوەتێ و پاداشت کراوە. خەلیفە پێی وت:

"ئەوم کردووە، بە سەرۆکی بازرگانان، پلە و پایەش لەگەڵ تەمەن نییە! بۆیە تۆم لابردووە"

ئەویش وتی:

"ئەم پیاوەش، لە خۆمانە... چاکت کردووە. زۆر لە بچووکانمان بینی گەورە بوون."

ئەمجا خەلیفە فەرمانێکی بۆ دەرکرد. ناردی بۆ وای: والیش فەرمانە دەرکراوەکەی دایە مەشا عەلی. ئەویش لە دیوەخانی حوکمرشان خوێندیەوە:

"لێرە بە دواوە عەلادینی خاڵدار، سەرۆکی بازرگانان و شابەندەرە. دەبێت گوێی لێ بگیرێت. ڕێز و پایەی پارێزراوە.... دەبێت پلە و پایەی بڵند رابگیرێت."

ئەمجا دەستیان دایە دەستی مەشا عەلی بانگدەر.... ئەویش گێڕای و پێی دەوتن:

"تەنیا عەلادینی خاڵدار، سەرۆکی بازرگانانە و شا بەندەرە."

شەقامە و شەقام بەغدایان گێڕا و ئەمەیان دەوت. بۆ سبەێنێ دا، دوکانێکیان بۆ کۆیلە کردەوە و تێیدا دایان نا. تا بکڕێت و بفرۆشێت. عەلادینیش، بە سواری دەچووە دیوانی خەلیفە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٦٠

شەهرزاد وتی: وارێکەوت ڕۆژێکیان لەسەر کورسی پلە وپایەی خۆی دانیشتبوو گوێی لێبوو یەکێك بە خەلیفەی وت:

"میری موسڵمانان، فلان هاونشینت، تۆ خۆش! مرد.... خوا لێی خۆش بێت."

خەلیفە وتی:

"عەلادینی خاڵدار کوا؟"

ئەویش چووە بەردەمی. خەلیفە فەرمانی دا خەلات بکرێت. کردیشی بە هاونشینی خۆی. ١٠٠٠ دیناری مانگانە بۆ نووسی. ئەویش لای مایەوە و بووە هاودەمی. ڕۆژێ لە ڕۆژان، عەلادینی خاڵدار وەکو جاران دانیشتبوو، لە شوێنی حوکمڕان. ڕووانی میرێك بە شمشێر و ڕمەوە، دەرکەوت. وتی:

"ئەی میری موسڵمانان... سەرۆکی شەستەکەش، تۆ خۆش! ئەمڕۆ مرد!"

بۆیە خەلیفە فەرمانی دا: عەلادینی خاڵدار خەلات بکرێت. هەروەها بکرێتە سەرۆکی شەستەکە. چونکە سەرۆکی شەستە کۆچکردووەکە بێ کەس بوو. سامانەکەش بۆ عەلادینی خاڵدار گەڕایەوە. ئەمجا خەلیفە پێی وت:

"بڕۆ، بە ڕێوڕەسمێکی جوان بینێژە و دەست بە سەر سامان و دارایی و کەنیزەك و شتومەکیدا بگرە."

ئەمجا خەلیفە، دەسڕۆکەکەی هەڵتەکاند، نیشانەی کۆتابوونی دەوام بوو. ئەمجا هەموو هاتنە دەر و ئەو لە کۆمەڵەی ڕاستی خەلیفە بوو، کە "ئەحمەد دەنەف" پێشەنگی ٤٠ کەس بوو پێشەنگی لای ڕاست "حەسەن شومان"یش کە ٤٠ کەس بوو، پێشەنگی لای چەپ بوو.

عەلادین بە حەسەن شوماتی وت:

"لەمەودوا ئێوە بچنە شوێن ئەحمەد دەنەف و پێش بکەون."

ئەوش پەسەندی کرد و وتی:

"خۆم و ٤٠ کەسەکەم، بەیانیان پێشت دەکەوین و بەرەو دیوەخانی حوکمڕان."

عەلادین چەند ڕۆژێك لە دەرباری خەلیفەدا بوو. ڕۆژێکیان گەیشتەوە ماڵی خۆی. ئەحمەد دەنەف و کۆمەڵەی ناردەوە. لە ماڵەوە مۆمەکان داگیرسابوون. چووە لای زبێدەی عودیەی ژنی و دانیشت. ژنەکەی هەستا بۆ کارێك و ڕۆیشت. عەلادین گوێی لە زریکەیەك بوو. هەستا و چوو کە ڕوانی ژنەکەی کەوتووە. دەستی خستە سەر سنگی بینی مردووە. ماڵی باوکی زبێدە بەرامبەریان بوو. بۆیە هاتنە ئەم بەر و لە عەلادینیان پرسی ئەو زریکەیە چی بوو؟ ئەویش وتی:

"مامە خۆت خۆش بیت، کچەت مرد. بەڵام باشترین کار زوو کفن و دفن کردنیەتی."

بەرەبەیان ناشیتان. ئەمجا تەعزیەیەکی شایستەیان بۆ گرت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٦١

شەهرەزاد گێڕایەوە، ئەوە هەواڵی زبێدەی عودیە بوو، عەلادین جلی ماتەمی پۆشی چوونە سەرای حوکمڕانی نەما. دلگران و چاو بە فرمێسك بوو. خەلیفە لەجەعفەری وەزیری پرسی:

"بۆچی عەلادین نایەتە سەرا؟"

جەعفەریش وتی:

"میری موسڵمانان عەلادین تازیەباری زبێدەی ژنیەتی."

خەلیفەش وتی:

"پێویستە سەرەخۆشی لێ بکەین."

وەزیر وتی:

"فەرمایشتە."

ئەمجا خەلیفە و وەزیر و چەندین کەس سوار بوون، بەرەو ماڵی عەلادین. عەلادین بینی خەلیفە و وەزیر و هەندێ لە پیاوانی دەربار سوار بوون، لەبەریان هەستا و کڕنووشی بۆ خەلیفە برد. خەلیفە پێی وت:

"خوا پاداشتی خێرتان بداتەوە."

عەلادین وتی:

"خوا پایەدارت بکات، ئەی میری موسڵمانان."

خەلیفە پرسی:

"عەلادین بۆ لە سەرا دابڕاوی؟"

ئەویش وتی:

"لەبەر خەم و پەژارەی، زبێدەی خێزانم، ئەی میری موسڵمانان."

خەلیفەش وتی:

"پەژارە بتارێنە! ئەو خوا لێی خۆش بوو. پەژارەش دادت نادات."

عەلادین وتی:

"تا دەمرم، پەژارەی ئەوم دەمێنێ."

خەلیفە وتی:

"خوا پاداشتی لە دەستت چووەکەت بداتەوە. نە فێڵ و نەسامان: مردن ناگێڕێتەوە دواوە.... ڕەحمەت لەوەی وتویەتی:

مرۆڤ تەمەنی درێژەش کێشێ لەسەر "دارمەیت" خۆی رادەکێشێ

کە هۆنراوەکەی تەواو کرد.... ئامۆژگاری کرد لە سەرای حوکمڕان لەمەودوا دانەبڕێت. هەستان و ڕۆیشتن. بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر عەلادین سوار بوو بەرەو سەرا. کە گەیشت چووە ژووری خەلیفە و کڕنووشی بۆ برد. خەلیفەش لەسەر کورسیەکەی هەستا و ڕێزی گرت. ئەمجا وتی:

"عەلادین، ئەمشەو تۆ میوانی منیت."

ئەمجا چووە سەراوە. کەنیزەکێکی بانگ کرد ناوی خۆراکی دڵان بوو، پێی وت:

"عەلادین ژنێکی هەبوو، ناوی زبێدە بوو. خەم ڕەوێنی بوو. ئێستاش دەمەوێت، عودی بۆ بژەنیت، گۆرانی وای بۆ بڵێیت..... هەرگیز نەیبیستبێت. بەڵکو تۆیش خەمی بڕەوێنیت."

کەنیزەکەکە.. دەستی کردە ژەنینی عوودەکەی و چەند ئاوازێکی عەجایبی دەرهێنا!!

ئەمجا خەلیفە پرسی:

"ها.. عەلادین، دەنگی ئەم کەنیزەکەت بەلاوە چۆنە؟"

ئەویش وتی:

"زبێدە.... دەنگی خۆشتر بوو ئاوازی وای دەژەنی.. بەردیشی بۆ پێدەکەنی!"

ئەمجا پرسی:

"ئاخۆ... ئەم ئاوازانەت ... پێ خۆش بوو!!؟"

عەلادین وتی:

"بەڵێ... ئەی میری موسڵمانان."

ئەمجا خەلیفە وتی:

"بەم کوللەیە.... ئەم کەنیزەکە و کۆمەڵەکەی دیاری منە بۆ تۆ."

ئەمجا کەنیزەکە گۆرانی بێژەکەی عەلادین پێی وابوو خەلیفە گاڵتەی لەگەڵ دەکات. ئەمجا کەنیزەکە گۆرانی بێژەکەی بانگ کرد و پێی وت:

"ئەوە، خۆت و کۆمەڵەکەتم بەخشیە، عەلادین."

گۆرانی بێژەکەش زۆری پێخۆش بوو، چونکە دڵی چووبووە عەلادین...! ئەمجا خەلیفە لە کۆشکی سەراوە بەرەو دیوەخان بووەوە. دواتر بانگی حەماڵەکانی کرد... فەرمانی پێدان کە شتومەکی گۆرانی بێژ و کەنیزەکەکانی بەردەستی، بخەنە سەر "تەختە رەوان"ەکە و بیان گوێزنەوە بۆ ماڵی عەلادین. ئەوان بەرەو ماڵی عەلادین بوونەوە. خەلیفەش چووەوە سەرای حوکمڕان. ئەمجا دەوام تەواو بوو.......... دیوەخان داخراو، خەلیفە بەرەو ماڵ بووەوە. هەر کە خۆراکی دڵان... خۆی و ٤٠ کەنیزەکەکەی گەیشتنە ماڵ فەرمانی دایە دو خزمەتکارە خەساوەکە هەر یەکە و لە لایەکی دەرگای دەرەوە لەسەر کورسی دابنیشن. کە عەلادین گەڕایەوە دەستی ماچ بکەن و بڵێن: خاتوو..... خۆراکی دڵان.... دەڵێت با بفەرموێ بۆ کۆشك.. خەلیفە خاتوون و ٤٠ کەنیزەکی پێشکەش کردوویت.

دوانەکەش وتیان:

"بە چاوان"

ئێوارە کە عەلادین گەڕایەوە ماڵ روانی دوو خزمەتکاری خەساوی خەلیفە لەبەر دەرگاکەیدان. زۆری پێ سەیر بوو. بە خۆی وت: رەنگە ئەمە ماڵی خۆمان نەبێت. ئەگەرنا... ئەمە چییە!؟ کە دوو خزمەتکارە خەساوەکە عەلادینیان بینی بەرەو رووی چوون دەستیان ماچ کرد، ئەمجا پێیان وت:

"ئێمە لە خزمەتکارانی خۆراکی دڵانین. سەر بە خەلیفەین. خەلیفەش خۆراکی دڵان و ئێمەی پێشکەش بە تۆ کردووە."

ئەویش پێی وتن:

"بڕۆن پێی بڵێن: بەخێرهاتنی دەکەم. ئەمجا بزانن کە لە کۆشکی خەلیفە بوو، رۆژانەکەیان چەند بوو؟"

ئەمجا چوونە لای خۆراکی دڵان، ئەمەیان پێ وت. ئەویش وتی:

"رۆژی ١٠٠ دینار."

کە عەلادین ئەمەی بیست بە خۆی وت:

"پێویستم بەمە نەبوو. کە خەلیفە پێشکەشی کردووم. چارم ناچارە."

ئیدی عەلادین رۆژانە ١٠٠ دیناری بۆ کەنیزەکەکە ئامادە دەکرد. تاکو رۆژێکیان لە دیوەخان دابڕا. بۆیە خەلیفە بە جەعفەری وەزیری وت:

"من خۆراکی دڵانم پێشکەش بە عەلادین کرد، تاکو جێی ژنەکەی بۆ بگرێتەوە. ئاخۆ... بۆچی دیار نییە؟"

وەزیریش وتی:

"میری موسڵمانان.... ڕاستیان وتوە: ئەوەی خۆشەویستی خۆی دەدۆزێتەوە.... هاوڕێیانی بیر نەچێتەوە."

خەلیفەش وتی:

"دابڕانی بێ هۆ نییە... بۆیە پێویستە سەردانی بکەین."

چەند ڕۆژێك لەمەوپێش عەلادین بە وەزیری وتبوو، کە پەژارەی لە دەست دانی زبێدەی ژنی بە خەلیفە وتووە.. ئەویش خۆراکی دڵانی پێشکەش کردووە. وەزیریش پێی وتبوو: گەر خەلیفە خۆشی نەویستیایە، ئەو دیارییەی نەدەدایتێ. عەلادینیش وتبووی، کەتاکو ئێستا مارەم نەبڕیوە، لە خۆم. کە وەزیر هۆیەکەی لێ پرسی بوو وتبووی: ئەو ژنەی بۆ سەرۆکان ڕەوایە.... بە کەڵکی خزمەتکاران نایە!! ئەمجا خەلیفە و وەزیر.... سەردانی عەلادینیان کرد. ئەویش بەخێری هێنان و دەستی خەلیفەی ماچ کرد. کە خەلیفە عەلادینی روو بە پەژارەی بینی پێی وت:

"عەلادین ئەوە بۆچی خەمباریت؟"

عەلادین وتی:

"ئەی میری موسڵمانان.... ئەوەی مولکی شا بێ... بۆ خزمەتکار نابێ!! تا ئێستاش بە تەواوی ئەم کەنیزەکەم نەبینیوە. خۆزگە رزگارت دەکردم."

خەلیفەش وتی:

"ئەمەوێ ژنەکە ببینم تاکو سڵاوی لێ بکەم."

عەلادین وتی:

"هەر ئێستا ئەی میری موسڵمانان."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٦٢

شەهرەزاد وتی: ئەمجا خەلیفە چووە ژوورەکەی خۆراکی دڵان. ئەویش لە بەری هەستا و کڕنووشی بۆ برد. خەلیفە پێی وت:

"مارەی بڕیت لەخۆی؟"

ژنەکەش وتی:

"نەخێر.... ئەی میری موسڵمانان."

ئەمجا فەرمانی دا بیان بەنەوە.... کۆشکی خۆی بە عەلادینیشی وت:

"پێمان لێ مەبڕە."

ئەمجا خەلیفە سوار بوو بەرەو ماڵ بووەوە. عەلادین ئەو شەوە لێی نووست. بۆ سبەینێ دا، سوار بوو بەرەو سەرای حوکمڕان. لە شوێنی سەرۆکی شەستەکە، دانیشت. خەلیفەش فەرمانی دا ١٠٠٠٠ دینار بدەنە وەزیر. ئەمجا بە وەزیری وت:

"بڕۆ بۆ بازاڕی کەنیزەك فرۆشان، کەنیزەکێکی ١٠٠٠٠ دیناری بۆ بکڕە."

وەزیریش عەلادینی لەگەڵ خۆی برد، بۆ بازاڕی کەنیزەك فرۆشان. وارێکەوت هەر ئەو ڕۆژە میری خەلیفەی بەغدا میرخالد دەنێرێت، کە کەنیزەك بۆ کوڕەکەی بکڕێت. چونکە خاتوونی ژنی کوڕێکی ناشیرینی بووبوو، ناوی "حبظلم بظاظة" بوو. تەمەنی گەیشتبووە ٢٠ ساڵان کەچی فێرە سواری ئەسپ نەبووبوو. بەڵام باوکی شۆڕەسوارو بەجەرگ بوو. لە شەوی ئەنگوستە چاودا سواری ئەسپ دەبوو!! دایکی بە باوکی وتبوو... کە دەیەوێت ژنی بۆ بێنێت. باوکیشی وتبووی: ئەم کوڕە: ناشیرین و پیس و بۆگەنە. بۆیە دایکی وتبووی:کەوابوو، کەنیزەکێکی بۆ دەکڕین. قەدەری خوا وابوو، هەر ئەو ڕۆژەی وەزیر و عەلادین دەڕژنە بازاڕی کەنیزەکان، میر خالدی خەلیفەی بەغداش، دەچێتە هەمان بازاڕ بۆ کڕینی کەنیزەکێك بۆ کوڕە ناشیرینەکەی.

هێندەیان زانی: دەڵاڵێك دەستی وا بە دەست.. کەنیزەکێکی شەنگ و چاو مەست. حەبظولم بەظاظة بە باوکی وت:

"بابە... ئەو کەنیزەکەم بۆ بکڕە."

دەڵاڵ پرسی

" کەنیزەکە ناوت چییە؟ "

ئەویش وتی:

"یاسەمین"

ئەمجا میرخالد بە کوڕەکەی وت:

"گەر بە دڵتە ...... لە مەزادەکەدا..... نرخەکەی زیاد بکە."

ئەمجا کوڕەکە بە دەڵاڵەکەی وت:

"لەسەر خۆت چەندە.... ئەم کەنیزەکە؟"

دەڵاڵەکە وتی:

"١٠٠٠ دینار."

ئەمیش وتی:

"لەسەر من بە ١٠٠١ دینار."

عەلادین هەڵی دایە:

"لەسەرمن بە ٢٠٠٠ دینار."

تاکو وای لێهات، هەر کەکوڕە ناشیرینەکە دینارێکی دەخستە بان نرخی کەنیزەکەکە عەلادین ١٠٠٠ دیناری دەخستە سەر. کوڕی میرخالد تووڕە بوو پرسی:

"ئەی دەڵاڵ ئەوە کێیە......زەم دەکات بە سەر نرخەکانی منەوە؟"

دەڵاڵەکە وەڵامی دایەوە:

"ئەبو جەعفەری وەزیر دەیەوێت ئەو کەنیزەکە بکرێت بۆ عەلادینی خاڵدار."

نرخی کەنیزەکەکە گەیشتە ١٠٠٠٠ دینار. ئیدی خاوەنەکەی بە عەلادینی فرۆشت. دواتر ئازادی کرد و مارەی بڕی و بردیەوە ماڵ. دەلاڵ و کوڕە ناشیرینە کە گەڕانەوە خەلیفە لێی پرسین کوا ئەو کەنیزەکەی کە کڕیوتانە؟ دەلاڵەکەش وتی:

"عەلادینی خاڵدار کڕی و ئازادی کرد و لە خۆی مارە کرد و بردیەوە بۆ ماڵی خۆیان."

کوڕە زۆر بە تاسەوە بوو. بۆ ئەو کەنیزەکە..... زۆری خەم بۆ خوارد.... تاکو لە جێگادا کەوت. کە دایکی بە نەخۆشی و زەرد هەڵگەڕاوی و لاوازی بینی لێی پرسی:

"کوڕم.... ئەوە بۆ ئاوا لاواز بوویت؟"

ئەوش وتی:

"دایە گیان.... یاسەمینم بۆ بکڕن."

دایکی وتی:

"با گوڵفرۆشەکە ببینم.... مەرج بێت یەك دەسکت یاسەمین بۆ بکڕم."

کوڕە وتی:

"ئەو یاسەمینە نا.... کە بۆن دەکرێت... ئەو کەنیزەکەی کە باوکم بۆی نەکڕیوم."

ئەمجا لە مێردەکەی پرسی:

"بۆچی ئەو کەنیزەکەت بۆ نەکڕیوە؟"

مێردەکەی وتی:

"ئەویە کە بۆ گەورە پیاوانە.. بۆ خزمەتکاران نابێت. بۆم نەکڕا.:... چونکە عەلادینی سەرۆکی شەستەکە، بۆ خۆی ویست."

کوڕ لە نێو جێگادا، وشك هەڵگەڕا.. چونکە نەفسی لە خواردن گیرا. دایکی تووشی خەمۆکی بوو. ڕۆژێکیان کە بە پەژارەوە لە ماڵەوە دایکی کوڕە ناشیرینە دانیشتبوو، پیرەژنێکی لێ پەیدا بوو. ناوی "دایکی ئەحە" بوو. کە بە حەوت جۆشی دزان ناسرابوو. کلی لە چاوان دەفڕان. هەر لە یەکەم بینین دا... ئەو سیفاتانەت تێدا دەبینی. کردیانە پێشەنگی دزان. ئەویش هەر لە یەکەم کاردا، کە پارەی دزی بوو گیرا..... بردیانە بەردەم خەلیفە... ئەویش فەرمانی کوشتنی دا... بەڵام وەزیر کە داوای نەدەگەڕایەوە... داوای لە خەلیفە کرد ببیەخشن... بەخشیان، خەلیفەش پرسی:

"چۆن بۆ کەسێك دەپارێیتەوە کە بەڵای زیان بەخشە بە خەڵك؟"

وەزیریش وتی:

"بەندی بکە.... گەورەم. چونکە بەندیخانە گۆڕستانی زیندووانە... جێی لا قرتێی دوژمنانە!!"

خەلیفەش فەرمانی دا.... بەندیان کرد. دایکی هاتوچۆی ماڵی میرخالدی دەکرد. کە هەر جارەی دەچووە سەردانی لە بەندیخانە پێی دەوت:

"چەندم پێ وتیت،کاری حەرام تەرك بکە."

ئەویش دەیوت:

"قەدەری خوا.. وابوو. بەڵام دایە گیان کە چوویتە لای ژنی میرخالد لێی بپاڕێوە، رزگارم بکات."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٦٣

شەهرەزاد وتی: کە پیرەژنە چووە لای ژنی والی بینی خەمبارە لێی پرسی:

"ئەوە بۆ خەمباریت؟"

ئەویش وتی:

"حەندەڵەم بەزازەی کوڕن ون بووە."

ئەویش وتی:

"خوا بێەوەیی بکات..... تووشی چی بووە؟"

دایکەکەش بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە. پیرەژنە وتی:

"کەوابوو، دەبێت بە فێڵ و فریودان، کوڕەکەت لەم گرفتە رزگار بکەم."

دایکی کوڕە پرسی:

"جا... بە نیازی چیت؟"

پیرەژنە وتی:

"مـن کوڕێکم هەیـە... نـاوی ئەحـەی حەوجۆشـی دزانـە. ئێستا بـە دەستی بەستەوە لە بەندیخانەیە کە لـە زنجیرەکەی نووسـراوە، بەنـدی تـا مـردن. تـۆ دەبێت، خـۆت برازێنیتـەوە ئـەمجا بچـیتە لای مێردەکـەت و پێـی بڵێیـت داخوازیەکـەم هەیـە، مێردەکەشـت دەڵێت: داخوازیت چییە؟ تۆیش دەڵێیت: دەبێت سوێندم بـۆ بخۆیـت، کە دڵـم ناشکێنیت. ئەگەر بە سەری خۆی یان بە تۆ سوێندی خوارد، بڵێ دەبێت تـەڵاق بخۆیـت. کە تـەڵاقی خـوارد ئـەمجا بڵێ کەسێك بەندە لە بەندیخانە بە ناوی ئەحە حەوجۆشی دزان، کاتی خـۆی پێشـەنگ بووە. دایکێکی داماوی هەیە، دامێنی گرتووم و لێم پاڕاوەتـەوە کە پێـت بڵێـم.... لای خەلیفە بۆی بپاڕێیتەوە. بەڵکو خەلیفە لێی خۆش بێت."

ژنەکەش وتی:

"بەسەرچاوان."

کاتێك دایکی "حەب زۆڵم بەزازە" بە ڕازاوەیی چووە لای مێردەکەی، کۆڵی لێ نـەدا، تاکو تـەڵاقی پـێخوارد، کـە لای خەلیفـە بـۆی بپاڕێتـەوە. بـۆ بەرەبـەیانی رۆژی دواتـر، نوێـژی بەیانیکرد و ئەمجا بەرەو بەندیخانە بووەوە. ئەحە حەوجۆشی دزانی بانگ کرد. لێی پرسی:

"ئێستا پەشیمانی لە کردەوە، خراپەکانت؟"

ئەحە وەڵامی دایەوە:

"تۆبەم لای خوای گەورە؛ بە دڵ و زمان کردوە"

والی لەبەندیخانەی ئازاد کرد و ، بە قۆڵبەست کراوی بردیە، سەرای حوکمڕان. ئەمجا چووە لای خەلیفە و کڕنوشی بۆ برد، ئەویش پرسی:
"میرخالد، داوای چی دەکەیت؟"
ئەویش هەر بە کۆت و زنجیرەکەوە، بردیە بەردەم خەلیفە. ئەویش پرسی:
"حەوجۆش ئەوە ماویت!؟"
حەوجۆشیش وتی:
"ئەی میری موسڵمانان.... تەمەنی خوێریان.... خاوتر.... تێدەپەڕێت!"
ئەمجا خەلیفە پرسی:
میرخالد... ئەمەت بۆچی هێناوە."
میرخالدیش وتی:
"قوربان ئەمە دایکێکی بێکەسی هەیە، هەر ئەم کوڕە شك دەبات. بە سەر دەست و پێی مندا کەوتووە، کە لە لای بەرێزتان بۆی بپاڕێمەوە. لێی خۆش ببیت و حەوجۆشیش تۆبەی کردووە. ئەمجا... جارێکی دی بیکەیتەوە بە پێشەنگی سوارە چەکدارەکان."
ئەمجا خەلیفە لە ئەحەی حەوجۆشی پرسی:
"ئاخۆ..... پەشیمانیت لە کردەوەکانی پێشووت!؟"
ئەویش وتی:
"تۆبەم لای خوا کردووە.... ئەی میری موسڵمانان."
ئەمجا فەرمانی دا.... ئاسنگەر هات و زنجیری دەست و پێوەندیان پچڕاند و ئازاد بوو، فەرمانی بۆ دەرکرد بووەوە بە پێشەنگی هێزی پۆلیسی سوارە. ئەمجا ئامۆژگاری کرد، پیاوێکی باش بێت. ئەحەیش دەستی خەلیفەی ماچ کرد. ئەمجا پاداشتی خۆی وەرگرت. ماوەیەکی زۆر لەو پایەیەدا مایەوە.
ئەمجا دایکی ئەحەیش چووە سەردانی ژنی والی. ژنی والی پێی وت:
"سوپاس بۆ خوا کوڕەکەت بە سەلامەتی و لەش ساغی لەبەندیخانە رزگار بوو. ئەی بۆچی، هیچت نەکرد بۆ وەرگرتنەوەی یاسەمین، بۆ "حەب زوڵم بەزازە"ی کوڕم"
ئەویش وتی:
"پێی دەڵێم"
ئەمجا هەستا و رۆیشت بۆ لای کوڕەی خۆی. سەیری کرد سەرخۆشە! ئەمجا پێی وت:
"کوڕە شیرینەکەم، ژنی والی بووە هۆی بەربوونت لە بەندیخانە. ئەویش ئەوەندەی لە تۆ دەوێت: عەلادین خاڵداری بۆ بکوژیت و یاسەمین بهێنیتەوە بۆ "حەب زوڵم بەزازە"ی کوڕی."
کوڕەکەی وتی:
"هەر زۆر ئاسانە..... هەر ئەمشەو کاری بۆ دەکەم."
ئەو شەوەیش یەکەم شەوی مانگی نوێ بوو. خەلیفە وا راهاتبوو ئەو شەوە لای خاتووو زبێدە دەمایەوە و کەنیزەکێك یان خزمەتکارێکی ئازاد دەکرد. هەروەها: جلی پاشایەتی لا

دەبرد و لەگەڵ تەزبێح و موستیلەی پاشایی لەسەر کورسییەك دای دەنا. چرایەکی زێڕینی بوو. سێ گۆی مرواری بە زنجیرێکەوە پیا هەڵواسرابوو کە زۆر لای خەلیفە شیرین بوو. خزمەتکارە خەساوەکانی لەو کورسییە رادەسپارد و خۆی دەکردە ژووری خاتو زبێدەی ژنیدا. ئەحەی حەوجۆش، چاوەڕوان بوو، تاکو نیوەشەو. خەڵکی هەموو نووستن. ئەمجا شمشێری لێ راکێشا گرتی بە دەستە راستیەوە. مەقاشێکی درێژیشی بە دەستە چەپەوە. بەرەو هۆڵی دانیشتنەکە رۆیشت. ئەمجا بە پلیکانەدا بۆ سەرەوە، ئەمجا سەیری کرد هەر دوو خەساوەکە پرخەیان دێت. دەرمانی هۆشبەری کرد بە دەم و چاویاندا و جل و بەرگی شاهانە و تەزبێح و موستیلە، دەسرۆکە و شتەکانی بە مەقاشەکە گرت و رای کێشایە سەرەوە بەرەو هەورە بانەکە. چار نازدارەکەی خەلیفەیش. ئەو شتانەی هەر بەو شەوە گەیاندە ماڵی عەلادینی خاڵدار.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە............ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٦٤

شەهرەزاد وتی: ئەو شەوە عەلادین دڵخۆشی کەنیزەکەکەی بوو. ئەحەی حەوجۆشی دزان، چووە هۆڵەکەی ماڵی عەلادین خشتێکی مەڕمەڕی لە هۆڵەکە دەرهێنا و ژێرەکەی هەڵکەند و بڕێك لە شتومەکەکانی خستە ناویەوە و هەندێکی لای خۆی هێشتەوە. ئەمجا خشتە مەڕمەڕەکەی خستەوە شوێنی خۆی. ئەمجا چووە دەرەوە لە دڵی خۆیدا وتی: ئیدی چراکە دەخەمە بەردەمی خۆم و لەبەر رۆشناییەکەیدا دەخۆمەوە!"

ئەمجا بەرەو ماڵ بووەوە. بەیانی رۆژی داهاتوو، خەلیفە چووە هۆڵەکە بۆ خۆ گۆڕین، بینی هەر دوو خەساوەکە بێهۆش کراون. کە سەیری کرد نە "جبە"کە و نە موستیلەکە و تەزبێحەکە نە چرا زێڕینەکە لە شوێنی خۆیان نەماون! زۆر تووڕە بوو. جبە سوورە رقینەکەی پۆشی. رۆیشت و لە سەرای حوکمڕان دانیشت. وەزیر هاتە ژوور و کڕنووشی بۆ برد و وتی:

"خوا میری میران لە بەڵا بەدوور بکات."

خەلیفە وتی:

"وەزیر گیان: شەڕ و بەڵا سەررێژی کرد."

وەزیریش وتی:

"چی روویداوە؟"

چی روویدابوو، خەلیفە بۆی گێڕایەوە.... جا کە لێ بووەوە والی پەیدا بوو...... لەگەڵ ئەحەی حەوجۆشی دزان. خەلیفەیان کە بەو تووڕەییە بینی. خەلیفەش لێی پرسین:

"ئەی میرخالد هەواڵی بەغدا چییە؟"

ئەویش وتی:

"ئاسایش بەرکەماڵە"

پێی وت:

"درۆ دەکەیت."

والی وتی:

"بۆچی میری موسڵمانان؟"

بەسەرهاتەکەی بۆ ئەویش گێڕایەوە. ئەمجا وتی:

"ئەوە فەرمانم پێت دا، هەموو شتەکانم بۆ بدۆزیتەوە؟"

ئەویش وتی:

"گەورەم، سرکە کرمی لە خۆیەتی! تۆیش دەورووبەرەکەت نەبێت، کەس دەستی ناگاتە ئەو شوێنە!"

خەلیفەش وتی:

"گەر ئەو شتانەم بۆ پەیدا نەکەیتەوە، دەتکوژم!"

ئەویش وتی:

"پێش من ئەحەی حەوجۆشی دزان بکوژە! چونکە پێشەنگی پۆلیسی سوارە نەبێت، کەس خیانەت ناکات!"

ئەحمەد راست بووەوە و بە خەلیفەی وت:

"با والی لێم خۆش بێت.... پەیمان دەدەم بۆت بدۆزمەوە.... شوێن پێی دزەکە هەڵدەگرم، تاکو دەیدۆزمەوە، بەڵام دوو قازی و دوو شایەتم بدەرێ، با لەگەڵمدا بن..... چونکە ئەوەی ئەو دزیەی کردووە نە لە خەلیفە و نە لە من دەترسێت!"

خەلیفە وتی:

"چیت پێویستە بۆت ئامادە دەکرێت، بەڵام دەبێت پشکنین، لە کۆشك و سەرای منەوە دەست پێ بکات دواتر، وەزیر، ئەمجا کۆشك و سەرای سەرۆکی شەستەکە."

ئەحەی حەوجۆشی دزان وتی:

"قسەکەت جوانە! رەنگە ئەوەی ئەم کەتنەی داوە، لە نێو کۆشکی خۆتاندا پەروەردە بووبێت! یان یەکێك لە نزیکانت."

خەلیفەش سوێندی خوارد، کە دزەکە هەر کەس بووبێت دەیکوژێت. ئەگەر کوڕی خۆیش بێت. ئەحمەد حەوجۆش فەرمانی وەرگرت. کە بۆی هەیە هەڵکوتێتە سەر هەرماڵێك بیەوێت.دواتر کەوتە کار و ۳ تووڵی بە دەستەوە بوو، لە "مس" و "ئاسن" و "پۆڵا".... کەوتە پشکنینی کۆشك و سەرای خەلیفە.... ئەمجا کۆشکی ئەبوجەعفەری وەزیر.... دواتر ماڵی سەرکردەی سوپا و جێگرانیان... تا گەیشتنە ماڵی عەلادینی خاڵدار. کە عەلادین گوێی لە دەنگە دەنگ بوو رۆیشت و دەرگای دەرەوەی کردەوە. والی بینی. لێی پرسی:

"چی بووە، ئەی میر خالید؟"

ئەویش باسەکەی گێڕایەوە. عەلادینیش فەرمووی لێ کردن. وتی:

"چی تیایە.... ماڵی منیش بپشکنن."

والی وتی:
"ببووره.... ئێوه بێ گەردن و خیانەتکار نین."
عەلادینیش وتی:
"نەخێر دەبێت پشکنین بکەن."
ئەمجا والی و قازی و شایەتەکان چوونە ناومالّ و ئەحمەدی حەوجۆش لە پێشیانەوە.
ئەمجا بەرەو خشتی مەرمەڕی هۆلّەکە چوون.....! هەلّیدایەوە، بینیان لە ژێریدا شتێك
دەبریسکێتەوە.... ئەحمەد وتی:
"پەنا بە خوا... ماشاالله، لەوە دەچێت گەنجینەمان دۆزی بێتەوە......! وا، رۆ دەچم بزانم
چی تیایە!؟"
قازی و شایەتەکان سەیری شوێنەکەیان کرد. شتەکانی پاشایان تێدا بوو، ئەمجا
راپۆرتێکیان مۆر کرد، کە تەواوی شتە زێڕەکانی پاشایان لە مالّی عەلادینی خالّدار
دۆزیوەتەوە......! هەر یەکەیان مۆری خۆی لێدا. ئەمجا فەرمان دەرکرا، بە گرتنی عەلادینی
خالّدار، ئەحمەدی حەوجۆش سامان و مالّی زەوت کرد، یاسەمینی ژنی دایە دەست دایکی
خۆی و وتی: بیدەنە دەست خاتوونی ژنی والی. لە کاتێکدا، سکی پڕ بوو. یاسەمینیان دایە
دەست خاتوونی ژنی والی. کە "حەب زولّم بەزازە" یاسەمینی بینی نەخۆشییەکەی پەڕاند و
چاك بووەوە. هێندە دلّی خۆش بوو، لە جێگەکەی هاتە دەر، یاسەمین خەنجەرەکەی خۆی
دەرهێنا وتی:
"نزیکم ببیتەوە، تۆیش و خۆیشم دەکوژم."
دایکەکەی وتی:
"جا..... کوڕی من بۆ دەکوژیت؟"
یاسەمین وتی:
"دێلێ.... چۆن دەبێت، ژنی بە مێرد ...... شوو بکاتەوە؟ چۆن ڕێوی دەچێتە جێگای
شێر....!؟"
کەکوڕە ئەمەی بیست، هێندەی تر، نەخۆشی زۆری بۆ هێنا... وازی لە جێگا و سەرین
نەهێنا. ژنی والی وتی:
"چۆن مۆلّەتت دەدەم ئاوا خەمی کوڕەکەم بکەیت بە قوڕگمدا!؟ دەبێت سوێ بکەم بە
قوڕگتدا. عەلادینیش لە سێدارە بدرێت."
یاسەمین لە وەلّامدا وتی:
"من بە خۆشەویستی عەلادینەوە، سەردەنێمەوە"
ژنی والی بۆی چوو. هەر چی جل و بەرگێکی جوان بوو، زێڕ و زیوی هەموو، لەبەرداماڵی
و بەرگە کۆنێکی شڕی کردەبەر، ناردیە چێشتخانە و کردیە کەنیزەکی خۆی. ئەمجا فەرمانی
بە کەنیزەکانی چێشتخانەدا، داری پێ بشکێنن.... پیازی پێ پاك بکەن. ئاگری پێ بکەنەوە.
یاسەمینیش وتی:

"هەموو سزایەکم لە بینینی کوڕەکەت پێ باشترە." دواتر کەنیزەکەکان یارمەتیان دەدا و نەیان دەهێشت کار بکات.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٦٥

شەهرەزاد وتی: ئەمە حاڵی یاسەمین بوو. عەلادینی خاڵداریان بە شتومەکەکەوە بردە بەردەم خەلیفە. خەلیفە لێی پرسین:

"لە کوێ دۆزرایەوە؟"

پێیان وت:

"لە نێو ماڵی عەلادینی خاڵدار.....!!"

خەلیفە شتومەکی دۆزراوەکەی تاووتوێ کرد. چرا زێڕینەکەی تیا نەمابوو....! ئەمجا رووی کردە عەلادین وتی:

"چرا زێڕینەکە کوا؟"

ئەویش وتی:

"من نەدزیومە، نەلای منە.... نە دەزانم لە کوێیە!"

خەلیفە وتی:

"ئەی خائن........ چۆن دەبێت من لە خۆمت نزیك بکەمەوە.... کەچی تۆ من لە خۆت دوور بخەیتەوە؟ من متمانەت پێ دەکەم.... تۆ خیانەتم لێ دەکەیت."

ئەمجانی فەرمانی دەرکرد، لە سێدارەی بدەن. ئەمجا والی و بانگدەری دەوڵەت، کەوتنە بانگەواز:

"ئەمە کەمترین سزایە بۆ ئەوانەی خیانەت لە خەلیفەکانی راشدین دەکەن."

خەڵکەکەیش، لە دەورووبەری سێدارە کۆ بوونەوە. ئەمە حاڵی عەلادین بوو. بەڵام ئەحمەد دەنەف، گەورەی عەلادین و دەست و پێوەندەکەی لە رەزو باخەکەیدا، دانیشتبوون و لەوپەڕی خۆشی و بەختیاریدا بوون هێندەیان زانی، یەکێك لە ئاودێران، لە ئەحمەد دەنەف هاتە پێش و پێی وت:

"ئەی ئەحمەدی پێشەنگ، تۆ ئاگات لە رووداوەکان نییە!"

ئەحمەد وتی:

"دەنگ و باس چییە؟"

ئاودێرەکە وتی:

"عەلادینی کوڕت بەرەو سێدارە دەبەن."

ئەحمەد دەنەف وتی:

"باشە، حەسەن شۆمان چیت پێ دەکرێت؟"

ئەویش وتی:
"عەلادین پاك و بێگەردە! کەسێك هەیە رقی لێیەتی، تووشی کردووە!"
ئەویش وتی:
"چی بکەین باشە؟"
ئاودێرەکەش وتی:
"رزگاربوونی خوا یار بێت. لە سەر دەستی ئێمە دەبێت!"
حەسەن شۆمان چووە لای بەڕێوەبەری بەندیخانە و پێی وت:
"یەکێکیمان دەوێت، کە فەرمانی کوشتنی درا بێت!"
ئەویش بەندییەکی دایە: کە زۆر لە عەلادین دەچوو. سەری داپۆشی و هێنایە نێوان خۆی و ئەحمەد دەنەف، قاچی خستە سەر قاچی "مشا عەلی"، مشا عەلی پێی وت:
"لاوەکە... با کارەکەم بکەم."
ئەویش وتی:
"ئەمە یەکێکی دییە، لە جیاتی عەلادین لە سێدارەی بدە، چونکە زۆڵمی لێ کراوە. وەکو ئیسماعیل بەرانێك دەدەین!"
کوژەر لێی وەرگرت و لە جێی عەلادین لە سێدارەی دا. ئەمجا ئەحمەدی دەنەف و عەلی جیوەی میسری، عەلادینیان لەگەڵ خۆیان برد بۆ ماڵی ئەحمەد دەنەف. عەلادین رووی تێکرد و وتی:
"خوا پاداشتتان بداتەوە. گەورەم"
ئەویش وتی:
"چ کارێکت کرد عەلادین!؟ رەحمەتی خوا لەوانەی وتویانە، گەر خائینیش بیت خیانەت لەو کەسە مەکە، کە متمانەت پێ دەکات. خەلیفە، پلە و پایەی بڵند کردی و متمانەی پێ بەخشیت. چۆن شتەکانت دزی؟"
عەلادینیش وتی:
"بەخوای مەزن... نە ئەوە کاری منە و ... نە دەستی منی تێدابوو. ناشزانم کێ کردوویەتی."
ئەحمەد دەنەف وتی:
"کەوابوو، کەس نەیکردووە، دوژمنێکی ناسراو نەبێت. بۆ ئەوەی پاداشت وەربگرێ. بەڵام عەلادین تۆ لە بەغدادا نەمێنیت باشترە. چونکە پاشایان لێبووردنیان نییە! هەر کەسێك گلەیی پاشایانی بە سەرەوە بوو ناحەوێتەوە!"
عەلادین پرسی:
"گەورەم، روو بکەمە کوێ؟"
ئەحمەد دەنەف بە حەسەن شۆمانی وت:
"ئاگات لەخۆت بێت، گەر خەلیفە هەواڵی می لێ پرسیت: بڵێ چۆتە گەڕانی ناوشار."

ئەمجا دەستی گرت و لەشار چوونە دەرەوە. تا گەیشتنە رەزێکی مێو و باخێك. دوو سوارەی جوویان بینی ك لە کرێکارانی خەلیفە بوون. ئەحمەد دەنەف بە جوویەکی وت:

"دەی باجم بدەنێ."

جووەکان وتیان:

"بۆچی باجت بدەینێ؟"

ئەویش پێی وتن:

"چونکە من باجگری ئەم دۆڵەم."

ئەمجا هەر یەکەیان ١٠٠ دیناری دایە. ئەمجا ئەحمەد دەنەف هەر دووکیانی کوشت وخۆی سواری هێسترێك بوو، ئەویتریان عەلادین سواری بوو. رۆیشتن تاکو گەیشتنە شاری "ئیاس". چوونە خانێك و شەو مانەوە. بەیانی عەلادین هێسترەکەی خۆی فرۆشت و دەرگاوانی خانەکەی ئاگادار کردەوە لە هێستری ئەحمەد. چوونە لێوارەکانی دەریای ئیناس و سواری پاپۆڕ بوون بەرەو "ئەسکەندەریە." ئەحمەد دەنەف و عەلادین بەرەو بازاڕ بوونەوە. لە مەزادخانەکەیدا، گوێیان لێبوو، زیادکردنێ هەبوو. بۆ خانوویەکی سەرخان و ژێرخان، کە لە ژێرخانەکەیدا دوکان هەبوو. نرخەکەی گەیشتبووە ٩٥٠ دینار. عەلادینی زەمی کرد و وتی:

"١٠٠٠دینار."

دەڵاڵەکە لەسەر عەلادین براندیەوە و خانووەکەش، خانووی "بیت و المال" بوو. کلیلەکانی وەرگرت. رۆیشتن خانووەکەیان کردەوە. سەیریان کرد، راخەر و نوێن و پێویستیەکانی ماڵی هەموو تێدایە. هەروەها "گاز" و "قوتووی بۆن" و "گوریس و پەت" و تێیانەیەکی زۆر پڕن لە زریزانە و "کەنوو" و "رکابات." شوزن" و "دەرزی" و "چەقۆ" و "مقەست" شتومەکی تریش چونکە خاوەنی خانووەکە کۆنە فرۆش بووە. ئەمجا ئەحمەد دەنەف پێی وت:

"عەلادین گیان... ئەوە خانوویەکی سەرخان و ژێرخان..... دوکانی پڕ بە کۆنە.... بیان فرۆشە و کاسبی بکە. خوایش .... رۆزیت دەدات."

سێ رۆژ لە لای مایەوە، ئەمجا پێی وت:

"من دەگەڕێمەوە، لای خەلیفە تەقەلا دەدەم بزانم کێ ئەم فێڵەی بۆت داناوە. بەڵکو خەلیفەش لێت خۆش بێت و منیش بنێرم بە شوێنتدا، لەبەر ئەوە، ئێرە جێ مەهێڵە."

ئەمجا بەرەو شاری بەغداد. لەوێ چووە لای "حەسەن شومان" و لێی پرسی:

"ئاخۆ... خەلیفە هەواڵی منی پرسیوە؟"

حەسەن شومان وتی:

"نەخێر..... هەر تۆیشی لە بیر نەبووە."

ئەمجا کەوتەوە، کار کردن لە پلە و پایەی خۆیدا. کەوتە گوێ هەڵخستن، لەبارەی لە سێدارەدانی عەلادینەوە. بۆیان گێڕایەوە، کە ئەو رۆژی لە سێدارەدانە. خەلیفە بە جەعفەری وەزیری دەڵێت:

"حەز دەکەم، عەلادین بە سێدارەوە ببینم!"

وەزیریش لەگەڵیدا، رۆیشتووە بۆ شوێنی سێدارەکە. کە بە وردی سەرنجی هەڵواسراوی دا.... رووی لە وەزیر کرد و وتی:
"جەعفەر، ئەمە عەلادین نییە"وەزیریش وتی:
"چۆن دەزانت، ئەو نییە؟"خەلیفە وتی:
"عەلادین... کورتەباڵا بوو، ئەمە درێژە!"وەزیر وتی:
"لە سێدارە دراو، درێژ دەبێتەوە."ئەمجا وتی:
"عەلادین، سپی پێست بوو، ئەمە رەشتاڵەیە!"وەزیر وتی:
"ئەی میری موسڵمانان، لە سێدارە دراو، رەش هەڵدەگەڕێت."
فەرمانی دا دایگرن. کە داگیرا.. خەلیفە لە نزیکەوە بینی و سەیری کرد، لە هەر دوو پاژنەی پێی ناوی هەر دوو شێخەکەی کوترابوو. ئەمجا بە وەزیری وت:
"عەلادین سونەمەزهەب بوو..... ئەمە رافزییە"وەزیر وتی:
"سوبحان الله.... علام الضوب... چوزانین ئەمە عەلادینە، یان نا!!؟"
خەلیفە فەرمانی دا... بینێژن. ئیدی عەلادین لە بیر چووەوە.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٦٦

# چیرۆکی ئەصلانی کوڕی عەلادینی خاڵدار

شەهرەزاد گێرایەوە: ئەمە لە بارەی عەلادینەوە. "حەب زوڵم بەزازەی" کوڕی والی ئەمجارە نەخۆش کەوتەوە، ئیتر هەڵنەستایەوە و مرد و نێژرا، یاسەمینی ژنی عەلادین کە سکی هەبوو. کرایە کەنیزەك لە ماڵی والی. ٩ مانگ و ٩ رۆژەی تەواو کرد و کوڕێکی جوانی بوو..... کارەکەران لێی کۆ بوونەوە و پرسیان:
"ناوی چی لێ دەنێی؟"
یاسەمین وتی:
"گەر باوکی لێرە بوایە.... ئەو ناوی لێ دەنا.... کە لێرە نییە... ناوی دەنێم ئەسڵان!"
دوای ئەوەی تەمەنی بووە ٢ساڵان لە شیری بڕیەوە. رۆژێکیان یاسەمین لە چێشتخانە، سەرقاڵ بوو. ئەسڵان رۆیشتە حەوشە و لەوێوە، بە پەیژەیەکدا سەرکەوت. تومەز ئەمەی بۆی چوو ماڵی میرخالد بوو. میر کە ئەم منداڵە جوانەی بینی کردیە باوەشی و وتی:
"سوبحان الله لەم جوانییە!"
سەرنجی وردی رووی منداڵەکەی دا، عەلادینی خاڵداری وەبیر هێنایەوە. دایکی ئەسڵان زۆری بۆ گەڕا، ناچار بە پەیژەکەدا سەرکەوت سەیری کرد لە باوەشی میرخالد دایە. خوا خۆشەویستی ئەو منداڵەی خستووەتە دڵی میر خالدەوە. کوڕە کە دایکی بینی خۆی فڕێ دایە باوەشیەوە. میرخالد بانگی کرد و وتی:

"کەنیزەکەکە... وەرە."

کە یاسەمین چووە بەردەمی، میرخالد پرسی:

"ئەمە منالّی کێیە؟"

ئەویش وتی:

"کوڕی خۆمە."

میر پرسی:

"باوکی کێیە؟"

یاسەمین وتی:

"کوڕی عەلادینی خالّدارە.... ئێستاش کوڕی تۆیە."

میر خالد وتی:

"عەلادین خائن بوو!"

ئەمجا پێی وت:

"گەر ئەم منالّە گەورە بوو........ پرسی کوڕی کێم؟پێی بڵێ کوڕی میرخالدی بەڕێوەبەری پۆلیسە!"

یاسەمین وتی:

"بەسەرچاوان"

ئەمجا میرخالد... فەقێی بۆ گرت و فێرە خوێندن کرا، قورئانی پێ خەتم کرا، پەروەردەیەکی جوان کرا. ئیدی ئەسلان.... بە میرخالدی دەوت: بابە. کە گەورە بوو، لەگەلّ خۆی دەیبردە، گۆڕەپانی رمبازین و ئەسلانی فێرە سواری دەکرد و شەڕە شمشێر و رێ و شوێنی جەنگ... تا وەکو بووە جەنگاوەرێکی، بە توانای ناسراو... کە تەمەنی بووە ١٤ سالّ پلەی میری وەرگرت. وا رێکەوت، لەگەلّ ئەحمەدی جەوجۆشی دزان بووە هاوڕێ. شەوێکیان کە ئەحمەد ئەسلانی بانگهێشتی مالّەوە کردبوو. "مەی"یان دەخواردەوە. ئەحمەد چرا زێڕەی خەلیفەی لە بەردەمیاندا داگیرساندبوو. ئەحمەد بەد مەست بوو. ئەسلان پێی وت:

"ئەم چرایەم پێشکەش بکە."

ئەحمەد وتی:

"ناتوانم پێت ببەخشم."

ئەسلان پرسی:

"بۆ!؟"

ئەویش لە وەلامدا وتی:

"چونکە خەلّکی لەسەر کوژراوە."

ئەمیش وتی:

"خەلّکی چی لەسەر کوژراوە؟"

"یەکێکیان بۆ هێناین و کردیانە سەرۆکی شەستەکە، ناوی عەلادینی خالّدار بوو، دواتر کوژرا"

ئەمیش پرسی:
"چیرۆکی ئەمە چۆن بووە؟"
ئەویش وتی:
"تۆ برایەکت هەبوو، ناوی "حەب زوڵمی بەزازە" بوو.... تەمەنی ١٦ ساڵان بوو لە باوکی خواست کەنیزەکێکی بۆ بکڕێت....." بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، باسی لاوازی "حەبزوڵم بەزازە" و ئەو زوڵمەی لە عەلادین کراوە بۆ گێڕایەوە. ئەسلان لە دڵی خۆیدا وتی:
"رەنگە ئەو کەنیزەکە دایکم بووبێت و ، عەلادینی خاڵداریش باوکم."
بە دڵ تەنگی جێی هێشت و چووە لای ئەحمەد دەنەف. کە ئەحمەد دەنەف بین وتی:
"پەنا بەو خوایەی لە وێنەی نییە!!"
حەسەن شومان پێی وت:
"گەورەم ئەوە سەرت لە چی سوڕماوە!؟"
ئەویش وتی:
"لە ئەم لاوە.... هەر زۆر لە عەلادینی خاڵدار دەچێت!"
ئەمجا بانگی کرد لێی پرسی:
"دایکت ناوی چییە؟"
ئەسلان لە وەڵامدا وتی:
"کەنیزەکە یاسەمینی ناوە"
ئەمجا پێی وت:
"دڵ مەدە، لە دڵ.... هەبێ و نەبێ تۆ هەر کوڕی عەلادینی خاڵداریت. بەڵام کوڕەکەم بچۆ لە دایکت بپرسە!"
ئەسلان وتی:
"زۆر باشە."
کە چووە لای دایکی و پرسی پێی وت کوڕی میرخالدیت! ئەسلان وتی:
"نەخێر..... عەلادینی خاڵدار بابمە!"
دایکی دەستی کردە گریان و وتی:
"کێ ئەمەی پێ وتی؟"
ئەویش وتی:
"ئەحمەد دەنەفی پێشەنگ پێی وتم."
ئیتر دایکی چی بەسەر هاتبوو بۆی گێڕایەوە. ئەمجا وتی:
"کوڕەکەم..... وا راستی دەرکەوت. تۆ میرخالد بەخێوی کردویت، بەڵام عەلادینی خاڵدار باوکتە! تو خوا.. کوڕەکەم ئەمجارە کە ئەحمەد دەنەفت بینیەوە، پێی بڵێ.... توخوای گەورە... تۆڵەی عەلادینی خاڵداری باوکم لە کوژەرەکەی بکەرەوە..."
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێ دەنگ بوو.

## شەوی ٢٦٧

شەهرەزاد گێڕایەوە: ئەسلان، لە لای دایکیەوە، بەرەو ئەحمەد دەنەف چوو هەر دوو دەستی ماچ کرد و وتی:

"لێم کۆڵیەوە... بۆم دەرکەوت کوڕی عەلادینی خاڵدارم... ئێستاش لێت دەخوازم تۆڵەی باوکم لە کوژەرەکەی بکەیتەوە."

ئەمجا لە ئەسلانی پرسی:

"جا... باشە، کێ باوکتی کوشت؟"

ئەویش وتی:

"ئەحەی حەوجۆشی دزان."

ئەمجا لێی پرسی:

"کێ ئەم هەواڵەی پێدایت؟"

ئەویش وتی:

"چرا زێڕینەکەی خەلیفەم لای ئەو دیوە. کاتێك پێم وت ئەو چرایەم پێ ببەخشە... پێی وتم: چەندین کەس لەسەر ئەم چرایە .... کوژراون! ئەمجا بۆی گێڕامەوە، کە چووەتە ماڵی خەلیفە و ئەو زێڕ و شتومەکانەی دزیوە و لە ماڵی عەلادینی باوکم شاردویەتیەوە."

ئەمجا بە ئەسلانی وت:

"ئەزانی چی دەکەیت..! هەر کاتێك میرخالدت، بینی بەرگی جەنگی پۆشی، پێی بڵێ منیش بەرگی جەنگم دەوێت... کە لەبەری بکەم. کە هەلت بۆ رەخسا.... لەبەردەم خەلیفەدا... شێوەیەك لە شێوەکانی ئازایەتی بنوێنە..... دواتر خەلیفە پێت دەڵێت: "خوازیاری چیت.... ئەسلان، تا بۆت جێبەجێ بکەم؟" تۆیش بڵێ تۆڵەی باوکم لە کوژەرەکەی بکەرەوە. ئەویش پێت دەڵێت: میری خالد باوکتە و زیندووە. تۆیش بڵێ: قوربان عەلادینی خاڵدار باوکی منە و میرخالد.. گەورەی کردووم!"

ئەمجا چی لە نێوان خۆت و ئەحمەدی حەوجۆشی دزاندا رووی داوە.... بۆی بگێڕەوە. ئەمجا پێی بڵێ: ئەی میری موسڵمانان، فەرمانم پێ بدە.... تاکو، ماڵ و گیرفانی بگەڕێم! بەڵگەی زیندووت بۆ دێنم"

ئەویش وتی:

"زۆر باشە"

ئەمجا گەڕایەوە ماڵ. کە سەیری کرد میرخالد خەریکی پۆشینی بەرگی سەربازییە بۆیە پێی وت:

"حەز دەکەم، منیش وەکو تۆ بەرگی سەربازی و جەنگاوەری بپۆشم و لەگەڵتا بێم بۆ دیوەخانی خەلیفە!"

میرخالد رێی پێ دا و پێکەوە چوون بۆ دیوەخان. ئەمجا خەلیفە و جەنگاوەرانی، چوونە دەرەوەی شار و رەشماڵ و دەواریان هەڵدا و جەنگاوەران لە ریزی سوپادا وەستان. دەست کرا

بـه یـاری و رمبـازێن. تـۆپ و سـۆیلەجان. یـەکێ بـە داری دەسـتی لـە گۆیەکـەی "تۆپـە بچووکەکە"ی دەدا. ئەوی دی لێی دەدایەوە. لە نێو جەنگاوەرانـدا سیخورێکی دوژمـن هەبوو. ئـەو سـیخورە، بـە سـوارییەوە دارەکـەی دەسـتی کێشـا بـە گۆیەکـەدا، بـەرەو رووی خەلیفـە. ئەسلانیش خۆی دایە بەر تۆپەکە و نەیهێشت بەر خەلیفـە بکـەوێت و بـە دارەکەی وای لێدا بەر سیخورەکە کەوت و لەسەر ئەسپەکەی گلاو کەوتە زەوی. خەلیفە کە ئەمەی بینی وتی:

"خوا پشتیوانت بێت: ئەسلان"

کە یاری تەواو بـوو، سواران دابـەزین و لەسـەر کورسـیان دانیشـتن، خەلیفـە ناردیـە دووی ئەو کەسەی کە بەرەورووی لە گۆیەکەی داوە. کە ئامادەیان کرد پێی وت:

"کێ هانی دایت وا بکەیت....؟ راستم پێ بڵێ تۆ دۆستمانیت.... یان دوژمن؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە:

"من دوژمنی تۆم و دەمویست بتکوژم."

ئەمجا پرسی:

" بۆچی تۆ موسڵمان نیت؟"

ئەویش وتی:

"نەخێر.... من رافزیم"

هەر لەوێدا، فەرمانی دا لە سێدارەی بدەن. ئەمجا بە ئەسلانی وت:

"چیم لێ دەخوازیت؟"

ئەسلانیش وتی:

"خوازیاری سەندنەوەی تۆڵەی باوکی کوژراومم، لە کوژەرەکەی"

خەلیفەش وتی:

"باوکت زیندووە، لە سەر هەر دوو پێ وەستاوە"

ئەمجا ئەسلان پرسی:

"پێت وایە.... کێ باوکمە؟"

خەلیفە وتی:

"میرخالدی والی."

ئەمیش وتی:

"بـەڵێ والـی گـەورەی کـردووم لـە مـاڵی ئـەودا پـەروەردە بـووم. بـەڵام عـەلادینی خاڵدار باوکمە"

ئەمجا خەلیفە وتی:

"باوکت خیانەتی لێ کردم."

ئەسلان وتی:

"ئەی میری موسڵمانان.... پیاوی دەسپاك، هەرگیز خیانـەت ناکات! بـاوکم چ خیانـەتێکی لێ کردی؟"

خەلیفە وتی:

"بەرگەکەم و هەندێ شتومەکی دزیوم."
ئەسڵان پرسی:
"لەگەڵ بەرگەکەتدا چرازێرینەکەیشیان بۆ هێنایتەوە؟"
خەلیفە وتی:
"نەخێر.... ئەوەیان بۆ نەدۆزرابووەوە."
ئەسڵان وتی:
"من چرا زێڕینەکەتم لای ئەحمەدی حەوجوۆش بینی....! داوایشم لێ کرد.... نەیدامێ!"
پێی وتم:
"ئەمە خەڵکی لەسەر کوژراوە...! ئەمجا بەسەرهاتی "حەب زوڵم بەزازە" و لاوازی لە بەندیخانەدا، گێڕایەوە و پێی وتم: کە ئەو بەرگەکەتی و چرا زێڕینەکەتی دزیوە! ئێشتاش خوازیاری تۆڵەی باوکمم لەو کوژەرەی!"
خەلیفەش بێ سێ و دوو، فەرمانی دا: ئەحمەدی حەوجوۆش بگرن. چەکدارانی دەربار چوون و گرتیان ئەمجا خەلیفە پرسی:
"ئەحمەدی دەنەف لە کوێیە؟"
ئەویش ئامادە بوو خەلیفە فەرمانی دا..... کە ماڵی حەوجوۆش بپشکنن. چرا زێڕینەیان هێنا. خەلیفە وتی:
"خائن..... ئەم چرایەت لە کوێ بوو؟"
ئەویش وتی:
"قوربان کڕیومە!"
خەلیفە وتی:
"ئەم چرایە بە کێ دەکڕڕێ!؟"
فەرمانی دا ....... لێی دەن، ئەمجا دانی پێدانا.... کە لەگەڵ جبە و بەرگی شادا دزیویەتی.
ئەمجا فەرمانی دا... بەندی بکەن و والیش لەگەڵیدا بێت! والی هاواری لێ هەستا:
"قوربان من بێ تاوانم.... فەرمانتان داوە عەلادین لە سێدارە بدرێت. منیش فەرمانی تۆم جێبەجێ کردووە. من بێئاگا بووم، لەم فرۆفێڵە. ئەو تەگبیرە، لە نێوان پیرەژن و ئەحمەدی حەوجوۆش و ژنەکەمدا بووە..... دەستم دامێنت.... کاك ئەسڵان!"
ئەسڵانیش کەوتە پاڕانەوە بۆ والی. میری موسڵمانان وتی:
"دایکی ئەم کوڕە لە کوێیە؟"
والی وتی:
"لای منە."
خەلیفەش وتی:
"وا...... فەرمانت دەدەمێ با جل و بەرگی ژنەکەت بپۆشێت و هەموو خشڵ و زێڕ و ئاڵتوونی ژنەکەت بکات بە خۆیدا. ئازاد بکرێتەوە خانووە مۆرکراوە، دەست بەسەردا گیراوەکەی بۆ بگێڕڕێتەوە. سەر لە نوێ ماڵەکەی بۆ پۆشتە بکرێتەوە."

واليش وتى:

"به چاوان"

والی گەڕایەوە ماڵ و فەرمانی خەلیفەی بە جێ هێنا. کلیلی ماڵەکەشی دایە دەست ئەسلان. خەلیفە وتی:

"چی دەخوازیت.... بخوازە!"

ئەسلانیش وتی:

"خوازیاری شادبوونەوەم بە باوکم."

خەلیفە دەستی کردە گریان و وتی:

"پێم وابێت، باوکت لە سێدارە دراوە، بەڵام بە گیانی شیرینم هەر کەسێك مژدەی نەمردنی عەلادینم بداتێ، هەرچی داوا بکات، پێی دەبەخشم!!"

ئەحمەد دەنەف هاتە بەردەم خەلیفە و وتی:

"وا هاتمە ژێر سایەت!"

خەلیفەش وتی:

"بێخەم بە.... پارێزراویت!"

ئەویش وتی:

"مژدەبێت.... عەلادینی خاڵدار، تەندروستە و زیندووە!"

خەلیفە وتی:

"ئەوە دەڵێیت چی!!؟"

ئەحمەد دەنەفیش وتی:

"بە سەری بەڕێزتان ..... ئەمە راستە و خۆم چووم بەندییەکم هێنا، لە بەندیخانەکە حوکمی لە سێدارەدانی بە سەردا درابوو. خستمە شوێنی عەلادین و لە بریتی ئەو لە سێدارە درا...!! ئەمجا عەلادینی خاڵدارم، بردە شاری "ئەسکەندەریە" و لەوێ دوکانێکی کۆنەفرۆشیم بۆ کردەوە."

ئەمجا خەلیفەش وتی:

"ئەوە...... فەرمانم دا بە سەرت دا، کە بۆم بهێنیتەوە."

ئەحمەد دەنەفیش وتی:

"بەسەرچاوان"

ئەمجا خەلیفە فەرمانی دا ۱۰۰۰۰ دیناریان بۆ سەرف کرد. دواتر ئەویش بەرەو ئەسکەندەریە بووەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٦٨

# پاشماوەی چیرۆکی عەلادینی خاڵدار

شەهرزاد وتی: ئەوە هەواڵی ئەسلان بوو. عەلادینی خاڵداریش بەرەو ئیفلاس بوون دەچوو......! دوکانەکەی..... شتومەکێکی ئەوتۆی تێدا نەمابوو. رۆژێکیان کە خەریکی وردە و پردەی دوکانەکەی بوو، مووروویەکی پێنج رووی بە زنجیرێکی ئاڵتوونەوە، دۆزیەوە کە سەیری کرد هەر روویەکی چەند نوسینێکی پێوەیە، دەڵێی قاچە مێرولەیە. کە تەلسەم و سیحرن! دەست و پەنجەی هێنا بە رووەکانی گۆیەکەدا... بێ سوود بوو. ئەمجا بە خۆی وت:

"رەنگە، دوعای ترس بێت!"

ئەمجا هەڵیواسی بە دوکانەکەدا. هێندەی پێ نەچوو قونسوڵێك هاتە ژوورەوە...! دانیشت ئەمجا ئەو گۆیە هەڵواسراوەی بینی وتی:

"قوربان ئەو گۆیە... هەڵواسراوە بۆ فرۆشتنە؟"

ئەویش وتی:

"هەموو شتەکان بۆ فرۆشتنە"

"٨٠٠٠٠ دینارت بدەمێ، دەم دەیتێ؟"

ئەویش وتی:

"نەخێر"

ئەمجا وتی:

"١٠٠٠٠٠ دینارت دەدەمێ."

عەلادینیش وتی:

"بۆ تۆ.... بە ١٠٠٠٠٠ دینار."

کابراش وتی:

"پەسەندمە."

قونوسوڵەکە وتی:

"شار لە دز پڕە..... نەموێرا.. پارە لەگەڵ خۆم بێنم.... ئەگەر لەگەڵمدا بێیت، تاکو پاپۆڕەکەم... پارەکەت دەدەمێ.... لە گەڵیدا..... تۆپێك قوماشی ئەنگۆرە و تۆپێك ئەتڵەس و تۆپێك قەیفە و تۆپێك جوخت دەدەمێ!"

عەلادینیش هەستا و گۆیەکەی دایە کابرا و دوکانی داخست و کلیلەکەی دایە، دراوسێ دوکانەکەی و پێی وت:

"براکەم، وا من لەگەڵ ئەم قونسووڵە دەڕۆم. گەر نەگەڕامەوە، ئەم کلیلانە بدە بە ئەحمەد دەنەف، ئەو پیاوەی منی هێنایە ئێرە... ئەمجا ئەمەی بۆ بگێڕەوە."

کە گەیشتنە ناو پاپۆڕەکە، قونسوڵەکە فەرمانی دا... کورسییەکیان بۆ هێنا... تاکو دابنیشێ... ئەمجا وتی پارە بێنن. پارەکە و هەر ٥ تۆپە قوماشەکەی دایە. ئەمجا پێی وت:

"گەورەم، دڵم خۆش بکە... بە خواردنی پاقلەیەك.... یان خواردنەوەی ئاوێك"

عەلادین وتی:

"گەر ئاو هەبێت: دەخۆمەوە."

ئـەمجا قونسـوڵەکە فـەرمانی دا... شـەربەتی بـۆ بێـنن. کـە خواردیـەوە، دوای کـەمێك بوورایەوە... مادەی هۆشبەریان بۆ تێ کردبوو. دواتـر بردیانـە نـاوەوەی پاپۆڕەکە. لەنگەریان کۆ کردەوە و چارۆکەیان هەڵدا. پاپۆڕەکە رۆیشت... تـاکو گەیشـتنە ناوەنـدی دەریا. ئـەمجا چوون عـەلادینیان هێنایـە سەرپشتی پاپۆڕەکە ئاویـان بـە دەم و چـاودا کـرد... کـە بـە ئاگا هاتەوە.... پرسی:

"ئەوە من لە کوێم!؟"

ئەویش وتی:

"تۆ لای من بارمتەی!"

ئەمجا عەلادین پرسی:

"چ کارمیت؟"

ئەویش وتی:

"کەشتیەوانم....ئاواتم... بردنی تۆیە بۆ وڵاتم"

دواتـر پاپۆڕێـك پەیـدا بـوو، قـولاپی هەڵدا بـۆ پـاپۆڕە و ٤٠ بازرگـانی موسـڵمانی تیـابوو، کەشـتیەکەیان بـە دوای خۆیانـدا، بـە کـێش کـرد.. تـاکو گەیشـتنە شـاری "جەنـەوای". کەشتیەوانانی کەشتییەکەی کە عـەلادینی تیـابوو. برانـە بـەر دەروازەی کۆشـکی "قـەیتوون". هەر زوو کیژێکی جوانی بە پەچەپۆشراو هاتە خوار و وتی:

"ئاخۆ... گۆیەکە و خاوەنەکەیت هێنا!؟"

ئەویش وتی:

"هێناومە"

ئەمجا وتی:

"کوا ... گۆیەکەم بدەرێ."

ئەویش دایە دەستی. ئەمجا چووە کەناری دەریا و تۆپی ئارامیی تەقاند، ئەمجا پاشای ئەو شارە زانی کە کەشتیەوان، بە بێوەی گەڕاوەتەوە. بەرەولای هات. کە گەیشت لێی پرسی:

"سەفەرەکەت چۆن بوو؟"

ئەویش وتی:

"سەفەرێکی هـەر زۆر بـاش بـوو.... کەشتیەکیشـم لـە رێگـا دەسـتکەوت بـە ٤١ سەرنشینی بازرگانی موسڵمانەوە."

ئەویش وتی:

"دەبا.... بهێنرێنە کەنار دەریا."

ئەوانیش کۆت و زنجیریان لێ کردنەوە و هێنایانن، کە لـە نێوانیانـدا، عـەلادین بـوو. پاشا پێش خۆی دان، بەرەو دیوەخان. کە دانیشت، یەکەم کەسیان بردە.... بەردەم. لێی پرسی:

"ئەی موسڵمان، لە کوێوە هاتووی؟"

ئەویش وتی:

"لە شاری ئەسکەندەریەوە."

پاشا فەرمانی دا بە کوژەر لەملیان دا. ئیدی بەو شێوەیە، تاکو ٤٠ کەسی لێ کوشتن... عەلادینی خاڵدار دوایەمین کۆیلە بوو. کە هاتە پێش.... پاشا لێی پرسی:

"تۆ.... خەڵکی کوێیت؟"

وتی:

"شاری ئەسکەندەریە"

ئەویش فەرمانی دا لە ملی بدەن، جەلادی کوژەر... شمشێری بڵند کرد، کە ملی بپەڕێنێت. لەو کاتەدا پیرەژنێکی بە شان و شەوکەت، رووی لە شا کرد و پێی وت:

"گەورەم... ئەی تۆ پەیمانت نەدامێ، کە دوو کۆیلەم بدەیتێ.... بۆ پەزیرایی "دێر"ەکەمان!؟"

پاشاش دەستی بڵند کرد ... بۆ جەلادی کوژەر، کە لە ملی مەدە...! ئەمجا وتی:

"خۆزگە زووتر بگەیشتیتایە هەر ئەم دانەیە ماوە. لەگەڵ خۆت ببیە."

ئەمجا پیرەژنە رووی کردە عەلادین و وتی:

"لەگەڵمدا دێیت... پەزێرایی کەنیسە بکەیت!؟ یان لە سەرت بدەن!؟"

ئەویش وتی:

"پەزێرایی کڵێسە دەکەم."

ئیدی دەستی عەلادینی گرت و بەرەو کڵێسەی برد. کە گەیشتن عەلادین پرسی:

"کاری من چی دەبێت، لێرە!؟"

پیرەژن وتی:

"هەموو بەیانیەك ٥ هێستر لەگەڵ خۆت دەبەیتە ئەو شاخانە و ٥ بار داری وشك دێنی بۆ کڵێسە، بۆ زۆپاکان"

ئەمجا ئۆرتە و فەرشەکان کۆ دەکەیتەوە گسکی کڵێسەکە دەدەیت و دواتر رایان دەخەیتەوە. هەروەها لە کارەکانی ترت. نیو ربە گەنم ڕەبە گەنم دەبەیت لە بێژنگی دەدەیت، ئەمجا دەیبەیت بۆ ئاشەکە دەیهاڕیت و بۆمان دێنیتەوە. ئەمجا لێی دەشێلیت و بۆمان دەکەیت بە نان. ئەمجا تیپانەیەك نیسك دەبەیت بژاری دەکەیت و لە مەنجەڵی دەنێیت. کە شۆربای نیسکێنە پێ گەیشت دەیخۆین. یان بە تەنەکە ئاو دێنیت بۆ ئەو ٤ حەوزەی کڵێسە."

عەلادین کە ئەمانەی لە پیرەژن بیست لە خۆی بێزار بوو وتی:

"بمبەرەوە، لای پاشا... با.... زوو بمکوژێت... لەم کڵێسەیە باشترە...!"

پیرەژن وتی:

"بە خوا.... ئیتر وایە... بە دڵم نەبوویت، نەتبەمەوە بۆ لای پاشا.. تاکو لە ملت بدات."

ناو کڵێسەکەش ۱۰ کوێری نابینای تیایە. هەر یەکەیان و داوای ئیشێکی لێ دەکەن. عەلادینیش خەم دایگرتبوو، خۆیشی نەیدەزانی چی بکات. ڕۆژێکیان پیرەژنی لێ پەیدا بوو. لێی پرسی:

"ئەوە بۆچی، پەزێرایی کڵێسە باش ناکەیت؟"

عەلادین وتی:

"بۆچی من چەند دەستم هەیە...!؟" تاکو فریای خزمەتی ئەم هەمووە بکەوم!"

پیرەژنە وتی:

"ئەگبەت من تۆم ... تەنیا بۆ خزمەت کردن هێناوە."

ئەمجا بەزەیی پێدا هاتەوە و شیشێکی مسینی دایە کە سەرێکیان چوار مێخە بوو. پێی وت:

"برۆ بە شاردا بگەڕێ... گەر والی بتبینێ دەپرسێت چیت دەوێت؟ تۆیش بڵێ خزمەتی کڵێسە بکە لەبەر خاتری حەزرەتی مەسیح. ئیتر ناتوانێت بە قسەت نەکات. تەنەکە گەنمەکەی پێ بدە، فەرمانی پێبدە بژاری بکات و بیهاڕێت و بی شێلێت و بیکات بە نان، بۆ کڵێسە. لەمەودوا هەر کەسێك لە شاردا بە گوێی نەکردی، لێی بدە و لە کەس مەترسە."

عەلادین وتی:

"فەرمایشتە."

عەلادینی داماو، ۱۷ ساڵ لەو کڵێسەیەدا، ئەمە کاری بوو. ڕۆژێکیان لە کڵێسە لێی دانیشتبوو. هێندەی زانی پیرەژنێك هاتە لای و پێی وت:

"ئەمشەو لە دەرەوەی کڵێسە، بە سەر بەرە."

عەلادین وتی:

"جا.... بۆ کوێ بچم؟"

پیرەژن وتی:

"لە مەیخانەیەکدا، لە شار بمێنەوە! یان برۆ ماڵی هاوڕێیەکت."

عەلادینیش پرسی:

"بۆچی لە کڵێسە نەمێنمەوە؟"

وتی:

"لەبەر ئەوەی خاتوو شازاد مەریەمی کچی شا یۆحەنا دێتە سەردان.... نابێت، کەس لە سەرەڕێ و ناو کڵێسەدا ببینێت!"

عەلادین لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا، شەو بچێتە بانیژەیەکەوە، تاکو بۆ سبەینێ شازادە ببینێ. ڕۆژی دواتر، کیژەکەی شا یوحەنای بینی هێندەی بەلاوە جوان بوو کچێکی دی لەگەڵ بوو. قسەی بۆ دەکرد. دەیوت:

"بەخێربێیت، زبیدە خان."

عەلادین زۆر بە وردی سەیری کرد. وای بۆ چوو......... کە ئەمە "عودیە"ی ژنێتی، کە کاتی خۆی مردبوو. کە دانیشتن.... فەرمانی پێدا، کەمێك عودیان بۆ لێبدات. کیژەش وتی:

"عود ناژەنم تاکو بەڵێنەکەت نەبەیتە سەر."

شازادە پرسی:

"کام بەڵێنە؟"

ئەویش وتی:

"ئەو بەڵێنەی کە وتت، دەبێت بە عەلادینی خاڵداری مێردت بگەیەنمەوە!"

شازادە وتی:

"دەی، بیژەنە و وابزانە بە عەلادینی خاڵدار گەیشتویت."

ئەویش وتی:

"کوا... عەلادین لە کوێیە!؟"

شازادە وتی:

"ئەوەتا.. لەو شوێنی خۆشاردنەوە، خۆی حەشارداوە! ئێستا گوێی لە گفتوگۆمانە!"

ئەمجا کەوتە ژەنینی عوود... کە مردویشی دەهێنایەوە وجود.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٦٩

شەهرەزاد وتی: عەلادین کە ئەم قسانەی بیست، خۆی بۆ نەگیرا..... هاتە دەرەوە باوەشی کرد بە زبێدەدا. ئەمجا باوەشیان کرد بە یەکدا. هەر دووکیان شاگەشکە بوون و بوورانەوە. خوا بە یەکی گەیاندنەوە. ئەمجا پرسی:

"زبێدە گیان... خۆ تۆ مردیت و ئێمە تۆمان ناشت... ئێستا چۆن گەیشتیتە ئێرە؟"

ئەویش وتی:

"نەمردبووم.... جنۆکەکان منیان فڕاند، تاکو گەیاندمیانە ئێرە.... ئەوەی نێژرا جنۆکە بوو، چووبووە، شێوەی منەوە. کە گۆڕەکەیان جێ هێشت هاتە دەرەوە! دواتر سەیر دەکەم لای حەسەنی مریم کچی پاشام. کە ئەمەیە. منیش لێم پرسی: بۆ هێنراومەتە ئێرە!"

ئەویش پێی وتم:

"ئاخر... پەیمانم پێدراوە. ببمە ژنی عەلادین، ئاخۆ..... دەهێڵێت: ببمە "هەویە"ی تۆ؟"

منیش پێم وت:

"بە سەر چاوان... پەسەندمە! بەڵام مێردەکەم لە کوێیە؟"

ئەو پێی وتم:

"چی بە سەر بێت... لە نێو چاوانی نووسراوە... هەر دەبێت بگەڕێتەوە لامان."

ئێمەش دڵخۆشی خۆمان بەم ئاواز و گۆرانیانە دەدەینەوە. بەڵکو خوانێکمان شاد بکاتەوە. ئەوە بوو وا لەم کڵێسەیەدا پێك شاد بووینەوە."

حەسەنی مەریەم لای کردەوە بە لایدا وتی:

"گەورەم، عەلادین، پەسەندتە وەرم بگریت و ببیتە مێردم!؟"

عەلادینیش وتی:

"خاتوون.... ئێوە نەسرانین! منیش موسڵمانم چۆن دەکرێت مارەت بکەم!؟"

خاتوونی شازادە وتی:

"١٨ ساڵی رەبەقە موسڵمانم و لەگەڵ هیچ ئاینێکدا نیم، دژی ئیسلام بێت!"

عەلادین وتی:

"خانم خوازیاری گەڕانەوەم بۆ نیشتمانەکەم."

ئەویش وتی:

"ئەوە بزانە... لە نێوچاوانت نووسراوە، کە هەندێ کار هەیە دەبێت جێبەجێی بکەیت، تاکو بە ئاواتی خۆت بگەیت. هەروەها نووسراوە کوڕێکت هەیە ناوی "ئەسلان"ە. پلەو پایەی خۆتی لای خەلیفە هەیە. تەمەنی ١٨ ساڵە. راستییەکان دەرکەوتوون و درۆکانیش تیاچون. خوا... نهێنی ئەحمەدی حەوجۆشی ئاشکرا کرد. کە شتومەکە زیوینەکەی خەلیفەی دزی بوو. ئێستاش لە بەندیخانە بە دەست پێ بەستراوی بەندە. ئەوەش بزانە کە من ئەو گۆیەم خستە نێو خورجی دوکانەکەتەوە و هەر خۆیشم ئەو سەرۆکی کەشتیەوانەم نارد، تاکو خۆت و ئەو گۆیەم بۆ بهێنن! خۆیشم، ئەم سەرۆکەم لە شێوەی بازرگاندا ناردە لات. کە ٤٠ دیلەکەیان کوشت خۆم لەگەڵیاندا بووم. هەر خۆشم پیرەژنەکەم نارد."

عەلادین وتی:

"خوا پاداشتت بداتەوە. بۆ ئەو کارە چاکانەی کردووتە."

حەسەنی مەریەم جارێکی دی شایەتمانی موسڵمان بوونی خۆی راگەیاند کە عەلادین راستگۆیی ئەوی بۆ دەرکەوت، پرسی:

"ئێستا کار و گرنگی ئەم گۆیە چییە؟"

ئەویش وتی:

"ئەم گۆیە گەردون ئامێزە، ٥ کاری گرنگی هەیە، هەر یەکە و لە کاتی خۆیدا دەیکات! دایکی باوکم: واتە نەنکم ساحر بوو، تەلسیمەکانی دەخوێندەوە! گەنجینەکانی دەپشکنی: ئەم گۆیەی دەست کەوتبوو کە تەمەنم بووە ١٤ ساڵان فێر خوێندن کرام، کتێبانم دەخوێندەوە. ئەمجا توانیم ئەم گۆیە بخوێنمەوە، کە لە سەری نووسراوە "محمد"... "د.خ" ئیدی متمانەم پێداو، خوام.... بە تاك و تەنیا پەسەند بوو. ئیدی نەنکم پیر و کەنەفت بوو... ئەم گۆیەی بەخشیە من، هەر ٥ سیفاتەکەی پێ وتم. پێش ئەوەی نەنکم بمرێت، باوکم پێی وت:

"ئادەی.... رمڵێکم بۆ لێبدە، بزانە، ئایندەم چۆنە!؟"

ئەویش وتی:

"دوورانیەکەت.. ئاخری بە دەستی یەکێك دەکوژرێت کە بە دیلی لە ئەسکەندەریەوە دێت!"

باوکیشم سوێندی خوارد، کە هەر دیلێك خەڵکی ئەسکەندەریە بوو: خێرا... لە ملی بدات و بیکوژێت. ئیتر رەنگە بە هێندەی مووی سەری خۆی خەڵکی کوشتبێت. کە ئەنکم تیاچوو. لە دڵی خۆمدا وتم:

"ئاخۆ.... کێ من مارە بکات!؟ ئەم رمڵەم بۆ ئەو لێداو فاڵم پێ گرتەوە. دەروانم پێم دەڵێت: تەنیا کەسێك تۆ مارە دەکات، ناوی عەلادینی خاڵدارە، راستگۆ و وەفادارە. زۆرم سەر سوڕما. ئارام بووم و دانم بە خۆم گرت. تاکو: نەسیب من و تۆی پێك گەیاند."

عەلادینیش مارەی کرد و وتی:

"هەموو ئاواتێکم ئەوەیە بگەڕێمەوە زێدی خۆم."

ئەویش گەر ئەمە ئاواتت بێت فەرموو لە تەك مندا وەرە. لە شوێنێکدا لە نێو کۆشك شاردیەوە و چووە لای باوکی. باوکی پێی وت:

"کچە شیرینەکەم ئەمڕۆ زۆر دڵم تەنگە... وەرە با پێکەوە کەمێك بخۆینەوە."

ئەمجا سفرە راخرا... پیاڵە دوای پیاڵە مەی دایە دەستی باوکی تاکو بەد مەست بوو. دواتر بووراییەوە. چونکە کچەکەشی دەرمانی هۆشبەری بۆ کردبووە، پێکەکانەوە ئەمجا لە پەناگاکەدا عەلادینی هێنایە دەر و پێی وت:

"وەرە، ئەو دوژمنەکەتە بێ هۆش کەوتووە.... چی لێ دەکەیت بیکە!"

عەلادین هات و هەر چوار پەلی بەستەوە دواتر دەرمانی دژە بەنجی بە لووتدا پژاند. باوکەکە کە هۆشی هاتەوە کچەی و عەلادین چۆکیان بە سەر سنگیدا دابوو. بە کچەکەی وت:

"کچم، ئەمە رەوایە.... بە من دەکەیت؟"

کچەکەی وتی:

"ئەگەر من بە کچی خۆت دەزانیت، وەکو من موسڵمان ببە، من خوام بە تاك ناسی و لەم دنیا و لەو دنیاش بڕوام بە هیچ دینێکی تر نییە. خۆم خستە پەنای خوا.... ! تۆیش گەر موسڵمان دەبیت ئەو رێز و خۆشەویست تر دەبیت، ئەگەر نا... کوشتنت باشترە!"

عەلادینیش زۆر تەقەلای دا هەر موسڵمان نەبوو بۆیە خەنجەرەکەی هەڵکێشا و شا دەماری ملی بڕی و کوشتی. نامەیەکیشی لەسەر ناوچەوانی دانا. هەندێ شتومەکی بە کێش و سووك و نرخ گران کۆ کردەوە و لێیان دا و رۆیشتن بەرەو کڵێسە. ئەمجا شازادە مریەم کچی شایوحەنا، گۆیەکەی هێنا دەستی هێنا بە ئەو رووەیدا کە وێنەی جاجمە راخەرەکەی بە سەرەوە بوو. هێندەیان زانی راخەرەکە لە بەردەمیاندایە. لە سەری دانیشتن. ئەمجا ئەم قەسەمەی لەبەر خۆیەوە وت:

"بۆ خاتری، ئەم نووسینەی بە سەر ئەم گۆیەوەیە و ئەو ناو و تەلیسمانە... ئەو قەڵەم و زانستانە، بڵندمان بکەوە.... بفڕە."

راخەرەکە بڵند بووەوە بۆ ئاسمان... فڕی.... فڕی... تا گەیشتنە دۆڵێك رووت و وشکی کاکی بە کاکی. ئەمجا رووی جاجمەکەی سەر گۆیەکەی بەرەو زەوی کردەوە. دەستی پیا هێنا وتی:

"نیشتەرەوە... دەوارمان بۆ لێبدە.... تاکو تێیدا بحەوێینەوە."

نیشتەوە. دەواریان بۆ لێدرا و چوونە ژێری بۆ حەوانەوە.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە........ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٧٠

شەهرەزاد وتی: لەبەر ئەوە ئەو دۆڵە بێ ئاو بوو.... دارودرەختی نەبوو. بۆیە شازادە رووەکانی گۆیەکەی کردە ئاسمان و ئەمجا وتی:

"بۆ خاتری ناوە جوانەکانی خوا.... ئەم دۆڵە بە دار و درەخت برازێنەوە. دەریاچەیەکی تیادا بێت شەپۆل بدات. کە فەرمانەکان، بە جێ گەیەندران. چوون دەستنوێژیان هەلگرت. نوێژیان کرد، ئەمجا ئەو رووی گۆیەی دەست لێ خشاند کە شێوەی سفرە و خوانی تیا هەلکەندرابوو. ئەمجا وتی:

"بۆ خاتری ناوە جوانەکانی خوا.... سفرە و خوان ئامادە بکە."

هەر خێرا سفرە و هەر خواردنێك حەزیان لێبوو: ئامادە بوو. تێرو پڕیان خوارد. بە سەرهاتی ئەمان بە لێرە بەجێ بهێڵین...! کوڕی شا، بە پەلە هاتەوە، باوکی ئاگادار بکاتەوە... سەیری کرد کوژراوە. نامەیەکیش بە ناوچاوانیەوەیە.... خوێندیەوە و تێی گەیشت کە عەلادین نووسیویەتی. ئەمجا بۆ خوشکەکەی گەڕا... نەیدۆزیەوە. ئەمجا بەرەو کڵێسە بووەوە. تاکو پیرەژن ببینێ. باش بوو دۆزیەوە هەواڵی خوشکەکەی لێ پرسی، لە وەڵامدا وتی:

"لە دوێنێوە، لێی بێئاگام. لە چەکدارانی پرسی: سواربوون بەرەو دەرەوەی شار، رۆیشتن تاکو گەیشتنە دەوارەکان. خاتوو مەریەم هەستا و سەیری رێی کرد، تۆز غوبارێکی زۆری بینی. کە تەپ و تۆ رەویەوە، رووانی ئەوە براکەیەتی. چەندین سەرباز بە دوایەوە و براکەی هاوار دەکات:

"بۆ هەر کوێیە بڕۆن لێتان نابینەوە...!"

کەنیزەکەکە لە عەلادینی پرسی:

"ورەت چۆنە لە جەنگدا؟"

ئەویش وتی:

"نە چەك بازم و نە شۆڕش.. نە هەڵمەت و نە هێرش!"

ئەمجا گۆیەکەی دەرهێنا و دەستی بەو رووەدا هێنا، کە ئەسپ سوارەکەی تیابوو. هێندەی زانی ئەسپ سوارێك لە زەوی هاتە دەر و بەرەو رووی سوارەچەکدارەکان بووەوە زۆریان لەگەڵ جەنگا و شکاندنی و بەرەودوا کشاندنیەوە. ئەمجا کەنیزەکەکە پرسی:

"بۆ میسر دەچیت یان ئەسکەندەریە؟"

ئەویش وتی:

"ئەسکەندەریە."

ئـەمجا چوونە سـەر بەرەکـە و سـوێندێکی بـە سـەرا خوێنـد. بـەرە بڵنـد بـووەوە، بـەرەو ئەسکەندەریە. ئەمجا کە گەیشتن بردنیە ئەشکەوتێکەوە. خۆیشی چووە شار و جل و بەرگی بۆ کـڕین و بـۆی هێنـان. ئـەمجا بردنیـە نـاو دوکانەکـە و خـواردن و پێداویسـتی بـۆ هێنـان. ئەحمەد دەنەف کە لە بەغداوە نێردرابوو. لـە ڕێگاوبـان بـینی چووە بـەردەمی و نـاوی خـوای هێنا و باوەشی پێدا کرد. ئەمیش مژدانەی ئەسلانی کوڕی پێدا و وتی:

"کە ئێستا ٢٠ ساڵانە"

عەلادینیش بەسەرهاتی خۆی هەر لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی بۆی گێڕایەوە. ئـەمجا لەگـەڵ خـۆی بردیـەوە بـۆ خـانووە سـەرخان و ژێرخـان دوکانەکـەی. ئەحمـەد دەنـەف زۆر سـەری سـوڕما..! ئـەو شـەوەیان لـەوێ ڕۆژ کـردەوە، بـۆ سـبەینێ دا، خانووبەرەکـەی فرۆشـتەوە و چەندیشی سـەرمایە هـەبوو، خستیە سەری. چونکە ئەحمـەد دەنـەف پێـی ڕاگەیانـدبوو کـە خەلیفە ناردوویەتیە شوێنی ئەویش پێی وت:

"دەبێت یەکەمجار بچمەوە میسر و دایك و باوکم و کەس و کارم ببینم."

ئەمجا ڕوویان کردە میسر و ڕێگا زەردەیان گـرت، چـونکە ماڵیـان لـە سـەر ئـەو ڕێیـە بـوو. ئەمجا لە دەرگایان دا. دایکی پرسی:

"ئەوە .... کێیە؟"

ئەمیش وتی:

"عەلادینم!"

ئەمجا هەموویان دەرپەڕینە دەرەوە و عەلادینیشیان لە ئامێز گرت. کە چوونە ژوورەوە ٢ ڕۆژ بۆ حەوانەوە مانەوە. ئەمجا بەرەو بەغدا بوونەوە. باوکی پێی وت:

"وەرە لای خۆمەوە کوڕم."

ئەویش وتی:

"بەرگەی دابڕان لە ئەسلان ناگرم."

دایـك و بـاوکی لەگـەڵ خـۆی بـرد بـۆ بەغـدا. کـە گەیشـتنە بەغـدا، چـووە لای خەلیفـە و مـژدەی گەیشـتنی عـەلادینی دایـە و بەسـەرهاتەکەی بـۆ گێڕایـەوە. ئـەمجا هەسـتا ئەسـلان و باوکی ماچ کـرد. فـەرمانی دا ئەحمـەدی حـەوجۆش دزانیـان هێنـا. کـە هاتـە بـەردەم خەلیفـە وتی:

"عەلادین، هانام بۆت هێنا!"

ئەویش شمشێری دەرهێنا و لە ملی دا. خەلیفە فەرمانی دا، "مریەم"یـان لـێ مـارە کـرد و ئاهەنگی بـۆ گێـڕان. ئـەمجا ئەسـلانی کـوڕی عـەلادینی کـردە سـەرۆکی شەسـتەکە. ژیـانێکی خۆشیان بردە سەر. تا تەمـەن کۆتـا بـوو. بـەڵام چیرۆکی بەخشندەیی زۆر، لـە حاتـەمی تـەی دەگێڕنەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٢٧١

## چیرۆکی حاتەمی تەی

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە کە گۆڕی حاتەمی تەی لە سەر لوتکەی چیایەکی بڵندە کە دوو حەوزی ئاو لەم لاو ئەولای گۆڕەکەی لە بەرد بۆ هەڵکەندراوە. چەند پەیکەرێکی کیژی لە بەرد بۆ تاشراوە. کە کاکۆڵیان بە سەرشاندا پژاوە. لە دامێنی چیاکەشدا روبارێك هەیە، هەر کەس شەو لەوێ بمێنێتەوە.... هەر لە ئێوارەوە تاکو بەیانی گوێی لە ناڵە و قیژەی کیژان دەبێت. کە رۆژیش دەبێتەوە... لەو چەند پەیکەری کیژانە زیاتر کەسێك دیار نییە. کە پێخوار شای کەران.... لە خێڵەکەی دابڕا.... شەو لەوێ مایەوە. کە شەو داهات..... گوێی لەو قیژە و هاوارەی کیژان بوو لە خۆی پرسی:

"ئاخۆ.... ئەم هاوار و فیغانە لە سەر لوتکەی چیا چی بێت؟"

خەڵکەکەیش پێیان وت:

"لە لوتکەی چیا گۆڕی حاتەمی تەی لێیە کیژانێکی لە بەرد تاشراو هەن کە قژیان لە سەر شاندا پەخشانە. هەر کەس لێرە بمێنێتەوە شەو تاکو بەیانی گوێی لەم هاوار و فیغانە دەبێت."

پێخواری شای کەران بەلاقرتێوە بە حاتەمی تەی وت:

"ئەی حاتەم، ئێمە ئەمشەو میوانی تۆین و ژەمە لێ بووردەین."

ئیتر خەوی لێ دەکەوێت. بەیانی بە ترس و پەشۆکاوییەوە، بە ئاگا دێت! بە دەم هاوارەوە دەڵێت:

"عارەبینە... فریای خۆم و وشترە کاروانیەکەم بکەون" کە چوون بۆ وشترەکەی... دەروانن سەر گێژمیەتی ئەمجا ناچار بۆیان سەر بڕی و دەستیان کرد بە گۆشت برژاندن... ئەمجا کە لێیان پرسی، وتی:

"حاتەم هاتە خەوم و شمشێرێکی رووت بە دەستەوە وتی: بوونە میوانمان و هیچمان نەبوو، بۆتان دابنێین تا بیخۆن... ئەمجا شمشێرەکەی کێشا بە وشترەکەمدا. دواتر وتی: گەر سەری نەبڕن دەمرێت!"

ئەمجا "دوکراع" سواری وشترێکی کاروانی بوو، ئەویش لە دوایەوە. لە نیوە رێدا کابرایەکیان بینی سواری وشترێکی بەهێزی کاروانی بووبوو، وشترێکی تری بە دوای خۆیدا بە کێش دەکرد. لێیان پرسی:

"تۆ کێیت؟"

ئەویش وتی:

"من عودەی کوڕی حاتەمی تەییم."

ئەمجا ئەویش لەمانی پرسی:

"ئەی.... ئاخۆ... پێخواری میری کەران لە کوێیە؟"

ئەوانیش وتیان:

"ئێمەین!"

ئەمجا وتی:

"ئەم وشترەی خۆی بۆ ناردویت لە بریتی وشترەکەی خۆت، کە سەرتان بری! ئەوەتا... سواری ببە!"

پێخوار پرسی:

"جا..... چۆن ئەوەی پێ راگەیاندی!؟"

ئەویش وتی:

"لە خەوما ... پێی وتم: عودەی.... پێخواری میری کەران... بووە میوانم. وشترەکەی خۆیم بۆ سەر بڕیوە! بڕۆ وشترێکی بۆ بەرە. چونکە من هەژارم و هیچم نەماوە."

پێخوار... لێی وەرگرت. لە کاتێکدا: زۆر سەری سوڕمابوو. کە ئاوا... حاتەم، بە مردووییش هەر بەخشندە و دەست بڵاوە.

جا... لە کەسە: بەخشندە و نان بدەکان، هەندێ بە سەرهات لە معەین کوڕی زائدەش دەگێڕنەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٧٢

## چیرۆکی موعەینی کوڕی زایدە

شەهرەزاد وتی: دەڵێن موعەینی کوڕی زایدە رۆژێکیان لە راو و شکار بوو. زۆری تینوو بوو. کۆیلەکانیشی کە لەگەڵی بوو ئاویان پێ نەمابوو. هێندەیان زانی ٣ کەنیزەك، بە ٣ گۆزە ئاوەوە پەیدا بوون. ئەوانیش ئاوی گۆزەکانیان خواردەوە. ئەمجا موعەین بە دەورووبەرەکەی وت: شتێکیان بدەنێ. کەسیان پارەیان پێ نەبوو، بیدەن بە کەنیزەکەکان. ئەمجا فەرمانی دا هەر یەکە و ١٠ سەرە لێرە بداتە ٣ کەنیزەکەکە، کە لە زێڕ دروست کرابوون. کەنیزەکێك بە وانی تری وت:

"بەخوا.... ئەم بەخشندەییە، هەر لە موعەین کوڕی زایدە، دەوەشێتەوە! وەرن با هەر یەکەمان شیعرێك هەڵبدەین بە سەری دا."

یەکەمیان وتی:

تیریان لە کەوان کە دەردەپەڕێ لە لای دوژمندا، زێڕە و دەوەرێ
بۆ برینداران مەرهەمە! مەرهەم یاخود کەفەنە، بۆ مردووی گۆڕێ

دووەمیان وتی:

بژیت پاڵەوان بە بەخشندەیی خێرت بە دۆست و ناحەزا گەیی
قەدی شمشێریان لە زێڕە تاکو جەنگ لە شەونمیان نەکا بێ بەری

سێیەمیان وتی:

تیریان بۆ دوژمن هێنده بەخێره   چونکه نێزەیان، هەر دەم له زێڕه
کوژراوان دەیدەن بەکفن و دفن   پارەی دەرمانی، زامدار و گێڕه

دەگێڕنەوە مەعینی کوڕی زاید، لەگەڵ چەند کەسێکدا دەچێتە راو و شکار. رەوە ئاسکێك لێیان نزیك دەبێتەوە. هەر کەسە و غار دەدا بە دوای ئاسکدا. مەعینیش، شوێن ئاسکێك دەکەوێت دواتر راوی دەکات و دادەبەزێت و سەری دەبڕێت. دەڕوانێت کەر سوارێك بەرەولای دێت ئەمیش سوار دەبێت و بۆ لای کەرسوارەکە دەڕوات. دوای سڵاو کردن لێی دەپرسێت:

"لە کوێوە هاتوویت؟"

ئەویش دەڵێت:

"لە خاکی قەزاعەوە هاتووم چەندین ساڵ زەویەکەی وشك و دێم و بێ ئاو بوو. ئەمساڵ بووژاوەتەوە، کردوومە بە کشتوکاڵ. پێش وەخت بەری دا و پێ گەیشت. بەرە گەییو، باشەکەیم رنی و بە دیاری بردم بۆ مەعینی کوڕی زایدە.... چونکە زۆر نان بدە و دەست و دڵ باش بوو. چاکەکانی بە ناوبانگ بوو."

ئەویش وتی:

"چاوەڕێ بووی چەندت بداتێ؟"

وتی:

"۱۰۰۰ دینار"

ئەویش وتی:

"ئەی ئەگەر وتی زۆرە؟"

وتی:

"دەڵێم... ۵۰۰ دینار"

وتی:

"ئەگەر وتیەوە زۆرە؟"

ئەمیش وتی:

"۳۰۰ دینار"

وتی:

"ئەگەر هەر وتی زۆرە؟"

وتی:

"دەڵێم ۲۰۰ دینار"

دیسان وتی:

"گەر دیسان وتی زۆرە؟"

ئەمیش وتی:

"دەڵێم ٥٠ دینار"

ئەویش وتی:

"ئەگەر هەم وتی زۆرە؟"

ئەمیش وتی:
"دەڵێم ٣٠ دینار"
ئەویش وتی:
"ئەی ئەگەر بە زۆری زانی؟"
ئەمیش وتی:
"چوارپەلی کەرەکەم دەکەم بە دەمیدا و بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێمەوە"
مەعین زۆر پێکەنی و ئاوزەنگی لێدا و گەڕایەوە ناو چەکدارەکانی بەردومال بوونەوە. لەویّ بە دەرگاوانەکەی خۆی وت:
"ئەگەر یەکێك، بە باری کەرێکەوە هات ویستی من ببینێ، هەر زوو بۆم بێنە"
دوای کاتژمێرێك کابرای کەروبار پەیدا بوو. دەرگاوان ڕێگای دا و چووە ژوور. کابرا مەعینی نەناسیەوە. لەبەر ئەوەی دەست و پێوەند و چەکداران و پیاوماقوڵانێکی زۆری لە دەور بوو. کۆشکێکی مەزنی ڕازاوە، پیاوێکی دەوڵەمەند بوو. کە سڵاوی کرد مەعین لێی پرسی:
"چی تۆی گەیاندە ئێرە؟"
ئەویش وتی:
"خەیارم بۆ هێناویت، کە هێشتا کاتی بەرهەمی نەهاتووە!"
مەعین وتی:
"بە تەمای چەندیت بدەمێ؟"
ئەویش وتی:
"١٠٠٠ دینار"
مەعین وتی:
"زۆرە!"
ئەویش وتی:
"٥٠٠ دینار باشە؟"
مەعین وتی:
"زۆرە"
وتی:
"٣٠٠ دینار"
مەعین وتی:
"زۆرە"
کابرا وتی:
"٢٠٠ دینار باشە؟"
مەعین وتی:
"زۆرە"

ئەمجا کابرا وتی:

"١٠٠ دینار"

ئەویش وتی:

"زۆرە"

ئەمیش وتی:

"٥٠ دینار"

مەعین وتیەوە:

"زۆرە"

کابرا وتی:

"٣٠ دینار"

ئەمجا کابرا وتی:

"پەکوو... بە خوا ئەو کابرایە شووم و نەگبەت بوو، کە لە بیابان بینیم. ٣٠ دیناریش هەر زۆرە!؟"

مەعین دەستی کردە پێکەنین. بە جۆرێك کە بە پشتدا کەوت. ئەمجا بانگی کردە بەرپرسی پارەی و فەرمانی دایە و وتی:

"١٠٠٠ دینار و ٥٠٠ دینار و ٣٠٠ دینار و ٢٠٠ دینار و ١٠٠ دینار و ٥٠ دینار و ٣٠ دینار بدە بەم پیاوە. کەرەکەیش با هەر لە جێی خۆی بێت."

کابرا لە خۆشیدا گەشایەوە. ٢١٨٠ دیناری وەگرت. خوا لە هەموویان خۆش بێت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بۆیە بێدەنگ بوو.

# شەوی ٢٧٣

## چیرۆکی شارۆچکەی لەبطیط

شەهرەزاد وتی: بیستوومە، کە شارۆچکەیەك بووە، ناوی "لەبطیط" بووە لە مەملەکەتی "رۆم". کۆشکێکی داخراوی تیابووە. هەر کاتێك پاشایەکی رۆم بمردایە، قفلێکیان لە دەروازەکەی ئەو کۆشکە دەدا. بۆیە دەروازەی ئەو کۆشکە ٢٤ قفلی پێوە بوو. دواتر پاشایەك حوکمڕانی گرتە دەست کە لە بنەماڵەی پاشایان نەبوو. بۆیە ویستی ئەو کۆشکە بکاتەوە، تا بزانێت چی تیایە! پیاوماقوڵانی دەوڵەت، نەیان هێشت و سەرزەنیشتیان کرد. ئەویش کە سوور بوو لە سەر کردنەوەی کۆشکەکە وتی:

"دەبێت ئەم کۆشکە بکەمەوە."

دەورووبەرانی زۆریان تەقەلا دا... دیاری و پاداشتیان بۆ نارد هەر سوودی نەبوو. خۆی و چەند کەسێك چوون و دەرگایان کردەوە. سەیری کرد چەندی وێنەی پیاوانی عەرەبی تیایە

بە سەر ئەسپەکانیانەوە. شمشێریان بە قەدەوە و رمیان بە دەستەوەیە. کتێبێکی دۆزیەوە، هەڵیگرت و خوێندیەوە، سەیری کرد تیا نووسراوە:

"هەر کە دەروازەی ئەم کۆشکە کرایەوە، ئیتر خێڵێکی عەرەب دەدەن بە سەر ئەم شارۆچکەیەدا، کە لە شێوەی ئەو ئەسپ سوارانەدان. ئاگادار بن... دەروازەی کۆشک مەکەنەوە."

ئەو شارۆچکەیەش لە ئەندەلوس بوو. لە سەردەمی حوکمڕانی "وەلیدی کوڕی عەبدولەلیك کە لە بەنی ئومەیە بوو" .... طاریقی کوڕی زیاد داگیری کردبوو. پاشای ئەم شارۆچکەیەی زۆر خراپ کوشت بوو. شارۆچکەکەی تالان کردبوو. هەرچی ژن و مەڕ و ماڵات و سامانیان بوو بردبووی. پتر لە ١٧٠ تاجی زێڕین و ئەڵماس و مرواری تیابوو. گۆڕەپانێکی ئەسپ سواری مەزنی تیابوو. پڕ بوو لە قاپ و قاچاخی زێڕین. سفرەکەی حەزرەتی سولەیمانیان هەبوو. کە لە زمرودی سەوز بوو. کە تا ئێستاش لە رۆما ماوە، لەگەڵ ئەو قاپ و قاچاخەدا. هەروەها کتێبی "زەبوور"ی لێ بوو. کە بە خەتی یۆنانی لەسەر کاغەزی زێڕین نووسرابوو. کتێبێکی دی تیابوو. کە باسی دەرهێنانی یاقوت و بەردە بەنرخەکانی دەکرد. گۆیەکی زەوی و چەندین نەخشەی سەرزەوی و دەریاکانی لەسەر بوو. "ئەکسیر"ێك کە درهەمێکی بە ١٠٠٠٠٠ درهەمی زێڕ و زیو بوو. ئاوێنەیەکی تیابوو کە سەرسوڕهێنەر بوو، کاتی خۆی بۆ حەزرەتی سولەیمان دروست کرابوو. هەر کات سەیرت بکردایە، هەر ٧ هەرێمەکەت بە روونی تیا دەبینی. کۆمەڵێکی تیا بینی پڕی بوو لە یاقوتی "بەهرەمان"ی. کە هەر لە وەسف کردن نایەت! هەمووی بە باری وشتر نارد بۆ وەلیدی کوڕی عەبدولەلیك. ئەمە دوا هەواڵی "لەبطیط" بوو.

## شەوی ٢٧٤

چیرۆکی هیشامی کوڕی عەبدولەلیك لەگەڵ لاوێکی عەرەبدا

لە هیشامی کوڕی عەبدولەلیکی کوڕی مەروان دەگێڕنەوە: کە جارێکیان لە کاتی ڕاو کردنیدا شوێن ئاسکێك کەوتبوو. چاوی بە لاوێکی عەرەبی دەشتەکی کەوت کە مەڕی دەلەوەڕاند. هاواری بۆ کرد:

"بچکۆل..... فریای ئەو ئاسکە بکەوە.... من نایگەمێ!"

مناڵەکە سەری بڵند کرد و وتی:

"ئەی نەزان.... منت خستە ریزی مناڵان. بە رقەوە قسەت کرد. قسەکانت زۆردارانەیە.... کردەوەشت کەرانەیە."

هیشام پێی وت:

"بەڵا"م لێدایت... نامناسیت؟"

مناڵەکەش وتی:

"بەدرەوشتیەکەت تۆی پێ ناساندم... پێش سڵاو کردن فەرمانت دامێ!"
هیشام وتی:
"بەڵام لێ دایت من هیشامی کوڕی عەبدولەلیکم."
عەرەبە دەشتەکیەکە وتی:
"ماڵت لە خوا بە دوور بێت، سڵاو لە گۆڕیشت نەبێت.... چەندە زۆربڵێ و بێ سوودیت."
قسەکانی کوتا نەبوو، کە چەکداران دەورەیان دا. هەر یەکەیان وتی:
"سڵاوت لێ بێت ئەی میری موسڵمانان."
هیشام وتی:
"بیبڕنەوە، ئەم منالە بپارێزن."
ئەوانیش گرتیان کە منالەکە ئەم هەموو کەڵەپیاوانەی بە دەوری هیشامەوە بینی سەری بە سەر سنگیدا شۆڕ کردەوە و وردە وردە بەرەو هیشام چوو کە سەیری بەر پێی خۆی دەکرد، بێدەنگ بوو، هەندێ لە خزمەتکاران پرسیان:
"سەگی عەرەب، ئەوە بۆ سڵاوت لە میری موسڵمانان نەکردووە؟"
منالەکەش لای کردەوە بە لای خزمەتکارەکاندا و وتی:
"کۆپانی کەران.... دوورودرێژی ڕێگا و عارەق کردنەوە و ماندووبوون بیری بردمەوە."
هیشام زۆر توورە بوو وتی:
"ئەوە ئێستا لە ڕۆژی کۆتایی ژیانتایت. بێ ئومێد و تەمەنت کۆتابوو."
منالەکە وتی:
"هیشام، گەر ڕۆژم تەواو نەبووبێت هەرگیز تۆ ناتوانیت کۆتایی بە ژیانم بێنیت!"
پیاوێکی هیشام وتی:
"وات لێهاتووە، دەمەدەمێ لەگەڵ میری موسڵمانان بکەیت؟"
منالەکەش لە وەڵامدا وتی:
"بە خوا وڕوگێژی... هێڕە پیاو ئەم ئایەتەت نەبیستووە: "یوم تاتی کل نفس تجادل عن نفسها."
ئیتر هیشام هێندەی دی توورە بوو. وتی:
"ئادەی، عەلی کوژەر، سەری ئەم منالە لە لەشی جوێ بکەرەوە. زۆری وت"
کوژەر منالەکەی بردە سەر بەردێکی کە لە بەردەمیدا جۆگەلەیەك بوو. ئەمجا وتی:
"ئەی میری موسڵمانان بە فەرمانی ئێوە، کە خوێنی بە ملی ئێومیە، سەری ببەڕێنم؟"
خەلیفە وتی:
"بەڵێ."
دووەم جار، وتیەوە و دیسان ڕێی پێدرا! سێیەم جاریش بە هەمان شێوە. ئیدی منالە دەشتەکیەکە زانی گەر سێیەم جار، بووەوە ئەوا لە ملی دەدرێت. دەستی کردە پێکەنین، هیشام هێندەی دی توورە بوو. وتی:
"کوڕە دەزانم، تەواو نیت!! نابینیت، خەریکە دەکوژرێیت!؟ بە خۆت پێ دەکەنی!"

منالەکە وتی:

"ئەی میری موسڵمانان... گەر ژیانم مابێ: بە دەستی تۆ ژیانم کۆتا نابێ! دە.... گوێ لەم شیعرە بگرە. خۆ... کوشتنی منت لە دەست دەرناچێت!"

ئەویش وتی:

"بلێ و بە کورتی".....

هەڵۆیەك فڕی بە ئاسمانەوە
چۆلەکەیەکی بە چنگانەوە
چۆلەکە کەوتە گفتوگۆ و جووکە
هەڵۆش وا بە دەم گوژم دانەوە
وتی: جا من چیم، تا بت لاوێنم!؟
بێ تام و هیچم مەمخە خوانەوە
هەڵۆ.. زۆر بە خۆی نازی و بوغرا بوو
چۆلەکەش دەرچوو بە خزانەوە

خەلیفە هیشام دایە قاقای پێکەنین و وتی:

"بەو خوایە... لە خوار داوای خەلافەتەوە.... داوای هەر شتێکی ترت بکردایە، هەر ئێستا بۆم جێبەجێ دەکردیت، ئادەی پڕ ئەو دەمە زیرەك و جوانەی زێڕ بکەن و خەڵاتیشی بکەن." خەڵاتێکی باشیان دایە و بە ڕێیان کرد.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو................ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٧٥

## چیرۆکی برایمی کوڕی مەهدی

شەهرەزاد وتی: برایمی کوڕی مەهدی برای هارونەرەشید کە خەلافەت لەوەوە چووە دەست "مەئمون" کە برازای هارونەرەشید بوو. ئەم بەیعەتی پێنەکرد و چوو بۆ وڵاتی "ڕەی". خەلیفایەتی خۆی ڕاگەیاند. بەم شێوەیە ساڵێك و ١١ مانگ و ١٢ ڕۆژی بەسەر برد. کە "مەئمون"ی برای هەر چاوەڕێی ئەوە بوو، بگەڕێتەوە، ژێر ڕکێفی حوکمڕانی خۆی. کە دەستی لەوە شت. ناچار خۆی سواربوو، بەرەو وڵاتی "ڕەی". کە برایم بەمەی زانی بە پەلە گەڕایەوە شاری بەغدا و خۆی شاردەوە. بۆیە "مەئمون" فەرمانی دەرکرد.... کە هەر کەسێ برایم بگرێت و بیداتە دەست "مەئمون" ١٠٠٠٠٠ دینار خەڵاتی دەدرێتێ.

برایم وتی:

"کە بە ئەمەم زانی زۆر لە خۆم ترسام. سەراسیمە بووم! نیوەڕۆ خۆم واگۆڕی، کە نەم ناسنەوە و چوومە دەرەوە. نەشم دەزانی ڕوو بکەمە کوێ!؟ خۆم کرد بە کۆڵانێکدا.... دەرنەدەچوو. لە دڵی خۆمدا وتم: "انالله وانا الیه راجعون" بەخۆم وت: گەر بە شوێنی خۆمدا بگەڕێمەوە ئەوە گومانم لێ دەکەن. لەو سەری کۆڵان کۆیلەیەکی ڕەش پێستم بینی... لە بەر دەرگای خۆیان وەستابوو. لێی چوومە پێشەوە و پرسیم:

"ئاخۆ.... شوێنێکم دەست دەکەوێت ماوەی سەعاتێك تێیدا بحەوێمەوە!؟"

ئەویش وتی:

"بەڵێ" و دەرگای کردەوە. منیش چوومە ژوورەوە.... ماڵێکی خاوێن بوو. جێ ڕاخرا بوو. سەرین دانرابوو. کە خۆی گەڕایەوە، دەرگای لە سەر داخستم. منیش بە خۆم وت: دیارە چوو خەبەرم لێ بدات! ئیدی وەکو ئاوی سەر ئاگرم لێهات، هەر بیرم لە خۆم دەکردەوە. من لەم بیر کردنەوەیەدا بووم هێندەم زانی خۆی کرد بە ژووردا و حەماڵێکی بە دواوە بوو. کە پێویستی ماڵی پێ هەڵگرتبوو. هەر لە نان و گۆشت و چەند قابلەمە پێداویستییەکانی خواردن دروست کردن و گۆزەیەك. لە حەماڵەکەی داگرت و ئەمجا بە منی وت:

"قوربانت بم، من پیاوێکی "خوێنگرم" تۆ قێزت لە من دێتەوە. ئەو ئەم پێداویستییانەم بۆ هێناویت کە نوێن حەزت لە چی بوو بۆ خۆتی ئامادە بکە."

برایم وتی:

"برسیم بوو.... منیش قابلەمەیەکم خواردن بۆ خۆم ئامادە کرد. کە بیرم نایەت خواردنی ئاوا... خۆش و بەتامم خواردبێت."

ئەمجا هات و پێی وتم:

"ڕۆحم بە قوربانت بێت دوای تێر خواردن شەراب خۆشە و خەمڕەوێنە"

منیش وتم:

"بۆم بێنە ڕقم لێی نابێتەوە."

ئەمجا پەرداخ و سوراحیەکی بۆ هێنام کە هێشتا بە کار نەهاتبوو. وتی:

"بە ئارەزووی خۆت بخۆرەوە."

میوە و گوڵی بۆ هێنام وتی:

"ڕێم دەدەیت لە سوچێکەوە، بە تەنیا و بەخۆشی تۆوە بخۆمەوە؟"

وتم:

"فەرموو."

دەستمان بە خواردنەوە کرد و هەستم کرد سەریان گەرم بووە. پەچە بە سەر هەستا و چووە گەنجینەکەوە و عوودێکی دەرهێنا و وتی:

"گەورەم..... هەر چەند بۆم نییە داوای گۆرانیت لێ بکەم! بەڵام چاوەڕێی دڵنەرمیت لێ دەکەم.... گەر دەتوانیت دڵی بەندەت ڕابگریت."

منیش وتم:

"پێم وایە.... من ناناسیت..... چۆن دەزانیت من گۆرانی دەڵێم!؟"

ئەویش وتی:

"پەنا بە خوا .... کە لە تۆ ناسراوتر و بەناوبانگ ترە!!؟ تۆ خەلیفە برایمی کوڕی مەهدیت دوێنێ خەلیفە "مەئمون" ۱۰۰۰۰۰ دیناری خەڵات داناوە بۆ ئەو کەسەی تۆی بداتە دەست! تۆش ئێستا لای منیت و بێخەم بە!"

برایم وتی:

"کە ئەمەی وت هێندەی تر لە لام مەزن بوو. بە قسەم کرد و عوودەکەم بە دەستەوە گرت و کوڕەکەمم بیر کەوتەوە. ئەم شیعرەم بە گۆرانی وت:

سا بەلکو ئێمەش وەك یوسفی بەند خوان ریزمان بگریو پایەمان بلند
بەخێزانەکەم شاد و شوکر بم هەر خۆی توانایە و بیر و رای پەسەند
ئەمجا پەچەدارەکە وتی:

"گەورەم ریم دەدەیت.... منیش گۆرانی بلێم.... هەر چەند بە هێندەی بەرێزتان شارەزانیم!!؟"

منیش پێم وت:

"ئەم قسەیەت لە بەدرەوشتی خۆت بوو... فەرموو"

ئەمجا عوودەکەی وەرگرت و ئەم گۆرانیەی وت:

شەومان بە سەر برد بە بۆڵە و پرتە ئەوانیش دەڵێت شەوگارمان کورتە
کە ئەوان چاویان زوو خەواڵو بوو ئێمەش ئیشکچی و رۆحمان ئەسرەوتە!
کە شەو کۆتابوو، ئەوان ئارامن ئێمەش، ژیانمان پری گرفتە
وەك ئێمە بەخەم ئەگەر مل دەدەن لەجێگەی خەودا، دیارە تل دەدەن!

برایم وتی..... پێم وت:

"بەڕاستی گۆرانی و دەنگت ئەمەندە چاك بوو.... دلم لە خەفەت، بە جاری پاك بوو. سەرومریە... فەرموو. دیسان دەستی پێ کردەوە:

گەر ناموست پاك وەك هی پیاوانە هەر چی لە بەرکەیت: دیارە لێت جوانە
ویستمان بە درۆیان زوو دەخەینەوە قسەی خۆیشمان لە بەر دڵانە

کە ئەم گۆرانیەم لێ بیست... سەرم سوڕما! هێندە دڵخۆش بووم کەوتمە سەما کە دەم و چاوم شت..... شتگەلێك هاتەوە بە بیرما، لە بارەی رەوشتی جوانی ئەم خوێنگرەوە. هەڵمساند و کیسەکەی کە چەند دینارێکی تیابوو پێم بەخشی وتم:

"دەمەوێت ماڵئاواییت لێ بکەم، ئەو برە پارەیەی لە کیسەکەدایە، بۆ خۆت خەرج بکە. ئیدی متمانەی پترم پێتە.... چونکە توانیت لە دڵەڕاوکێ رزگارم بکەیت."

برایم وتی:

"کیسەکەی دایەوە پێم و وتی: گەورەم کوڕە کەچەڵەکانمان: لای ئێوە بێ رێزن! ویژدانیشم ریم نادات پارەی ئەم نزیکیەم لێتانەوە وەربگرم. ئەمە میوانداریتانە دەیکەم. جارێکی دی پارەکەم بۆ هەڵ بدەیتەوە خۆم دەکوژم."

برایم وتی:

"توورەکە پارەکەم کە خستەوە بن دەستم زۆر قورسیش بوو. لێم داو رۆیشتم. کە گەیشتمە بەر دەروازەی دەرەوە، پێی وتم: "گەورەم.... ئێرە شوێنێکی چەپەکە.... بۆ خۆ شاردنەوە زۆر باشە. گەر ویستت وەرەوەو ناشبێتە ئەرك بۆم. لێرە بە... تا خوا دەروویەکت لێ دەکاتەوە."

منیش گەڕامەوە و پێم وت:

"بە مەرجێك لەم توورەکە پارەیە خەرج بکەیت."

ئەمجا چەند رۆژێك لای مامەوە بەڵام ئەویش پارەی لە توورەکەکەم دەرنەهێنا. ئیدی منیش جل و بەرگی ژنانەم لەبەر کرد و پەچەم پۆشی و ماڵەکەم جێ هێشت.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٧٦

شەهرەزاد وتی:
کە دوور کەوتمەوە، گەیشتمە سەر پردێك، لەوێدا ترس دایگرتم، کەمێ ڕۆیشتم، شوێنێکم بینی ئاوڕشێن کرابوو. سەربازێکی لای خۆمان، هەر سەرنجی دام ئەمجا هاواری کرد:
"ئەمە خۆیەتی"
باوەشی پێدا کردم میش پاڵێکم بە خۆی و ئەسپەکەیەوە نا... کەوتە ئاوەکەوە و خلیسکا. خەڵکەکە هەموو، چوونە سەیری ئەو. ئیدی منیش کەوتمە پەلە و هەر چۆنێك بوو لە پردەکە پەڕیمەوە. خۆم کرد بەکۆڵانێکدا، ژنێکم بینی لەبەر دەرگا وەستابوو، پێم وت:
"خوشکە بەزەییت پێما بێتەوە و یارمەتیم بدە دەترسم!"
ئەویش وتی:
"بە سەرچاوان. وەرە ژوورەوە."
بردمیە ژوور و جێی بۆ ڕاخستم. خواردنی بۆ دانام و وتی:
"بێخەم بە... کەس پێی نەزانیویت."
لەم قسانەدا بوو، کە بە توندی لە دەرگا درا. ژنە چوو دەرگای کردەوە. کە ڕوانیم ئەوە بوو کە بە ئەسپەکەیەوە بە پاڵێك لەسەر پردەکەوە خستمە خوارەوە. سەری پێچابوو. خوێن بە دەم و چاویەوە بە پیادەیی. ژنەکەی لێی پرسی:
"ئەرێ ئەوە چیتە!؟"
ئەویش وتی:
"خەریك بوو چنگم لە سامان و دەوڵەمەندی گیر ببێت. بەڵام لە دەستم چوو!"
ئەمجا بۆی گێڕایەوە. ئەویش هێنایە ژوورەوە و هەندێك قوماشی بۆ سوتاند و خۆڵەمێشەکەی کرد بە سەر شکاویەکەی سەریەوە و جێیەکی بۆ ڕاخست و خەواندی. ئەمجا هاتەوە بۆ لای من و وتی:
"پێم وابێت، ئەو کێشەیە تۆ دروستت کردووە!"
منیش لێم نەشاردەوە و وتم:
"بەڵێ من بووم."
ئەویش وتی:
"گوێ مەدەرێ."
یارمەتییەکی زۆری دام و ٣ ڕۆژ لە ماڵی مامەوە و ئەمجا پێی وتم:

"پێم باشە ئێرە بە جێ بهێڵیت. نەبادا، ئەم سەرشکاوە، خەبەرت لێ بدات و تووش ببیت."

منیش وتم:

"ڕاست دەکەیت. بەڵام... با .... بکەوینەوە شەو."

ئەویش وتی:

"بەڵێ باشە."

کە شەو داهات بەرگە ژنانەکەم لەبەر کردەوە و بەرەو ماڵێ کە لە بنەماڵەی خۆمان بوومەوە. کە منی بینی دەستی کردە گریان. سوپاسی خوای کرد کە بێەوەیم. منی دانا و خۆی چووە دەرەوە هەر وەکو ئەوەی بۆ شت کڕینی بازاڕ بچێت. هێندەم زانی برایمی موسڵی و خۆی و دەست و پێوەند و جەنگاوەرانی کە ژنێك پێشەنگیان بوو. هاتن بۆ لام کە سەرنجم دا ، ژنە خزمەی خاوەن ماڵەکەیە! لێم هاتە پێشەوە و منی هەر بە جلە ژنانەکەوە، دایە دەست ئەو جەنگاوەرانەوە. هێندە ترسام ئەو دنیام بەچاوی خۆم بینی! بەرەو خەلیفە مەئمونیان بردم. سەیرم کرد خەڵکانێکی فرە لە کۆڕەکەدا بوون. هەر کە بردمیانە ژوورەوە، سڵاوم کرد. خەلیفە وتی:

"نەسڵاو، نە بەخێریش بێیت!"

منیش پێم وت:

"ئەی میری موسڵمانان لاریم نییە، تۆڵەم لێ بکەیتەوە. دەشتوانیت، لێم خۆش ببیت. لێ خۆش بوونیش تەنیا لەبەرخاتری خوایە. گەر سزام بدەیت حەقی خۆتە.... گەر لێم خۆش بیت ئەوە لە چاکی خۆتە." ئەم شیعرەم بۆ خوێندەوە:

| | |
|---|---|
| خراپەم بۆ تۆ گەلێك فرەیە | بەڵام کوا هێندەی دڵت گەورەیە |
| تۆڵەی خۆتم لێ بکەرەوە | یا بەخشین وەك لێ بووردەیە |
| بۆ من و دنیای دەربخە | کە پیاوی گەورە هەر بەخشندەیە |

برایم وتی: کە خەلیفە مەئمون، سەری بڵند کردەوە، ئەم شیعرەم وت:

| | |
|---|---|
| هەڵەی من هەر چەند گەورە بێت | لە بەخشندەیی تۆ کەم ناکا |
| هەقی خۆتت بوێت، یاخود | لێم ببوریت، هەر قەیناکە |

ئەمجا خەلیفە مەئمون سەری نەوی کرد و ئەم شیعرەی وت:

| | |
|---|---|
| گەر ناسیاوێکم هەر چۆنێ | تووڕەم کا و تینم بۆ بێنێ |
| دەبێت، هەر لێی خۆش ببم | تا: نەمێنم بە تەنێ! |

برایم وتی: کە ئەمەم لێ بیست: گیانی بەزەیی تیا جوڵاو رووی لە عەباسی کوڕی و ئیسحاقی برای کەسانی دەورووبەری کرد و وتی:

"ئێوە دەڵێن چی؟"

ئەوانیش ڕێك بوون لە سەر کوشتنم. ئەمجا خەلیفە مەئمون رووی کردە ئەحمەدی کوڕی خالد:

"ئەحمەد تۆ دەڵێی چی؟"

ئەویش وتی:
"ئەی میری موسڵمانان.... گەر بیکوژیت، زۆری وەکو تۆمان دیوە، کە مرۆڤی وەکو ئەمەی کوشتووە! ئەگەر نەیکوژیت! کەمی وەکو تۆمان بینیوە، کە مرۆڤی وەکو ئەمە نەکوژێت!"
کە خەلیفە مەئمون ئەمەی بیست سەری داخست و ئەمەی وت:

به خزمان گڕی شەڕ دەکرێتەوە دیارە رم هەڵدەم، خۆم دەگرێتەوە
لە برات خۆش بە ئەگەر بەهەڵە لێی نەدا و دەستی کردی تەتەڵە
چاکەت کرد، هێندە باسی مەکەوە لەگەڵ پیاو خراپ زۆر بە حەوسەڵە
خۆت گێل کە و هەرگیز سەرخۆتی مەبە با پێت نەزانێت مەیکە بە بۆڵە
دۆست و بێگانە چۆن دەبن بە یەك کەی دەبێت بکرێن وەك یەك مامەڵە
تەمەنی درێژ چەندە شیرین بێت ناوناوە، سوێرە و جاروبار تاڵە
گوڵی نەفرتاو، کە پاراوترە لە کەوتوی بن دار، کە بە کۆمەڵە
کێ هەیە، ژینی پاك و بێ گەرد بێ رابردووی سپی و جوانە و بێ پەڵە
کەڵە پیاوانی زەمانەش دروست رێیان بە هەڵەت، تاسە و هەمبەڵە

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٧٧

شەهرەزاد گێڕایەوە: برایمی کوڕی مەهدی وتی:
"کە ئەم شیعرانەم بیست، دەماخەکەی سەر دەم و لووتم لادا وتم "الله اکبر" ئەوا میری موسڵمانان لێم خۆش بوو"
ئەویش وتی:
"بێخەم بە... مامە!"
ئەمجا وتی:
"بەو خوایە.. میری موسڵمانان تاوانەکەم لەوە مەزنترە بەهانەی بۆ بهێنمەوە... لێبوردنەکەیش تۆیش لەوە مەزنترە کە تەنیا بە "سوپاس" پارسەنگ بدرێتەوە؟"
ئەمجا هەستم بزووت... ئەم شیعرەم وت:

ئەوەی بەخشندە بەخشیە ئادەم کردیشیە بەشی ئیمامی حەوتەم
هەستی خەڵك پڕە لە هەیبەتی تۆ چاویان لە تۆیە، ناوت لەسەر دەم
کە خەڵك ئەتۆرێ، دەیەوێ تێگەی چاوڕێی تۆیە، ببێتە هاودەم
چاوڕێی جۆرە عەفوەیەکم لێتان هێشتا کەس پێ نەبووە خاترجەم
بۆ منالانیش هێندە بە بەزەیت وەك دایکی کۆرپە.. لە سەر سینە و مەم

مەئمون وتی:

"خوا له هەمووما‌ن خۆش بێت.... لێت خۆش بووم و هەموو سامانێکی لە ناوچوویشت بۆ دەگێڕمەوە. مامە بێخەم بە."

ئەمجا ئەویش بە پاڕانەوە وتی:

سامانت بۆ گێڕامەوە خوێنت وە بەر هێنامەوە

گەر بە خوێنم، تۆ رازی کەم هێشتا حەقت نادەمەوە

هەرچی بکەم، پۆشتە نابم تا لا نەکەیت بە لامەوە

گەر چاکەتم بیر چێتەوە پلە و پیاوخراپ مامەوە

ئەمجا مەئمون خەڵاتی کرد و پێی وت:

"مامە.... باوکی ئیسحاق و عەباس، هانیان دام، تا بتکوژم."

منیش وتم:

"قەینا ئەوان هانی کوشتنی منیان دایت، بەڵام تۆ لەو جۆرە کەسانە نەبوویت! بەخشندەیی خۆتت نواند."

ئەمجا خەلیفە مەئمون کڕنوشی سوپاسی بۆ خوا برد. دواتر پرسی:

"ئەزانی بۆچی سوپاسی خوام کرد؟"

وتم:

"رەنگە کڕنووشی سوپاس بۆ ئەوە بووبێت، کە بە سەر دوژمنانتا زاڵی کردویت!"

ئەویش وتی:

"نەخێر... کڕنووشم بۆ ئەوە بوو، کە خوا نایە دڵم لێت خۆش ببم. دڵت خۆش بکەم... ئێستاش تۆ بەسەرهاتی خۆتم بۆ بگێڕەوە."

ئەمجا بەسەرهاتی خۆم لەگەڵ "خوێنگرە" و سەرباز و خێزانەکەی و خانمەکەی خۆم کە زۆری یارمەتی دام بۆ گێڕایەوە. مەئمون فەرمانی دا "مولاە"یان هێنا. لە کاتێکدا ئەویش لە ماڵەوە، چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد. خەڵاتی بۆ بنێرن. کە گەیاندیانە لای خەلیفە مەئمون لێی پرسی:

"چی وای لێ کردیت کە لەگەڵ گەورەکەتدا، ناوا بکەیت!؟"

ژنە وتی:

"لەبەر پارە، ئەوەم کرد."

مەئمون دیسان پرسی:

"مێرد و منداڵت هەیە؟"

ژنە وتی:

"نە"

ئەمجا فەرمانی دا ١٠٠ شوولی لێ بدەن و بیخەنە زیندانەوە. ئەمجا سەرباز و ژنەکەی و "خوێنگر"ی بانگ کرد. لە سەربازەکەی پرسی:

"بۆ ئەو کارەی کردووە؟"

سەرباز وتی:

"له بۆ پاره ئەوەم کردووه."
خەلیفە فەرمانی دا، کە سەربازەکە بکەنە شاگردی، خوێنگرێك بە کەڵەشاخ. تاکو فێری خوێنگرتن ببێت. ژنەکەشی بردە کۆشکی خۆی و رێزی گرت و بە کەنیزەکانی کۆشکی وت:
ئەم ژنە ژیرە و شۆڕەژنی تەنگانەیە. بە خوێنگرەکەشی وت:
"بە ویژدانیت هێندە زۆر بوو، دەبێت خەڵاتەکەشت زۆر بێت."
فەرمانی دا خانووی سەربازەکە بدەنە ئەو خەڵاتیشی کرد. ساڵانەی بۆ بڕیەوە.... کە "١٥٠٠٠" دینار بوو.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٧٨

چیرۆکی عەبدوڵڵا کوڕی باوکە قەلایە
شەهرەزاد گێڕایەوە: دەگێڕنەوە کە عەبدوڵلای کوڕی باوکە قەلایە بە دوای وشترە ون بووەکەیدا دەگەڕا. بەرەو بیابانەکانی "یەمەن" و "سبا" رۆیشت تا گەیشتە دیوارێکی مەزن کە بە چواردەوری شارێکدا بڵند بووبووەوە. کە ئەو چەندین باڵاخانەی بڵندی چەندین نهۆمی بەچواردەوردا هەبوو. ئەویش بە نیازی پرسیار کردن لە وشترەکەی خۆی کرد بەو شارەدا. رووانی چۆڵ و هۆڵە ئەویش وتی:
"لە وشترەکەم دابەزیم، ئەمجا وشترەم بەستەوە و بە دەوری دیوارە بڵندەکەدا سووڕام. دوو دەروازەم دۆزیەوە. کە هێندە بڵند بوون لەدنیادا لە شێوەی نەبوو. نەخشابوو، بە گۆی زێڕ و زیو و یاقووت رەنگانی سەوز و سور و سپی تێکەڵ ببوون. کە ئەوەم بینی سەرم لە مەزنی ئەو دەروازە جوانانە سوڕما...! لە دەروازەکەوە چوومە ژوور و زۆریش دەترسام. ئەو دیواری چوار دەوری شارە، تا چاو بڕ بکات درێژ بووبووەوە. خانووەکان پەنجەرە و دەرگایان لەزێڕ و زیو بوو. قفڵ و کلیل و کلۆمەکان، هەموویان مرواری و زێڕ بوون. راخەرەکان مرواری و عەنبەر و میسك و زەعفەران بوون. کە جوان گەڕام و کەسم تیا نەبینی هێندەی دی ترسم لێ نیشت. هەر دەمڕوانی بە بڵندی باڵەخانە و کۆشکە بڵندەکاندا و ئەو دەرك و دەروازە بڵندانەدا. ئەو جۆگە و رووبارە ئاوانەی بە نێو شاردا دەڕۆیشتن. ئەو هەموو درەختە بەردارانە. ئەو دارخورمایانە. دیواری خانووەکان لە خشتی زێڕین و زیوین پێك هاتبوو. بۆیە لە دڵی خۆمدا وتم:
"بەخوا.... رەنگە ئەمە ئەو بەهەشتە بێت، کە خوا پەیمانی پێ داوە بە خواناسان...!"
ئیدی لە زێڕ و مرواری و مەرجان، چەندم بۆ هەلگیرا.. لەگەڵ خۆم هێنامەوە بۆ نیشتمانی خۆم. پیشانی هاولاتیانم دا. ئەم هەواڵە گەیشتەوە لای خەلیفە معاویەی کوڕی ئەبوسوفیان. کە چوومە لای هەندێ لەو مەرجان و عەنبەرەم پیشان دا. سەری سوڕما! ئەمجا ناردی بە دوای کەعبی کوڕی ئەمباردا کە هات پێی وت،

"کەعب ناردوومەتە دووت تاکو ئەم هەواڵەم بۆ پشت راست بکەیتەوە."
کەعب پرسی:
"ئەو هەواڵە چییە؟"
معاویە وتی:
"ئاگات لێیە کە شارێك هەیە لە زێڕ و زیو دروست کراوە. پایەکانی لە "زوبەرجود" و "یاقوت"ە بە مرواری و میسك و عەنبەر و زەعفەران چنراوە؟"
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٧٩

شەهرەزاد گێڕایەوە: کەعبیش وتی:
"بەڵێ.... ئەی میری موسڵمانان بیستوومە و شارەکەش ناوی "ارم ذات المیعاد" الذي لم یخلق مثلها خ البلاد.... ئەوە شەدادی نەوەی "عاد"ی گەورە زەمانی زوو دروستی کردووە."
معاویە وتی:
"کەوابوو.... شتێکمان لە بارەیەوە بۆ بڵێ"
کەعبی ئەمبار وتی:
"نەوەی "عاد"ی گەورە دوو کوڕی هەبوو، یەکێکیان ناوی "شەدید" ئەوی دی "شەداد" بوو. کە باوکیان مرد دوو کوڕەکەی واتە "شەدید" و "شەداد" وڵاتیان بەڕێوە دەبرد. تەنانەت پاشایانی دەورووبەریش، گوێ لە مستیان بوون. شەدیدی برا گەورە مرد و حوکمڕانی کەوتە دەست "شەداد" کە زۆر حەزی لە خوێندنەوەی کتێبە کۆنەکان هەبوو. کە شەداد باسی: بەهەشت و ئەو هەموو رەز و باخ و ئاو و رووبارە جوانانەی تیا دەخوێندەوە حەزی دەکرد لە وێنەی ئەو بەهەشتە لەسەر زەوی دروست بکات. سەدهەزار پاشای سەرزەوی لە ژێر فەرمانیدا بوون. هەر پاشایەکیش نزیکەی ١٠٠٠٠٠ پاڵەوانی هەبوو. هەر پاڵەوانێك ١٠٠٠٠٠ سەربازی لەبەردەستدا بوو. داوای کرد ئەو هەموو پاڵەوانانە بە خۆیان و سەربازەکانیانەوە، کۆ ببنەوە. کە کۆ بوونەوە، ئەم وتارەی بۆ دان:
"براکان.... لە کتێبە کۆنەکاندا.... باسی ئەو دنیام خوێندووەتەوە کە چۆن ئەو هەموو سەربازە هەیە دەمەوێت لەم دنیاش من کارێکی وا بکەم لەوەی ئەو دنیا بچێت. لەو دنیا بەهەشتێك هەیە. دەمەوێت لەم دنیاش لەو بەهەشتە دروست بکەم. بۆیە فەرمانتان پێ دەدەم بگەڕێن زەویەکی تەختی پان و پۆڕ بدۆزنەوە تێیدا شارێکم بۆ دروست بکەن. لە زێڕ و زیو چەوی ژێری لە "زبرجەد" بێت. کۆشك و سەرای زۆری تیا بڵند بکەنەوە کە پایە و کۆڵەکەکانی لە مرواری و یاقوت و مەرجان بێت. لە سەر شۆستە و لارێکانی دار و درەختی بەردار بروێنن و رووبار و جۆگە ناوی بکەنە سەر و بە شارەکەدا بڕوات. جۆگەلەکانیان با لە زێڕ و زیو بێت. نوێنەری ئەو سوپا مەزنە لە شەداد شای پرسی:

"ئەو زێڕ و زیو و مرواری و زبرجەد و یاقووتانە لە کوێ بهێنین!؟"
ئەویش وتی:
"ئەی نازانن پاشایانی سەرزەوی ملکەچی منن!!؟ کەسیان ناتوانن سەرپێچی بکەن و فەرمانەکەم جێبەجێ نەکەن."
ئەمجا نامەی بۆ پاشایانی سەرزەوی نووسی و فەرمانی پێدان زێڕ و زیو کۆ بکەنەوە و ئەو شارە پێکەوە دروست بکەن... و لە بنی دەریاکاندا مرواری و یاقوت و مەرجان دەربهێنن."

ئەوانیش فەرمانەکەیان لە ماوەی ٢٠ ساڵی رەبەقدا جێبەجێ کرد. ٣٦٠ پاشای دەورووبەر زۆر دەوڵەمەند بوون. ئەوانە کۆ بوونەوە و کەوتنە گەڕان تاکو بیابانێکیان دەست نیشان کرد. ئەندازیار و بیناسازان و وەستایان و لێکۆڵینەوەیان بۆ کرد و بینیان زەوی تۆکمە و لەبارە. ئاو و کانیاو و رووباری زۆرە ئەمجا وتیان:
"ئەمە ئەو زەوییە کە پاشای گەورە فەرمانی پێ داوین، ئەو شارەی لەسەر دروست بکەین."

ئەمجا بە پانی و درێژیدا ئەو هەموو کەوتنە کار و جۆگەو رووبار و پردیان بۆ هەڵبەست. کەوتنە داڕشتنی بناغەی خانوو کۆشکان ئەمجا پاشایانی سەرزەوی کەوتنە ناردنی بەردی بە نرخ و زێڕ و زیو و کەشتیە مەزنەکان کەوتنە گواستنەوەیان. ئەو پرۆژەیە ٣٠٠ ساڵی پێچووە، تاکو تەواو بوو. کە چوونە لای شای ئەو سەردەمە و مژدەی تەواو بوونیان دایە، ئەویش فەرمانی دا دیوارێکی بڵند بە چوار دەوریدا بڵند بکەنەوە. ئەمجا بە چوار دەوریا ١٠٠٠ کۆشك دروست بکەن. هەر کۆشکێك بدەنە وەزیرێك. بۆ ئەم نەخشەیەش ٢٠ ساڵی ویست. ئەمجا شا فەرمانی دا ١٠٠٠ وەزیریان گواستەوە لە دەوڵەتانەوە بۆ ئەو کۆشکانەی شاری "ئیرە مەزادی عیماد". بۆ ئەو خۆ ئامادە کردنەش ٢٠ ساڵی پێچوو. ئەمجا شای ئەو کاتە بەرێکەوت لەگەڵ ئەو کاروانە بێ کۆتاییەدا. دوو لە سەر سێی رێگایان بڕی کە خوا، غەزەبی لێ گرتن، لە ئاسمانەوە بۆیان باری ئەوە بوو، خوا..... نەیهێشت بگەنە ئەو شارە مەزنە و رۆچوون.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو................ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٨٠

شەهرەزاد وتی: معاویە، سەری لەم هەواڵەی "کەعبی ئەمبار" سوڕما. ئەمجا پرسی:
"ئێستا کەس دەتوانێ بگاتە ئەو شارە؟"
ئەویش وتی:
"بەڵێ کەسێك هەیە."
شەعبی وتی:

"لەزانایانی حومەیی یەمەن دەگێڕنەوە کە وتویانە شا شەدادی بچووک، دواتر بووەتە پاشا باوکی ناوی "شەدادی" گەورە بوو. بووە جێنشینی. حوکمڕانی "حەزرەموت" و "سەبە"ی کرد. دوای ئەوە چووە سەربازگەی "ئیرەمەزادی عیمادە"وە. لە ڕێگا هەواڵی مردنی باوکی بیست فەرمانی دا لاشەی بار بکەن و بیهێنن بۆ "حەزرەمەوت" فەرمانی دا لەوێش لە ئەشکەوتێکدا گۆڕی بۆ هەڵبکەنن. لە گۆڕیچەیەکدا ٧٠ ڕاخەری بە زێڕ چنراویان بۆ ڕاخست. کە ئەمەیان تێدا نووسرابوو:

ئەی لە خۆبایی بە تەمەنی زۆر پەندێ وەرگرە.... هەر دەچیتە گۆڕ
منم شەدادی کوڕ عاد ناسراو خاوەنی گومەز و قەڵای سەربەمۆر
ناسراوی دینا، بەهێز و توانا خاوەنی دنیاو نازای شەڕ و شۆڕ
سەرزەمین لە ژێر دەستی منا بوو سوپام بەهێز و بە ورەی نەگۆڕ
ڕۆژاوا و هەڵات ڕکیفی من بوو داگیرم کردن هەر بە زوڵم و زۆر
بانگهێشتی ڕێگای ڕاست کراینەوە پشت لە تاریکی و ڕوو بکەینە خۆر
ملهوڕیمان کرد، لە ڕێگا دەرچووینبانگمان کرد، دەبا: نازا بێتە گۆڕ
لە ناکاو، گوێمان لە ناڵەیەك بوو کە لە ئاسۆوە بووە گرم و هوڕ
وەك دڕکی دەم با.. تلۆر بوونەوە یاخود دارێکی سوکەڵەی کلۆر
"ثعالبی" وتی:

"وارێکەوت دوو پیاو چوونە ئەو ئەشکەوتەوە. لە دەمی ئەشکەوتەکەدا پەیژەیەك بەرەوخوار دەبوووە. چوونە چاڵێکەوە، کە ١٠٠ باڵێك قووڵ بوو. پاینەکەشی ٤٠ باڵ دەبوو. لەناوە ڕاستیدا چرپایەکی زێڕین هەبوو. پیاوێکیان بینی کە مل بە ملوانەکە و تانوپۆی بەرگی لەزێڕ و زیو بوو. کە تانوپۆی زێڕ و زیو بوو پارچەیەك زێڕ بە نێوچاوانیەوە بوو. کە لەسەری نووسرابوو. ئەوانیش ئەو پارچە زێڕەی سەریان داکەند و هەڵیان گرت. ئیدی چییان بۆ هەڵگیرا، لێیان کردەوە، لەو زێڕ و زیوە.

شەهرەزدا هەستی کرد شەو درەنگ بوو................ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٨١

# چیرۆکی ئیسحاقی موسڵی

شەهرەزاد وتی: دەڵێن ئیسحاقی موسڵی وتویەتی:

"شەوێکیان لای خەلیفە مەئمونەوە بەرەوماڵ بوومەوە. بە کۆڵانێکدا ڕۆیشتم سەبەتەیەکی گەورەم بینی لە باڵەخانەیەکەوە شۆڕ بووبووەوە. چوار لای بە گوریس بەسترابوو. منیش دەستێکم لێ دا. ئیدی نازانم بۆ حەزم کرد لە ناویدا دابنیشم! لە ناویدا دانیشتم. هێندەم زانی سەبەتە گەورەکەیان هەڵکێشایەوە. کە پێیان وابوو من ئەو کەسەم کە

چاوەڕێیان دەکرد. بڵندیان کردمەوە کە گەیشتمە سەر دیوارەکە یەکسەر ٤ کەنیزەك پێیان وتم:

"فەرموو.... وەرە دەرەوە. بەخێر بێت."

ئەمجا شوێن کەنیزەکێکیان کەوتم بردمی تا گەیشتینە دیوەخانێکی بە فەرش راخراو. کە دیوەخانی پاشاياندا نەبوایە، ئەم دی بوو. نزیکەی سەعاتێك دانیشتم. دواتر لە لایەکی دیوارەکەوە پەردەیەك لادرا. کۆمەڵە کیژێك کە زۆر جوان بوون بە سینییەك مۆم و بووخوردەوە هاتن. یەکێکیان هاتە لامەوە و وتی:

"بەخێر بێیت، میوانی ئازیز."

ئەمجا هەواڵی پرسیم. منیش پێم وت:

"لای کۆمەڵێك هاوڕێی خۆم بووم. کاتەکە درەنگ بوو. لە خۆمەوە خۆم کرد بە کۆڵانێکدا. سەبەتەیەکم بینی. لە سەر زەوی بوو. منیش سەرخۆش بووم بۆیە بێ بایەخانە چوومە ناوی و دانیشتم. ئەمجا سەبەتەکەیان بڵند کردەوە، هێنامیانە ئێرە..!! ئەمەیە هەواڵی من."

کیژە وتی:

"گوێ مەدەرێ... کاری خێرت کردووە"

ئەمجا پرسی:

"چ کارەیت؟"

وتم:

"بازرگانێکی بازاڕی بەغدام."

ئەمجا پرسی:

"هیچ لە شیعرت لەبەرە؟"

منیش وتم:

"شتێکی کەم!"

کیژە وتی:

"دە شتێکمان بۆ بڵێ."

منیش وتم:

"جارێ من حەپەساوم، تۆ دەست پێ بکە."

وتی:

"راست دەکەیت."

ئەمجا هەندێکیشی لە شیعرە کۆنە خۆشەکان خوێندەوە. منیش نەمدەزانی بە جوانی و رەوشتەکەی موعجیب بم یان بەو شیعرە جوانانەی...! ئەمجا پرسی:

"سەرسوڕمانەکەت رەویەوە؟"

وتم:

"ئەرێ بەخوا."

ئەمجا وتی:

"کەوا بێت... شتێکمان بۆ بگێرەوە."

منیش هەندێکم لە پەندی پێشینان بۆ گێرایەوە. ئیتر وتی:

"بەو خوایە.... پێم وانەبوو، کە رەمەکی خەڵکەکەدا کەسی وەکو تۆی تیایە!!"

ئەمجا فەرمانی دا.... خواردنیان هێنا. سەیرم کرد هەندێ خواردن و میوەی خستە بەردەمم، کە پاشایانیش نەیان بینی بوو!! ئەمجا شەرابی داوا کرد و پێکێکم هەڵدا. ئەمجا پەرداخێکی دی پێم دا دواتر هەندێك هەواڵم بۆ باس کرد. زۆری پێخۆش بوو. ئەمجا وتی:

"پێم سەیرە، بازرگانێك چۆن ئەم زانیاریانەی لایە!!؟"

منیش وتم:

"ئاخر.... دراوسێیەکمان هەبوو... تێکەڵی پاشایان بوو. منیش هاتوچۆم دەکرد، ئەمانە لە ئەوەوە فێر بووم!"

ئەویش وتی:

"بەم کەللەیە، چاکت لەبەر کردووە."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٨٢

شەهرەزاد وتی: ئیدی باسی رابردوو، خایاندی. هەر کاتێك بێدەنگ دەبووم کیژەکە دەستی بە قسە کردن دەکرد. بۆنی دارعوود و بخوردیش بڵند دەبووەوە. ئەمجا کیژە وتی:

"تۆ پیاوێکی نەرم و نیان و چاکیت، زۆر بە رەوشتی تەنیا شتێکت ماوە."

منیش وتم:

"ئەو شتە چییە؟"

ئەویش وتی:

"ئەگەر عودەکەیشت لەگەڵیدا لێ بدایە و بە ئاوازەوە شیعرەکانت بوتایە."

منیش وتم:

"کاتی خۆی حەزم لە لێدانی دەکرد و بە کارم دەهێنا، بەڵام بەختی منی تیادا نەبوو، بۆیە کۆڵم لێدا. حەزیش دەکەم بمتوانیبا زۆر باش عوودەکەم بەکار بهێنایە... تاکو ئەم شەومان خۆش بووایە."

ئەویش وتی:

"لەوە دەچێت حەز بکەیت عوودەکەت بۆ بهێنن."

وتم:

"چونکە منەتبارتم، بەدڵی خۆت."

کە هێنایان دەستی بە گۆرانی وتن کرد. کە زۆر دەنگی خۆش بوو. دواتر پرسی:

"دەزانیت ئەم شیعرە و ئاوازە هی کێیە؟"

وتم:

"نە"

وتی:

"شیعرەکە هی فڵانە و ئاوازی ئیسحاق"

پرسیم:

"هێندە بە توانایە؟"

وتی:

"بەه.... بەه.... ئیسحاق هێندە بەهرەمەند بێت؟"

وتم:

"پەنا بە خوا.... لەم بەهرەیە! کە بە ئەوی داوە... بە کەسێکی دی نەداوە."

ئەویش وتی:

"جا.... ئەگەر ئەم ئاوازەت بە دەنگی خۆی ببیستایە چیت دەوت!!؟"

بەم شێوەیە عوودی ژەن و گۆرانی وت. تاکو بەرەبەیان هات ئەمجا پیرەژن هاتە لای و وتی:

"کاتی خۆیەتی"

کە ئەمەی وت، هەستا و وتی:

"با..... کۆڕەکەمان لێ تێك نەچێت."

پێم وت:

"بە قوربانت بم پێویست ناکات"

ئەمجا خواحافیزی لێ کردم. کەنیزەکێکی لەگەڵم نارد تاکو دەرگای دەرەوە. دەرگای بۆ کردمەوە و چوومە دەرەوە. ئەمجا بەرەو ماڵ بوومەوە. نوێژی بەیانیم کرد و نووستم. بۆ بەیانیدا، نێرراوی خەلیفە مەئمون هاتە شوێنم، لەگەڵی رۆیشتم، تاکو ئێوارە لەلای بووم، کە بیرم کەوتەوە، دوێنێ لە چ خۆشیەکدا بووم. بەو کۆڵانەدا گەڕامەوە. دەڕوانم دیسان سەبەتەکە لەسەر زەوی دانراوە. چوومە ناوی و لێی دانیشتم. بڵندیان کردمەوە بۆ سەر دیوارەکەی دوێنێ و کەنیزەکێك هات و وتی:

"پێمان فێر بوویت!؟"

وتم:

"وانییە.... بە هەڵە هاتووم."

ئەمجا وەکو شەوی پێشوو، دەستمان کرد بە قسە و باسی رابردوومان و چیرۆکە سەیرەکانی تاکو بەرەبەیان دیسان خۆم گەیاندەوە ماڵ و نوێژی بەیانیم کرد و لێی نووستم. دیسان رۆژی دواتر، خەلیفە مەئمون، ناردیە شوێنم و ئەو رۆژە تاکو ئێوارە لای ئەو بەسەرم برد. دەمەو ئێوارە، پێی وتم: سوێندت دەدەم، نەڕۆیت تاکو پێویستییەکم هەیە، دەچم دەی هێنم و دێمەوە لات."

که خەلیفە رۆیشت و هەر خۆم مامەوە، کەوتمە بیر کردنەوە.... چونکە دڵم لەم کارە پیس کرد. ئاخر.... دوو ئێوارە لەو خۆشیەدا بووم. ئێستا چۆن جێ بەخۆم دەگرم...!؟ بۆیە... بە پەلە ماڵی خەلیفەم جێهێشت و بەرەو کۆڵان و زەمیلەکە، کە سەریان خستمەوە و بردمیانە لای کەنیزەك، ئەویش کە منی بینی ناسیمیەوە و وتی:

"بەخێر بێیت هاوڕێ"

منیش وتم:

"ئەرێ وەڵلا، ئەوی دوێنێم و هاتوومەوە."

وتی:

"خۆ... ئێرە ماڵی خۆت نییە وا هەموو شەوێك لێرەیت!"

منیش وتم:

"میوانداری ٣ رۆژ بەرێوە دەچێت ! ئەگەر کردمە چوار ئەوا... خوێنم حەڵاڵت بێت."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو....... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٨٣

شەهرەزاد وتی: بە هەمان شێوە پێکەوە دانیشتن. کە شەوگارمان درەنگ کرد. لە دڵی خۆمدا وتم: بەو خوایە..... سبەینێ کە مەئمون ناردیەوە بە شوێنمدا، لێم دەپرسێت کە ئاخۆز.. بۆچی ئەمشەو، قسەیم شکاند و خۆم دزیەوە و دەرچوومەتە دەرەوە؟ من دەیناسم تاکو ئەم دانیشتنانەی بۆ نەگێڕمەوە کۆڵم لێ نادات. بۆیە بە کەنیزەکەی وت:

"وای دەبینم زۆر حەزت لە دەنگی "ئیسحاق" بێت. منیش ئامۆزایەکم هەیە لە خۆم بەرێزتر و خاوەن کەسێتی. کەس نییە بە هێندەی ئەو شارەزای ئاوازی ئیسحاق بێت."

کەنیزەکەکە وتی:

"بۆچی تۆ زیادە لە سکیت؟ دەتەوێ ئەویش بە ئێرە فێر بکەیت!؟"

منیش وتم:

"فەرمان فەرمانی خۆتە... چی دەڵێیت، بیلێ!"

کەنیزەکەکە وتی:

"وەکو خۆت دەڵێیت.... ئامۆزاتە.... پێم ناخۆش نییە، بیناسم."

ئیدی منیش بەرەو ماڵ بوومەوە، هێندەی نەبرد سێ کەسی نێردراوی "مەئمون" هاتن و هەر دامیان بە کۆڵیاندا و گەیاندمیانە کۆشکی خەلیفە. کە سەیر دەکەم لە سەر کورسیەکەی دانیشتووە و زۆر لێم پڕە. ئەمجا وتی:

"ئیسحاق ئەوە لە قسەم دەرچوویت؟"

منیش وتم:

"نە بەخوا... ئەی میری موسڵمانان"

وتی:
"دە کەواتە، راستگۆیانە چیرۆکی خۆتم بۆ بگێڕەوە!"
منیش وتم:
"بە چاوان.... بەڵام دەبێت هەر هەردوکمان بین."
ئەمجا چاوم لێ داخست. ئەویش دەورووبەرەکەی بەڕێ کرد. کە هەر دووکمان ماینەوە
وتم:
"پەیمانم داوە بەو کە بت بەم."
وتی:
"چاکت کردووە."
ئەمجا ئەو رۆژەمان بە خۆشی بردە سەر، کە ئێوارە هات و رۆیشتین، لە رێگا ئامۆژگاریم کرد کە هەرگیز بە ناوی خۆمەوە، بانگم نەکات. وای دابنێت کە من سەر بەو کەنیزەکەم. ئەمجا ئێوارە دەرچووین و چووینە کۆڵانەکەوە و روانیم ئەمجا دوو سەبەتە ئامادەیە، هەر یەکەمان لە یەکێکیاندا دانیشتین. بەرەوروومان هاتن ئەو کەنیزەکانە بەخێریان هێنایین. کە مەئمون کەنیزەکەکەی بینی زۆری بەلاوە جوان بوو. ئەمجا دەستی کردە خوێندنەوەی شیعر و گێڕانەوەی هەندێك بەسەرهاتی مێژوویی. ئەمجا شەراب دانراوە خواردمانەوە. کەنیزەکەکە رووی خۆشی دایە مەئمون و زۆری بە دڵ بوو. کەنیزەکەکە عودەکەی بە دەستەوە گرت و ئاوازی چڕی. پێی وتم:
"ئاخۆ... ئەم ئامۆزایەت بازرگانە؟"
وتم:
"بەڵێ."
وتی:
"ئێوە زۆر لە یەك دەچن."
دیسان وتم:
"بەڵێ"
کە مەئمون سێ پێکی هەڵدا شادی بە سەریدا زاڵ بوو، هاواری کرد:
"ئەی ئیسحاق"
منیش وتم:
"لە پەزێرایتدام.... میری موسڵمانان"
وتی:
"ئاوا.... گۆرانی بڵێ."
کە کیژە زانی... ئەوە خەلیفە مەئمونە... هەستا و رۆیشت لەو دیوەوە گۆرانیەکەی تەواو کرد. ئەمجا مەئمون پرسی:
"بزانە.. خاوەنی ئەم خانووە کێیە؟"
پیرەژنەکە وەڵامی دایەوە:

"خاوەنەکەی ناوی حەسەن کوڕی سەهل"ە.

ئەمجا وتی:

"بۆم بێنن"

پیرەژنە بۆ ماوەی سەعاتێك ون بوو کە گەڕایەوە، "حەسەن کوڕی سەهل" ی لەگەڵ بوو.

مەئمون لە حەسەنی پرسی:

"تۆ کچت هەیە؟"

حەسەن وتی:

"بەڵێ.... ناوی خەدیجەیە."

ئەمجا پێی وت:

"شووی کردووە؟"

ئەویش وتی:

"نە بەخوا"

ئەمجا مەئمون وتی:

"دە... وا من داوات لێ دەکەم."

ئەویش وتی:

"کەنیزەکی خۆتە..... چۆنت پێخۆشە وا بکە."

خەلیفە وتی:

"ئەوا بە مارەیی ٣٠٠٠٠ دینار، کە رۆژ بووەوە دەتدەمێ. پەسەندم کرد."

حەسەن وتی:

"وا، منیش پەسەندم کرد."

ئەمجا چووینە دەرەوە. خەلیفە پێی وتم:

"ئیسحاق، لای کەس باسی مەکە."

تاکو ئەو کاتەی مەئمون مرد باسم نەکرد. بە راستی لە ژیانمدا ژنی وەکو "خەدیجە"م زیرەك نەبینی بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٨٤

## چیرۆکی پیاوە بەنگ کێشەکە

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە: پیاوێك لە کاتی سوڕانەوە بە دەوری کەعبەدا خۆی بە پەردەیەکدا هەڵواسی بوو. زۆر بە کوڵ هاواری دەکرد:

"خوایە.... ئەو ژنە رق هەڵ بستێنیت لە مێردەکەی، بەڵکو لە من بدات."

هەندێ لە حاجیان کە گوێیان لەم نزایەی بوو، گرتیان و هێنایان بۆ لای پێشەنگی حاجیان دوای ئەوەی بیرازێکی باشیان کرد. وتیان:

"ئەی پێشەنگ.... ئەم پیاوەمان بینی نزایەکی وای لە کاتی سوڕانەوە بە دەوری کەعبەدا دەکرد"

میری حاجیان فەرمانی دا، کە سەری ببڕن. پیاوە هاواری لێ هەستا:

"تو پێغەمبەر "د.خ" گوێم لێ بگرن تاکو بەسەرهاتی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە.... دواتر چیم لێ دەکەن بیکەن."

پێشەنگی حاجیان وتی:

"فەرموو"

کابرا دەستی پێکرد:

"من کابرایەکی بەنگ کێشم.:. لە قەسابخانەیەك، مەڕ دەگرووم. جل و بەرگم خوێناوی دەبێت. ڕۆژێکیان کەرو بارەکەم دایە پێش. گەیشتمە کۆڵانێك هەر خەڵکم دەبینی رایان دەکرد. یەکێك لەخزمەتکاران پێی وتم:

"خۆت بکە، بە ئەو کۆڵانە تەنگەبەرەدا، تا نەکوژراویت!"

منیش پرسیم:

"ئەم خەڵکە بۆ رادەکەن؟"

ئەویش وتی:

"ئەوە ژنی یەکێکە لە کەڵە پیاوانی مەملەکەت."

ئیدی هەر خزمەتکار بوو، بە شووڵی تەڕ لە ڕێبوارانیان دەدا. گوێیان بە کەس نەدەدا. منیش کەر و بارەکەم کرد بە پێچێکی کۆڵاندا، چاوەڕێی ئەوەم دەکرد کە ڕێگاکە چۆڵ ببێت. ئەمجا بڕۆم. سەیرم کرد نزیکەی ٣٠ کەنیزەك بەو ڕێگایەدا هاتن. یەکێك لە ناویاندا دەتوت... سنەوبەرە! یان ئاسکێکی تینوو هەر زۆر شۆخ و شەنگ بوو. ئەوانی دی لە پەزێراییدا بوون. کە گەیشتنە ئەو پێچەی من کەروبارەکەم لێ وەستاندبوو سەیرێکی راست و چەپی خۆی کرد و کۆیلە خەساوێکی بانگ کرد و چرپانی بەگوێیدا، ئەویش هات و منی گرت. خەساوێکی تر کەروبارەکەمی برد، بە گوریسێك هەر دوو دەستی بەستم و شوێن خۆی خستم. خەڵکەکەش هاواری کرد:

"ئەوە پیاوە بەنگ کێشەکەیە، داماوە چی کردووە؟ وا دەستیان بەست."

ئەمجا بە کۆیلە خەساوەکانیان وت:

"بۆ خاتری خوا بەری بدەن."

منیش لە دڵی خۆمدا وتم:

"بە خوا.. هەبێ و نەبێت بۆنی ئەو پێستە و خوێناوەی باری کەرەکەمی کردوە، ئێڵنجی داوە، لە داخدا منی گرتووە!"

شوێنیان کەوتم تاکو گەیشتینە هۆڵێکی گەورە، کە خۆیشم نازانم چۆنی وەسف بکەم...! ڕاخەرێکی زۆر جوانی تیا ڕاخرابوو.ئەمجا کەنیزەکان هاتنە ژوور و منیش گوریسەکەم بە دەست خەساوێکەوەیە. لە دڵی خۆمدا وتم:

"ڕەنگە لەم خانووەدا بێکەس کوژم بکەن!"

ئەمجا منیان کرد بەگەرماوێکدا، کە دەرگاکەی لەسەر هۆڵەکە بوو. هێندەم زانی ٣ خزمەتکار خۆیان کرد بە گەرماوەکەی مندا پێیان وتم:

"دەی هەر چیەکت لەبەردایە.... دایان بکەنە."

یەکێکیان قاچمی شت! یەکێکی دی سەری شتم. کە لەشتنم بوونەوە، بوخچەیەك بەرگیان داپێم. وتیان:

"بڕۆ..... ئەم بەرگانە لەبەر بکە."

منیش کە وتم نازانم لەبەریان بکەم، بە پێکەنینەوە بەرگەکانیان لەبەر کردم.

شەهرەزادە هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٨٥

شەهرەزاد وتی: ئەمجا گوڵاویان هێنا و پرژاندیان پێمدا. لەگەڵ خۆیان بردمیانە هۆڵێکەوە، بەو خوایە.... نازانم چۆنی وەسفی بکەم... هێندەی ڕاخەری جوان تیابوو. ڕوانیم کیژێك لەسەر قەنەفەیەك دانیشتبوو. کە لە دارحەیزەران دروست کرابوو، قاچەکانیشی لە داری ساج بوو، چەند کەنیزەکێك لە دەورووبەریدا، لە پەزێراییدا بوون، کە منی بینی لەبەرم هەستا و بانگی کردم بە تەنیشت خۆیەوە دایناوم. ئەمجا فەرمانی دا سفرە و خوان دابنێن. خواردن دانرا و دەستمان پێکرد. هەندێ خواردنم خوارد، کە لە ژیانمدا نەمدیبوو.

شەهرەزاد وتی: بەنگ کێش وتی:

"کەوتمە بیر کردنەوە لە خۆم. دوا نیوەڕۆ خزمەتکارێك هات و وتی:

"خاتوونم، دەیەوێت بت بینێت."

لەگەڵیدا ڕۆیشتم. ڕێی پێدام چوومە ژوورەوە. کڕنووشم بۆ برد. فەرمانی دا لای خۆیەوە دانیشتم وەکو جاران، ناردیەوە شوێن خواردن دا. ئەمجا دەسرۆکەیەکی دایە دەستم. دەڕوانم ٥٠ مسقاڵ زێڕی تیابوو. ئەمجا گەڕامەوە ژوورە گەنجینەکەی خۆم دەسڕەکەم تیادا شاردەوە. بەمجۆرە هەموو ڕۆژێك دەچوومە لای و دوای نان خواردن ٥٠ دیناری دەدامێ. دەڕۆیشتمەوە لە ماڵ هەڵم دەگرت. ڕۆژی هەشتەم هێندەم زانی کەنیزەکێك بە ڕاکردن هاتە دووم وتی:

"بڕۆ بۆ ئەو نهۆمەی سەرەوە."

کە چوومە ڕاڕەوی نهۆمی سەرەوە دالانێك بوو بانیژەکەی دەیڕوانییە سەر کۆڵانەکەدا. لەوێوە سەیری خوارەوەم کرد. لاوێکم بینی دابەزی و خۆی کرد بە هۆڵدا. ئەمجا کە کیژەی

بینی لەسەر سەکۆ دانیشتووە کڕنووشی بۆ برد بەڵام ئەم نەیدوان... ئەمجا کەوتە مەرایی کردن.... تاکو دڵی هێنایەوە جێ و ناشتی کردەوە. کە ڕۆژ بووەوە سەربازان هاتن ئەمجا فەرمانی دا، منیان بۆ برد. پێی وتم:

"ئەو پیاوەی دوێنێت بینی؟"وتم:

"بەڵێ" وتی:

"ئەوە مێردمە.... بەڵام وا بە سەرهاتی خۆمت لەگەڵیدا بۆ دەگێڕمەوە. ڕۆژێکیان پێکەوە لە باخچەی ماڵەوە دانیشتبووین. هەستا و ڕۆیشت پتر لە سەعاتێکی پێچوو نەگەڕایەوە، منیش بە دوایدا گەڕام و نەمدۆزیەوە، لە چێشتخانەکەدا، کەنیزەکێکم بینی و پرسیارم لێ کرد و وتی: ئەویش بردمیە سەری.... دەڕوانم زۆر بەتاسەوە بە دەست خواردنی ناو مەنجەڵ دەخوات. ئیدی لە داخی ئەودا سوێندم خوارد لەگەڵ پیس و پۆخل ترین کەسدا نان بخۆم ئەو ڕۆژەی تۆم گرت. چوار ڕۆژ بوو، بە دوای پیس و پۆخڵدا دەگەڕام. لە تۆم پیس و پۆخڵ تر نەدۆزیەوە.... بۆیە تۆم هێنایە لای خۆم. تاکو سوێندم نەکەوێت.... ئێستاش سوێندەکەم نەکەوتووە. پیاوەکەمت بینی گەڕاوەتەوە. کەواتە تۆم پێویست نییە! هەر جارێك گەڕایەوە سەر ئەو ڕەوشتەی منیش جارێکی دی دەنێرمەوە بە شوێنت دا. ئەمجا فەرمانی دا... منیان دەر کرد. دوای ئەوەی ٤٠٠ مسقاڵس زێڕی پێشکەش کردم. منیش وا هاتوومە ئێرە و دەست بە نزام کە مێردەکەی بگەڕێتەوە سەر ڕەوشتە ناشیرینەکەی تاکو منیش بگەڕێمەوە سەر ئەو ناز و نیعمەتە. کە پێشەنگی حاجیان ئەمەی بیست.... بەریدا و بە حاجیانی وت:

"توخوا... ئێوەش بۆی بپاڕێنەوە! بەخوا حەقی خۆیەتی"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٨٦

چیرۆکی هاورن رەشید و خەلیفەی دووەم

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە: شەوێکیان، هارونەرەشید، زۆر لە دڵەڕاوکێدا دەبێت. دەنێرێت بە شوێن جەعفەری بەرمەکیدا کە هێنایان پێی وت:

"ئەمشەو دڵم زۆر تەنگە.... با بڕۆینە نێو کۆڵانانی بەغدا و سەر ڕێگا.... تێکەڵ بین لەگەڵ خەڵکا. بەرگی بازرگانی لەبەر دەکەین، تاکو... نەناسرێینەوە...!"

وەزیر وتی:

"بەچاوان"

هەر زوو خۆیان گۆڕی و مەسروری شمشێربازیشیان لەگەڵ خۆیان برد و بەرەو ڕووباری "دیجلە" ڕۆیشتن. لەوێ پیرەمێردێکیان بینی بە سەر بەلەمێکەوە. پێیان وت:

"حەز دەکەین، کەمێك بمان گێڕیت، ئەوەش دینارێك کرێی بەلەمەکەت."

ئەویش پێی وتن:

"کێ دەوێرێت، بە ڕووباری دیجلەدا بگەڕێت! چونکە هەموو شەوێك خەلیفە هارونەرەشید بە خۆی و دەست و پێوەندەکانیەوە، دەگەڕێت. هەر کەسێکیان لە ڕووباردا بینی لە ملی دەدەن." بۆ ئەم فەرمانەش جارچی بەسەر بەلەمەکیانەوە هاوار دەکات:

"خەلکینە؛ پیاوان و ژنان و منالان... هەر کەسێك بە سەر ئەم ڕووبارەوە ببینرێت بە کۆلەکەی بەلەمەکەی خۆیدا هەلدەواسرێت و لە سێدارە دەدرێت."

ئەوانیش وتیان:

"مامە گیان، ئێمە بۆ پیاسە کردن سوار دەبین. هەر کە ئەوانمان بینی... کرێیەکەشت بۆ دەکەم بە دوو دینار."

پیرەمێردەش وتی:

"بێنە پارەکە.... پشت بە خوا دەڕۆین."

ئەمجا کەوتە سەوڵ لێدان هێندە نەڕۆیشتبوون... بەلەمێکیان بینی، کە کۆمەڵە فانۆسێکی داگیرساوی پیا هەلواسرابوو. پیرەمێرد وتی:

"پێم نەوتن هەموو شەوێك هارونەرەشید خۆی بە ڕووباری دیجلەدا دەگەڕێت!؟"

ئەمجا لەبەر خۆیەوە وتی:

"خوایە.... خۆمان داوەتە پەنای تۆ."

بەلەمەکەی کردە، ژێر گۆمەزێکی نێو ئاوەکەدا، پالتۆیەکی ڕەشی دا بە سەریاندا. دوای کەمێك لە ژێر پالتۆکەوە، کەوتنە سەیر کردن، پیاوێکیان بینی مەشخەلێکی زێڕینی داگیرساوی بە دەستەوە بوو، کە بە دار "قاقلە" دەسوتا تورەکەیەکی سووری پڕ دارقاقلە، دابووی بە شانیدا. جامانەیەکی موسلیشی بە سەرەوە بوو. لەو سەری بەلەمەکەیش یەکێکی دی هەبوو. کە جل و بەرگی وەکو ئەوی لەبەر بوو. هەمان جۆری مەشخەلیش بە دەستەوە بوو. ٢٠٠ خزمەتکار بە دوو ڕیز وەستابوون. کورسییەکی زێڕین لە ناوەڕاستی بەلەمەکەدا دانرابوو. لاوێکی لەسەر دانیشتبوو. بەرگی ڕەشی خەتخەتی زێڕینی لەبەردا بوو. یەکێکیش لەبەردەمیدا ڕاوەستابوو. کە هەر لە ئەبو جەعفەری وەزیر دەچوو. خزمەتکارێکیش لەولایانەوە وەستابوو. شمشێرێکی بە دەستەوە بوو. هەر دەتوت مەسروری شمشێربازە. کە خەلیفە ئەمەی بینی وتی:

"جەعفەر"

ئەویش وتی:

"بەلێ"

ئەمجا وتیەوە:

"وەزیر"

ئەویش وتی:

"بەلێ گەورەم."

وتی:

"ئەو خزمەتکارەی ئەوسەریش هەر دەڵێی مەسروری شمشێربازە. هێندەم پێ سەیرە.. جەعفەر!"

ئەمجا خەلیفە وتی:

"جەعفەر"

ئەویش وتی:

"بەڵێ گەورەم."

خەلیفە وتی:

"رەنگە ئەوەی لەسەر کورسییەکە دانیشتووە، یەکێك لە کوڕەکانم بێت! جا... نازانم: ئەمینە!؟ یان مەئموونە!!"

کە بەلەمی خەلیفە درۆزنە لە چاو ون بوو... پیرەمێردی خاوەن بەلەم بەدەم سەوڵ لێدانەوە وتی:

"سوپاس بۆ خوا، کە نەیان بینین."

ئەمجا خەلیفە پرسی:

"مامە پیرە.... ئاخۆ: خەلیفە بەم کەشتیەوە.... هەموو شەوێك، بە رووباری دیجلەدا، دەگەڕێت!؟"

پیرەمێرد وتی:

"بەڵێ گەورەم، ئەمە بۆ ساڵێك دەچێت، هەموو شەوێك ئەمە پیشەیەتی!"

ئەمجا خەلیفە وتی:

."ئێمە نامۆین بەم شارە.... ئەم شەو بۆ نووستن دەڕۆینەوە خان. بەڵام سبەینێ ئێوارە دێینەوە، هەمان شوێن.... دیسان تۆش وەرەوە سوارمان بکەرەوە. منیش کرێیەکەت دەکەمە ٥ دینار."

پیرەمێرد وتی:

"بە چاوان"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٨٧

شەهرەزاد وتی: ئەمجا گەڕانەوە بۆ کۆشك و خۆیان گۆڕی. بۆ سبەینێ خەلیفە چووە سەرای حوکمڕانی و دەوڵەتی بەڕێوە برد، بۆ ئێوارەدا رووی کردەوە جەعفەر و وتی:

"ئەمشەویش خۆت ئامادە بکە، با بچینەوە لای خەلیفە درۆینە."

ئەمجا لەگەڵ خەلیفەدا، جەعفەر و مەسروری شمشێربازیش خۆیان گۆڕییەوە لە دەرگای پشتەوەی کۆشك چوونە دەرێ. کە گەیشتنە سەر رووباری دیجلە، بەلەمەکەی دوێنێ شەو چاوەڕێیان بوو. سواربوون، ماوەیەك بە ناو ئاوەکەدا رۆیشتن، هێندەیان زانی خەلیفە

درۆینەکە بە کەشتیەکەوە پەیدا بوو کە جوان سەرنجیان دا.... ٢٠٠ خزمەتکاری تێدا بوو. کە هیچیان ئەوانەی دوێنێ نەبوون. ئەمشەویش هاواریان دەکرد کەوا هەر کەس نزیک کۆشک بکەوێتەوە لە سێدارە دەدرێت. خەلیفە بە جەعفەری وت:

"ئەگەر ئەم بەسەرهاتەیان بۆ بگێرامایەتەوە بڕوام نەدەکرد! کەچی.... ئەوا.... بە چاوی خۆم دەیبینم!"

ئەمجا بە پیرەمێردی وت:

"بە تەنیشت بەلەمەکەیانەوە برۆ.... مەترسە ئەوان لە رووناکیدان و ئێمە لە تاریکیدا دەبین. ئامان بینن ئەوەش ١٠ دینار بۆ خۆت."

پیرەمێرد بە قسەی کرد و گەیشتنە کەناری رەز و باخێك. شوێنێکی بە تەیمان چنراویان بینی لە چەپەر دەچوو. کەشتیەکەیان وەستا. هێسترێکی زین کراوی سەر بە رەشمەیان بۆ خەلیفە درۆینە هێنا. سواری بوو بە ناو پێشوازی کەراندا رەت بوو. خەلیفە و جەعفەر و مەسروری شمشێربازیش دابەزین، لە پێشیانەوە دەرۆیشتن بە ناو خەلکەکەدا. لە کاتی رۆیشتندا خەلیفە سەرنجی ئەم سێیانە و جل و بەرگی بازرگانانەکەی دان، ئیشارەتی پیاوەکانی خۆی کرد، ئەوانیش گرتیانن و بۆ لای خەلیفە درۆینەیان بردن. خەلیفە درۆینە لێی پرسین:

"ئا لەم کاتەدا... چی ئێوەی گەیاندە ئێرە!؟"

ئەوانیش وتیان:

"قوربان، ئێمە بازرگانین و بە ئێرە نامۆین. ئە شارەزایانە دەگەڕاین بۆیە رێمان کەوتۆتە ئێرە. ئەوە بوو پیاوەکانت هاتن و ئێمەیان گرت."

خەلیفە درۆینە وتی:

"باش بوو، لە شاری بەغدا، ئاوا نەگیران... چونکە لە ملتان دەدرا... ئێستاش مادام نامۆن گوێ مەدەنێ"

ئەمجا بە وەزیرەکەی خۆی وت:

"ئەمانە ئەمشەو میوانی ئێمەن. ... لەگەڵ خۆت بیان بە، با لای تۆ بن."

وەزیریش وتی:

"بە چاوان"

ئەمجا بردنی و کردنی بە کۆشکێکی گەورەدا. هێندە بڵند بوو سەری لە هەورا بوو. دەروازەکەی ساج بوو. لەبەر هەیوانەکەیدا، حەوز و فوارەی ئاو بوو. لە هۆڵەکەیدا ئەو هەموو پەردە و پەنجەرەیە!! یان پاڵدەر و راخەرە...! ئۆرتە و فەرش راخرابوو. لە سەر دەروازەکەش ئەمە نووسرابوو:

| | |
|---|---|
| ئەم کۆشکە میوان کە بەخێر دێنێ | لە مێژوو، جوانی خۆی دەنەخشێنێ |
| بەجۆرێك سەرت لێی سوڕ دەمێنێ | لە ئاستیا قەڵەم وا رادەمێنێ |

خەلیفە درۆینە لەولاتر لەسەر کورسیەکی زێڕین دانیشت. کە فەرشێکی ئاوریشم و ئاوی زێڕین چنراوی لەسەری راخرابوو. شمشێربازێك لە بەرزێرابیدا بوو.

چەندین کەس دەست و پێوەند لە دەوری بوون. سفرە راخرا و خواردن و خواردنەوە دانرا. کە خواردن خورا، دەست و پل شۆرا. قاپ و قاچاغ لابرا. ئەمجا پیاڵە و مەی و شەراب گێرا. کە سەرە گەیشتە لای خەلیفە هارونەرەشید نەیخواردەوە. خەلیفە درۆینە لە جەعفەری وەزیری پرسی:

"ئەوە، هاورێکەت بۆ ناخواتەوە"

جەعفەری وەزیر لە وەڵامدا وتی:

"قوربان دەمێکە لەم جۆرە شەرابەی نەخواردووەتەوە!"

خەلیفە درۆینە وتی:

"شەرابی سێویشمان هەیە"

ئەمجا خەلیفە درۆینە چووە بەردەم خەلیفە هارونەرەشید شەرابی سێویان کە هێنا، دایە دەستی و پێی وت:

"هەر جارێك پیاڵەی مەیان گێڕا، تۆ لەمە بخۆرەوە."

بەم شێوەیە درێژەیان بە دانیشتن دا. تا سەریان گەرم بوو. هارونەرەشید بە جەعفەری وت:

"بەو خوایە... جەعفەر ئێمە لەم پیاڵە زێڕینانەمان نییە!! خۆزگە باشتر ئەم لاوەم دەناسی، تاکو بمزانیایە: لە بنەڕەتدا چ کارەیە!؟"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٨٨

شەهرەزاد گێڕایەوە: لە کاتێکدا ئەم دووانە گفتوگۆیان بوو گەنجەکە بینی وەزیر لە لای چەپی خەلیفەوەیە. وتی:

"مەست بوون خۆشی هێنە!"

وەزیر وتی:

"خواردنەوە لەمە خۆشتر نابێتەوە، بەلام هاورێکەم دەڵێت: زۆر ولاتانم دیوە، لەگەڵ چەند خەلیفەی مەزن دانیشتووم. بەلام لەم رێکخستنە جوانترم نەدیوە! شەوی وا خۆشیشم بەسەر نەبردووە! بەلام بەغاییەکان وتویانە بێ گۆرانی مەی نوشێ... دیارە سەری دەئێشێ!"

کە خەلیفە درۆینە ئەمەی بیست بزەیەك گرتی و دڵخۆش بوو. شیشێك کە بە دەستیەوە بوو کێشای بە گۆیەکدا. دەرگایەك کرایەوە..... خزمەتکارێك لێی هاتە دەر و کورسیەك لە داری ساج دروست کرابوو پێی بوو.بە دوایدا کەنیزەکێك هاتە دەر، زۆر جوان و ناسك و بێ خەوش بوو. خزمەتکار کورسیە ساجەکەی بۆ دانا. کەنیزەکەکە لەسەری دانیشت هێندە جوان بوو لە مانگی ئاسمان دەچوو. بەجۆرێك عودەکەی لە ئامێز گرت وەك دایکێك کۆرپەی نازیزی لە باوەش بگرێت. ٢٤ ئاوازی چڕی. گوێگرانی سەرسام کرد...!!

جۆرێ زەمانم هاتە گفتوگۆ
خەلکیم تێگەیان عاشقم بە تۆ
پێش تۆ نەمزانی دلداری چییە
ئێستاش دێوانە و نامۆ بووم نامۆ
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٨٩

شەهرەزاد گێڕایەوە: کە خەلیفە درۆینە ئەمەی بیست. قیژاندی و یەخەی خۆی دادڕی. خزمەتکارانی پەردەیان بۆ گێڕا..... جل و بەرگی نوێیان بۆ هێنا و کردیانە بەری. کە بە ئاگا هاتەوە، لەسەر کورسییەکەی دایاننایەوە. کە سەرەی مەی گەیشتە سەر... دیسان شیشەکەی دایەوە بە گۆیەکەدا. دیسان دەرگا کرایەوە و خزمەتکارێك بە خۆی و کورسیەکەوە هاتە دەر. بە دوایدا کەنیزەکێکی دی هاتە دەرەوە. کە لە کەنیزەکەکەی پێش خۆی جوانتر و ناسك تر بوو. خزمەتکار کورسیەکەی بۆ دانا... کەنیزەکەکە بە خۆی و عودەکەی دەستیەوە لە سەری دانیشت. بەم دو دێڕە شیعرە دەستی کردە گۆرانی وتن:

که جەرگم پشکۆی عشقی تۆی تیایە
چاویشم خوێن و ئەشکی تێ زایە
رۆژانی شادی، تێناپەڕێنم
کە دڵ لە تاسە و مەیلی تۆ دایە

کە لاوەکە ئەم هۆنراوەیەی بیست.... قیژاندی و یەخەی خۆی دیسانەوە دادڕی. جارێکی دی پەردەیان بۆ گێڕا. تا بەرگیان لەبەردا گۆڕا... ! کە بە ئاگا هاتەوە لەسەر کورسیەکەی دایان نایەوە. کەوتەوە گەشە و پێکەنین کە پێکی دایە بە شیشەکەی دەستی دایەوە بە "گۆ"یەکەدا. دیسان دەرگاکە کرایەوە. منالێك کە کورسیەکی پێ بوو. هاتە دەرەوە، کەنیزەکێك بە دوایەوە لە هەمان شوێن بۆی دانرا. ئەویش لە سەری دانیشت و کەوتە گۆرانی وتن:

تاکەی خەمی کۆن دەگەڕێتەوە
سوێی دابڕانم نوێ دەبێتەوە
تا دوێنێ کۆلان بە ئێمە پڕ بوو
بەغیلی بەریش بێدەنگ و کڕ بوو
ئێستاش زەمانە، لە یەك دایبڕین
هەوارمان خالی... دەوری لێ گۆڕین
ئەی لۆمەکارم، چاوەڕێی چی لێم
کە دڵم بلێ پێت ناخەلەتێم؟
بەس لۆمەم بکە، کۆڵم لێ بدە
دڵ لە ئاستی یار نەبووە ئاسوودە
خەلکینە یارم دڵی گۆڕیوە
ئازانی دوای ئەو خێرم نەدیوە !

جارێکی دی خەلیفە درۆینە، یەخەی خۆی دادڕی و قیژاندی و بووڕایەوە خزمەتکاران تەناف و پەردەیان وەکو جاران بۆ هەلدایەوە تا بیگۆڕن. بەلام تەنافەکان تێك چوون. هارونەرەشید سنگ و پشتی خەلیفە درۆینەی بە رووتی بینی کە سەرنجی دا شوێنی قامچی و لێدانی پێوە دیارە. بۆیە وتی:

"ئەی جەعفەر هەر چەندە کوڕێکی قۆز و جوانە.... بەلام دزێکی لێزانە!"

جەعفەر پرسی:

"چۆن دەزانی؟"
ئەویش وتی:
"ئەی شوێنی قامچی و لێدان بە پشت و ناوچاوانیەوە نابینیت؟"
ئەمجا پەردەی تریان بۆ گێڕا و جل و بەرگەکەیان گۆڕی. کە بە ئاگا هاتەوە و کەوتەوە کەیف و خۆشی دواتر لای کردەوە، روانی خەلیفە و جەعفەری وەزیر، بە چرپە قسە دەکەن بۆیە لێی پرسین:
"هەواڵ چییە، ئەی لاوەکان!؟"
جەعفەر لە وەڵامدا وتی:
"خێرە، خوا یار بێت! چیت لێ بشارمەوە. ئەم هاوڕێ بازرگانەم، کە سەفەرێکی زۆری کردووە، لەگەڵ گەورە پیاوان و پاشایان هەڵساوە و دانیشتووە، پێی وتم: ئەو ئاهەنگەی ئەمشەوی پاشامان زێدەڕۆییە و بڕی تێچوونی زۆرە! زۆر لە هەرێمەکانی دنیا گەڕاوم، شتی وام نەدیوە. ئاخر.... دڕاندنی ئەو هەموو جل و بەرگە کە هەر کراسێکیان بایی ١٠٠٠ دینارە کە خەرجێکی زۆرە."
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.................... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٩٠

شەهرەزاد گێڕایەوە: کە خەلیفە دڕۆینە وتی:
"پارە، پارەی خۆمە.... کوتاڵ هی خۆمە... ئەوەش کاری خزمەتکارانە کە دەیکەن. هەر کراسێك کە یەخەکەی دادەدڕم یەکێك لە خزمەتکاران بۆخۆی دەبات، ٥٠٠ دیناریش وەر دەگرێت."
جەعفەری وەزیر وتی:
"شتێکی باش دەکەیت، ئاغام..."
ئەمجا ئەم شیعرەی وت:
بدەیی، نیشتەی دەستی بڵاوتە سامانت وەکو دەرگای کراوتە
گەر بەخشندەکان دەرگاش دابخەن کلیلیان ئەوا... لە هەناوتە
کە خەلیفە دڕۆینە ئەمەی لە جەعفەر بیست ١٠٠٠ دینار و کراسێکی پێ بەخشی ئەمجا مەی و پیاڵە لە نێوانیاندا گەڕا. هارونەڕەشید وتی:
"پرسیاری ئەو جێ قامچیانەی بە لەش و دەموچاویەوەیە بپرسە."
ئەویش وتی:
"گەورەم پەلەم لێ مەکە. ئارامی کارێکی باشە."
خەلیفە وتی:
"بەو خوایە.... گەر پرسیاری لێ نەکەی دەتخنکێنم و ناهێڵم نەفەس بدەی."

ئەمجا خەلیفە درۆینە، هەستی پێکردن بۆیە پرسی:

"ئەوە چیەچیی چیتانە!؟"

ئەویش وتی:

"خێرە... خوا یار بێت!؟"

دیسان خەلیفە درۆینە وتی:

"توخوا... هیچم لێ مەشارنەوە! قسە بکەن."

جەعفەریش چاری نەما و پرسی:

"ئەم هاورێیەم، دەڵێ.... ئەم خەلیفەیە بۆچی لێی دراوە. ئەوە.... شوێنەکانی بە روومەت و لەشیەوە، دیارە!؟"

خەلیفە درۆینە بزەیەك هاتە سەر لێوان و وتی:

"بەسەرهاتێکم هەیە.... گەر بیگێڕمەوە، دەبێت خەڵکی لێوە فێر ببن و ببێتە ئامۆژگاری بۆیان. ئەمجا کەوتە هەناسە هەڵکێشان بەم شیعرانە، هاتە دووان:

قسەیەك دەکەم، سەر سوڕ بهێنێ  هەموو کەسێکی پێ رابمێنێ

ئەوەی دەیەوێ گوێ لە من بگرێ  قسە و پێکەنین بابوەستێنێ

گوێ بگرن قسەم، زۆر بە توێکڵە  ئەوەی ئەی بیستێ بڕوای پێ بێنێ

دڵ خەبەری دا، خەلیفەی لێیە  چوون چاکە... خوایە بۆمان بمێنێ

ئەوی تر جەعفەر وەزیری دانا  زۆر خانەدانە هەموومان دێنێ

مەسروری سەیاف، لە خزمەتیایە  پاڵەوانێکە و سوپا بەزێنێ

چی لە مێشکما بوو وابۆم هەڵڕشتن  بۆ ئێوەش دیارە خۆشی دەهێنێ

ئەمجا جەعفەر سوێندی بۆ خەلیفە خوارد، کە مەبەستی ئەوان نییە و خەمی نەبێت. لاوەکە وتی:

"خۆشەویستانم... ئەوە بزانن کە وا من میری موسڵمانان نیم. خۆم، خۆم ناوناوە خەلیفە و هیچی دی. ئەگینا مـن "محەمـەد"ی کوڕی "عـەلی جەوهـەری"م. بـە هـۆی باوکمـەوە دەوڵەمەند بووم. چونکە ئەو لە پیاوان و سەرانی مەملەکەت بوو. کە مرد... سامانێکی زۆری لە "زێڕ و زیو و مرواری و یاقووت و زوبرجد و خانووبەرە، گەرماو و رەز و باخ و دوکان و ئاش و کۆیلە و خزمەتکار و کەنیزەك بۆ بەجێ هێشتم."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٩١

شەهرەزاد گێڕایەوە: ڕۆژێك لە ڕۆژان، کە لە دوکانەکەمدا دانیشتبووم، خزمەتکاران لە دەورووبەرم بوون. کەنیزەکێکم بینی لە سورای هێستڕێکەوە و ٣ کەنیزەك لە دەوری بوون، کە هێندە جوان بوون لە مانگی ١٤ دەچوون. کە گەیشتە لای دوکانەکەم.... دابەزی و هاتە ژوورەوە و لام دانیشت و وتی:

"ئاخۆ تۆ مەحمودی جەوهەریت!؟"

وتم:

"بەڵێ.... ئەوم، لە پەزێراییتدام."

ئەمجا پرسی:

"ئاخۆ... ملوانکەی زێڕی وات هەیە بۆ من بشێت!؟"

منیش وتم:

"خانم... هەر چیەکی جوان و ناسك و بە نرخم هەیە، لەبەردەمتا دای دەنێم. گەر بە دڵت بوو ئەوا بەختیارم دەکەیت، گەرنا... ئەوا لە بەدبەختی منە!"

١٠٠ ملوانکەی زێڕم هەبوو. هەموویانم پیشان دا. هیچیان بە دڵی نەبوو. وتی:

"لەمانە، جوانتر و بەنرخ ترم گەرەکە!"

منیش ملوانکەیەکی بچووکم هەبوو کاتی خۆی باوکم بە ١٠٠٠٠٠ دینار کڕی بووی هێندە دەگمەن بوو، لە لای سوڵتانەکانیش نەبینرابوو. پێم وت:

"خانمەکەم.... ملوانکەیەکم پیشان نەداوی، کە نقێمی تیایە. سوڵتانەکانیش بە خۆیانەوە نەدیوە!"

ئەویش خێرا وتی:

"با ببینم."

کە بینی وتی:

"ئا.... ئەمەیە... کە لە ئەوەتەی هەم خۆزگەم بۆ خواستووە!"

ئەمجا پرسی.... بایی چەندە؟"

نرخەکەی کاتی خۆی باوکم ١٠٠٠٠٠ دیناری پێداوە."

خانمەکەش وتی:

"ئەوا منیش.... ٥٠٠٠ دینار قازانجی دەخەمە سەر، باشە؟"

منیش هەڵمدایە:

"خانم.... ملوانکە و خاوەنەکەی لە پەزێراییت دایە."

خانمەکە وتی:

"نا.... نا.... قازانجەکەیشت، بۆ دەخەمە سەر و سوپاس گوزاریشتم."

ئەمجا وتی:

"فەرموو... لەگەڵم وەرە.... با پارەکەیت بدەمێ، ئەمڕۆ لەگەڵ تۆدا، وەك شیر سپی بوو"

منیش هەستام و دوکانم داخست و ناوی خوام لێ هێنا و شوێنی کەوتم. کە گەیشتینە ماڵیان و چووینە ژوور بۆم دەرکەوت کە ئەمە ماڵی دەوڵەمەند و خانەدانە، دەروازەی ماڵەکە بە خەتی زێڕین لەسەری نووسرابوو:

ئەی ماڵەکەی لە خەم بە دوور غەدری زەمان: نادێتە ژوور
خۆزگەم بەو ماڵەی کە لێی میوانی با سیخناخیش بێت: جێگای خوار و ژوور

ئەمجا لەسەر کورسیەك دایانام. فەرمانی دا بچن بە دوای زێڕەنگەرەکەیدا با بێت. سەعاتێك چاوەڕێم کرد. کاتێکم زانی کەنیزەکێك لە ژوورێك هاتە دەر و پێی وتم:

"گەورە، وەرە لە نێو ئەم دالآنەدا دابنیشە. دانیشتن لەو سەرە رێیە ناشیرینە."

بەڵێ بە قسەیم کرد و چوومە دالآن. دوای کەمێکی دی کەنیزەکێکی دی پێی وتم:

"خاتوونم دەفەرمووێت وەرە بەر ئەم دەرگایە دابنیشە، کەمێکی تر پارەکەی دەدەمێ."

لەوێیش هەستام و چوومە ژوور. هێندەم زانی کورسیەك لە زێڕ و زیو کە بە فەرشێکی ئاوریشم داپۆشرابوو لێم دەرکەوت. کە پەردە لادرا... ئەو خاتوونەم بینی کە ملوانکەکەی لێم کڕی. دەمووچاوی دەتوت مانگی خڕە و ملوانکەکەی منی لە ملدا بوو. کە منی بینی هەستا و بەرەو رووم هات و وتی:

"من نەناسراو نیم لە شاردا.... دەزانی کێم!؟"

منیش وتم:

"نە بە خوا... خاتوون."

ئەمجا خۆی پێ ناساندم:

"من خاتوو دنیا کچی یەحیای کوڕی خالیدی بەرمەکیم. جەعفەری برایشم وەزیری خەلیفە هارونەڕەشیدە."

کە ئەمەم بیست وتم:

"خاتوون، گوناهی من نییە، کە هاتوومەتە ماڵتان... خۆتان فەرمانتان دا، کە بێمەوە بۆ ماڵتان."

خاتوونیش وتی:

"قەیناکات گوێ مەدەرێ خوا یار بێت بە ئاواتی خۆت دەگەیت. هەموو کارەکانم بە دەست خۆمە. ئەوا تۆ ئاڵتونی خۆتت لە مل کردووم. منیش دەنێرمە دووی قازی دەتکەمە مێردی خۆم."

ئەمجا ناردی بە دوای قازی و شایەتدا. کە هاتن، منی پێشکەش کردن و وتی:

"ئەمە حەمە عەلی، کوڕی عەلی جەوهەرییە، داوای منی کردووە و ئەم ملوانەکەیشی پێشکی پێداوم. منیش پەسەندمە."

بەمجۆرە مارەیان لێم بڕی لێدرا لەو دەهۆڵ و زوڕنا و شمشاڵە... گێڕڕا مەی و پیاڵە. میوەی زۆر دانرا.. تا توانرا لێی خورا. ئەمجا کەنیزەکە عەوادە بانگ کرا.... مۆسیقای بۆ لێدرا:

دیـــاره شـــۆخیەکەت لـــە

جوانی رووخسارت کە نهێنییە

وێنەی نییە

خاڵی "بیلال"ی لەسەر گۆناکەت وێنەی مرواری، رەنگ قەترانییە

مەیلی لا بنێم، ئەمەش جوان نییە

لۆمەکارانم، وایان پێخۆشە

کەنیزەکەکە، زەوق و شەوقی بەو ئـاوازە... بـەو شـیعرە نـاوازە، گـۆرانی وتـنـیش، سەروەر بوو. ١٠ کەنیزەکی گۆرانی بێژ ناوازیان خوێند.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٩٢

شەهرەزاد گێڕایەوە: ئەمجا ماوەی ١ مانگی لای مامەوە کەس و کار و دوکـان... خـاك و ئاو و نیشتمان... هەموویم جێ هێشت. رۆژێ لە رۆژان پێی وتم:

"حەمە گیان... رووناکایی چاوان... لێرە لە شوێنی خـۆت بمێنـە تـاکو مـن دەچـمە دەرەوە بۆ گەرماو کردن."

ئـەمجا سـوێندی دام.... کـە لـە شـوێنی خـۆم بم و ئـەملاولا نەکـەم. منـیش پـەیمانم دا. کەنیزەکـەکانی لەگـەڵ خـۆی بـرد و رۆیشـتن بـۆ گـەرماو. بـەو خوایـە خەلکینـە هێشـتا ئـەو نەگەیشت بووە، ئەو سەری کۆڵانەکە کە دەرگای حەوشـە کرایـەوە و پیرەژنێـك هاتـە ژوور و وتی:

"گەورەم، خاتوو "زبێدە" دەیەوێت بچیتە لای. ئەو بیستویەتی، کە چـەندە بـە ڕەوشـت و چەندە دەنگیشت خۆشە!"

منیش وتم:

"بە خوا بە هیچ لایەکدا ناڕۆم، تا خاتو دنیا نەگەڕێتەوە."

پیرەژنەکە وتی:

"گەورەم دڵی خاتو زوبەیدە عاجز مەکە و بـا نەبێتـە دوژمنـت، تـا لای ئـەو وەرە و دواتر بگەڕێوە شوێنی خۆت."

ئیدی چارەم نەما و شوێن پیرەژنە کەوتم تاکو گەیاندمیە لای خاتون."

خاتوو "زوبەیدە" پرسی:

"رووناکی چاوان... ئاخۆ تۆ مێردی خاتوو دنیایت!؟"

وتم:

"کۆیلەی تۆیشم."

ئەویش وتی:

"راسـتیان کـردووە، کـە وتویانـە بـە ڕەوشـت و شـۆخ و شـەنگیت. تـۆ لـەو وەسـفە بـەرز هەڵدەگریت...! حەز دەکەم، گۆرانیەکم بۆ بڵێیت"

دواتر ناردی ئامێرێکی "عوودی"یان بۆ هێنام. منیش گۆرانیەکەم ناوا... دەست بێ کرد،
دڵی دڵدار، لە تەك یارا کە ماندوو لەشی و لاری بێ هێز و گڕ تێبەر بوو
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٩٣

شەهرەزاد گێرایەوە، کە لە گۆرانیەکە بوومەوە، پێی وتم،
"خوا دڵت بداتەوە و لەشت ساغ بێت. بەڕاستی گۆرانیەکە و دەنگ و ئاوازت بێ خەوشە. ئێستاش هەستە و بگەرێوە، شوێنی خۆت... نەبادا... خاتوو دنیا، بگەڕێتەوە و لێت تووڕە بێت!"

ئەمجا کڕنوشم بۆ برد و شوێن پیرەژنە کەوتم تاکو بردمیەوە بەردەم ئەو دەرگایەی لێی هاتمە دەرەوە. کە چوومە ژوورەوە دەڕوانم خاتوو دنیا لە گەرماو گەڕاوەتەوە و لەسەر جێیەکەم نووستووە. کە هەستی کرد هاتوومە ژوور چاوانی کردەوە. بە هەر دووی پێی لەقەیەکی لێدام و لە سەر جێیەکەی فڕێیدامە خوارەوە وتی،
"خائن... سوێندەکەت، بە درۆ خستەوە تۆ پەیمانت دابوو بە من، کە لە ماڵ دەرنەچیت!! کە پەیمانت شکاند و چوویتە لای خاتوو زوبەیدە، بەو خوایە لە ترسی حەیای خۆم نەبوایە، کۆشکەکەم بەسەرتدا دەڕوخاند."
ئەمجا بە کۆیلەکەی وت،
"ئەی سەواب.... بڕۆ لە ملی ئەم پەیمان شکێنە بدە."
ئەمجا کۆیلەکە هەستا و دەستی بەستم و پارچە قوماشێکی هێنا و چاوانمی بەست و ویستی لە ملم بدات. کەنیزەکەکانی دەوروبەری لە خاتوو دنیا چوونە پێش و پێیان وت،
"خاتوون گیان، ئەمە یەکەم کەس نییە هەڵە بکات و ئەویش، رەوشتی تۆی نەزانیوە! خوا... هەڵناگرێت، بیکوژیت."
ئەویش وتی،
"بەخوا.... ئەبێت، شتێکی لێ بکەم کە پێوەی دیار بێت."
کەوتنە لێدانم... ئەو شوێنەوارانەی بینیت هی ئەوە بوو. ئەمجا فەرمانی دا.. دەرەم بکەن. دوایی دوور لە کۆشکەکەوە فڕێیان دام. ئەمجا خۆم بە کێش کرد تا گەیشتمەوە ماڵ. ناردمە دووی "جەڕاح"ێك، ئەویش کەوتە تیمار کردنم.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٩٤

شەهرەزاد وتی، حەمە عەلی جەوهەری وتی،

"دواتر برینەکانم چاك بوووەوە. ئازار و ئەشکەنجەم نەما. هاتمە دوکان و هەر چیەکی تیابوو کۆم کردنەوە و فرۆشتنم و بە پارەکەی ٤٠٠ کۆیلەم کڕی. هەر جارە و ٢٠٠ کۆیلەیان لەگەڵ خۆم سەر ئەم کەشتییە دەخەم. ئەم کەشتییەش ٥٠٠٠ دیناری زێرم پێداوە. خۆشم ناو ناوە خەلیفە. لە جێی هەر پیاوێکی دەربای خەلیفەش کۆیلەیەکم داناوە. ئەمجا کە بە رووباری دیجلەدا کەشتی دەڕوات جارچی هاوار دەکات:

"هەر کەس کەشتیوانی بکات لە رووباری دیجلە... سەری جیا دەکرێتەوە لەو ملە!!"

ئەوا مانگێکە ئەمە ئیشی منە. نە هەواڵێکم بیستووە و نە شوێن پێم هەڵگرتووە. ئەمجا دەستی کردە گریان... فرمێسك لە چاوانی باران. کە خەلیفە بیستی گوتاری چەند بە تاسەوەیە بۆ ژنەی دڵداری، خەلیفە زۆر سەری سوڕما! وتی:

"پەنا بە خوا... بۆ هەر کارێ هۆکارێ!!"

ئەمجا هەر سێکیان، خواحافیزیان کرد. بەرەو کۆشکی خەلافەت چوونەوە. خۆیان گۆڕی... پاڵیان داوە... حەوانەوە. مەسروری شمشێرباز، هاتە بەردەم خەلیفە. ئەمجا خەلیفە فەرمانی دا کە کوڕە لاوەکەی دوێنێ شەو بێنێتە بەر دەمی. جەعفەریش وتی: "بەچاوان"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٩٥

شەهرەزاد گێڕایەوە: کە جەعفەری وەزیر چوو بۆ لای لاوەکە پێی ڕاگەیاند خەلیفە داوای دەکات. ئەویش شوێنی کەوت. کە گەیشتە بەردەم هارونەڕەشید... کڕنووشی بۆ برد. نزای تەمەن درێژی بۆ کرد. پاڕایەوە... خوایە هەیبەتی خەلیفە هەروا... بەم شێوەیە بڕوا.. هەمیشە سەروەر بێت تەندروست و تا سەر بێت! ئەمجا وتی:

"ئارامی باڵا دەست.... لە هەست و نەست." و ئەم شیعرەی وت:

ئێستاش دەروازەت وەکو ڕۆوگەیە خێر و بێرەکەی دەڵێی جۆگەیە

لە نیشتماندا، دەنگ وا بڵاوە وەك برایم ماڵتان کە نزرگەیە

خەلیفە بزەیەك هاتە سەر لێوانی و وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە، ئەمجا ڕێزی گرت و لە خۆی نزیك کردەوە. پێی وت:

"حەمە عەلی، دەمەوێت باسی ئەو شەوە سەیرەی خۆتمان بۆ بگێڕیتەوە."

لاوەکەش وتی:

"ببەخشن، پەیمانی سەلامەتیم بدەنێ، تا نەترسم و هەست بە ئارامی بکەم."

خەلیفەش وتی:

"لە ئێستاوە تۆ ئارام و بێخەم بە."

ئەمجا لاوەکە کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی. هەر لە نووکەوە تا کۆتایی."

خەلیفە لێی پرسی:

"حەز دەکەیت ژنەکەت بۆ بهێنمەوە."

ئەویش وتی:

"گەر ئەوەم بۆ بکەیت، لە چاکی خۆتە."

ئەمجا رووی کردە وەزیر و وتی:

"جەعفەر، برۆ خاتوو دنیای کچی یەحیای کوڕی خالدم بۆ بێنە."

ئەویش وتی:

"بە چاوان."

هەر خێرا چوو هێنای و گەڕایەوە. ئەمجا خەلیفە لێی پرسی:

"ئەم پیاوە دەناسیت!؟"

خاتوو دنیاش وتی:

"ئەی میری موسڵمانان.... ژنان کوا پیاوناسن!؟"

ئەمجا خەلیفە پیکەنی و وتی:

"خاتوو دنیا ئەمە حەمە عەلی جەوهەرییە. چیرۆکی هەر دوکتانمان بیستووە. ئەو هەواڵە هەر چۆنێك بیشاریتەوە، هەر دەردەکەوێت."

خاتوو دنیا وتی:

"ئەو هەواڵە بە نووسراوەیی هەیە! من داوای لێخۆش بوونم لای خوا کردووە. بەرامبەر ئەو کارەم. دەخوازم تۆیش لێم خۆش ببیت؟"

ئەمجا ناردیە شوێن قازی و شایەتدا و دواتر سەر لە نوێ لە حەمەعەلی جەوهەری مارە کردەوە. ئەمجا حەمە عەلی کردە هاوڕێ خۆی و لە خۆی نزیك کردەوە، دیاری پاداشتی باشی دایە.... خاتو دنیا و حەمە عەلی بەختیارانە، ژیانیان بردە سەر. تاکو ئیزرائیلیان هاتە سەر گیانیانی لە جەستە هێنایە دەر.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٩٦

### چیرۆکی عەلی عەجەمی

شەهرەزاد وتی: دەگێرنەوە کە شەوێکیان خەلیفە هارونە ڕەشید خەوی دەزڕێت و تووشی دڵەڕاوکێ دەبێت. بۆیە دەنێرێتە شوێن، جەعفەری وەزیریدا. کە دێت پێی دەڵێت ئەمشەو زۆر دڵتەنگم دەبێت شتێکم بۆ بدۆزیتەوە کە دڵمی پێ بکرێتەوە. ئەبو جەعفەریش دەڵێت:

"قوربان هاوڕێیەکم هەیە، ناوی عەلی عەجەمییە و چیرۆك و بەسەرهاتی سەیر و سەمەرەی لایە. کە دڵ دەکاتەوە."

خەلیفەش دەڵێت:

"بۆم بێنە."

جەعفەری وەزیر بەو شەوە ڕۆیشت بۆ لای عەلی عەجەمی کە هێنای بردیە بەردەم خەلیفە. عەلیش کڕنووشی بۆ برد. خەلیفەش لای خۆیەوە داینا و پێی وت:

"عەلی... ئەمشەو دڵم تەنگە..... بیستوومە تۆیش چیرۆك و بەسەرهاتی سەیر و سەمەرەت لایە. دەمەوێت شتێکم بۆ بگێڕیتەوە."

عەلیش لێی دەپرسێت:

"ئەی میری موسڵمانان حەز لەو چیرۆکە دەکەیت، کە بە چاوی خۆم دیومە!؟ یان ئەو چیرۆکانەی کە بە گوێی خۆم بیستوومە!؟"

خەلیفەش دەڵێت:

"ئەوەی بە چاوی خۆت دیوتە!"

عەلیش دەڵێت:

"بەسەر چاوان"

"قوربان ساڵێکیان منداڵێکم لەگەڵ خۆم برد بۆ وردە واڵە فرۆشتن واتە چەرچێتی. کە لە بەغدا دەرچووین دەروانم کالانێکی شمشێری پێیە! خۆمان کرد بە شارێکدا. من ئەو شتومەکەی کە پێم بوو دەم فرۆشت. منداڵەکەش پارەکەی دەکردە کێلانەکەوە لە پڕێکدا کوردێك پەلاماری دام و وتی:

"ئەو کێلانە بە شتەکانی ناویەوە... هی منە!! "

منیش هاوارم کرد:

"موسڵمانینە لە دەست ئەم کوردە زۆردارە ڕزگارم بدەن."

کە خەڵکەکە کۆ بوونەوە وتیان:

"بچنە بەردەم قازی تا هەر دوولاتان بکات ڕازی"

ڕۆیشتین بۆ لای قازی، بە حوکمیشی بووم ڕازی... کە چووینە بەردەمی پرسی:

"هەواڵتان چییە؟ بۆ هاتوون؟"

منیش وتم:

"ئێمە دوژمنی یەکین... ئێمە بە تۆ دەنازین... بە فەرمانیشت ڕازین."

ئەویش پرسی:

"کامتان سکاڵا دەکەن؟"

کوردەکە چووە پێش و وتی:

"گەورەم من سکاڵام هەیە لەم پیاوە.. ئەو کێلانە هی من بووە و لێم ون بووە...... ئێستاش لای ئەم کابرایە دۆزیومەتەوە.. ئەوەتا نامداتەوە."

قازی پرسی:

"چ کاتێك؟"

وتم:

"دوێنێ لەو ساوە خەوم لێ نەکەوتووە!"
قازیش وتی:
"کە خۆت بە خاوەنی دەزانیت، بڵێ بزانم، ئەو کێلانە چی تیایە؟"
کوردەکە وتی:
"قوربان کێلانەکە تیایەتی: ۲ کلچێوکی زیوین.. کل و کلدانێکی شین دەسرۆکە: دوانی رەنگین. مۆمدان و شەربەی بچوك قاپێك و دوو کەوچك، سەرینێك و دوو دەسر... دوو مەسینەی جوانی خڕ. سینییەك و ۲ تەشت نان... ۲ کەوگیری کۆنی جوان. پشیلەیەك و دوو سەگ... یەغنکێشێك یەك هێلەك. زۆپایەکی خوارو خێچ... جبەیەك دوو ملپێچ. دوو گوێرەکە و مانگایە... بزن و مەرێکی تیایە.... گیسکێك و دوو کاوڕ.... هەروەها جووتێ وشتر... گامێشێك و دوو گا.. بەچکە و دوو شێری ئازا..... دوو ڕێوی و ورچێك... دو فەرەوێڵە و دۆلابێك.... کۆشکێك و دوو هۆڵ.... دوو کورسی و دالانێ چۆڵ.. مەتبەخێکی دوو دەرگا... دوو گوێرەکە و یەك مانگا... کۆمەڵێك کوردیشم هەن.... کە شایەتیم بۆ دەدەن! ئەو کێلانە هی منە!!"

قازی بە منیشی وت:
"ئەی تۆ دەڵێی چی؟"
منیش کە قسەی کوردە، سەری سوڕ هێنابووم... وتم:
"خوا راوەستاوت بکا... قازی، کێلانەکەی من........ ئاو دەستێکی تیایە بۆگەنە و بێ دەرگایە....خێمە و دەواری تیایە.... شاری بەسرە و بەغدایە......
کورەی ئاگری ئاسنگەر... تۆڕی ماسی و ماسیگر. چەندین دار و چەند تێلا.... کوڕو کیژی کورتە باڵا.... کۆشکی شەداد کوڕی عاد..:.. شایەتمن هەزار گەواد. کە ئەم کێلانە، هی خۆمانە!"

کە کوردەکە ئەمەی بیست: دەستی کردە گریان: وتی:
"جەنابی قازی، ئەم کێلانەم ناسراوە، لە لایەن خۆمەوە وەسف کراوە.... چەند حەوشە و قەڵای تیایە.... شێری زۆر ئازای تیایە.... مایین و نۆمای تیایە.. دوو ڕمی باڵای تیایە... شارێك و دوو دێی تیایە.... شێرێك و دوو چوارپێی تیایە.... چاوساغێك و دوو کوێر. جوارپەل ساغێك و یەك گێڕ... قازیەك... دوو شایەت ناوشان پان... دەڵێن هی تۆیە کێلان!"
ئەمجا قازی رووی کردە من و وتی:
"دەی... عەلی تۆ دەڵێی چی؟"
منیش توند بووم، ئەی میری موسڵمانان. لێی چوومە پێشەوە و وتم:
"قازی پایەدار بێت.... لەم کێلانەی مندا.... زرێو قەڵغانی تیایە... چەکی سەرشانی تیایە... بەرانی شاخداری تیایە. لەوەڕی بەرخ و کاری تیایە.... تیایەتی رەزی ترێ.. ۱۰۰۰ سەگ تیا دەوەڕێ.... هەنجیر و سێوی تیایە... درنج و خێوی تیایە.... مەی و شەرابی تیایە... بووکی نایابی تیایە.... گۆرانی بێژ و ئاهەنگ زریکەی کیژانی قەشەنگ.... شار و ناوچەی پانوپۆڕ.... هاوڕێیانی زۆر و بۆر... مەی و شەراب و هاوڕێی کوێر..... تەپڵ و دەهۆڵ و

زورنا... بەیداخی زۆر و ئالا... کوڕانی جوان شۆخ و شەنگ... کیژانی قۆزی چەلەنگ.... ٥ کیژی حەبەشەن... ٣ لەو هیندیە رەشەن... ٥٠ یان لەو رۆمیە شەنگەن.... ٦٠ یان خەڵکی جۆرجیان. دیجلە و فوراتی بە خوڕی تیایە.... ماسیگر و تۆڕی تیایە... مزگەوت و گەرماوی تیایە... داری تاشراوی تیایە.... چەند هەرێم و شاری تیایە... کوفە و ئەبناری تیایە ......١٠ دیناری تیایە... غەزە و عەسقەلانی تیایە.... دومیات و ئەسوانی تیایە. هەیوانی کیسرای ئەنەوشیروانی تیایە... مولکی سولەیمانی تیایە.... زەوی خۆراسانی تیایە.... بەڵخە و ئەسفەهانی تیایە... وڵاتی هێند و سۆدانی تیایە.... چەند ریش تاشی قازی تیایە.... گوێزانی تێژی تیایە... گەرخاوەن حوکمی باش بیت... دەبێ دوور لە تەراش بیت. ئێستاش کاتی حوکم دانە هی کێیە: ئەم کالانە....؟"

کە قازی ئەمانەی بیست سەراسیمە بوو ئەمجا رووی تێکردن و وتی:

"ئێوە، دوو کەسی "دوو روو" و زندیقن لە ئەگبەتی دا، رەفیقن. نە لە یاسا دەپرسن... نە لە لۆمەی خەڵك دەترسن!! چونکە نە هیچ شاعیرێك وەسفی وا وتووە.... نە خەڵکیش لە ئەمەی ئێوەی بیستووە!! بەو خوایە.. هەر لە سینەوە تاکو "ام غیلان" لە وڵاتی فارسەوە تاکو سۆدان هەر لە دەشتی نوعمان.. تا خاکی خۆراسان... ئەشتی وایان بیستووە نە راست وەریان گرتووە. بۆچی ئەم کێلانە دەریای بێ بن بوو؟ وا ئەو هەموو شتەی تیا ون بوو....!!؟ یان گۆڕەپانی زیندوو بوونەوەی ئەو دنیایە... کە کەسی چاك و خراپی تیایە!!؟"

ئەمجا قازی فەرمانی دا... کێلانەکەیان داتەکاند.... نانی تیابوو.... لیمۆی کال پەنیر و زەیتونی تاڵ! ئیدی منیش لە داخ و تووڕەیی خۆمدا.... کێلانەکەم فڕێ دایە بەر پێی کوردەکە و پشتم تێکردن و رۆیشتم. کە خەلیفە ئەم چیرۆکەی بیست، هێندە پێکەنی بە پشتا کەوت. دواتر فەرمانی دا کە خەڵاتی بکەن.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٩٧

## چیرۆکی هارونەرەشید و ئیمام ئەبویوسف

شەهرەزاد گێڕایەوە: دەگێڕنەوە، شەوێکیان ئەبو جەعفەری بەرمەکی، لە دیوەخانی هارونەرەشیددا دەبێت. هارونەڕەشید پێی دەڵێت:

"بیستوومە فلانە کەنیزەکت کڕیوە، پێم بفرۆشەوە!"

جەعفەریش دەڵێت:

"قوربان نایفرۆشم!"

خەلیفەش دەڵێت:

"ده باشه... پێم ببەخشە"
جەعفەر دەڵێت:
"پێت نابەخشم!"
هارونەڕەشیدیش توند دەبێت و دەڵێت:
"سێ بە سێ تەڵاقی زوبەیدەی ژنم کەوتبێت، دەبێت یان پێم بفرۆشیت یان بە دیاری پێم ببەخشیت."
جەعفەریش لەو توندتر دەبێت و دەڵێت:
"سێ بە سێ تەڵاقم کەوتبێت، گەر پێت بفرۆشم یان پێت ببەخشم."
ئەمجا کە هاتنەوە هۆش و تووڕەییەکەیان رەوییەوە زانیان جۆرێك تووش بوون. بە هیچ فێڵێك رزگاریان نابێت. هارونەڕەشید دەڵێت:
"مەگەر ئەم کارەساتە هەر بە "ئەبو یوسف" چارەسەر بێت."
نیوەشەو ناردیانە سەری لە دەرگایان دا. ئەبو یوسف زۆر ترسا و لە دڵی خۆیدا وتی:
"هەبێت و نەبێت کارەساتێك بەسەر ئیسلامدا هاتووە."
بە پەلە هاتە دەرەوە و بە خزمەتکارەکەی خۆی وت:
"توورەکەی ئالیکەکە، بە هێسترەکەمدا هەڵبواسته و با.... کە گەیشتمە کۆشك، ئالیکی تری بۆ تێ بکەن و بیخوات. چونکە تێر نەبووە!"
خزمەتکارەکە جێبەجێی کرد. کە گەیشتە لای خەلیفە هارونەڕەشید لە بەری هەستا و لەلای خۆیەوە داینا. کە هەرگیز کەسی نەخستووەتە شوێنی خۆی. ئەمجا پێی وت:
"بۆ چارەسەری ڕووداوێکی گەورە ناردوومەتە شوێنت. ڕووداوەکەش ئاوایە و ئاوایە... ئێمەش بۆمان پێنەوپەڕۆ نەکرا. "
ئەبو یوسفیش وتی:
"چارەسەری ئەمە بە لای منەوە زۆر ئاسانە...!"
ئەمجا بە جەعفەری وت:
"ئادەی نیوەی ئەو کەنیزەکە بفرۆشە... بە خەلیفە! نیوەکەی تریشی پێ ببەخشە....بەم کارە لە سوێندەکەتان رزگار دەبن."
خەلیفە دڵی کرایەوە. ئەمجا بە قسەیان کرد. هارونەڕەشید وتی:
"دەمەوێت هەر ئێستا کەنیزەکەکەم لێ مارە بکەیت."
ئەبویوسف وتی:
"کەوابوو، بڕۆن خزمەتکارێکی کڕراو، ئازاد نەکرابێت بۆم بێنن."
جوون کۆیلەیەکی خزمەتکاریان لەلای خەلیفە هارونەڕەشید بۆ هێنا. ئەمجا ئەبویوسف وتی:
"رێم بدەن... با کەنیزەکەکەی لێ مارە بکەم. دواتر دەبێت تەڵاقی بدات. ئیتر دەتوانێت بیداتە هەر کەسێك ئارەزوو بکات."

هارونه ڕەشید هێندەی دی سەری سوڕما. کە کۆیلە کڕراوەکە ئامادە بوو خەلیفە بە قازی وت:

"وا ڕێم پێ دایت، لە مارەکردنیدا."

ئەمجا کەنیزەکەکەی مارە کرد لە کۆیلەکە ئەویش پەسەندی کرد. کە کارەکەیان تەواو کرد، ئەمجا قازی ڕووی کردە کۆیلەکە وتی:

"١٠٠ دینارت دەدەمێ هەر ئێستا ئەم کەنیزەکە تەڵاق بدە."

کۆیلەکە وتی:

"تەڵاقی نادەم."

ئیدی بەرە بەرە پارەکەی بۆ کۆیلەکە زیاتر دەکرد. کۆیلەکەش هەر دەیوت: "تەڵاقی نادەم". تا نرخەکەی گەیاندە ١٠٠٠ دینار. ئەمجا کۆیلەکە لە قازی پرسی:

"تەڵاق دان، بە دەست تۆیە!؟ یان خەلیفە؟ یان خۆم!؟"

قازی وتی:

"بە خوا، هەر بە دەست خۆتە."

کۆیلەکەش وتی:

"دە کەوابوو.... تەڵاقی نادەم!"

ئەمجا خەلیفە توند بوو، لە پەناوە لە قازی پرسی:

"چارەمان چییە!؟"

قازیش وتی:

"ئەی میری موسڵمانان چارەسەری ئەم کێشەیەش بەلامەوە، سووك و ئاسانە... ئادەی.. ئەم کۆیلەیە خۆی ببەخشە بەم کەنیزەکەی، کە ئێستا لێمان مارە کرد."

خەلیفەش وتی:

"ئەوا ئەم کۆیلەی حازریەم بە دیاری دایە، کەنیزەکەکەی ژنی!!"

ئەمجا قازی بە کەنیزەکە مارەکراوەکە کە ئامادەیان کردبوو، تا ئەو کاتە وت:

"تۆش بڵێ وا دیارییەکەی خەلیفەم پەسەند کرد."

ئەویش وتی:

"وا پەسەندم کرد."

ئەمجا قازی بزەیەك هاتە سەر لێوانی و ڕووی کردە خەلیفە... ئەمجا بڕیاری شەرعی دا:

"وا.... ئەم مارە بڕینەم هەڵوەشاندەوە.... بەو حوکمەی کە ناتوانێت.... خاوەنداریتی.... خاوەنەکەی خۆی بکات."

ئەمجا خەلیفە لە خۆشیاندا هەستایە سەرپێ.... بە پێکەنینەوە، وتی:

"من قازی وەکو تۆم دەوێت کە کاروباری مەملەکەت بەڕێوە بەرێت."

فەرمانی دا، یەغنکێشێك زێڕ و زیوی بکەنە کۆشەوە. ئەوانیش پڕ کۆشیان کرد لە زێڕ و زیو، ئەمجا خەلیفە پرسی:

"هیچت هێیە ئەو زێڕ و زیوەی تێ بکەیت!!؟"

قازیش وتی:

"بەڵێ قوربان"

ئەمجا خزمەتکارەکەی خۆی بانگ کرد و وتی:

"بڕۆ رۆڵە... ئەو توورەکەی ئالیکەی هێسترەکەم بۆ بێنە. کە دات بەستووەتە هێسترەکەوە. با ئەمانەی کۆشمی تێ بکەم."

ئەم چیرۆکە نازی وەزیر بە سەر خەلیفەدا.........زانیاری خەلیفە و .. زانایی قازی پیشان دەدات. گۆڕەکانیان پڕ نور بێت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو...... بێدەنگ بوو.

## شەوی ۲۹۸

## چیرۆکی خالدی کوڕی عەبدوڵڵای قەسری

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە، خالدی کوڕی عەبدوڵڵای قەسری کە میری بەسرە بوو کۆمەڵێك خەڵك کەسێکیان گرتبوو. هێنایان بۆ لای. خالدیش لێی پرسین:

"کە چی روویداوە؟"

ئەوانیش وتیان:

"قوربان ئەمە دزە و لە ماڵی خۆماندا گرتوومانە!."

ئەویش سەرنجی لاوەکەی دا. قۆزێکی برۆ رەش و چاو سەوز کەڵەگەتی بالابەرز. هێندەی پی موعجیب بو بە کۆمەڵەکەی وت:

"بەرەڵڵای بکەن."

ئەمجا سەری خستە بناگوێی لاوەکە و وتی:

"ئەی تۆ دەڵێی چی!!؟"

لاوەکەش لە وەڵامدا وتیك

"ئەوان راست دەکەن!"

خالدیش وتی:

"دەی باشە تۆ بەم شۆخ و قۆزیەوە چی وای لێ کردیت ئەو کارە ناڕەوایە بکەیت؟"

لاوەکەیش وتی:

"هەڵپەی دنیا... قەزا و قەدەری خوا!"

خالدیش پێی وت:

"خۆزگە لەبار دایکت بچوویتایە.... ئاخۆ.....بۆچی، ئەو رووخسارە جوانەت و ژیرییەت و بە رەوشتییەکەت نەبوونە رێگر لەم دزییە ناپەسەندەت!!؟"

ئەویش وتی:

"کۆڵ لەم قسانە بدە و فەرمانەکانی خوا بەجێ بێنە. دەستەکانم ئەو کارەیان کرد و تەواو.... خوا زۆرداری بەندەکانی خۆی نییە."

خالد دوای بێدەنگ بوونێکی فرە.... یەخەی لاوەکەی راکێشا..... تاکو گوێی لە سەری خۆی نزیك بکاتەوە. ئەمجا پێی وت:

"ئەم دان پیانانەت بە تاوانەکەتدا.... ترساندمی بۆیە.... بە دزت دانانێم! رەنگە چیرۆکێکت هەبێت، دوور لەم کارە.... وەرە بۆم بگێڕەوە.."

لاوەکە وتی:

"بیر لە شتی تر مەکەرەوە... تەنیا ئەوەندە هەبوو ... چوومە ماڵەکەوە.... شتێکی زۆرم دزی. دواتر پێیان زانیم و گرتمیان و بۆ لای تۆیان هێنام."

خالد فەرمانی دا: با جارچی هەواڵ بداتە.... دانیشتوانی بەسرە... کە سبەینێ داد جێبەجێ دەکرێ و دزێك دەستی دەبڕرێت لە فلان شوێن"

ئەمجا دزەکە پێوەند کرا. ئەمجا ئارام بووەوە، بە بەند بوون و ئەم هۆنراوەیەی وت:

| | |
|---|---|
| خالد هەڕەشەی دەست برین دەکات | گەر نهێنی تۆی هەر زوو پێنەگات |
| نەخۆرانی بێت، بۆی بدرکێنم | نهێن پارێز بم، دەگەم بە ئاوات |
| دەستم ببڕێت لە لام باشترە | نەك شورەییمان دەماودەم بڕوات |

دەرگاوانانی بەندیخانە، گوێیان لەم شیعرە بوو، کە دەیخوێندەوە چوونە لای خالد و شیعرەکەیان بۆ وتەوە. بۆ شەوێ ناردیە شوێنی کە دووانی، بۆی دەرکەوت کە کەسێکی شاعیر و زیرەك و دانایە. فەرمانی دا خواردنیان بۆ هێنا. دواتر نزیکەی سەعاتێك گفتوگۆیان کرد. ئەمجا خالد وتی:

"دەمزانی تۆ دز نیت و چیرۆکێکت هەیە. سبەینێ خەڵکێکی فرە کۆ دەبنەوە. قازی ئامادە دەبێت. لە دزیەکەت دەپرسێت. تۆ نکولی لێ بکە و بڵێ شتی وا نەبووە. بەرگری بکە لە دەست بڕینەکەت."

ئەمجا فەرمانی دا لاوەکەیان بردەوە بۆ بەندیخانە. بەیانی خەڵکێکی زۆر ئامادەی سزای دەست بڕینەوەکە بوون. کەسێ نەما لە شاری بەسرەدا.. نەهاتبێ بۆ سەیر کردن. خالد سوار بوو، لەگەڵ پیاوماقوڵانی بەسرەدا هاتن بۆ گۆڕەپانی شار. ناردییە دوای قازیەکاندا، لاوەکەشیان هێنا. کە زرەی زنجیرەکەی پێی دەهات. هەر کەسێك لاوەکەی دەبینی بۆ ناسکی و لاوی و جوانی دەگریا. قازی فەرمانی دا ژنان بێدەنگ بکەن و نەگرین. ئەمجا رووی کردە لاوەکە و وتی:

"ئەو چەند کەسە دەڵێن تۆ بە دزیەوە چوویتە ماڵیان و شتومەکت دزیوە! بەڵام هەموو شتەکان نەبووە"

لاوەکەش وتی:

"نەخێر هەموو شتەکان بووە!"

خالد هێندە توند بوو قامچیەکی دا بە سەروچاوی و لاوەکەدا.... ئەمجا ئەم شیعرەی پیا هەڵدا:

ئەوەی لای بەندە، حەز و خەیاڵە جێبەجێ نابێ و زۆر جار بەتاڵە
ئەمجا بانگی قەسابیان کرد تاکو دەستی ببڕێتەوە. کە ئامادە بوو کێردە تیژەکەی ئامادە کرد. مەچەکی لاوەکەی راکێشا و خستیە سەری. لەم کاتەدا کەنیزەکێك کە بەرگێکی سپی پۆخڵی لەبەردابوو، بە راکردن هات. خۆی دا بە سەر لاوەکەدا روخساری وەکو مانگی چواردە دەرکەوت. خەڵکەکە پێکەوە ئاخێکیان هەڵکێشا. ئەمجا کەنیزەکەکە بە هەموو توانای هاواری کرد:

"تکات لێ دەکەم میرخالد، پەلە مەکە لە بڕینی دەستی ئەم لاوە.... تا دەی بیستیت راستی ئەو رووداوە."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٢٩٩

شەهرەزاد وتی: کە خالد ئەمەی بیست ژنەکەی بانگ کردە لای خۆی و پرسی. ژنەکەش وتی:

"قوربان راستییەکەی ئەم لاوە دڵی چووەتە کچی ئەمماڵەی کە لە حەوشەکەیدا گیراوە. جا کە هاتووە بچێتە ماڵیان بۆ داوا کردنی کچە. ویستویەتی ئەو دەزگیرانەی بە ئاگا بێنێ کە واهاتووە. بۆ خوازبێنی. بۆ ئەگبەتی برای کچە و باوکی گوێیان لە تەقەی بەردەکە دەبێت، دەردەپەڕنە دەرەوە. تاکو بزانن ئاخۆ..... چی روویداوە، کاتێ دەچنە حەوشەکەوە لاوەکە دەبینن! پەلاماری دەدەن بیگرن. لاوەکەیش بۆ ئەوەی ئابرووی کچەکە نەچێت، پەلاماری جلی تەنافەکەیان دەدات و هەندێ شتی حەوشەکە کۆ دەکاتەوە. کە دەیگرن و شتەکانی پێ دەبێت وا تێدەگەن ئەم لاوە بۆ دزی کردن هاتووە. بۆیە سکاڵای لێ دەکەن. ئەم لاوەش بۆیە دانی بە دزی کردنەکەدا ناوە، تاکو ناموسی دەزگیرانەکەی بپارێزێت....! هێندە نەفسی پاك و بە ویژدان بووە."

خالد کە ئەمە دەبیستێت لاوەی لا خۆشەویست دەبێت و دەنێرێت بە دوایدا کە بۆی دەبەن ناوچەوانی ماچ دەکات. ئەمجا دەنێرێتە دوای باوکی کچەکە و دەڵێت:

"مامە شێخ ئێمە وا بە نیاز بووین حوکم بدەین بە سەر ئەم لاوەدا، کە دەستی ببڕینەوە، بەڵام خوا فریامان کەوت. ١٠٠٠ دینارمان پێ بەخشی، لەبەر ئەوەی ناموسی تۆی پاراستووە و دەستێکی بەخشیوە لە پێناوی ئەو ناموسەدا، کچەکەش بوێرانە هاتە لام و راستی کێشەکەی تێگەیاندم.... منیش پاداشتم دایەوە کە ١٠٠٠٠ دینار بوو. ئێستاش داوات لێ دەکەم رێم پێ بدەیت کچەکەت لەم لاوە بە رەوشتە مارە بکەم."

باوکی کچەش وتی:

"ئەوا منیش رێم پێدایت کچەکەم لەو لاوە مارە بکەیت."

ئەمجا خالد سوپاس و ستایشی خوای کرد و کچەکەی لێ مارە کرد و وتی:
"ئەوا، ئەو کەنیزەکەم لێ مارە بڕیت بە رازی بوونی خۆی، بە پێشەکی ۱۰۰۰۰ دینار."
لاوەکەیش وتی:
"منیش پەسەندمە."
ئەمجا خالد فەرمانی دا پارەکە ببەنە ماڵی لاوەکە ئەمجا بە دەهۆڵ و زورناو سەماوە کچەیان گەیاندە ماڵی زاواوە. هەرگیز چیرۆکی سەرسوڕهێنەری وام نەدیبوو. سەرەتای گریان و ناخۆشی... کۆتاییش شادی و خۆشی.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ۳۰۰

## چیرۆکی بەخشندەیی جەعفەری بەرمەکی بەرامبەر پاقلەفرۆش

شەهرەزاد گێڕایەوە: دەگێڕنەوە، کە هارونەڕەشید چوارمێخەی ئەبوجەعفەری بەرمەکی کێشایەوە و لە سێدارەی دا. دانیشتوانی مەملەکەت بۆی دەگریان خەلیفەش فەرمانی دەرکرد... کە ئەو گریان و پیاهەڵدانەی خەڵکەکەی قەدەغە کرد. دەڵێن کابرایەکی عەرەبی دەشتەکی، کردبووی بە پیشە و هەموو ساڵێك شیعرێکی پیاهەڵدانی بۆ جەعفەری بەرمەکی دەنووسی و رێگای دەگرتە بەر و دەهاتە ماڵی جەعفەر و بۆی دەخوێندەوە. جەعفەریش دەستی دەبرد ۱۰۰۰ دیناری لە حەقی ئەو شیعرەدا، پێ دەبەخشی. کابرای دەشتەکی پارەکەی وەردەگرت و دەیبردەوە و دەیکردە خەرجی ئەو ساڵەی خێزانەکەی.....! ئیدی هەموو ساڵێك ئەمە پیشەی بوو. ئەوساڵەش، وەکو ساڵان شیعرەکەی بۆ دەنووسێ و رێگە دەگرێ بە کۆڵەوە. کە دەگاتە شوێنی ساڵان و دەپرسێت دەڵێت:

"پیاهەڵدان و لاوانەوەی ئەبوجەعفەری خوالێخۆش بوو، بە فەرمانی شاهانە قەدەغەیە. کابرای عەرەبی دەشتەکیش، دەیکاتە شین و واوەیلاو.... شیعرەکە وەکو ساڵان دەخوێنێتەوە. دواتر.... ماندوو دەبێت و هەر لەو شوێنەدا خەوی لێ دەکەوێت. ئەبوجەعفەر دەچێتە خەوی کابرای دەشتەکی و پێی دەڵێت:

"برۆ بۆ بەسرە، کابرایەکی بازرگانی لێیە ناوی ئەوە و ئەوەیە سڵاوی منی پێ بگەیەنە و پێی بڵێ.... بە ناونیشانی "پاقلە"کە.... ئەبوجەعفەر دەیوت ۱۰۰۰ دیناری بدەرێ."

کابرای دەشتەکی کە خەبەری دەبێتەوە سواری وشترەکەی دەبێت و بەرەو بەسرە بەرێ دەکەوێت. دوای پرسیارێکی زۆر کابرای بازرگان دەدۆزێتەوە. کە دەچێتە لای.... راسپادەکەی ئەبو جەعفەری پێ دەڵێت، کە لە خەویدا پێی وتبوو. کابرای بازرگان بڕینی دەکولێتەوە و دەگری و عەرەبە دەشتەکییەکەش لەگەڵیدا.... ئەمجا ۳ شەو لای خۆی بە میوانی گلی

دەداتەوە و ڕێزێکی زۆری دەگرێت. دواتـر دەست دەبات ١٥٠٠ دینـاری پێ دەبەخشێت. پێشی دەڵێت:

"١٠٠٠ دینارەکە، ڕاسپاردەکەی ئەبوجەعفەرە، ٥٠٠ دیناریش دیاری خۆمە و حەقی مانـدوو بوونەکەت.... هەموو ساڵێك وەرە ١٠٠٠ دینارەکەت وەرگرە!!"

کابرای دەشتەکی نزایەکی زۆری بۆ بازرگان کرد. ئەمجا پرسی:

"گـەورەم ئـەوا.... تـۆ پیـاوەتی خـۆت کـرد و دریغیـت لـێ نـەکردم: بـەڵام مـن داوات لـێ دەکەم....... باسی ئەو "پاقلە"یەم بۆ بکـەیت... پـێش ئـەوەی بـڕۆم! کـە ناونیشـانی جەعفـەر بوو بۆ تۆ....!!"

کابرای بازرگان لە وەڵامدا وتی:

"براکەم کاتی خۆی کابرایەکی هەژار و نـەدار بـووم.... بـۆ بـژێوی، خـۆم و مـاڵ و منـداڵم پاقلـەی کـوڵاوم دەفرۆشـت. ڕۆژێکـی زسـتانی بارانـاوی سـارد، پاقلـە کوڵاوەکـەم پـێبوو، دەمفرۆشت. باران تـەڕی کردبـووم. گیـانم لـە سـەرما دەلـەرزی. جاروبـارەش قاچـم دەکەوتـە چـاڵە ئاوەکانـەوە. تومـەز.... ئەبوجەعفـەری بەرمـەکی لـە پەنجـەرەی نهـۆمی سـەرەوەی کۆشکەکەیەوە کە لەگەڵ چەند پیاوانی خۆیدا دانیشتبوون..... سەیری ئەو شـەقامەی دەکـرد، کە من هاواری پاقلە فرۆشتنم تێیدا دەکرد. بەزەیی بە مندا هاتبووەوە فەرمانی دابـوو بـانگم بکەنە ژوورەوە بۆ لای خۆی. کە چووم وتی:

"هەموو پاقلەکەتم پێ بفرۆشە و دابەشی بکە بە سەر ئەم پیاوانەدا."

منـیش هـەر جـارە و کەوچـکە فووڵەکـەم پـڕ دەکـرد و دەمدایـە یـەکێکیان.... ئـەبو جەعفەریش کەوچکە قوڵەکەی بۆ پڕ دەکردم لە زێڕ. تاکو پاقلەکەم تـەواو بـوو. ئـەمجا لێـی پرسیم:

"کوا پاقلەی کوڵاوی ترت پێماوە!!؟"

منیش وتم:

"نازانم... با بگەڕێم."

سەبەتەکەم گەڕام... یـەك دەنکە پاقلـەی تیـا مـابوو. پیشانی جەعفـەرم دا. ئـەویش لێـی وەرگـرتم و کـردی بـە دوو بەشـەوە. لـەتێکیانی خـوارد و لەتەکـەی دی پیشـانی یـەکێك لـە ژنەکانی دا، ئەمجا پرسی:

"ئەم لەتە پاقلەیەم بە چەند لێ دەکڕیت!!؟"

ژنەکەیشی وتی:

"بە دوو هێندەی ئەو زێڕەی کە تۆ بەو پیاوەت بەخشیوە!!"

منـیش لـە دڵـی خۆمـدا وتم: شـتی وا نابێـت! ئەمـە چ بەزمێکـە!!؟ ئـەمجا ژنەکـەی کەنیزەکێکی بانگ کـرد و فـەرمانی دایـە دوو هێنـدەی زێـڕی جەعفـەری هێنـا و لـە تەنیشت زێڕەکانی جەعفەرەوە دایـنا. ئەمجا جەعفەری بەرمەکی، بزەیەك گرتی و وتی:

"دە...... منـیش ئـەو لەتـە پاقلەیـەی خـواردم بـە دوو هێنـدەی هـەموو زێڕەکـەی ئێستام پەسەندە!"

فەرمانی دا دوو هێندەی تریشیان زێڕ بۆ هێنام. ئەمجا بە خزمەتکارێکی فەرمان دا هەموو زێڕەکانی لە سەبەتەکەم نا. منیش هاتمە دەرەوە. دواتر...... ئەو زێڕانەم کردە کوتاڵ و بازرگانیم پێوە کرد.......... سوپاس و ستایشی خوام کرد کە دەوڵەمەند بووم. جا..... براکەم....... تا دەمریت.......... ساڵی ١٠٠٠ دیناری لێ بدەم بە تۆ........ هێشتا هەر هیچ نییە، بۆ گیانی ئەبوجەعفەری بەخشندە و نان بدە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە............. بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٠١

## چیرۆکی هارونەڕەشید و ئەبومحەممەدی تەوەزەل

شەهرەزاد گێڕایەوە و وتی: دەگێڕنەوە، منالێکی خەساو، لە کاتێکدا کە هارونەڕەشید لەسەر تەختی خەلافە دانیشتبوو حوکمڕانی دەکرد، خۆی کرد بە هۆڵەکەیدا و تاجێکی زێڕینی بە دەستەوە بوو. کە بە مرواری و ئالتون و یاقووت نەخشابوو. کڕنووشی بۆ خەلیفە برد و وتی:

"زبێدە خانی خێزانت کڕنووشت بۆ دەبات و دەڵێت.... ئەم تاجەم لەزێڕ و زیو دروست کردووە بەڵام پێویستی بە گۆیەکی زێڕین هەیە لە ناوەڕاستیدا دابنرێت و هەر چەند گەڕام دەستم نەکەوت!"

هارونەڕەشیدیش دەرگاوانی بانگ کرد فەرمانی پێدان:

"بڕۆن بگەڕێن.... گۆیەکی زێڕین بۆ ئەم تاجەی زوبێدە پەیدا بکەن و بۆی دانێن."

زۆر گەڕان بێ سوود بوو. کە خەلیفەیان تێگەیاند توند بوو وتی:

"چۆن دەبێت ئەو گۆیە بە پاشایەکی وەکو من... کە پاشای پاشایانم پەیدا نەبێت!!؟ بڕۆنە لای بازرگانان"

دوای ئەوەی هەموو بازرگانانیان لێ ئاگادار کردنەوە......... سودی نەبوو، دەستیان نەکەوت... بەڵام بازرگانێك پێی وتن:

"ئەو گۆیەی ئێوە پێویستتانە: تەنیا لە لای بازرگانێك هەیە لە شاری بەسرە........ کە ناوی "ئەبو محەممەدی تەوەزەل"ە."

ئەوانیش ئەم هەواڵەیان دا بە خەلیفە. خەلیفەش ناردیە دوای جەعفەری وەزیریدا. کە ئامادە بوو فەرمانی پێدا کە نامەیەکی شاهانە بۆ میرمحەممەدی زبیدی بنووسێت. کە میری شاری بەسرەیە. کە ئەبومحەممەدی تەوەزەلان بۆ بنێرێت. جەعفەری وەزیریش نامەکەی نووسی و دایە مەسروری شمشێرباز. تاکو بیگەیەنێتە شاری بەسرە. ئەویش دوای ئەوی خۆی ئامادە کرد..........بەرەو شاری بەسرە کەوتە رێ کە گەیشت میر محەممەدی زوبەیدی

ڕێزێکی زۆری گرت و دواتر چەند پاسەوانێکی لەگەڵ نارد، کە گەیشتنە بەردەرگای ئەبو محەمەدی تەوەزەل، لە دەرگایان دا. منداڵێك هات و کردیەوە. مەسرور بە منداڵەکەی وت:

"میری موسڵمانان داوای باوکت دەکات."

منداڵەکە گەڕایەوە هەواڵەکەی پێ وت، ئەبو محەمەدی تەوەزەل، هاتە بەردەرگا. مەسروری نوێنەری خەلیفەی کە بینی... کڕنووشی بۆ برد. وتی:

"فەرمایشتی پاشامان بە جێیە...... بەڵام ئێوە فەرموون وەرنە ژوور"

ئەوانیش وتیان:

"ناتوانین چونکە بە پەلەین لەم کارەماندا. خەلیفە چاوەڕێی تۆیە."

ئەویش وتی:

"کەوابوو ...... کەمێك لەسەرم بوەستن.... تا خۆم ئامادە دەکەم."

ئەمجا زۆری لێ کردن بردنیە ژوورەوە، ئەوانیش ڕووانیان داڵانەکەیان... پەردەی ناسکی پیاشۆڕ بووەتەوە کە هەمووی نەخشی زێڕینە ئەمجا ئەبو محەمەدی تەوەزەل.... فەرمانی بە منداڵەکان دا......... بیبەنە گەرماوەکەوە. ئەویش کە سەیری دیواری گەرماوەکەی کرد سەری سوڕما!! چونکە لە مەڕ مەڕی تێکەڵ بە زێڕ دروست کرابوو. کە ئاوەکانی بەردایەوە گوڵاویش دەهاتە خوارەوە. منداڵان بە دڵسۆزی پەزێراییان کردن. کە لە گەرماو هاتنە دەرەوە بەرگی ئاوریشمینیان پێ پۆشین. کە ناوە ناوە تان و پۆیان زێڕین بوو. سەیریان کرد ئەبو محەمەدی تەوەزەل سەر و بەستێکی ئاوریشیمی تێکەڵ بە ئاڵتونی سوری بە سەرەوە بوو. کە ڕیشووی زێڕینی پیا شۆڕ بووبووەوە. لەسەر سەکۆیەکی نەخشی زێڕین دانیشتبوو. ئەمجا لەبەر مەسرور هەستا و لای خۆیەوە داینا. فەرمانی دا سفرە ڕاخرا....... مەسرور کە سفرەکەی بینی وتی:

"بەو خوایە....... لە ماڵی میری موسڵمانانیشدا سفرەی لەم جۆرەم نەبینیوە!"

سفرەکە هەموو جۆرە خواردنێکی تیا وێنە کێشرابوو. چەندین قاپی زێڕینی لەسەر نەخش کرابوو. مەسرور وتی:

"تێر و پڕمان خوارد و خواردەوە. بە خۆشی و شادی ئەو ڕۆژەمان بە سەر برد، ئەمجا ٥٠٠٠ دیناری بە هەر یەکەمان بەخشی. ڕۆژی دووەم بەرگەکانیان گۆڕین. بە بەرگی سەوزباو تان و پۆی زێڕین ڕێز و پەزێراییەکی فرەیان گرتین."

ئەمجا مەسرور پێی وت:

"ناتوانین لەمەندە پتر بمێنینەوە لە خەلیفە دەترسین."

ئەبو محەمەدی تەوەزەلیش وتی:

"گەورەم..... پەلەم لێ مەکە....... تا سبەینێ خۆمان ئامادە دەکەین و لەگەڵتان بەڕێ دەکەوین."

ئەو شەوەیش مانەوە. بەیانی ڕۆژی دواتر منداڵەکانی ماڵ زینێکی زێڕینیان خستە سەر پشتی هێسترەکەی ئەبو محەمەدی تەوەزەل. مەسرور کە سەیری ئەو ماڵ و هێستر و زین و جل و بەرگی نایابانەی ئەبو محەمەدی تەوەزەلی کرد لە دڵی خۆیدا وتی: ئاخۆ...

هارونەڕەشید ئەم پیاوەی بەمجۆرە بینی..... لێی دەپرسێت، ئەو سامانە زۆرەت لە کوێ بوو!!؟ کە گەیشتنەوە لای ئەبو محەمەدی زوبەیدی میری بەسرە خواحافیزیان لێ کرد و کەوتنە ڕێ بەرەو بەغدا. کە گەیشتنەوە شاری بەغدا بەرەوماڵی خەلیفە بوونەوە. کڕنوشیان بۆ برد. ئەمجا خەلیفە فەرمانی دا کە دابنیشێت. کە دانیشت زۆر بە ڕەوشتێکی نایاب وتی:

"ئەی میری موسڵمانان..... دیاریەکم بۆ هێناویت. ڕێم دەدەی بیخەمە بەر دەستت!؟"

خەلیفە وتی:

"فەرمووو!"

فەرمانی دا سندوقێکیان هێنایە بەردەستی کردیەوە چەندین نەختینەی دێرینی دەرهێنا........... لەوانە درەختێکی زێڕین بوو. کە گەڵاکانی "زمرود"ی سپی بوو. بەرەکەیشی، لە یاقووت و مرواری سوور و زەرد بوو. خەلیفە سەری لێی سوڕما!! ئەمجا سندوقێکی تری هێنا دەوارێکی لێ دەرهێنا کە دامێنەکانی لە زێڕ بوو. یاقوت و مرواری پێدا هەڵواسرابوو. کۆڵەکە و سنگەکانی لە تووڵی هیندی ئاودار بوو. سوچەکانیشی بە "زمرود"ی سەوز کە چەندین جۆری ئاژەڵان و باڵندەکانی تیا وێنەکێشرابوو. کە بە تان و پۆی زێڕین چنرابوو. مرواری و یاقووتی تێ هەڵکێشرابوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٠٢

شەهرەزاد گێڕایەوە: کە هارونەڕەشید ئەوەی بینی زۆر پێی خۆش بوو. دواتر ئەبومحەمەدی تەوەزەل وتی:

"ئەی میری موسڵمانان....... وا مەزانە کە ئەم شتانەم بۆ هێناویت، لە ترسا بێت... یان چاوەڕێی پاداشت بم!...... ئەمانەم بۆیە بۆ هێناویت........ چونکە من کابرایەکی سادەم و ئەم شتانە بۆ پاشایان باشە. ئەگەر ڕێم بدەی، هەندێ شت کە لە توانامدا بێت پیشانت بدەم."

هارونەڕەشید وتی:

"چی دەکەیت بیکە و ئێمەش سەیر کردنمان لە سەرە."

ئەویش سەری لەقاند و لێوانی جوڵاند. چەرچەفەکان، شۆڕ بوونەوە بۆی ئەمجا هێمایەکی کرد. چوونەوە جێی خۆیان. ئیشارەتی بە چاوانی کرد تاق و بانیژەکان دەرگایان داخران. ئەمجا کەوتە قسە کردن. کەچی دەنگی بولبولان دەهاتنە گوێ!! خەلیفە زۆر سەری سوڕما و بە ئەبومحەمەدی تەوەزەلی وت:

"باشە باوکی تۆ، کەڵەشاخی دەگرت و هەمیشە لە گەرماوەکاندا بوو.........! هیچی بۆ جێ نەهێشتوویت!! ئەم هەموو سامانەت لە کوێ بوو..... لەگەڵ ئەوەشدا، بە ئەبومحەمەد تەوەزەل ناسراویت!!؟"

ئەویش وتی:

"قوربان.. وەك خۆت فەرمووت باوكم كە مرد هیچی سامان بۆ جێ نەهێشتم چونكە كابرایەكی خوێنگر بوو. بە كەڵەشاخێكەوە ئەم گەرماو و ئەو گەرماوی دەكرد. منیش زۆر تەمەڵ و تەوەزەل بووم و هەر بۆیەش بوو بە نازناوم و ئێستاش بەم هەموو دەوڵەمەندیمەوە هەر پێم دەڵێن تەوەزەل. ئیدی هێندە تەمەل بووم جگەر بنوستمایە و هەتاوم بهاتایە سەر و سێبەرم لێ دوور بكەوتایەوە هێندە تاقەتم نەبوو، جێگەكەم بگوێزمەوە بن سێبەرێك. كە باوكم مرد دایكم بوو بە جل شۆر و نانكەری ماڵان و منی بەخێو دەكرد. منیش لە سەر لا لێی رادەكشام ئەویش خواردنەكەی دەكرد بە دەممەوە. رۆژێكیان هاتە لامەوە و وتی:

"كوڕم ئەوە...... بیستوومە شێخ "ئەبولعز" سەفەر دەكات بۆ وڵاتی "سین". بۆ بازرگانی تۆش هەستە و برۆ بۆ لای و پێی بڵێ با ئەم ٥ درهەمەت بۆ بەرێت و لەوێ شتێكت بۆ پێ بكرێت. بەڵكو هەندێ قازانجی لێ بكەیت."

منیش وتم:

"تاقەتم نییە هەستم...."

دایكم زۆر گریا...! ئەمجا لێم تووڕە بوو سوێندی لێ خواردم كە لەمەودوا نانم نەداتێ و ئاوم نەدات....! منیش زانیم بە راستییەتی زۆر ترسام بۆیە وتم كەوابوو، دەستتم بدەرێ با هەستم. بە هەزار ئەم لاو ئەولا هەڵی ساندم. ئەمجا وتم:

"وەرە ژێر باڵم"

خۆم دا بە سەریدا و وردە وردە رۆیشتین، تا گەیشتینە لای. سڵاومان لێ كرد. خۆی كۆمەڵە خەڵكەكەی دەورووبەری وەڵامیان داینەوە. ئەمجا شێخ موزەفەر لە هاوڕێكانی پرسی:

" ئەم لاوە دەناسن!؟"

یەكێكیان وتی:

"كێ هەیە...... نەیناسێ!!؟ ئەم لاوە هێندە تەوەزەلە ئەمە یەكەمجارێتی لە ماڵ بێتە دەرەوە."

ئەمجا دایكی داوای لێكرد كە ئەو ٥ درهەمەی كوڕەكەشی بەرێت بۆ "سین". بەڵكو شتێكی بۆ پێ بكرێت و لێرە قازانج بكات. شێخ موزەفەریش لێی وەرگرتن و وتی:

"بسم الله الرحمن الرحيم"

ئیدی ئێمە گەڕاینەوە ماڵ و شێخیش سەفەرەكەی دەست پێ كرد، بەڕێوە بوون تا گەیشتنە "سین". لە سین دەستیان بە كڕین و فرۆشتن كرد. دواتر بە رێی دەریادا هاتنەوە و سێ رۆژ لە نێو پاپۆڕدا رۆیشتن. ئەمجا شێخ وتی:

"پاپۆڕەكە رابگرن."

بازرگانەكان وتیان:

"چیت پێویستە؟"

شێخ موزەفەر پێی وتن:

"کە ڕاسپێرییەکەی ئەبو محەمەدی تەوەزەلم بیر چووە..!! با بگەڕێینەوە تا شتێکی بۆ بکرم. بەڵکو هەندێ قازانج بکات لە دەستی ئێمە."

ئەوانیش وتیان:

"پیاوی چاك بە کەممان بەسەر نەهاتووە و زۆریش ماندووین و ئەوە سێ ڕۆژە بەڕێوەین با نەگەڕێینەوە."

شێخ وتی:

"نەخێر دەبێت هەر بگەڕێینەوە."

ئەوانیش چاریان نەما و وتیان:

"باشە... چەند دەڵێیت... ئێمە وەکو قازانج بۆی دادەنێین و با نەگەڕێینەوە."

ئەویش بە قسەی ئەوانی کرد و ئەوانیش هەر یەکە و بڕێك پارەی بۆ قازانجی ٥ درهەمەکە دانا. کردیە پارەیەکی هێندێ باش. ئەمجا کەوتنەوە ڕێ. دواتر گەیشتنە دوورگەیەك، کە خەڵکێکی زۆری تێدا نیشتەجێ بوو. لایان دا و دەستیان کردە فرۆشتنی مرواری و یاقوت و شتی دی. شێخ موزەفەر، کابرایەکی بینی چەند مەیمونێکی لە دەور بوو، یەکێکیان مەیمونێکی قژ لوول بوو. هەر کاتێك پیاوەکە مەشغوڵ دەبوو، ئاگای لەمان نەدەما، بە هەموو مەیمونەکان لەو مەیموونە قژ لوولەیان دەدا و دواتر دەیان کێشا بە پیاوەکە. پیاوەکەش بڕێکی لە مەیمونە قژ لوولەکە دەدا و دەیبەستەوە. ئەمجا بەردەبوونەوە مەیمونە بەستراوەکە.

شێخ ئەبو موزەفەر، زۆری بەزەیی پیا هاتەوە لە کابرای خاوەنی چووە پێش و پرسی:

"ئەو مەیمونە دەفرۆشیت!؟"

خاوەنەکەی وتی:

"بەڵێ."

شێخ وتی:

"منالێکی هەتیو.... ٥ درهەمی داوە بە من شتی بۆ بکرم. دەی دەیت بۆ پارەیە!؟"

کابرا وتی:

"خێری لێ ببینیت"

ئەمجا بە خزمەتکارێکی خۆی وت ڕستی بکەن و بیهێنن. کە گەیشتنەوە کەشتییەکە دوای ئەوەی هەندێ شتومەکیان فرۆشت. بە لێوارێکیەوە بەستیانەوە. ئەمجا هەندێك لە بازرگانەکان بە مەلەوانەکانی نێو کەشتیەکەیان پارە دەدا تاکو خۆ هەڵدەنە دەریاوە و بنەکەی بگەڕێن بە شوێن مرواری و مەرجاندا، کە مەیمون، مەلەوانەکانی بینی چوونە بنی دەریا ئەویش پەتەکەی کردەوە و لەگەڵ ئەواندا خۆی فڕی دایە دەریاکەوە. کە شێخ ئەوەی بینی پێی سەیر بوو. لەبەر خۆیەوە وتی:

"بە خوا ئەو هەتیوە تەوەزەلە بەدبەختە. ئەوا... مەیموونەکەی خنکا!"

مەیمونەکە لە بنی ئاوەکەدا پێی چوو. کۆمەڵێك هاتنەوە سەر ئاو و مەیمونەکەش لەگەڵیاندا، سەرکەوتەوە. ئەمجا هاتە بەردەم شێخ موزەفەر، هەر دوو دەستی کە پڕ بوون لە

مرواری و مەرجان.... خستیە بەر پێی . شێخ سەری سوڕما. مرواری و مەرجانەکەی کۆ کردەوە و وتی؛

"ئەم مەیمونە زۆر سەیرە بە لامەوە!! نهێنییەکی گەورەی هەیە."

ئەمجا گەیشتنە دوورگەیەکی دی، کە ناوی دوورگەی زنجیەکان. ئەوانەش خێلێك بوون گۆشتی مرۆڤیان دەخوارد. کە کەشتییەکەیان بینی سواری بەلەمەکانیان بوون و بۆیان هاتن. هەر جیێەك لەو پاپۆڕەدا بوو بردیان سەرنشینەکانیان قۆڵبەست کردو بردنیان بۆ لای پاشای خۆیان. ئەویش فەرمانی دا هەندێك لەو بازرگانانە سەر ببڕن، گۆشتەکانیان بخۆن. ئەوانەش کە مابوونەوە بەند کران، کە زۆر دەترسان لەو ئەگبەتیەی تووشیان بووە. کە شەو هات مەیموونەکە هەستا و دەستی شێخی کردەوە کە ئەوانی دی ئەمەیان بینی وتیان؛

"بەلکو ئەمە خوایە.... تۆ رزگارمان بکەیت، ئەی ئەبو موزەفەر."

ئەویش وتی؛

"ویستی خوای لەسەر بوو کە ئەم مەیموونە دەست و قۆڵی منی کردەوە. منیش ١٠٠٠ دینارم بۆ داناوە."

گیراوەکان، پەیمانیان دا کە ئەگەر ئەوانیش رزگار بکات یەکی ١٠٠٠ دینار دەدەن بە شێخ بیداتە مەیمونەکە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٠٣

شەهرەزاد وتی؛ ئەمجا مەیموونەکە، یەکە یەکە دەستی هەموویانی کردەوە. هەموویان بەرەو کەناری دەریا رۆیشتن. کە روانیان پاپۆڕەکە لە جێی خۆیەتی و هیچی لە کار نەکەوتووە. ئەمجا سوار بوون. ئەبو موزەفەر وتی؛

"ئەی بازرگانان فەرموو، پەیمانەکەتان جێبەجێ بکەن بەرامبەر ئەم مەیموونە."

بازرگانان وتیان؛

"بە چاوان.."

هەر یەکەیان دەستی برد و ١٠٠٠ دیناریان بۆ مەیموونەکە دانا... پارەیەکی زۆر کۆ بووەوە. ئەمجا بەرێکەوتن بە دەریادا.... تا گەیشتنە شاری بەسرە. دانیشتوانی بەسرە بەرەو پیریان چوون. ئەبو موزەفەر هەر کە دابەزی.... پرسی؛

"کوا ئەبومحەممەدی تەوەزەل؟"

هەوالی گەڕانەوەیان گەیشتە دایکی تەوەزەل. ئەمجا هات و لە خەو هەڵیساندم. وتی؛

"دەی کوڕە شیرینەکەم بڕۆ بۆ لای ئەبوموزەفەر و سڵاوی لێ بکە و ... بەلکو ئەمە خوایە... شتێکی وای بۆ هێنابێت، کە سوودی لێ ببینیت."

ئەمجا منیش بە لارۆ... لارۆ... رۆیشتم تا گەیشتمە لای. کە منی بینی وتی:
"بەخێری بێیت ئەی ئەو کەسەی چەند درهەمەکەت بووە مایەی رزگاربوونی خۆم و بازرگانان لە مردن. کە قەزا و قەدەری خوا بوو."
ئەمجا وتی:
"ئەم مەیموونە لەگەڵ خۆت ببەرەوە ماڵ خۆتان.. دواتر خۆیشم دێمەوە بۆ لات."
منیش لێم وەرگرت و بەرەوماڵەوە بوومەوە. لە دڵی خۆمدا وتم:
"بە خوا... بازرگانێکی لێهاتووە!"
کە گەیشتمەوە ماڵ، بە دایکم وت:
"هەر جارەی کە دەخەوم... یەخەم دەگریت... دەڵێیت برۆ بازرگانییەك بکە... فەرموو... ئەمەش بازرگانیەکەم!"
ئەمجا لێی دانیشتم هێندەم زانی ئەبو موزەفەر فەرمانی دابوو بە کۆیلەکانی.... سامانەکەیان بۆ هێنایەنە ژوورەوە و پرسیان:
"تۆ ئەبو محەمەدی تەوەزەلیت!؟"
کە ئەبو موزەفەر بینی وتی:
"ئەو پارانە هی خۆتە."
منیش زۆر خۆشحاڵ بووم و چوومە لای دایکم و بۆم گێڕایەوە. ئەویش وتی:
"کوڕە شیرینەکەم... ئیدی ئەو تەوەزەلییە لە بیر خۆت ببەوە و برۆ بازار و بازرگانی بەو سامانەوە بکە."
منیش بە قسەی دایکم کرد و دوکانێکم لە بازاڕ دانا و مەیموونەکەش لەگەڵم دادەنیشت. خواردن و خواردنەوەی لەگەڵ خۆم بوو. هەموو رۆژێك لە بەیانیەوە تاکو نیوەڕۆ ون دەبوو. ئیدی کە دەهاتە دوکان توورەکەیەکی لای کورسیەکەوە دادەنا. ١٠٠٠ دیناری تیا بوو. ماوەیەکی زۆر ئەمە ئیشی بوو. تا...... منیش بوومە خاوەنی پارە و سامانێکی فرە. کەوتمە کڕینی خانووبەرە و زەوی و دروست کردنی رەز و باخ.... کۆیلە و کەنیزەك. رۆژێ لە رۆژان خۆم و مەیموونەکەم..... لە سەر دوکان دانیشتبووین. مەیموونەکە هەر سەیری ئەملاو ئەولای خۆی دەکرد. منیش لە دڵی خۆمدا وتم:
"ئاخۆ.... چ باسە؟"
گوێم لێبوو مەیموونەکە بە زمانێکی پاراو بانگی کرد:
"ئەی ئەبو محەمەد"
منیش زۆر ترسام ئەمجا پێی وتم:
"مەترسە...! ئەوە بزانە من درنجێکم لە جنۆکەکانم. لە بەر لاوازیت هاتمە لات! ئێستاش نازانیت چەندەت سامان هەیە. ئێستاش ئێشێکم پێتە. کە بە سوودی خۆیشتە!"
منیش وتم:
"ئەو ئیشە چییە؟"
مەیموونەکە وتی:

"ئەمەویت کیژێکت لێ مارە بکەم وەکو مانگی چواردە بێت."

وتم:

"جا... ئەوە چۆن؟"

وتی:

"سبەینێ جل و بەرگی جوان لەبەر بکە و سواری هێسترەکەت ببە. دوای ئەوەی زینە زێرینەکەی دەخەیتە سەر پشت بچۆ بۆ لای "شەریف" و لە سەر دوکانەکەی دابنیشە و ئەمجا پێی بڵێ: هاتووم داوای کچەکەت دەکەم. ئەگەر وتی: تۆ هەژاریت و خانەوادەت ناسراو نییە. ١٠٠٠ دیناری بدەرێ. گەر وتی: زیاتر... هێندەی بدەرێ.... تا نەرم ببێت."

منیش وتم:

"بە سەرچاوان. سبەینێ خوا یار بێت وا دەکەم"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٠٤

شەهرەزاد گێڕایەوە: ئەبو محەممەدی تەوەزەل وتی:

" کە ڕۆژ بووە زینە زێڕینەکەی خستە سەرپشتی هێسترەکەم و جوانترین بەرگم لەبەر کرد و سوار بووم بەرەو بازاڕی عەلافەکان. لەوێ پرسیاری دوکانی "شەریف"م کرد. کە بردمیان. شەریف لە دوکانەکەی دانیشتبوو. منیش دابەزیم و سڵاوم لێکرد و لای دانیشتم. ١٠ کۆیلە و خزمەتکارم لەگەڵ خۆم بردبوو. شەریف وتی:

"رەنگە بۆ شتێك هاتبن، حەز دەکەم بۆتان بکەم؟"

منیش وتم:

"بەڵێ کارێکم پێتە."

پرسی:

"ئەو کارە چییە؟"

وتم:

"هاتووم بۆ داوای کچەکەت."

ئەویش وتی:

"تۆ نە دەوڵەمەندیت و نە بنەماڵەیەکی ناسراون."

منیش توورەکەیەکی پارەم دەرهێنا کە ١٠٠٠ دیناری تیابوو. پێم دا، ئەمجا وتم:

"ئەوە ناوبانگی، چەند جوانیان وتووە:

هەر کەس دوو عانەی هەبوو بە جارێ
چۆن ویستی قسەی دێتە سەرزارێ

گەر بە سامانی.... بە خۆی ئەنازێ
گوێی لێ ناگیرێ و رسوا بەجارێ

دەوڵەمەند، هەڵەش بڵێ هەر راستە
ناڵێن درۆیە و بەردت لێ بارێ

هەژاریش ئەگەر قسەی راستی کرد دەڵێن درۆت کرد سەد جار نە جارێ
سامان و پارە، لە هەر بارێکدا.... ەموو کەس دەکا، بە شکۆدارێ
زەمانە لە بۆ قسە و گفتوگۆ... هەر کەسێ دەکا بە شۆڕە سوارێ

کە شەریف ئەمەی لە من بیست، تێگەیی و دوایی سەری داخست. ئەمجا سەری بڵند کرد و وتی:

"کەوابوو...... "٣٠٠٠" دینارم بدەرێ.."

وتم:

"بەسەرچاوان "و کۆیلەیەکم ناردەوە، ماڵ کە پارەم بۆ بێنێ. کە پارەکەی بینی و وەری گرت.... بە شاگردەکەی وت:

"ئادەی... دوکانەکە، دابخە."

ئەمجا هەندێك لە دراوسێ دوکانەکانی بانگهێشت کرد بۆ ماڵەوە. کە گەیشتین کچەکەی خۆی لێ مارە کردم. ئەمجا وتی:

"دوای ١٠ رۆژی دی بیگوێزەوە... "

کە شەو لەگەڵ مەیمونەکەدا دانیشتم. هەواڵەکەم بە دڵخۆشیەوە پێدا، مەیموونەش وتی:

"چاکت کرد."

کاتێك ژووانی شەریف نزیك بووەوە مەیمونەکە بە ئەبو محمەدەی تەوەزەلی وت:

"کارێکم پێتە، گەر بۆم جێبەجێ بکەیت، ئەوا چی بڵێیت بۆت دەکەم."

منیش وتم:

"کارەکەت چییە؟"

مەیموونەکە وتی:

"لە پێشەنگی ئەو هۆڵەی ماڵی خەزوورتدا سەکۆیەك هەیە، فەرشەکەی سەر هەڵبدەوە. هەڵەفەیەك دەبینی کلیلی پێوەیە، بیهێنە و قفڵەکەی پێ بکەرەوە. کە سەری سەکۆکەت هەڵدایەوە، سندوقێك دەبینیت کە هەر سوچێکی ئاڵایەکەی لەسەر کە تەڵسەمی سیحرین. لە ناوەڕاستیشدا تەشتێکی زێڕ و زیوی تیایە. لەنێویدا کەڵەشێرێکی بەستراوە هەیە چەند ماریش بە دەوریەوەیە. چەقۆیەکیش لەسووچی سندوقەکەدایە دەستی بدەرێ و کەڵەشێرەکەی پێ سەر ببڕە و هەر چوار ئاڵاکەیش بدڕە. ئەمجا سندوقەکە، قلپ بکەرەوە. ئەوەیە داواکاریەکەم."

منیش وتم:

"بە چاوان"

کە چووم بۆ گواستنەوەی بووکەکەم. بینیم زۆر جوان و ناسك و نازدار بوو. زۆر دڵم پێی خۆش بوو. سەیرێکی سەکۆکەشم کرد. نیوە شەو هات بووکە، نووست. کلیلەکانم هێنا و سندوقەکەم کردەوە. چەقۆکەم هێنا و کەڵەشێرەکەم پێ سەر بڕی. ئاڵاکان دڕاند و سندوقەکەم قلپ کردەوە. بووکەکە بە ئاگا هاتەوە. کە سندوقە قلپ کراوەکەی بینی وتی:

"لاحول و لا قوە الا بالله العلی العظیم. ئەوە دێوەکە بردمیەوە."

قسەکانی هێشتا کۆتا نەبووبوو. کە دێوەکەماڵەکەی داگیر کرد و بووکەکەی فڕاند، ئیدی بووە ژاوە ژاو. شەریف دایە بە سەری خۆیدا و هات. پرسی:

"ئەبو محەمەد، ئەمە چیت کرد پاداشتی چاکەی منت دایەوە؟ ئاخر من ئەو تەلسەمەم لەو گەنجینەیەدا کردبوو، بۆ پاراستنی کچەکەم. لەو دێوە کە ٦ ساڵە دەیەوێت ئەو کچەم ببات و نەم دەهێشێت! ئیدی شوێنت لای ئێمە نەماوە... برۆ بەرێی خۆتەوە"

منیش بە لۆزە لۆز گەڕامەوە، ماڵەوە کە گەڕام بۆ مەیمونەکەم، دیار نەبوو. ئەمجا بۆم دەرکەوت کە ئەو دێوەی ژنەکەی فڕاند مەیموونەکەی خۆم بووە و دەستی بریوم کەوتمە لە خۆدان و یەخەی خۆم دادڕی. دنیام لێ بووە کونە مشك. سەری لووت خۆم ڕەش کرد و بەرەو چۆڵەوانی ڕۆیشتم. هەر ڕۆیشتم تاکو ئێوارە بە سەردا هات. ئیدی نەمزانی بۆ کوێ بچم. من لەم حاڵەدا بووم دەڕوانم دوو مار بە خاوە خاو بۆ لای من هاتن یەکێکیان سپی و ئەوی دی خۆڵەمێشی بوو. بەردێکم کێشا بەمارە خۆڵەمێشییەکەدا و کوشتم. چونکە ئەو زۆری لە مارە سپیەکە کردبوو. ئەمجا بەرەو مارە سپیەکە چووم. بەڵام خۆی ون کردو دوای سەعاتێك هاتەوە و ١٠ ماری تری لەگەڵ خۆی هێنابوو هەموویان سپی بوون. کە گەیشتنە لای مارە خۆڵەمێشییە کوژراوەکە هەر یەکە و پارچەیەکی لێ کردەوە و ڕۆیشت. تەنیا کەللە سەرەکەی مابووەوە. منیش زۆر ماندوو بووم بۆیە لێی ڕاکشام تا بنووم. بیرم هەر بەلای کێشەی خۆمەوە بوو. گوێم لێبوو دەنگێك ئەمەی دەوت

| | |
|---|---|
| واز لە عینادی قەدر بهێنە | چاوانت لێك نێ بێخەم بمێنە |
| چاوێ دادەخەی، جا هەڵی دێنی | دڵی ناخۆشت، شادی لە شوێنە |

کە ئەمەم بیست ئەی میری موسڵمانان.... نیشتە سەرشانم پەژارە و ترسان. ئەمجا لە دواوە خوێندیانەوە ئەم هۆنراوە:

| | |
|---|---|
| ئیسلامێك قورئان کە ئیمامی بێ | دەبێ دڵێکی بە ئارامی بێ |
| باشەتیان بیر و هۆشی تێك نەدا | تا بڕوای تۆکمە و بەئاکامی بێ |

ئەمجا هاوارم کرد. توخوا خۆتم پێ بناسێنە. ئیدی ئەویش خۆی کردە مرۆڤێك وتی:

"بێخەم بە.... چاکە و پیاوەتیت گەیشتە ئێمەی جنۆکەی موسڵمان.... ئەگەر پێویستت بە هەر چییەکە پێمان بڵێ... بۆت جێبەجێ دەکەین."

منیش وتم:

"بە خوا ئیشێکی زۆر گرنگم هەیە. چونکە بەڵایەکی خراپم تووش بووە"

ئەویش وتی:

"ڕەنگە تۆ ئەبو محەمەدی تەوەزەل بیت!"

وتم:

"بەڵێ ئەوم"

وتی:

"منیش برای مارە سپیەکەم، ئەو مارەی تۆ دوژمنەکەیت کوشت. ئێمە چوار برا و دایك و باوکمانین. زۆر سوپاست دەکەین. ئەوەش بزانە ئەو مەیموونە فێڵبازەت دێو بوو. ئەگەر

بەو فێڵە نەبوایە هەرگیز ئەو کچەی دەست نەدەکەوت. دەمێك بوو تەقەلای دەدا. ئەو تەڵسەمە نەیدەهێشت. خەمت نەبێت ...... چاکەی تۆ لای ئێمە ون نابێت، ئەو دێوە هەر دەکوژین."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٠٥

شەهرەزاد گێڕایەوە: مارەکە ڤیژاندی. کۆمەڵێکی بینی بەرەو رووی هاتن ئەمجا پرسیاری مەیموونەکەی کرد. یەکێکیان وتی:

" من دەزانم لەکوێیە"

ئەویش وتی:

"لە کوێیە؟"

وتی:

"لە شاری "مس"ینە، ئەو شارەی "خۆر"ی لێ هەڵنایە."

ئەویش وتی:

"دە...... یەکێك لە کۆیلەکانمان... بتخاتە سەر پشتی هەڵتبگرێت. فێریشت بکات چۆن ئەو کچەی لێ بسەنیتەوە. دەبێت کە هەڵی گرتیت ناوی الله نەهێنیت. چونکە لە دەستت رادەکات و تۆیش دەکەویتە خوارەوە و دەمریت."

منیش وتم:

"بەسەر چاوان"

کۆیلەیەکیانم گرت و پێم وت... ئەویش وتی:

"سوار پشتم ببە."

ئیدی هێندە بڵند بوومەوە ئەستێرەکانم بینی دەتوت کێون. گوێم لە تەسبیحاتی فریشتەکانی ئاسمان بوو. جنۆکەکەیش شتی زۆری پیشان دام. تاکو خوام لە بیر بباتەوە. هێندەم زانی... یەکێك پەیدا بوو جل و بەرگی سەوزی لەبەردا بوو کێردێکی درێژی بە دەستەوە بوو. گڕی لێ دەبووەوە. پێی وتم:

"ئەبو محەمەد... نەڵێی لااله الاالله... محمد رسول الله.. بەم کێردە دەتکوژم."

منیش پێم خۆش بوو. بۆیە دوابەدوای ئەو وتمەوە... ئەمجا کێردەکەی دا لە جنۆکەکە و تواندیەوە. ئینجا منیش کەوتمە خوارەوە. بۆ ناو دەریایەك. کە سەر ئاو کەوتمەوە کەشتیەکم بینی. ٥ کەسی دەریاوانی تیابوو. کە منیان بینی دەریان هێنام و خستمیانە ناو کەشتییەکەیانەوە. بە زمانێك دەدوان، لێیان تێ نەدەگەیشتم. ئەو رۆژە تا ئێوارە سەوڵیان لێدا و رۆیشتین. ئەمجا تۆڕیان لە ناودا خستو "حووت"ێکیان راو کرد و دەستیان کردە برژاندنی گۆشت و منیشیان تێر کرد. کە گەیشتنەوە وڵاتی خۆیان منیان بردە لای پاشای

خۆیان کە ناوی "عەرەبیە" بوو. منیش کرنووشم بۆ برد. پاشایش خەڵاتی کردم. ئەمجا پێی وتم:

"وا تۆم لای خۆم دانا."

منیش وتم:

"ئێرە کوێیە؟"

وتی:

"ئەم شارە ناوی "هەناد"ە و تۆ لە وڵاتی "سین" دایت. ئەمجا فەرمانی ا بە وەزیرەکەی، کە شارەکەم نیشان بدات. ئەویش لەگەڵ خۆی بردمی و کەوتمە سەیر کردن. کاتی خۆی ئەو شارە، کافر بوون. ئیدی خوا غەزەبی لێ گرتبوون و هەموویانی کردبوو، بەبەرد. دواتر کە ئاوەدان بووبووەوە. پڕ بوو لە دار و درەختی بەردار و بێبەر. یەك مانگ مامەوە. ڕۆژێکیان چوومە سەر دەریا و لێی دانیشتم. کاتێکم زانی ئەسپ سوارێك پەیدا بوو وتی:

"تۆ ئەبو محەمەدی تەوەزەلیت؟"

وتم:

"بەڵێ"

وتی:

"بێخەم بە.... چاکە و پیاوەتی تۆمان لەبەر چاوە"

منیش پرسیم:

"تۆ کێیت؟"

وتی:

"من برای مارەکەم تۆیش لە ژنەکەتەوە نزیکیتا"

ئەمجا جلو بەرگەکانی داکەند و بە منی وت:

"لەبەری بکە. بێخەم بە.... ئەویە بە کێردەکە کوژرا، کۆیلەی خۆمان بوو."

ئەمجا هەڵی گرتم و گەیاندمیە ئەوبەری ئاوەکە. دواتر وتی:

"دابەزە و بڕۆ بە نێوان ئەو دوو شاخەدا. لەوێ شاری "مسین" دەبینی ئیدی بوەستە و چاوەڕێی من بکە. دێم و پێت دەڵێم چی بکەیت."

وتم:

"بە چاوان"

کە گەیشتم سەیرم کرد ئەو شارە لە هەموو لاوە بە دیوارێکی بڵندی لە مس دروست کراو دەوردەدراوە. پیا گەڕام. دەروازەم نەدۆزیەوە. برای مارەکەم لێ پەیدا بوو. شمشێرێکی سیحراوی دایە دەستم. بۆ ئەوەی کەس نەم بینێت. ئەمجا ئەو ڕۆیشت. هێندەم زانی بوو بە قیژە و هەرا لێمان هاتنە پێش و پرسیان:

"ئێوە کێن؟ بۆچی هاتوونە ئێرە!؟"

ئەوانیش وتیان:

"ئێمە برایانی مارەکەین و نازانین دێوەکە چی لە کچەکە کردووە"

دواتر وتیان:

"برۆ سەر ئەو کانیە. شوێن ئاوەکە بکەوە، دەتباتە ناو شارەکەوە."

منیش وام کرد و بە ژێر زەمینێکدا چوومە ژوورەوە. لەوێ گەڕام دەڕوانم کچەکە لەسەر سەکۆیەکە، کە ڕاخەری ئاوریشمی لەسەر بوو. چوار دەوری پەردە و کوللە بوو. لە نێو ڕەز و باخێکدا.... دانیشت بوو. کە لە زێڕ و زیو و یاقووت و مەرجان دروست کرابوون.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٠٦

شەهرەزاد گێڕایەوە: کە کچەکە منی بینی سڵاوی لێ کردم و وتی:

"گەورەم کێ تۆی گەیاندە ئێرە؟"

منیش چیم بەسەرهاتبوو، بۆم گێڕایەوە. ئەویش پێی وتم:

"ئەو دێوە لەعنەتییە چی بۆ خۆی خراپ بوایە، یان باش بوایە.... پێی دەوتم. ئەو وتی: تەلسەمێك هەیە لەم شارەدا ئەگەر بە کار بهێنرێت ئەوا خەڵکی شارەکە هەموو دەکوژێت...! کە پرسیم: ئەو تەڵسەمە لە کوێ دایە، پێی وتم: لە فلانە شوێن. کە وتم: لە کوێی ئەو شوێنە دایە؟ پێی وتم: لە ناو کۆڵەکەیەك دایە. وتی تەڵسەمەکە وێنەی دوپشکێکە کە لە سەر پشتی نووسراوە نازانرێت بخوێنرێتەوە. دەیخەیتە ناوبەری هەر دوو دەستت و دواتر فڕێی دەدەیتە نێو پشکۆی ئاگرەوە لەگەڵ کەمێك "مسك" دا. دوکەڵێك دروست دەکات. دێوان دێن و چییان لێ داوا بکەیت بۆت دەکەن. منیش هەستام و چووم. پایەکەم دۆزیەوە چی وتبوو، جێبەجێم کرد. ئەمجا دێوەکان هاتن وتیان:

"لە پەزێراییتداین.... فەرمانت بە هەر چیەك بێت ئامادەین."

منیش فەرمانم دا:

"ئادەی ئەو دێوەم بۆ قۆڵبەست بکەن کە ئەو کیژەی هێناوە"

وتیان:

"هەر ئێستا...! "

چوون و قۆڵبەستیان کرد و هاتنەوە وتیان:

"قوربان جێبەجێمان کرد"

ئەمجا کیژەکەیان بۆ هێنامەوە. منیش وتم:

"ژنە نازدارەکەم، لەگەڵم دێیتەوە!؟"

وتی:

"ئامادەم."

ئەمجا لە ژێرزەمینەکەوە، چووینەوە دەرەوەی شار. بە ڕێکەوتین تا گەیشتنەوە لای ئەو هۆزەی منیان هێنایە سەر کان و ئاوەکە. ئەمجا پێم وتن:

"بە خەنەوە سەر ئەو رێیەی دەمباتەوە بۆ نیشتمانی خۆم....."
لەگەڵیشم هاتن تا چوومەوە کەناری هەمان دەریا. ئەمجا سواری کەشتییەکیان کردین و جێیان هێشتین و خواحافیزیان لێ کردین. شنەی با زۆر بە سوود بوو، بێخەم گەیشتینەوە کەناری شاری بەسرە. کاتێك کیژەکە چووەماڵی خۆیانەوە کەس و کارەکەی زۆریان پێخۆش بوو. ئەمجا وێنەم هێنا و بۆنی مسکم پیادا پژان... هێندەم زانی...... لە هەموو لایەکە دێوەکان هاتن وتیان:

"فەرموو بڵێ و جێبەجێی بکەین."

منیش وتم:

"هەر چی زێڕ و زیوی شاری مسین هەیە بیهێنن و ماڵەکەمی لێ پڕ بکەن!"

ئەوانیش... کارەکەیان ئەنجام دا. ئەمجا فەرمانم دا مەیموونەکە بهێنن بە رسوایی بۆیان هێنام. منیش لێم پرسی:

"لەعنەتی خوات لێ بێ بۆ غەدرت لێ کردم؟"

وتم: ئادەی بیخەنە ناو حەوتجۆشێکی مسەوە و بەقورقوشم دەمەکەی بگرن. ئیدی خۆم و ژنەکەم بە ئاسوودەیی ژیاین. ئەوە بۆیە هێندە زێڕ و زیو و یاقووت و مرواری و شتی نەختینەم هەن. کە هیچ کەسێك بە خۆیەوە نەدیوە. خۆ ئەگەر شتێکیشت بوێت خۆم ئەم بێت ئەوا بە دێوەکان دەڵێم بۆم دێنن. ئەمانەش بە هۆی کەرەمی خواوەیە"

خەلیفەش رێزێکی زۆری گرت.

## چیرۆکی بەخشندەیی یەحیای کوڕی خالدی بەرمەکی

دەگێڕنەوە: هارونەڕەشید، پێش ئەوەی لە بەرمەکیەکان هەڵبگەڕێتەوە، دەنێرێتە شوێن سالح ناوێکدا. کە دەیبینێ پێی دەڵێ:

"سالح بڕۆ بۆ لای مەنسوور و پێی بڵێ: هەزار هەزار دینارمان لە لای تۆیە، دەبێت بماندەیتەوە. ئەگەر تاکو پێش بانگی ئێوارە بۆی ئامادە نەکرا... دەبێت لەسەری بدرێت. بە شمشێر و کەللە سەرەکەیم بۆ بێنیتەوە؟"

سالحیش وتی:

"بەسەرچاوان"

ئەمجا لێی دا و رۆیشت. کە گەیشت پێی وت:

"میری موسڵمانان فەرمانی داوە.... کە هەزار هەزار دیناری بگێڕیتەوە بۆ میری موسڵمانان...!"

مەنسوور خەمی دنیای لێهات و وتی:

"بەو خوایە سالح هەر چیم هەیە و نییە بیفرۆشم هەر ١٠٠٠٠٠ دینار دەکات...! ئەی ٩٠٠٠٠٠ دینارەکەی لە کوێ بێنم، دیارە تیاچووم؟"

سالحیش وتی:

"تۆ تا نوێژی ئێوارەت کات بە دەستەوەیە! فێڵێک بۆ خۆت بدۆزەوە ....... چونکە من ناتوانم تا نوێژی ئێوارە زیاتر مۆڵەتت بدەم."

مەنسوریش وتی:

"کەوابوو، ببمەوە ماڵی خۆم با گەردن ئازادی لە ماڵ و منداڵ و خزمان و دۆستان بکەم."

ساڵح وتی: بە قسەم کرد و بردمەوە لەوێ کەوتە هاوار و فیغان و گەردن ئازادی. ساڵح وتی:

"وا بە خەیاڵمدا هاتووە..... کە بەرمەکیەکان دێن بەهاوارتەوە..... وەرە با برۆینە لای "یەحیای کوڕی خالد"

کە چوونە ماڵی یەحیا و هەواڵەکەیان پێدا پەژارە دایگرت و بۆ ماوەیەکی باش سەری داخست. ئەمجا سەری بڵند کرد و بانگی خەزێنەداری ماڵەکەی خۆی کرد پرسی:

"خەزێنەکەمان چەندی پارە تیایە؟"

ئەویش وتی:

"٥٠٠٠ درهەم."

فەرمانی دا هێنایان. ئەمجا نامەیەکی نارد بۆ فەزڵی کوڕی تیانووسی: کە هەندێ شتی باشی کڕیوە چەندی هەیە پارە بۆم بنێرێت. ئەویش هەزار دیناری بۆ نارد. ئەمجا یەکێکی ناردە لای جەعفەری کوڕی و نامەیەکی پیا نارد نووسیبووی: کارێکی مەزنمان هاتووەتە ڕێ و هەندێك درهەممان بۆ بنێرە"

ئەمجا هەر بەو شێوەیە کەوتە داوای قەرز کردن لە دۆست و دراوسێ و هاوڕێیانی. ساڵح و مەنسووریش ئاگایان لەم کردەوەیەی یەحیا نییە! مەنسور بە یەحیای وت:

"گەورەم من دەستم بە دامێنی تۆدا کردووە تۆیش بە بەخشندەیی ناسراویت ئەو پارەیەم بۆ هەڵسووڕێنە و ئازادم بکە!!"

یەحیاش سەری داخست و گریا وتی:

"ئادەی کوڕەکەم بچۆ بۆلای میری موسڵمانان و بڵێ... ئەو زێڕو ئاڵتونەی کە بە دیاری پێشکەشی کەنیزەکەکەمانتان کردبوو...... بۆمان بنێرە"

خزمەتکار ڕۆیشت. دواتر گەڕایەوە و دایە دەست یەحیا. یەحیاش وتی:

"کاتی خۆی ئەم تاقمە زێڕە خۆم فرۆشتوومە بە میری موسڵمانان بە ٢٠٠٠٠٠ دینار. ئەویش بەخشیویەتی بە کەنیزەکەکەمان. کە پارە و زێڕەکانت بۆ برد ئەم تاقمە زێڕەی خۆی کە بۆ منی ناردووە، بیبی هێندە ڕێز لە من دەگرێت کۆڵ لە باقی پارەکە دەدات..! بۆیە بێخەم بە.. بۆی بەرە؟"

ساڵح وتی:

"پارەکان و ئەو تاقمە زێڕەم برد. مەنسوریشم لەگەڵدا بوو. کە بەڕێوە بووین گوێم لێبوو مەنسور شیعرێکی وت، منیش لە خراپی و بەدی و ڕسوایی ئەو سەرم سوڕما! بۆیە منیش پێم وت:

"چی خێر و چاکەی سەر زەوییە هی بەرمەکیەکانە. لەسەر ئەم زەویەش لە تۆ بەدتر و پیسترێش نییە ئەوان تۆیان لە مەرگەوە، گێڕایەوە و لە مردن رزگاریان کردی، تۆ هەر سوپاسیشت نەکردن بگرە بەم شیعرە خراپە لە باردیانەوە دەدوێیت."

کە گەیشتمە لای خەلیفە هارونەڕەشید و بەخشندەیی یەحیای بەرمەکی و بەدی و رسوایی مەنسورم بۆ گێڕایەوە زۆر سەری سوڕما لە بەخشندەیی یەحیای بەرمەکی. ئەمجا هارونەڕەشید، پارە و زێڕەکەی بە خۆمدا ناردەوە و وتی بە یەحیا بڵێ:

"دیاریەك، کە بەخشیم نابێت بگەڕێتەوە بۆم!"

منیش گەڕامەوە، بۆ لای یەحیای بەرمەکی و زۆر سوپاسم کردو تاقمە زێڕەکەم دایەوە و باسی........ بەدی و رسوایی مەنسورم بۆ کرد. کەچی سەیر دەکەم بۆی دەپۆشێت و نایەوێت بە خراپە باسی مەنسور بکات. ساڵح دەستی کردە گریان و وتی:

"بڕوا ناکەم دەورووزەمانە جارێکی دی پیاوێکی دی وەکو تۆ چاك و بەخشندە بهێنێتەوە دنیا! بە داخەوە...... کە پیاوانی لە شێوەی تۆ دەمرن و دەکرێن بە ژێر خۆڵەوە.

زوو دەست و برد کە، بۆ بەخشندەیی    زۆر هەڵناکەوێ، فریای بکەوی

زۆرێك دەست تەنگ بوون بۆ کەسانی دی    مەرگ رێی پێ نەدا و کەوتە ژێر زەوی

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٠٧

## چیرۆکی نامە درۆینەکە

شەهرەزاد گێڕایەوە: دەگێڕنەوە لە نێوان یەحیای کوڕی خالد و عەبدوڵلای کوڕی مالکی خەزاعیدا رکەبەریەکی کۆن هەبوو. بەڵام کەسیان دەریان نەدەبڕی. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە هارونەڕەشید.... عەبدوڵلای کوڕی مالکی زۆر خۆش دەویست. بە شێوەیەك کە خێزانی یەحیای کوڕی خالد، بڕوای وابوو عەبدوڵلا، دوعا و جادوو لە خەلیفە دەکات. وا رێکەوت کە خەلیفە عەبدوڵلای کردە میری هەرێمێکی "ئەرمینیە". بۆیە عەبدوڵلا بەرەو ئەرمینیە کەوتە رێ. کە چووە سەر کورسی دەسەڵات. کابرایەکی خەڵکی عیراق دەچێتە لای کە زۆر قسەزان و بلیمەت دەبێت. زەمانە پشتی تێ کردبوو... هەژار کەوتبوو. لە نەبوونیدا نامەیەکی بە ناوی یەحیای کوڕی خالدەوە نووسی بوو ئەمجا بەرەو ئەرمینیە دەڕوات و نامەکە دەداتە دەست عەبدوڵلای کوڕی مالکی. عەبدوڵا کە نامەکە دەخوێنێتەوە عەقڵی نایبڕێت، بە گومان دەبێت لە نامەکە و لە دڵی خۆیدا دەڵێت:

"ئەمە بە ناوی یەحیاوە نووسراوە... ئەگەرنا درۆیە"

فەرمانی دا هێنایان. هەر کە هات دەستی کردە پیاهەڵدانی عەبدوڵلا. ئەویش وتی:

"من بێبەشت ناکەم... بەڵام چی پاڵی پێوە نایت، ئەم نامەیە بە زمانی ئەوەوە بنوسیت. کە خۆی ئاگای لە هیچ نییە!؟"

ئەویش وتی:

"قوربان.... بۆچی رووشکێنم دەکەیت. زەوی خوا... پان پۆرە.... تا سەری دابێت بژێویش دەدات! ئەم نامەیە، خۆی بۆی نووسیوم!"

عەبدوللاش وتی:

"نوێنەرم لە بەغدا هەیە.... نامەی بۆ دەنێرم شوێن راستی و ناراستی ئەم نامەیەی یەحیای کوڕی خالد بکەوێت. مەرج بێت گەر ئەم نامەیە راست بوو...... ئەوا دەتکەمە سەرداری هەرێمێك یان ٢٠٠٠٠٠ دینار و ئەسپێکت دەدەمێ....... گەر درۆیش بوو ئەوا ١٠٠ توولت لێ دەدەم و سەرت دەتاشم."

ئەمجا فەرمانی دا بە یەکێك لە پیاوانی بەردەستی.... کە بە هێندەی رۆژانەکەی پارەی بدەنێ و نامەیەکیشی نووسی بۆ نوێنەرەکەی بەغدای و تیانووسی: لێکۆڵینەوە بکە لەم نامەیە. بزانە لە یەحیای کوڕی خالیدەوە هاتووە بۆ من یان نا!؟ تا راست و درۆی ئەم نامەیە بزانم و زوو وەڵامەکەم بۆ رەوانە بکەرەوە. نوێنەرەکەیشی هەر نامەکەی پێ گەیشت چووە ماڵی یەحیای کوڕی خالد.... سەیری کرد چەند کەسێك میوانێتی. ئەویش سڵاوی لێ کردن و نامەکەی دایە دەست. یەحیاش بە نوێنەرەکەی وت:

"سبەینێ سەرم لێ بدەوە تا وەڵامەکەت بۆ بنووسم."

کە ئەو رۆیشت یەحیا رووی کردە میوانەکان و پرسی:

"سزای کەسێك کە بە ناوی منەوە، نامە بەرێت بۆ دوژمنەکەم، بەلای ئێوەوە چییە؟"

هەر یەکەیان جۆرێك لە جۆرەکانی سزایان پێ وت. کە بیدات بەو پیاوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٠٨

## شەهرەزاد گێڕایەوە: یەحیا وتی:

"هەمووتان هەڵەن. ئەوە کارێکی زۆر خراپە. رکەبەرایەتی من و عەبدوللا، دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی بیست ساڵێك لەمەوبەر..... عەبدوللایش بۆ خۆتان دەزانن لە خەلیفەوە نزیکە. من پێم وایە... ئەم کابرایە وەکو فریشتە خوا بۆ منی ناردووە، تاکو بە هۆیەوە نێوانی من و عەبدوللا باشتر ببێت و دڵمان لە یەکتر پاك ببێتەوە. دوای ئەوە دەبمە هۆی باشتر کردنی بژێوی ئەم پیاوە. نامەیەکی بۆ دەنووسم کە......... ئامۆژگاری عەبدوللای کوڕی مالکی تیا دەکەم. پتر و پتر یارمەتی بدات. میوانەکانی سەریان لە پیاوەتی یەحیا سوڕما و نزای زۆریان بۆ کرد. ئەمجا داوای لە خزمەتکارەکەی کرد کاغەز و پێنووسی بۆ بێنێ. بە دەست و خەتی

خـۆی بـۆی نووسـی: بـه نـاوی خـوای بەخشـندە و میهرەبانـەوە...... نامەکـەت گەیشـت و خوێندمـەوە، دڵخۆشـی کـردم کـه سـەلامەتیت. بـەختیاریت گومانـت لـەو پیـاوە کـردووە، گوایـە...... مـن نامـەم بـۆ نەنووسـیوە!! بـەڵام لـه راسـتیدا خـۆم بـۆم نووسـیوە. زۆر سوپاسـت دەکەم...... گەر پتر و پتر یارمەتی بدەیت. به هیوام ئـارەزووی بـەجێ بێنیـت و هـەر چیەکی بۆ بکەیت وەکو بۆ منت کردبێت وایە."

ئەو نامەیەی دایە دەست نوێنەرەکەی عەبدوڵڵای مالکی و ئەویش بردیەوە بـۆ عەبـدوڵڵا. ئەویش که نامەکەی بینی زۆری پێخۆش بوو. ناردی کابرایان هێنا و وتی:

"قسـەکەی تـۆ راسـت بـوو... نامەکـەت لـه یـەحیای کـوڕی خالدەویـە و دوو هـەلم پـێ بەخشیت. کامیانت پێ باشە، بۆت جێبەجێ بکەم."

کابرا وتی:

"دیارییەکە."

ئەویش فەرمانی دا ۲۰۰۰۰۰ درهەمیان پـێ بەخشی لەگەڵ ۱۰ ئەسـپی عـەرەبی. ۱۰ دەسـتە جل و بەرگ. ۱۰ کۆیلەش. ئەمجا به رێورەسمێکی جوان و شیاو رەوانـەی بەغـدای کـردەوە. کـه کابرا گەیشـتەوە شـاری بەغـدا کاروانەکـەی بـردە بـەر دەروازەی مـاڵی یـەحیای کـوڕی خالـد. ئـەمجا دابـەزی و داوای کـرد رێـی بـدەن بچـێتە لای یـەحیا. دەرگـاوان چـووە ژوورەوە و بـه یەحیای کوڕی خالدی وت:

"پیاوێکی خانەدان و دەوڵەمەند بـه کاروانێکـەوە لەبـەر دەرگا چاوەڕێی هاتنـه خزمـەتت دەکات. کۆیلەیەکی فرە و ۱۰ ئەسپی عەرەبی پێیە"

. که رێیان دایە. یەحیای کوڕی خالد پرسی:

"تۆ کێیت!؟"

ئەویش وتی:

"من ئەو کەسەم زەمانە پشتی شکاندم و کوشـتمی بـەڵام تـۆ زینـدووت کردمـەوە! بـۆ ئـەو بەهەشتەت ناردم کـه خـۆم دەمویست! مـن نامەکـەم بـه نـاوی تـۆوە نووسـی و بـێ ئـەوەی تـۆ ئاگات لێی بێت بردم بۆ عەبدوڵڵای کوڕی مالکی خەزاع."

یەحیاش پرسی:

"ئەی چی بۆ کردی و چی پێدایت!؟"

کابرا وتی:

"له بەخشندەیی دەستەکانی تۆ، رەوشتی پاکی تـۆ و پیاوەتیـت و بەخشـندەییت باڵاییت، زۆری پێدام و خـۆمی سـەر پشـك کـرد... ئێسـتاش ئـەو دیاریانـە بـه هـی تـۆی دەزانم... بۆیـە هەموو دیاریەکان لەبەر دەرگا لـه خزمەتتـدان... چـۆن فـەرمان دەدەیـت... فـەرمان فـەرمانی خۆتە!"

یەحیای کوڕی خالدیش وتی:

"ئێستا تۆ له من بەخشندەتر و خاوەن پیاوەتی تریت. ئێستاش من هێندەی ئەوەت دیاری دەدەمێ. هەر له پارە و کۆیله و ئەسپەوە، تا جل و بەرگ."

ئیدی کابرا بە هۆی بەخشندەیی ئەو دوانەوە دوو هێندەی سامان بردەوە ماڵی خۆی.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٠٩

## چیرۆکی پیاوێکی زانا و خەلیفە مەئموون

شەهرەزاد گێڕایەوە..... دەگێڕنەوە، کە خەلیفە مەئمون لە هەموو خەلیفەکان زانا و داناتر بوو. هێندەی ئارەزووی بە زانست بوو هەفتەی دوو شەوی دانابوو، بۆ کۆ بوونەوە لەگەڵ زانایان و وێژەوانان و فەیلەسووفان!

دەڵێن.... شەوێکیان وەکو جاران کۆڕی زانایان و فەقێیان و مەلایانی ئایین گەرم بوو. پیاوێکی جل و بەرگ سپی دڕاو... چووە کۆڕەکەوە و لای دەرگاکەوە لە پشت فەقێیانەوە، لەسەر پێڵاوەکان بێدەنگ لێی دانیشت بوو. ڕێورەسمی کۆڕگێڕ وابوو، بابەتێکی دەخستە بەرباس و لێکۆڵینەوە. ئیدی بە ریز یەکە یەکە قسەیان لەسەر دەکرد. ئەو شەوەش بە هەمان شێوە بەڕیز کەوتنە قسە کردن لە سەر بابەتێك.دوای ماوەیەك سەرە گەیشتە سەر ئەو بەرگ سپیە دڕاوە. ئەویش وەڵامێکی هێندە زانایانەی دایەوە سەرنجی خەلیفەی ڕاکێشا و فەرمانی دا با ریزێك بێتە پێشترەوە. ئەمجا لەسەر بابەتی دووەم سەرەی رادەربڕینی هاتەوە سەر. ئەمجارە وەڵامێکی دایەوە، لەوەی پێشوو بەهێزتر بوو، بۆیە خەلیفە مەئمون فەرمانی دا، ریزێکی دی بێتە پێشترەوە. گفتوگۆ درێژەی کێشا و هەر جارە بەرگ سپیە شڕەکە ریزێك دەهاتە پێشترەوە. تا گەیشتە نزیکی خەلیفەوە. کە شەو درەنگ بوو حەوت جۆشی ئاو و تەشتیان گێڕا و هەر یەکە دەستی شت و سفرە ڕاخرا... خواردن دانرا... دوای نان خواردن. هەر یەکە و بەرەوماڵی خۆی بووەوە. خەلیفە ئیشارەتی دایە پیاوە بەرگ سپییە شڕەکە کە بمێنێتەوە. کە دیوەخان چۆڵ بوو. ڕێزێکی زۆری لێ گرت و دەستخۆشی وەڵامە نایابەکانی لێکرد. دواتر مەی و پیاڵە... دانران... شەراب ئامادە کرا... دەست بە خواردنەوە کرا.... ساقی مەی دەگێڕا.... یەکە یەکە نۆش دەکرا... کە سەرە گەیشتە سەر ئەو پیاوە بەرگ سپیە شڕە بە دەنگی بڵند وتی: گەر خەلیفە ڕێم بدات... قسە بکەم. خەلیفەش فەرمووی لێ کرد.

زاناکە وتی:

"پیاوانی پایە بڵند لای یەزدان... خوا شکۆمەندتریان بکات. بەندەتان، یەکێ بووە لە نەزانانی خەڵك.... لە کەمترین کەسان. خەلیفەی موسڵمانان رووی پێم دا و بڵندی کردمەوە. بەم کەمە ژیریمەوە پلەی لە خەڵکانی تر بڵند کردمەوە. ئێستاش چۆن دەبێت، لەو کەمە ژیریەم دوور بخەیتەوە!!؟ ئەو کەمە ژیریەی لە رسواییەوە پێی بڵند بووم. لەو کەمیەوە زۆد بووم. شیاو نییە خەلیفە حەسوودیم پێ بەریت و لەم کەمە ژیریەم دوور بخاتەوە!! چونکە

هەر کەسێك مناڵ بخواتەوە لە زیرەکی دوور دەکەوێتەوە، ڕەوشتی کەم دەبێتەوە. بۆیە خوازیارم خەلیفە لەم ڕەوشت و زیرەکی خۆمم دوور نەخاتەوە، بە بەخشندەیی خۆی بم بەخشێت."

کە خەلیفە ئەم شێوە گفتوگۆیەی بیست ڕێزی گرت و بانگی کردە لای خۆی و ١٠٠٠٠٠ درهەمی پاداشت پێدا. ئەسپێکی دایە و بەرگێکی گرانبەها.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣١٠

## چیرۆکی عەلی شار

شەهرەزاد گێڕایەوە، دەگێڕنەوە لە کاتی کۆنی زوودا... لە ساڵانی ڕۆیشتوودا بازرگانێك لە خوراسان هەبوو ناوی "مەجدەدین" بوو. دەوڵەمەند .......سامانێکی زۆری لە کۆیلە و خزمەتکاران و سامان هەبوو، تەمەنی ٦٠ ساڵان بوو، بەڵام وەجاخی کوێر بوو. دواتر خوا کوڕێکی پێ بەخشی ئەویش ناوی نا "عەلی". کوڕە گەورە بوو، زۆر جوان و شۆخ و شەنگ بوو، کە بووە پیاون باوکی پیر بوو، بۆیە ناردی بە شوێنی کوڕەکەیدا و پێی وت:

"کوڕم کاتی مردنم هاتووە....... دەمەوێت ئامۆژگاریت بکەم."

باوکی وتی:

"دەمەوێت نزیك نەبیت لە کەسەوە........ تا نەبێت بە نەفسەوە لەگەڵ هاوڕێی خراپا هەڵسووکەوت بکەیت. وەکو نزیك بوونەوە لە کووورەی ئاسنگەر وایە. گەر نەتسووتێنێت دووکەڵەکەی زیانت پێ دەگەیەنێت. چەند جوان ئەم شیعرەیان بۆ وتوە:

بۆ ماوەی زۆر کەسێ نەگری بە خۆوە — فریو نەخۆی بە گفتوگۆی درۆوە
کەسێ نییە، پەنای خەمی بۆ بەری — پێ دانەگری و سنگی بنێی بە خۆوە.
خەڵکی لەخۆشییێکە — دامەنیشە لە سایەی
فێڵباز و فریو دەرە — هەرگیز نەچیتە کایەی
لە خەڵکی خۆت دوور بگرە — عیلم و سوودیان بێ فەڕە
تێکەڵ بوونیان هەر خەمە و — کێشەیە و بێنە و بەرە

کە ڕۆیشتیت خەڵکی تاقی کەیتەوە — لای من کتێبی لێ دەبەیتەوە
سۆزێکم لەدی درۆ دەرنەچێت — بێ دینن خەمیان دەچێتەوە

عەلیش وتی:

"بابە گیان، ئامۆژگاریەکەتم بیست و بە چاوان..... چی تر؟"

باوکی وتی؛
"سنوری خوا بپارێزە.... تا خوا بتپارێزێت. سامان و پارەت بە فیڕۆ مەدە نەبادا ڕۆژێك بێت، پەنا بۆ کەسانی ڕسوا و خوێڕی بەریت چونکە نرخی مرۆڤ بە سامان و پارەکەیەوەیە!
چەند جوانیان وتووە؛

دەوڵەمەند پارەی بە کەس نەداوە کەچی هەزاری دەڕوا لە دواوە
نەبوو بووم: کەسم لە دەور نەما  دوژمنم، دوام دەکەوت بە دەوڵەمەندی

وتم:
"بابە گیان چیتر؟"
وتی:
"کوڕم پرس بە کەسانی بە تەمەن بکە بۆ ژیانت. هەر کارێ دەیکەیت پەلەی تیا مەکە. بەزەییت بە کەسانی خوار خۆتا بێتەوە تا خوای بانی سەر بەزەیی پێت دا .... بێتەوە. زۆرداری کەس مەبە........ با خوایش زەواڵت بۆ نەنێرێ. چەند جوان وتراوە:

بیروڕای خەڵکیش ببیستی چاکە  هەیە، زیرەکە و هەڵوێستی چاکە
ئاوێنەی بەرت، ڕووی خۆتی تیایە هی دوا پێت دەڵێ پشتیشت پاکە
ئارام بە... پەلە پەشیمان دێنێ  بەزەیی، بەزەی خوا دەجووڵێنێ
هەر دەستی دەستێ خوای لەبانە  زاڵمیش خوا بەڵای بۆ دێنێ
دەسەڵاتت بوو مەبە بە زۆردار  بە خەستی مەیدە ئەشکەنجە و ئازار
چاوی تۆ نووست و ئەویش بە ئاگا  نزا دەکات و یەزدان ئاگادار

ئەمجا وتی:
"کوڕەکەم مەی مەخۆرەوە چونکە ژیریت دەبات و ڕسوات دەکات. ئەمە بوو........ وەسیەتەکەم. خوایش دەکەمە چاودێرت."
ئەمجا هەناسەیەکی هەڵکێشا و لە هۆش خۆی چوو. دواتر بە ئاگا هاتەوە شایەتمانی هێنا و وەفاتی کرد. کوڕەکەی زۆری بۆ گریا، دواتر بە ڕێوڕەسمی موسڵمانانە، کفن کراو نێژرا. ئەم شیعرەشیان لەسەر کێلەکەی نووسی؛

لە خۆڵ و خاکدا، زیندوو بوومەوە  زوو بە ڕەوشتی خۆما چوومەوە
ئێستاش، بۆ ناو خۆڵ کە هاتوومەوە  کەی سەیرە ئاوا...... کە مردوومەوە؟

کوڕەکەی زۆر بە خەم بوو بۆ باوکی و تازیەبار بوو. تاکو دایکیش مرد. هەر تازیەبارییەکەی نەشکاند. چی ڕێوڕەسمی بۆ باوکی گێڕا هەروایش بۆ دایکی کرد. کە چووە سەر دوکان و کەوتە کارکردن. بە گوێرەی وەسیەتەکەی باوکی تێکەڵی کەس نەدەبوو. ساڵێك بەو شێوەیەی بردە سەر. دوای ساڵە هەندێك لە خوێڕیان خۆیان لێ نزیك کردەوە. بەرە بەرە فێرە ژیانی پڕ خراپەیان کرد. کەوتە مەی خواردنەوە. چونکە لە خۆی پرسی بوو:
"باشە.... ئەگەر ئامۆژگارییەکانی باوکم جێبەجێ بکەم... ئەی ئەم سامانە زۆرە کێ بیخوات!!؟"

ئەمجا ئەم شیعرەی پەیڕەو کرد؛

کارت بە تەنیا هەر بۆ پارە بوو
تەمەن رۆژێکی چەندین جارە بوو
کەی سوودە دەبینی لە سامانەکەت کاتێکت زانی کە لە دەستت چوو
ئەمجا سەری کردە خواردنەوە و بە فیڕۆدانی، سامانەکەی باوکی. تا....... دوکانەکەشی فرۆشت. تەنانەت جل و بەرگەکانیشی. کاتێك بە ئاگا هات...... کە پەشیمانی سوودی نەبوو. رۆژی وا هەبوو..... لە بەیانییەوە تا ئێوارە هیچی دەست نەدەکەوت بیخوات! بۆیە بیری کردەوە لە دڵی خۆیدا وتی: دەچمە قاپی ئەو هاورێیانەی کە کاتی خۆی تێرم دەکردن. بەڵکو ژەمێك تێرم بکەن. لە دەرگای هەر هاورێیەکی دەدا... سەری بادەدا و دەری دەکرد. تاکو لە برسا خەریك بوو بمرێت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ۳۱۱

شەهرەزاد گێڕایەوە: رۆژێکیان کوڕەکە چووە بازاڕ، کە روانی خەڵکێکی زۆر کۆ بوونەتەوە. ئەویش لە دڵی خۆیدا وتی:

"مەرج بێت، تا نەزانم ئەو هەموو خەڵکە بۆچی وەستاون! نەڕۆم!"

دڕی بە خەڵکەکە دا و چووە پێش... کەنیزەکێکی بینی تاکو بڵێ جوان و خانومان... هەر وەکو ئەم شیعرە بۆ ئەو نووسرابێت:

بە دڵ وبە گیان نەخشە کێشراوە  بەڵام کەمێکی کورتی هێناوە
ناسك ونازدار، خانومانێکە  قژ لە سەر سینەی پەخش و بڵاوە
رووی مانگ و قەدی لاسکی تەڕە  بۆی مسکی پەخشی، ئەو دەوروناوە
دەڵێی هەڵۆکان زۆر لە دوورەوە  ئاوی مرواری، قەدیان هێناوە

عەلی، لە دڵی خۆیدا وتی:

"نەخێر، ناڕۆم تا نەزانم، کێ دەیکڕێت!؟ نرخەکەی دەگاتە چەند!؟"

دەڵاڵەکە هاواری کرد:

"شەرم مەکەن... ئەی ئەوانەی، ناسکی و جوانی ئەم کەنیزەکە، سەرنجی راکێشاون.... نرخێکی لەسەر دابنێن، با.... مەزادەکەی پێ دەست پێ بکەم."

بازرگانێك وتی:

"٥٠٠ دینار"

بازرگانێکی دی لەولاوە، هەڵیدایە:

"دەی دی لە سەر بێت."

یەکێکی دی وتی:

"دەی دی "

یەکێکی دی وتی:

"۱۰۰ دی"
پیره بازرگانێك وتی:
"۱۰۰۰ دینار"
ئیدی بازرگانانی دی زمانیان بەسترا! دەلالەکە چووە بندەستی خاوەنی کەنیزەکەکە و وتی:
"دەڵێی چی !؟ بیدەم؟"
خاوەنەکەی وتی:
"پەیمانم داوە، بە دڵی خۆی کڕیارەکە هەڵبـژێرێت. چاکتر وایە لە کەنیزەکەکە خۆی بپرسیت."
دەلاڵەکە ناچار چووە لای کەنیزەکەکە وتی:
"ئەو پیاوە دەیەوێت بتکڕێت، دەڵێی چی؟"
ئەویش وتی:
"پیری پەککەوتەی وا چییە!؟ نامەوێت"
کە دەلاڵەکە ئەمەی بیست هاواری کرد:
"بەو خوایە حەقی خۆتە...... تۆ ۱۰۰۰۰ دیناریش دێنیت!"
بە خاوەنەکەشی وت:
"کەنیزەکەکە کڕیارەی پەسەند نەکرد."
ئەویش وتی:
"بزانە کڕیارێکی دی"
بازرگانێکی دی هاتە پێش لە دەلاڵەکە و وتی:
"بە پارەی ئەو پیرەپیاوە پەسەندمە!"
کەنیزەکەکە .......ئەویشی پەسەند نەکرد و وتی:
"ریش و سمێڵی بۆیاخە...!"
لەبەرخۆیەوە وتی: پیر و لار و خوار وەك کەڵەشاخە... سەر و سمێڵی هەمووی بۆیاخە! موعجیبەکانی کە ئەم شیعرەیان لێ بیست لێی کۆ بوونەوە. ئەویش وتی:
دەڵێی بۆی بچم هەر زوو بە پەلە بیکوتم خێرا بەم تاکە نەعلە
لاجانگی لانەی: کێچ و کرێشە دەڵێی شاخێکی بەستراوی حەبلە
ئەی شەیدای لێو و قەد و بالاکەم لە دەستت نەچم کە ئەمە هەلە
سەر و سمێڵت رەش دەکەیتەوە بۆت ناچێتە سەر ئەو فڕ و فێڵە
جارێك سپیت و جارێکیش رەشی دیارە کە عەقڵت لە جەستەت وێڵە
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣١٢

شەهرەزاد گێڕایەوە: کە دەلاڵەکە ئەمەی بیست، وتی:

"بەو خوایە راست دەکەیت"

بازرگانەکە وتی:

"ئەوە دەڵێیت چی!؟"

ئەویش شیعرەکەی بۆ دووبارە کردەوە ئیدی لە کڕینی خۆی کێشایەوە. ئەمجا یەکێکی دی لە بازرگانان چووە پێش و بە دەلاڵەکەی وت:

"بەو نرخە من دەمەوێت، بزانە دەڵێت چی؟"

کە پێی وت: کەنیزەکەکە سەیرێکی کرد، بۆی دەرکەوت لارکوێرە..! وتی:

"ئەریّ خۆ... ئەوە کوێرە..! کوێر بیت گوێ بگرە....

| | |
|---|---|
| هاورێی لارکوێر مەکەن خراپە | لێی بە ئاگا بە زۆرێك کەزابە |
| لارکوێری ئەگەر سودی بوایە | خوا نەی ئەدا بە خەڵکی ....... بایە! |

ئەمجا دەلاڵەکە پرسی:

"ئەی ئەو بازرگانیە دی!؟"

کەنیزەکەکە سەیرێکی ئەویشی کرد...... بینی کورتە بالآیە... ئەمجا وتی: ئەم شیعرەی وەبیر هێنامەوە:

| | |
|---|---|
| دۆستێکم هەیە، درێژە ریشی | بیّ سوودە گۆڕە زوو هەڵی کێشی |
| وەك هەندیّ شەوی رەش زستانە | کە بە بیّ خەوی تیا دادەنیشی |

ئەمجا دەلاڵەکە چاری نەما بۆیە پێی وت:

"خاتوون.... خۆت چاو بگێڕە و کێت بە دڵە... تاکو بتفرۆشم بەو کەسە."

کەنیزەك ئەمەی پیّ خۆش بوو چاوی بە خەڵکەکەدا گێڕا... سەرنجی بە "عەلی شار"ەوە گیرسایەوە. چونکە بە راستی قۆز بوو. ئەمجا بە دەلاڵەکەی وت:

"خۆم بەو لاوە شۆخە دەفرۆشم."

دەلآڵ سەری لە جوانی ئەو کەنیزەکە سوڕمابوو....! لەو شیعرە نایابانەی دەیخوێندنەوە! خاوەنەکەی هەڵی دایە: جا ئێوە چیتان دیوە: ئەم کەنیزەکە بە ٧ جۆرە دەنگەکەی قورئان دەخوێنێت. هەر هەموو فەرمووده راستەکانی پێغەمبەری "د.خ" لەبەرە! هەندیّ زانست دەزانیّ کە هیچ زانایەك پەی پیّ نەبردووە! دەستەکانی زێڕن. قوماشی پەردەی پیّ دەدووریّ. هەر پارچەیەکی دەداتە ٥٠ دینار. ئەم کارە بە ٨ رۆژ تەواو دەکات."

ئەمجا دەلاڵەکە هاواری کرد:

"بیخە ماڵەکەت ئەمە نگینە.... ناسك و نازدارە، زۆر دەست رەنگینە."

خاوەنی کەنیزەکەکە بە دەلاڵەکەی وت:

"بیدە بە یەکێك کە خۆی بە دڵی بێت."

ئەمجا دەلاڵەکە چووە لای "عەلی شار" و دەستی ماچ کرد و وتی:

"گەورەم... ئەم کەنیزەکە بکڕە.... چونکە خۆی تۆی هەڵبژاردووە."
دەستی کرد بە وەسف کردنی کەنیزەك و زیرەکی و شاعیر بوونی، ئەمجا وتی:
"پیرۆزت بێت.. گەر بیکڕیت!"
عەلی شار سەری داخست، دەستی کردە پێکەنین و لە دڵی خۆیدا وتی:
"دە توخوا... سەیر بکە! من ئەمڕۆ، نانم نەخواردووە، هێندە هەژارم خۆم پێ تێر ناکرێت! پێشم عەیبە، لەناو ئەم بازرگانانەدا، بڵێم بە خوا پوولم پارە نییە و قۆڕەی سکم دێت. ئەمجا کەنیزەکە بە دەڵاڵەکەی وت:
"وەرە دەستم بگرە و بمبە بۆ لای لاوەکە: با ...... هەندێ نازونوکی بۆ بکەم، بەڵکو دڵی نەرم بێت."
ئەمجا دەڵاڵەکە کە دەستی گرت و بردیە لای عەلی شار و وتی:
"ئەم کەنیزەکە چۆنە بەلاتەوە!؟"
عەلی شار وەڵامی نەدایەوە. ئەمجا کەنیزەکەکە وتی:
"گەورەم بە هەر چەندێك بمکڕیت... رازیم.. با بەختیارت بکەم."
عەلی سەری بڵند کردەوە و وتی:
"بە زۆر دەبێت!؟ بە ١٠٠٠ دیناریش گرانیت!"
کەنیزەکەکە وتی:
"گرنگ نییە بە ٩٠٠ دینار بمکڕە."
عەلی وتی:
"نە"
کەنیزەکەکە وتی:
"بە ٨٠٠ دینار بمکڕە"
ئەویش وتی:
"نامەوێت"
کەنیزەك کەوتە کەم کردنەوەی نرخی خۆی. تاکو وتی:
"١٠٠ دینار"
عەلی وتی:
"١٠٠ دینارم پێ نییە!"
کەنیزەکەکە وتی:
"ئەی چەند دیناری ماوە بۆ ١٠٠ دینارەکە."
عەلی شار چاری نەما.... وتی:
"ئەوەی راستی بێت یەك فلسە سورم نییە نە درهەمێك و نە دینارێك! بۆ کڕیارێکی تر بگەڕێ!"
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣١٣

شەهرەزاد گێڕایەوە: کەنیزەکەکە، کە زانی مایە پووچم، بە دزیـەوە توورەکەیـەك پـارەی ناخنی بەگیرفانمدا و وتی:

"١٠٠ دیناری لێ هەڵبگرە و بە ٩٠٠ دینارەکەی ناوی من بکرە."

عەلی شار چۆنی وت.... بەو شێوەیە کری و لەگەڵ خۆی بردی. کە گەیاندیـەوە ماڵەکەی خۆی ماڵ چی... هیچی تیـا نەهێشت بـوو. هـەموو شـتەکانی لـە نەبوونیـدا فرۆشـت بـوو. کەنیزەکەکە ١٠٠ دیناری تری دایە و وتی:

"برۆ، بۆ بازاڕ ٣٠٠ دیناری بدە راخەر و نوێن و قاپ و قاچاخ بۆ ماڵەکە."

عەلی شاریش، چوو شتەکانی کڕی.. کە هاتەوە ٣ دیناری دایە....... وتی برۆ خواردنی پـێ بکرە. کە تێـر بـوون و حەوانـەوە. پـارە دایـە و نـاردی ئاوریشمی رەنگاورەنـگ و قامیشی بـۆ بکرێت. تان و پۆی فەرشی هەڵخست. چەند رۆژێك ئیش چنینی کرد. عەلی شاریش یارمـەتی دەدا. فەرشێکی چنی کە چەند جۆر باڵندەی تیا وێنە کێشابوو. کەنارەکانی زەخرەفە بوو. کـە تەواو بوو لوولی کرد و بە عەلی شاری وت:

"بـرۆ، بیبـە بـازاڕ و بیفرۆشـە، بـە بازرگانێـك ئامـان سـەد ئامـان نەیفرۆشی، بـە کڕیـاری رەوتەنی، سەرە رێگا. چونکە ئێمە و مانان دوژمنمان زۆرە و ، دەبێتە هۆی لێك دابڕانمان."

عەلیش وتی:

"بە چاوان"

ئـەمجا بردیـە بـازاڕ و فرۆشـتی بـە بازرگـانی تایبـەت بـەو کـارە. بـە پارەکـەی ئاوریشـمی رەنگاورەنگی دی هێنایەوە. خواردن و پێویستی ماڵیشی لێ کڕی. ئەوەیشی مایـەوە لـە نرخـی فەرشـەکە دایـەوە دەسـتی کەنیزەکەکـە. ئیـدی هـەر ٨ رۆژ و فەرشـێکی دەدایـە مێردەکـەی ئەویش لە بازاڕ بۆی دەفرۆشت. ساڵێکیان بەم شێوەیە بە سەر بـرد. جارێکیـان فەرشـەی دایـە دەڵاڵ بیفرۆشێت. دەڵاڵەیش کڕیارێکی نەسرانی، لێ پەیدا بوو. بە ٦٠ دینار لێـی کـڕی. ئیـدی بە فڕوفێڵ عەلی شاری رازی کرد، بە کەم نەیفرۆشێ و هەموو جارێك بیداتە ئەو نەسـرانیە. ئەمجا پێی وت:

"لەو نەسرانیە مەترسە... بێوەیە!"

بازرگانەکان کەوتنە گلەیی. عەلیش هەر چەندە...... دەشترسا. فرۆشـتی بـە نەسـرانیەکە. کە پارەکەی وەرگرت ئەمجارە نەسرانیەکە دوورونزیك شوێن عەلی شار کەوت. عەلی کـە پێـی زانی..... وەستا لەسەری کە هات لێی پرسی:

"چیە وا شوێنم کەوتووی!؟"

ئەویش وتی:

"برا لە ئەو سەر کۆڵانەکە، کارم بە ماڵێکە، تۆ خەمی چیتە!؟"

گەیشتە بەردەم دەرگای خۆیان روانی نەسرانیەکە هەر بەدواوەیەتی. ئەمجارش پرسیەوە:

"بە لەعنەت بیت.... چیتە بۆ هەر کوێ بچم بە شوێنمەوەیت!؟"

نەسرانیەکەش وتی:

"ئەوی راستی بێت.... تینوومە.. هەندێ ئاوم پێ بدە. خوا پاداشتت بداتەوە."

عەلی شاریش... دڵپاکانە وتی:

"ئەم کابرایە.. داوای ئاوم لێ دەکات.... مەرجە، بێ ئومێدی نەکەم."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣١٤

شەهرەزاد گێڕایەوە... کە عەلی شار چووە ژوورەوە. زومردی خێزانی لێی پرسی:

"پەردەکەت فرۆشت؟"

مێردەکەی لە وەڵامدا وتی:

"بەڵێ"

کەنیزەکەکە پرسی:

"بە بازرگانان، یان کڕیارانی دی!؟"

ئەویش وتی:

"بە بازرگانان."

ژنەکەی وتی:

"گەر بە بازرگانت نەفرۆشتووە، راستم پێ بڵێ! با فریای خۆم بکەوم، چونکە دڵم لێی داوە، کە لە یەکتر دادەبڕێین."

ئەمجا پرسی:

"ئەی ئەو شەربە ئاوە بۆ کوێ دەبەیت!؟"

ئەویش وتی:

"ئەوە دەڵاڵەکە لەبەر دەرگایە و تینوویەتی."

ژنەکەی وتی:

"لا حول و لاقوه الا بالله العلی العظیم" ئەمجا ئەم شیعرەی وت:

ئەی داواکاری لێك دابڕانم — فریو مەخۆ بە..... دەست لە ملانم

ئارام بە فەلەك غەدری لە لایە — لێت دادەبڕێم! خۆشم دەزانم

کە ئاوەکەی برد، سەیری کرد ئەو هاتۆتە دالانەکەیش...! بۆیە توند بوو وتی:

"سەگە پیس، چۆن.... بە بێ رێگە پێدان.... دێیتە ژوورەوە!؟"

ئەویش وتی:

"قوربان... ئێرە بەم... یان لە بەر دەرگا جیاوازی نییە!! ئێرەش ناحەوێیم تا ئەمجە دەرەوە. تۆش چاکەت لەگەڵ کردووم"

ئەمجا گۆزە ئاوەکەی دایە ئەویش هەڵی قوڕاند. ئینجا عەلی شار هەر چاوەڕێی کرد کەچی ئەو هەڵنەستا! ناچار پرسی:

"بۆچی هەڵناسیت و بڕۆیت؟!"

ئەویش وتی:

"قوربان، وەکو چاکەت لەگەڵم کردووە، منەتبارم مەکە! با... ئەم شیعرە ئەگرێتەوە:

ئەوانە ئەمان، دەریان واڵا بوو — بۆ یارمەتی دان دەستیان باڵا بوو
ئێستە لە دەرگای هەر کەسێ دەدەی — بۆ گۆزە ئاوێ... دەم بە هەڵا بوو

ئەمجا وتی:

"قوربان، تێنوێتیم شکا. بەڵام تێریشم بکە. ئەگەر بە نان و پیازیش بێت. لایەنی کەم با نمەکت بکەم"

عەلی شار وتی:

"بە خوا... ئەم کابرا ئەسرافییە بێ مێشکە... ئەو ١٠٠ دیناری بە من داوە. نیازیتی بە بڕی ٢ درهەم خواردن بێتەوە مایە. ئێستا کەمێ بێشی ڕادەبوێرم"

کابرا وتی:

"خۆ من داوای خواردنی باش ناکەم! لەتێ نانیش بێت هەر برسێتیم بیر دەباتەوە. ئەم شاعیرە چەند جوانی وتووە:

برسێتی دەڕوات کە بە نانی وشک تاسەی بۆ بکەم؟ ئیم گەورە کەن شک
ئێوان خەلیفە و هەر هەژاریکا — مردنم دەوێ: بمکەن سەر پشک

ئەمجا عەلی شار وتی:

کێشەیەک نییە... دەرگای هۆڵەکە دادەخەم و دەڕۆم لە بازاڕ خواردن دێنم!"

ئەمجا دەرگای بە کیلۆن داخست و کلیلەکەی لەگەڵ خۆی برد. چووە بازاڕ، کە گەڕایەوە... هەنگوینی سپی و نان و پەنیر و مۆزی هێنایەوە. کابرای ئەسرافی وتی:

"کوڕە، کاکە ئەم خواردنە ١٠ کەسی پێ تێر دەبێت...! زۆرە!"

ئەمجا دانیشت فەرمووی لە عەلی شار کرد، کە لەگەڵی بخوات. عەلی شار وتی:

"من تێرم بۆ خۆت بە تەنیا نان بخۆ... فەرموو."

کابرا وتی:

"ئەوە نابێت چوونکە پێشینان وتویانە......... ئەوەی لەگەڵ میوان نان نەخوات لە باوێک خۆی نەبووە و "زۆڵە!"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣١٥

شەهرەزاد گێڕایەوە... کە عەلی شار..... ئەمەی بیست دانیشت لەگەڵیدا و دەستی کردە نان خواردن. دواتر ویستی دەست لە نان خواردن بکێشێتەوە. بەڵام نەسرانیەکە نەیهێشت و مۆزێکی پاك کرد و کونی کرد بە درزیەوە هەندێ بەنج و ئەفیونی تێکرد. ئەمجا کردی بە هەنگوینەکەدا و سوێندی دا. کە دەبێت ئەوەش بخوات. ئەویش دڵی نەشکاند و لێی وەرگرت و خواردی. ئەفیونێکی هێندە کاریگەری بۆ تێکردبوو، کە ئەگەر فیلیش بیخواردایە، بێهۆشی دەکرد. هەر هێندەی خۆش بوو، تا گەیشتە گەدەی ئیدی سەری شل بوو. بوورایەوە. کە نەسرانی عەلی بە بووراوەیی بینی وەکو گورگی هار راست بودوە و لە سەر نوکی پێ چووە پێش لە عەلی شار کلیلی دەرگای هۆڵەکەی برد و کەنیزەکەی گەیاندە لای براکەی. تومەز ئەمە برای کابرا پیرەکەیە، کە ویستی ئەم کەنیزەکە بکڕێت! بەڵام کەنیزەکەکە پەسەندی نەکرد و بە خوێندنەوەی شیعرێك لاقرتێی پێ کرد. ئەو نەسرانیە پیرە بە سەرزارەی خۆی کردبوو بە موسڵمان. لە دڵیشەوە نەسرانی بوو. ناوی خۆی نابوو "رشیدالدین". پەنای بردبوو بۆ ئەم برا فێڵبازەی تا...... بەڵکو لە ژێر چنگی عەلی شاری دەربێنێت. ئەم برایەی "بەرسوم". کاتی خۆی پەیمانی پێدابوو کە خەم نەخوات، بە بێتێچوون بە فڕ و فێڵ کەنیزەکەکەی بخاتە دەست.

## چیرۆکی زومڕود و بەرسوم و براکەی

شەهرەزاد گێڕایەوە: ئەوە بوو، هەر خەریکی فێڵ کردن بوو. کە چۆن و بە کام شێوە، زومڕودی ژنی عەلی شار بفڕێنێت!؟ تا ئەوە بوو کە کلیلەکانی گەیاندە براکەی. سواری هێسترەکەی بوو خزمەتکارانی خۆی برد توورەکەیەکیش پارە کە ١٠٠٠ دیناری تێدابوو، ئەوەیش بۆ ئەوەی ئەگەر لووتی تەقی بە لووتی میری شاردا، ئەوا پارەکەی وەکو بەرتیل دەداتێ. کە گەیشتن دەرگایان کردەوە و ژنەکەی عەلی شاریان برد و هەڕەشەیان لێکرد ئەگەر بێدەنگ نەبێت دەیکوژن. ئیدی هیچیان لەماڵەکە نەبرد و عەلی شاریان جێ هێشت. کلیلەکەشیان لە تەنیشتیەوە دانا. بردیەوە کۆشکەکەی خۆی و ناو کەنیزەکەکانی تری. ئەمجا پێی وت:

"قەحبە.... من ئەو پیاوە پیرەم کە پێم رازی نەبوویت بتکڕم! ئەی یە درهەمم تیا خەرج نەکردی و داگیرم کردیت."

ئەویش بە گریانەوە وتی:

"دەتدەمە دەست خوا.... کە ئاوا من خاوەنەکەمت لە یەك کرد."

پیرەش وتی:

"قەحبە... دەبێت تاڵاوت بە قورگا بکەم......خوام لەو خوایە... لە ئاینی ئیسلام لابەدەیت و نەبیتە نەسرانی."

زومرودیش وتی:

"بەو خوایە لەت و پەتیشم بکەیت. نایەمە سەر نایت. خوا هەر بە فریام دەکەویت. چونکە هیچ کارێك لە دەستی دەرناچێت. زانایان وتویانە: بەلا... لە لەش بدات و لە نایین نەدات."

ئەمجا نەسرانیەکە بانگی کردە کەنیزەکەکانی تر و وتی چوارپەلیم بۆ ببەستن. کە بەستیانەوە کەوتە لێدانی.... زومرود زۆر پاڕایەوە بێ سوود بوو. بۆیە کەوتە هاوار و نزا: خوایە، ئەم زۆردارە دەدەمە دەست تۆ. ئیدی نووزەی نەما.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣١٦

شەهرەزاد گێڕایەوە، کە زمرود بێ هۆش کەوت. فەرمانی دا کە هەر دوو قاچی رابکێشن بۆ چێشتخانەکە. لەوێ فرێیان دا. تاکو سبەینێ بۆ بەیانی هێندەی تریان لێدا... ئەمجا وتی:

"بیبەنەوە جێی خۆی."

ئەویش کە بە ئاستەم.....گیانی تیا مابوو هاواری کرد:

"لاالـه الاالله محمد رسول اللـه حسبی اللـه و نعم الوکیل" پەنای بۆ پێغەمبەریش برد"د.خ"

شەهرەزاد وتی: لەو لایشەوە، عەلی شار دوو رۆژ لەوێدا مایەوە. کە بەنجەکە کاری تەواو بوو..... بە ئاگا هاتەوە هاواری کرد:

"زمرود"

بەلام کەس وەلامی نەدایەوە. ئەمجا ژوورەکان گەڕا. ئەمجا بیری کەوتەوە کە کابرای نەسرانی چی بەسەر هێنا. ئەمجا فرمێسکی باران.... کەوتە گریان. هەستی بزووت... ئەم شیعرەی وت:

ئەی لەو سەرەی دەی هێنم و دەیبەم — لە نێوان ماندووبوون و ئەم ترسەم
تیرەنداز، چی بکا، نێچیر نەپێکێ — کە ژێی کەوانی لە پڕ دەپچڕێ
پەژارە زۆری بۆ لاوێ بێنێ — قەزا و قەدەریش زۆی بۆ دێنێ
خۆیشی پارێزێت خەم پێی فێر دەبێ — قەزا و قەدەر هات چاویش کوێر دەبێ

ئەمجا کەوتە هەنسك دان..... بەم شیعرە هاتە دوان:

ئێستا کە تووشی "تا"ی سێبەرۆ بووم — خەم و پەژارە و دووریەکەی تۆ بووم
چوار دەوری ماڵم کەدا لە پێوە — ماڵ وەك کەلاوە، وا دەستخەرۆ بووم
هەر چۆن دەپرسم... وەلامی وایە دابڕا لێم و تویشی نسکۆ بووم

دواتر، چووە دەرەوە و دوو بەردی گرتە دەستەوە و بەملاونەولای خانووەکەیدا هاتوچوو، هاواری کرد:

"زمـرود" سـوودی نـەبوو. ئـەمجا دەرگاوبـانی داخسـت و مـاڵی جێهێشـت و کەوتـە سـنگ کوتان. بە شاردا دەگەڕا و رای دەکرد و بانگی ژنەکەی دەکرد. ئەوانەی دەیان ناسـی: بـەزەییان پێا دەهاتەوە. منالانیش بە شێتە.. شێتە! شوێنی کەوتن. تا ئێوارە ئەوە کاری بوو. کـە شـەوی بەسەردا هات. لە کووچە و کۆلانێکدا لێـی پـاڵ کـەوت و هێنـدەی لـە خـۆی دابـوو...... خێـرا نووست. بەیانی رۆژی دواتر ئەمـە حـاڵی بـوو. هـەر دەگـەڕا و هـاواری دەکـرد. ئێـوارە هاتـەوە مـاڵی خـۆی و چووە ژوورەوە. پیرەژنێکی دراوسـێیان، کـە خوانـاس بـوو زۆری بـەزەیی پێـدا هاتەوە. بۆیە چووە ژوورەوە و لێی پرسی:

"کوڕەکەم ئەوە بۆچی شێت بوویت!؟"

عەلی شار........ ئەم شیعرەی وت:

ئەگەر دەپرسی بۆچی وا دەکەی      هۆکاری بێنە، ئەوسا تێ دەگەی

ئەمجا بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە. کە چۆن ئەو "بەرسوم"ـە نەسرانیە بە فێڵ ژنەکەی لە دەست دەرهێناوە. پیرەژنەکە..... زۆری بەزەیی پیا هاتەوە بۆیە وتی:

"دە..... هەستە بچۆ کۆمەڵێك بازن و ملوانکە و مستیلە و مت و مووروم لە بازاڕ بۆ بکـڕە و بۆم بخە سندوقێکی سووکەڵەوە تاکو بە بیـانووی فرۆشـتنیانەوە.... مـاڵ بـە مـاڵ بگـەڕێم و بچمە ژوور بەڵکو خوا یارمەتیم بدات و بـۆت بدۆزمـەوە.... تـۆش دریغـی لـە کـڕینی شتەکان مەکە."

کە عەلی شار ئەمەی بیست زۆر دڵخۆش بـوو......... دەسـتەکانی پیرەژنـەی مـاچ کـرد. بە پەلە پارەی برد و لـە بـازاڕ شـتومەکەکانی بـۆ کـڕی و خستیە سـندوقێکەوە و هاتـەوە و دایـە پیرەژن. پیرەژن کەوتە گەڕان و چەند رۆژ، شار سووڕایەوە... شـەقام...... شـەقام..... گـەڕەك بە گەڕەك.....کۆڵان بـە کـۆڵان گـەڕا و هـاواری کـرد...... مـت و مـووروو دەفرۆشـم. رۆژێکیـان سەری نا بە دەروازەیەکەوە........گوێی لـە نالـەی ژنێـك بـوو، لـە دەروازەکـەی دا کەنیزەکێك هاتە دەرەوە، پیرەژن وتی:

"مت و مووروو، بازن و گوارەم پێیە....... لێم ناکڕن!؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"بەڵێ.......بەڵێ"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣١٧

شـەهرەزاد گێڕایـەوە: کەنیزەکەکـە بـە سـندوقەکەی بندەسـتیەوە بردیـە زوورەوە کەنیزەکەکان لێی کۆ بوونـەوە. هـەر یەکـە و شتێکی دەکـرد بـە گـوێی و سـنگ و بـەرۆکیا. پیرەژنەش بە زمانی شیرین وەڵامیانی دەداوە. بە نرخی هەرزانیش پێی دەفرۆشتن. ئـەوانیش ئەمیان بەدڵدا چوو. پیرەژنە گوێی لە ناڵەی کەنیزەکەکە بـوو. بـە وردی چـاوی گێـڕا. ئـەمجا "زومرود"ی بینی. بە زمانێکی شیرین پرسی:

"ئەو کیژە جوانە بۆ دەناڵێنێت!؟"

ئەوانیش لە نووکەوە بەسەرهاتەکەیان بۆ گێڕایەوە. پێیان وت:

"خاوەنەکـەمان....... سـەفەری کـردووە و ئێمـەش بـە فـەرمانی ئـەو دەبێـت ئاگامـان لێـی بێت؟"

ئەمجا بە زمانێکی شیرین پێی وتن:

"جا........کچەکانم... خۆ ئێستا خاوەنەکەتان لە ماڵ نییە...... خێـرە یارمەتیـەکی بـدەن و دەسـتی بکەنـەوە، بـا......بحەوێتـەوە و بێتـە ناوتـان خـۆ..... ئێـوە بـە سـۆز و دڵپـاکن کچەکانم.... هەر لەبەر خاتری خوا"

ئەوانیش قسەکەیان بە دڵ بوو وتیان:

"بە چاوان پیرەژن"

پیرەژنەش چاوانی بە فرمێسک کردن و وتی:

"خۆزگە قاچم بشکایە و نەهاتمایە ئەم ماڵەوە...... کوێر بم!"

ئەوانیش دەستیان کردەوە و خواردنیان بۆ هێنا و ئاویان لە بەردەم دانا. ئەمجا چووە لای "زومرود"ەوە و وتی:

"کچەکەم، خـوا سـەلامەتت بکـات بـەم نزیکانـە خـوا ئـازادت دەکـات بێخـەم بـە سـبەینێ نیوەشـەو عـەلی شـار دێـت و لەبـەر پەنجەرەکەی پشتەوەدا فیکەیـەکت بـۆ لێـدەدات. تـۆیش ئیشارەتی بۆ بکە ئەمجا هەر چۆنێك بوو گوریسێك شۆڕ بکەرەوە و پێی دابـەزە سـەر زەوی. پێکەوە بێنەوە ماڵەوە."

زومرود زۆر سوپاسی کرد و نزای خێـری بـۆ کـرد. ئـەمجا پیرەژنـە بـە پەلـە گەڕایـەوە بـۆ ماڵەوە و مژدەی دا بە عەلی شار و ناونیشانی کۆشکەکە و گەڕەك و کۆڵان و بەرپەنجەرەکەی بۆ هەڵدا. کە لەوێدا فیکەیەکی بۆ لێ بدا و چاوەڕێ بێت. عەلی شار گەشایەوە و دەستەکانی ماچ کرد.......ئەمجا ئەم شیعرەی وت:

لۆمەکارانم ورتە ورت مەکەن
وەك داسك و دەرزیم دەستم بۆ مەبەن
فرمێسکم بەڵگەی بەسەرهاتمە
لە پرسیار کردن ئیدی کۆڵ بدەن
نە دڵ بێخەم و نە ئارام دەبم
لە دووری تۆوە کردوومیان بە پەن
رۆح دیل و گیانم بە تاسەتەوە
سەیرە حەسودان کە لۆمەم دەکەن
نە ئارام بوون و نە ئاسوودەیی
دل و مێشکی من بە تۆ وابەستەن

دیسان فرمێسکی رژان بەم شیعرە هاتەوە دووان:

بە گەڕانەوەت دڵم خەندانە | لە بۆ خاتری ئەو چاوە جوانە
پەسەندی بکات ئەگەر مژدەهێن | دەم دایە، دڵی لەتم مژدانە

ئەمجا کە شەو داهات بەرەو ئەو گەڕەك و ئەو کۆڵانە چوو، کە پیرەژنـەی دراوسێی بۆی هەڵدابوو. لەبەر پەنجەرەکەدا، هەر کەمێ چاوەڕێی کرد، بەڵام لەبەر گریان و بیر کردنەوە و خەم و خەفەتی ژنەکەی زۆر ماندوو بوو، خەو بردیەوە و لێی نووست. ئەوەش خەو نایباتەوە هەر خوایە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣١٨

# چیرۆکی زومرود و جوانی کوردی

شەهرەزاد گێڕایەوە: بۆچی هەر ئەو شەوە دزێك نیازی بڕینی ئەوماڵەی نەبوو!! بۆیە هەر ئەم لاو ئەولای بوو، شوێنێك بدۆزێتەوە تاکو لێوەی سەر بکەوێتە سەرەوە و ماڵەکە ببڕێت. کە عەلی بینی لێی نووست بوو، ئەویش قوماش و شتەکانی سەری لێ کردەوە کە زومردویش دزەکەی بینی پێی وابوو عەلی شاری مێردیەتی، بۆیە فیکەیەکی بۆ لێدا. دزەیش لە خوارەوە فیکەیەکی بۆ زمرود لێداوە. ئەمجا زومرود گوریسەکەی بە پەنجەرەکەوە بەست و وردە وردە شۆڕ بووەوە. زێڕ و زیوێکی زۆریشی لەگەڵ خۆی هێنابوو. کە دزەکە بینی وتی:

"ئەمە کارێکی سەرسوڕهێنەرە و ! هۆیەکی نامۆی لە پشتەوەیە."

زومرود پێی وت:

"پیرەژن... بە منی وت کە لەڕ و لاوازی.... کەچی هێندە تۆکمەی دەڵێی ئەسپیت!"

دزەکە وەڵامی نەدایەوە، ئەمجا دەستی برد بۆ دەم و چاوی، هەستی کرد ریشێکی پێوەیە دەڵێی شانەی گەرماوە! خۆیشی دەڵێی: بەرازە و بزنی قووت داوە و کلکەکەی بۆ قووت نەچووە....!! زومرود ترسی لێ نیشت. بۆیە پرسی:

"تۆ کێیت!؟"

ئەویش وتی:

"مـن جوانی کـوردم، کـوڕە ئازاکـەم. سـەر بـە کۆمەڵـەی "ئەحمـەد دەنـەف"م ئێمـە ٤٠ ئازاکەین!"

کـە ئەمـەی بیست کەوتـە خۆ ڕنینـەوە گریـان و زانـی قـەزا و قـەدەری خـوا.... پێکیان ناگەیەنێت. بۆیە لەبەر خۆیەوە وتی:

"لاالەالاالله"..لە خەمێك رزگار دەبین و دەبین بەخەمێکی ترەوە."

هۆی هاتنەکەی "جوان" بۆ ئەو گەڕەکە ئەوە بوو....... بە کۆمەڵەکەی خۆی کە ٤٠ کەس بوون وتبووی، من لە پێش ئێوەوە لەم شارەدا دەژیم لەو شاخە ئەشکەوتێك هەیە زیاتر لە ٤٠ کەس دەگرێت. دەڕۆم وماڵێك دەبڕم و شتەکانی دەبەمە ئەو ئەشکەوتە. دواتر دایکیشم دەبەمە ئەوێ و دواتر هەمووتان دەعوەت دەکەم. ئەحمەدی دەنەف ڕێی پێدا. ئەمجا چوو لە پێشدا دایکی بردە ئەشکەوتەکە. کە لە ئەشکەوتەکە هاتە دەرەوە سەربازێکی بینی لێی ڕاکشابووو. ئەسپێکیش لەولایەوە بەسترابووەوە. بێدەنگ سەربازەکەی سەر بڕی بوو، ئەسپەکەشی بردەوە بۆ ئەشکەوتەکە. ئەمجا گەڕابووەوە بۆ شار و بە دەوری ماڵی ئەسرانیەکەدا سووڕابووەوە. ئیدی ئەوەی کرد کە کردی! چۆن چەفتە و کڵاوی، عەلی شاری دزی. کەنیزەکەکەشی بردەوە بۆ لای دایکی لە ئەشکەوتەکەدا و پێی وتبوو:

"ئاگات لەم کەنیزەکە بێت سبەینێ دەگەڕێمەوە."

لێیدا و ڕۆیشت بوو. زومرود لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەرێ، ئەوە بۆ مێشکم وەستاوە!؟ بۆ فێڵێك ئەکەم!؟"

ڕووی کردە پیرەژنەو وتی:

"دایە... ئەوە بۆ لەم ئەشکەوتە ئەچینە دەرەوە و تۆزێك خۆمان ئەشۆین."

پیرەژنەش وتی:

"قسەیەکی چاکە. خۆ ئەم بەرازانە، هێندە ئەم لاو ئەولایان پێکردم فریا نەکەوتووم گەرماوێك بکەم."

دواتر کەوتە شتنی پیرەژن. هێندە حەوایەوە کە لێی پاڵکەوت و خەو بردیەوە. ئەمجا زومرود خورجە زێڕ و زیوەکەی خۆی هەڵگرت و چووە دەر. جل و بەرگی سەربازە کوژراوەکەی لەبەر خۆی کرد و شمشێرەکەی لە قەدی خۆی بەست و سواری ئەسپەکە بوو. لە ئاوزەنگی دا و لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەی پەنای بێ دەسەڵاتان پەنام بە تۆو، پێغەمبەر "د.خ"."

لە ڕێ هات بەخەیاڵیدا کە نەچێتەوە شار. چونکە هەر پێیان زانی و گرتیان ئەوا کوشتنی سەربازەکەشی دەخەنە مل... بۆیە ڕێگای دەشت و دەر و چۆڵەوانی گرتەبەر.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣١٩

# چیرۆکی سوڵتان و زومرود

شەهرەزاد وتی: زومردو ١٠ رۆژ بەرێوە بوو. لە گژ و گیا و بەری رەز و باخی خوارد و ئەسپەکەی تێر کرد و لە رووبار و کانیاوەکانی خواردەوە و رۆژی یازدەیەم رێی کەوتە شارێك. کە جوان و ئارام بوو. سەرمای زستانی تیادا بە سەر چووبوو. بەهارێکی سەوزی خۆش بوو. کانیاوەکان تەقیبوونەوە درەختەکان گەڵایان گرتبوو. خونچەکان کرابوونەوە. باڵندە و بولبولان بە ئاوازی خۆشەوە بوون. کە لە دەروازەی ئەو شارەوە نزیك بووەوە، وەزیران و گەورە پیاوانی دەوڵەت و جەنگاوەرانێکی زۆری بینی لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەم قەرباڵغیە، بێ هۆ نییە!! خۆ...... هەموو خەڵکی شارەکە لێرەن!"

دواتر پتر لێیا نزیك بووەوە. کەچی بەرەورووی هاتن و کڕنووشیان بۆ برد ووتیان

"خوا..... زاڵت بکات ئەی سوڵتانی مەزن"

سەربازەکان ریز بووبوون و هوتافیان دەکێشا:

"خوایە... هاتنت ببێتە مایەی پیرۆزی بۆ موسڵمانان ئەی سوڵتان... خوا راوەستاوت بکات."

زومرودیش وتی:

"چ باسە ئەی خەڵکی شار!!؟"

وتیان:

"یەکێك پێی بەخشیوی کە بەخشندەیە ئێستا تۆ خوێنی ئەم شارەت بە دەستە و سوڵتانیت! سوپاس بۆ خوا تۆ کە لە نەوەی تورکیت! بوویتە سوڵتانی شارەکە. رێ و رەسمی ئەم شارە وایە...... گەر پاشای شار مرد و نەوەی نەبوو ببێتە جێنشینی ئەوا.... خەڵکی شار دێنە بەر ئەم دەروازەیە و ٣ رۆژ چاوەڕێی کەسێك دەکەن، کە لەو رێیەی تۆی لێوە هاتیت پەیدا بێت.. .. تاکو بیکەنە پاشای شار. بەس نییە...... تۆ جوان و ناسکیت.....!! ناشیرینیش بە و رێگەیەدا بهاتایە........ هەر دەکرا بەپاشا!!"

ئەویش وتی:

"وا مەزانن من تورکم.... من لە بنەماڵەیەکی خانەدانم.... لە کەس و کارم توورە بووم و جێم هێشتوون. سەیری ئەم خورجەم بکەن. بە دەم رێگاوە لێم بەخشیوە، بە هەژاران..."

کە خورجە پڕ زێڕەکەیان بینی زۆر خۆشحاڵ بوون.... هەروەها دانیشتوانی شاریش زۆر دڵشاد بوون. ئەمجا لە دڵی خۆیدا وتی:

"پەنا بە خوا.......... وا دیارە خوا ویستویەتی بە عەلی شارم شاد بکاتەوە!!"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣٢٠

شەهرەزاد گێڕایەوە: ئەمجا زۆر بە ڕێزەوە خستیانە نێوانی خۆیانەوە و بەرەو ناوشار بوونەوە وەزیران و گەورە پیاوان، گەیاندیانە بەر کۆشکی شا...... ئەمجا دەستیان گرت و تاجی شاهانەیان کردە سەر و خستیانە سەر تەختی پاشایەتی. دوای چەند ڕۆژێك فەرمانیدا...... گەنجینەی دەوڵەتیان هێناو پارەیەکی زۆریان بەخشییەوە بە سەر هەژاران و نەداران دا... باج و گومرگ و سەرانەی لا برد.... بەندییەکانی بەندیخانەکانی ئازاد کرد. زۆرداری نەهێشت. بۆیە دانیشتوانی شار زۆریان خۆش ویست. هەر جارەی عەلی شاری بیر بکەوتایەوە دەستی دەکردە گریان. بەم شیعرە دەکەوتە دووان:

تاسەم کۆن نابێ ، هەر دەژێتەوە      فرمێسك نابڕی و زیاد دەبێتەوە
خەم و پەژارە و گریان گەر نەبێ چیتر؟ جێی دووری تۆ دەگرێتەوە

ئەمجا چاوانی سڕی و ڕووی کردە ژووری کەنیزەکەکان. فەرمانی دا، هەر یەکە و دەستەسڕی خۆی لە بەردەمی خۆیدا ڕابخات.... با مانگانەی بۆ ببڕمەوە ئەمجا پێی وتن:

"ژوورێکم بۆ ڕێك بخەن.... تاکو تیادا خواپەرستی بکەم."

هێندە نوێژی کردبوو بەرۆژوو بوو سەرکردەکانی سوپا وتیان:

"ئەم ژنە خواناسێکی زۆر مەزنە!"

خزمەتکارەکانی منالآنی خەساو بوون ساڵێك تەقەلای دۆزینەوەی عەلی شاری بوو. بێ سوود بوو. بۆیە کەوتە دڵەڕاوکێوە. دواتر فەرمانیدا ئەندازیاران و وەستایانی خانووبەرە کۆ بکەنەوە کە کۆیان کردنەوە، فەرمانی پێدان کە گۆڕە پانێکی بە هێندەی درێژی و پانی کۆشکەکەی لە ژێر کۆشکەکەیدا بۆ دروست بکەن. پارەی خستە بەردەستیان. ئەوانیش زۆر خێرا..... لە کاتێکی گونجاودا تەواویان کرد. ئەمجا چووە خوار بۆ بینینی دواتر فەرمانی دا گومەزێکی بۆ بکەن. ئەمجا کورسیەکی زۆر ڕیز کران دواتر سفرە و خوانیان ڕازاندەوە. بە خۆشترینی خواردنەکان. ئەمجا.... فەرمووی لێ کردن و خۆیشی لەگەڵیان خواردی. ئەمجا فەرمانی پێدان: با جارچی..... جاڕ بدات کە هەمووو سەری مانگێك خەڵکی ئەم شارە میوانی سفرە و خوانی پاشا دەبن. دەبێت هەموو ئەمەکی پاشایان بکەن. هەر کەسێك نەبێتە میوان و ئەو سفرەیە نان نەخووات بە سەر دەروازەی ماڵەکەی خۆیدا هەڵدەواسرێت....!!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ۳۲۱

شەهرەزاد وتی: کە سەری مانگی نوێ هات، دیسان فەرمانەکەی شا زومرودیان جێبەجێ کردەوە. ئیدی تاکو یەك ساڵ هەموو سەری مانگێك ئەم سفرە و خوانە بۆ هەموو دانیشتوانی شار دەڕازایەوە. جارچی دەکەوتەوە ناو کووچە و کۆڵانەکان هاواری دەکرد:

"لە ئێستاوە...... نابێت کەس بێبەش ببێت لە نان خواردنی شا زومرود.... هەر کەسێ بەشدار نەبێت، لەو سفرە و خوانەی پاشا: لە سێدارە دەدرێت."

ئەمجا کورسیەکیان بۆ زومرود شا دادەنا......دادەنیشت لە کاتی نان خواردنی دانیشتوانی شاردا سەیری دەکردن. هەر کەسە...... هەر لە وەزیر و سەرداران و پیاوانی شار تاکو هاوڵاتیان وایان دەزانی زومرود شا سەیری ئەو دەکات. تێر و پڕ نان دەخورا، کە لە خۆشترین خواردن پێك هاتبوو. پیاوانی دەوڵەت...... بە دانیشتوانیان دەوت:

"کەس شەرم نەکات ... بە ئارەزووی خۆتان بخۆن."

ئەوانیش کە تێر دەبوون ...... دەڕۆیشتن و نزایان بۆ شا زومرود دەکرد. هەندێکیان بە یەکتریان دەوت:

"لە ژیانماندا........ ئەمان بیستووە شایەکی ئاوا..... بە بەزەیی و هەژار خۆشەویست هەبوو بێت!!"

نزای تەمەن درێژیان بۆ دەکرد.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی۳۲۲

شەهرەزاد گێرایەوە: زومرود شا گەڕایەوە کۆشك و لە دڵی خۆیدا وتی:

"خوا یار بێت....... بە عەلی شار شاد دەبمەوە و هەواڵی دەزانم."

کە مانگی دووەم هاتەوە، هەمان یاسای بەڕیوە برد. دیسان خۆی چووە سەر کورسیەکەی و خەڵکێکی زۆر کەوتنە نان خواردن. کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵکەکە دەهاتن بۆ نان خواردن. ئەمیش سەیری خەڵکەکەی دەکرد. "بەرسوم"ی نەسرانی لەسەر سفرەکە بینی. ناسیەوە و لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەمە سەرەتای، بە ئاوات گەیشتنم و ڕەوانەوەی خەمەکەمە."

ئەویش سەیری قاپێك برنجی کرد. شیرینی چوو بە دڵیدا و لێی دوور بوو. دەستی بۆ درێژ کرد و هێنایە بەردەمی خۆی. کابرایەك پێی وت:

"بۆچی لەبەر دەمی خۆتەوە ناخۆیت!؟ عەیب نییە خواردنەکە رادەکێشیتە بەردەم خۆت؟"

بەرسوم وتی:

"لەو قاپە نەبێت، ناخۆم!"
کابرا پێی وت:
"بیخۆ...... بە زەهرت بێت."
یەکێکی بەنگ کێش..... کە لەولایانەوە بوو هەڵیدایە:
"وازی لێ بێنە، با منیش لەگەڵی بخۆم."
کابراش کە توند بووبوو وتی:
"بەنگکێشی پیس ئەوە خواردنی میرانە بۆ ئێوە نەکراوە...... بیگێڕنەوە."
بەرسوم گوێی نەدایە و پاروویەکی لێ کرد و خستیە دەمیەوە. شا زومرود، کە سەیری دەکردن فەرمانی دا بە سەربازێك کە پاروەکەی دەستی لێ بسەندنەوە و ئەو کابرایەی بۆ بێنن.... ئەویش لە بەردەم شا زومرود رایان گرت. خەڵکەکە هەموو دەستیان لە نان خواردن کێشایەوە. هەر کۆمەڵە و شتێکیان دەوت. یەکێکیان وتی:
"ئەو کابرایەکی زۆردارە......... بۆچی قاپە دوورەکە رادەکێشێتە بەردەمی خۆی!؟"
هەندێکی دی وتیان:
"ئارام بن.... با بزانین چی لەو کابرایە دەکرێت؟"
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٢٣

شەهرەزاد وتی: زومرود شا لێی پرسی:
"چاوشینی نەگبەت چی تۆی گەیاندە ئێرە!؟"
ئەویش کە قوماشێکی سپی بە سەرەوە پێچابوو نکوڵی کرد لە ناوی خۆی و وتی:
"خاتوونەکەم....... من عەلیم ناوە، فەرش چنم و بۆ بازرگانی هاتوومە ئەم شارە."
ئەمجا فەرمانی دا...... قاپێك "لم"یان بۆ هێنا.... ئەویش بە پارچە مسێك وێنەیەکی لە لەکەدا کێشا و سەری بڵند کردەوە و ماوەیەکی باش سەیری کرد. دواتر وتی:
"شەرم ناکەیت درۆ لەگەڵ پاشادا دەکەیت... ئاخۆ تۆ ناوت "بەرسومە" و نەسرانیت و بۆ شتێك دەگەڕێیت!"
ئەمجا قیژاندی بە سەریدا و وتی:
"راستم پێ نەڵێیت: لە گەردنت دەدەم."
کابراکە دەلەرزی وتی:
"ببوورن... بەو خوایە "رمڵ" لێدانەکەت، راستە من نەسرانیم."
میوانەکان.... زۆر سەریان سوڕما!! لەوەی کە رمڵ لێدانەکەی شا زومرود راست دەرچوو....! ئەمجا بە یەکتریان دەوت:
"بە ڕاستی.... ئەستێرە ناسێکی گرنگ و سەرسوڕهێنە!"

ئەمجا...... فەرمانی دا و وتی:
"ئەم ئەسرانیە کەوڵ بکەن و پێستەکەی "کا" تێ بکەن و بە دەروازەی شاردا هەڵیواسن.
چاڵێك بۆ لاشەکەشی هەڵبکەندن و تێیدا بیسوتێنن."
سەربازەکە برد=ی و ڕۆیشت خەڵکەکەش وتیان:
"سزای خۆی وەرگرت..... ئەو پارووە ئەگبەتی ئەوی پێوە بوو."
یەکێکی دی وتی:
"تەڵاقم کەوتبێت... لەمەودوا برنج ناخۆم."
بەنگ کێشەکە وتی:
"سوپاس بۆ خوا... کە ئەسرانیەکە ئەوەی بەسەر هات... خۆی ئەو برنجەی لە من کرد!!"
سەری مانگی سێیەمیش بە هەمان شێوە سفرە ڕازایەوە. خەڵکەکە هاتنەوە بۆ نان خواردن دوو پیاوی پیر کە شوێنی کەسێکیان لە نێواندا بە چۆڵی مابووەوە دانیشتبوون. یەکێکیان بانگی ئەوی دی کرد:
"حاجی خەلەف..."
پیرەکەی دی وەڵامی دایەوە "بەڵێ.... حاجی خالد."
ئەوەی یەکەم وتی:
"ئەمە شوێنی ئەسرانیەکەیە و تکایە لەو قاپە برنجە شیرینە مەخۆ... با لە گەردنت نەدەن!!"
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٢٤

# چیرۆکی کوژرانی جوانی کورد بە دەستی شا زومرود

شەهرەزادا وتی: ئەمجا بە ڕێوڕەسمی سەری مانگان دانیشتوانی شار لەسەر سفرە و خوان دانیشتنەوە. فەرموو کرا و دەست پێکرا. لە کاتێکدا بەڕێکەوت شا زومرود لای کردەوە. کابرایەکی بینی ڕای دەکرد و ناسیەوە کە ئەوە جوانی کورد بوو. ئەو کەسەی سەربازەکەی کوشت بوو ئەسپەکەی فڕاند بوو. تومەز کە لە ئەشکەوتەکە هاتبووە دەرەوە یەکسەر چووبوو بۆ لای دزانی هاوڕێی و بۆی گێڕابوونەوە کەدزییەکی زۆر باشی کردووە و خورجێکی پڕ لە پارە و کەنیزەکێکی فڕاندووە و ئێستا لای دایکی داناوە، لە ئەشکەوتەکەدا.
ئەمجا هەموویانی بردبووە ئەشکەوتەکەوە. کە بەشەکانی خۆیانیان پێ بدات.... بەڵام کە لە دایکی دەپرسێت. ئەویش بۆی دەگێڕێتەوە کە هەڵاتووە. بۆیە... تووڕە دەبێت و سوێند

دەخـوات کـە هـەر دەبێـت بیدۆزێتـەوە و ئـەو کەنیزەکـە خوێرییـە: ئەگـەر لـە تـوێکڵی "فستق"یشدا بێت.... دەبێت بیدۆزێتەوە.

هێنـدە دەگـەڕێت تـاکو ڕێـی لـەم شـارە دەکـەوێت. کـە بـازاڕ و کۆڵانـان دەگـەڕێت کـەس نابینێـت. سـەری سـوڕ دەمێنێـت! بۆیـە... هـەر چـۆنێك بێـت، پیرەژنێـك لـە پەنجەرەیەکەوەدەبینێت. هاواری بۆ دەکات:

"کە بۆچی ئەم شارە، ئاوا چۆڵە!؟"

ئەویش پێی دەڵێت:

"کاکە...... لێرە هەموو سەری مانگێك دانیشتوانی شار دەچنە سەر سفرەی پاشا..!"

ئەمجا شوێنەکەی بۆ وەسف دەکات کە لە کوێدایە ئەویش بە ڕا کردن هاتبوو. تـاکو فریـا بکەوێت. شوێنی لەسەر سفرەکە دەست نەکەوت. ئەو شوێنە نەبێت کە کابرای: بـرنج خـۆری ئەسرانی تیادا گیرا و لەناو برا. ئەمجا دەورووبەرەکەی لێیان پرسی:

"ئەوە چی دەکەیت؟"

ئەویش وەڵامی دانەوە:

"برسیمە و دەمەوێت برنج بخۆم."

یەکێکیان وتی:

"خوا..... بکات لە برنجەکەت نەخواردبێت، ئەگینا لە سێدارەت دەدەن!"

ئەویش وتی:

"دەمت... دابخە، قسەی وا مەڵێ!"

قاپەکـەی ڕاکێشـایە بـەردەمی... کـابرای........ کـابرای بـەنگ کـێش کـە لـە تەنیشـتیەوە دانیشتبوو، کە ڕاکێشانی قاپی برنجەکەی بینی هەستا و بە دەم ڕاکردنەوە وتی:

"ئێوە شایەت بن من پێویستم بەو قاپە نییە."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٢٥

شەهرەزاد وتی: کابرا وەکو قەلەڕەش دەستی خستە برنجەکەوە! پاروویـەکی لێ داگـرت و تیادا خـولی دا. تـا وەکـو نـارنجێکی لێهـات لـە نـاو بـەری دەسـتی دا و جێگـەی پاروەکـە لـە برنجەکەدا دەرکەوت و بنی قاپەکە دەبینرا. فڕێی دایە دەمیەوە و کە قووتی دا دەنگێکی لێ پەیدا بوو. یەکێك کە لە تەنیشتیەوە بوو، بە لاقرتێوە وتی:

"سوپاس بۆ خوا، کە من ئەو برنجە نەبووم، خۆ... بە پاروویەك دەتخواردم."

بەنگ کێشەکەش هەڵی دایە:

"وازی لێ بێنن.... هەر چەند سەرنجی دەدەم، پەتی سێدارەکەی ملی دەبینم!"

دیسان وتی:

"بیخۆ..... لێت دەرنەیەتەوە!"

شەهرەزاد وتی: ئەمجا پارووی دووەمی لە قاپەکەدا لوول دا... تاکو خڕی بکاتەوە و فڕێی بداتە دەمیەوە. پاشا...... فەرمانی بە سەربازان دا.....

"ئادەی... ئەو پیاوەم بۆ بێنن! مەهێڵن ئەو پاروەی دەستی بخوات!"

ئەوانیش پشت ملیان گرت و لەبەردەم شا زومروددا وەستانیان. خەڵکی سەر سفرەکەش ... وتیان:

"دەستی خوا، خۆش بێت...! پێمان وت.... کوڕە ئەو جێیە شوومە و هەر کەسێك لەو قاپە برنجە بخوات لە سێدارە دەدرێت... کەچی گاڵتەی لێ دەهات!"

شا زومرود لێی پرسی:

"ناوت چیە؟ چ کارەیت؟ بۆ هاتوویتە نێو شارەوە؟"

ئەویش وتی:

"قوربان...... ناوم عوسمانە! پیشەم ڕەزەوانییە! بە شوێن شتێکدا دەگەڕێم کە لێم ون بووە!"

شا زومرود بانگی کرد:

"ئادەی ... تەشتە لەکەم بۆ بێنن."

ئەمجا پێنووسەکەی پیادا کێشا و ماوەیەکی باش سەیری لەکەی کرد. ئەمجا سەری بڵند کردەوە و وتی:

"داماو... چۆن دەبێت درۆ لەگەڵ پاشادا بکەیت؟ ئەم ڕەمڵ لێدانەم پێم دەڵێت: تۆ ناوت جوانی کوردە و کارت دزیە! سامانی خەڵکی بە ناڕەوا دەبەیت، مرۆڤ دەکوژیت کە خوا حەرامی کردووە، تەنیا لە سەر حەق نەبێت!"

ئەمجا قیژاندی بە سەریدا:

"ڕاستم پێ بڵێ... بەراز. ئەگەرنا لە ملت دەدەم!"

جوانی کورد کە ئەمەی بیست کەوتە دانە چۆقە و لەرزین! ئەمجا پێی وابوو ئەگەر ڕاستگۆیانە قسە بکات ڕزگار دەبێت! بۆیە وتی:

"ڕاست دەفەرموویت پاشا گیان... بەڵام ئەوا... لە سەر دەستی تۆدا.. تۆبە دەکەم و ڕوو دەکەمەوە یەزدان."

پاشایش وتی:

"ڕەوا نییە..... کۆسپی سەرەڕێی موسڵمانان پشتگوێ بخەم."

ئەمجا فەرمانی دا...:

"ئادەی پێستی بکوورن و مانگی پێشوو چیتان لە نەسرانیەکە کرد..... ئاوایش لە ئەم بکەن."

ئەوانیش فەرمانەکەیان بەجێ گەیاند. کە کابرای بەنگ کێش، سەربازەکانی بینی و گرتنی جوانی کورد پشتی کردە قاپی برنجەکە و وتی:

"حەرامە روو بە رووی تۆ بم!"

کە خواردن کۆتایی هات هەر کەسە و رۆیشت بەلای کاری خۆیەوە. شا زومرودیش چووە سەرەوەی کۆشك. فەرمانی دا بە خزمەتکاران و کارگێران کە برۆنەوە پشوو بدەن. کە سەری مانگ هاتەوە؛ دیسان سفرە و خوان ئامادە کرانەوە. دانیشتوان لە سەر سفرە دانیشتنەوە. شا زومرود لە سەر کورسیەکەی دانیشتەوە. کە سەرنجی دا... جێ قاپە برنج و شوێنی جوان کوردی چۆڵە و جێگەی ٤ کەسی تر دەبێتەوە...!! سەری سوڕما!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٢٦

چیرۆکی کوشتنی رەشیدەدین بە دەستی زومرود

شەهرەزاد گێڕایەوە شا زومرود سەیری کرد... کابرایەك بە راکردن هات چونکە شوێنی نەسرانی و جوان چۆڵ بوو شوێنی دەست نەکەوت ئەو شوێنە نەبێت کە پاشا سەرنجی دا "ئەوە رەشیدەدینە."

لە دڵی خۆیدا وتی:

"سفرە و خوانی ئەمجارەشمان پیرۆزە، چونکە ئەو کافرە میوانمانە."

هۆی هاتنەکەی سەیر بوو! چونکە کە لە سەفەرەکەی گەڕابووەوە پێیان وتبوو کە کەنیزەکەکە بە توورەکەیەکەوە هەڵاتووە. ئەمجا کەوتووەتە لە خۆدان و یەخەی خۆی دادڕیوە و بەرسوومی برای ناردووە تا بگەڕێت و هەواڵی بۆ بێنێت. بەڵام کە نەگەڕاوەتەوە خۆی بۆ نەگیراوە و خۆی گەڕاوە بە شوێن "زومرود" و "توورەکە" زێڕەکەدا. قەزا و قەدەر لە سەری ئەم مانگەدا، رێی دەکەوێتە شاری زومرود شا...! ئەویش کە بە شاردا زۆر دەسوڕێتەوە، کەس نابینێت. پێی سەیر دەبێت!! ئەمجا هاوار دەکات بۆ پیرەژنێك و دەپرسێ:

"بۆخاتری خوا.... ئەم شارە بۆچی ئاوا چۆڵە!؟"

ئەویش پێی دەڵێت:

"کاکە هەموو سەری مانگێك خەڵکی شارەکە میوانی پاشاکەیانن و سفرە و خوانیان لەبەردەم دادەنرێت!"

ئەمجا رێگای ماڵی پاشای پیشان دەدات. ئەویش بەرەوماڵی پاشات دەڕوات. کە دەگاتە قەرەباڵغییەکە چاو دەگێڕێ، جێی نابێتەوە... تەنیا هەمان جێگای سەر سفرە نەبێت کە قاپە برنجە شیرینەکەی لێ دادەنرێت و خەڵکەکە لە ترسانا ناوێرن لێی دابنیشن. کابرا ویستی، دەست رابکێشێت بۆ برنجەکە. شا زومرود بانگی سەربازانی کرد، بچن ئەو پیاوە

بێنن کە لە شوێنە شوومەکەدا دانیشتووە. ئەوانیش خێرا هێنایانە بەردەمی.. شا زومرود پرسی:

"ناوت چییە؟ چ کارەیت؟ بۆچی هاتوویت؟"

ئەویش وتی:

"ئەی پاشای زەمانە.... ناوم رۆستەمە. بێکارەم چونکە دەروێشم."

ئەمجا شا رووی کردە دەورووبەر و وتی:

"تەشتە لمەکەم بۆ بێنن."

ئەمجا قەڵەمەکەی بە لمەکەدا هێنا و دوای رامان وتی:

"شوورەییە درۆ لەگەڵ پاشایان دەکەیت. تۆ ناوت "رەشیدەدینە"ی نەسرانی، کارت فرووفێڵ و کەنیزەك فڕاندنە، سەرزارەکی موسڵمان و لە دڵەوە نەسرانیت دەی....... راست قسە بکە. ئەگەر نا ..... لە سەرت دەدەم."

ئەویش لە ترسدا دەلەرزی و زمانی گۆی نەدەکرد. ئەمجا وتی:

"راست دەکەیت ئەی پاشای زەمان."

ئەمجا شا زومرود فەرمانی دا... :

"ئادەی...... بیبەن پێستی بکەنن لاشەکەی لە چاڵێکدا بسوتێنن. "

ئەوانیش فەرمانەکەیان جێبەجێ کرد. ئەمجا فەرمانیدا دەستیان بەنان خواردن کرد. کە خەڵکەکە تێریان خوارد هەر یەکە و بەلایەکدا بڵاوەیان کرد. شایش لە دڵی خۆیدا وتی:

"سوپاس بۆ خوا... کە دڵم حەوایەوە، لە بەرامبەر ئەوانەدا، کە ئازاریان دابووم."

ئەمجا ئەم شیعرەی وت:

بڕیارەکەتا درێژەی کێشا دواتر وەك دیوار رما بە پێشا
کە بە داد نەبوون ملهوڕتیان کرد خوایش: ریشەی ئێوەی لە بن دەرکێشا
لە جێگای سندان کە قوزەڵقورتە نەختای "دەهرە" و نە فەلەکیشە

کە لەم شیعرە بووەوە، خەریك بوو سوێی ببێتەوە بۆ عەلی شار...! بە چاوانیدا فرمێسك هاتە خوار. ئەمجا کەمێ ژیری وەبەر خۆی هێنایەوە و وتی:

"کێ دەڵێ، هەر ئەوەی... ئەم دوژمنانەی خستە بەردەستم...... عەلی شاریشم ناخاتە بەردەست!!؟"

ئەمجا داوای لێ بووردنی لە پەروەردگار کرد. ئەم شیعرەی وت:

کار بە دەست خوایە تۆ گوێ مەدەرێ کەسێ ناتوانێ شێوەی بگۆڕێ
پەنا بە تەنیا خوا ببە... باشە زۆریش بە شوێنیا مەڕۆ و مەگەڕێ
بەڵا بۆ ئەوەی زویری دەبێ کە ئارام نەبوو، تەئسیری دەبێ
شەوان بە زەمان زوو زوو ئاوسە ژان دەگرێ و شتی زۆر سەیری دەبێ

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣٢٧

شەهرەزاد گێڕایەوە: یەك مانگ ڕۆژانە زومرود شا حوکمڕانی شارەکەی دەکرد. چاو بە فرمێسك بوو بۆ عەلی شاری مێردی. کە سەری مانگ هاتەوە، بەرێوڕەسمی جاران سفرە و خوان لە گۆڕەپان ڕازایەوە. خەڵکی شار لە دەوری سفرە دانیشتنەوە. دیسان جێگای مانگی پێشوو، بەرامبەر قاپە برنجە شیرینەکە، چۆڵ بوو...! چاویشی لە دەرگای ئەو گۆڕەپانە بوو. کە خەڵکی لێ دەهاتە ژوورەوە. لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەی ئەو کەسەی حەزرەتی یوسفت بە یەعقوب شاد کردەوە. بەڵات لە حەزرەتی ئەیوب دوور خستەوە. منیش بە عەلی شار بگەیەنەوە...! بۆ خاتری گەورەیی و توانایی خۆت. کە تۆ لە هەموو بوارێکدا تواناداریت.... ئەی...... ڕێنمای لە ڕێ دەرچوان."

هێشتا نزاکەی تەواو نەکرد کەسێك لە دەروازەی گۆڕەپانەکەوە هاتە ژوور. باڵا چنار، ناسك و نازدار بەڵام لەڕ و لاواز. ژیر و بە ئاوەز ئەویش وەکو ئەوانی دی چاوی گێڕا... شوێنێك نەبوو لێی دانیشێت! بۆیە چووە ئەو شوێنە شوومەی کە چەند کەسێکی تیا تووشی ببوون. لە سێدارە دران. کە زومرود شا بینی... کەوتە دڵە کوتە!! کە وردتر سەرنجی دا بۆی دەرکەوت کە ئەوە عەلی شاری خاوەنێتی!! خەریك بوو، زریکەیەك لێبدات و لە خۆشیاندا بقیژێنێت.. بەڵام دانی بە خۆیدا گرت. چونکە پێی عەیب بوو. هۆی هاتنی عەلی شار بۆ ئەو شارە ئەوە بوو، کە خەوی لێ کەوتبوو لە سەر سەکۆی بن دیواری ئەو کۆشکەدا، کە زومرودی لێ بوو. بە نیاز بوو، فیکەی بۆ لێ بداتەوە کە زومرود خۆی شۆڕ کردەوە و هاتە خوار و هەڵ بێن بۆ ماڵەوە. ئەوە بوو جوان کوردی دز هەڵەکەی قۆستەوە و فیکەکەی بۆ زومرود لێدایەوە، کە هاتە خوارەوە، فڕاندی. کە خەبەری بووەوە سەیری کرد جامانەکەی دزراوە... تێگەیشت کەسێك دزی لێ کردووە ئەویش لە دڵی خۆیدا وتبووی:

"انالله و انااليه راجعون"

گەڕا بووەوە چووبووە لای پیرەژنەی دراوسێیان. لە دەرگایانی دابوو. کە پیرەژن دەرگای کردەوە بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕابووەوە. پیرەژنەش سەرزەنشتێکی زۆری کردبوو، پێی وتبوو:

"کەوابوو، هەر چیەکت بە سەر هاتووە گوناهی خۆت بووە!!"

عەلی شاریش هێندە گریابوو، بووراببووەوە کە بە ئاگا هاتبووەوە سەیری کردبوو پیرەژنەکە بۆی دەگری. ئەمجا بردبوویەوە بۆ ماڵی خۆی و وتبووی لێرە چاوەڕێم بکە: بزانم هەواڵێکم دەست ناکەوێت!؟

ئەمجا جێی هێشت نیوەڕۆ گەڕایەوە. بە عەلی شاری وت:

لەوە دەچێت... کە هەرگیز چاوت بە زومرود نەکەوێتەوە، چونکە زومرود بە گوریس بە پەنجەرەکەدا، چووەتە خوارەوە و تووڕەکە زێڕەکەشی لەگەڵ خۆی بردووە. ڕۆژی دواتر میری شار بە خۆی و سەربازەکانیەوە چووەتە سەریان لاحول و لاقوەالا بالله العلی العظیم"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣٢٨

شەهرەزاد گێڕایەوە: کە عەلی شار، ئەمەی بیست دەستی بە گریان کرد و خەریك بوو بمرێت. دواتر نەخۆش کەوت. یەك ساڵی رەبەق پیرەژنە چاودێری عەلی شاری کرد و دەرمانی بۆ هێنا و چارەسەری کرد تاکو چاك بووەوە. بە خەمی ژنەکەیەوە...... ئەم شیعرەی...... دەوتەوە:

| | |
|---|---|
| ئەی کۆ کەرەوەی لێك دابڕاوان | چاو بە فرمێسکی دڵان سوتاوان |
| لەتاوتان جێگا بە خۆم ناگرم | تاسەتان.... ئاوا، خستییە داوان |
| خوایە... نەسیبمان ئەگەر بۆ یەکە | یەکمان بخەوە، بەسوك و ئاسان |

ساڵی دووەم پیرەژن چووە لای و پێی وت:

"ئەم خەم و پەژارەیەی تۆ دەی خۆیت و ئەم کار بۆ نەکردنەی ژنەکەت. دادت نادات و بە خۆشەویستەکەت ناگەیەنێتەوە! هەستە... بە شوێنیدا بگەڕێ. بەڵکو هەواڵی بزانیت."

ماوەی مانگێك پیرەژنە پەزێرایی کرد. مریشکی بۆ لێدەنا و ماڵی بۆ پاك دەکردەوە. تاکو .... وزەی بە بەردا هاتەوە ئەمجا عەلی شار کەوتە گەڕانی ئەم کووچە و ئەو کۆڵان، ئەم دێ و ئەو شار تاکو رێی کەوتە شارەکەی شا زومرودی ژنی. وەکو دانیشتوان چووە گۆڕەپان و سەر سفرە و خوان. کە لەو شوێنە شوومەدا دانیشت. خەڵکەکە بەزەییان بە جوانی و لاویدا هاتەوە، پێیان وت:

"کوڕی باش، لەو شوێنە نان مەخۆ.... با...... تووش نەبیت."

ئەویش سەری سوڕما ! هێندەش لە خۆی بێزار بوو وەڵامی دایەوە:

"گرنگ نییە.... جار و جەهەنەم.... بەڵکو تیا بچم و لەم ژیانە رزگارم بێت!"

شا زومرود ویستی بنێرێتە شوێنی. هات بە بیریدا... کە نەکو... برسی بێت. با تێر بخوات. ئەمجا دەنێرم بە شوێنیدا. عەلی شار نانی دەخوارد و خەڵکەکەیش بە سەرسوڕمانەوە بۆیان دەڕوانی. کە تێری خوارد، کۆیلەیەکی خەساوی نارده شوێنی. کە کۆیلەکە چوو بە روویەکی خۆشەوە پێی وت:

"پاشا، داوات دەکات، تاکو چەند پرسیارێکت لێ بکات. کە بردیانە بەرامبەر پاشا وتیان: "فەرموو"

ئەمجا چاوەڕێی کرد، تاکو خەڵکەکە لە نان خواردن بوونەوە ئەمجا هەر یەکە، بە دەم بڵاوە کردنیانەوە دەستیان بە یەکدا دەدا....:

"کە ئەو داماوەیش: مادام بانگ کرا... تیاچوو!! لاحول و لا قوە الا بالله...."

هەندێکیشیان وتیان:

"نەخێر.. نایکوژێت بەڵکو تووشی خێری خۆی بووە، چونکە تا تێری نەخوارد بانگی نەکرد."

کە گۆڕەپان چۆڵ بوو لە عەلی شاری پرسی:

"ناوت چییە؟ چ کارەیت؟ بۆ هاتوویت بۆ ئەم شارە؟"

ئەویش وتی:

"ناوم عەلی شارە کوڕە بازرگانم. خەڵکی خوراسانم. کەنیزەکێکم هەبوو لێم ون بوو بەلامەوە، لە گوێ و چاوانم خۆشەویست تر بوو، دڵم پێوەی بەندە! ئەمە بەسەرهاتەکەمە!"

ئیدی دڵی پڕ بوو...... دەستی بە گریان کرد و بوورایەوە. ئەمجا شا زومرود فەرمانی دا گوڵاوی بە لوتدا بدەن.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٢٩

شەهرەزاد گێڕایەوە: کە عەلی شار بە ئاگا هاتەوە شا زومرود فەرمانی دا تەشتە لەکە بێنن.... با "رمڵ"ێك لێ بدەم بۆی.... ئەمجا ماوەیەکی باش پیا رووانی دواتر سەری بڵند کردەوە، پێی وت:

"راست دەکەیت، تۆ بەم زووانە بە خۆشەویستەکەت شاد دەبیتەوە!!"

ئەمجا فەرمانی دا... بیبەن بۆ گەرماو پاك بیشۆن... ئەمجا بەرگی شاهانەی بپۆشن... جوانترین ئەسپی بخەنە ژێر و بیبەنەوە بۆ کۆشك... با بحەوێتەوە. دەرگاوان وتی: بە چاوان. خەڵکەکەش بە خۆیان وت:

"شا زومرود چی بە سەرهاتووە کە بەو شێوەیە، نەرم و نیانە لەگەڵ ئەو لاوەدا!؟"

یەکێکیان وتی:

"هەر کە مۆڵەتی دا: لە سەر سفرەکە تێر بخوات زانیم، بە دڵیەتی! ئەی پێم نەوتن!!؟"

ئیدی هەر یەکە و شتێکی دەوت. دواتر بڵاوەیان لێ کرد. ئەمجا.... زۆر بە تاسەوە چاوەڕێی ئەوەی دەکرد زوو شەو دابێت.

شەوانە چرایەك لە ژوور سەری لە ژووری نووستنەکەی دادەگیرسا و چرایەکیش لە بێینی. ئەو شەوە، هەر ئێوارە، کەنیزەکەکانی لە ژووری نووستنەکەی خۆی ئیزن دان. ئەمجا ناردیە شوێنی عەلی شار... کە خزمەتکاران و کەنیزەکەکان ئەمەیان دی... کەوتنە مقۆ.... مقۆ... لە نێو خۆیاندا.... دەیان وت:

"شا زومرود دڵی چووەتە ئەو گەنجە... بۆیە شەو ناردیە شوێنی! هەر هێندەمان زانی کرایە.. سەرۆکی پاسەوانانی شاریش!!"

کە هێنایانە بەردەمی کڕنووشی بۆ برد. شا زومرود لە دڵی خۆیدا وتی:

"تاکو.... سەعاتێك پێی رانەبوێرم... راستی خۆمی بۆ دەرناخەم!"

ئەمجا لێی پرسی:

"عەلی، گەرماوت کرد؟"

ئەویش وتی:

"بەڵێ.... خاتوونەکەم."

ئەمجا زومرود شا وتی:

"دە ... برۆ لەو گۆشت و لە ئەو مریشکە بـرژاوەش بخـۆ.. لـەو شـەرابەش بخـۆرەوە.... تۆ زۆر ماندوویت. دواتر وەرە بۆ لام."

ئەویش وتی:

"فەرمایشتە."

کە تێری خوارد لێی پرسی:

"عەلی شار.. نام ناسیتەوە؟ بە کوێدا منت بیر چووەوە؟"

عەلی شاریش پرسی:

"ئەی پاشا... تۆ کێی؟"

ئەویش وتی:

"زمرودی کەنیزەکی خۆتم."

کە ئەمەی بیست وردتر سەرنجی دا.... لەخۆشیاندا.... بوورایەوە!"

زومرودیش دەستی کردە گریان بە سەریدا. ئیدی بـە یـەکتر شـاد و شـوکر بوونـەوە. ڕۆژی دواتر کۆ بوونەوەی بەوەزیران کرد و رایگەیاند کە لەگەڵ مێردەکەم کە ئەم عـەلی شـارەیە... دەڕۆمەوە بۆ وڵاتەکەی خۆم.. تاکو دێمەوە.. جێگرێکی پاشا هەڵبـژێرن.... ئـەمجا کەوتنـە ڕێ تا گەیشتنەوە شار... چوونەوە ماڵی خۆیان و زومرود شا... دەستی کرد بە خێر کردن پێکەوە ژیانێکی خۆشیان بە سەر برد.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٣٠

## چیرۆکی پیاوە دزەکە

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە کابرایەك فەرزێکی زۆری لە سەر دەبێـت دارایـی تێـك دەچێـت و تێك دەشکێت. برسی و رووت و ڕەجاڵ. سەری لووتی خۆی ڕەش دەکات و سەر هەڵدەگرێت و شارەکەی خۆی بـەجێ دێڵێت. دەڕوات.... هـەر دەڕوات تـا دەگاتـە شـارێك کە بـە دیـوارێکی بـەرز چواردەورەی گیرابوو. هەنـدێ بـە شـارەکەدا هەڵـدەڕوانێت و نەشـارەزایانە خـۆی پێدا دەکات. زۆری برسی دەبێت.

لە یەکێك لە شەقامەکانیدا کۆمەڵێك پیاوی دەوڵەمەند دەبینێ، پێکەوە دەڕۆن. ئەمیش شوێنیان دەکەوێت. خۆیان دەکەن بە شوێنێکدا کە لە هی پاشایان دەچێت! هەر دەڕۆنە ناوە و ئەمیش بە دوایانەوە تا دەگەنە لای پیاوێکی بـە شـان و شـکۆ. کە چـەند خزمـەتکارێك بـە دەوریەوە دەبن. کە لە کوڕە وەزیـر دەچوو. کە کۆمەڵـە پیاوەکـەی بـینی لەبـەریان هەسـتا و ڕێـزی گـرتن. کـابرای سـەرهەڵگرتوویش کـە زۆر ترسـابوو. لـە شـوێنێکەوە دانیشـت کە نەیبینرێت. هێندەی زانی.... کابرایەك پەیدا بوو بـە چـەند توولـە و تانجیـەوە کە ملیان بـە

زنجیری زێڕ بوو. قوماش ئاوریشمیان بە پشتەوە بوو، هەر یەکە و لە شوێنی تایبەت بەخۆی بەستڕایەوە. ئەمجا کابرا ون بوو. کە هاتەوە چەند قاپی زێڕینی پێ بوو. پڕ بوون لەخواردنی تایبەت بە تووله و تانجیەکان. هەر یەکەیان قاپێکی زێڕینی خستە بەردەمیان و جێی هێشتن. سەر هەلگرتووش، هێندەی برسی بوو، چەند جارێك ویستی بڕوات و لەگەل یەکێك لە ئەو تووله و تانجیانە تێر تێر بخوات... بەلام لە ترساندا نەیوێرا...!!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ۳۳۱

شەهرەزاد گێڕایەوە: خوا.... خستیە دلی سەگێکیانەوە خواردنێکی کەمی خوارد و بە سەر لەقاندن ئیشارەتی بۆ برسیەکە کرد. وەرە بخۆ. کابراش کە لا، لا مووی دەکرد، هێندە برسی بوو بە پەلە خۆی گەیاندە قاپە زێڕینەکە و تێری لێ خوارد. ئەمجا ویستی بڕوات. کەچی سەگەکە بە دەستی خۆی پالی نا بە قاپەکەوە...... تێی گەیاند کە قاپەکە ببات بۆ خۆی. ئەویش بردی و لە مالەکە چووە دەرەوە و کەس شوێنی نەکەوت. شاری جێ هێشت و ڕۆی تا گەیشتە شارێکی دی. لەوێ قاپە زێڕینەکەی فرۆشت و بە پارەکەی شتومەکێکی زۆری کڕی و گەڕایەوە، شارەکەی خۆی. هەر چیەکی هێنابوو، فرۆشتی ئەمجا قەرزەکانی دایەوە. کەوتە کاسبی کردن و ژیان گوزەرانی خۆش بوو. خوایش بژێوی پیرۆز کرد. ماوەیەکی زۆر لە خۆشیدا ژیا. ئەمجا لە دلی خۆیدا وتی:

"پێویستە، بچمەوە بۆ ئەو شارەی کە سەگەکە قاپە زێڕینەکەی تیادا پێ بەخشیم و من فرۆشتم و بازرگانیم بە پارەی ئەو زێڕە کرد و .... ئاوا... دەولەمەند بووم. دەچم سوپاسیان دەکەم و پارەی قاپە زێڕنەکەیان دەدەمەوە. ئەمجا پارەی لەگەل خۆی هەلگرت و ڕۆیشت. چەند شەو و چەند ڕۆژ بەڕێوە بوو تاکو گەیشتە شارەکە. ئەمجا ویستی بچێتە لای خاوەن مال. شەقامەکان گەڕا... تاکو دوکانەکەیان پیشان دا.... کە چووە سەر دوکانەکە..... سەرنجی دا، دوکان رووخاوە. دارو پەردووی بە سەر یەکەوە نەماوە... ئەویش دەستی کرد بە خوێندنەوەی ئەم هۆنراوە:

| | |
|---|---|
| داروپەردووی وا لێك ترازاوە | وەك دل کە ترسی خوای تیا نەماوە |
| دۆلێ چۆن ئاسکی خۆی پێ نامۆیە | وەکو جارانی، کوا... وا پاراوە؟ |

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٣٢

شەهرەزاد گێڕایەوە: کە کابرا لای کردەوە، پیاوێکی لاوازی برسی رووت و رەجاڵی بینی. کە هەر کەسێ بیبینایە، مووچرکە بە لەشیدا دەهات. دڵی وەك بەردی رەقی بۆ نەرم دەبوو. لێی پرسی:

"ئاخۆ... ئەو دەهرە کۆن و دێرینە... چی هێناوە بە سەر خاوەن ئەم شوێنە؟ کاتێ بوو، جوان بوو..... رازاوە ئێرە... هەر دەتوت مانگە لە ناو ئەستێرە.... ئێستا بۆ ئاوا وەك شوێنەوارە.... هیچی نەماوە و هەر چوار دیوارە!؟"

برسی و روت و رەجاڵەکەش وتی:

"خاوەنی منم... کە وا نابووتم برسی و داما و بێ زاد و قووتم... سەرما بردەڵەم نابینی رووتم!؟ گەر پرسی ئاڵوگۆڕی زەمان کەی هۆی نییە... دەبێت دەست بە گریان کەی، خۆم بنیات نەری... دروست کەری ئەم ماڵ و دوکانە بووم. خاوەنی ئەو هەموو سامانە جوانە بووم. زەمانە و کۆسپی بە سەرما ڕما.... تەنانەت بەرگیش نەما لەبەرما.... بۆ هۆ ناپرسیت؟ مەگری بە سەرما."

ئەمجا کابرا بەسەرهاتی خۆی بۆ رووت و رەجاڵ گێڕایەوە و وتی:

"کاتی خۆی وەکو تۆ رووت و برسی بووم. لەم خانووەدا... قاپێکی زێڕینی تۆم برد. ئێستاش هاتووم پاداشتت بدەمەوە تۆڵەی ئەو قاپەت بۆ بکەمەوە. ئەو قاپە کە بووەوە هۆی دەوڵەمەند بوونەوەم."

کابرای رووت و رەجاڵ وتی:

"ئەمەی تۆ دەیکەیت، کاری کەسێکی ژیر نییە....... ئەوە عەقڵ نایبڕێت...!! خۆم بە هێندەی ئەو سەگە بەخشندە نەبوویم.... سەگەکە، قاپێکی زێڕینت بداتێ... منیش بێ ئاگا لە دنیا. هەرگیز ئەو خەڵاتەت لێ وەرناگرم. چۆن هاتوویت، وا بگەڕێوە شوێنی خۆت."

پیاوەی رەوانە کرد و هیچی لێ وەرنەگرت و وتی:

"سڵاو لەو سەگە و لەو جۆرە کەسە منیش نەمێنیم هەر هێندەم بەسە."

## شەوی ٣٣٣

# چیرۆکی پیاوە ئازاکە

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە: شاری ئەسکەندەریە.... والییەك بەڕێوەی دەبرد ناوی "حسام الدین" بوو، شەوێکیان کە لە نێو پیاوانیدا لە دیوەخان دانیشت بوو. کاتێکی زانی سەربازێك هاتە ژوورەوە. کە ڕێگایان دا قسە بکات وتی:

"قوربان.. ئەمشەو لە فلانە خان "ئوتێل" لە نیوەشەودا توورەکەکەیان دڕیم و ١٠٠٠ دینارم هەبوو لێیان دزیم."

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو......... والی ناردیە دوای دوو سەرکردەی سوپادا. فەرمانی پێدان و وتی:

"بڕۆن... هەموو ئەوانە بگرن کە لەو خانەدا کار دەکەن و بەندیان بکەن."

بۆ سبەینێ دا...... برانە بەردەم دەزگای سزادان. سەربازە پارە لێدزراوەکەش ئامادە بوو. والی ویستی سزایان بدات. هێندەیان زانی کابرایەك دڕی بە خەڵکەکە دا خۆی گەیاندە لای والی و سەربازەکە و وتی:

"قوربان ئەو خەڵکە بێ تاوانن، ئازادیان بکە و من پارەکەم دزیوە و توورەکەکەیم دڕاندووە."

ئەمجا دەستی کرد بە کەمەری دا و پارەکەی دەر هێنا و لە نێوانی هەر دوکیاندا داینا. وتی:

"ئەوە پارەکەت و ئیدی بۆت نییە یەخەی کەس بگریت."

خەڵکەکە کە ئەمەیان بینی، دوعای خێریان بۆ کرد. ئەمجا پیاوەکە وتی:

"میرم... من بە پێی خۆم هاتم و توورەکەکەم بۆ هێنایەوە... بەڵام ئازا ئەو کەسەیە بتوانێت لێی بدزێتەوە!! ئیدی کۆڵان بە کۆڵان.... شەقام بە شەقام شوێنی کەوتم. نەمتوانی لێی بدزمەوە! تا گەیشتە ئەم شارەی ئێوە. شوێنی کەوتم، تا خۆی کرد بەم خانەدا، ئەمجا... خستمە ژێر چاودێری خۆمەوە، تا نووست و پرخەی رۆژە رێیەك رۆیشت. ئەمجا چەقۆکەمم دەرهێنا و وردە ... وردە چوومە پێش: تاکو توورەکە گەورەکەم دڕی. ئا...ئاوا!!"

ئەمجا دەستی برد و کیسە پارەکەی برد و چووە پشت میرەوە. خەڵکەکەش چاوەڕێی ئەو بوون..... تورەکەکەیان پیشان بدات. هێندەیان زانی رای کرد و خۆی خستە گۆمە ئاوەکەوە. میریش فەرمانی بە پیاوانی دا:

"شوێنی بکەون تا... ئەوان خۆیان داکەند و خۆیان فڕی دایە گۆمە ئاوەکەوە و کەوتنە مەلە کردن.کابرا بۆی دەرچوو. ئەو ناوەیان پشکنی.... بەڵام بێ سوود بوو. چونکە کۆڵانەکانی شاری ئەسکەندەریە هەموویان دەچنەوە سەر یەك! خەڵکەکە گەڕانەوە و پیاوە ئازاکەیان بۆ نەگیرا. میر بە سەربازەکەی وت:

"ئێستا هیچ مافێکت بە سەر ئەو خەڵکەوە نەماوە چونکە پارەکەت پێ درایەوە. ... بەڵام نەتتوانی بیپارێزیت!"

سەربازە کە پارەکەی لە دەست دەرچوو لێیدا و رۆیشت. خەڵکەکەش لەو کێشەیە رزگاریان بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە............ بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣٣٤

## چیرۆکی سێ والییەکەی بەردەم ناسرشا

شەهرەزاد گێڕایەوە، دەگێڕنەوە.... ناسرشا.. هەر سێ والی: قاهرە و والی: بولاق و والی میسری کۆنی کۆ کردەوە. پێی وتن:

"هەر یەکەتان بە سەرهاتێکی سەیرم بۆ بگێڕێتەوە... کە لە کاتی حوکمڕانی خۆیدا رووی داوە."

ئەوانیش وتیان:

"فەرمایشتە"

میری قاهرە وتی:

"گەورەم، لە کاتی حوکم رانیم دا، تووشی بەسەرهاتێکی سەرسوڕهێنەر بووم. حەز دەکەم، ئەوەتان بۆ بگێڕمەوە. دوو کەس بوون دەهاتنە شایەتی دان. هەمیشە پێکەوە بوون. منیش بە قازیم وت سیخوڕیان بۆ دابنێ. بزانە چی دەکەن.. چۆن دەژین. هەرە کە لە شوێنێکی خراپدا بوون.... یان کارێکی خراپیان کرد. هەواڵم بۆ بنێرە، با خۆم بچم بۆیان و بە سەر تاوانەکەوە بیانگرم. قازیش لای خۆیەوە چەند سیخوڕێکی دەوڵەتی نارد تا بە مەی فرۆش و میوەفرۆش و شوێنی قومار رابگەیەنن. زوو هەواڵی ئەو دووانەمان پێ رابگەیەنن. سیخوڕەکانیش کەوتنە دوویان. شەوێکیان هەواڵیان بۆم هێنا... کە دوانەکە، لە ماڵێکدا خەریکی مەی و شەراب خواردنەوەن. چەند کەنیزەکێکیش سەمایان بۆ دەکەن. منیش خۆم و کۆیلەیەکم چووین. لە دەرگام دا و چوومە ژوورەوە. کە منیان بینی..... ناسیانمەوە.... بەڵام خۆیان تێك نەدا. فەرموویان لێ کردم و لە شوێنی شیاودا ... دایان نام. دوای سوعبەت و قسەی خۆش یەکێکیان وتی:

"قوربان.... میری بەڕێز: ئێمە دەزانین، تۆ دەتوانیت سووك و رسوامان بکەیت و سبەینێ لە بەندیخانەمان توند بکەیت....! بەڵام ئەوی راستی بێت: ئێمە خەمی ئەوەمانە..... تۆ بە خۆڕا... خۆت ماندوو دەکەیت و کەس پێت نازانێت...! جا.... چ پێویست دەکات؟"

هێندە وریایانە قسەیان بۆ دەکردم کە قەناعەتیان پێم کرد. دوای کەمێك خانەخوێ هات و بەشداری شەراب خواردنەوەی ئەوانی کرد. ئەمجا یەکێکیان دەستی برد... توورەکەیەکی دەرهێنا و زۆر بە ڕێزەوە خستیە کۆشم و وتی:

"زۆرمان پێخۆشە، تۆیش لەم دانیشتنەدا... ئەم دیارییەمان لێ وەربگریت. "

منیش کەمێك رامام. دواتر .... پەسەندم کرد و پارەکەم هەڵگرت. رۆژی دواتر.. هێندەم زانی قازی کەسێکی ناردە شوێنم. کە چوومە ژوورەوە، روانیم ئەو دووانەی شەوێ پارەکەیان بە دیاری پێم دابوو دانیشتوون. قازی وتی:

"ئەم دوو شایەتە، شایەتن بە سەرتەوە و سوێندیان ئا...بەم قورئانە خواردووە، کە تۆ "بەرتیلت" لێ وەرگرتوون و پارەکە ٣٠٠ دینارە."

ئیدی نەیهێشت بچمە دەرەوە و ناردم ٣٠٠ دینارەکەیان لە ماڵەوە بۆ هێنام و بە توورەکەکەوە، لەبەردەم قازیدا... دام نا. ئەمجا زۆر خەمبار بووم و پیشم خواردەوە، کە چۆن ئەو هەلە زێرینەم، لە دەست خۆم دا و بە گرتم نەدان... لە راستی دا. زۆر بە تەریقیەوە لای قازی هاتمە دەرەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٣٥

شەهرەزاد گێڕایەوە: ئەمجا میری بۆلاق وتی: قوربان... منیش بەسەرهاتێکی کە بە سەرخۆمدا هاتووە، بۆت دەگێڕمەوە. کە خۆم زۆرم پێ سەیر و سەرسوڕهێنەر بوو!! ساڵێکیان ئیفلاسم کرد و قەرزێکی زۆرم هاتە سەر... منیش هەر چیم هەبوو... لە خانووبەرە و زێڕ و زیو هەموویم فرۆشت. دوایی پارەکانم هەمووی کردە یەك. شەوێکیان کە زۆر پەژارەی ئەو قەرزانەم بوو، دەبوو بیدەمەوە، خەوم زڕا.... چووم هەموو پارەکانم هێنایە بەردەمی خۆم و دەستم کرد بە ژماردنیان. سەیرم کرد ١٠٠٠٠٠ دینارە. قەرزەکانیشم کۆ کردەوە.... روانیم ٣٠٠٠٠٠ دینار قەرزارم!! زۆرم خەم خوارد. هێندەم زانی لە دەروازەی ماڵم درا. منیش پارەکانم کۆ کردەوە و بە خزمەتکارەکەم وت: بڕۆ... دەروازەی دەرەوە بکەرەوە بزانە کێیە؟ دوای کەمێك خزمەتکارەکە هاتە لام سەیر دەکەم، رەنگی پێ نەماوە.... ترساوە!! کە لێم پرسی کێن؟ وا ترسا بوو وتی:

"قوربان چەند کەسێکی رووتن تەنیا چەرمیان لەبەر دایە و سندوقێکیان پێیە و هەر یەکەیان شمشێرێکی بە دەستەوەیە و داوای تۆ دەکەن!!"

منیش کەمێك ترسام. کە چوومە بەر دەرگا و لێم پرسین منیان بۆچییە؟

وتیان:

"ئەوی راستی بێت... ئێمە دزین. بەڵام ئەمجارە کۆمەڵێك نەختینەی زێڕینمان دزیوە. بیستوومانە قەرزاریت بۆمان هێناویت و تۆش نەبیتە شەریکمان بە ئێمە نافرۆشرێت! جا .... لێمان وەربگرە و قەرزەکەی خۆتی لێ بدەرەوە و دواییش بەشی ئێمەشی لێ جیا بکەرەوە بۆمان."

منیش سندوقەکەم پێ هێنانە حەوشە و فەرمووم لێکردن. ئەمجا لەبەر رووناکی چراکە سەیری ناو سندوقەکەم کرد. هەمووی ئینجانە و قاپ و پەرداخی زێڕین بوو. منیش لە دڵی خۆمدا وتم:

"پەنا بە خوا چۆن لە لای لابەلاوە، قەرزەکانی سەرشانم لاچوو. ئەمانە قەرزەکەمتیان پێ دەدرێتەوە و دوو هێندەش زیاترە...! "

ئیدی ئەوان وتیان :

"ئێمە نیوەشەو، دەبێت وا بڕۆین کەس نەمان بینێت."

منیش کەمێك رامام... دوایی چووم ١٠٠٠٠٠ دینارەکە کە خستبوومە توورەکەیەکەوە هێنام و پێم وتن:

"دەی.... باشە، ئێوە بە دەستی بەتاڵ مەڕۆن. ئەم ١٠٠٠٠٠ دینارە بەرن. دوایی حەق و حیساب دەکەین...!"

ئەوانیش وتیان:

"زۆر باشە..."

توورەکە پارەکەم پێدان و رۆیشتن. بەیانی بە دڵێکی خۆشەوە هەندێکیانم بردە لای زێڕینگەرێك و پیشانم دا. دوای سەیر کردنی شتەکان وتی:

"جەنابی والی... بەداخەوە ئەمانە مسن و زاخاو دراون: بایی ٥٠٠ درهەمن!"

ئیدی منیش گێژە..... گێژ گەڕامەوەماڵەوە پەژارەکەم بوو بە دوو هێندە!! بە راستی ئەمە سەیرترین بەسەرهات بوو، لە سەردەمی حوکمڕانی خۆمدا.

ئەمجا میری مسری کۆن.... وتی:

"قوربان لە سەردەمی حوکمڕانی خۆمدا رووداوێکی سەیرم بینی. ئێستا دەیگێڕمەوە. جارێکیان ١٠ دزمان گرت. دادوەر فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرکردن. رۆژی دواتر بردیاننە گۆڕەپان ناو شار. ١٠ داربەستی سێدارەیان بۆ هەڵخستن و لە سێدارەیان دان. دواتر منیش فەرمانم دا بە کۆمەڵێك سەرباز کە ئەو ١٠ لاشەیەی بە سێدارەکەوەن چاودێری بکەن..... هەڕەشەم لێ کردن: نەهێڵن کەس بێت و لاشەکانیان بدزێت!! رۆژی دواتر چوومەوە هەمان شوێن سەیرم کرد: ٩ داربەست... ماوەتەوە و داربەستێکیان دوو لاشەی پیادا هەڵواسراوە. بۆیە سەرۆکی پاسەوانەکانم بانگ کرد و لێم پرسی:

"کوا... داربەستی دەیەم!؟"

لە وەڵامدا وتی:

"قوربان.... هەر ٩ داربەست بووە و ئەمەیان ٢ دزی پیادا هەڵواسراوە."

بەڵام من فریوم نەخوارد و زۆرم بۆ هێنا ئەویش دانی پیادا نا.. کە شەو لاشەیەکیان بە داربەستەکەوە... دزراوە! پێمان نەزانیوە!! ئێمەش لە ترسی تۆ: نەمان زانیوە چی بکەین!!؟ هەر بۆیە کە جوتیارێکمان بینی لەو لاوە، بە خۆی و کەرێکەوە هات گرتمان و کوشتمان و بەو داربەستەدا هەڵمان واسی!! منیش زۆرم پێ سەیر بوو...!! پرسیم:

"ئەو جوتیارە چی پێ بوو؟"

وتیان:

"قوربان... توورەکەیەك لە سەر پشتی کەرەکە بوو."

وتم:

"چی تیا بوو؟"

وتیان:

"نازانین"
وتم:
"بۆم بێنن"
که هێنایان پێم وتن: هه‌ڵیڕێژن. که له‌به‌رده‌مما کردیانه‌وه لاشه‌یه‌کی پارچه پارچه کراوی تیابوو. که بینینم زۆرم سه‌یر لێهات!! له دڵی خۆمدا وتم:
"په‌نا به خوا.... سه‌یر بکه‌ن، چۆن خوا تۆڵه‌ی ئه‌م پیاوه کوژراوه‌ی له‌م کابرا جوتیاره کردۆته‌وه و ئاوا... به بێهۆ: ئه‌م سه‌ربازانه... هه‌ڵیان واسیوه!!؟ خوا زۆرداری که‌س نییه!!"
شه‌هره‌زاد هه‌ستی کرد شه‌و دره‌نگ بوو............. بێده‌نگ بوو.

## شه‌وی ٣٣٦

## چیرۆکی دز و زێڕینگه‌ره‌که

شـه‌هره‌زاد وتـی: ده‌گێڕنـه‌وه کابرایـه‌ك تووره‌که‌یـه‌ك زێـڕی پـێ ده‌یـت، ده‌دات بـه لای کۆمه‌ڵێك دزدا. ئه‌وانیش ئه‌بڵه‌قی ئه‌و هه‌موو زێڕ و پاره‌یه بووبوون. یه‌کێکیان وتی:
"ئازا... ئه‌و که‌سه‌یه بتوانێت... ئه‌و کیسه زێڕه بدزێت!!"
دزێکی دی هه‌ڵیدایه:
"بڕوا بکه‌ن من ده‌توانم لێی بدزم."
ئه‌وانیش وتیان:
"بڕوا... ناکه‌ین بتوانیت ئه‌و تووره‌که بدزیت."
ئه‌ویش هه‌ستا و وتی:
" هه‌ر ئێستا له‌گه‌ڵی ده‌ڕۆم. تاکو ئه‌و تووره‌که زێڕه نه‌دزم: ناگه‌ڕێمه‌وه."
لێی دا و شوێن کابرا که‌وت. تا گه‌یشتنه ماڵه‌وه. که چووه به‌رده‌رگای ماڵی خۆیان کابرای خۆی کرد به ژووردا و دزه‌ش شوێنی که‌وت. هه‌تا چووه ژووره‌که‌ی خۆی له‌وێش دوا به دوای کابرا خـۆی کـرد بـه ژووره‌کـه‌دا. ئـه‌مجا کـابرای زێڕه‌نگـه‌ر. تووره‌که‌کـه‌ی فـڕێ دایـه سـه‌ر جێگه‌که‌ی و به که‌نیزه‌که‌که‌ی وت:
"ئه‌و مه‌سینه‌یه‌م بۆ پڕ له ئاو بکه... با ده‌ستنوێژه‌که‌م...... بشۆم."
له ژووره‌که چووه ده‌ره‌وه. دزه‌که په‌لاماری تووره‌که‌که‌ی دا.. به دزیه‌وه، له ماڵه‌که... هاته ده‌ره‌وه. به په‌له گه‌ڕایه‌وه که رووانی هه‌موو دزه‌کانی هاوڕێی چاوه‌ڕێی ده‌که‌ن. ئه‌ویش سڵاوی کرد و تووره‌که‌که‌ی خسته به‌رده‌میان. ئه‌وانیش زۆر وه‌سفیان کرد و وتیان:
"به ڕاستی دزێکی به توانا و به سه‌لیقه‌یت... "

ئەمە پاش ئەوەی کە بەسەرهاتی شوێن کەوتنەکەی بۆ گێڕانەوە. دواتر یەکێکیان هەڵیدایە:
"جا... ئەمە چ کارێکە!! ئێستا ئەو کابرایە... سزای کەنیزەکەکەی دەدا و لە خۆڕا... تاوانباری دەکات، بە دزی کردن؟ ئەمجا دەبێتە مقۆ مقۆیان...."
دواتر بە دزەکە دەڵێن:
"دەتوانیت، چۆن دزیوتە... ئاواش بیگێڕیتەوە بۆ خاوەنەکەی و نەهێڵێت ئەو کەنیزەکە داماوە سزای ناڕەوا بدرێت؟"
دزەش دەڵێت:
"بەڵێ"
ئەمجا توورەکەکە هەڵدەگرێت و بە ڕا کردن، دەڕواتەوە بۆ ماڵە زێڕەنگەرەکە. لە دەرگا دەدات: کە لێی دەکەنەوە دەیبەنە ژوورەوە. روو دەکاتە کابرای زێڕەگەر و دەڵێت:
"قوربان من کۆیلەی حاجی دراوسێ دوکانتانم حاجی ناردوومی دەڵێت: ئەو توورەکە زێڕەی بۆچی لەبەر دوکانەکەی خۆیدا فڕێ داوە!؟ ئەگەر من هەڵم نەگرتایەوە بۆی و نامۆیەك هەڵیگرتایەوە... جارێکی دی چاوی پێی نەدەکەوتەوە!!"
خانە خوێش... هەندێ بۆ حاجی دراوسێی دەپاڕێتەوە و نزای بۆ دەکات. دزەکە دەڵێت:
"قوربان... دەبێت نامەیەکم بۆ بنووسیت، کە وا ئەو توورەکە زێڕەت لە من وەرگرتووە! ئەگەرنا...... بڕوام پێ ناکات."
زەڕەنگەر دەچێتە ژووری ئەو دیو کاغەز بێنێت. دزەکەش سەیر دەکات کەنیزەکەکە دڵخۆش بوو گەشایەوە. خواحافیزی لێدەکات و لە ماڵەکە دێتە دەرەوە.

## شەوی٣٣٧

## چیرۆکی پیاوە دەستبڕەکە

شەهرەزاد گێڕایەوە: دەگێڕنەوە.. میری هەرێمی "قوص" شەوێ لە شەوان، لە ماڵی خۆیدا لێی دانیشتبوو. هێندەی زانی لە دەرگای ماڵیان دا.. ئەویش خزمەتکارێکی نارد.. دوای کەمێك هاتەوە وتی:
قوربان کابرایەکی بۆشناخی شۆخ لە دەرگا دایە و خزمەتکارێکی بە دواوەیە، سندوقێکی خستووەتە سەر سەر...! دەڵێت:
"گەر میر ڕێم بدات، بێمە ژوورەوە کارێکی نهێنم پێیەتی."

میریش هەستا و فەرمووی لێ کرد و هێنایە ژوورەوە، هێندە بە شان و شکۆ بوو..... بۆیە زۆری ڕێز لێگرت. لای خۆیەوە داینا. ئەمجا لێی پرسی:

"خێرە!؟"

کابرا وتی:

"قوربان... ئەوی ڕاستی بێت من کابرایەکم... دزی کرن پیشەمە!"

میر وتی:

"بەڵێ."

کابرا لەسەری ڕۆیشت و وتی:

"بەڵام..... دوای ئەوەی ئەم سندوقە پڕ خشڵی زێڕەم دزی! بڕیارم دا..... ئیدی لەمەودوا دزی نەکەم و "تۆبە"م کرد."

میر دەستی برد سندوقەکەی کردەوە، بینی پڕیەتی لە گوڵدان و پەرداخ و قاپی زێڕ، ملوانکە و گۆی مرواری! ئەمجا سەری سندوقەکەی نایەوە و وتی:

"بەڵێ"

کابرای دزە وتی:

"قوربان.... تۆم بە پیاوێکی باش زانی بۆیە ئەم سندوقەم بۆ هێناویت و بۆ خۆت...!
ئەمجا پرسی:

"میری بەڕێز: تۆ دەڵێی ئەم هەموو زێڕ و مروارییە بایی چەندە؟"

میریش بێ سێ و دوو وتی:

"نزیکەی ٤٠٠٠٠ دینار."

دزەکە وتی:

"ئەم هەمووو زێڕ و مروارییە هەمووی بۆ خۆت.. گەردنت ئازاد بێت. خۆ... ئەگەر ١٠٠٠ دینارێکم بدەیتێ کاسبییەکی پێوە بەم و ڕۆزی خۆم حەڵاڵ بکەم. ئەوە یارمەتیت داوم"

میر زۆر خوشحاڵ بوو. هەر زوو چووە ئەو دیو و تووڕەکە پارەیەکی ١٠٠٠ دیناری بۆ هێنا. دزەش دوعای خێری بۆ کرد. خۆی و خزمەتکارەکەی بەو شەوە لێیان دا و ڕۆیشتن. ڕۆژی دواتر میر ناردییە شوێن زێڕنگەر. کە هات قاپ و قاچاخ و ملوانکەکانی پشکنی. بە میری وت:

"بە داخەوە: ئەمانە هەموویان مس و شووشەی بێ نرخن."

میر پەژارەیەکی زۆری خوارد. ناردی بە شوێنیدا. بێ سوود بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٣٨

# چیرۆکی برایمی کوڕی مەهدی و بازرگانەکە

شەهرەزاد گێڕایەوە: دەگێڕنەوە خەلیفە "مەئمون" روو دەکاتە ئیبراهیمی کوڕی مەهدی و دەڵێت:

"بەسەرهاتێکی سەرسوڕهێنم بۆ بگێڕەوە."

ئەویش دەڵێت:

"رۆژێکیان چوومە دەرەوە، بۆ سەیران. بەڕێوە بووم، بۆنی خواردنێکی زۆرم خۆشم کرد. ئیدی قەڵەمی ئەژنۆم شکا. لە کاتێکدا کە دەگەڕام، بزانم ئەو خواردنە لە کوێ و کام ماڵ ئامادە دەکرێت؟ گوێم لەگۆرانیەکی زۆر خۆشیش بوو کە لە ژیانمدا دەنگی ئاوا.... خۆشم نەبیست بوو!! بۆیە ... لەو ماڵە نزیك بوومەوە. کە دەنگی گۆرانیەکەی لێوە دەهات پرسیارم لە کابرایەکی دوکاندار کرد... کە ئاخۆ.... ئەمە ماڵی کێیە؟"

کابرا وتی:

"ئەمە ماڵی فلانی کوڕی فلانە و بازرگانە.. تێکەڵاوی بازرگانان نەبێت، تێکەڵاوی کەسانی دیکە ناکات!"

لە کاتێکدا کە من بە سواری ئەسپەکەمەوە ئەم پرسیارەم دەکرد ٢ ئەسپ سواریش لەولاوە هاتن. کابراش وتی:

"ئەو دووانە زۆر زیرەك و رەوشت جوانن و هاوڕێی نزیکی ئەم بازرگانەن"

ناوی هەر دووکیانی پێ وتم، منیش ئاوزەنگم لە ئەسپەکەم دا... لەو دووانە نزیك بوومەوە. لەگەڵیان رۆیشتم، تا گەیشتینە نزیك دەرگای ماڵەکەوە. ئەمجا چوومە ژوورەوە و دوانەکەش بە دوامدا. خانەخوێ زۆر رێزی گرتم پێی وابوو کە ناسیاوی ئەو دوانەم. منیش بە خۆم وت:

"خوا بە دڵی خۆمی لەگەڵ کردم و بە خوارنە خۆشەکەیش گەیشتم."

کە لە خواردن بووینەوە، چووینە شوێنێکی تر بۆ دانیشتن. خانەخوێ پیاوێکی روو خۆش بوو، لە قسە کردنیدا رووی تێدەکردم. هەروەها دوو میوانەکەش. چونکە پێیان وابوو خزمی خانەخوێم. ئەمجا دەستمان بە خواردنەوە کرد. هێندەم زانی کەنیزەکێکی ناسك و زۆر جوان هات و گۆرانیەکی بۆ وتین. کە ئاوا دەستی پێ کرد:

ئێرە ئێمەی چۆن لە خۆ گرتووە تۆش هێشتا هیچت کە نەوتووە

خەلیفە گیان منیش هەستم بزووت....ئەمەت پێ وت:

"ئەی کەنیزەك شێتكت ماوە کە بیکەیت!"

کەنیزەکەکە تووڕە بوو عوودەکەی فڕی دا و پرسی:

"ئەوە..... لە کەیەکەوە.. خوێڕی ئاوا.... تێکەڵتان دەبێت!؟"

منیش کە هەستم کرد... کۆڕەکەم لێ تێکدان زۆر پەشیمان بووم، چارم نەما ئەوەندە نەبێت عوودەکەم هەلگرتەوە و وتم:

"ئێستا.... نارێکیەکە ڕاست دەکەمەوە."

ئەوانیش چوون عوودێکی تریان بۆ هێنام منیش ژێیەکانم نەسب کردەوە و دەستم پێ کرد. هێندەم زانی کەنیزەکەکە کەوت بە سەر دەست و پێم دا و وتی:

"گەورەم... بمبەخشە.... بەو خوایە ئەم ناسیتەوە....! ئەم عوود ژەنینەی تۆ هەرگیز نازانم."

ئەمجا دەستم بە گۆرانی وتن کردەوە. خەلکەکەش زۆر بە دەنگ و ئاوازم موعجیب بوون و داوای گۆرانییان لێ دەکردم. ئیدی خەلکەکە زۆر سەرخۆش بوون. دواتر هەر یەکە بەرەومالی خۆی چووەوە. تاکو.... خۆم و خاوەن مال و کەنیزەکەکە ماینەوە. ئەمجا لەگەل کابرادا چەند پێکێکی دیمان هەلدا.... دواتر پێی وتم:

"تەمەنم بە خۆڕایی بە سەر بردووە چونکە کەسی وەك تۆم نەناسیوە!! توخوا... تۆ کێیت؟ تاکو لانیکەم هاورێکەم بناسم!"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٣٩

شەهرەزاد گێڕایەوە:

بەسەرهاتی خۆم بۆ گێڕایەوە. بەلام ناوی خۆم پێ نەوت. دواتر هێندەی سوێند دام ناچار ناوی خۆم پێ وت. کە ناوەکەمی بیست، هەستایە سەر پێ و وتی:

ئەلێم... ئەمە لە هی وەکو تۆ نەبێت ناوەشێتەوە.... سوپاس بۆ خوا، خانەوادەی خەلافەت هاورێمە و هاتووەتە مالم."

ئەمجا بە زۆر دام نیشانەوە ئەمجا پرسی:

"بۆچی هاتوومە مالەکەی؟"

ئیدی هیچم لێ نەشاردەوە هەموویم بۆ گێڕایەوە وتم:

"خواردنە خۆشەکەت، ئەوە: تێرم لێ خوارد... بەلام گۆرانیەکە.... لێی تێر نەبووم."

ئەمجا وتی:

"خوا یار بێت.... بەو ئاواتەیشت دەگەیت."

ئەمجا بانگی کرد:

"فلانە کەنیزەك. کەنیزەکە گۆرانی بێژەکەم بۆ بانگ بکەرەوە."

یەکە یەکە هەموو کەنیزەکەکانی خۆی هێنایە بەردەمم. بەلام هیچیان ئەو ئافرەتە نەبوون دواتر پێی وتم :

"بەو خوایە.... ئیدی کەس لە مالەکەمدا نەماوە نەی بینی........ تەنیا دایك و خوشکم نەبێت. ئێستا ئەوانیش دەهێنمە بەردەمت."

ئەمجا خوشکەکەی بانگ کردە ژوورەوە. منیش ناسیمەوە، کە ئەمە ئەوەیە گۆرانیەکەی چڕی. ئەمجا خانەخوێ فەرمانی بە خزمەتکاران دا کە ڕێورەسمی مارەکردن ئامادە بکەن و بچن ٢ شایەت و قازی ئامادە بکەن. کە هەموویان ئامادە بوون. رووی کردە شایەتەکان و کە دوو پارچە زێری پێ بوو وتی:

"ئێوەم وا کردە شایەت کە من ئەم خوشکەی خۆم لە برایمی مەهدی مامی میری موسڵمانان مارە کرد. و مارەییەکەی ئەم پارچە زێرانەیە."

ئەمجا وتی:

"ئەوا.... خوشکەکەم لێ مارە کردی بەو مارەییە دیاری کراوە."

ئەمجا پارچە زێرێکی دایە دوو شایەتەکە و ئەوی دی دایە خوشکەکە و وتی:

"گەورەم.... هەر ئێستا بۆت دەگوێزمەوە، خانوویەکی ئامادەکراوی خۆم."

منیش هێندەم بەخشندەیی لێ بینی شەرمم کرد، خانووەکەی پەسەند بکەم. بۆیە وتم:

"نە.... سبەینێ دەیگوێزمەوە، بۆ ماڵی خۆم."

ئەمجا رووی کردە خەلیفە "مەئمون" و وتی:

"بە سەری تۆ هێندە جیازی لەگەڵدا ناردبوو کە خانووەکە.... نەی دەگرت! دواتر خوا ئەم مناڵەی پێدام.... کە لە خزمەتدایە."

خەلیفە مەئمون سەری لە بەخشندەیی ئەو پیاوە سوڕما!! بۆیە هەر بەو شەوە، ناردیە شوێن ئەو بازرگانە. کە هێنایان خەلیفە لای خۆیەوە داینا و زۆر رێزی گرت. ئەمجا....کردیە هاوڕێی نزیکی خۆی.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٤٠

## چیرۆکی بڕینەوەی ژنە خێرخوازەکە

شەهرەزاد گێڕایەوە: دەگێڕنەوە: یەکێك لە پاشاکان، فەرمان دەردەکات بۆ دانیشتوان:

"هەر کەسێك خێر بکات، دەستی دەبڕینەوە"

ئیدی لەو رۆژەوە، کەس نەیدەوێرا خێر بکات. وارێکەوت سوالکەرێك پەنای هێنا بۆ ژنێك وتی:

"خێرم پێ بکە.... خەریکە لە برسانا دەمرم."

ژنەش وتی:

"ئاخر.... ناوێرم خێرت پێ بکەم... چونکە پاشامان فەرمانی شاهانەی دەر کردووە. هەر کەسێك خێر بکات دەستی دەبڕنەوە."

سوالکەرەش زۆر پاڕایەوە ژنەکە خۆی پێ نەگیرا و دوو نانی دایە. هەواڵەکە گەیشتەوە بە پاشای مەملەکەت. ئەویش ناردییە شوێنی فەرمانی دا دەستیان بڕی و ناردیانەوە ماڵی خۆی. دوای ماوەیەك پاشا داوای لە دایکی کرد کە ژنی بۆ بهێنێت. دایکی پێی وت:

"کوڕە شیرینەکەم کیژێکی جوان دراوسێمانە، بەڵام عەیبێکی گەورەی هەیە"

پاشا پرسی:

"عەیبەکەی چییە؟"

دایکیشی لە وەڵامدا وتی:

"هەر دوو دەستی بڕاوە."

ئەویش وتی:

"دەمەوێت... ببینم."

کیژەیان بۆ هێنا تاکو ببینێ. کیژەش هەر ئەوە بوو، کە خێرەکەی کردبوو لە تۆڵەی ئەو ۲ نانەدا کە کردبووی بە خێر بە برسییە...... هەر دوو دەستیان بڕی بووەوە. کیژانی دەورووبەری حەسوودیان پێ برد. بۆیە نامەیەکیان نارد بۆ پاشا و پێیان وت:

"ئەو کیژە قەحبەیە و بەدرەوشتە!"

پاشایش نامەیەکی نارد بۆ دایکی پێی وت:

"ئەو کیژە بباتە بیابان و لەوێ بەری بدات و بگەڕێتەوە."

دایکیشی بە قسەی کرد. کیژەش زۆر گریا. بۆ لێقەومانی خۆی. دوای کەمێك ڕۆیشتن تینووی بوو. چووە سەر جۆگە ناوێك و تێری خواردەوە. ئەمجا کەوتە ڕێ. زۆر بۆ خۆی لاوانەوە. دواتر دوو پیاوی لە ئەو بیابانەدا بینی. پێیان وت:

"بۆ دەگریت."

ئەویش وتی:

"بۆ داماوی خۆم."

وتیان:

"حەز دەکەیت هەر دوو دەستت چاك بکەینەوە؟"

ئەویش وتی:

"زۆر..... زۆر...! "

لە خوا پاڕانەوە دەستەکانی وەك خۆی لێهاتەوە..!

ئەمجا پێیان وت:

"ئێمە ئەو دوو نانەین کە کردتە خێر و لە حەقی دا دەستەکانت بڕرا. بۆیە ....... سوپاسی خوا بکە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣٤١

شەهرەزاد گێڕایەوە: دەگێڕنەوە پیاوێکی خواناس دەبێت، ژن و منالەکانی خەریکی چنین و رستن دەبن. رۆژانە شت دەچنن. ئەم پیاوە خواناسە دەیباتە بازاڕ و بۆیان دەفرۆشێت و بە پارەکەی زەخیرە و خواردنیان بۆ دەکرێت لەگەڵ لۆکەدا. تاکو شتی تر بچنن و رۆژی دواتر دەیان باتەوە بازاڕ و بەو شێوەیە دەژین. رۆژێکیان لە رێی بازاڕدا ناسیاوێکی دەبینێ. کە دوای کەمێ قسە کردن هاورێکەی دەکەوێتە باسی هەژاری خۆی لای خواناسەکە و زۆر دەکروزێتەوە. کابرای خواناس زۆر بەزەیی پیا دێتەوە و پارەی شتە چنراوەکانی پێ دەبەخشێت. کە دەگەرێتەوە ماڵ لێی دەپرسن:

"کوا رۆزی و بژێوی سبەینێمان؟"

ئەویش بۆی گێڕانەوە: کە هاورێیەکی ناسیاوی لە رێی بازاڕ بینیوە. هێندە کرۆزاوەتەوە ئەمیش پارەی ئەو رۆژەی پێداوە. ئەوانیش کردیانە دەنگە ........دەنگ! وتیان:

"جا .. چی بکەین!؟"

بیریان زۆر کردەوە......دواتر "حەوت جۆش"ێك و "تەشت"ێکیان، هەبوو لە ماڵدا... دایانە دەست، کابرا و وتیان:

"برۆ ئەمانە بفرۆشە و بە پارەکەی "لۆکە" و خواردەمەنیمان بۆ بێنەوە."

ئەویش شتەکانی بردە بازاڕ... بەڵام هەر چیەکی کرد کەس لێی نەکڕی! دوایی کابرایەکی بینی ماسیەکی پێ بوو، کە کۆن بووبوو. کەس لێی نەکڕی بوو. کابرا بە خواناسەکەی وت:

"وەرە، با...... ئەم ماسیەت بدەمێ و تۆیش ئەو "حەوت جۆش" و "تەشتەم" لە حەقیدا بدەرێ. خواناس رازی بوو. حەوت جۆش و تەشتەکەی پێدا و ماسیەکەی هێنایەوە بۆ خێزانەکەی. پرسیان:

" چی بکەین لەم ماسیە؟"

ئەویش وتی:

"بی برژێنن بۆ ئەم ئێوارەیە و دەیخۆین سبەینێش خوا گەورەیە!"

سەیرێکی ماسییەیان کرد. ئەمجا بردیان و ورگیان دری مروارییەکیان لە سکی ماسیەکەدا، دۆزیەوە!! بە کابرایان وت: ئەویش وتی:

"سەیری ماسیەکە بکەن ئەگەر سکی کون کرابوو، ئەوە مراوارییەکە هی بژێوی ئێمە نییە.... گەر..... ورگی کون نەبوو.... ئەوە بژێوی خۆمانە! خوا بۆی ناردووین!"

ئەوانیش کە وردتر سەیریان کرد بینیان سکی ماسییەك کون نییە. بۆ سبەینێ بەیانی بردی و پیشانی ئەو هاورێیانەی دا. کە زێرناس بوون. یەکێکیان وتی:

"فلانی ئەم مراواریەت لە کوێ بوو؟"

ئەویش وتی:

"رۆزی خوایە، پێم دراوە"

ئەمجا هاورێکەی وتی:

"ئەم مرواریيە ۱۰۰۰ درهەم دێنێ و ئامادەم پارەکەت هەر ئێستا بدەمێ. بەڵام هاوڕێیەکم هەیە زێڕەنگەرێکی دەوڵەمەند و شارەزایە بیبە بۆ ئەو زیاترت دەداتێ!"

کابرای خواناس مرواریيەکەی برد و ڕۆیشتە لای زێڕەنگەرەکەی تر. زێڕەنگەرەکە پێی وت:

"مرواریيەکەت هەر بایی ۷۰۰۰۰ درهەمە."

کابرای خواناس پارەکەی خستە گوێنەیەکەوە و حەماڵی بۆ هێنا و شوێن خۆی خست. لە ڕێگا سوالکەرێك هاتە سەر ڕێگای وتی:

"لەو ڕۆژی خوایەی پێتە: بێ بەشم مەکەم."

خواناس بزەیە گرتی و وتی:

"دوێنێ ئەم کاتانە وەك تۆ هەژار بووم. ئێستاش فەرموو نیوەی بۆ تۆ."

کابرای سوالکەریش.... وتی:

"پارەی خۆت بۆ خۆت! من لە لایەن خواوە بۆ لای تۆ نێررام و تاقیم کردیتەوە."

کابرای خواناس وتی:

"کەوابوو..... سوپاس بۆ خوا"

ئیدی خۆی و خێزانەکەی شاد و بەختیار تەمەنیان بە سەر برد.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٤٢

چیرۆکی ئەبوحەسان و سپاردەکە

شەهرەزاد گێڕایەوە: دەگێڕنەوە: کە ئەبوحەسانی زیاد... گێڕاویەتەوە وتویەتی:

"ساڵێکیان زۆر دەست کورت بووم، بازاڕ و دوکانم کز بوو. ڕۆژییم لە تاریکیدا بوو. هەر چەندم دەکرد و دەکۆشا هیچم بۆ نەدەکرا. ڕۆژێکیان کە کز و خەمبار لە ماڵەوە لێی دانیشتبووم منالێکم هاتە ژوور و وتی:

"پیاوێك لە دەرگای دا و دەیەوێت بت بینێت."

منیش وتم:

"بیهێنە ژوورەوە."

کە هات سلاوی کرد و بەخێرم هێنا. ئەمجا وتی:

"بۆ کارێك هاتووم."

منیش وتم:

"لە خزمەتدام."

وتی:

"دەمەوێت بچم بۆ حەج و ئەم زێڕ و زیو و ۱۰۰۰۰ دینارەم، هەیە و دەمـەوێت.... بە تۆی بسـپێرم! ئەگـەر لەگـەڵ کـاروانی حاجیانـدا هاتمـەوە ئـەوا.... سـامان وپـارە هـی خۆمـە... ئەگـەریش کـاروان گەڕایـەوە و منیـان لەگـەڵ نـەبووم، ئـەوا.. لـە ڕێـی حـەج مـردووم و ئـەم سپاردەی زێڕ و پارەیەم بۆ خۆت و گەردنت ئازاد بێت!!"

منیش وتم:

"بە دڵی تۆ خوا یار بێت."

توورەکەیەکی دەرهێنا. منیش بە مناڵەکەم وت:

"بڕۆ... تەرازووم بۆ بێنە."

منیش لەبەر چاوی خۆی زێڕەکەم بۆ کێشا. سامانەکەی جێ هێشت و خواحافیزی کرد و ڕۆیشت. ئیدی ڕۆژی دواتر ..... قـەرز و قۆڵەی خـەڵکیم لـێ دایـەوە و ئـەوی مایـەوە خستمە کاسبییەوە و وتم:

"تا... ئەو دەگەڕێتەوە... خوا گەورەیە!"

دوای ئەو ڕۆژە مناڵە هاتە ژوورو وتی:

"پیاوە خۆراسانیەکە لەبەر دەرگا وەستاوە."

وتم:

"بیهێنە ژوورەوە"

کە هات سڵاوی کرد و لێی دانیشت. دواتر وتی:

"کە دوێنێ سپاردەکەم دایە تۆ بە نیاز بووم بچم بۆ حەج، کەچی ئـەمڕۆ هـەواڵی مردنی باوکمیـان پێدام. ناچار دەبێـت حەجەکـەم بخەمـە ساڵی داهاتوو. جـا ... بـەڵکو زێـڕ و پارە سپاردەکەم بێ زەحمەت بدرەوە. کە ئەمەم بیست پەژارەیەکی زۆر دایگـرتم... کـە بـڕوا ناکەم کـەس خـەم و پـەژارەی وای خواردبێـت! هێنـدە سەراسیمە بـووم نەمـدەزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە..!! خوایـە گـەر نکولی لێ بکـەم..... نابێت، چونکە سوێندم بـۆ خواردبوو. ڕسوای ڕۆژی دوایـی دەبـووم. ئەگـەر ڕاسـتییەکەی پـێ بڵـێم کـە قـەرزم لـێ داوەتـەوە و پارەکـەم خستووەتە کاسبییەوە ئەوا ڕەنگە بیکاتە هەرا و ڕسوای شارەکەم بکات. ئەمجا پێم وت:

"خوا... عافوت بکات... خۆ ماڵی من هێندە تۆکمە نییـە. پـارە و زێڕەکـەی تـۆی تیا هەڵ بگرم. منیش ناردوومە بۆ لای کەسێکی دی!! کەوابوو سبەینێ وەرەوە بەڵکو، پارە و زێڕەکەت بۆ بگێڕمەوە."

کـە ڕۆیشت... خـەم و دڵـەڕاوکێ دایگـرتم.... ئـەو شـەوە، خـەو نەچـووە چاوانم. ناچار مناڵەکەم بانگ کرد و وتم:

"هێسترەکەم بۆ زین بکە."

ئەویش وتی:

"بۆ خاتری خوا... بەم نیوەشەوە، بۆ کوێ دەچیت.... دنیا تاریکە!؟"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣٤٣

شەهرەزاد گێڕایەوە:

ناچار چوومەوە سەر جێگەی خۆم، بەڵام خەو نەچووە چاوانم! ئەو شەوە چەند جارێك من ئەو منداڵەم بانگ کرد و ئەو وتی: هێشتا زووە، تاکو ڕۆژ بووەوە. ئەمجا هێسترەکەی بۆ ئامادە کردم. سوار بووم بەڵام خۆیشم نەمدەزانی بۆ کوێ بچم!؟ ئیدی جڵەوی هێسترەکەم شل کرد. ئەو بەرەوڕۆژهەڵاتی بەغدا دەڕۆیشت و منیش هەر بیرم بەلای ئەوەوە بوو.... کە کابرای خۆراسانی.... خاوەنی سپاردەکە هاتەوە چی پێ بڵێم!!؟ دەرەنگانێك کە بە ئاگا هاتمەوە چەند کەسێکم بە شوێنەوە بوو، منیش لام دایە لا ڕێ کە پێم گەیشتن لێیان پرسیم:

"ماڵی ئەبو حەسانی زیادی دەزانیت؟"

منیش وتم:

"بەڵێ... من ئەبوحەسانم!!"

وتیان:

"فەرموو...... میری موسڵمانان دەیەوێ بتبینێت."

منیش شوێنیان کەوتم تا گەیاندمیانە کۆشکی خەلیفە مەئمون ئەمجا بردمیانە ژوورەوە. خەلیفە پرسی:

"تۆ کێیت؟"

منیش وتم:

"یەکێکم لە هاوڕێیانی ئەبو یوسف شارەزای فەرموودەکانی پێغەمبەر "د.خ""

وتی:

"فەرموو....... چیرۆکی خۆتم بۆ بگێڕەوە."

منیش باسی لێقومانی خۆم بۆ کرد. خەلیفەش پرسی:

"تۆ......چۆن بانگت دەکەن؟"

وتم:

"ئەبو حەسانی زیادی" بانگم دەکەن."

وتی:

"خوا لە ناوت بەرێت ئەمشەو بە هۆی جەنابتەوە، خەو نەچووە چاوانم!! هەر کە دەنووستم پێغەمبەر "د.خ" دەهاتە خەونم و دەیفەرموو:

" بە فریای ئەبوحەسانی زیادی بکەوە!!

منیش رادەچەنیم و بە ئاگا دەهاتمەوە.... تۆم نەدەناسی... تاکو فریات بکەوم!! ناچار خەڵکێکی زۆرم بەم بەرەبەیانە... بە ئاگا هێنایەوە و ناردمن، تاکو..... تۆ بدۆزنەوە."

ئەمجا ١٠٠٠٠ درهەمی پێم دا، وتی:

"ئەوە بدەرەو بە "کابرای خوراسانی."

ئەمجا دەستی برد ۱۰۰۰۰ درهەمی تریشی پێم دا وتی:
"ئەمەیشیان بکە دەستمایە و کاری پێوە بکە."
ئەمجا ۲۰۰۰۰ درهەمیشی پێم دا وتی:
"ئەمەشیان خۆتی پێ ئامادە بکە... کە بۆت ڕێکەوت و هاتیە لام... دەتخەمە سەر کار."
ئەمجا گەڕامەوە ماڵ بە دڵێکی زۆر خۆشەوە. نوێژی نیوەڕۆم دەکرد کە کابرای خۆراسانی هاتەوە. ئەمجا فەرمووم لێکرد و بردمە ژوورەوە.. توورەکەیەکەم دایە دەستی و پێم وت:
"ئەمەش سپاردەکەت... براکەم."
کەچی سەیرێکی پارە و توورەکەکەی کرد و وتی:
"بە خوا.. براکەم ئەمە هەمان پارەکە و توورەکەکەی خۆم نییە!"
ئەمجا پرسی:
"هۆی ئەمە چییە؟"
منیش بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە. ئەمجا کابرای خۆراسانی ......دەستی کردە گریان و سوێندی خوارد:
"بەو خوایە گەر بە راستگۆیانە، یەکەم رۆژ بە خۆمت بووتایە.. گەردنم ئازاد دەکردیت و نەم دەهێشت ئەو هەموو خەم و نارەحەتیە بکێشیت!"
ئەمجا........ هەستا و خواحافیزی کرد و وتی:
"ئەم زێڕ و پارەیە...... بە من حەرام بێت و بۆ خۆت!"
لێیدا و رۆیشت. ئەمجا خۆم پۆشتە کردەوە و دەستم بەخۆمدا هێنایەوە و بەرەو کۆشکی خەلیفە مەئمون چووم. چاوەڕێم کرد... تاکو دەست و پێوەنەکانی هاتنە دەر و خەلیفە بەڕێ بکەن. کە چوومە سەرە ڕێی، دانەویەوە و لە ژێر جبەکەیدا.... تاپۆی زەوییەکی زۆری رۆژئاوای بەغدای دەرهێنا و وتی:
"ئەوە ...... فەرمانی بوون بە قازی تۆیە.... سایەی پێغەمبەر د.خ بپارێزە."
هەندێك لە دەورووبەرەکەی سەریان لەم قسەیە سوڕما.. کە ماناکەیان لێ پرسیم. چیرۆکی خۆمم بۆ گێڕانەوە. ئیدی ئەبو حەسان تا مرد قازی مزگەوتی رۆژئاوای بەغدا بوو.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو..........بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣٤٤

## چیرۆکی پیاوێکی دەوڵەمەند کە زەمانە پشتی تێدەکات

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە: پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند هەبوو، زەمانە پشتی تێدەکات و ئیفلاس دەکات و زۆر هەژار دەکەوێت. نەکەی ڕێی بۆ دادەنێت... بچێت دەست بکات بە پشتوێنی هاوڕێکانیدا و هانایان بۆ بەرێت. کابراش چووە لای یەکێك لە هاورشێکانی... ئەویش ٥٠٠ دیناری بە قەرز دایە. کە کاسبی پێوە بکات. کابرای هەژاروکەوتووش کاتی خۆی زێرنگەر بوو. پارەکەی دا بە زێڕ و دوکانێکی لە بازاڕ پێکردەوە. کەوتە کار کردن. ڕۆژێکیان سێ پیاو هاتنە دوکانەکەی و پرسیاری باوکیان لێکرد. ئەویش پێی وتن:

"دەمێکە مردووە! "

ئەوانیش پرسیان:

"ئەی کوڕی.... کەسێکی لە دوا بە جێ نەما!؟"

ئەویش وتی:

"بەندەی.. خزمەتکارتان کوڕی ئەوە!"

ئەوانیش وتیان:

"کێ دەڵێت تۆ کوڕی ئەویت!؟"

کابرای هەژار کەوتووش دەڵێت:

"هەموو دوکاندارانی ئەم بازاڕە."

ئەوانیش وتیان:

"دە.... فەرموو کۆیان بکەرەوە تاکو شایەتی بدەن کە تۆ کوڕی ئەو پیاوەیت."

ئەویش خەڵکەکەی کۆ کردەوە و شایەتیان بۆ دا. ئەمجا سێ کەسەکە توورەکەیەکیان هێنا کە ٣٠٠٠٠ دیناری تیابوو. لەگەڵ چەندین پارچە زێڕ و زیوی بە نرخدا پێیان وت:

"ئەم توورەکەیە سپاردەی باوکتە، لای ئێمە بوو."

لەبەر چاوی خەڵکەکە پێیان دایەوە. دوا بە دوای ئەوان ژنێك هات پارچەیەك زێڕی لێ کڕی. کە نرخەی ٥٠٠٠ دینار بوو. بە ٣٠٠٠ دینار. ئەمجا "٥٠٠" دیناری لێ جیا کردەوە و بردیەوە بۆ ئەو هاوڕێیەی کە قەرزەکەی لێ کردبوو. کە قەرزەکەی دایەوە پێی وت:

"ئەوە ٥٠٠ دینارەکەت... ماڵت ئاوا.. سوپاس بۆ خوا ئێستا کارم باشە!"

هاوڕێیەکەشی پێی وت:

"ئەم پارەیەی دام بە تۆ زەکات بوو....... نامەوێتەوە...! بیبەوە و ئەم نامەیشم کە نووسیوە بیبەوە ماڵی خۆت و لەوێ بیخوێنەوە. چیم تیا نووسی بوو وابکە."

کابراش پارە و نامەکەی هێنایەوە ماڵ. کە نامەکەی کردەوە تیا نووسرابوو:

"سیانەی بەر دوکانی ئێوە      خاڵ و مامم و باوکم بوون لە جێوە
ئەوە میراتی دایە بوو...      شەرم بوو، ناردم بەو شێوە...!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣٤٥

# چیرۆکی پیاو و گەنجینەکە

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە: کابرایەکی زۆر دەوڵەمەند زەمانــە پشتی تێدەکات و ئــیفلاس دەکات. هەژار دەکەوێت. کار دەگاتە ئەوەی کە بە ماندووبوونێکی زۆر رۆزی رۆژانــەی خۆی و خێزانــی بــۆ پەیــدا دەکرێــت. کــابرای هەژارکــەوتوو خــەم و پەژارەیــەکی زۆر بــۆ حــاڵی خۆی دەخوات. شەوێکیان بە دەم خەم و پەژارەوە خەو دەیباتەوە لە خەونیدا یەکێك پێی دەڵێت:

"هەستە نەگبەت رۆزی تۆ لە وڵاتی میسرە شوێنی بکەوە!!"

کابرای هەژارکەوتوو بە عەقڵیدا دێت و بەخۆی دەڵێت: پــەیمان بێــت شــوێن ئــەو رۆزیــەی خۆم بکەوم!! خۆی کۆ دەکاتەوە و ماڵ و منداڵ بــەجێ دێڵێت و دەڕوات. شــارە و شــار و دێ بــە دێ زەوی دەگرێــت بــە کۆڵــەوە. تــاکو ئێوارەیــەکیان دەگاتــە وڵاتــی میسـر لا دەدات.... دەچێتە مزگــەوتێك لێــی دەخــەوێت. چــەند دزێــك نیوەشــەو دەدەن بــە ســەر مــاڵێکی دراوســێی ئــەو مزگەوتــەدا و کــە خاوەنەکــەی پیــاوێکی دەوڵەمەنــد دەبێــت. خــاوەن مــاڵ لــە دەســت دزەکان هەڵدێ و پەنا دەبات بــۆ مــیری ئــەو شارە. میریــش کۆمەڵــە ســەربازێك لەگــەڵ خــۆی دەبات و چوار دەوری ماڵ و مزگەوتەکە دەگرن. هەر چەند دەکەن دزەکانیــان بــۆ ناگیرێــت. دواتــر مــیر ســەربازەکان کــۆ دەکاتــەوە و فــەرمانیان پــێ دەدات: کــە بچــنە مزگــەوتەکــەوە و بگــەڕێن بــۆ دزەکان. سەربازەکان کــە مزگەوتەکــە دەپشــکنن: کــابرای هــەژار کــەوتووی ســەرهەڵگرتوو...... دەگرن. دەی بەنە لای میر. ئەویش فەرمان دەدات: ئا دەی لێی بدەن. دوای لێدانەکە بە کێشی دەکــەن بــۆ بەندیخانــەی شــار. دوای ســێ رۆژ مــیری شــار هــەژارە نامۆکــەی بــیر دەکەوێتــەوە. فەرمان دەدات بیهێنن.

که دەیبەنە بەردەم میری شار. لێی دەپرسێت:

"تۆ خەڵکی کوێیت؟"

ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت:

"خەڵکی شاری بەغدام."

دەپرسێت:

"ئەی بۆچی گەیشتوویتە میسر!؟"

کابراش دەڵێت:

"قوربان مــن کابرایــەکی دەوڵەمەنــد بــووم، خــوا لێــی شێواندم و برسی و رووت و رەجاڵ کەوتم. شەوێکیان خەونێکم بینی. لە خەوەکەمدا یەکێك پێی وتم:

"رۆزی تۆ لە وڵاتی میسرە!! هەستە و شوێن رزق و رۆزی خۆت بکەوە."

منــیش مــاڵم جــێ هێشــت و شــارە و شــار هــاتم تــا گەیشــتمە، ئێــرە. ئــەوە بــوو...... لــە مزگەوتەکەدا لە لایەن بەرێزتانەوە بە رزق و رۆزی خۆم گەیشتم!!"

میریش هێندە پێکەنی فرمێسك لە چاوانیەوە دەرپەڕین. ئەمجا وتی:

"جا.... کاڵفام لە بەغداوە شوێن خەوێکی هەڵەج و بەڵەج کەوتیت و گەیشتیتە ئێرە!!؟"

کابراش وتی:

"بەڵێ قوربان."

میر بە دەم پێکەنینەوە وتی:

"جا... ئەگەر وەکو من سێ شەوان خەونت بە یەك ماڵەوە بینیایە کە دوو هۆدە و بەرهەیوانێك بوو حەوز و فوارەیەك لە حەوشەکەیدا بوو، هەموو جارێك لەو سێ خەونەدا هەموو جارێك کە هەڵم دەدایەوە سندوقێك لە ژێر حەوزەکەدا بوو پڕ بوو لە زێڕ. چیت دەکرد!؟"

ئەمجا تێر پێی پێکەنی و بڕێك پارەی دایە و ئامۆژگاری کرد کە بێدەنگ بگەڕێتەوە بۆ بەغدای شارەکەی خۆی و جارێکی دی شوێن خەون نەکەوێت...!!"

کابراش پارەکەی لێ وەرگرت و گەڕایەوە بۆ بەغدا... لەوێیشەوە چووەوە ماڵی خۆیان کە گەیشتەوە حەوشەکەی خۆیان سەیری کرد ئەوە حەوز و فەوارەکەیە کە میری میسر بۆی وەسف کردبوو. پاچ و خاکەنازی هێنا و کەوتە پاچ وەشاندن. دوای چەند سەعاتێك کار کردن سندوقەکەی دۆزیەوە و سەری هەڵدایەوە... ڕوانی پڕیەتی لە زێڕ...!! ئیدی جارێکی دی دەوڵەمەند بووەوە.... کە ئەمەش ڕێکەوتێکی سەیر و سەمەرە بوو.

## شەوی ٣٤٦

# چیرۆکی وەردانی قەساب لەگەڵ ژن و ورچەکە

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە لە سەردەمی خەلیفە "حاکم بامراللە"دا کابرایەکی قەساب هەبوو ناوی "وەردان" بوو. هەموو ڕۆژێك ژنێك دەهات حەماڵێکی بە دواوە بوو بە سەبەتەیەکەوە. ژنەکە لاکی بەرخێکی لە "وەردان" دەکڕی و پێی پارچە پارچە دەکرد و دەیخستە ناو سەبەتەکەوە، حەماڵەکە هەڵی دەگرت و شوێنی دەکەوت. بۆ سبەینێ دەهاتەوە بە هەمان شێوە هەموو ڕۆژێك وەردان ١ دیناری لەو ژنە قازانج وەردەگرت. ئەم کارە درێژەی کێشا. ڕۆژێکیان وەردان، لەدڵی خۆیدا وتی:

"چەند سەیرە!! ئەم ژنە ڕۆژێك کەمتر ناکڕێت. ڕۆژ بوێریشی ناکاتە!! مەرجە... ئەمجارە کە هات هەڵێك دەقۆزمەوە و دەپرسم، ئەم ژنە چ کارەیە و ئەم لاکە گۆشتە جنراوە بۆ کوێ دەبات!؟"

ڕۆژی دواتر حەماڵەکەی بە تەنیا بردە ئەو لاوە و لێی پرسی: ئەویش وتی:

"براکەم... دوای دوکانەکەی تۆ ئەم ژنە دەچێتە بازاڕ و سەوزە و میوە و شتی تری پێویست دەکڕێ و دەیخاتە سەر سەبەتە گۆشتەکە شوێنی دەکەوم.. تا دەگاتە ڕەز و باخێك. لەوێ چاوم دەبەستێتەوە دەستم دەگرێت. شوێنی دەکەوم ماوەیەك دەڕۆم بە چاو بەستراوی لەگەڵیدا... ئەمجا سەبەتە شت و مەکەکەی بۆ دادەگرمە سەر زەوی. سەبەتەیەکی بەتاڵم

دەداتە دەست و بە چاو بەستراوی دەم هێنێتەوە دەرگای دەرەوەی رەز و باخەکە و چاوم دەکاتەوە. ئەوەشم بیر نەچێت، لە بازاڕ بایی ١ دیناری تر شتومەك دەکڕێت.... دوو شووشە "مەی"یش لە کابرایەکی "نەسرانی" دەکڕێت. رەز و باخەکەیش وەزیر خاوەنیەتی. ئەمجا حەماڵەکە وتی:

"هەر باسی مەکە...! منیش وەکو تۆ سەرم لەم ژنە سوڕماوە!!"

بۆ سبەینێ دیسان ژنە هاتەوە و بە هەمان شێوە لاکە بەرخەکەی لێ کڕی و کردیەوە سەبەتەکە و لێیدا و رۆیشت. منیش مناڵێکم لە سەر دوکانەکەم دانا... دوور و نزیك شوێنیان کەوتم. بە شێوەیەك نەمهێشت ئەو من ببینێت. رۆیشت و منیش بە دوایەوە. تاکو لە میسر دەرچوو. ئەمجا گەیشتە رەز و باخی وەزیر. ئەمجا بە پەرۆیەك چاوی حەماڵەکەی بەستەوە دەستی گرت و رۆیشتن. تا گەیشتنە لاپاڵی شاخێك. لای بەردێکی گەورە. سەبەتە گۆشتەکەی لەسەر شانی داگرت. منیش دانم بە خۆمدا گرت. تاکو دەستی حەماڵەکەی گرت و بە هەمان رێدا حەماڵەکەی گەڕاندەوە. بۆ ئەوەی بیباتەوە دەرگای باخەکەی.... وەزیر. کە نزیکەی سەعاتێکی پێچوو لەو ماوەیەدا چوومە سەر تاوێرە بەردەکە و پاڵم پێوەنا... تاکو ..خزا... دەمی ئەشکەوتێك دەرکەوت. منیش چوومە ژوورەوە. دەڕوانم نهومێکی خانووی مسینە...! لەوێشەوە پلیکانەیە بۆ خوارەوە دەڕوات. منیش پێیدا چوومە خوارەوە. تا گەیشتمە دالانێك کە زۆر رووناك بوو. ئەمجا رۆیشتم تا گەیشتمە دەرگای هۆڵێکی گەورە. چوومە گۆشەیەکەوە.... سەیرم کرد تاقێکە وەکو بانیژە، دەڕوانێت بە سەر هۆڵێکی فراواندا. چوومە شوێنێکەوە دەیڕوانی بە سەر هۆڵێکدا. روانیم تومەز ژنەکە هاتووەتەوە و گۆشت لە ئێسقان جیا دەکاتەوە و دەیخاتە ناو مەنجەڵێکەوە. ئێسقانەکەش و ئەوەی دەمێنێتەوە فڕێی دەدایە بەردەم وەرچێك.... ورچەکەش.... هەر زوو هەمووی دادەمرکان و دەیخوارد. ژنەش گۆشتەکەی خستە سەر ئاگر.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٤٧

شەهرەزاد گێڕایەوە: کە ژنەکە تێری خوارد ئەمجا کەوتە میوە و شیرینی خواردن. دواتر مەی و پیاڵەی هێنا و کەوتە پێك تێکردن. خۆی بە پەرداخ دەیخواردەوە و بە جامێکی زێڕینیش دەیکرد بە دەمی ورچەکەوە خواردنەوەیان درێژەی کێشا... تا ورچەکە هێندە مەست بوو..... کە وەکو مردوو کەوت و جووڵەی لێ بڕا....!! منیش لە دڵی خۆمدا وتم:

"دەبێت ئەم هەلە بقۆزمەوە."

کێردێکم بە دەستەوە بوو، هاتمە خوارەوە روانیم ژنەکەیش هێندە مەستە ناتوانێت بجووڵێتەوە. چۆکم لەسەر ورچەکە دادا و کێردەکەم بە ملیدا هێنا... پڕخەیەکی کرد ، کەللە

سەریم لە لەشی جیا کردەوە. کە ژنەکە لەو پرخەیە بە ئاگا هاتەوە و ورچەی بینی سەری بڕراوە.... زریکەیەکی کرد.... وام زانی... گیانی دەرچووە پێی وتم:
"ئەمە ئاوا پاداشتی چاکەم دەدەیتەوە؟"
منیش وتم:
"ئەی دوژمنی گیانی خۆت.... ئەمە کەسێکت بۆ نەدۆزرایەوە بیکەیتە هاوڕێت ئەم ورچە نەبێت؟!"
ژنە سەری داخست و وەڵامی نەدایەوە. سەیرێکی ورچەکەی کرد و وتی:
"وەردان، چی لە مە باشتر بوو بۆ تۆ؟ ئەمەی کە دەبووە مایەی دەوڵەمەندیت و تا دەمردیت قازانجت بوو.... یان سەرپێچی بکەیت و ببێتە هۆی تیاچوونی خۆت؟!"
منیش وتم:
"دەمەوێت قسەم بۆ بکەیت."
ئەویش وتی:
"چۆن ئەو ورچەت سەربڕی بە هەمان شێوە منیش سەر بڕە، ئەوەش گەنجینەی پارەکەیە، هێندە ببە تا دەوڵەمەند دەبیت."
منیش پێم وت:
"نە.... وا نابێت.... وەرە تۆبە بکە و ئەم مەی خواردنەوەیە تەرك بکە! ئەمجا شوو بکە بە من و ئەو گەنجینە پارەیەش پێکەوە دەخۆین."
ئەمجا وتی:
"ئەوە.... زۆر دوورە، بەو خوایە هەر ئێستا منیش سەر نەبڕیت.... لە ناوت دەبەم... ئەمە بیر و ڕای منە."
منیش وتم:
"گرنگ نییە... سەرت دەبڕم... با گیانت بەر لەعنەتی خوا بکەوێت."
ئەمجا قژیم گرت و سەرم بڕی. گیانیم خستە بەر لەعنەتی خوا و فریشتەکان و خەڵك.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٤٨

شەهرەزاد گێڕایەوە: ئەمجا سەیری شوێنەکەم بە وردی کرد. دەڕوانم:
"هێندەی زێڕ و زیو و مرواری لێیە... کە هیچ پاشایەك لەتوانایدا نییە..... هێندەی هەبێت. سەبەتەی کابرای حەماڵم هێنا و هەتا توانیم.... پڕم کرد لە زێڕ و زیو. خستمە سەرشان و هاتمە دەرەوە. گەڕامەوە... کە گەیشتمە بەر دەروازەی میسر دەڕوانم خەلیفە "حاکم بامرالله" و ١٠ کەس وەستاون. خەلیفە بانگی کردم. منیش وتم:

"فەرموو قوربان"

وتی:

"سەبەتەکە... دابگرە و بێخەم بە... هەمووی بۆ خۆت."

کە دام گرت هات و سەیرێکی کرد و وتی:

"هەرچەندە.. لێت بە ئاگا بووم و وەکو منیش لەگەڵتدا بووبم وابوو...... بەڵام بۆم بگێڕەوە."

ئەمجا چیم بەسەرهاتبوو هەموویم بۆ گێڕایەوە و ئەویش وتی:

"ڕاست دەکەیت" ئەمجا وتی:

"دە... ئێستا لەگەڵمان وەرە، ئەو گەنجینەیەمان پیشان بدە."

لەگەڵیان گەڕامەوە و شوێنی ژن و ورچ و گەنجینەکەم پیشان دان. سەرنجم دا بەردەکە خرابووەوە شوێنی خۆی. خەلیفە وتی:

"ئەو بەردە بە دەستی خۆت نەبێت ناخزێت!!چونکە ناوی تۆی لێ نووسراوە"

منیش وتم:

"بڕوا ناکەم بۆم بخزێتەوە."

خەلیفە وتی:

"پاڵی پێوە بنێ"

پشت بە خوا پاڵم پێوەنا. هێندە سووك بوو بە دەستمەوە خێرا خزا.. ئەمجا فەرمانی پێم دا:

"بڕۆ خوارەوە.. تۆ نەبێت کەس ناتوانێت بچێتە خوارەوە... چونکە ئەو کەسە دەتوانێت کە ورچ و ژنەکەی کوشتووە..! ئەم زانیارانەم هەموو لە لا نووسراوە. هەمیشە چاوەڕێی ڕوودانی بووم."

ئەمجا چوومە خوارەوە، هەموو گەنجینەی زێڕ و مرواریەکەم بۆ هێنایە سەرەوە. هێستریان هێناو باریان کرد و سندوقەکەشیان دابە خۆم. منیش لە بازاڕدا دوکانێکم لێ کردەوە. ئێستاش ئەو بازاڕە ماوە و بەناوی "بازاڕی وەردان"ەوەیە کە ناوی خۆمە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٤٩

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە: لە زەمانی کۆندا، پاشایەکی خاوەن سوپا... بە توانا هەبووە ........ سێ کچی هەبوو. وەکو گوڵ ناسك بوون.... سنگ و گەردنیان وەکو ئاسك بوون. کوڕێکیشی هەبوو، هێندە شۆخ و شەنگ بوو....... لە مانگ دەچوو. ڕۆژێکیان .... سێ کەسی خۆیان کرد بە ژوورەکەیدا... کە پاشا لێی پرسینەوە یەکەمیان وتی:

"من تاوسێکم بۆ هێناویت لە زێڕ دروست کراوە."
دووەمیان وتی:
"منیش بۆقیەیەکم هێناوە کە لە مس دروست کراوە."
سێیەمیش وتی:
"منیش ئەسپێکم بۆ هێناویت کە لە داری "عاج و ئەبەنووس" دروست کراوە"
پاشا سەیرێکی دیاریەکانی کرد، ئەمجا پرسی:
"سوودی ئەمانە چییە؟"
یەکەمیان وتی:
"پاشا راوەستاو بێت... ئەم تاوسە هەموو سەری سەعاتێك باڵەکانی پێکدا دەدا و فیژەیەك دەکات...!"
دووەمیان وتی:
"ئەم بۆقیەیەی منیش.... دەخرێتە سەر دەروازەی شار و هەر کاتێك دوژمن هات.. شارەکە داگیر بکات.. لە خۆیەوە دەنگێك دەر دەکات. کە ئەو سوپایە سست دەکات و بە ئاسانی دەگیرێن!"
سێیەمیان وتی:
"ئەم ئەسپەی منیش: هەر کەس سواری بێت بۆ هەر کوێیەك بڕوات.. هەر زوو دەیگەیەنێت"
پاشا وتی:
"خەڵاتتان ناکەم تاکو تاقیان نەکەنەوە!"
یەکەم جار تاوسەکەیان بۆ تاقی کردەوە.... راست دەرچوو. ئەمجا بۆقیە و ئەسپەکەیان برد و تاقیان کردەوە. ئەوانیش چۆن وەسف کرابوون وابوو.!! ئەمجا خەلیفە رووی کردە هەر سێکیان و وتی:
"ئێستا خۆتان هەڵبژێرن.... داوای چیم لێ دەکەن بۆتان جێبەجێ بکەم!؟"
ئەوانیش پێکەوە وتیان:
"دەمانەوێت.. هەر سێ کچەکانت لە هەر سێکمان مارە بکەیت و بمانکەیتە کوڕی خۆت."
پاشایش دوو کچی خۆی لە دووانیان مارە کرد.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣٥٠

## چیرۆکی ئەسپە دارینەکە

شەهرەزاد گێڕایەوە: سێیەمیان... چوە بەردەمی پاشا و کڕنووشی بۆ برد وتی:
"قوربان.... منیش بە هیوای ئەو پاداشتەم کە دوو هاوڕێکەم پێی شاد بوون!"
پاشایش وتی:
"با..... ئێمەش ئەسپە دارینەکەت تاقی بکەینەوە....!"
سێیەم ئەسپە لە دار ئەبەنوس دروست کراوەکەی لە بەردەمی پاشادا.... دانا و وتی:
"فەرموو...... تاقی بکەرەوە."
کوڕی پاشا کە لەگەڵیان بوو.. وتی:
"بابە... حەز دەکەم من تاقی بکەمەوە."

باوکی... ڕێگای پێدا. کوڕەش سواری ئەسپە دارینەکە بوو.... هەر چەند ناوزەنگی لێدا.... بێ سوود بوو. خاوەن ئەسپەکە.... زانی..... کوڕە پاشا لێی نازانێت.... چووە پێش و وتی:
"ئەم هەڵەفە لووخواردووە بخولێنەوە....!"

ئەویش بە قسەی کرد. هێندەی زانی.. ئەسپەکەی فڕی و رووی کردە ئاسمان هێندە بڵند بووەوە لە چاوان ون بوو. ئەمجا کوڕەکەی شا.. کەوتە سەرنج دانی ئەسپەکە..... گۆپکەیەکی خڕی بینی کە وەکو سەری کەڵەشێر وابوو. لەسەر شانی ڕاستی ئەسپەکە دانەیەك و لەسەرشانی چەپیش دانەیەکی دیکە.:! هەر لە خۆیەوە ئەوەی لای ڕاستی خولانەوە. سەیری کرد... ئەسپەکە هێندەی دی خێرایی زۆر بوو، ئەمجا بەرەو بڵندی لە زەویەوە ڕۆیشت. دوای کەمێك سەرە کەڵەشێرەکەی چەپی خولانەوە ئەسپەکە خێراییەکەی کەم بووە و وردە..... وردە بەرەو زەوی کشا. ئیدی زۆر خۆشحاڵ بوو. کەوتە سەیر کردنی ئەو شاخ و ڕەز و باخانە و ڕووبارانەی ژێر خۆی. کە فێری هاتنە خوارەوەش بوو بە ئەسپە دارینەکە هێندەی تر شاد بوو. چونکە لە مردن رزگا بوو... سوپاسی خوای کرد کە ئەم نیعمەتە گرنگەی پێ بەخشیوە... ئەمجا فێر بوو سەری ئەسپەکە بۆ هەر لایەك با بدات ئەسپەکە بەرەو ئەو لایە دەفڕێت!! لە کاتی دابەزینیدا، بەرەو زەوی شارێکی فرە جوان و ڕازاوەی بینی. لە نێو دەشتێکی پان و بەرین و سەوز و پڕ لە ڕەز و باخ لە دڵی خۆیدا وتی:
"خۆزگە دەمزانی ئەم شارە دەکەوێتە کام هەرێمەوە و ناوی چییە!؟"

ئەمجا بە هەر چوار لای شارەکەدا بە ئاسمانەوە خولایەوە. کات بەرەو ئێوارە بوو. ئەمجا بە خۆی وت:

"ئەم شەو لەم شارە دەمێنمەوە. بۆ ڕۆژی دواتر، دەگەڕێمەوە شاری خۆم و ماڵەوە و باسی ئەم شارەیان بۆ دەکەم."

ئەمجا گەڕان بە شوێن...... جێگایەکی گونجاودا، تاکو خۆی و ئەسپە دارینەکەی بێخەم لێی بحەوێتەوە. گەڕا...... گەڕا کۆشکێکی زۆر بڵند و باخ و باخاتێکی زۆر جوانی بینی کە حەوشەی ئەو کۆشکە بڵندە بە دیواری بڵند گیرابوو... لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا، لەسەر ئەو

کۆشکە بالایە بنیشێتەوە. بۆیە کەڵەشێرەی لای چەپی بادا. ئەسپەکە خێرایی کەم بووەوە و ورده ورده دابەزی، تاکو لە سەربانی کۆشکەکە نیشتەوە. لە ئەسپەکە دابەزیو بە چواردەوریدا گەڕا و وتی:

"بەڕاستی، ئەویە ئەم ئەسپەی دروست کرد، زانا و بە سەلیقەیە.... مەرج بێت گەڕامەوە، پاداشتێکی چاکی بدەمەوە."

سەربانەکە گەڕا... لە دڵی خۆیدا وتی:

"من برسیمە و ئەم کۆشکە مەزنەش بێ خواردن نییە!! با بگەڕێم."

ئەمجا پەیژەیەکی بینی، پێیدا شۆڕ بووەوە بەرەو خوار.... ئەمجا چووە هۆڵێکەوە کە دیوا و زەویەکەی لە بەردی مەڕ مەڕ بوو هێندە جوان بوو..!! بەڵام خواردنی بۆ نەدۆزرایەوە. دواتر وتی:

"جا... ئەوەی بۆ چییە..... دەچمەوە سەرەوە و ئەمشەو لای ئەسپەکەم دەنووم. بەیانی سوار دەبم و بەرەو وڵاتی خۆم دەگەڕێمەوە."

لەم سێ و دووەی خۆیدا بوو رووناکیەك دەرکەوت. چاوەڕێی کرد کە نزیك بوونەوە. چەند کەنیزەکێك بوون فانۆسێکیان پێ بوو. کیژێکیان لە ناودا بوو. هێندە ناسك و نازدار بوو لەگەڵ مانگ دەچەنگا:

| | |
|---|---|
| کە ئەو جوانەم دی چاوانم زەق بوو | وتم خالقی چەندە بە زەوق بوو؟ |
| هێندە لە چوی بەد و پیس ترسام | پەنام بە "رب الناس و فلق" بوو |

تومەز ئەمە شازادەی ئەو شارەیە و پاشای باوکی هێندەی خۆش دەوێت، ئەو کۆشکە مەزنەی بۆ دروست کردووە...!! شازادەش هەر کاتێ دڵی تەنگ بوایە، دەهاتە ئەم کۆشکە تاکو کەمێك دڵی بکرێتەوە! قەدەر وابوو، ئەو شەوە هاتبووە کۆشك خۆی و خزمەتکارێکی خەساوی دەست بە شمشێر و چەند کەنیزەکێك کە تێری یاری و پێکەنین بووبوون کەوتبوونە گەڕان بە کۆشکدا کۆشکیان گوڵاوپڕێن کردبوو. هۆڵیان رازاندبووەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بۆیە بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣٥١

شەهرەزاد وتی: ئەوانی کە بێ ئاگا پێ دەکەنین و سوعبەتیان دەکرد کوڕی پاشا پەلاماری کۆیلەی شمشێر بە دەستی دا. شمشێرەکەی لێ سەند و دای بە زەویدا. ئەمجا پەلاماری کەنیزەکەکانی دا. هەر یەکە و بە لایەکدا. ئەمجا کە شازادە ئەم لاوەی بینی وتی:

"بەو خوا رەنگە تۆ ئەو لاوە بیت ، کە دوێنێ باوکم دەری کردیت. ئەوە نیت هاتیتە داخوازیم!؟ ئەی ئەوە نەبوو، باوکم پێی وتیت تۆ ناشیرینیت!! بەو خوایە.. باوکم درۆی لەگەڵ کردووم!"

کوڕی پاشای هیند هاتبووە داخوازی ئەو شازادەیە بەڵام پاشای باوکی، پەسەندی نەکردبوون. کەنیزەکەکان وتیان:

"خانم.... ئەم لاوە ئەوە نییە کە هاتبووە... داخوازیت! ئەو ناشیرین بوو... بەڵام ئەم زۆر قۆز و جوانە!!"

ئەمجا وتیان:

"دەبوو...... ئەو لاوەی دوێنێ خزمەتکاری ئەم لاوە بوایە... ئەم خانەدانە!"

ئەمجا کەنیزەکەکان، چوونە سەر کۆیلەکە و بە ئاگایان هێنایەوە. راپەڕی و هەندێ گەڕا بۆ شمشێرەکەی، بەڵام پێی نەمابوو ئەو خزمەتکارە، لە لایەن پاشاوە بۆ پاراستنی کچەی دانابوو. چووە هۆڵەکە بینی شازادە و کوڕە پاشا گفتوگۆیانە. کۆیلەکە بە کوڕی پاشای وت:

"ئەرێ... تۆ مرۆڤیت یان جنۆکە!؟"

کوڕەش وتی:

"خوێڕی ترین کۆیلە.... چۆن کوڕە پاشا دەکەیتە جنۆکە؟"

شمشێری لێ بەرز کردەوە و وتی:

"من کوڕە پاشام و زاوای باوکی ئەم کیژە"

کۆیلەکە وتی:

"گەورەم گەر تۆ مرۆڤ بیت.... ئەوا... قابیلی خۆتە."

ئەمجا هاتە دەرەوە و یەخەی خۆی دادڕی و خۆڵی کرد بە سەری خۆیدا و بەهاوار هاوار خۆی گەیاندە لای پاشا. ئەویش لێی پرسی:

"خێرا... پێم بڵێ چیتە؟"

کۆیلەکەش وتی:

"گەورەم.... فریای کچەکەت بکەوە، جنۆکەیەك چووەتە شێوەی کوڕە پاشاوە و خەریکە کچەکەت فریو دەدات"

پاشاش توند بوو، هێندەی نەمابوو بیکوژێت و پرسی:

"تۆم بۆ ئەوە دانابوو...... نەهێڵێت تووشی هیچ نارەحەتییەك ببێت."

ئەمجا سوار بوو، بە پەلە بەرەو کۆشك بووەوە. کە گەیشت سەیری کرد، هەموو کەنیزەکەکان لە کۆشکدان! لێی پرسین:

"کوا، کچەکەم؟"

وتیان:

"گەورەم بێخەم بە! ئێمە بێ ئاگا بووین لە پڕێکدا ئەم لاوە هەڵی کوتایە سەرمان، شمشێرێکی بە دەستەوە بوو.... هێندە فۆزیشە لە کوڕە پاشا دەچێت! کە لێمان پرسی تۆ کێیت؟ وا خۆی نیشان دا... کە زاواتە و ئەم کچەت لێ مارە بڕیوە! ئێمەش نازانین ئەمە جنۆکەیە یان مرۆڤە!! لەگەڵ ئەمانەش دا.... پاك و بێگەرد و رەوشت جوانە"

ئەمجا خۆی کرد بە هۆڵەکەدا کە هەر دووکیانی بینی، زۆر بە رەوشتێکی جوان... یەکتریان دەدوان... کوڕە پاشاش شۆخ و شەنگ و جوان بوو. خۆی بۆ رانەگیرا و شمشێری لێ هەڵکێشا و پەلاماری کوڕەی دا. کوڕە پاشاش لە شازادەی پرسی:

"ئەمە ... باوکتە !؟"

شازادە وتی:

"بەڵێ."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو....... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٥٢

شەهرەزاد وتی: ئەمجا لاوەکە، شمشێری لێ بڵند کرد و نەعرەتەیەکی لێدا.. پاشا تێگەیشت کە چاری ناکات. بۆیە بێدەنگ شمشێرەکەی بە کالاندا کردەوە و پرسی:

"تۆ کێیت؟ مرۆڤی یان جنۆکە!؟"

کوڕە پاشا وتی:

"من کوڕی پاشایەکم، لە پاشاکانی کیسرا چۆن دەوێریت پێم بڵێیت "جنۆکە." سوپای باوکم بکاتە سەرت تەخت و تاراجت تێك دەدات هەر وەکو بوومەلەرزە: وڵاتەکەت هەڵدەگێڕێتەوە..! ئێستاش لەبەر خاتری کچەکەت.... هیچ ناکەم!"

پاشاش لێی پرسی:

"گەر کوڕە پاشایت چۆن... بێ ئەوەی رێت پێ بدرێت هاتوویتە ئەم کۆشکەی پاشاوە؟ یان ئەو درۆیەت کردووە گوایە زاوای منی! ئەوە بزانە هەر کوڕە پاشایەك داوای ئەم کچەمی کردووە.... کوشتوومە!! ئێستاش بانگ بکەمە دەست و پێوەنەکانم لە ناوت دەبەن! کەس ناتوانێت تۆ لە ژێر چنگم دەربێنێت."

کە کوڕە پاشا ئەمەی بیست تووڕە بوو وتی:

"پێم سەیرە... کە رازی نیت کچەکەت لە من مارە بکەیت.... ئاخر... چ کوڕێکی وەکو من ئازات دەست دەکەوێت؟ کوڕە پاشا بێت و خاوەن دارایی و ناوبانگ بێت؟"

پاشاش وتی:

"ڕاست دەکەیت... بەڵام کوڕەکەم حەزم دەکرد.... چەند پیاوێکی ناسراو و بە ناوبانگت بناردایە و بەڕێوڕەسمی کۆمەڵایەتیانەی خۆی داوای کچەکەی منت بکردایە... گەر بە دزیەوە لێت مارە بکەم... دوایی خۆم ئابڕووم دەشکێ!"

کوڕە پاشا وتی:

"خۆ..... ئەگەر پیاوان و سەربازانی خۆت بکەیتە سەرم و بمکوژن.... ئەوا دانیشتوانی مەملەکەتەکەت.. دەکەونە قسە و قسەلۆك هەندێکیان.... بڕوا بە قسەی تۆ دەکەن و هەندێکیان.... بڕوا بە تۆ ناکەن و ئابڕووت دەچێت. چاکتر وایە... هەر ئێستا بگەڕێیتەوە کۆشکی خۆت......... بێدەنگ بیت تاکو.... خۆم پێت دەڵێم چی بکەیت."

پاشایش وتی:

"فەرموو.... بڵێ"

کوڕە پاشا وتی:

"یان پێت دەڵێم: بۆم وەرە گۆڕەپان با شەڕە شمشێر بکەین دوو بە دوو، یان پێم بڵێ سەربازەکانت چەندن؟ بەیانی لەگەڵیان دەجەنگێم!"

پاشا وتی:

"هەموویان ٤٠٠٠٠ سەبازن... پیاوانی پاسەوانانم نزیکەی نیو ئەوەندەی سوپاکەمە."

کوڕە پاشا وتی:

"کەوابوو سبەینێ وەرە گۆڕەپان و بە سەربازەکانت بڵێ ئەم کوڕە زاوامە و کچەکەی خۆمم لێ مارە کردووە.... بەڵام.... خۆی هەڵکێشاوە کە چاری هەمووتان دەکات و بۆتان دێتە گۆڕەپانەوە. ئەگەر سەرکەوت ئەوا دەبێتە زاوام... گەرنا.. ئەوا دەکوژرێت"

بەم کارەمان ناموسی خۆت و کچەکەت دەپارێزین... خۆ... گەر منیش سەرکەوتم ئەوا پێویستە شانازی بکەیت کە زاواتم... "

پاشا ئەمەی زۆر پەسەند بوو. سەری لە زیرەکی ئەم لاوە سوڕما. فەرمانیدا سوپا سبەینێ لە گۆڕەپان ئامادە بکرێت. ئەفسەران و دەرەجەداران خۆیان پڕ چەك بکەن.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣٥٣

شەهرەزاد وتی: لەو لایشەوە، پاشا لاوەکەی دەدوان، هێندە موعجیب بوو بە زیرەکی و بە رەوشتی ئەو.. کە ڕۆژ بووەوە پاشا بەرەو تەختی پادشایی چوو. فەرمانی دا ئەسپێکیان بۆ کوڕە پاشایش هێنا. کە بە شێوەیەکی جوان زین کرابوو. ئەمجا کوڕە وتی:

"ئەی پاشا.. تا ئەگەمە سوپاکەت سواری ئەسپ نابم."

پاشاش وتی:

"چۆن دەڵێیت با وا بێت."

پێکەوە ڕۆیشتن تا گەیشتنە ناو سوپاکە، پاشا بانگی کرد:

"خەڵکینە.... ئەم لاوە هاتووەتە داوای کچەکەم... منیش کوڕێکی لەمە باشترم دەست ناکەوێت: کە بیکەمە زاوام ئازا و بە جەرگ . ئێستاش گاڵتەی بەم سوپایە دێت و دەڵێت گەر ١٠٠٠٠٠ سەربازیش بن: بە تەنیا بۆتان دێمە گۆڕەپان و تەفر و توناتان دەکەم....! بۆیە گەر هاتە بەرامبەرتان لەگەڵتان بجەنگێت، درێغی لێ مەکەن و کەللەی بکەن بە نێزەی ڕمەکانتانەوە. ڕوویشی کردە لاوەکە و وتی:

"کوڕم.... دەستم دامێنت کاری وا مەکە: دەتکوژن!!"

لاوەکەیش وتی:

"ئەی پاشا... تۆ نازانیت چۆن لێیان دەچمە پێشەوە بۆ جەنگ!؟"

پاشایش وتی:

"باشترین ئەسپم بۆ زین کردیت.... نەتویست! ئێستاش... بۆت هەیە ئەسپ هەڵبژێریت!"

لاوەکەش وتی:

"نەخێر... منیش ئەو ئەسپەم هەیە کە پێی هاتووم."

پاشایش وتی:

"ئەی کوا ئەسپەکەت؟"

لاوەکەش وتی:

"ئەوەتا... لەسەر بانی کۆشکەکەتە!"

پاشا پرسی:

"لە کوێی سەربانەکەیە؟"

ئەویش وتی:

"ئیتر!"

پاشا هەڵیدایە،

"ئەمەش نیشانەیەکی تری کاڵفامیتە! ئاخر... ئەسپ چۆن دەگاتە سەربانی کۆشکی من؟"

فەرمانی دا.... بچن بیهێنن. بوو بە مقۆ..... مقۆ...! چونکە سەربازان گوێیان لەو قسەیە بوو. لە خۆیان دەپرسی: چۆن ئەسپ بەئەو هەموو پلیکانەدا سەر دەکەوێتە سەر ئەو کۆشکە چەندین نهۆمە؟ سەربازێك ڕەوانە کرایە سەربان کە سەیری کرد ئەسپێکی هێندە جوانی بینی... کە لە دنیادا وێنەی نەبوو! لە داری "عاج" و "ئەبەنووس" دروست کرابوو. هەندێك لە دەست و پێوەندانی پاشاش کە لەگەڵیا چووبوون ئەسپەکەیان بینی:

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو....... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٥٤

شەهرەزدا وتی: کە چەند کەسە نێرراوەکەی پاشا چوونە سەربان.... ئەسپێکیان بینی، لە دار عاج و ئەبەنووس دروست کرابوو. زین و لغاو کرابوو. زۆر جوان بوو!! دەستیان کردە پێکەنین و وتیان:

"ئا.... ئەمەیە ئەسپەکەی ئەو لاوەی لەگەڵ سوپای مەملەکەتدا پێی دەجەنگێت!!؟"

ئەمجا هەندێکیان وتیان:

"جا....بۆچی!؟ ڕەنگە ئەم ئەسپە گرنگ بێت و ئێمە پێی نەزانین!!"

ئەمجا هەڵیان گرت و بەچوار دەستە هێنایانە بەردەم پاشا.... ئەویش لەگەڵ وەزیراندا کە بینیان... زۆریان بە لاوە جوان بوو! ئەمجا پاشا بە لاقرتێیەکەوە بە کوڕەی وت:

"فەرموو....... سواری ببە."

ئەویش وتی:

"تاکو ئەم سوپایەم کەمێ لێ دوور نەکەوێتەوە، سواری نابم!"

ئەمجا پاشا فەرمانی دا سەربازەکان بە هێندەی کەوتنەوەی تیری کەوانێك لەم ئەسپەوە دوور بکەوەنەوە. کوڕە پاشا وتی:

"هەر ئێستا سوار دەبم و سوپاکەت بڵاوە پێدەکەم. ترس دەخەمە دڵیانەوە."

پاشایش وتی:

"چیت لە دەست دێت درێغی مەکە! چونکە ئەوانیش تۆیان گرت، بەزەییان پێتدا نایەتەوە."

کوڕە پاشا سواری ئەسپە دارینەکەی بوو. سەربازە ڕیز بووەکانیش لەنێو خۆیاندا وتیان:

"هەر گەیشتە لامان دەیکەین بە سەرە ڕەمەکانمانەوە"

هەندێکیان وتیان:

"بەو خوایە.... ئەمە بەڵایە... لە خۆی ڕانەبینێ، ئەم شەڕە ناکات."

کاتێك سواربوو، کەڵەشێرەی لای راستی ئەسپەکەی بادا... سەربازەکان هەر چاوەڕێی ئەوە بوون بزانن چی روو دەدات ئەمجا کەوتە جووڵەی سەرسوڕهێنەر و سکی ئەسپەکە پڕ بوو، لە هەوا ئەمجا بڵند بووەوە بۆ ئاسمان کە پاشا ئەمەی دی هاواری کرد:

"فریای بکەون ... مەهێڵن بڕوات!"

وەزیران وتیان:

"پاشا گیان... باڵندە چۆن دەگیرێت؟"

با بڕوات و رزگارمان بێت لەو ساحیرە. پاشا ئەمەی بینی گەڕایەوە بۆ کۆشك و چووە لای کچەکەی هەر چیەکی لە کوڕە پاشا بینی بوو........ بۆی گێڕایەوە. کەچی کچەکەی زۆر بە داخ بوو، بۆ رۆیشتنی و دابڕانی! دوای ماوەیەك کچەکە تووشی خەمۆکی بوو، لە جێگادا کەوت. دواتر باوکی چووە سەردانی کچەکەی و ناوچەوانی ماچ کرد و وتی:

"کچم: سوپاس بۆ خوا بکە.... لەو ساحرە رزگارمان بوو."

ئمجا کە باوکی باسی کوڕە پاشای بۆ دەکرد، هەر دەگریا... کوێی لە قسەکانی باوکی نەدەبوو. کچەکە پەیمانی لەگەڵ خۆی بەست کە ئیتر نان و ئاو نەخوات: تا کوڕە پاشا نەبینێتەوە، کە پاشای باوکی کچەکەی دەبینی زیاتر تاسەی دەکات... هێندەی دی بۆی بە خەم دەبوو. لەولایشەوە، کوڕە پاشا... ناوی شارەکە و پاشا و کچەی پرسی بوو. کە شارەکە ناوی "سەنعا" بوو. ئەمجا فڕی تا گەیشتەوە بانی ماڵی باوکی نیشتەوە و ئەسپەکەی جێ هێشت و هاتە خوارەوە. کە باوکی بینی سەرنجی دا زۆر بە خەم بوو بۆی... کە کوڕەکەی بینی هەستا و باوەشی پیادا کرد و زۆر دڵخۆش بوو. ئەمجا پێی وت:

"زاناکە بە لەعنەت بێت....... کە ئاوا بووە هۆی دابڕانت لە ئێمە...خۆ... لەو رۆژەوە تۆ ون بوویت.... منیش ئەوم بەند کردووە!"

ئەمجا شا فەرمانی دا، ئازادی بکەن و بۆم بێنن. کە هات..... پاشا فەرمانی دا خەڵاتیان کرد و پاداشتی باشی ئەو زانایەی دایەوە بەڵام کچەکەی لێ مارە نەکرد. بۆیە کابرای زانا.... زۆر پەست بوو. خەمی ئەوەشی بوو کە کوڕە پاشا فێری سواری بوونی بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣٥٥

شەهرەزاد وتی: ئەمجا باوکی کوڕە وتی:
"بە قسەی من دەکەیت لەمەودوا سواری ئەسپە دارینە نابیت! چونکە هیچ دەربارەی ئەسپەکە نازانیت"
کوڕەش لە شاری "سەنعا" لەگەڵ شازادە و باوکیدا، بۆ باوکی خۆی گێڕایەوە. باوکی وتی:
"ئەوە ڕۆژت تەواو نەبووە.. ئەگەرنا.. هەر لەوێدا دەیتوانی بتکوژێت!"
کە کوڕە پاشا کچە شازادەی بیر کەوتەوە چووەوە سەربان و دیسان سواری ئەسپە دارینە بووە و کەڵەشێرەی سەر شانی ڕاستی خولانەوە. ئەسپ فڕی بەرەو ئاسمان. ئەمجا پاشا چووە سەربان و ئەسپە دارینەی بە ئاسمانەوە، بینی خەمی لێهات و پەشیمانی ئەوە بوو...... کە چۆن ئەو ئەسپە دارینە: لەعنەتیەی لێ نەشاردەوە ئەمجا لە دڵی خۆیدا وتی:
"بەو خوایە..... ئەمجارە ئەو ئەسپە دارینەیە بێتەوە بەردەستم... ناهێڵم، ئەم کوڕەم جارێکی دی سواری ببێتەوە، تاکو تووشی دڵەڕاوکێ نەبم."
کوڕەش فڕی تا گەیشتەوە سەربانی هەمان کۆشك و نیشتەوە. ئەمجا بە دزیەوە هاتە خوار و چاوی گێڕا بۆ کۆمەڵە کەنیزەك و شازادە و کۆیلەی پاسەوان....بەڵام کەسی نەبینی. ئەمجا ژوورەکانی تر گەڕا... تاکو شازادەی دۆزیەوە. سەیری کرد لە جێگادا کەوتووە چووە ژوور و سڵاوی لێیان کرد. کە کەنیزەکەکە گوێی لە دەنگی بوو بەرزە پێ هەستا. ئەویش پێی وت:
"خاتوونەکەم.... ئەو ماوەیە زۆرم بیر کردیت!"
کیژەکەش لە وەڵامدا وتی:
"منیش زۆرم تاسە کردیت!"
کوڕە پاشاش وتی:
"ئەی نازانیت، باوکت چی پێ کردم!؟ خۆ... لەبەر خاتری تۆ نەبوایە.. دەمکرد بە عیبرەتی ڕۆژگار.. بەڵام لەبەر تۆ.. ئەویشم خۆش دەوێت."
شازادەش وتی:
"چۆن دڵت هات و منت جێ هێشت؟! بێ تۆ ژیانم تاڵە!!؟"
ئەویش وتی:
"گوێم لێدەگریت و بە قسەم دەکەیت!؟"
شازادەش وتی:
"بێخەم بە.... هەر چییەك بڵێیت.. بە قسەت دەکەم."
ئەمجا پێی وت:
"شوێنم بکەوە..... با بڕۆینەوە... وڵاتی خۆم."
ئەویش وتی:
"بەچاوان"

کە کوڕە پاشا ئەمەی بیست زۆر دڵی خۆش بوو وتی:
"بلێ بە خوا!"

ئەمجا چوونە سەربان و کوڕە پاشا سواری ئەسپە دارینە بوو و کچەکەی خستە پاشکۆی خۆی و کەڵەشێرەکەی لای راستی خولانەوە. بەڵام هەر زوو هەواڵیان بردبوو بۆ باوکی کیژەکە. کاتێ گەیشتە سەربانی کۆشك تازە ئەسپەکە فڕی بوو. بۆیە پاشا هاواری کرد:

"کوڕە پاشا... بۆ خاتری خوا.. بەزەییت، بە من و دایکیدا بێتەوە و کچەکەمان لێ دوور مەخەرەوە...!"

کەنیزەکان کردیانە ڤیڕە ڤیڕ کوڕە پاشایش وای زانی کچە بیری دایك و باوکی دەکات پرسی:

"حەز دەکەیت بتگێڕمەوە بۆلایان؟"

کەچی شازادە وتی:

"نە!"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو....... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٥٦

شەهرەزاد وتی: کە کوڕە پاشا ئەمەی لێ بیست زۆر دڵی خۆش بوو. ئەسپەی خستە فڕین بەڵام خێرا نەبوو... بۆ ئەوەی کچە پاشا ماندوو نەبێت. فڕین تاکوگەیشتنە سەر مێرگوزارێك، ئەمجا شۆڕ بووەوە، تا گەشتنەوە سەر زەوی نیشتنەوە نانیان خوارد و لێی دانیشتن. کە حەوانەوە کوڕە پاشا سواری ئەسپە دارینەکە بوو. کچەکەشی خستە پاشکۆی خۆی و بەستیەوە. ئەمجا فڕیوە ئاسمان رۆیشتن تا گەیشتنەوە مەملەکەتی باوکی... ئەمجا کوڕە پاشا ویستی مۆڵکەکانی باوکی پیشانی شازادە بدات بۆیە چوار دەوری شاردا فڕی دواتر بردیەوە ئەو رەزوباخەوە کە باوکی تێیدا لە بانیژەیەکیەوە وەستابوو...... لە شوێنێکدا کیژەی دانا... وتی.... :

"چاوەڕێ بکە تا دێن بە شوێنتدا دەۆڕم بۆ لای باوکم... تاکو کۆشکێکت بۆ چۆڵ بکات. دەوڵەمەندی باوکمت بۆ دەربکەوێت."

کیژەش وتی:

"چۆنت پێ باشە، وا بکە."

ئەمجا خۆی چوو بۆ لای پاشای باوکی... ئەویش کە بینی سەلامەتە و گەڕاوەتەوە خۆی زۆری پێ خۆش بوو. ئەملاو لای ماچ کرد. کوڕە بە باوکی وت:

"ئەوە بزانە... کچە پاشاکەی بۆم باس کردیت: لەگەڵ خۆم هێناومە. ئەوەتا لەناو ئەو مێرگەدا، دامناوە هاتووم، پێت رابگەیەنم. تۆش گەورەیی خۆت بنوێنە و بە رێورەسمێکی جوان... بەخێری بێنە و بچۆ بە پێشوازییەوە"

پاشاش وتی:

"بە سەرچاوان"

ئەمجا فەرمانی دەرکرد شار برازێننەوە ئاهەنگ بگێرن. سەرکردەکانی سوپا جوانترین بەرگ لەبەر بکەن. ئەمجا کۆشك بە فەرشی رەنگا و رەنگ برزاێننەوە. کەنیزەکانی رۆم و حەبەشی بۆ ببرێت. ئەمجا کورە کە هەموو شتەکان ئامادە بوون خۆی گەڕایەوە لای شازادە، چووە ئەو کۆختەیەی لێی جێی هێشتبوو، بەلام نە ئەسپەکەی بینی... نە شازادە!!! کەوتە لەخۆدان و یەخەی خۆی دادڕی و وەکو شێت، کەوتە گەڕان بە دوایدا. ئەمجا لە دڵی خۆیدا وتی:

"چۆن سوار دەبێت و دەڕوات! خۆ شازادە نهێنی فڕینی نازانێت؟ دەترسم زانای خاوەنی بە دوامەوە بووبێت. تا ئەم هەلەی دەست کەوتووە... شازادەی فڕاندووە. ئەم کابرا فارسە... تۆڵەی خۆی لە باوکم کردبێتەوە...! لە داخی ئەوەی باوکم خوشکەکەی منی لێ مارە نەکردووە!"

ئەمجا کورە پاشا..... پرسیاری لە پاسەوانانی رەز و مێرگەکە کرد. کە ئاخۆ.. کەسیان نەبینیوە!؟ ئەوانیش وتیان:

"لە زانا فارسەکە زیاتر کەسمان نەدیوە! لێرە! چونکە هاتبوو.... رووەکی بە سوود بۆ دەرمان کۆ بکاتەوە."

ئەویش کە ئەمەی لێ بیستن گومانی نەما.. کە زانا فارسەکە شازادەی فڕاندووە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٥٧

شەهرەزاد وتی: فەیلەسوف و زانای فارسی، لەو دەورووبەرەدا، دەگەڕا بۆ رووەك و گژ وگیای دەرمان. قەدەری خوا وابوو بۆنی ئەو مسکەی کرد کە کورە پاشا..... لە خۆی دا. بۆیە بە بۆنی ئەو مسکەوە رۆیشت تا گەیاندیە بەر هەیوانەکەی نێو ئەو رەز و مێرگە... کە سەیر دەکات وا ئەسپە دارینەکەی کە خۆی دای هێنابوو لەوێدا دانراوە. زۆر دڵی خۆش بوو... چووە بەردەمی... بەوردی پشکنی، سەیری کرد هیچی ناتەواو نییە... ئەمجا هات بە بیری دا، بە خۆی وت:

"رەنگە کورە پاشا شتێکی لەگەڵ ئەم ئەسپەدا هێنابێت!! با کەمێك بگەڕێم!!"

ئەمجا بەو دەورووبەرەدا گەڕا.... کچە پاشای بینی. کە لەگەل ڕۆژەکە شەڕی دەکرد هێندە جوان بوو!! ئەمجا بەخۆی وت:

"ئەم کەنیزەکە زۆر جوانە... هەبێ و نەبێت کوڕە پاشا بۆ خۆی هێناوە، ئێستاش چووەتەوە بۆ لای باوکی تاکو بە ڕێوڕەسمی شاهانە بیبەنەوە بۆ کۆشکی پاشا. بۆیە چووە بەردەمی و کڕنووشی بۆ برد. کچە پاشا بە نازەوە چاوانی هەڵبڕی و سەیرێکی کرد. زۆر ناشیرین هاتە بەرچاوی ئەمجا پرسی:

"تۆ کێیت؟"

ئەویش وتی:

"خاتوون من کوڕە پاشا ناردوومی بە دواتا، کە لەم ڕمز و باخەوە بتگەیەنمە باخی پاشا تاکو... باوکی بێت بە پیرتەوە... بە ڕێوڕەسمی پاشایانە بتباتەوە بۆ کۆشك... "

ئەمجا کیژەش پرسی:

"باشە ئەی خۆی لە کوێیە؟"

زاناکە وتی:

"لەگەڵ باوکیدا خۆی ئامادە دەکات."

کیژە پرسییەوە:

"لە تۆ زیاتر کەسی تری دەست نەکەوت؟"

زاناکە بەم قسەیە زۆر پێکەنی و وتی:

"سەیری ناشیرینی ڕوخسارم مەکە...ئەگەر ئەوەی کوڕە پاشا لە منەوە دەستی کەوتووە.... دەست تۆ بکەوتایە سوپاس گوزارم دەبوویت. کوڕی پاشا، چەندین کۆیلەی قۆزی هەیە بەڵام کە منی ناردووە تاکو دڵ پیس نەکات لێت!"

ئەمجا کیژە دەستی خستە دەستیەوە و وتی:

"قسەکەت پەسەندە..ئەی بە چی بڕۆین؟"

ئەویش وتی:

"بە ئەو ئەسپەی پێی هاتیە ئێرە!"

کیژەش وتی:

"ناوێرم بە تەنیا سواری ببم!"

زاناکە لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەوە......دەستم لێی گیر بوو."

ئەمجا بە کیژەی وت:

"خۆم لە تەکتدا سوار دەبم."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣٥٨

شەهرەزاد وتی: کە زاناکە سواری ئەسپە دارینەکە بوو کچە پاشای خستە پاشکۆی خۆی و بەستیەوە بە خۆیەوە. ئەمجا کەلەشێرەی شانی راستی ئەسپەکەی خولانەوە. ئەسپەکە هەوا چووە سکیەوە و فڕی، بڵند بووەوە هێندە بڵند بوونەوە تاکو شاریان لێ ون بوو، ئەمجا کچە پاشا پرسی:

"تۆ وتت دەتبەمە لای کوڕە پاشا!"

زاناکە وتی:

"کوڕە پاشا بە لەعنەت بێت. چاوەڕێی چیت...!؟ تۆ نازانیت من کێم؟"

کچە پاشا وتی:

"لەوەندەی پێت وتم ... زیاتر نازنم لە بارەی تۆوە!"

زاناکە وتی:

"ئەم ئەسپە دارینە من دام هێناوە و کورشە پاشا لێی زەوت کردووم. ئێستاش وا ئەسپەکەم دەست کەوتەوە. دەستم بە سەر تۆیشدا گرتووە، بۆیە لە داخدا دڵی دەتەقێنم."

کچە پاشا کە ئەمەی بیست، دەم و چاوی خۆی رنیەوە... هاواری کرد وەکو مێردەکەم لە دەست چووە...... ماڵی باوکیشم لە دەست چوو."

ئەمجا کەوتە گریان. زاناکەش کەوتە رێ... تاکو گەیشتنە وڵاتی رۆم. لەوێ لە مێرگێکدا نیشتەوە. ئەو شوێنەش نزیك بە وڵاتێك بوو کە پاشاکەی دەست رۆیشتوو بوو. قەدەری خوا وابوو ئەو رۆژە پاشا هەندێك لە سەربازانی بۆ راو و شکار دەرچووبوون. لە هەمان مێرگدا بۆ حەوانەوە لایان دابوو. زاناکەش لەگەڵ کچە پاشادا بێ ئەوە ئەوان ببینێت ئەو مێرگەی بەلاوە خۆش دەبێت... لا دەدات. پیاوانی ئەو پاشایە دەیان بینن بە دیل گرتیان و بۆ لای پاشا بردیان. پاشایش کە سەرنجی دا.... ئەم پیاوە شارەزا و ناشیرینە، ئەم کیژە جوانەی پێیە پرسی:

"خاتوون ئەم پیاوە پیرە چی تۆیە؟"

زاناکە وەڵامی دایەوە:

"کچە مامە و ژنمە"

کچەکە بە درۆی خستەوە :

"بەو خوایە... ئەم کابرایە نە مێردمە و نە دەیناسم. بە فێڵ منی فڕاندووە!"

کە پاشا ئەمەی بیست وتی:

"نادەی تێی هەڵبدەن."

ئەوانیش هێندەیان لێدا خەریك بوو بمرێت.... پاشا فەرمانیدا ... بیبەن لە بەندیخانەی توند بکەن. پاشا کچە شا و ئەسپە دارینکەی برد. بێ ئەوەی نهێنی فڕینی ئەسپەکە بزانێت.

لەولایشەوە کوڕە پاشا بەرگی سەفەری پۆشی پارە و شت و مەکی پێویستی لەگەڵ خۆی برد. ئەم شار و ئەو هەرێم کەوتە گەڕان دەچووە هەر شوێنێك پرسیاری ئەسپە دارینەکەی

دەکرد... خەڵکەکەیش شتی وا سەیریان هەر نەدیبوو! ماوەیەکی زۆر لە پرسیار کردن نەکەوت. هیچ هەواڵێکی نەبیست. تاکو دوایی گەیشتە شاری کەنیزەکەکە. لەوێش پریاری کرد. بەڵام بێ سوود بوو. ئەمجا بەرەو وڵاتی رۆم بووەوە. کەوتەوە پرسیار کردن.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو....... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٥٩

شەهرەزاد وتی: وا رێکەوت خۆی کرد بە خانێکدا "ئوتێل"ێکدا، گوێی لێ بوو کۆمەڵێك پیاو قسەیان دەکرد.... یەکێکیان وتی:

"دەڵێن پاشای فلان شار خۆی و گەورە پیاوانی دەچنە راو و شکار ، لە مێرگوزارێکدا لا دەدەن، بۆ حەواننەوە، دوای کەمێك دەچن بە سەر پیاوێکی ناشیرین دا کە کچێکی زۆر جوانی پێ دەبێت. بەڵام لە هەمووی سەیر تر.... ئەسپە دارینەیەك دەبێت کە لەداری "ئەبەنووس" دروست کراوە. هێندە جوانە... لە دنیادا لە وێنەی نییە!!"

خەڵکەکەش دەپرسن:

"کە ئاخۆ... پاشا چی کردووە؟"

ئەویش دەڵێت:

"کە پاشا لە پیاوە ناشیرینەکەی پرسیوە ئەم کیژە چییەتی؟ وتویەتی: گەورەم ئامۆزامە و هاوسەرمە. بەڵام کەنیزەکەکە بە درۆی خستووەتەوە. پاشایش تووڕە بووە و فەرمانی داوە بیرازێکی باشی بکەن. دواتر لە بەندیخانەی توند کردووە. بەڵام بۆ ئەسپە دارینەکە زانیاریم نییە. ئەمجا کوڕە پاشا لەو پیاوە چووە پێش و زۆر بە رێزەوە پرسیاری ناوی شارەکە و ناوی پاشای لێ پرسی: ئەویش پێی وت. کە ناوی شار و ناوی پاشاکەی زانی ئەو شەوە زۆر بە دڵخۆشییەوە لێی نووست. بۆ سبەینێ کەوتە رێ بەرەو ئەو شارە.. کە گەیشتە دەروازەی شار ئێوارە بوو. بۆیە پۆلیسەکان گرتیان و رەوانەی بەندیخانەیان کرد. چونکە هەر کەسێکی نامۆ، کە دەهاتە شار دەیان بردە لای پاشا... پاشایش ناوی لێ دەپرسی. کارەکەی چییە لە کوێوە هاتووە!!؟ بەڵام ئێواران نەدەبوو.... گیراوەکانی قەراغ شار ببرێنە بەردەم پاشا. دەیان خستنە بەندیخانەوە رۆژی دواتر دەبران. سەرۆکی بەندیخانە و پۆلیسەکان کە کوڕە پاشایان بینی هێندە شۆخ و جوان بوو زۆریان رێز گرت. لەلای خۆیان دایان نا. ئێوارەش لەگەڵ ئەوان نانی خوارد. ئەمجا لێیان پرسی:

"خەڵکی چ وڵاتێکیت؟"

ئەویش لە وەڵامدا وتی:

"خەڵکی وڵاتی فارسم. مەملەکەتی کیسراکان "

کە گوێیان لەم وەڵامە بوو دەستیان کردە پێکەنین! ئەمجا یەکێکیان وتی:

"مـن زۆر گـەڕاوم و هـەواڵی وڵاتـانێکی زۆرم بیسـتووە، لـەم کـابرا کیسـرابیە درۆزن تـرم نەبیستووە."

یەکێکی تریان وتی:

"لەو ڕەوشت خراپتر و ناشیرین ترم نەدیوە!"

کوڕە پاشا لێی پرسین:

"چۆن زانیتان، ئەو پیاوە فارسە درۆزنە!؟"

وتیان:

"وای دانابوو... کە زانا و حەکیمە. ئـەو کاتـەی پاشـا گرتبـووی کیـژێکی جوانیشـی لەگـەڵ بوو. ئەسپە دارینەیەکیشی پێ بوو. ئێستا لە گەنجینەی پاشا دایە. کەنیزەکەکە شێتە. ئەگـەر ئـەو پیـاوە زانـا و پزیشـك بوایـە ئـەو کەنیزەکـە جوانـەی چـاك دەکـردەوە. کەچـی پاشـا لـە تەقەلای ئەوە دایە ئەو کەنیزەکە چاك بکاتەوە...!! پیاوە ناشیرینە درۆزنەکەشی کـە باسمان کرد لێـرە لای خۆمـان لـە بەندیخانەیـە. هـەر کـە شـەوی لـێ دێ هێنـدە دەقیـژێنێ و دەگری. هەراسانی کردوین و ناهێڵێت بنووین."

کوڕە پاشا کە ئەمەی بیست، بۆی دەرکەوت زانا فارسەکە لێرەیە شەو کاتی نووستن کوڕە پاشـایان خسـتە هـەمان بەندیخانـەوە و دەرگایـان لەسـەر داخسـت. زانـا فارسـەکە کەوتـە خـۆ لاواندنەوە و وتی:

"خاکم بە سەر چیم بە خۆم و بەکوڕە پاشا کرد!!؟ چۆن سەرم لە کچە پاشایش تێکدا!!؟ کارێکم کرد کە نەدەبوو بم کردایە! هەر کەسێك کارێکی خراپی کرد... وەکو منی لێ بـە سـەر دێت!!"

ئەمانەی بە زمانی فارسی دەوت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٦٠

شەهرەزاد وتی: کە کوڕە پاشا ئەم لاواننەوەی بە زمانی فارسی بیست پێی وت:

"تاکەی دەگریت، ئەمە کەسی تر توش نەبووە تۆ نەبێت؟"

زاناکە... لەگەڵ کوڕە پاشا، هۆگر بوو. ئەو شەوەیان پێکەوە بـە سـەر بـرد. بـۆ سبەینێ دا پۆلیسەکان کوڕە پاشایان بردە لای پاش و پێیان وت کە ئەم کوڕە، دوێنێ درەنگانـێ، هاتووە و ئێمەش گرتوومانە و لە بەندیخانەدا بووە. تـا ئـەم بەیانییـە. ئـەمجا هێناومانەتـە لاتـان. پاشا لێی پرسی:

"لەکوێوە هاتوویت؟ ناوت چییە؟ چ کارەیت؟"

کوڕە پاشا لە وەڵامدا وتی:

"ناوم بە زمانی فارسی کەمێك نالەبارە! لە وڵاتی فارسەوە هاتووم، کاریشم پزیشکی و دەرمانگەرییە. وڵاتان دەگەڕێم بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشان! چونکە ئەمە کاری منە."

کە پاشا ئەمەی بیست زۆری پێ خۆش بوو. پێی وت:

"پزیشکی بەرێز لە کاتی خۆیدا هاتوویت.... نەخۆشێکمان هەیە.... گەر توانیت چارەسەری بکەیت چیت دەوێت دەتدەمێ!"

کوڕە پاشاش وتی:

"قوربان... شێوە شێت بوونەکەیم بۆ بگێڕەوە، لە کەیەوە تووشی بووە؟ چۆن ئەو کچە و ئەو ئەسپە و ئەو فارسە، کە خۆی بە پزیشك دادەنێ، دەستت کەوت؟"

پاشا لە نووکەوە بۆی گێڕایەوە، ئەمجا پێی وت:

"زاناو پزیشکەکە لە بەندیخانە دایە"

ئەمجا کوڕە پاشا پرسی:

"قوربان... ئەی ئەسپە دارینەکە لە کوێیە؟"

پاشا لە وەڵامدا وتی:

"لە داڵانی کۆشکدا هەڵگیراوە."

کوڕە پاشا لە دڵی خۆیدا وتی:

"باشترین ئیش ئەوەیە.. جارێ با بچم سەیرێکی ئەسپە دارینەکە بکەم، گەر نەشکابوو ئەوە بە ئاواتی خۆم گەیشتووم! خۆ... ئەگەر شکاندبوویان.. ئەوا دەبێت کارێك بکەم ژنەکەم رزگار بکەم." بە پاشای وت:

"قوربان... دەبێت سەیرێکی ئەسپە دارینەکە بکەم. بەڵکو هەندێ زانیاریم دەست بکەوێت و یارمەتی دەرم بێت بۆ چاك بوونەوەی نەخۆشەکە."

پاشا دەستی گرت و بردی.... ئەسپە دارینەکەی... پیشان دا. ئەویش بە هەر چوار لای دا... سوڕایەوە و پشکنی. لە دڵی خۆیدا زۆر خوشحاڵ بوو. کە ئەسپەکە نەشکێنراوە. ئەمجا وتی:

"قوربان... خوا پایەدارت بکات. ئێستا... با کەنیزەکەکە ببینم، بەڵکو لە سەر دەستی مندا و بە هۆی ئەسپە دارینەکەوە، چارەسەر بکرێت"

ئەمجا پاشا فەرمانی دا ئاگایان لەو ئەسپە دارینەیە بێت. پاشا کوڕە پاشای بردەوە بۆ ماڵ تاکو کەنیزەکەی پیشان بدات.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.........بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣٦١

شـەهرەزاد وتـی: کـە پاشـا بردیـە ژووری کەنیزەکەکـە .. روانـی کەنیزەکەکـە خـۆی بوورانووەتەوە، وەکو ئەوەی فێی لێ هاتبێت، کە دیار بوو بۆ ئەوە وا دەکات تا پاشا لە خۆی دوور بخاتەوە. بۆیە کوڕە پاشا لێی چووە پێش و وتی:

"ئارام بە... ئارام بە.. "

ئەمجا دەمی نایە پەناگوێی و بە هێواشی پێی وت:

"هێـور بـە... ئیـدی کـارێ بکـە، پاشـا وا بزانێـت بـەرەو چـاك بوونـەوە.... دەچیت... مـن مێردەکـەتم کـوڕە پاشـا. لەمـەودوا هـەوڵ دەدەم زنجیرەکـەی دەسـتت بکەمـەوە، دواتـر فێڵێـك بکەین، خۆمان لە دەست ئەم پاشا زۆردارە، رزگار بکەین."

کەنیزەکەکە، کە کوڕەپاشای ناسیەوە فیژاندی و لە خۆشیدا بوورایەوە کە بـە ئاگا هاتـەوە وتی:

"بەسەر چاوان بە زمانی شیرین قسە لەگەڵ پاشادا دەکەم"

ئەمجا کوڕە پاشا لە ژوورەکە هاتە دەر و چووە لای پاشا و بە خۆشییەوە پێی وت:

"قوربان.... مژدە بێت کە کەنیزەکەکە، چاك بووەتەوە.. فەرموو بچۆ سەردانی.. بـەڵام بـا زمانت شیرین و مامەڵەت لە تەکیدا نەرم و نیان بێت"

پاشا چووە لای کەنیزەکەکە ئەویش کڕنووشی بۆ برد و بەخێرهاتنی کرد. پاشا بەمە زۆر خۆشحاڵ بوو. ئەمجا فەرمانی دا بیبەنە گەرماو کە هاتە دەرەوە، جل و بەرگی رازاوەی لەبـەر بکەن و بە زێڕ و زیو بیڕازێننەوە. ئەمجا چووە لای کوڕە پاشا و پێی وت:

"چاك بوونەوەی بە هۆی بەرەکاتی تۆوە بوو، خوا پیرۆزیی تۆمان بەسەردا بڕژێنێت."

کوڕە پاشا وتی:

"پاشای بەڕێز... دەبێت هەندێك لە سوپا ببەیتەوە ئەو شوێنەی ئـەم ژنـەت لێ گرتـووە. لەگەڵ ئەسپە دارینەکەدا تاکو لە ئەو شوێنەدا جنۆکەکان بـەجۆرێك لـە گیـانی دەر بکـەن کـە نەتوانن جارێکی دی بگەڕێنەوە گیانی"

پاشایش فەرمانی دا هەندێك لە چەکداران بچنەوە هـەمان مێرگوزار و ئەسـپە دارینـەش ببەنەوە هەمان شوێن... کەنیزەکەکەشیان لەگەڵ خۆیان بردە هەمان شوێن...... کۆ بوونـەوە بێ ئەوەی بزانن چی روو دەدات! ئەمجا کوڕە پاشا کە وا خۆی دەرخستبوو، پزیشکە فـەرمانی دابوو، کەنیزەکەکە و ئەسپە دارینەکە دوور لە قـەرەباڵغی و پاشـاوە، ئامـادە بکـەن. بـە پاشـای وت:

"بە یارمەتیت بۆنی بخورد دروست دەکـەم، "عەزیمـە" دەخـوێنم، تـاکو جنۆکـە لـە لەشـی دەر بکەم. ئەمجا دەچم کەنیزەکەکە دەخەمە پاشکۆم، لـەو کاتـەدا ئەسـپە دارینەکـە، بـەهێزی جنۆکە دەرپەیوەکان لە لەشی نەخۆشەکە بەرەولای تۆ دەجووڵێن! ئیتر چاك دەبێتەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣٦٢

شەهرەزاد وتی: ئەمجا شا زۆر دڵخۆش بوو.... چاوەڕێی کرد کوڕە پاشا سواری ئەسپە دارینەکە بوو. کەنیزەکەکەی خستە پاشکۆی خۆی و جوان دایبەست. ئەجا "کەڵەشێرە"ی فڕینی بادا... ئەسپەکە فڕی و چووە ئاسمان پاشان چاوەڕێی دەکرد. ئەسپەکە لە ئاسمان ون بوو. ئەو هەموو سەربازەش سەیر دەکەن و سەراسیمەن!! پاشان تا نیوەڕۆ چاوەڕێ بوو دواتر بێ ئومێد بوو لە گەڕانەوەی ئەسپە دارینەکە. زۆر پەشیمان بوو.... کە متمانەی بەوە شێوە دابووە کوڕە پاشا. فەرمانی دا.. گەڕانەوە شار لەولایشەوە، کوڕە پاشا. بە دڵی خۆشەوە...... بەرەو وڵاتی خۆی بووەوە. کە گەیشت لە کۆشکی باوکی لایدا و نیشتەوە. ئەمجا ئەسپەکەی توند و تۆڵ بەست و خۆی کرد بە لای دایك و باوکیدا. سڵاوی لێ کردن و پێی ڕاگەیاندن کە کەنیزەکەکەی خێزانی هێناوەتەوە. ئەوانیش زۆریان پێ خۆش بوو. لە ئەولایشەوە پاشای ڕۆم چووە ناو کۆشك زۆر خەمبار دەستەوئەژنۆ دانیشت. وەزیرەکان و پیاوماقوڵانی دەوڵەت: هاتنە سەردانی و پێیان وت:

"خوا پایەدارت بکات بەختمان یاوەر بوو کە لە فڕوفێڵی ئەو ساحیرە ڕزگارمان بوو."

لەولایشەوە شار ڕازێنرایەوە. ئاهەنگ گێڕڕا. بۆ هاتنەوەی کوڕە پاشا و ژنەکەی. بوو بە شایی و لۆغان. ئاهەنگ مانگێك لە شاردا درێژەی کێشا. پاشان ...... لە داخی دوور کەوتنەوەی کوڕەکەی، بە هۆی ئەو ئەسپە دارینەوە ئەسپە دارینەکەی تێك و پێك شکاند. کوڕە پاشایش.... نامەیەکی بۆ باوکی ژنەکەی نووسی و کاروانێك دیاری و خەڵاتی لەگەڵ ژنەکەی ناردەوە بۆ وڵاتی خەزووری. کە کاروانەکە و شازادە گەیشتەوە وڵاتی "سەنعا" کچەکەیان بە باوکی گەیاند لەگەڵ نامەکەدا زۆر خۆشحاڵ بوون. دوای ماوەیەك پاشا کچەکەی ناردەوە بۆ زاواکەی و نامەیەکیشی بۆ ناردبوو. تێیدا پێخۆشحاڵی خۆی نووسی بوو. ئیدی ساڵی چەند جارێك نامەی بۆ زاواکەی دەنووسی و دووی نارد. دواتر پاشای باوکی زاوا مرد و کوڕەکەی بووە جێ نشینی و دەستی کردە ئاوەدان کردنەوە. دانیشتوان زۆری لێ ڕازی بوون. دواتر خوا ئەم پاشەیەشی بەسەر کردەوە و کۆتاییان هات!!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو................ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٦٣

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە لە زەمانی زوو..... سالانی کۆنی بەسەر چوو پاشایەکی بە توانا.... خاوەن دەسەلات و دانا هەبوو. وەزیرێکی هەبوو ناوی "برایم" بوو. کچێکی بووناسک و نازدار.. وەك گوڵی هەنار. ژیری بە بڕشت.... جوان و بە ڕەوشت. ئارەزووی زۆری هەواڵ بوو..... بەشیعرەوە سەری قاڵ بوو. ناوی "دەسکە گوڵ" بوو. بۆیەش ئەو نازناوەی لێ نرابوو هێندە ناسکبوو، بە بای باوەشێن... سەر کولمی ئاڵی پڕ دەبوو لە خوێن... پاشا زۆر پێی خۆش بوو کە دەیدوان! پاشای شار، سالانە یاری تۆپی لە شاردا رادەگەیان. ئەو ساڵەش وەکو جاران یاری رێکخست. کچە وەزیر، هاتە بەر پەنجەرە........ بۆ سەیر کردن. لە کاتی یاری کردندا، لایەکی کردەوە لە نێو سەربازەکاندا، لاوێکی بینی کە بێ وێنە بوو. لە قۆزی و جوانیدا. ناوشان پان....کەڵەگەت. کچە وەزیر سەیرێکی دایەنەکەی کرد و پرسی:

"ئاخۆ.... ئەو لاوە ناوی چی بێت؟"

پیرەژن وتی:

"زۆربەی سەربازەکان کەڵەگەتن... کامیان؟"

کچە سێوەکەی دەستی لە ئاستی بەردایەوە بەر سەری کوڕە کەوت و سەری بلند کرد.... کچە وەزیری بینی کە وەکو ئەستێرە بوو...... بە کەمەری مانگەوە. ئیدی چاوی لە سەر ئەو کچە.... لا نەدەبرد. کە یارییەکە کۆتایی هات. دەسکە گوڵ لە پیرەژنەی دایەنی پرسی:

"ئەو لاوەی پیشانم دایت، ناوی چییە؟"

ئەویش وتی:

"ناوی "انس الوجود"ە."

کچە سەرێکی بادا. ئەمجا هەناسەیەکی هەڵکێشا و پەڕەیەکی هێنا و شیعرێکی تیا نووسی. پارچەیەك ئاوریشمی هێنا و شیعرەکەی خستە ناوی و پێچایەوە و خستیە ژێر سەرینەکەی. تومەز یەکێك لە دایەنەکانی چاوی لە کارەکەی دەبێت. دێت و بە گفتوگۆوە سەرقاڵی دەکات. تاکو خەوی لێ دەکەوێت. ئەمجا دەستی دەبات و ئاوریشمە لوول کراوەکەی لە ژێر سەرینەکە دەرهێنا و خوێندیەوە. بۆی دەرکەوت کە دەیەوێت ببێتە ژنی "انس الوجود". دواتر خستیەوە شوێنی خۆی. کە دەسکە گوڵ بە ئاگا هاتەوە دایەنەکە پێی وت:

"خاتوون هەرگیز هەستی خۆت مەشارەوە. با ..... خەفەتبار نەبیت و دواتر نەخۆشت نەخات."

دەسکە گوڵیش وتی:

"دایە گەورە، دەرمانی ئەم نەخۆشیەم چییە؟"

ئەویش وتی:

"پشت بە خوا خۆم دەرمانی بۆ دەدۆزمەوە."

کە دەسکەگوڵ ئەمەی بیست، زۆر دڵخۆش بوو دواتر لە دلی خۆیدا وتی:

"رازی دڵی خۆم بە کەس نالێم. بەم پیرەژنەش نالێم تاکو تاقی نەکەمەوە."

ئەمجا پیرەژنەوتی:

"خاتوون.... ئەمشەو خوا بەخێری بگێڕێت، لە خەومدا وەکو یەکێك پێم بڵێت: کە خاتوو دەسکە گوڵ دەیەوێت شوو بکات بە "انس الوجود" یارمەتی بدە.... تاکو.... شوو پێ بکات. نهێنی خاتوونەکەت بپارێزە.... خێری باشت دەسگیر دەبێت....وا.... خەوەکەم بۆ گێڕایتەوە، تۆش چیت پێ باشە.... وا بکە."

کە دەسکە گوڵ ئەمەی بیست زۆر خۆشحاڵ بوو. پارچە ئاوریشمە لوول کراو بەستراوەکەی دایە دەستی کە شیعرەکەی تیابوو پێی وت:

"دە... برۆ ئەم نامەیە بەرە بۆ انس الوجود و بوەستە تا.... وەڵامەکەت دەداتەوە."

پیرەژنە وەری گرت و رۆیشت. کە چووە لای "انس" بە پیرییەوە هات و دەستی ماچ کرد. نامەکەی لێ وەرگرت و خوێندیەوە. کە تێ گەیشت..... پێی وت:

" ئێستا وەڵامی ئەم نامەیە لە پشتەکەی دەنووسمەوە."

کە نووسی دایە دەستی و پێی وت:

"ئەی دایەن... ئەمە بدە دەستی خاتوونەکەت و ئاگات لێی بێت."

دایەنەکەش وتی:

"بە چاوان"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٦٤

شەهرەزاد وتی: کەنیزەکەکە لە دایەنەکە، نامەکەی وەرگرت و گەڕایەوە ماڵ دەسکەگوڵ لێی وەرگرت. ماچی کرد و خستیە سەر سەری. ئەمجا دەستی کردە خوێندنەوەی. دواتر... چەند دێرێکی لە دامێنی نامەکەوە بۆ نووسی و دایەوە دایەنەکە و فەرمانی پێدا، بیباتەوە بۆ "انس الوجود". ئەویش نامەکەی هەڵگرت و رۆیشت. لە دەرگای دا. دەرگاوان لێی پرسی:

"ئەوە بۆ کوێ دەچیت؟"

کەنیزەکەکە زۆری پێ ناخۆش بوو.... لەداخدا وتی:

"دەچم بۆ گەرماو" ١

لێی دا و رۆیشت. بەڵام هێندە شپرزە بوو...... نامەکەی لێ کەوتە خوارەوە. لەولایشەوە وەزیر لە سەر کورسییەك لێی دانیشتبوو. یەکێك لە خزمەتکارانی کۆشك نامەکە لەسەر زەوی و لە دەم دەرگادا دەدۆزێتەوە. بۆیە.... بە پەلە دەیباتە ژوورەوە و دەیداتە دەست وەزیر و دەڵێت:

"ئاغام... ئەم نامەیەم لەبەر دەرگای ماڵی خۆماندا دۆزیوەتەوە!"

وەزیر لێی وەرگرت و دەستی کردە خوێندنەوەی. کە وردتر سەرنجی دەست و خەتکەی دا بۆی دەرکەوت دەسکە گوڵی کچی نوسیویەتی. بە نامەکەوە چووە ژووری دایکی. ژنەکەشی پرسی:

"ئەرێ ئەوە چی روویداوە!؟"

وەزیریش نامەکەی دایە، تاکو بیخوێنێتەوە. ژنەکەشی چاوانی پڕ فرمێسک بوو. بەڵام زوو سڕیەوە و دانی بە خۆیدا گرت. ئەمجا وتی:

"پیاوەکە، ئەم کێشەیە، بە گریان چارەسەر نابێت! دەبێت زۆر وریایانە، مامەڵەی لەگەڵ بکەین. تاکو نامووسمان بپارێزین."

کەوتە دڵدانەوەی وەزیر. ئەویش وتی:

"من خەمی کچەکەی خۆمە. ئەی بیرت چووەوە کە سوڵتان چەندی خۆش دەوێت؟"

ژنەکەی وتی:

"لەبەر دوو هۆ... دەترسم. یەکەم : دەسکە گوڵ کچمە. دووەم: تۆیش وەزیری سوڵتانیت. دەترسم کێشەی گەورەمان بۆ دروست بکات. تۆ دەڵێی چی؟"

وەزیر وتی:

"پەلە مەکە...... با دوو رکات نوێژی "ئیستیخارە بکەم."

لە ژوور چووە دەرەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٦٥

شەهرەزاد وتی: ژنەکەشی شوێنی وەزیری مێردی کەوت و پێی وت:

"ئەزانی کێوێك هەیە..... ناوی "کێوی لەبارچوون"ە. هێندە بڵندە کەس ناتوانێت پێیدا سەر بکەوێت؟ لە ئەوێ کۆشکێکی بۆ دروست بکە. کچەکەمان دەخەینە ئەو کۆشکە.... ئیدی دەستی کەسی پیادا، ناگات!؟"

وەزیر بیرۆکەکەی بە دڵ بوو بۆیە ........ فەرمانی دا وەستای خانوو، دارتاش و کرێکارێکی زۆری رەوانەی ئەو کێوە کردو پێی وتن:

"دەمەوێت کۆشکێکی تۆکمەم لە لاپاڵی ئەو کێوەدا بۆ دورست بکەن."

وەستا و کرێکاران، کەوتنە کار کردن. دوایی کۆشکە کۆتایی هات. ئەمجا وەزیر زەخیرە و خواردنی ساڵێکی بۆ ئەو کۆشکە کڕی و رەوانەی ئەوێی کرد. راخەر و پێداویستی رازاندنەوەی کۆشکیشی نارد. چەند خزمەتکار و کەنیزەکیشی بۆ خزمەتی دەسکەگوڵ رەوانە کرد. ئەمجا شەوێکیان بە کچەکەی وت..... شوێنم بکەوە با بڕۆین. دەسکە گوڵ لە چوونە دەرەوەیدا. ئەم شیعرەی لە سەر دەروازەی کۆشکی خۆیان نووسی:

دەروازە، گەر هات نا... ئەو دڵدارە سڵاوی منی لێ کە؛ هەزارە

هەوالی منی، پیێ بگەیەنە....
نازانیٚ منی لە کویٚم: ئێوارە

خۆیشم نازانم بەرەو کام جێگا
چارەنووسەکەم وا..... نادیارە

شەو بە دزییەوە: دەم بەن و دەرۆن
پەپوویش بۆم دەگری لەسەر ئەو دارە

عاشق و مەعشوق کە لێك دابڕان حەربە حەرب بەخوا.. خەلکە هاوارە

پیالەی دووریەکە وا سەر ڕێژ بووە
تالاوی خەمت پێکی دووبارە

ئیتر دایانە پێش، سواریان کرد و لەگەلٚ خۆیان بردیان دەشت و دۆلٚ و شیویان بڕی، ڕۆیشتن تا گەیشتنە دەریای گەنجینە. ئەمجا ڕەشمالیان هەلدا و ئەو ڕۆژە، لەویٚ ماندوویەتیان دەرچوو. دواتر کەشتیان هێنا و کچە وەزیر و خێزانەکەیان سوار کرد و پەڕینەوە. بە کێوەکەدا هەلگەڕان و چوونە کۆشکە نوێیەکە. خۆیشیان گەڕانەوە. کە لە دەریاکە پەڕینەوە کەشییەکەیان شکاند.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٦٦

شەهرەزاد وتی: کە ڕۆژ بووەوە انس الوجود هاتە دەر و بەرەومالی وەزیر چوو. بەلکو یەکێکی ئەو مالە ببینێت. کە سەیری دەروازەی مالیانی کرد و شیعرەکەی خوێندەوە، لە هۆش خۆی چوو.کە بە ئاگا هاتەوە.... ئارامی لەبەر هەلگیرا... نەیدەزانی چی بکات؟ سەیری خۆی کرد حالی پەریشانە... ناچار بەرەو مالٚ گەڕایەوە. تاکو شەو لە دلەڕاوکێدا بوو. شەو سەری خۆی هەلگرت ڕۆیشت بیٚ ئەوەیٚ خۆیشی بزانێت بۆ کویٚ دەچێت! ئەو شەوە تاکو بەیانی و ڕۆژی دواتر، دەشت و چۆلی گرتە بەر. ئیدی زۆر ماندوو تینوو بوو. چوونکە هەتاوێکی زۆر گەرم بوو. دواتر سەیرێکی کرد ئەوە چەند دار و درەختێکە و جۆگەلەیەك ئاو بە لایدا دەڕوات. ئەویش بەرەو سێبەری دارەکان چوو. دەستی کردە ئاو خواردنەوە. بەلام ئاوەکە لە دەمیدا خۆش نەبوو. زەرد هەلگەڕابوو... ماندوو بەزەیی بەخۆیدا هاتەوە.

دواتر ئەوێیشی جیٚهێشت و کەوتە ڕیٚ.... دوای کەمێك شێرێك هاتە ڕێی ملی تووکن. دەمی بە هێندەی دەرگایەك کراوەبوو. کەلپەکانی لە شفرەی فیل دەچوو. کە ئەنەس الوجود ئەمەی بینی رووی کردە قیبلە و شایەتمانی هێنا و لە دلی خۆیدا وتی:

"ئەم شێرە دەمخوات."

ئەویش بیری کەوتەوە کە لە کتێب دا خوێندوویەتیەوە شێر بە پیاهەلدان فریو دەخوات. پێی وت:

"ئەی شێری دارستان..... پاشای دڕندەیان: بەزەییت بە عشق و تاسەی مندا بێتەوە."

شێرە قنچگەی کرد و دانیشت. کەوتە کلکە لەقە... ئەنەس لوجود ئەمەی وت:

زۆری وەکو من لە کفن دان
تۆیش من دەکوژیت شێری بیابان

تووخوا: مەمکوژە با لۆمە نەکرێم ئەی پالەوان و پاشای دڕندان

لەوە دەچوو شێرەکە لە شیعرەکە گەیشت بێت. بۆیە چاوان بە فرمێسك بووا بەرەو ئەنەس وجود چوو: دەم و چاوی لستەوە ئیشارەتی دایە....... کە شوێنی بکەوێت. ئەویش شوێنی کەوت، شێرەکە پێشی کەوت و ئەمیش بەدوایدا... نزیکەی سەعاتێك بەڕێوە بوون. تاکو گەیشتنە سەرشاخێك، ئەمجا شێرەکە سەیری شوێن پێی کۆمەڵە کەسێکی کرد. بۆی دەرکەوت کە ئەم شوێن پێیانە دەیان باتە شوێنی، کۆمەڵە کەسێك، کە ئەنەس بۆیان دەگەڕێت. ئەمجا شێرەکە بە شوێن پێیەکاندا ڕۆیشت و ئەنەس لوجود بەدوایدا. کە شێرەکە هەستی کرد ئەنەس لوجود شوێن پێیەکان دەناسێتەوە گەڕایەوە. ئەویش بەتەنیا لەگەڵ پێیەکاندا هات و دوای چەند شەو و چەند ڕۆژ گەیشتە سەر دەریایەکی مەزن. شەپۆلی زۆر توند قوڵ و بێ بن!! دوای بیر کردنەوە گەیشتە ئەوەی کە ئەو کۆمەڵە کەسە بە دەریاداچوونەتە، ئەوبەر. کە بێ ئومێد بوو، لەولاوە لێی کەوت.... بە گریانەوە... ئەم شیعرانەی وت:

وا.... دڵی منت کرد بە ڕمەوە ئاخر.... لەم دەریا چۆن پەڕمەوە؟
چاوانم هێندە فرمێسکیان هەڵڕشت سوورن بە کەللەی کاس و وڕمەوە

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو...... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٦٧

شەهرەزاد وتی: پاشا گیان: ئەنەس لوجود هێندە گریا لەو چۆڵەوانیەدا بووریایەوە کە بە ئاگا هاتەوە سەیرێکی ئەملاو ئەولای کرد. کەسی نەبینی! ئەمجا کەوتە ترس و خەمی ئەوەی دڕندەیەك بیخوات...! بۆیە بە شاخدا هەڵگەڕا.. تاکو گەیشتە بەردەمی ئەشکەوتێك. گوێی لە دەنگی مرۆڤێك بوو! کە چووە نزیکتر.... بینی ئەوە پیرێکی خواناسە...! لە ئەوانەی پشت دەکەنە چێژەکانی دنیا. ڕوو دەکەنە خواپەرستی."

ئەنەس الوجود کە بەرەورووی دەچوو سێ جاران بانگی کرد. بەڵام پیرەی خواناس وەڵامی نەدایەوە....! ناچار بەم شێوەیە لێی پاڕایەوە:

ڕێی بەرەو هیوای دڵم نازانم تا سووك بێت باری خەمی سەر شانم
ئەگبەتی و فۆرتی پشتی شکاندم پیر و سەرسپی نێوی لاوانم !!
ئای.... بۆ ئەو ڕۆژەی چوومە دەرگایان ئەو شیعرە: گڕی بەردایە گیانم
هێندە فرمێسکم لە چاوان باری بوونە گۆمی خوێن هەر دوو چاوانم

## شەوی ٣٦٨

شەهرەزاد وتی: کە "ئەنەس الوجود" شیعرەکەی تەواو کرد. بینی کەسێك هاتە بەردەم دەرگای ئەشکەوتەکە و وتی:

"هەموومان پەنا بۆ بەزەیی خوا دەبەین."

ئەنەس الوجود چووە لای و سڵاوی لێ کرد. "خواناس" وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە و ... پرسی:

"ناوت چییە؟"

ئەویش وتی:

"ئەنەس الوجود."

ئەمجا پرسیەوە:

"بۆچی گەیشتویتە ئێرە!؟"

ئەویش بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە هەر لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی. خواناسەکە هەندێ بۆی گریا.... ئەمجا پێی وت:

"ئەی ئەنەس لوجود ئەوە ٢٠ ساڵە من لەم ناوچەیەدام. هەرگیز دیمەنی سەیری وەکو دوێنێم نەبینی بوو.کۆمەڵە کەسێك لە کەناری دەریا... رەشماڵیان هەڵدابوو. کەچی گوێم لە گریانیان بوو....!! هەندێکیانم بنینی کە چوونە کەشتیەکەوە لە ناو دەریادا.... دواتر کە گەڕانەوە کەشتیەکەیان تێك و پێك دا. ئیدی لە کوێوە هاتبوون گەڕانەوە، بۆ ئەو شوێنە.... بێ دەچێت تۆ بە شوێن ئەوانەدا بگەڕێیت!! جا .... دیارە بەم هەواڵە پەژارەت قورس تر دەبێت."

ئەمجا خواناس باوەشی کرد بە ئەنەس الوجود دا و ئەملاولای ماچ کرد و هەر دووکیان تێر بە سەر یەکدا گریان. بێ ئاگا کەوتنە سەر زەوی. کە بە ئاگا هاتنەوە دەستیان خستە ناو دەستی یەك، کە تامابن... هاوڕێی خواپەرستی یەکتربن. ئەمجا بە ئەنەس الوجودی وت:

"ئەمشەو خوا یاربێت ئیستخارەیەکت بۆ دەکەم، تا ..... بزانین سبەینێ چی بکەیت!؟"

لەولایشەوە، کە دەسکە گوڵیان گەیاندە کۆشکی نوێی لاپاڵی شاخ و سەیری کۆشکەکەی کرد لە دڵی خۆیدا وتی:

"شوێنێکی پاك و دروستە.. بەڵام بێ خۆشەویستە!"

ئەمجا فەرمانی دا... راوی هەندێك لەو بولبول و مەل و باڵندە جوانانەم بۆ بکەن لە قەفەزیان بخەن. کە شەو تاریکی خۆی راخست. ئەم شیعرانەی وت:

دۆزەخی دڵم وا داگیرساوە جەرگ و هەناومی پێوە سووتاوە

نەمتوانی، خودا حافیزی لێ کەم بەم دابڕانە، پشتم شکاوە

ئەی ئەو کەسانەی بە خەمم ئاگان.. قەدەر، چی تری بۆ من داناوە؟

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە......... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٦٩

شەهرەزاد وتی: خواناس بە ئەنەسی وت:

"برۆ..... هەندێ لقە تەڕی دارخورمام لەگەڵ گەڵاکانیدا بۆ بێنە."

ئەویش چووە خوارەوە، ئەو ڕۆژە هەر خەریکی هێنانی تووڵی تەڕی دارخورما بوو، دەیدا بەکۆڵیا و دەی هێنایە بەر ئەشکەوتەکە. ڕۆژی دواتر کابرای خواناس ، دەستی کردە دروست کردنی بەلەمێکی بچووك و ئەنەس الوجودیش یارمەتی دەدا. کە بەلەمەکە تەواو بوو خواناس بە ئەنەس الوجودی وت:

"مرۆڤ تاکو خۆی نەخاتە مەترسییەوە... بەئاوات ناگات!! سبەینێ ئەم بەلەمە بەکێش بکە بیخە دەریاوە و سواری ببە، بەڵکو خوا یار بێت... بگەیتە ئەوبەر ئاو و بە خۆشەویستەکەت بگەیت."

ئەویش وتی:

"ڕاست دەکەیت، سبەینێ وا دەکەم."

بۆ سبەینێ خواحافیزی کرد و خواناسیش نزای بۆ کرد، کە سەرکەوتوو بێت....

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٧٠

شەهرەزاد وتی: بەدۆڵەکەدا چووە خوار، کەگەیشتە کەنار دەریا بەلەمەکەی خستەناو دەریا و خۆی تێ فڕێدا. بایەکە بەلەمەکەی برد تاکو لە چاوی خواناس ون بوو. ئیدی شەپۆلێ دەیبرد و ئەوی دی دەیهێنا.... تاکو قەدەری خوا .... فڕێی دایە کەناری کێوی "بارچووان". ئەمەش دوای ئەوەی سێ ڕۆژ بە دەریادا هاتبوو. وەکو جوجەڵەی گێژ، بە لاپاڵی کێودا دەگەڕا. برسی و تینوو. لە لاپاڵی شاخدا کانیاو و جۆگەلە ئاوی تیابوو، بولبول و کەناری و مەلی جوان بە سەر لقی درەختەکانەوە دەیانخوێند. درەختەکانیش بەردار بوون. لەبەری میوەکانی خوارد و لە ئاوی ڕووبارەکانی خواردەوە. شتێکی بینی بریسکەی دەدایەوە، ئەمیش بەرەولای ڕۆیشت. کە لێی نزیك بووەوە کۆشکێکی بینی. چوار دەوری دیواری بڵندی تۆکمە بوو. ئەویش بە دەوریدا سوڕایەوە... تاکو دەروازەکەی دۆزیەوە. سەیری کرد کڵۆم دراوە. سێ ڕۆژ لەبەر دەروازەکەدا بوو. تا .... کۆیلەیەکی بینی دەروازەکەی کردەوە. کە ئەنەسی بینی پرسی:

"لە کوێوە هاتوویت. کێ تۆی گەیاندە ئێرە؟"

لە وەڵامدا وتی:

"لە ئەسبەهان"ەوە بازرگانم و کەشتیەکەمان تێك شکا و شەپۆلی دەریا گەیاندمیە ئێرە....!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣٧١

شەهرەزاد وتی: خزمەتکارەکە، کە ئەمەی بیست باوەشی پێدا کرد و تێر بە سەریدا گریا ئەمجا وتی:

"منیش خەڵکی "ئەسبەهان"م. بەڵام هاتنە سەر وڵاتەکەمان... داگیریان کرد و زۆربەی دانیشتوانەکەیان بە دیل گرت و بە کۆیلەیی فرۆشتنیان. ئەو دەمە من منداڵ بووم، کە فرۆشرام، ئەوەتا ئێستاش کۆیلەم و خزمەتکارم."

ئەمجا بردیە حەوشە، کە ئەنەس الوجود روانی گۆمێکی گەورە، بە دەوریدا دار و درەخت رووارە، چەند قەفەزی زێرینی بولبولان هەڵواسراوە کە هەموویان دەیانخوێند هەر وەکو ئەوەی زیکری خوا بکەن. سەیری یەکەم قەفەزی کرد "قومری"یەکی تیابوو کە ئەنەس الوجودی بینی چریکەی بڵند کرد و وتی:

"یا کەریم."

ئەنەس الوجود هێندە سەری سوڕما! بوورایەوە کە بە ئاگا هات.... ئەم شیعرەی بۆ هات:

| | |
|---|---|
| قومری تۆش تاسەی عەشقی قەدیمتە | بۆیە هاواری "یاکەریم"تە |

ئەمجا هێندە گریا... بوورایەوە. کە بە ئاگا هاتەوە چووە لای دووەم قەفەز کە بولبولی "فاخت"ی تیابوو. چریکانی:

"یا دائما اشکرك"

ئەویش ئەم شیعرەی وت:

| | |
|---|---|
| فاخت بەم شێوە کە هاتە زمان | "یا دائما شکرا" بۆ غەم و گریان |
| قوڵپی گریانم...نووزەی بڕیووم | چاو بە فرمێسك و دڵم لە سووتان |
| جۆگەلەی ئەشکم بە سەر گۆناما | قەتارە بەستوو بە چەشنی باران |
| هەر چەند "بێخەم"ێك نییە لەدنیا | بەڵام سەبری من گەیشتە ئێسقان |
| عەقڵم نایبڕێت یەك بگرینەوە | مەگەر قودرەتی قەدەری یەزدان ! |
| وەرە مەلەکان ئازاد کە: بڕۆن | "خەم" لە "بەختیاری"م بژار کە قوربان ! |

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٧٢

شەهرەزاد وتی: دواتر چووە لای قەفەزی سێیەم و "کوکوختی"یەکی تیابوو. ئەمەی بۆ وت:

قەتارەی فرمێسك وا بە لێشاوە    وتم سوێر نییە! ئەمە گولاوە!

تاکو دوورتر بیت تاسەت زۆرترە    وا سوێم بووەوە: سەبرم سواوە

کە ئەم شیعرەشی تەواو کرد، چووە لای قەفەزی چوارەم. کە بولبولێکی تیابوو. کە ئەنەس الوجودی بینی دەستی کردە خوێندن. ئەویش کە خوێندنەکەی بیست.. ئەم شیعرەی وت:

زۆر ئاوازمان بیست بە لاوانەوە    ئاسن و بەردیان دەتوانەوە

شنەبای شەماڵ... دەیگێڕایەوە    باخ چۆن دەنازێ بە گوڵانەوە!

دڵ کەوتە سەما: بەو ئاوازانەی    گوڵان بە شەماڵ دەلەرزانەوە

تاسەی دووری یار کارێکی پێم کرد    چاوان فرمێسکیان دابارانەوە

کە ئەم شیعرەی بۆ "ئەسبەهانی تەواو کرد پێی وت:

"ئەمە چ کۆشکێکە؟ کێی تیایە؟ کێ دروستی کردووە؟"

ئەویش وتی: وەزیر فلان مەملەکەت بۆ کچەکەی دروست کردووە! تاکو.... لێرە بیپارێزێت و تووشی هیچ نەبێت"

ئەمجا هەڵیدایە:

" بۆیە ئێمەش ساڵی جارێك دەرگای دەکەینەوە ئەویش بۆ ئەوەی زەخیرە و خواردنی بۆ بەرین!!"

ئەنەس الوجودیش وتی:

"ئۆخەی... وا بە ئاواتی خۆم گەیشتم بەڵام هێشتا زۆر ماوە!"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٧٣

شەهرەزاد وتی: لەولایشەوە دەسکە گوڵ ئەم لاولا گەڕا، شوێنێك نەبوو، پێیدا بچێتە دەرەوەی کۆشك.هێندەش گریابوو، خەمی خواردبوو کە بە تەواوی بێزار ببوو لە ژیانی خۆی. بۆیە هەموو پەردەکانی لە پەنجەرەکان کردەوە، قوماشەکەی دڕی و بەستنی بە یەکەوە. ئەمجا بردیە سەربانی کۆشك و شۆڕی کردەوە. لە سەرەوە بەستیەوە ئەمجا خۆی پێدا هەڵواسی و شۆڕ بووەوە تا گەیشتەوە سەر زەوی. خۆیشی جوانترین بەرگی لەبەر کردبوو. ملوانکەیەکی زێڕی لە گەردن کردبوو. لاپاڵی شاخی گرتەبەر، ڕۆیشت تا گەیشتە

کەناری دەریا. ئەمجا روانی .... بەلەمێکی بینی کە ماسیگرێکی تیابوو، خەریکی تۆڕ هاویشتن بوو. ئاوڕی دایەوە دەسکە گوڵی بینی. زۆری لێ ترسا. کەوتە سەوڵ لێدان تاکو دوور بکەوێتەوە. دەسکە گوڵ کە ماسیگرەی بینی بانگی کرد بەلام بێ سوود بوو. ئەم شیعرەی وت:

ئەرێ ماسیگر ... توویی و خوا... مەڕۆ | بۆ لێم دەترسی: مرۆڤم وەك تۆ
بەزەییت هەبێت، خوا بتپارێزێت | بمگەیەنە یار ئەمکەیت دەستخەڕۆ

کە ماسیگر ئەمەی بیست، دەستی کردە گریان. گەنجی خۆی بیر کەوتەوە بۆیە.... پێچی بە بەلەمەکەی کردەوە گەڕایەوە کەنار و بە چەپکە گوڵی وت:

"سەر بکەوە... بەلەمەکەوە، بۆ کوێ دەڵێیت دەتگەیەنم."

دوای کەمێك بایەك هەڵی کرد، کە ماسیگر بەلەمی لە ژێر دەست دەرچوو، هێندە خێراییەکەی فرە بوو، کە زەویان لێ ون بوو. خۆشیان نەیان دەزانی بەرەو کوێ دەڕۆن. سێ رۆژ بەلەم بە سەر ئاوەوە دەڕۆیشت ئەمجا بایەکە، نەما. ئەمجا ماسیگرە کەوتەوە سەوڵ لێدان تا گەیشتنە شارێکی کەنار دەریا.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٧٤

شەهرەزاد وتی: کە گەشتنە شاری سەر دەریا، ماسیگر و دەسکە گوڵ دابەزین و چوونە ئەو شارەوە کە سوڵتانێکی بەزەبر و زەنگ بەڕێوەی دەبرد. قەدەری خوا وابوو ئەو رۆژە پاشا و کوڕەکەی لەبەر پەنجەرەی کۆشکدا بە جووتە وەستابوون و سەیری شەپۆلەکانی دەریایان دەکرد. لایان کردەوە، ئەو بەلەمەیان بینی کە لەنگەری خست، کیژێکیان بینی دەتوت : مانگی چواردەیە، بە ئاسمانەوە!! جووتێك گوارەی مرواری بە گوێوە! ملوانکەیەکی زێڕین لە ملیدا. پاشا هەستی کرد کە ئەمە کیژە بنەماڵەیە، یان کچە پاشایە! بۆیە هاتە خوارەوە و لە دەرگای "قەیتوون"ەوە چووە دەر. ئەمجا چووە ناو کەشتی و بەلەمەکان. کە سەیری کرد، ماسیگرە خەریکی بەستنەوەی بەلەمەکەیە و کیژەکەشی لێی نووستووە. پاشا کیژەکەی بەدەم گریانەوە: لە خەو هەستان....!

پاشا پرسی:

"لە کوێوە هاتویت؟ بۆچی هاتویت؟ ناوت چییە!!؟

دەسکە گوڵ وتی:

"من کچی وەزیری شا "شاغ"م بەلام هاتنە نێرەم... بۆ خۆی سەیر و سەمەرەیە!! کە بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە.... ئەم شیعرە جوانەی بۆ هۆنرایەوە:

هەموو مانگەکان بە رەجەبەوە | تێی دەپەڕێنن بە دڵە تەپەوە
پێلوی چاوانم فرمێسك وەرێنن | گڕی زێڕینن بەسەر لەبەوە
لەناو کۆچەکەی ئێوارەی یارم | داخ بووە هەنا و بەغەزەبەوە

## شەوی ٣٧٥

شەهرەزاد وتی: کە پاشا ئەمەی بیست، بەزەیی پێدا هاتەوە. پێی وت:

"بێخەم بە... بە ئاواتی خۆت گەیشتیت، داوای هەر چییەك بکەیت، بۆت جێبەجێ دەکەم."

ئەمجا ئەم شیعرەی وت:

مژدە بە خۆشی و گاڵتەو گەپەوە نابیت بە تووشی خەمی قەبەوە
ئەمڕۆ دیاری بۆ "شاغ" دەبەن کۆمەڵە بارێك بە سەر ئەسپەوە
"مسك" و "گوڵاو" و بۆنی بۆ دەبەم یاقوت و زێڕی بە تێزابەوە
بەجۆرێکی وا نامە دەنووسم بڵێ: ئەم بووك و زاوا بببەوە

کە شیعرەکەی تەواو کرد چووە نێو سەربازەکانی و وەزیرەکەی خۆی بانگ کرد و فەرمانیدا زێڕ و زیو و پارەیەکی هێندە زۆر کۆ بکەنەوە لە ژمارە نەیەت و بینێرن بۆ شا "شاغ" و پێی بڵێن: کەسێکمان لای ئەوانە بە ناوی "ئەنەس الوجود"ەوە.... بۆمان بنێرنەوە. تاکو ... کچەکەی خۆمانی لێ مارە بکەین....

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٧٦

شەهرەزاد وتی: دواتر "درباس" شا.... نامەیەکی تری بۆ شا "شاغ" ناردەوە بە وەزیریشی وت:

"وادەڕۆیت... گەر بە بێ ئەنەس الوجود بگەڕێیتەوە لە وەزیریت لادەبەم."

وەزیریش وتی:

"بە چاوان".

ئەمجا وەزیر کەوتەوە ڕێ.... کە گەیشتە مەملەکەتی شا شاغ دیاریەکانی بۆ برد. بردیانە کۆشك تاکو بچەوێتەوە دوای ئەوەی پاشا... نامەکەی خوێندەوە بە چاوانی پڕ فرمێسکەوە ناردییە شوێنی وەزیر کە هات پێی وت:

"منیش نازانم لە کوێیە. تۆ ئەنەس الوجود بۆ من بێنە، من دوو هێندەت دیاری پێشکەش دەکەم."

ئەمجا پاشا ...... بە دەم گریانەوە....... ئاوا ئەنەسی لاوانەوە:

دەستم بە دەستی یارەوە ئیدی چیمە بە پارەوە؟
مانگی چواردە، کە هی من بێ بە ئاسمانی بەهارەوە
نە دیاری و زێڕم گەرەکە نە "ملەگۆ" بە گوارەوە

بەلای وەزیردا ... لای کردەوە و پێی وت:

"بگەڕێوە وڵاتی خۆت و پێیان بڵێ وا بۆ ساڵێکی تەواو دەچێت.... کە کەس و کاری ئەنەس الوجود لێی بێئاگان...! نازانن لە کوێیە!!"

وەزیر وتی:

"گەورەم، پاشام پێی ڕاگەیاندووم، بە بێ ئەنەس الوجود بگەڕێمەوە...... لەوەزیریم دەخات لە شاریش دەرم دەکات!! ئاخر چۆن بە بێ ئەنەس الوجود بگەڕێمەوە؟"

شا "شاغ" بە برایمی وەزیری خۆی وت:

"لەگەڵ ئەو وەزیرە، بڕۆ و چەند سەربازێك ببەن و تا دەتوانن، ئەو ناوچانە بگەڕێن."

برایمی وەزیر فەرمانی پاشای جێبەجێ کردو لێیان دا و کەوتنە ڕێ. دەیاندا بەلای هەر خێڵە عەرەبێکی دەشتەکی دا یان دێیەکدا ...... دەیان پرسی:

"کەسێکی لەم شێوە و ڕەنگەتان نەبینیوە!؟"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٧٧

شەهرەزاد وتی: دەشت و دۆڵ و بیابانێکی زۆریان بڕی. دەگەڕان و دەیان پرسی. دواتر گەیشتنە سەر دەریا. ئەمجا کەشتیان بە کرێ گرت و بە دەریادا ڕۆیشتن، تا گەیشتنە کێوی "لەبارچووان". ئەمجا وەزیری شا "درباس" بە وەزیری شا شاغی وت:

"ئاخۆ..... بۆچی ئەم کێوە بە کێوی لەبارچووان ناونراوە!؟"

وەزیرەکەی شا شاغ وتی:

"چونکە لە زەمانی کۆندا کچە جنۆکەیەکی وڵاتی "چین" ڕێی دەکەوێتە ئەم کێوە... لێرە شوو دەکات بە مرۆڤێك. ماوەیەکی زۆر پێکەوە ژیاون چەند منالێکیان بووە... هەر کەسێك ڕێی کەوت بێتە ئەم کێوە، گوێی لە لاواندنەوە و گریانی ژنێك بووە هەر وەکو ئەوەی جەرگی سووتابێت و منالی لەبار چووبێت!! ئەمجا پرسیویەتی کە ئاخۆ... ژنی منال لەبارچووی لێیە!!؟ ئەمەندەیان ئەم پرسیارە کردووەتەوە، تا ... کێوەکە ناو نراوە شاخی "لەبارچووان". "

وەزیرەکەی دەرباس ئەمەی زۆر پێ سەیر بوو ئەمجا هەر ڕۆیشتن تا گەیشتنە بەر دەروازەی کۆشکێك و لێیان دا. خزمەتکارێك دەروازەی کردەوە. کە وەزیری شا شاغی بینی ناسییەوە دەستی ماچ کرد و بردیە حەوشەی کۆشکەکەوە. لە نێو خزمەتکاراندا هەژارێکیان بینی. تومەز "ئەنەس الوجود" بوو. پرسیان:

" ئەم لاوە لە کوێوە هاتووە؟ "

وتیان:

"کاتی خۆی بازرگان بووە با و بۆرفت و شەپۆلی دەریا.. کەشتییەکەی تێك شکاندووە. سامانەکەی تیاچووە شەپۆلی دەریا فڕێی داوەتە ئێرە...! نایشی ناسین. چونکە ماوەیەکی کەمە لێرەیە!"

ئەنەس الوجودیش هەناسەیەکی هەڵکێشا و ئەم شیعرەی وت:

ئەی مەلانی ئەم هەوارە بێنەوە — بۆ خەمانی ئەم بنارە بێنەوە
خۆزگە دەمزانی لە کوێن چاوەکەم؟ — هەولێ بدەن.... بۆ ئەم شارە بێنەوە
سەر دەمێکە چۆڵە بێ تۆ...ماڵەکەم — کەی بە ئێوە دڵ نەیارە بێنەوە
ناڵ والآتان کە پۆشی و دیار نەمان چەندە دوورن لەم هەوارە بێنەوە

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٧٨

شەهرەزاد وتی: کە لە شیعرەکە بووەوە، دەستی کردە گریان. ئەمجا وتی:
"لەگەڵ قەزا و قەدەری خوا هیچ ناکرێت!"

چووە سەربانی کۆشکەکە سەیری کرد جل و بەرگە "بەعلبەگ"یەکان دڕاون و پێکەوە بەستراون و بەرەو خوارەوە بۆ زەوی شۆڕ بوونەتەوە. بۆی دەرکەوت کە دەسکە گوڵ لێرەوە چووتە خوارەوە! ئارامی لێ هەڵگیرا. سەیری ئەم لاولای خۆی کرد. قەلەرەش و کونەبەبووی بینی دڵی گیرا... ئەمەی وت:

وام زانی هەوار پێت ئاوەدانە — تاسەی لێت دەشکێ دڵی دێوانە
کە تۆی لێ نەبوویت "پەپوو"ی لەسەرە — هەواریش چۆڵە و بۆتە وێرانە

ئەمجا بە گریانەوە هاتە خوارەوە و فەرمانی دا بە خزمەتکاران کە ئەو ناوە بگەڕێن بە شوێن دەسکە گوڵ دا. بەڵام بۆیان نەدۆزرایەوە لەولایشەوە، کە ئەنەس الوجود بۆی دەرکەوت کە ئەوە دەسکە گوڵە هەڵاتووە و بە شوێنی دا دەگەڕێن دەستی کردە گریان و بێهۆش بوو. دەوروبەری پێیان وابوو جەزبە و حاڵی لێهاتووە...!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو................ بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣٧٩

شەهرەزاد وتی: دەستیان لە ئەنەس الوجود شت. برایمی وەزیر کەوتە خەمی دەسکە گوڵ وەزیری شا درباس نیازی بوو، بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی بە دەستی خاڵی بگەڕێتەوە بۆیە ویستی خواحافیزی بکات. ئەمجا وتی:

"ئەم کابرایەی حاڵی لێ هاتووە و زۆر خوا ناسە دەمەوێت، لەگەڵ خۆم بیبەم تاکو پیرۆزی و بەرەکەتی بە سەر منیشدا برژێت! بەڵکو بە بەرەکەتی ئەم پاشا لێم خۆش ببێت..... خوای کرد پاشا لێم خۆش بوو منیش ئەم خواناسە دەنێرمەوە شاری ئەسبەهان. ئەم وڵاتەش لە وڵاتی خۆمانەوە زۆر نزیکە."

ئەویش پێی وت:

"چیت دەوێت، وا بکە."

ئیدی هەر یەکەیان بە لایەکدا کەوتنە ڕێ. وەزیر درباس شا ئەنەس الوجود کە پێی وابوو خواناسە... لەگەڵ خۆی بردی. دوای ئەوەی بە بووراوەیی خستیانە سەرپشتی ئەسپێك سێ ڕۆژ بەڕێوە بوون. ئەم هەر بە ئاگا نەهاتەوە. نەیدەزانی بۆ کوێی دەبەن! دواتر بەئاگا هاتەوە پرسی:

"من لەکوێم!؟"

پێیان وت:

"تۆ.... لەگەڵ وەزیری شا "درباس"یت."

ئەمجا چوونە لای وەزیر و تێیان گەیاند کە بە ئاگا هاتووەتەوە. ئەویش برێ دەرمانی بۆ نارد، تاکو دەرخواردی بدەن. ئیدی هەر بەڕێوە بوون تا گەیشتنەوە مەملەکەتی شا درباس. کە پاشا بە گەیشتنەوەی وەزیری زانی .... تەتەری بۆ نارد... کە پێی رابگەیەنێت ئەگەر ئەنەس الوجودی پێ نییە....با.... نەگەڕێتەوە ناوشار، و نامەوێت."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣٨٠

شەهرەزادا وتی: کە فەرمانی شاهانە بۆ وەزیر خوێنرایەوە، زۆری لا گران بوو، نەیدەزانی دەسکە گوڵ لای پاشایە...! بۆچی پاشا ناردویەتی بە دوای ئەنەس لوجود دا...! بۆچی دەیەوێت، ئەنەس الوجود بکاتە زاوای خۆی!!؟ نەیدەزانی بۆ کوێی دەبەن؟ وەزیریش نەیدەزانی ئەم خواناسەی کە هێناویەتی لەبەرخاتری خوا ... ئەنەس الوجودە. ئەمجا چووە سەردانی خواناسەو پێی وت:

"پاشا بۆ شتێکی ناردبووم بۆ ئەو وڵاتە... بەڵام بە داخەوە، نەمتوانی کارەکە بکەم.. ئێستاش فەرمانی شاهانەی بۆ ناردووم کە نابێت.... سەر بکەمەوە بە شاردا! "

ئەنەسیش پرسی:

"بۆ چ شتێك تۆی ناردبوو؟"
ئەویش لە نووکەوە بۆی گێڕایەوە. ئەنەس وتی:
"بێخەم بە... تۆ من ببە لای پاشا.... منیش ئەنەس الوجودت بۆ پەیدا دەکەم."
وەزیر کە زۆر دڵخۆش بوو بەم قسەیە وتی:
"بە راستتە!؟"
ئەویش وتی:
"بەڵێ"
ئەمجا سواری ئەسپەکەی بوو ئەنەس الوجودیشی لەگەڵ خۆی برد بۆ لای پاشا. ئەمجا پاشا لە وەزیری پرسی :
"کوا ئەنەس الوجود؟"
خواناس وەڵامی دایەوە:
"قوربان من شوێنی ئەنەس الوجود پێ دەزانم!"
پاشا کە ئەمەی بیست خواناسی لە خۆی نزیك کردەوە و پێی وت:
"لە کوێیە!؟"
ئەویش لە وڵامدا وتی:
"لە شوێنێکی زۆر نزیکە لە خۆتەوە! بەڵام نەتوت ئەنەس الوجودت بۆ چییە؟ تاکو بیخەمە بەردەستت!"
پاشاش وتی:
"بە چاوان، پێت دەڵێم، بەڵام دەبێت هەر هەر دووکمان بین."
ئەمجا فەرمانی دا ژوورییان بۆ چۆڵ کردن. پاشایش هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە. ئەمجا ئەنەس الوجود وتی:
"دە.... هەر ئێستا، فەرمان بدە بەرگی نایابم بۆ بێنن، با لەبەری بکەم، منیش ئەنەس الوجودتان بۆ دێنم!"
ئەمجا پاشا، ناردی بەرگی نایابی شاهانەیان بۆ هێنا. ئەویش هەر لەوێدا لەبەری کرد ئەمجا وتی:
"من ئەنەس الوجودم!"
ئەمجا لە دڵە کوتەوە.. ئەم شیعرەی وتەوە:

بە تەنیایی... بە تۆوە دەستەمۆ بووم
بۆیە ماوم کەوا، بێ خەمی تۆ بووم
لە فرمێسکی چاوان زیاتر کە نیمە
لافاوی کرد، بە شێوەی تانجەرۆبووم
بە دووری ئەوە، کە وا شێوەم شپرزە
بە یاران و نەیاران وا نامۆ بووم
کە چاوانم بە سوێی فرمێسکی سوێرە
زەمانێ بوو، وەکو باز و هەڵۆ بووم
کە پرزەم لێ برا... بۆ تۆ عەزیزم
بە خاوەنی دڵ و جەرگی بەسۆ بووم
کە دابڕان نەسیبم بوو زەمانێ
نەخشی هێنا، کە پێتان کۆ بووم

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بۆیە بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣٨١

شەهرەزاد وتی: پاشا.... بە ئەنەس الوجودی وت:

"بەڕاستی ئێوە دوو ئەستێرەی ئاسمانی خۆشەویستین و یەکترتان خۆش دەوێت."

ئەمجا بەسەرهاتی دەسکە گوڵی بۆ گێڕایەوە. ئەمجا ئەنەس الوجود پرسی:

"ئەی پاشای زەمانە دەسکە گوڵ لە کوێیە!؟"

پاشایش وتی:

"ئێستا لای خۆمە."

ئـەمجا فـەرمانی دا .... پێویستی مـارەبڕین ئامـادە بکرێـت و قـازی و دوو شـایەت بـانگ کران... لە یەکتری مارە بڕین. ئیدی پاشا زۆر ڕێزی گـرتن و لـەخۆی نزیـك کردنـەوە. ئـەمجا شا "درباس" نامەیەکی نووسی بـۆ شـا "شـاغ" و ڕووداوەکـەی پـێ وت. شـا شـاغ زۆر خۆشحاڵ بوو. ئەویش نامەیەکی بۆ شا درباس ناردەوە کە ناوەڕۆکەکەی ئەمە بوو:

"مادام، مارە بڕینەکەیان لای بەڕێزتان بووە کەوابوو پێویستە ئاهەنگ و زەماوەنـدیان لای من بێت!"

ئەمجا کاروانێکی لە وشـتر و ئەسپ و هێسـتر بـا کـرد کـە دیـاری بـوون نـاردی. شـا دربـاس ئەنـەس الوجـود و دەسـکە گـوڵی سـوار کـرد و دایـە دەسـت پیـاوانی شـا شـاغ خۆیشـی چـەند سەرکردە و سەربازی بۆ پارێزگاری کردنیان، نارد تاکو سەرسنور و ئـەمان گەڕانـەوە. کاروانی بووك و زاوایش خۆیـان کـرد بـە شـاردا پێشوازی کـران. ٧ شـەو و ٧ ڕۆژ ئاهـەنگ گێـڕڕا... لـە دەهۆڵ و زوڕنـا درا بـووك و زاوایـش، تێریـان لـە یـەك نـەدەخوارد و دەگریـان. دەسـکە گـوڵ ئەمەی وت:

خەم ڕەوییەوە و خۆشی هاتەوە    بە کەیف و سەفا و دڵی شادەوە
شنەی شەماڵ و بۆنی هەڵاڵە    خەم و پەژارە بیر دەباتەوە
گریان دیاردەی غەم نییە دایم:    کە فرمێسك کوڵمەم وا دەشواتەوە
هەر چەندە خەمی تۆ پیری کردم ساتێك لەگەڵ تۆ... گەنجمە کاتەوە

ئەمجا ئەنەس الوجودیش بەم شیعرە وەڵامی دایەوە:

خۆشە ڕەشماڵمان کە لێ هەڵداوە    پێکەوە پیاڵەی مەیمان هەڵداوە
باسی ڕابردوو: دەگێڕینەوە    بە شەوانی تار چۆن دەرمان داوە؟
ئێستا کە خۆشە: بە خوا ئازیزان ڕابردووی خەممان وەلاوە ناوە

پێکەوە هاتنـە دەردەوە. دەسـتیان کـردە خێـر کـردن و یارمـەتی دانـی هـەژاران. خێزانێکی بەختەوەریان پێکەوە نـا... ژیـانێکی خۆشـیان بـردە سـەر. تـا ئـەو دەمـەی خـوا بردنیـەوە بـۆ خۆی. پەنا بەو کەسەی.... هەمووان دەگەڕێنەوە سایەی.

# شەوی ٣٨٢

کەنیزەکە و مێردەکەی لەگەڵ عەبدوڵڵای موعەممەردا

شـەهرەزاد وتـی: دەگێڕنـەوە، پیـاوێکی خـەڵکی بەسـرە، کـەنیزەکێکی کـڕی و خـۆی پەروەردەی کرد و فێرە زانستی کرد. هەرچی هەبوو، لەو کەنیزەکەدا خـەرجی کـرد، تا کار گەیشتە ئـەوەی..... هێنـدە هـەژار و بێ پـارە بـوو تـەنیا خـۆی و کەنیزەکـەی مانـەوە. تـاکو ڕۆژێکیان کەنیزەکەکە پێی وت:

"گەورەم، بمفرۆشە... نرخەکەم سوودی زۆری دەبێت بۆت! سا.. بەڵکو .. خـوا ڕۆزیت پـتر و پتر بکات و لەم هەژاریە رزگار بیت"

ئەویش چاری نەما... بە قسەی کرد. بردیـە مەزادخانـەی کۆیلـەیان. دایـە دەست دەڵاڵ... ئەویش گێڕای تاگەیشتە لای والی شاری بەسرە.... کە ناوی عەبدوڵڵای کوڕی موعەمـەر بـوو. بە دڵی بوو. لێی کڕی بـە ٥٠٠ دینـار. خاوەنەکـەی پـارەی وەرگـرت پشـتی کـردە کـەنیزەك کـە بڕوات. کەنیزەکەکە ئەم شیعرەی وت:

تۆ بیبە بۆ خۆت ئەو هەموو پارە با بەشی منیش: غەم بێ و پەژارە

بەم حاڵەش دڵی خۆم دەدەمەوە      بۆم دەرکەوت: فەلەك چەندە غەدارە

کە خاوەنی پێشووی ئەمەی بیست وەڵامی دایەوە:

هیچ چارەم نییە، هەر چەندە دەڕۆم      هێندە دەتوانم خەمت بۆ بخۆم

سڵاوت لێ بێت بۆ دوایەمین جار  مەگەر عەبدوڵڵا بدا ڕێی هامشۆم

کە عەبدوڵڵای کوڕی موعەمـەر ئـەم دوو کۆپلـە شیعرەی لـە هـەر دووکیـان بیسـت و ئـەو هەموو داخ و خەمەیان هەڵڕشت وتی:

"خوا ئاگادارە: من تەقەلای لە یەك دابڕانی ئێوەم نەداوە!! هـەر چـەند سـەرنج دەدەم زۆر نێوانتان خۆشە.... پیاوی چاك بـە... ئـەوە کەنیزەکەکە پیرۆز بـە خـۆت بێـت و گـەردنت لـە پارەکەشی ئازاد بێت.... پارەکەشی بۆ خۆت. چونکە لە یەك کردنی دوو دڵ!! ترسناکە!"

ئیدی هەر دووکیان دەستیان ماچ کـرد و گەڕانـەوە. پاشماوەی تەمـەنیان پێکـەوە بـە سـەر برد. تاکو مردن لە یەکی کردن.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو..............بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٨٣

# چیرۆکی مولتەمیس و ژنەکەی

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە، مولتەمیس لە دەست "نوعمانی کورشی مونزیر" هەڵدێ. ماوەیەکی زۆر خۆی دەشارێتەوە. کە پێیان وابوو مردووە. ژنێکی جوانی هەبوو. ناوی "تەمیمە" بوو. کەس و کارەکەی ڕێیان بۆ دانا.... شوو بکاتەوە. بەڵام ژنەکە ئەو کارەی پەسەند نەبوو. دواتر زۆریان بۆ هێنا و ناچاریان کرد و شووی کرد، بە خزمێکی خۆی، بەڵام "مولتەمیس"ی کۆنە مێردی لە بیر نەدەچووەوە. ئەو ڕۆژەی کە دەبوو بگوێزرێتەوە بۆ مێردەکەی خزمی خۆی. مولتەمیس پەیدا بوو. کە گوێی لە تەپڵ و دەف زەماوەند بوو لە خەڵکەکەی پرسی وتیان ژنەکەی مولتەمیس شووی کردووەتەوە، ئەم شەو دەیگوێزنەوە. کە مولتەمیس ئەمەی بیست بە هەر فڕ و فێڵێك بوو لەگەڵ ژناندا خۆی کرد بە لای بووکەدا. ڕووانی لەگەڵ زاوادا لە سەر کورسی لێی دانیشتوون. بووکەکە کاتێ مولتەمیسی بینی دەستی بە گریان کرد.... ئەم شیعرەی وت:

خۆزگە دەمزانی ئەگریس      لە کوێی خاڵە مولتەمیس

چونکە مولتەمیس شاعیر بوو، وەڵامی دایەوە:

وا بە دڵی تەنگەوە      هاتمە ناو ناهەنگەوە

زاوای نوێ تێیان گەیشت بۆیە بێدەنگ بۆی جێ هێشتن و چووە دەری ناهەنگ. بە دەنگی بەرز ئەم شیعرەی خوێندەوە:

شادبووم...... ئێستاش دژەکەی      هاتی بووم بە جەنگەوە

ئیدی بووکەی بۆ مولتەمیس بەجێ هێشت. ئەوانیش بە یەك شاد بوونەوە بە شادی خۆشی تەمەنیان بردە سەر.... تا چوونەوە سای خوای بانی سەر.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٨٤

# چیرۆکی ئاشەوان و ژنەکەی

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە، ئاشەوانێك هەبووە، کەرێکی بووە باراشی پێ بردووە. ژنێکی لاساری بوو. زۆری خۆش دەویست. بەڵام ژنەکەی ڕقی لە مێردەکەی دەبووەوە. حەزی لە پیاوێکی دراوسێیان کردبوو. بەڵام دراوسێکەیان زۆری ڕق لەم ژنە ئاشەوانە بوو. جارێکیان لە خەودا بە ئاشەوان دەڵێن، کە گەنجینەیەکی زێڕ لە ژێر ئەو سنگەدایە کە کەرەکەیانی پێ دەبەستنەوە. ئاشەوان دڵپاکانە خەونەکەی بۆ ژنەکەی گێڕایەوە. ژنەکەی پێی وت، کە خەونەکەی لای کەس نەدرکێنێ. خۆیشی بۆ پیاوەکەی دراوسێیانی گێڕایەوە. تاکو بتوانێت لێی نزیك بێتەوە. ئەویش لەگەڵ ژنەکەدا ڕێکەوت شەو بچێت دەوروبەری سنگەکە

هەڵبکەنێت. شەو چوو... ئەمجا دەستیان کرد بە هەڵکەندن. گەنجینەکەیان دۆزیەوە و دەریان هێنا. ئەمجا دراوسێکەی وتی:

"چی لێ بکەین!؟"

ژنە ئاشەوان وتی:

"بە سەر هەر دوکماندا دابەشی دەکەین! دواتر تۆ ژنەکەت تەڵاق بدە منیش بە هەر فڕ و فێڵێك بێت... کارێك دەکەم مێردەکەم تەڵاقم بدات. دواتر شووت پێ دەکەم. ئیدی هەر دوو پارەکە پێکەوە.... بە کار دێنین."

دراوسێی ژنەکە وتی:

"دەترسم.... ئەو زێڕە.... بوغرات بکات و ملهوڕی بکەیت! زێڕ و سامان وەکو ڕۆژ وایە.... ماڵ رووناك دەکاتەوە کە ئەمما ماڵ تاریك دایە..... من پێم باشە زێڕ و سامانەکە لای من بێت. ئیدی تۆ لەبەر زێڕەکە پارێزگای لە من دەکەیت."

ژنەکەش وتی:

"منیش هەمان ترسی تۆم هەیە. بەشە زێڕی خۆمت ناخەمە بەردەست چونکە من شوێنی ئەم گەنجینەیەم پیشان دایت!"

کە ئەمەی لە ژنەکە بیست، پەلاماری ژنەکەیدا ...... کوشتی و خستیە چاڵی گەنجینە زێڕەکەوە فریای پڕ کردنەوەی نەکەوت، کە دنیا رووناك بووەوە. زێڕەکەی دا بە کۆڵیدا و لێی دا و ڕۆیشت. بەیانی ئاشەوان لە خەو هەستا. سەیری کرد ژنەکەی دیار نییە، ئەمجا کەرەکەی بە چەرخی ئاشەکەوە بەستەوە و قامچیەکی پێدا کێشا. تاکو ئاشەکە بخاتە گەڕ. بەڵام کەرەکە لە جێی خۆی نەجووڵا....! چونکە ژنە کوژراوەکەی لەبەر پێدا بوو. بەڵام ئاشەوانەکە نەی دیبوو. ئاشەوان هێندە تووڕە بوو چوو چەقۆیەکی هێنا و کەوتە وەشاندنی لە کەرە بێزمانەکە. کەرەکە کەوتە زەوی و تۆپی. کە دەورووبەر رووناکتر بووەوە سەیری شوێنەکەی کرد بینی ژنەکەی کوژراوە! خراوەتە ئەو گەنجینەیەوە، کە لە خەونەکەیدا بینی بووی. کەرەکەیش لەولاوە کەوتووە و تۆپیوە. ئیدی کەوتە سەرزەنشتی خۆی... کە نەدەبوو نهێنی خەونەکەی لای ژنەکەی بدرکێنێت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە...... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣٨٥

## چیرۆکی پیاوە گێلەکە

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە گێلە پیاوێك ، ڕەشمەی کەرەکەی بە دەستەوە گرتبوو. بە ڕێگادا دەڕۆیشت. دوو پیاوی فۆشمە و فێڵباز دەی بینن. یەکێکیان بەویتر دەڵێت:

"دەتوانم، بە ئاسانی ئەو کەرە لەو پیاوە بدزم!!"

هاوڕێکەی بە سەر سوڕمانەوە دەپرسێت:

"چۆن؟"

ئەویش دەڵێت:

"شوێنم بکەوە تاکو بۆت بسەلمێنم...!!"

ئەویش شوێنی کەوت. ئەمجا کابرا خۆی گەیاندە کەرەکەی دوای پیاوە گێلەکە و ڕەشمەی سەری کەرەی هێواشی کردەوە و کەرەکەی دا بە هاوڕێکەی و ڕەشمەکەی کردە سەری خۆی و شوێن گێلە پیاو کەوت! دوای کەمێك ڕۆیشتن پیاوەکە قاچەکانی لە زەوی توند کرد. گێلە پیاو ناچار ئاوڕی دایەوە. کە پیاوەی بینی بە سەر سوڕمانەوە پرسی:

"ئەرێ.... ئەوە تۆ چیت!!؟"

ڕەشمە بەسەرەکە وتی:

"مـن کەرەکـەی خـۆتم! بـەڵام بەسـەرهاتێکی سـەیرم هەیـە!! ئـەوی ڕاسـتی بێـت.. مـن پیرەژنێکی دایکم هەیە ئێوارەیەکیان بە سەرخۆشی گەڕامەوە ماڵ دایکم لێم تووڕە بوو وتی:

"تۆبە بکە.... لای خوای خۆت، کە جارێکی دی لە خوا عاسی نەبیت."

منیش چونکە سەرخۆش بووم: دارێکم لێ هەڵگرت و کەوتمە لێدانی..... دایکیشم نـزای لێ کردم کە خوا بمکات بە کەر. ئیدی بوومە ئەم کەرەی کە کەوتمە دەست تۆ."

دوای کەمێ گریان هەڵیدایە:

"لەوە دەچێت: ئەمڕۆ می بیر کەوتبێتەوە......... بەزەیی پێمدا هاتبێتـەوە. دیسان نـزای بۆ کـردبێ و لـە خـوا پاڕابێتـەوە... وا پـەنا بـە خـوا... نزاکەی گیرابووە: منـیش بوومـەوە، مرۆڤ"

گێلە پیاوەکە..... کە ئەمەی بیست وتی:

"لاحول و لاقوه الا باللەالعلی.......... تووخوا... کاکە گیان، تۆیش گەردنی من ئازاد بکە و لێم خۆش ببە، چونکە زۆر سواری پشتت بووم باری گرانم پێ هەڵگرتوویت!!"

ئەمجا گێلە پیـاو ڕەشمەکەی کۆ کـردەوە کابرای ئـازاد کـرد!! ئێوارە کە گەیشتەوە مـاڵ پەشێو و خەمبار بوو. ژنەکەی پرسی:

"بۆچی غەمبارە؟"

گێلە پیاو بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە. ژنەکەی وتی:

"ئەیەڕۆ.... پیاوەکە... چۆن ئەو ماوە زۆرە ئەو کەرەمان ماندوو کردووە. نەمان زانیوە مرۆڤە. "

ژنە بڕوای کرد و .... کەوتە... تۆبە و استغفار! گێلە پیاویش ماوەیەك لەماڵەوە بێ ئیش و کار لێی دانیشت. بۆیە ڕۆژێکیان ژنەی پێی وت:

"تاکەی بێکار لە ماڵەوە لێی دادەنیشیت!؟ هەستە... بڕۆ.. کەرێکی دی بکڕە و کاری پێ بکە."

ئەویش ڕەشمەکەی بە دەستەوە گرت و چووە مەیدانی ئاژەڵان. کە سەیری کرد کەرەکەی خۆی لێیە و وەستاندوویانە.. بۆ فرۆشتن. هەر کە ناسیەوە، چووە نزیکیەوە و دەمی خستە بنا گوێیەوە و پێی وت:

"ئەی نەگبەت بەخوا.. لەوە دەچێت، گەڕابیتەوە سەر مەی خواردنەوەکەت و جارێکی تر بە دار لە دایکت دابێتەوە!! بەخوا... جارێکی تر ناتکڕمەوە"

لە داخدا گۆڕەپانەکەی جێ هێشت و گەڕایەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٨٦

## چیرۆکی "حاکم بامراللە" و بازرگانەکە

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە ڕۆژێکیان خەلیفە "حاکم بامراللە" خۆی و پیاوانی سوار دەبن و دەکەنە ڕێ. دەدەنە بە لای ڕەز و باخێکدا خەلیفە زۆری پێ جوان دەبێت. دەوەستێت و سواران بە دەوروبەریدا. خاوەن ڕەز ئاویان بۆ دەبات. ئەمجا بە خەلیفە دەڵێت:

"حەز دەکەم لا بدەن و دابەزن"

خەلیفە و دەست و پێوەنانی دادەبەزن. خاوەن ڕەز فەرمانی دا شتومەك ئامادە بکەن. کۆیلەکانی ١٠٠ فەرشیان ڕاخست. ١٠٠ دۆشەك و ١٠٠ پشتییان دانا. ١٠٠ قاپ میوە. ١٠٠ جام شیرینی. ١٠٠ کوننە شەربەت دانرا. خەلیفە بامراللە سەری سوڕما بۆیە وتی:

"کاکە ئەم خزمەتەی ئێمە کە دەیکەیت بەلامەوە سەیرە!! تۆ... پێشتر دەتزانی کە ئێمە دەبینە میوانت!؟"

ئەویش وتی:

"نەخێر!! بەڵام من بازرگانێکم لە هاوڵاتیانت و ١٠٠ کەنیزەکم هەیە. کاتێك تۆ ڕێزت لێنام و بوویتە میوانم منیش فەرمانم بە ئەو ١٠٠ کەنیزەکە.. دا کە هەر یەکەیان قاپە میوە و مەشکە شەربەت و قاپە شیرینیەکانی خۆیان و قاپە خواردنەکانیان لەسەر سفرە دابنێن فەرشەکانیان ڕابخەن.... نوێنەکانیان لەسەری دابنێن. ئیدی هیچی زیادەمان نەکردووە!"

ئەمجا بە پێکەنینەوە وتی:

"گەورەم... ڕۆژانە ئەم خواردنانە ئامادە دەکرێن و لەگەڵیان دەخۆم"

خەلیفە بامراللە کڕنووشی بۆ خوا برد و وتی:

"سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگار، کە لە نێو هاوڵاتیانمدا، کەسانێك هەن..... دەتوانن خەلیفە و دەست و پێوەن و سەربازانی نان بدەن بە جوانترین شێوە!!"

ئەمجا فەرمانی دا بچن داهاتی وەرگیراوی شار بێنن. کە هێنایان ۳۰۰۰ هەزار هەزاری و ۷۰۰۰۰ درهەم بوو. بە خەڵات و دیاری پێشکەشی خانەخوێی بازرگانی کرد. کە سواری ئەسپەکانیان بوون. خەلیفە پێی وت:

"ئەو بڕە پارەیە هەر چەند لە بەخشندەییەکەی خۆت بچوکترە لە دیوەخانەکەتدا خەرجی بکە."

ئەمجا رۆیشتن. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ۳۸۷

# چیرۆکی شا کیسرا ئەنەوشیروان و کەنیزەکێك

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە، شای دادپەروەر کیسرای ئەنەوشیروان رۆژێك سوار دەبێت و دەچێتە راو و شکار. لە دەست و پێوەنەکانی تەرە دەبێت و شوێن ئاسکێك دەکەوێت. هەر دەڕوات تا دەگاتە کۆمەڵە ماڵێك. لا دەدات و لە ماڵێك داوای ئاو دەکات. کیژێك دەرگا دەکاتەوە. قامیشێك دێنێت و ئاوەکەی دەکاتە جامێکەوە شتێکی تێدەکات. وەکو "حێل" وابوو. کە دایە دەست کیسراشا ئەویش خواردیەوە و بەلام زۆر لەسەرخۆ... چونکە سەیری بنی جامەکەی کرد. شتێکی تیابوو، وەکو خۆل وابوو. ئەمجا بە کیژەکەی وت:

"کیژێ ئاوەکەت تا بڵێی سازگار بوو بەلام خۆڵی بنی جامەکە لێی تێك دام."

کیژەکە وتی:

"ئەی میوان... بە ئارەزوو، ئەو خۆڵەم کردە ئاوەکەوە!"

شا پرسی:

"بۆچی؟"

کیژە وتی:

"چونکە هێندەت تینوو بوو...... ئەگەر ئەوەم تێ نەکردایە... بە قومێك و خێرا دەتخواردەوە و تووشی زیان دەبوویت... بۆیە ئەوەم تێکرد تا لەسەرخۆ و بە ئاگاوە، ئاوەکە بخۆیتەوە."

کیسرا ئەنەوشیروان کە ئەمەی بیست بۆی دەرکەوت ئەم کیژە زۆر زیرەکە. شا پرسی:

"ئەو ئاوەت لە چەند قامیش گرت؟"

کیژە وتی:

"لە یەك قامیش"

شا کیسرا وتی:

"لە قامیشێکدا هێندە ئاو بگرن ئاخۆ... داهاتی ساڵانەیان چەند بێت؟"

بۆیە...... داوای لیستی داهاتی ئەو دێیەی کرد. کە سەیری کرد... زۆر کەمە!! بۆیە لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا کە گەڕایەوە پایتەخت.. باج لەسەر ئەو دێیە زیاد بکات. ئەمجا سوار بووە و کەوتە ئەو دەشتە بۆ ڕاو کردن. تاکو ئێوارە بە هەمان ڕێگادا گەڕایەوە و لە دەرگای هەمان ماڵی دایەوە. هەمان کیژ دەرگای لێ کردەوە. ناسیەوە کە کیژەکەی بەیانیە کیژەش چووە ژوور....تاکو ئاوی بۆ بێنێ. ئەمجارە دواکەوت. شا کیسرا بە دەنگی بڵند پرسی:

"بۆچی هێندەت پێچوو!؟"

کیژەش وەڵامی دایەوە:

"لەبەر ئەوەی لە یەك قامیش هێندە ئاو نەچۆڕایەوە، تینویەتیت بشکێنێ ئەوە سێیەم قامیشە ئاوی لێ دەچۆڕێنم!"

شا کیسرا نەوشیروان پرسی:

"ئاخۆ... هۆی چی بێت!!؟"

کیژە بێ ڕامان وەڵامی دایەوە:

"چونکە... بەیانی نیەتی سوڵتان پاك بوو....... بەڵام ئێستا نیەتی گۆڕیوە!!"

شا کیسرا پرسی:

"چۆن دەزانیت!؟"

کیژە وتی:

"لە پیرانمان ...... بیستووە، کە ئەگەر سوڵتان نیەتی باش بوو... ئەوا ڕۆزی هاوڵاتیانیش باش دەبێت.... خۆ .... ئەگەر سوڵتانەکان نیەتیان خراپ بوو، بەرامبەر میللەت ئەوا ڕۆزیان کەم دەکات و پیت و بەرەکەتیان نامێنێت!!"

شاکیسرا نەوشیروان دەستی کردە پێکەنین و نیەتی زیاد ردنی باجەکەی لە دڵ دەرکرد. هێندەش خۆشی لە جوانی و زیرەکی ئەو کیژە هات. دابەزی و داوای لە خێزانی کرد و هەر لەوێدا مارەی کرد و لەگەڵ خۆی بردی.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٨٨

## چیرۆکی شا خەسرەو و ماسیگرەکە

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە، شا خەسرەوێك بووە، زۆری حەز لە ماسی کردووە. ڕۆژێکیان خۆی و شیرینی ژنی دانیشتبوون. ماسیگرێك هاتە لایان و ماسییەکی گەورەی بە دیاری پێدان. خەسرەوشا ماسییەکەی زۆر بەلاوە جوان بوو، بۆیە فەرمانیدا ٤٠٠٠ درهەمی پێ بدەن. ژنەکەی وتی:

"کارێکی باشت نەکرد"

شا پرسی:

"بۆ؟"

ژنەکەی وتی:

"چونکە لەمەودوا... هەر پارەیەك لە ئەو ٤٠٠٠ درهەم کەمتر بدەیت بە هەر خزمەتکارێك رقی لێت دەبێتەوە"

شا وتی:

"راست دەکەیت بەلام شیاو نییە، پاشایان بەخششەکانیان لەخەلات کراو بسەندنەوە."

ژنەکەی وتی:

"پیلانێکت بۆ دادەنێم کە پارەکەت بۆ بگێڕێتەوە!"

ئەویش وتی:

"چۆن؟"

ماسیگرەکە بانگ بکەرەوە و لێی بپرسە:

"ماسیەکەت نێرە یان مێیە؟ گەر وتی: نێرە بڵێ ئێمە ماسیە مێیەمان دەوێت! گەر وتیشی ماسیەکە مێیە! تۆ بڵێ نێرەماسیمان دەوێت!"

شا ناردیەوە بە شوێن، ماسیگرەکەدا، کە هات پێوەی دیار بوو کە زۆر زیرەك بوو شا لێی پرسی:

"ماسیەکەت نێرە یان مێ؟"

ماسیگر کڕنووشی بۆ پاشا برد و وتی:

"گەورەم، ئەم ماسییە نێرەمووکە! نە نێرە و نە مێ!!"

شا خەسرەو کە ئەم وەلامەی بیست هێندە پێ کەنی، کە فەرمانیدا ٨٠٠٠ درهەمی تری خەلات بکەن و بۆی بکەنە توورەکەیەکەوە! توورەکەکەی تریشی برید. شا و شاژن هەر سەیریان دەکرد. شاژن وتی:

"سەیری ئەو ماسیگرە بکە، چەندە رسوایە... درهەمێکی لێ کەوتە خوارەوە دانەویەوە ئەویشی هەلگرتەوە...... نەیهێشت خزمەتکارێکمان سوودی لێ ببینێت!"

شا خەسرەو قسەی ژنەکەی بەهەند وەرگرت و بانگی ماسیگرەی کردەوە و پێی وت:

"رسوا ئەوە تۆ مرۆڤ نیت!؟ بۆ    ی دانەویتەوە بۆ یەك درهەم!؟ هێندە رەزیلیت نەتهێشت یەکێك سوودت لێ ببینێ؟"

ماسیگر کڕنووشی بۆ برد و وتی:

"خوا... پاشامان راوەستاو بکات ..... ئەوە لەبەر رەزیلیم نەبوو...... بەلکو پارەکە لە دیوێکیدا وێنەی پاشامانی تیایە. لە دیوەکەی تری ناوی پاشامان. پێم ناخۆشە... یەکێك پێی پیادا بنێت! کە سوکایەتی کردنە، بە وێنە و ناوی پاشامان، من تاوانبار دەبم!"

خەسرەوشا..... سەری سوڕما، لەم وەلامە جوانەی ماسیگر و فەرمانیدا ٤٠٠٠ درهەمی تریشی خەلات بکەن. ناردی بە شوێن جارچی دا کە هات فەرمانی پێدا کە بە ناو شاردا بگەڕێت و ئەم فەرمانە شاهانەیە بۆ هاولاتیان بخوێنێتەوە:

"لەمەودوا نابێت هاوڵاتیان بە قسەی ژنەکانیان بکەن. چونکە بەرامبەر هەر درهەمێك دەیان درهەم دەدۆڕێنن."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو................ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٨٩

## چیرۆکی یەحیای کوڕی خالیدی بەرمەکی و هەژارەکە

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە خالیدی کوڕی یەحیای بەرمەکی لە سەرای خەلافەت هاتە دەر و بەرەو ماڵی خۆیان . کە گەیشت سەیری کرد کابرایەك لەبەر دەرگایەتی. کە لێی نزیك بووەوە، کابرا لەبەری هەستا و سڵاوی لێ کرد و پێی وت:

"ئەی یەحیا... پێویستم بە تۆیە... هەر چیەك بە دەستت هەڵ بێت: بمدەرێ!"

یەحیا فەرمانی دا، لە حەوشەی ماڵەکەی خۆیدا ژوورێکی بۆ تەرخان بکەن. هەموو رۆژێکیش ١٠٠٠ درهەمی بدەنێ. لە ماڵێ یەحیاشدا هەر خواردنێك لێنرا، بەشی ئەویشی لێ بدەن. یەك مانگی رەبەق کابرا بەم شێوەیە لەگەڵ یەحیادا ژیا. دوای مانگێك بوو بە خاوەنی ٣٠٠٠ درهەم. کابرا خەمی ئەوەی لێهات، یەحیا بە پارەکەی بزانێت و لێی بسەندێتەوە. بۆیە بە دزیەوە ماڵی جێهێشت. کە هەواڵەکەیان بە یەحیا راگەیاند وتی:

"بەو خوایە.... ئەگەر بە درێژی تەمەنی خۆی لە شوێنی خۆی بوایە... میوانداریتیم دەکرد."

چاکە و بەخشندەیی بەرمەکیان لە ژماردن نایەت. بە تایبەتی یەحیای کوڕی خالیدی بەرمەکی:

پرسیان ئاخۆ..... گیانم ئازادە وتم: نە... کۆیلەی یەحیای خالیدە

وتیان: کڕیوتی!؟ وتم: نە...بەڵام بۆ هەژاران، پەنایە و داڵدە

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٩٠

# چیرۆکی حەمە ئەمین و جەعفەری هادی

دەگێڕنەوە: جەعفەری موسای هادی کەنیزەکێکی هەبوو ناوی "مانگی گەورە" بوو. کە لە کاتی خۆیدا لەو شۆخ و شەنگ تر ....... قەد و بالاَ ڕێك و دەنگ خۆش و ساز ژەن تر نەبوو. زۆر جوان ...ناسك، درەخشان. حەمەئەمینی کوڕی "زوبەیدە" کە برای "مەئمون" بوو وەسفی ئەم کەنیزەکە دەبیستێت. داوا لە جەعفەر دەکات کە پێی بفرۆشێتەوە. جەعفەریش پێی دەڵێت:

"بۆ خۆت دەزانیت، ئێمە و مانان.. کەنیزەکانمان نافرۆشینەوە، بە عەیبی دەزانین نهێنی خێزانمان بچێتە دەرەوە! گەر لە مالّی خۆمدا گەورەم نەکردایە هەر بە دیاری پێشکەشم دەکردیت!"

جارێکیان حەمەئەمین زوبەیدە بە میوانی دەچێتە مالّی جەعفەر. خانەخوێیش دوای کەمێك فەرمان دەدا مانگی گەورە گۆرانیان بۆ بلێت. مانگی گەورە عوودەکەی هێنا و ژێیەکانی ساز دایەوە و دەستی پێکرد. حەمە ئەمینی زوبەیدەش پارەی دایە مەیگێڕ. تاکو شەرابێکی زۆر دەرخواردی جەعفەر بدات. کە شەو درەنگ بوو. دەستی دایە دەستی کەنیزەك و لەگەڵ خۆی بردیەوە ماڵ....! بۆ شەوی دواتر جەعفەر بەرەو مالّی حەمەئەمین بووە و بووە میوانی خانەخوێش بە هەمان شێوە مەی گێڕرا، بەلاَم حەمەئەمین پەردەی گێڕا بۆ کەنیزەکەکە. بۆ ئەوەی جەعفەر نەیبینێت. کەنیزەکە کەوتە عودژەندن و گۆرانی وتن. جەعفەر دەنگی مانگی گەورەی ناسیەوە بەلاَم شەرمی کرد. کەنیزەکەکەی لێ وەربگرێتەوە. کە جەعفەر هەستا بڕوات. حەمەئەمین، فەرمانی دا کەشتیەکەیان بۆ پڕ کرد لە کوتالّی نایاب و نەختینەی بە نرخ، تەنانەت ١٠٠٠ پارچە مرواریشیان بۆ خستە ناو کەشتییەکەیەوە. کە هەر مرواریيەك بایی ٢٠٠٠٠ درهەم بوو. هێندەیان دیاری خستە بەلەمەکەوە بەلەمەوان هاواری لێ هەستا:

"ئیتر باری تر ناگرێت و کەشتییەکە نقووم دەبێت"

بەخشندەیی گەورە پیاوانی زەمانی زوو، ئاوا بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٩١

# چیرۆکی سەعیدی باهیلی و فەزڵ و جەعفەر

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە کە سەعیدی سالّی باهیلی وتویەتی: لە سەردەمی هارونەرەشیددا، کەوتمە سەر ساجی عەلی و پول و پارەم نەماو قەرز پشتی شکاندم! خۆیشم نەمدەزانی هاوار بۆ کوێ ببەم! زۆر جاران، خاوەن قەرزەکان بەردەرگایان پێ دەگرتم.

دەستێکم کەوتە ئەملاو دەستێکم کەوتە ئەولا...! بۆیە هانام بردە بەر "عەبدوڵڵای کوڕی مالکی خەزاعی" لێی پاڕامەوە تەگبیرێکم بۆ بکات. ئەویش پێی وتم:

"کەسێك شك نابەم، فریات بکەوێت....... مەگەر بەرمەکیەکان بتوانن!"

منیش وتم:

"جا...... کێ دەتوانێت خۆی لەبەر خۆبەزل زانین و لووت بەرزی ئەواندا بگرێت!؟"

ئەویش وتی:

"تۆ...... خۆت بگرە، با.......کێشەکانت لە کۆڵ بێتەوە!"

ئێ.... ناچار رووم کردە مالّی "فەزڵ" و "جەعفەر" دوو کوڕەکەی یەحیای کوڕی خالیدی بەرمەکی: لێقەومانی خۆم بۆ گێڕانەوە... پێیان وتم:

"خوا یارمەتیت بدات... چونکە خۆی فریاد رەسە"

بە دەستی خالّی و دڵی تەنگەوە گەڕامەوە قسەی هەر دووکیانم بۆ گێڕایەوە. ئەویش وتی:

"دابنیشە، تاکو پێکەوە بیرێکی لێ بکەینەوە. منیش بە قسەم کرد. هێندەی پێنەچوو منداڵەکەم هات بە شوێنمدا و وتی:

"کۆمەڵە هێسترێك بە بارەوە لەبەر دەروازەی ماڵماندا وەستاوە و یەکێك لەگەڵیاندایە و دەڵێ:

"من بریکاری فەزڵ و دوو کوڕەکەی یەحیام"

عەبدوڵڵا وتی:

"هەستە و برۆ... بەڵکو ئەمە خوایە: مەینەتیەکانت بڕەوێنەوە!"

منیش هەر بە راکردن بەرەوماڵ گەڕامەوە. کە بینیم پیاوێك بە پارچە روقعەیەوە وەستاوە..! تیا نووسرابوو:

"ئێمە کە تۆمان لابوو بەسەرهاتیت خۆتت بۆ گێڕاینەوە، هەستاین و چووینە لای خەلیفە بەسەرهاتەکەی تۆمان بۆ گێڕایەوە، ئەویش دەستی برد ۱۰۰۰۰۰ درهەمت لە خەزێنەی دەوڵەت بۆ ناردیت.....! ئەمجا پێمان وت بەو بڕە درهەمانە قەرز و قۆڵە دەداتەوە... ئەی خۆی چۆن بژێت!!؟"

ئەمجا فەرمانی دا ۳۰۰۰۰۰ درهەمی تریشیان خەلات کردین. ئەمجا خۆیشمان ۱۰۰۰ درهەممان بۆ خستویتە سەر، تاکو ژیانت باش ببێت."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٩٢

# چیرۆکی پیلانی ژنێك لە مێردەکەی

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە ژنێك ئاوا..... پیلانی بۆ مێردەکەی گێڕاوە: مێردە ماسییەك دەباتەوە بۆ ماڵەوە و بە ژنەکە دەڵێت:

"ئافرەت ئێستا دەڕۆم بۆ کار کردن، تۆش تاکو دوای نوێژی هەینی ئەم ماسییە سوور بکەرەوە."

ئیدی چووە دەرەوە. هێندەی پێ نەچوو، کوڕێکی هاوڕێی هات و ژنەی بانگهێشتی زەماوەندی ژن هێنانی خۆی کرد. ژنەکەش ماسییەکەی جێ هێشت و لەگەڵیدا رۆیشت. تاکو... هەینی داهاتوو، نەگەڕایەوە...!! پیاوەش لە ماڵانی دراوسێی پرسی..... کە ئاخۆ .... ژنەکەی لە کوێیە!!؟ بەڵام کەسێك نەیزانی لە کوێیە. کە ژنەکە هاتەوە پیاوەکە...... کردی بە شەڕ لەگەڵیدا. مێردە ...پەلاماری تەشتە گەورەی دا و ماسییەی دەرهێناو پیشانی ئەو دراوسێیانەی دا.. کە هاتبوونە سەریان. هاواری دەکرد:

"خەڵکینە... هەفتەی پێشوو ئەم ماسییەم هێنایەوە ماڵ تاکو بۆم سوور بکاتەوە. ئەوەتا... ئەم هەفتەیە بە نیازە بۆم سوور بکاتەوە!"

خەڵکەکەش سەیریان دەکرد و پێی پێدەکەنین. مێردە هێندە هاواری کرد و خەڵکەکە پێی پێکەنین و بڕوایان پێ نەکرد... هەر لەوێدا شێت بوو، تومەز ژنەکە هەفتەی پێشوو ماسییەکەی خستووەتە ئەو جۆگە ئاوەی کە بە حەوشەکەساندا دەڕۆیشت! ماسییەکەش زیندوو مابووەوە. مێردەکەشی هەر لە تەشتە ئاوەکەی دەرهێنابوو، تاکو بیبات پیشانی دراوسێکانی بدات. دەروو دراوسێش کە ماسییەکەیان بە زیندوویی بینی بوو، بڕوایان نەکردبوو. بۆیە پێی پێکەنی بوون. چونکە ماسییەك لە ئاو دابڕێت بۆ ماوەی حەفتەیەك بە زیندوویی نامێنێتەوە! بەوەدا، بۆیان دەرکەوت کە ئەو پیاوە شێت بووە!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٩٣

# چیرۆکی ئافرەتە خواپەرستەکەی بەنی ئیسرائیل

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە زەمانی زوو.... ساڵانی بەسەرچوو.. پیرەژنێکی خواپەرستی بەنی ئیسرائیلی هەبوو، هەموو جارێك بۆ دەستنوێژ هەڵگرتن دەچووە ناو رەزێکەوە. کە بە تەنیشت مزگەوتەکەوە بوو. دوو پیر هەبوون، هەمیشە پاسەوانی بوون. دوای ماوەیەك تەماعیان تێ گەڕا.... پەخەیان گرت، خۆی بدات بەدەستیانەوە! بەڵام ژنەکە ئەو کارەی پەسەند نەبوو. ئەمجا هەڕەشەیان لێکرد، کە ئەگەر خۆی نەدات بە دەستیانەوە لێی دەکەن بە هەڵلا... کە گوایە "زینا"ی کردووە. ژنەکەش پێی وتن:

"خوام له پشته و له شەڕی ئێوەم بەدوور دەخات"

ئەمجا دەرگای ڕەزەکەیان خستە سەر پشت و هاواریان کرد... خەڵکێکی زۆر لێیان کۆ بوونەوە و پرسیان ئەوانیش وتیان:

"لاوێکمان بینی سواری ئەم ژنە بووبوو....!! زۆریشمان تەقەلا دا ..... بەڵام لاوەکەمان بۆ نەگیرا!"

ئەو دەمە وا باو بوو گەر زینا بکرایە، سێ ڕۆژ لەسەر یەك لە شاردا بانگەوازی بۆ دەکرا...!! دواتر زیناکەر بۆ ئابڕوو بردنی و کوشتنی بە بەرد ڕەجم دەکرا. سێ ڕۆژ جاریان بۆ دا و بانگەوازیان کرد. دوو پیرەش خێرا... خێرا دەچوونە بن دەستییەوە و دەستیان دەخستە سەر سەری و پێیان دەوت:

"سوپاس بۆ خوا.... کە ئاوا غەزەبی لێ گرتیت..!"

حەزرەتی دانیالی ١٢ ساڵان بوو ڤیژاندی بە سەر خەڵکەکەدا و وتی:

"پەلە مەکەن، لە بەرد تێگرتنی ئەم پیرەژنە با.... بە بەرچاوتانەوە لێی بکۆڵمەوە!"

خەڵکەکە کورسیەکیان لەوێدا بۆ دانا. یەکە یەکە و بە جیا و لەبەردەم خەڵکەکەدا کۆمەڵە پرسیارێکی لە دوو پیرەی شایەت کرد. کە ئەوە یەکەم جار بوو..... شایەت بە جیا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت!! ئەم کارەش یەکەم "موعجیزەی" "دانیال" پێغەمبەر بوو. لەبەردەم ئاپوورەی خەڵکەکەدا لە یەکێکیانی پرسی:

"چیت بینی!؟"

شایەتەکە کەوتە گێڕانەوە. ئەمجا حەزرەتی "دانیال" سڵاوی خوای لێ بێت. پرسی:

"لە کوێی ڕەزەکەدا؟"

شایەتەکە وتی:

"لە ڕۆژهەڵاتی باخەکەدا و لە ژێر دار هەرمێیەکدا"

ئەمجا لە دووەم شایەتی پرسی کە چی بینیوە؟ و لە کوێی باخەکەدا؟ شایەتی دووەمیش بۆی گێڕایەوە چی بینیوە و وتی:

"لە ڕۆژئاوای باخەکەدا، لە ژێر دار سێوێکدا. هەر لەو کاتەدا، کە حەزرەتی دانیال، لێ پێچینەوەی لەگەڵ دوو شایەتەکە دەکرد..... ژنەکەش هەر دوو دەستی بۆ نزا و پاڕانەوە بەرز کردبووە: لە خوا دەپاڕایەوە کە لەم بوختانە ڕزگاری بکات. لەو کاتەدا خوا بروسکەیەکی دا لە هەر دوو شایەتە درۆزنە بوختان چیەکە و پاکی ژنە خواناسەکەی، بۆ خەڵکەکە سەلماند.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٩٤

# چیرۆکی هارونەرەشید و جەعفەر و پیرەی دەشتەکی

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە: هارونە رەشید و ئەبەنەواس و یەعقوبی هاوڕێی جەعفەری بەرمەکەی لە ماڵ دەچنە دەرەوە..... روو دەکەنە بیابان. پیرێکیان بینی خۆی دابوو بە سەر کەرەکەیدا. هارونەرەشید بە جەعفەری وت:

"لێی بپرسە..... بزانە خەڵکی کوێیە؟"

جەعفەر لێی پرسی:

"لە کوێوە هاتوویت؟"

پیرە وتی:

"لە شاری بەسرەوە"

ئەمجا پرسیەوە:

"ئەی بۆ کوێ دەچیت؟"

پیرە وەڵامی دایەوە:

"بۆ شاری بەغدا."

جەعفەر پرسیەوە:

"ئیشت بە بەغدا چییە؟"

پیرە وتی:

"دەرمانێك بۆ چاوم پەیدا دەکەم."

ئەمجا هارونە رەشید بە جەعفەری وت:

"هەندێ سوعبەتی لەگەڵ بکە"

جەعفەری بەرمەکی وتی:

"سوعبەتی لەگەڵ بکەم، قسەی ناشیرین دەکات!"

هارونەڕەشید هەڵیدایە:

"توو لە سەری من.... دەی"

جەعفەر وتی:

"گەر .... دەرمانێکت پێ بڵێت.... چیم دەدەیتێ!؟"

پیرە وتی:

"خوا...... پاداشتێکت دەداتەوە.... لە پاداشتی من چاکتر!"

جەعفەر وتی:

"ئێستا دەرمانێکت پێ دەڵێم کە هێشتا بە کەسم نەوتووە"

پیرە وتی:

"فەرموو"

ئەویش وتی:

"سێ هۆقە با. سێ هۆقە تیشکی خۆر. سێ هۆقە گوڵە مانگ، سێ هۆقە تیشکی چار تێکەڵ بکە و بیخە بەر رەشەبا دواتر بیکە "هاوەن"ێکی بێ بنەوە و سێ مانگ بیکوتە. بیکە قابلەمەیەکی قلّیشاوەوە. ئەمجا رۆژی سێ جاران بە هێندەی درهەمێکی پێش نووستن لێی بکە چاوانتەوە."

کە پیرە ئەم قسەیەی لە جەعفەر بیست وتی:

"تۆش: ئەم مشتە کۆڵەیە بگرە بۆ قەپۆزت..! کە چاکیشی بوومەوە کەنیزەکێکت، بە دیاری دەدەمێ تاکو دەمریت پەزێراییت بکات!!"

کە بە دەم و شاوی ئاوساویشەوە مردیت کەنیزەکەکە لە خۆی بدات و رووومەتی خۆی برنێتەوە و بڵێ:

"دەستی شکاوم بۆ ئاغا.... سەر و دەم و چاو ئاوساوەکەم!!"

هارونەرەشید هێندە پێکەنی خەریك بوو بکەوێتە سەر گازی پشت. ئەمجا ٢٠٠٠ درهەمیشی دا بە پیاوە پیرەکە.

## شەوی ٣٩٥

## چیرۆکی عومەری کوڕی خەتاب و لاوێك

شەهرەزاد وتی: شەریفی حوسەینی کوڕی رەیان گێڕایەوە، کە رۆژێکیان خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب دانیشتبوو. لەسەر حوکمڕانی و مەملەکەتی بەڕێوە دەبرد. کاتێکی زانی دوو لاو ئەملاولای گەنجێکی جوانپۆشیان گرتبوو هێنایانە بەردەم خەلیفە. سەیری لاوەکەی نێوانی کردن، ئەمجا سەیری دوو گەنجەکەشی کردو پێی وتن:

"وازی لێ بهێنن"

ئەمجا رووی لە دوو لاوەکە کرد و لێی پرسین:

"چیتان هەیە لەگەڵیدا؟"

وتیان:

"ئەی میری موسڵمانان.... ئێمە هەر دووکمان براین! باوکێکمان هەیە پیر... بەلام زیرەك و بە تەگبیر..! خۆشەویستی تیرە و هۆزانە...... بێ‌فێڵ و پاڵفتەیە. بە چاکەکار ناسراوە پەروەردەی کردین. دەڵێ ئەم شیعرە بە ئەودا هەڵدراوە:

دەڵێن کە هەڵۆیش کە شەیبانیە وتم شەیبانیش لەوە وانییە!

چەند باوکمان بینی بە کوڕی ناسرا هەر هێندەی "رسول" کە بالاّ نییە!

رۆژێکیان باوکمان بۆ میوە ڕنین لەناو رەزەکەماندا دەبێت. ئەم لاوە بە ناحەق باوکمان دەکوژێت! ئێستا دەی دەینە دەست تۆ بە گوێرەی فەرمانەکانی خوای مەزن لەگەڵی بجوڵێوە."

خەلیفە سەرێکی کوژەری کرد و پێی وت:

"خۆت گوێت لێیان بوو... تۆ چی دەڵێیت"

لاوەکە کە زۆر ورە بەرز و بە سەلیقە بوو لە قسە کردندا بە زمانێکی شیرین و رەوان .... کەوتە قسە کردن بەرامبەر میری موسڵمانان وتی:

"بەو خوایە... میری موسڵمانان... ئەو دووانە... دروست هاتنە دووان. ئەوە رەوا بوو...... یان نارەوا بوو.... قەزا و قەدەری خوا بوو!! منیش وا بەسەرهاتەکەت وەکو خۆی بۆ دەگێرمەوە. ....ئیتر فەرمان ..... فەرمانی خۆتە.... ئەی میری موسڵمانان... حەز دەکەم ئەوە بزانیت کە من لە عەرەبە رەسەنەکانم! لە ژێر دەواری دەشتەکیاندا گەورە بووم. ساڵانێکی قڕ و قاتی......پڕ نەهامەتی تووشی هۆزەکەمان هات. منیش بە ناچاری رووم لەم شارە کرد. زۆر رێگام گرتەبەر. زۆریشم دیوە رەزی بە بەر. رۆژێکیان چەند کەنیزەکێکی خان و مانم بینی کە لاوێك لە نێوانیاندا بوو. کوڕی خێزانێکی خانەوادە بوو. زۆر قۆز و شۆخ بوو، کە لە نێوان کیژەکاندا دەرۆیشت، لە پاشای تاج بە سەر دەچوو. هەندێك رێکپۆش و تەسەل لە سەر دیوارەکەوە درەختەکانیان بینی. چوونە رەزەکەی باوکیانەوە. سەیرم کرد پیرێك لە دیوارەکەوە هاتە دەر....!! هێندە توورە بوو، دەنگی هەناسەی دەبیسترا. بەردێك بە دەستی راستییەوە بوو وەکو پڵنگ بە هەڵمەت بوو، پەلاماری کوڕە لاوەکەی نێوان کیژەکانی دا... بەردەکەی پێدا کێشا و لاوەکەی دەمودەست کوشت!! منیش کە ئەو لاوەم بینی لەو لامەوە کەوت گڕم گرت و توورە بووم. هەر بەردەکەم هەڵگرتەوە تێم گرت. دواتر سەیرمان کرد مردووە و نەماوە هە وەکو وتراوە:

"ئەوەی کە کوشتی.... ئەویش کوژراوە!!"

کەوتمە را کردن بە هەڵەداوان بەڵام ئەم دوانە گرتمیان و کەوتمە داوان. ئێستاش وا لەبەر دەستتداین!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٩٦

شەهرەزاد وتی: خەلیفە عومەر خوا لێی رازی بێت، وتی:

"ئەوا تۆ دانت نا..... بە تاوانەکانت دا!! کەوابوو.........سزای خۆت، مسۆگەر کرد."

لاوەکە وتی:

"فەرمایشتتانە. ئامادەم بۆ حوکمی ئیمام.... بە گوێرەی شەریعەتی ئیسلام. قوربان برایەکی بچووکم هەیە... کاتی خۆی کە میراتی باوکی رەحمەتیمان بەش کرد بەشەکەی ئەوم بۆ هەڵگرتووە. بە گوێرەی وەسیەتەکەی باوکم دەبێت بیدەمەوە پێی سامانەکەیم...... لە ژێر زەویدا بۆ هەڵگرتووە. خۆم نەچمەوە سەر شوێنەکە کەس نازانێت......لە کوێدایە...! جا .... گەر هەر ئێستا لە سێدارەم بدەیت سامانی ئەو برایەم لەناو دەچێت! نۆباڵی ئەو

زیانەش بە ملی تۆ دەبێت..... ئەی میری موسڵمانان بەڵام گەر سێ ڕۆژ مۆڵەتم بدەیت، ئەو کارە جێبەجێ دەکەم و دواتر، پەیمانەکەم بە جێ دەگەیەنم و دەگەڕێمەوە بەردەستت. "

خەلیفە عومەر خوا لێ ڕازی بێت کەمێ سەری داخست. ئەمجا سەیرێکی دەورووبەرەکەی کرد و وتی؛

"کێ دەبێتە کەفیلی ئەم پیاوە، بۆ گەڕانەوەی؟"

لاوەکەش چاوی بە دەورووبەرداگێڕا. ئیشارەتی بۆ "ئەبوزەر" کرد لە نێوان هەموویان دا. وتی؛

"ئەم پیاوە دەبێتە بارمتەم تاکو دەگەڕێمەوە...!"

خەلیفە عومەر بە "ئەبوزەر"ی وت؛

"گوێت لێی بوو، ئەم پیاوە چی وت؟ ئاخۆ.... بارمتەی ئەم پیاوە دەبیت؟"

ئەبوزەر بە قسەی کرد و بووە بارمتەی لاوەکە. ئەویش لێی دا و ڕۆیشت. سێ ڕۆژەکە بەسەر چوو. لاوەکە دیار نەبوو....!! وەزیران و خەڵکەکە کۆ بوونەوە و بە "ئەبوزەر"یان وت؛

"لاوەکە هەر نەهاتەوە!!"

ئەبوزەریش وتی؛

"بەو خوایە.. ئەو لاوەیە گەر نەگەڕێتەوە..... خۆم بە پێی خۆم، لە بری ئەو دەچمە بەندیخانەوە...!!"

کە لە خەلیفە عومەریشیان پرسی وتی؛

"بەو خوایە... گەر لاوەکە نەگەڕێتەوە ج حوکمێکم بە سەر ئەو لاوەدا سەپاند، هەمان حوکمی "ئەبوزەر"یش دەدەم....!!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٩٧

شەهرەزاد وتی؛ خەڵکەکە، کە بیر و ڕای خەلیفە عومەر و ئەبوزەریان بیست زۆریان خەم خوارد و هەناسەیان هەڵکێشا. ئەمجا بە دوو براکەیان وت؛

"پیاوی چاك بن..... خوێنی باوکتان داوا بکەن... چەند دەڵێن لە خوێنی وا دەیدەین!"

دوو براکە وتیان؛

"خوێنی باوکمان ناوێت!!"

لەو کاتەدا کە وەزیران و ئاگادارانی کێشەکە بە خەم بوون بۆ ئەبوزەر هێندەیان زانی لاوەکە پەیدا بوو...... ! چووە بەردەم ئیمام و بە روویەکی خۆشەوە سڵاوی لە کۆمەڵەکە کرد و وتی:

"برا بچووکەکەم دایە دەست خاڵوانی و شوێنی بڕە میراتیەکەیم پیشان دان. ئێستاش.... ئامادەی فەرمانتانم."

وەزیران و خەڵکەکە.... سەریان لە وەفا و راستگۆیی و ئازایەتی ئەو لاوە سوڕما!! هەندێکیان پێیان وت:

"ئافەرین... چەندە بە وەفا و راستگۆیت."

ئەویش وتی:

"ئەی ئەتان بیستووە، کە مردن هات، کەس ناتوانێت بیگێڕێتەوە؟ ویستم... بۆتان بسەلێنم وەفا ماوە!"

ئەبوزەریش وتی:

"بەو خوایە ئەی میری موسڵمانان من کە بوومە بارمتەی ئەم لاوە: ئەم ناسی بوو لەوەو پێش هەرگیز ئەم لاوەم نەدیبوو! بەڵام کە بینیم لە نێو ئەو هەموو کەسەدا منی هەڵبژارد و وتی:

"ئەو پیاوە دەبێتە بارمتەم، نەمویست قسەکەی بشکێنم! تاکو... خەڵکەکە نەڵێن: متمانە و چاکە نەماوە!"

ئەمجا دوو لاوەکە کە ئەمەیان لەو گەنجە بینی بەخەلیفە عومەریان وت:

"ئەی میری موسڵمانان.... وا ئێمەش ئەم لاوەمان بەخشی. لە خوێنی باوکمان.... چونکە خەم و پەژارەی ئەم هەموو کەسەی گۆڕی بە خۆشی."

خەلیفەش..... بە دوو براکەی وت:

"ئێوەش چاکەی خۆتان کرد و ئەم لاوەتان بەخشی! سەلاندتان بۆ ئێمە کە هێشتا گیانی بەخشندەیی و لێبووردن...... لە نێو موسڵماناندا ماوە بەڕاستی دەڵێی ئەم شیعرە بۆ ئێوە وتراوە:

چاکە کردنتان پاداشتی هەیە          ون نابێ و مژدەی بەهەشتی هەیە

ئەمجا خەلیفە عومەر خوا لێی رازی بێت، وتی با لە خەزێنەی دەوڵەت قەرەبووتان بۆ بکەمەوە. دوو براکە پەسەندیان نەبوو وتیان:

"ئێمە لەبەر خاتری پەروەردگار لێی خۆش بووین...... نەکو بۆ پارە و سامانی دنیا."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٣٩٨

## چیرۆكی مەئمونی هارونەرەشید روخاندنی ئەهرام

شەهرەزاد وتی: دەگێرنەوە، خەلیفە مەئمون بۆ رووخاندنی ئەهرامەكان چووە میسر. پارەیەكی زۆری لەو پێناوەدا خەرج كرد. هیچی بۆ نەكرا. ئەوە نەبێت كە توانی كەلەبەرێك بكاتە یەكێك لە هەرەمەكانەوە، كۆمەڵێك برێ زێر و زیوی تیا دەرهێناو فرۆشتییەوە. مایەكەی خۆی دەرهێنایەوە! خەلیفە كە بینی نە زیانی كردووە! نەقازانجی كردووە سەری سورما! بێدەنگ گەڕایەوە شاری بەغدا. هەرمەكان سیانن لە دنیادا تاك و بێوێنەن! لە ٧ سەر سورهێنەرەكەی جیهانن. وەستاكان لە دروست كردنیدا ئەو بەردە زەبەلاحانەیان كون كردووە و شیشی ئاسنیان تێ هەڵكێشاوە و بە تەنیشت یەكەوە دایان ناوە، دوای ئەوەی كە كونەكانیان بە قوڕوقوشمی تواوە، پڕ كردووەتەوە بە شێوەیەكی زۆر ئەندازیارانە هەڵیان چنیون. بەرزی هەرەمەكان ١٠٠ باڵ بوون. بە پێوانەی سەردەمی خۆی. بنكەی هەر هەرمێك چوار گۆشەیە. هەر لایەكی ئەو بنكە چوارگۆشەیە بەناو خۆیدا شكاوەتەوە، تاكو لە سەرەوە ئەو چوار گۆشەیە بچووك بووەتەوە بۆیە درێژی هەر لایەكی بۆ سەرەوە ٣٠٠ باڵ بووە. لێكۆڵەوەرەكان وتوویانە، كە هەرەمی لای رۆژئاواوە ٣٠ گەنجینەی بەردینی تیایە، كە پڕن لە چەك و كەرەسەی جەنگی نایاب. جۆرێك چەور كراون، هەرگیز ژەنگ نەكەن. كۆمەڵێك شووشەی تیایە كە نەرمە و دەنووشتێتەوە! چەندین جۆر دەرمانی تیایە ! لە هەرەمەكەی تردا...... پڕە لە پارچە قوری سوورەوەكراو، كە تیایاندا مێژووی كۆن نووسراوە و ژیان و بەسەرهاتی قەشەكان. وێنەگەلێك كە سەرسوڕهێنن! لە دیوارەكانیاندایە. پەیكەر و وێنەگەلێك هەن. لە هەر هەرەمێكدا پاسەوان هەن. كەشوێنەكە دەپارێزن. ئەم هەرەمانە بوونەتە مایەی سەرسوڕمانی مرۆڤ و زاناكان!! شیعری زۆریان بە سەریاندا هەڵدراوە:

| | |
|---|---|
| شاهان بۆ ئەوەی ناویان بمێنێ | ئەهرامێكیان كرد سەرسوڕ دەهێنێ |
| نابینی ئێستاش لە جێی خۆیەتی | تاكو قیامەت ماوە و دەمێنێ |
| یان.. سەیری جوانیەكەی ئەو ئەهرامانە | گوێ بگرە: مێژووی ئا ئەو زەمانە |
| خۆزەگە.... زمانیان بۆمان دەپژا | دەیانكرد وەسفی ئەو سەردەمانە |
| یان ... هاورشێم لە ژێری ئاسمانی شینا | هەن وەك: ئەهرامی میسری دێرینا |
| زەمانە، لێیان ترساوە و ماون | ئێمەش لە زەمان وان: لە ترسیانا...! |

شەهرەزاد هەستی كرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٣٩٩

# چیرۆکی دز و بازرگان

شـەهرەزادا وتـی: دەگێڕنـەوە... دزێـك "تۆبـە" دەكـات و بڕیـار دەدات ئـیتر دزی نـەكات. ئازادانـە لـە نێـو شـاردا دوكانێـك دادەنێـت. دەكەوێتـە كـار كـردن. ماوەیـەك لـەم شـێوەیە دەگوزەرێنێـت. ئێوارەیـەكیان وەكـو جـاران دوكانەكـەی دادەخـات و بـەرەو مـاڵ دەبێتـەوە. شەوێكیان كابرایەكی دز، ڕێی دەكەوێتە ئەو قەیسەرییە و"مۆم"ێك دەداتـە دەست پاسـەوانی قەیسەرییەكە و پێی دەڵێت:

"ئەرك نەبێت ئەو مۆمەم بۆ دابگیرسێنە."

پاسەوان دەڕوات مۆمەكە دابگیرسێنێت. دزەكەش گورزەیەك كلیلی دەرهێنا و دوكانی ئـەم دزە تۆبـەكارەی كـردەوە. خۆیشـی مـۆمێكی پـێ بـوو.ئەوەكـەی خـۆی داگیرساند كـە پاسـەوان گەڕایەوە دزەكە دەفتەری حسابی لەبەر دەم خۆیدا دانابوو. پەڕە پەڕە هەڵی دەدایەوە. وەكو ئەوەی پارەی شتومەك بنووسێت. یان پیایاندا بچێتەوە. تا بەرەبەیان لەبەر مۆمەكە ئەمە حاڵی بوو. ئەمجا پاسەوانەكەی بانگ كرد و وتی:

"بڕۆ.... وشترێكم بۆ بە كرێ بگرە و بۆم بێنە، با..... ئـەم ٤ تۆپـە قومـاش و گونیەیانـەی لێ بار بكەم و بیبەم. پاسەوانیش چـوو، وشـترێكی بـۆ هێنـا و لەگەڵیـدا بـاری كـرد..... دزەكە دەستی برد دوو درهەمی دایە پاسەوان و ڕۆیشت. ئەویش پێی وابوو خاوەن دوكانەكەیە.

شەهرەزاد هەستی كرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٠٠

شەهرەزاد وتی: كە ڕۆژ بووەوە، دوكان و بازاڕ كرایەوە و كۆنە دزەی خاوەن دوكان هـات و ویستی دوكـان بكاتـەوە. پاسـەوان بـە خێـری هێنـا و نـزای بـۆ كـرد، چوونكە دوو درهـەمی وەرگرتبوو. بەڵام كۆنە دز پێی وت:

"كە نە دوو درهەمی پێداوە و نە هیچ...!"

پاسەوان سەری سوڕما!! كە دوكانی كردەوە مۆمێكی تـەواوەی بـینی و دەفتـەری حسابەكەی كراوەتەوە و ٤ تۆپ قوماش نەماوە.... لە پاسەوانی پرسی:

"ئەمە چییە؟"

ئەویش بەسەرهاتی ئەو شەوەی بۆ گێڕایـەوە. باسـی وشـترەكەی كـرد كـە چۆنی هێنـابوو. خاوەن دوكان پرسی:

"بەرەبەیان بەرەو كوێ ڕۆیشت؟"

پاسەوان وتی:

"ئا..... بەو كۆڵانەدا ڕۆیشت و لە كەنار ئاوەكە بارەكەی خستە بەلەمێكەوە."

دوکاندار وتی:

"شوێنم بکەوە"

ڕۆیشتن.... تا گەیشتنە سەر ئاوەکە. پاسەوانەکە چاوی گێڕا بە بەلەمەکاندا و وتی:

"ئا.... ئەو بەلەمە بوو."

ئەمجا دوکاندار لە خاوەن بەلەمی پرسی:

"بازرگانی ئەم بەرمەبیانە کوتاڵەکانی بەرەو کوێ برد؟"

خاوەن بەلەم سواری کردن و بردنی کە گەیشتن وتی:

"ئا... لێرەدا بارەکەی پێ داگرتم. خۆیشی چوو وشترێکی هێنا و باری کرد و ڕۆیشت."

بەلەمەوان وتی:

"ئیتر نازانم بۆ کوێ چوو!؟"

کۆنە دزی دوکاندار بە بەلەمەوانی وت:

"تۆ خواحافیزت بێت."

ئەمجا گەڕا... گەڕا خاوەن وشترەی دۆزیەوە. کە لێی پرسی: وشترەوان وتی:

"وەرە لەگەڵم"

ئەویش شوێنی کەوت. وشترەوان بردیە خانێکەوە. لەوێیش بەناو بارەکاندا گەڕا و وتی:

"ئەوەش بارەکەمە."

ئەمجا دوکاندار وتی:

"دە بڕۆ، وشترەکەت بێنە. دیسان ئەم بارە بار بکەوە...!"

ئەویش وشترەکەی هێنا و جارێکی دی باری کردەوە. دوکاندار هەندێ جل و بەرگی بینی بەسەر شتومەکەکانیەوە، ئەویشی خستە سەر پشتی وشترەکە. لەگەڵ وشترەوان گەڕانەوە. تومەز.... کابرای دزە بە شوێنیانەوە دەبێت. کە دەگەنە بەلەمەکە و بارەکە لە پشتی وشترەکە دادەگرن: تا بیخەنە ..... بەلەمەکەوە دزە لە کۆنە دزەی دوکاندار دەپاڕێتەوە:

"پیاوی چاك بە: ئەوا... شتومەکی خۆت بە بێ کەم و کورتی وەرگرتەوە...! بەڵام ئەو جل و بەرگەی بە سەریەوەیە هی خۆمە! بمدەرەوە!!"

دوکاندار دەست دەکات بە پێکەنین و هیچ خۆی تێك نادات و دەیداتەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو....... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٠١

## چیرۆکی هارونەڕەشید و "ئەبن قاربی"

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە، شەوێکیان هارونەڕەشید دڵی تەنگ دەبێت، بۆیە دەنێرێت بە شوێن ئەبوجەعفەری بەرمەکیدا. کە دێت پێی دەڵێت:

"جەعفەر ئەمشەو دڵم تەنگە دەڵێی چی، با...بڕۆین؟"

لەو کاتەدا، مەسرور کە جەعفەری بەرمەکی هێنابووی... پێدەکەنێت. هارونەڕەشید لێی تووڕە دەبێت و دەپرسێت:

"ئەوە...... چیتە؟ بە من پێ دەکەنیت؟ یان شێت بوویت؟"

مەسروریش دەڵێت:

"بمبورن: میری موسڵمانان ئێوە گەورەی ئێمەن.... ئەوە "ئەبن القاربی" م بیر کەوتەوە، ئەو پیاوەی لە شەقام دەوەستێت و کاری هەر ئەوەیە خەڵکی پێ بکەنێنێ؟ ئەمڕۆ کە بە کەناری رووباردا پیاسەم دەکرد.... قەرەباڵغییەکی زۆرم بینی کە چوومە پێشەوەئەو پیاوەم بینی... قوربان."

هارونەرەشید فەرمانی دا: هەر ئێستا ئەو پیاوەم بۆ بدۆزنەوە و بۆم بێنن. مەسرور بە پەلە چوو بە شوێن ابن القاربی دا. کە گەیشتە لای: تێی گەیاند ...... خەلیفە داوای کردووە. کابراش وتی:

"ئامادەم."

مەسرور وتی:

"بەو مەرجەی خەلیفە: هەر خەڵاتێکی کردی چوار یەکی بۆ تۆ بێت و ئەوەی دی بۆ من..!"

ئەبن قاربی وتی:

"نەخێر...! نیوەی بۆ تۆ و نیوەی بۆ من."

مەسرور پەسەندی نەبوو. ئەمجا ئەبن قاربی بە "سێ یەك"ی خەڵاتەکە رازی بوو. هەر دووکیان پێك هاتن. کە گەیاندییە بەردەم خەلیفە ......کڕنووشی بۆ برد. خەلیفە وتی:

"گەر ئەم شەو کارێك نەکەیت پێ بکەنم: ئەوا بە تووڕەکە درێژەی لای خۆم سێ جارت پێدا دەکێشم."

ئەبن قاربی لە دڵی خۆیدا وتی:

"بە هەموو توانای خۆی سێ شووڵیشم لێ بدات، نامرم: جا.. ئەو تووڕەکە درێژە چۆڵە چییە!!؟"

ئەمجا دەستی پێ کرد بە جۆریچك کە قوربەسەری پێ دەهاتە پێکەنین..... کەچی خەلیفە بە هیچ جۆرێك پێنەکەنی!! بۆیە ئەبن قاربی زۆری پێ ناخۆش بوو، ترسیشی لە خۆی پەیدا کرد....!

شەهرزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٠٢

شەهرەزاد وتی: میری موسڵمانان وتی:

"ئێستا لێدانەکەت مسۆگەر کرد."

تورەکەکەی هێناو دانەیەکی کێشا بە لاملی دا. ئەبن قاربی هاواری لێ هەستا و وتی:

"قوربان... بوەستە...! لە رێگا ئەم مەسرورە .... مەرجی بۆ داناوم، کە هەر خەڵاتێکت کردم سێ یەکی بۆ من بێت و دوو سێ یەکیشی بۆ ئەو بێت...!! لە رێگا زۆریش لەگەڵی هەوڵمدا، ئەمجا پەسەندی کرد. ئێستاش.. ئەوا سێ یەکی پیاکێشانەکەی خۆمم وەرگرت..... دوو سێیەکەکەی تریش بەشی ئەم کاك مەسرورەیە و دەبێت لەبەر چاوی خۆم وەری بگرێت!!"

خەلیفە ... کە ئەمەی بیست هێندە پێکەنی کەخۆی بە پێوە نەدەگرت... بۆیە توورەکەکەی دایە دەست مەسرور و وتی:

"لێی بدە"

مەسروریش توورەکەکەی بردە ئاسمان کە لێی بدات... ئەبن قاربی دیسان هاواری کرد:

"قوربان..... من سێیەکی خۆم لە خەڵاتەکەت وەرگرت... ئێستاش با.... مەسرور دوو سێ یەککەی خۆی وەربگرێت!!"

دیسان خەلیفە دایەوە قاقای پێکەنین. ئەمجا هەر یەکە و ١٠٠٠ دیناری خەڵات کردن. ئەوانیش بە دڵخۆشییەوە بەرەوماڵی خۆیان بوونەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٠٣

# چیرۆکی هارونەرەشید و کوڕە خواناسەکەی

شەهرەزاد وتی: دەگێرنەوە، کە هارونەڕەشید کوڕێکی ١٦ ساڵانی هەبووە. پشتی کردووەتە ئارەزووەکانی دنیا و روو لە خواپەرستییە. کە دەچووە گۆڕستان بە مردووانی دەوت....:

" تا لە ژیاندا بوون دنیاتان بە کۆڵدا دابوو! کەچی نەتان توانی خۆتان بپارێزن لە مردن!! ئەوەتان لە گۆڕەکانتان دان!"

ئەمجا لە ترسی خوا دەگریا و دەپاڕاوە... دەیوت ئەم هۆنراوە:

بینینی مردوو خەمم بۆ دێنێ  گریانیش بۆیان زۆر دەم ترسێنێ!

رۆژێکیان خەلیفە لەگەڵ وەزیران و پیاوانی مەملەکەت و ئەفسەران چووە دەرەوە. دوای کەمێك رۆیشتن. کوڕەکەی خەلیفەیان لە سەرە رێدا بینی. هەندێکیان لە نێو خۆیاند وتیان:

"بە خوا.... ئەم کوڕە، ئابڕووی باوکی بردووە. دەبوو باوکی سەرزەنشتی بکردایە"

تومەز خەلیفە گوێی لەم قسەیە دەبێت...! بۆەی فەرمان دەدات بیهێننە بەردەمی. کە هێنایان پێی وت:

"کوڕم بەم بەرگ و کڵاوە خوریەوە، ئابڕووت بردووم."

کوڕەکەی سەیرێکی کرد و هیچی نەوت. سەرێکی بڵند کرد. باڵندەیەکی بینی بە سەر دیواری کۆشکی خەلیفەوە. بانگی کرد:

" ئەی باڵندە بۆ خاتری ئەوەی دروستی کردویت، وەرە سەر دەستم."

باڵندەکە فڕی و لە سەر دەستی نیشتەوە.: ئەمجا پێی وتەوە:

"بڕۆوە، شوێنی خۆت"

باڵندەکە دای لە شەقەی باڵەکانی چووەوە شوێنی خۆی. ئەمجا بە هەمان شێوە بە باڵندەکەی وت:

"وەرە لە سەر دەستی خەلیفە بنیشەوە."

باڵندەکە فەرمانەکەی جێبەجێ نەکرد!! ئەمجا کوڕەکە بە میری موسڵمانانی باوکی وت:

"کەواتە: تۆ شوورەیی منت لە نێو ئەم خەڵکەدا برد. بۆیە لێرەدا بڕیارم دا لێت دا بڕێم تاکو ئەو دنیا نەت بینمەوە."

دواتر بەرەو شاری بەسرە کۆچی کرد. لەوێ کرێکاری و قوڕەکاری دەکرد. ڕۆژانەکەی "درهەم"ێك و "پوول"ێك بوو. پوولەکەی بۆ خۆی خەرج دەکرد و درهەمەکەیشی دەکرد بە خێر. ئەبو عامری میسری گێڕایەوە:

"کە ڕۆژێکیان چوومە مەیدانی کرێکاران تا......کرێکارێك بە کرێ بگرم دیواری ڕووخاوی حەوشەی ماڵەکەم بۆ چاك بکاتەوە. کوڕێکی لاوی نازدارم بینی. لێی چوومە پێشەوە و سڵاوم لێ کرد پێم وت:

"ئیش دەکەیت؟"

وتی:

"بەڵێ"

وتم:

"شوێنم بکەوە..."

ئەویش وتی:

"مەرجێکم هەیە...!"

وتم:

"بیڵێ"

وتی:

"دەبێت کە بانگی فەرموو ڕێم بدەیت نوێژەکەم بکەم. ڕۆژانەکەیشم درهەمێك و پوولێکە."

ئەمجا بردمەوە. ئەو رۆژە...... ئیشێکی هێندە جوانی بۆ کردم لە ژیانم دا... کاری وا جوانم نەدیبوو! کە نیوەڕۆ هات پێم وت کە لە ماڵی من نان بخوات. پەسەندی نەکرد. چونکە بەڕۆژوو بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٠٤

کە گوێی لە بانگ بوو.... پێی وتم:

"مەرجەکەت بیرماوە!!؟"

وتم:

ن"بەڵێ"

ئەمجا پشتوێنی لێ کردەوە و کەوتە دەستنوێژ هەڵگرتن. دواتر چوو بۆ نوێژ کردن لە مزگەوت. کە گەڕایەوە، دەستی کردەوە بە کار کردن. تاکو پاش نیوەڕۆ. ئەمجا پێم وت:

"ئیدی پاش نیوەڕۆیە.... کاتی کار کردنت کۆتا بوو... "

کەچی وتی:

"پەنا بە خوا... براکەم تا شەو، دەبێت کار بکەم"

کە دنیا تاریك بوو، دەستی لە کار هەڵگرت و خۆی کۆ کردەوە. منیش دەستم برد ٢ درهەمم دایە. پرسی:

"ئەمە چییە!؟"

وتم:

"ئەوە کرێی کارەکەتە، زۆر ماندوویش بوویت."

پارەکەی دایەوە دەستم و وتی:

"ئەوە کرێی زۆر، من درهەمێك و پوولێکم پێ وتبویت."

هەر چەندم کرد، پەسەندی نەکرد، ئەمجا درهەم و پوولەکەم دایە لێی دا و رۆیشت. دوای سێ هەفتە چوومەوە مەیدانی کرێکاران و بۆی گەڕام. نەم بینی کە لە کرێکارەکانم پرسی: وتیان:

"لە و دەوارەدا.........لای فلان پیرەژنە خواناس کەوتووە و نەخۆشە...!"

چوومە ئەو دەوارە. بینیم لە سەر زەویە رووتەکە راکشابوو. خشتێکی خستبووە ژێر سەری و رووناکی لە رووی دەباری! سڵاوم لێ کرد و وەڵامی دامەوە. لە ژوور سەری دانیشتم و دەستم کردە گریان بۆ لاوێتییەکەی. ئەمجا لێم پرسی:

"هیچت پێویست نییە؟"

وتی:

"بەڵێ"

وتم:

"چی؟"

وتی:

"سبەی ئێوارە وەرەوە بۆ ئێرە، دەبینیت مردووم! بە دەستی خۆت بمشۆ ئەمجا گۆڕێکم لە شوێنێك بۆ هەڵبکەنە... کەس پێی نەزانێت و بمنێژە. لە گیرفانی ئەو دزداشەیەمدا هەندێ شتومەکی تیایە بیبە بۆ بەغدا لە دوورەوە چاوەڕێی هارونەڕەشید بکە...... کە هاتە دەر شتەکانی بدەرێ و ئەم شیعرەشی بۆ بخوێنەوە:

ئەمە سپاردەی کەسێکی مردووە دەت دەمێ و خێری خۆمم دەسگیر بوو

ناموٚکەت.... گەلێ تاسەی کردبووی بە بیر کردنت ماندووبوو!! ماندوو

ئەوەی کە منی لێت دوور خستەوەخۆ گرتنەوەم بوو لە دنیای تۆ... زوو

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٠٥

شەهرەزاد وتی: ئەمجا کوڕی هارونەڕەشید.... دوای "تۆبە و ئیستغفار" کردن ئەمەی بۆ خوێندینەوە:

بادە.... دەسخەڕۆ مەبە بە ژیان تەمەن و چێژیش دەگاتە نەمان

کە ژیانی خەڵك بەخراپ گۆڕرا لە ئەستۆی تۆیشە گوناهی ئەوان

گەر شوێن جەنازەی مردوویەك کەوتی بزانە هەر دێ: ئێوەش لە گۆڕدان

ئێوارەی ڕۆژی دواتر... چوومەوە هەمان شوێن بۆ سەردانی. پێیان وتم: گیانی سپاردووە. ئەمجا شتم و کفنم کرد. وەسیەتەکەیم بە پیرەژنە وت. شتەکانی نێوگیرفانی دسداشەکەیم دەرهێنا. یاقوتێکی تیابوو. نرخی هەزاران دینار بوو لە دڵی خۆمدا وتم:

"بەڕاستی..... خۆگرەوە بووە لە چێژەکانی ژیان...!!"

کە ناشتنی تەواو بوو، خۆم بۆ سەفەر ئامادە کرد و بەرەو بەغدا بوومەوە. بە پرسیار کردن کۆشکی خەلیفە هارونەڕەشیدم دۆزیەوە. چاوەڕێم کرد. کەخۆی و وەزیران و یاوەرانی هاتنە دەرەوە. لە ڕێگا بەرەورووی چووم و شتومەك و یاقووتەکەم پێدا، کە بینی ناسیەوە بۆیە بوورایەوە. ئیدی پاسەوانانی پەلاماریان دام و منیان گرت. دوای کەمێك بەئاگا هاتەوە. فەرمانی دا ڕێزم بگرن و بمبەنەوە بۆ ماڵ. ئەمجا خۆیشی لەگەڵمدا گەڕایەوە. دوای کەمێك هاتن بە شوێنم دا. کە چوومە بەردەمی، پرسی:

"خاوەنی ئەم یاقووتە چی لێ هاتووە؟"

منیش وتم:

"مردووە...... قوربان!!"

ئەمجا چیم لێ بینی بوو...... بۆم گێڕایەوە. خەلیفە دەستی کردە گریان و وتی:

"کوڕ سوودمەند بوو...... باوکیشی مایە پووچ!"
لەو کاتەدا.... ژنێك هاتە دەر، کە منی بینی ویستی بگەڕێتەوە. خەلیفە پێی وت:
"وەرە گوێی مەدەرێ."
ئەمجا هات و سڵاوی کرد. خەلیفەش یاقووتەکەی بۆ هەڵدا. کە ژنەکە یاقووتەکەی بینی، قیژەیەکی کرد و بوورایەوە . کە بە ئاگایان هێنایەوە پرسی:
"خوا چی بە سەر کوڕەکەم هێناوە"
خەلیفەش بە منی وت:
"چی لە بارەیەوە دەزانیت بیگێڕەوە بۆی."
منیش دەستم بە گێڕانەوە کردەوە. دایکی بە دەم گریانەوە وتی:
"خۆزگە.... لای خۆمدا بوویتایە... تا نازم بکێشایتایە! وا لاوانییەوە :
بۆ یەکێ دەگریم مرد بە نامۆیی کەسێکی نەبوو کە بمرێ لە سوێیی
ئەو کە بە نازی ئێمە گەورە بوو سەری نایەوە و بە بێ کەس ڕۆیی
کێ چارەنووسی خۆی زانیوە؟ مردن بۆ هەمووان بۆتە ناوکۆیی!
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٠٦

شەهرەزاد وتی: خەلیفە بە دەم گریانەوە وتی:
"ئەم کوڕە: زۆر دەچووە ناو زانایان و ئایین پەروەردان. بەرە بەرە خۆی لێم بە دوور دەگرت. منیش بە دایکیم وت:
"ئەم کوڕەمان، پشتی لە چێژەکانی ژیان کردووە و خواپەرستی دەکات... جا... خوا... تاقی دەکاتەوە و ماندووی دەکات. ئەم یاقووتەی بدەرێ... با هەمیشە پێی بێت. نەکو ڕۆژێك بێت پێویستی بە پارە بێت و دەستی بە ئێمەدا نەگات. ئەویش ئامۆژگاری دایکی لە گوێ گرت و وەری گرت. ئیدی لێیدا ڕۆیشت."
ئەمجا ڕووی کردە من و وتی:
"هەستە با بچین گۆڕەکەیم پیشان بدە. ڕۆیشتین، تاکو گەیشتینە سەر گۆڕەکەی. ئەویش هەناسەیەکی هەڵکێشاو بوورایەوە. دواتر کە بە ئاگا هاتەوە کە هەواڵی ژیانی لە من پرسی وتم:
"قوربانی منی تووشی.... لێو کرۆشتن کردووە! ئەمەم بۆ وت:
من کە نامۆم و بە بێ دۆستانم دوورکەوتەی کەس و هەم نیشتمانم
تەنیا هەر خۆمم بێ ماڵ و بێ حاڵ تاك و ئاوارە و هەم بێ خێزانم
چونکە عاشقی خوا پەرستی بووم شەو لەمزگەوتان بۆ خۆم میوانم
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٠٧

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە، زانایەك...... وتویەتی: دام بە لای حوجرەیەكدا فەقێیەكم بینی منالأن فێر دەكات. كە سەرنجم دا بەرگێكی نایابی لەبەردا بوو. خۆم كرد بەحوجرەدا. لەبەرم هەستا و لای خۆیەوە داینام.

منیش كەوتمەپرسیار لەبارەی رێزمان و خوێندنەوە و شیعرەوە، بینیم شارەزایە...! ماوەیەك هاتوچۆم كرد. هەر جارە و رەوشتێكی باشم تێیدا دەدۆزیەوە. بۆیە بەخۆم وت:

"سەیرە... بووەتە: مامۆستای منالأن... زانایان وتویانە: مامۆستایانی منالأن... كاڵفام دەبن!!"

هەر چەند رۆژ ..... جارێك دەچوومە سەردانی! رۆژێكیان وەكو جاران چوومە سەردانی. سەیر دەكەم حوجرەكە داخراوە. كە لە دراوسێكانیم پرسی پێیان وتم كە مردووی لێ مردووە و لە تەعزیەدایە. ماڵەكەیان پێ نیشان دام. ئەمجا رۆیشتمە بەر دەروازەی ماڵیان و لێم دا. ژنێك لێی كردمەوە. كە هەواڵیم پرسی وتی كە لەماڵەوە تەعزیە بارە. داوام لێ كرد رێم بدەن بچمە ژوورەوە. دواى كەمێك ژنە هاتەوە و فەرمووی لێ كردم. كە چووم، سەرەخۆشیم لێكرد و وتم:

"خوا.... پاداشتی خێرتان بداتەوە"

شەهرەزاد هەستی كرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٠٨

شەهرەزاد وتی: كابرا وتی:

"پرسیم كێتان مردووە؟"

وتی:

"خۆشەویست ترین كەسم."

منیش وتم:

"كەوابوو، باوكتە"

وتی:

"نە"

وتم:

"دایكت؟"

وتی:

"نەخێر.."

وتم:

"برات بوو؟"

وتی:

"نه"

منیش وتم:

"کەوابوو خزمێکته"

وتی:

"نه"

ئەمجا پرسیم:

"ئەی چی تۆ بوو؟"

وتی:

"دەزگیرانەکەم."

له دڵی خۆمدا وتم:

"ئەمە یەکێکه له دیاردەی کاڵفامییەکەی!" وتم:

"خۆشەویستی تر دەبێت جێی بگرێتەوه"

ئەویش وتی:

"جا..... خۆ..... خۆم ئەم بینی بوو. تاکو بزانم لەو باشتر دەبێتەوه یان نه!!"

لەدڵی خۆمدا وتم:

"ئەمەدیاردەی دووەم کاڵفامییەکەیەتی." پرسیم:

"چۆن نەتبینی بوو، خۆشت ویست بوو؟"

وتی:

"نەزانی چۆن؟ لەبەر پەنجەرەکەمدا وەستابوو، ڕێبوارێك بە بەردەمم دا تێپەڕی ئەم گۆرانییەی وت:

ئەی دایکی عەمر لام لێ کەرەوه          دڵم لای تۆیه..ده.... بمدەرەوه

که گوێم لەم گۆرانیه بوو، تێگەیشتم له دنیادا، له دایکی عەمر جوانتر و چاکتر نییه! منیش وەکو شاعیرەکه، دایکی عومەرم خۆشویست!! دوای دوو ڕۆژ له پەنجەرەکەوه، گوێم لەهەمان ڕێبوار بوو، ئەم گۆرانییەی وت:

کەر سوارێ کەوا دایکی عومەره          نەگەڕانەوه، خۆی و ئەو کەره

ئیدی بۆم دەرکەوت، که خۆشەویستەکەم مردووه.... ئەمڕۆیش: سێیەم ڕۆژی تەعزیەکەیەتی."

که بۆم دەرکەوت کاڵفامه... توند بووم. هەستام و به تووڕەییەوه هاتمه دەر. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٤٠٩

## چیرۆکی ژنە و پیرەی فێڵباز

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە: لەم دەورووبەرەدا، یەکێك هەبووە بێ ئەوەی خوێندەواری هەبووبێت، دوکانێك دەگرێت و چەند تابلۆیەکی نووسراو بە پێشی دوکاندا و لە ناو دوکانەکەیدا هەڵدەواسێت. کە تێیدا نووسرابوو حوجرە و شوێنی فێر بوون. خۆیشی مێزەرەکەی گەورەتر دەکات و لەدەمی دوکانەکەیدا، لێی دادەنیشێت.کە خەڵکی بە بەر دوکانەکەیدا تێدەپەڕن و مێزەرە سپییە زلەی دەبینن، وا دەزانن مەلایە و دەستی منالەکانیان دەگرن و بۆی دەبەن. لە نێو منالاندا هەندێك خوێندەوار دەبێت. کابراش بە خوێندەوارەکان دەڵێت:

"ئادەی کوڕەکانم نەخوێندەوارەکان فێر بکەن."

رۆژێکیان لە حوجرەکە دانیشتبوو. ژنێکی بینی بە نامەیەکەوە، بەرەورووی هات. ئەویش لە دڵی خۆیدا وتی: هەبێ و نەبێ، ئەم ژنە دەیەوێت من ئەو نامەیەی دەستی بۆ بخوێنمەوە.....! منیش خوێندەواریم نییە! چی بکەم باشە!!؟ مەلا: لەدوکانەکەی هاتە دەرەوە، تاکو بڕوات و خۆی بدزێتەوە. بەڵام ژنە بەهەڵەداوان فریای کەوت و لێی پرسی:

"مەلا دەچی بۆ کوێ؟"

مەلایش وتی:

"دەڕۆم بۆ نوێژی نێوەڕۆ بکەم"

ژنە وتی:

"ماڵت ئاوا بێت... هێشتا زووە، ئەم نامەیەم بۆ بخوێنەوە"

مەلا نامەکەی کە سەرەوخوار گرتبوو، دەمێك برۆکانی لێك دەنا... دەمێکی دی خۆی تووڕە پیشان دەدا. خوێندەواریشی نەبوو. تاکو بیخوێنێتەوە. ژنەکە لە دڵی خۆیدا وتی:

"بەخوا ..... هەبێ و نەبێت مێردەکەم کە لێرە نییە.... مردووە... جا ئەم مەلایە، ناوێرێت پێم بڵێت!"

بۆیە پرسی:

"کاکی مەلا یەخەی خۆم دابدڕم ولەخۆم بدەم!!؟"

مەلایش وتی:

"بەڵێ"

ئەمجا ژنەکە نامەکەی لێ وەرگرت و رۆیشتەوە. دەستی کرد بەلە خۆدان و یەخە درین و گریان. دەرو دراوسێی ژنەکە کە پێیان زانی چوون بۆ لای. یەکێك لە دراوسێکانی وتی:

"کوڕ.. بابە، ئەو هەواڵە راست نییە. چونکە سێ رۆژ لەمەوپێش، نامەیەکی بۆ من ناردووە، نوسیویەتی زۆر باشە و ١٠ رۆژی تر دەگەڕێتەوە و لێفە و پشتییەکی کڕیوە و بۆ ماڵەوەی ناردووەتەوە. ژنەش زۆر خۆشحاڵ دەبێت و بە دراوسێکەی دەڵێت، خۆش مژدە بێت.

ئەمجا نامەکە لەگەڵ خۆی دەبات و دەچێتەوە لای فەقێی دوکاندار و گلەیی لێ دەکات و دەپرسێت:

"بۆچی پێت وتم: مردووە؟"

مەلایش پێی دەڵێت:

"خوشکەکەم منیش کە لێفە و سەرینەکەم خوێندەوە وام زانی تەرمی مێردەکەتی تیایە!! لێم ببوورە"

ژنەش لێی بوورا.

## شەوی ٤١٠

## چیرۆکی ئەورەحمان فەرخ رەخ

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە پیاوێك دەشتی و دەر، چیا و دۆڵی دابووە بەر لە مەغریبەوە هاتبوو، دواتر لە دوورگەیەك گیرسابووەوە و ماوەیەکی زۆر تێیدا مایەوە. کە گەرایەوە وڵاتی خۆی پەڕێکی باڵی "فەرخ رەخ" لەگەڵ خۆی بردبووەوە. کە لە هێلکەکەیدا بوو نەهاتبووە دەرەوە. قەدی پەڕەکە گۆزەیەك ئاوی دەگرت. دەشیان گێڕایەوە، کە باڵی باڵندەی فەرخ رەخ کە لە هێلکەکەی دێتە دەرەوە ١٠٠٠ باڵ درێژییەتی...! خەڵکەکەش کە ئەو پەڕە گەورەیەیان دەبینی سەریان سوڕ دەما..!

ئەورەحمان هێندە لە وڵاتی چین مابووەوە، ناویان نابوو، ئاورەحمانی چینی. بەسەرهاتی سەیر، سەیری دەگێڕایەوە. لەوانە: جارێکیان دوورگەیەکیان لە دوورەوە بەرچاو دەکەوێت. زۆر پان وپۆڕ دەبێت. کەشتیەکەیان لەنگەری لێ دەخات. هەندێ لە سەر نشینان تەور و گوریس لەگەڵ خۆیان دەبەن دەچن بۆ داربڕین. کە دەچنە قوڵایی دوورگەکەوە: گوومەزێکی بڵندی ١٠٠ باڵی لووس دەبینن!! کە دەیگەنێ... دەڕوانن هێلکەی باڵندەی "رەخ"ە. ئەوانیش بە تەور و تێلا و دار زۆری پێدا دەکێشن. کە دەشکێت بێچووە "رەخ"ێکی زیندووی تیا دەبێت. دەیدەن بە زەویدا و بە ماندووبوونێکی زۆر بۆیان سەر دەبڕێت و چەند پەڕ و گۆشتیان بۆ لێ کراوە، لەگەڵ خۆیان هێنایان.

ئەمجا لە ئێوارەوە تاکو بەیانی رۆژی دواتر بە دەریادا رۆیشتن. بایش پاڵنەرێکی بە سوود بوو بۆ کەشتییەکەیان. هێندەیان زانی باڵندەی "رەخ" بە ئاسمانەوە، بە سەریانەوەیە بە چنگەکانی تاوێرە بەردێکی هەلگرتووە. لە کەشتییەکە گەورەترە...!! ئەوانیش لە ترسدا، کەوتنە سەوڵ لێدان. "رەخ"ەکە بەردەکەی بەر داوە .... بەڵام سەرنشینان بەختیان یاربوو بەردەکە لە دوایانەوە کەوتە دەریاوە. شڵپەیەکی گەورەی هات...! شەپۆلی بەهێزی دروست کرد. بەڵام خوا سەرنشینانی پاراست و بە بێوەی رزگاریان بوو. ئیدی سەیریان کرد پیرەکانی ناو کەشتیەکە ریشە سپیەکانیان رەش بووەتەوە....! زۆریان پێ سەیر بوو...! هەندێکیان دەیان وت:

"کار تێکردنی خواردنی گۆشتی بێچووە رەخەکەیە...!"
هەندێکیان تریان دەیان وت،
"نە... هی ئەوە نییە... گەڕانەوەی گەنجیمان و پیر نەبوونمان هی دووکەڵی پەڕەکانی بێچووە رەخەکەیە، کە لە ژێر مەنجەڵەکەدا سوتاندمان!!"
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤١١

## چیرۆکی "هیند"ی کچی نوعمان و "عودە"ی کوڕی زەید

شەهرەزاد وتی، دەگێڕنەوە نوعمانی کوڕی مونزیر، پاشای عارەبان کیژێکی هەبوو، ئەوکات تەمەنی "هیند" ١١ ساڵان دەبێت. هەر لەو رۆژەدا عودەی کوڕی زەید، لە لای کیسراوە بە کۆمەڵێك دیاریەوە، دەگاتەوە شاری "حیرە" بۆ ئەوەی بە شا نوعمان بگەیەنێت، ئەویش دەچێت بۆ ئاهەنگی متمانەدانی سپی. کوڕێکی کەڵەگەتی چوار شانەی چاوجوان دەبینێت. کە چەند کەسێکیشی لەگەڵ بوو. "هێند"ی کچی نوعمانیش، کەنیزەکێکی لەگەڵ بوو. ناوی "ماریە" بوو. ماریە حەزی لە عودەی کردبوو. کە لە ئاهەنگی متمانەداندا عودەی بینی بە "هیند"ی وت،
"سەیری ئەو لاوە بکە..... بەو خوایە لە هەموو لاوانی ئەم ئاهەنگە قۆزترە"
هیند پرسی،
"ناوی چییە؟"
ماریە وتی،
"عودەی کوڕی زەید"
هیند وتی،
"دەترسم لا بکەمەوە بە لایدا، بمناسێتەوە"
ماریە وتی،
"خۆ.....تۆی هەرگیز نەدیوە، تاکو بتناسێتەوە"
ئەمجا کەمێ سوعبەتی لەگەڵ لاوان کرد. عودەی قۆزی و شۆخی و زمان شیرینییەکەی "هیند"ی لە هەموویان پێ زیاتر بوو. بۆیە... لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا کە داوای بکات. کە ماریەش هەستی کرد، هیند هەواداری عودەیە پێی وت،
"قسەی لەگەڵ بکە."
هیندیش بە قسەی کرد. دواتر لێیدا و رۆیشت. ئەمجا عودەی بەخەی ماریەی گرت و وتی،
"گەر داوای ئەو کیژەم بۆ نەکەیت تیا دەچم!"

ماریە کە ئەمەی بیست بووڕایەوە. کەنیزەکەکانی دەربار بە چوار دەستە هەڵیان گرت و بۆ کۆشکی شا نوعمانیان برد. کە بە ئاگا هاتەوە بە شا نوعمانی وت:

"هیندی کچت حەزی لە عودەی کردووە و زوو لە عودەی مارە بېڕە."

نوعمان شا سەری داخست و کەوتە بیر کردنەوە. ئەمجا لە ماریەی پرسی:

"باشە، قورمساغ، بە چ فڕ و فێڵێك عودەی تێ بگەیەنین داوای کیژەکەم بکات؟ خۆ... نابێت: خۆم بنێرم بە شوێنی دا...!"

ماریە وتی:

"پاشام..... تۆ خۆت، تێك مەدە. عودەی ئاواتە خوازە هیند شووی پێ بکات....! خۆم پیلانێك بۆ ئەم کارە رێك دەخەم."

شەهرزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤١٢

شەهرزاد وتی: ماریە خۆی گەیاندە عودەی و وتووێژی نێوان خۆی و شا نوعمانی بۆ گێڕایەوە و بەم شێوەیە پیلانی بۆ دانا: شا نوعمان بانگهێشت بکە. لە کاتێکدا کە خواردنەوەی پێ دەدەیت. داوای هیندی کچی لێ بکە... بێخەم بە... دەمودەست داواکەت پەسەند دەکات."

عودەی وتی:

"دەترسم داواکەم پەسەند نەکات و ساردی بکەوێتە نێوانمانەوە"

ماریەش وتی:

"کاکە تا هەموو شتێکم نەبڕاندەوە... نەهاتووم بۆ لات!"

ئەمجا گەڕایەوە کۆشکی نوعمان شا و بە ئەویشی وت:

"پاشام بنێرە بۆ لای و داوای لێ بکە با دەعوتت بکات"

پاشاش وتی:

"رازیم و داوای لێ دەکەم"

ئیدی دوای سێ رۆژ ناردیە لای عودەی و داواکاریەکەی کرد. ئەویش پەسەندی بوو. ئەمجا شا نوعمان و یاوەرانی لە رۆژی دیاری کراودا ، بەرەو ماڵی زەیدی باوکی عودەی بوونەوە، دوای نان خواردن میوە دانرا. ئەمجا خواردنەوە ئامادە کرا. لە کاتی خواردنەوەی شا نوعماندا، عودەی بە شەرمەوە داوای هیندی کچی لێکرد. شا نوعمانیش هەر لەوێدا داواکاریەکەی عودەی پەسەند کرد. دوای ئەو رۆژەش بە "٣"ی دی هیندیان گواستەوە. ئیدی بۆ ماوەی سێ ساڵ، ژیانێکی پڕ لە خۆشی و بەختیارانەیان بردە سەر. شا نوعمان رقی لە عودەی هەستا و فەرمانی دا: کوشتیان. هیندی ژنی هێندە بە خەم بوو بۆی وازی لە دنیا هێناو کڵێسەیەکی بە سەر گۆڕەکەیەوە دروست کرد و خۆیشی دەستی لە دنیا بەردا و لەو

کڵێسەیەدا بووە قەشە... ڕۆژانە بەسەر گۆڕەکەیدا دەگریا. ئێستاش ئەو کڵێسەیە لە سنووری شاری "حیرە" دایە و ماوەتەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤١٣

# چیرۆکی ئیسحاق کوڕی برایمی موسڵی و بازرگانەکە

شەهرەزاد وتی: ئیسحاق کوڕی برایمی موسڵی گێڕاویەتەوە:

"جارێکیان زۆر بێزار بووم لە ژیانی نێو کۆشکی خەلیفە و بڕیارم دا، بچمە دەرەوە. بۆ سبەینێ بەیانی خزمەتکارانی خۆمم ئامۆژگاری کرد کە پیاوانی خەلیفە هاتن بە شوێنم بڵێن: بەیانی زوو لەکۆشك دەرچووە و نەی وتووە بۆ کوێ دەچێت! کە چوومە دەرەوە بڕیارم دا... کەمێ بە نێو شاردا بگەڕێم. کەوتمە گەڕان بە نێو کۆڵان و گەڕەکەکاندا. دەمە و چێشتەنگاو گەرما بڕستی لێ بڕیم. کۆشکێکی خۆش و بڵندم بینی، سێبەرەکەی زۆر بوو. لەمدا تاکو بحەوێمەوە، دوای کەمێك کۆیلەیەکم بینی ڕەشمەی کەرێکی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشا. کەنیزەکێك بە سواری کەرەکەوە بوو. زۆر جوان و خان و مان بوو. بەرگێکی نایابی پۆشی بوو. هەندێ زێڕیشی لە خۆدا بوو. سەیرم کرد، لەولامەوە لە دەرگایان دا، کەنیزەکەکە دابەزی و خۆیان کرد بەوماڵەدا، کە من لە سێبەرەکەیدا بووم. ئیدی کەوتمە پرسیار کردن. پێیان وتم:

"ئەو کەنیزەکە گۆرانی بێژە"

منیش هێندەی دی تامەزرۆی چوونە ژوورەوە بووم. لە بیری چۆنیەتی چوونە ژوورەوەدا بووم کە ٢ کەس هاتن و لە دەرگایان دا. منیش بە پەلە خۆم تێهەڵ کێشیان کرد و لەگەڵیان چوومە ژوورەوە. ڕوانیم چەند کەسێك دانیشتوون چاوەڕێی نان خواردنن. منیش خۆم تێر کرد. ئەمجا کورسیەکیان بۆ کەنیزەکەکە دانا و عودێکیان بۆ هێنا و دایانە دەستی . ئەویش کەوتە ژەندن و گۆرانی وتن.. دوای کەمێك چوومە دەرەوە بۆ سەر ئاو کردن. خانەخوێ لە ٢ کەسەکەی پرسی بوو لە بارەی منەوە. پێیان وتبوو کە نامناسن!! ئیتر ئەویش منی بە شەڕخۆر و چڵێس لە قەڵەم دابوو. کە هاتمەوە زۆری ڕێز لێ گرتم.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

# شەوی ٤١٤

شەهرەزاد وتی: ئیسحاق وتی:

"گەڕامەوە و لە جێی خۆم دانیشتمەوە. کیژە کەوتە گۆرانی وتن. دانیشتوانیش زۆر خۆشیان پێ دەهات. ئەویش بە چەندین شێوەی ئاواز گۆرانی چڕی. میوانەکان مەست بووبوون. کیژە ئەم گۆرانیەی بە سەر مندا هەڵدا:

هەوار بە بێ تۆ بۆشە ژیان بە تۆوە خۆشە

تاسەی تۆمە... هەمیشە بێ تۆ خەمم لە کۆشە

ئاوازەکان هێندێکیان کۆن و هەندێکیان نوێ بوون. ئەمجا ئەم گۆرانیەی وت:

کاتێ گوێی لێ نەگرتم بە دووریش خۆی لێ گرتم

بەئاواتی خۆی گەشت و دواتر پشتی تێ کردم

منیش ویستم ئاوازەکەی بۆ ڕاست بکەمەوە. کەچی یەکێك لەو دووانەی لەگەڵیان هاتمە ژوورەوە بۆم هەستا و وتی:

"چلێسی وەك تۆ بێچاو و ڕووم نەدیوە! تۆ بەوەیشەوە نەوەستای کە بە بێ پرس خۆت کردووە بە ماڵدا، ئاوازی گۆرانی بێژەکەش ڕاست دەکەیتەوە!؟"

زۆر تەریق بوومەوە! هاوڕێکەی زۆری تەقەلا دا کە بێدەنگی بکات. بێ سوود بوو. کوڕە هەستان بۆ نوێژ کردن. ژوورەکە چۆڵ بوو. منیش پەلاماری عودەکەم دا. "ژێ"یەکانم ساز دایەوە و لە جێی خۆی دامنایەوە. ئەمجا چووم بە پەلە نوێژم دابەست. کە گەڕاینەوە شوێنی خۆمان و دانیشتینەوە کابرا دەستی کردەوە بە سەرزەنیشت کردن و قسە پێ وتنم... منیش دیسان بێدەنگیم لێ کرد. کەنیزەکەکە "عود"ەکەی بە دەستەوە گرتەوە و ویستی ئاواز بژەنێت. بەڵام دەستی کردە بۆڵە بۆڵ و پرسی:

"کێ دەسکاری عودەکەی کردووم؟"

هەموو وتیان:

"ئێمە ئاگامان لێی نییە."

کەنیزەکەکەش وتی:

"بەرێ بە خوا... کەسێك "ژێ"یەکانی ساز داوەتەوە، کە بەڕاستی زانایە بە مۆسیقا و لێزانە!! ئەمجا هەستام و وتم:

"من دەسکاریم کردووە."

ئەمجا بە بزەیەکەوە وتی:

"خۆزگە دەهاتی و ئاوازێکت پێ دەژەنی."

منیش چووم و ئاوازێکی زۆر گرانم ژەنی. کە هێندەی نەمابوو، مردوو زیندوو بکاتەوە. دڵێکم هەبوو، ناسك و پاراو کردیانە گۆشتی سەر گڕی سوتاو

هەر لەم گۆرانیە بوومەوە هەموویان هەستان و هاتنە بەردەمم و لێم پاڕانەوە کە گۆرانیەکی تریان بۆ بڵێم. منیش نەم توانی دڵیان بشکێنم. ئەمەم بۆ وتن:

ئای لە دڵەکەم، وا توایەوە — بە خەم و خەفەت یخ درایەوە
تیر ئەندازەکەی دڵەی پێکراوم — بە لێدانی دڵ: ڕێی نەدایەوە
نیشانەکانی ئاخر زەمانە — گومان بە درۆ وا شکایەوە
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤١٥

شەهرەزاد وتی: ئیسحاق وتی:

"کە ئەم گۆرانیەم تەواو کرد، میوانەکان بەرەو رووم هاتن و دەستیان کردە ملم. سەرنجم دا هاوڕێی کابرای کە لەگەڵیان هاتمە ژوورەوە و ئەو هەموو سوکایەتیەی پێکردم هەر لێرەیە، بۆیە منیش سوێندم خوارد، کە هەتا ئەو کابرا دەم پیسە جنێوفرۆشە لەم ژوورەدا بێت...... گۆرانیان بۆ نالێم....! ئەوانیش پیاوانە قۆڵیان گرت و کردیانە دەرەوە. ئەمجا هەموویان دانیشتنەوە. منیش پێش ئەوەی دەست بکەم بە گۆرانی خۆم پێ ناساندن و وتم:

"من ئیسحاقی موسلیمم"

چەپڵەیەکی زۆریان بۆم لێدا. ئەو شەوە لەو ماڵە مامەوە. بۆ بەیانی خانەخوێ پرسی:

"چیت دەوێت بۆت جێبەجێ بکەم"

منیش وتم:

"حەزم لەم کەنیزەکەت کردووە"

ئەویش وتی:

"بە چاوان هەر تۆ و ئەو کەنیزەکە!!؟ بەڵام مەرجێکم هەیە"

وتم:

"چییە؟"

وتی:

"دەبێت ١ مانگ لای من بمێنیتەوە!! ئەمجا کەنیزەکەکەت بە بەرگ و زێڕەکانییەوە، پێشکەشت بێت"

منیش بۆ یەك مانگ لەو ماڵە مامەوە. لەو لایشەوە خەلیفە، خەڵکی ناردبوو، تاکو من بدۆزنەوە. دواتر کەنیزەکەکە و کۆیلەیەکیشی پێ بەخشیم..!! دوای ئەم بەسەرهاتە بەرەو ماڵی خۆمان بوومەوە. وام دەزانی ئەم دنیایە هی خۆمە!! هێندەم دڵ بەو کەنیزەکە خۆش بوو. ڕۆژی دواتر بە سواری چوومەوە کۆشکی خەلیفە و خۆم پیشان دایەوە. کە منی بینی وتی:

"ئەرێ... ئەوە لە کوێ بوویت؟"

کە بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە وتی:

"هەر ئێستا بچن ئەو پیاوەم بۆ بێنن."

لەگەڵ پاسەوانان چووم و ماڵەکەم پیشان دان. کە هێنایانە لای خەلیفە بەسەرهاتەکەی منی پێ گێڕایەوە. ئەمجا خەلیفە پێی وت:

"تۆ پیاوێکی بەخشندە و پیاوانەیت."

خەڵاتی کرد و ١٠٠٠٠٠ دیناری پێ بەخشی. فەرمانیش دا کەنیزەکەکە بێنن بۆ ئێرە کە هێنایان بەویشی وت:

"کە گۆرانیان بۆ بڵێت."

کەنیزەکەش دەستی پێ کرد. ئەمجا بە کەنیزەکەکەیشی وت:

"تۆیش هەموو " ٥ شەموانێك دێیتە ئێرە پەردەت بۆ دەگێڕم.... تۆیش لەو دیو پەردەوە گۆرانیمان بۆ بڵێ!!"

ئەمیشی بە ٥٠٠٠٠ درهەم خەڵات کرد. منیش بە راستی ئەو سوودە زۆرانەم لە سەفەرەکەم بینی.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤١٦

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە، ئەی پاشای بەختیار.......... خاوەنی بڕیار: "عەمری کوڕی موعیدە" گێڕاویەتیەوە:

"کە "ئەبو عیسای کوڕی رەشید"ی برای خەلیفە "مەئموون" زۆری حەز لە کەنیزەکە "قورەتول عەین" بوو. کە کەنیزەکی "عەلی کوڕی هیشام" بوو. دەیەویست لە ژێر دەستی دەربێنێت و مارەی بکات. بەڵام هێندە پیاوێکی پیاوانە بوو... نەیدەهێشت کەس بە دڵی بزانێت....! فڕ و فێڵێکی فرەی بە کار هێنا....تاکو لێی بکڕێتەوە.... بێسوود بوو. ئیدی سەبری لەبەر هەڵگیرا....! رۆژێکیان چاوەڕێی کرد تا.... دەورووبەری خەلیفە "مەئموون"ی برای چۆڵ بوو. ئەمجا خۆی کرد بە دیوەخاندا و پێی وت:

"ئەی میری موسڵمانان.... وەرە پێکەوە بە "گەوادەکانت" بەسەر بکەینەوە"

خەلیفە سەرێکی بادا و وتی:

"فەرمووو....... با بڕۆین"

هەستان و چوونە دەرەوە. مەبەستی "ئەبو موسا" ئەوە بوو....... بیباتە ماڵی خاوەن "قرە العین". بەڵکو بیبینێت. ئەمجا خەلیفە فەرمانی دا، بەلەمە تایبەتیەکەیان بۆ ئامادە کرد و سوار بوون. یەکەم کۆشك کە خۆیان لە ناوکاو پێدا کرد "ماڵی حمید الطویل الطوسي" بوو. سەیریان کرد لەسەر حەسیرێك لێی دانیشتووە و چەند کەنیزەکێکی گۆرانی بێژی لایە و عوود و نایبان بە دەستەوەیە. خەلیفە مەئمون سەعاتێك لەوێ دانیشت. ئەمجا سفرە راخرا.. خواردن دانرا. خەلیفە سەیری خواردنەکەی کرد بە دڵی نەبوو. چونکە گۆشتی باڵندەی تیا نەبوو. ئەبو عیسا وتی:

"قوربان.... لەناکاو هاتینە ئێرە، خانەخوێ نەیزانی بوو، دەبیتە میوانی؛ وەرە بچینە ماڵێکی دی خانەخوێکەی دەزانێت دەچیتە سەردانی"

ئەمجا خەلیفەی برد بۆ کۆشکی عەلی کوڕی هیشام. کە خانەخوێ پێی زانین پێشوازیەکی جوانی لێ کردن. کرنووشی بۆ خەلیفە برد. ئەمجا بردنیە ناو کۆشکەوە. لە هۆڵێکدا داینان. کە هێشتا شوێنی ئاوا رازاوە نەبینرابوو. دیوارەکانی بەردی مەرمەڕ بوو. کە بە نەخش و نیگاری "رۆم"یان جوان کرابوون. حەسیری سوندسی تێدا راخرابوو. ئۆرتەکان پڕ بە پڕی ژوورەکان بوون.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤١٧

شەهرەزاد وتی: خەلیفە بۆ ماوەی سەعاتێك دانیشت کە هەر خەریکی سەیر کردنی بن میچ و دیوارەکانی ئەو دیوەخانە بوو. ئەمجا بە خانەخوێی وت:

"برسیمانە"

ئەویش هەستا و فەرمانی دا سفرە راخرا.... خواردن دانرا. تەنیا لە گۆشتی مریشك ١٠٠ جۆر دانرابوو، بێ لە گۆشتی ئاژەڵ و گۆشتی برژاو. کە نان خورا... سفرە هەلگیرا. خەلیفە وتی:

"ئیتر نۆرەی خواردنەوەیە."

خانەخوێ چووە ئەو دیو... نایابترین جۆری "مەی"ی بۆ ناردن. پیاڵەی مەی هەموویان لە زێڕ دروست کرابوون..! چەند خزمەتکارێك هێنایان. کە بەرگی "ئەسکەندەریە"یانەیان پۆشی بوو. کە لە مانگی ١٤ دەچوون. بۆنی مسکیان لە خۆدابوو. خەلیفە سەری سووڕمابوو. عەلی هیشامی بانگ کرد. ئەویش هاتە سەر چۆك لەبەردەمیدا. دەستی ماچ کرد و وتی:

"لە پەزێرایتدام"

خەلیفە وتی:

"با.... کەنیزەکە گۆرانیبێژەکانت ئامادە بن."

ئەویش وتی:

"هەر ئێستا"

دواتر ١٠ هەرزەکار بە ١٠ کورسی زێڕنەوە هاتن. دوای ئەوان ١٠ کەنیزەك هاتن. جوان و ناسك لە سەر کورسیەکان دانیشتن کە تاجە زێڕینەیان لەسەردا بوو. دەستیان کردە ئاواز لێدان و گۆرانی چڕین. دوای کەمێك خەلیفە یەکێکیانی بانگ کرد و لێی پرسی:

"ناوت چییە؟"

ئەویش وتی:

"سەحاج..... قوربان"

ئەمجا خەلیفە وتی:

"گۆرانیەکم بۆ بڵێ"

ئەویش ئەو گۆرانیەی چڕی:

"کە بینیم دوو شێر هاتن بەرەو رووم　　لە ترسا لەسەر نووکی پێ دەچووم

سەرم نەوی کرد دڵە لەرزەم بوو　　دەموت کە تازە: بە چاوەوە بووم

خەلیفە مەئموون وتی:

"زۆر جوانت گۆرانی وت. ئەمە شیعرەکەی هی کێیە؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"شیعری "عەمری کوڕی مەعدیە"

ئەمجا خەلیەو "ئەبو عیسی" و "عەلی کوڕی هیشام" پێکەوە دەستیان کردە خواردنەوە. ئەو ١٠ کەنیزەکە رۆیشتن و ١٠ کەنیزەکی تر هاتن و لە سەر کورسییەکان دانیشتن. چەند جۆر گۆرانیان چڕی. مەئمون کە سەیری کردن کەنیزەکێکیان سەرنجی راکێشا و بانگی کرد و لێی پرسی:

"ناوت چییە؟"

وتی:

"ناوم ئاسکە"یە.

بەویشی وت: تۆیش گۆرانیەکم بۆ بڵێ. ئەویش وتی:

سپی ئاوریشمین بە شەرم و تامە　وەك ئاسکی مەکە راوی حەرامە

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو...................... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤١٨

شەهرەزاد وتی: ئەمجا خەلیفە پرسی:

"ئەی ئەم شیعرە هی کێیە؟"

ئەویش وتی:

"شیعری "جەریر"ە ئاوازەکەشی "ئەبن سریج""

مەئمون پێکەکەی هەڵدا و ئەوانیش بەدوایدا. ئەمجا ئەم ١٠ کەنیزەکەش کورسیەکانیان جێ هێشت. دوای کەمێك ١٠ کەنیزەکی تر هاتن. کە لەمرواری و یاقووت دەچوون. نەبکەی و نە بخۆی. هەر سەیریان بکەیت. خەلیفە چاوێکی پێدا گێڕان. یەکێکیانی بە دڵ بوو. بانگی کرد و لێ پرسی:

"ئەی تۆ ناوت چییە!؟"

ئەویش وتی:

"فاتن... قوربان"

خەلیفەش وتی:

"تۆیش گۆرانیەکمان بۆ بڵێ."

کەنیزەك سەری نەوی کرد و گەڕایەوە سەر کورسییەکەی و دەستی پێکرد. کە لێ بووەوە، خەلیفە پرسی:

"ئەی ئەمەیان شیعری کێیە؟"

کەنیزەك وتی:

"شیعری "عودەی کوڕی زەید"ە ئاوازەکەشی فولکلۆرە."

ئەمجا خەلیفە و دانیشتوان پێکەکانیان هەڵدا. ئەو ١٠ یەش رۆیشتن و ١٠ کەنیزەکی دی هاتن. کە جۆرە سەرپۆشێکیان بە سەردا دابوو. نەخشی زێڕینی تیابوو. پشتوێنی ئاوریشمیان لە کەمەر بەست بوو. لەسەر کورسیەکان دانیشتن و کەوتنە گۆرانی وتن. دیسان خەلیفە یەکێکیانی بانگ کرد و لێ پرسی:

"ناوت چییە؟"

ئەویش وتی:

"ناوم رەشایە... میری موسڵمانان"

ئەمجا فەرمانی پێدا، گۆرانی بڵێت. ئەویش دەستی پێکرد. کە لێ بووەوە، خەلیفە وتی:

"دەنگت نەڕزێ. دەی گۆرانی ترمان بۆ بڵێ."

دیسان تێ هەڵچووەوە. مەئمون زۆر بە زەوق و شەوق بوو کە کەنیزەکەکە تێگەیشت خەلیفە لە زەوقدایە، گۆرانیەکەی دووبارە کردەوە. کە خەلیفە ویستی خواحافیزی بکات و بڕواتەوە، سواری کەشتیەکە ببێتەوە، خانەخوێ پێی وت:

"قوربان.....کەنیزەکێکم هەیە ١٠٠٠٠ دینارم پێداوە، زۆر ئاسکە دەمەوێ پێشکەشی تۆی بکەم."

خەلیفە وتی:

"ئادەی ......... بانگی بکە. با سەیری بکەم"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤١٩

شەهرەزاد وتی: کەنیزەکێك لە پەردە هاتە دەر، باڵای وەکو سورەچنار بوو. تاجێکی لەسەر نابوو. زێڕین و گۆی یاقوتی تیا بوو. وەکو ئاسك، لەنجەی کرد و هات. لە سەر کورسیەك لێی دانیشت. کە خەلیفە مەئمون بنی زۆری پێ موعجیب بوو....! ئەبو عیساش رەنگی زەرد هەڵگەڕا. بۆ خەلیفە لێی پرسی:

"ئەوە بۆچی رەنگت تێك چووە؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە:

"هیچ نییه ئەوە نەخۆشیەکم لەگەڵە هی ئەو نەخۆشیەیە!"
ئەمجا خەلیفە پێی وت:
"ئم کەنیزەکە دەناسیت؟"
ئەویش وتی:
"جا..... مانگ دەشاردرێتەوە؟"
ئەمجا کە خەلیفە پرسی:
"ناوت چییە.... کیژە؟"
ئەویش وتی:
"قرەالعین.... قوربان"
ئەمجا پێی وت:
"ئێستا گۆرانیمان بۆ بڵێ:

لایان داو، رەشماڵ لێدرا بە شەو          لەبەر دەنگە دەنگ چاو نەچووە خەو
دەمی رەشماڵان، کەوانەیی بوو          ئەمیان دەیخوارد و قسەی دەکرد ئەو

خەلیفە پرسی:
"شیعرەکەی هی کێیە؟"
ئەویش وتی:
"دعبل العزاعی" ئاوازی "زرزۆرالصغیر."
ئەبو عیسا سەیرێکی کەنیزەکەکەی کرد و هیچی نەوت. بە شێوەیەك خەڵکەکە سەریان لێی سورما...! کەنیزەکەکە بە خەلیفەی وت:
"رێم دەدەیت... بە دڵی خۆم گۆرانی بڵێم!؟"
کە رێی دا وتی:

گەر لە یەك رازین هاورێ          پاش ملەش هەر لێ گەرێ
لە زەمکاران گوێ مەگرە          لە هاورێت دا دەبرێ
زۆر نزیك بوون هەر باش نییە          دووریش مەیل دەبرێ
هەر دووم تاقی کردەوە          دووریش و ناو دەڤەرێ!
ماڵیش چۆڵە ئەو دەمەی          نەی بینی و بۆت بگەرێ

دوایی خەلیفە هەستا و سەیرێکی کرد و چووە دەر، خواحافیزی کرد و بەرەو بەلەمە فرندەکەی بووەوە. ئەبو عیسایش خۆی دواخست ئەمجا بێخەم دەستی دایە دەستی کەنیزەکە "قورە العین" و لەگەڵ خۆی بردی، بۆ ماڵی خۆیان و زۆر دڵخۆش و شادمان بوو ئەو شەوە.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٢٠

## چیرۆکی عەلی میسری بازرگان

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە: لە وڵاتی میسر بازرگانێك بوو. ناوی حەسەنی زێڕنگەری بەغدادی بوو. زۆر دەوڵەمەند و بە دەرەوە بوو. ئەم بازرگانە تەنیا کوڕێکی هەبوو، ناوی "عەلی" بوو. کە گەورە بوو مەلای بۆ گرت و قورئان و شەریعەت فێر بوو. شارەزای ئەدەب و رەوانبێژی کرا. لەبەر دەستی باوکیدا، بازرگانی فێر بوو. دواتر خۆی تووشی نەخۆشییەك بوو. کە بە هیوای هەستانەوەی نەمان. بۆیە ناردیە شوێنی عەلی میسری کوڕی و پێی وت:

"کوڕەکەم دنیا تا سەر بۆ کەس نامێنێت. بەڵام ئەو دنیا کۆتا نابێت. هەموو کەسێکیش ئازاری مردن دەچێژێت. منیش وا دەمرم. ئامۆژگاریەکت دەکەم کە ئەگەر لە ژیانتا بە جێت هێنا تا دەمریت، شاد و بێخەم دەبیت...! گەر پشت گوێیشی بخەیت لە ژیانت دا زۆر ماندوو دەبیت و لەوەش پەشیمان دەبیتەوە، کە بە قسەی منت نەکردووە."

عەلی وتی:

"جا... بابە گیان، بە قسە کردنی دایك و باوك: خوا سەپاندوویەتی."

باوکەکەشی وتی:

"کوڕەکەم، سامانێکی هێندە زۆرت بۆ بە جێ دەهێڵم کە ئەگەر رۆژی ٥٠٠ دیناریشی لێ خەرج بکەیت، کەم ناکات!! بەڵام تۆ دەبێت، فەرمانەکانی خوا بە جێ بێنی و لەسەر فەرموودەکانی پێغەمبەر "د.خ" بڕۆیت بەڕێوە. هەمیشە لەسەر خێر و چاکە کردن سەرومر بە. هاوڕێیەتی: زانایان و پیاو چاکان بکە. رەزیل و دەست گیراوە مەبە. بە چاوی بەزەییەوە لە ژن و منداڵەکانت بڕوانە. ژنەکەت کچە خانەدانە. دووگیانە... بەڵکو خوا مناڵێکی چاکتان پێ ببەخشێ. لەگەڵ ناپیاواندا مەبە بە هاوڕێ."

بەدەم ئامۆژگاریەکانیەوە دەگریا.

"نزا و پاڕانەوەشم، لای خوا ئەوەیە، کە بێ کێشە و دوور لە خەم بیت."

عەلی کوڕیشی کە ئەمانەی بیست، زۆر گریا وتی:

"وا لە خەمدا، خەریکم بتوێمەوە. لەوە دەچێت جێمان بهێڵێت."

باوکی وتی:

"بەڵێ، کوڕەکەم هەر وایە.... تۆش ئامۆژگاریەکانم لە بیر نەکەیت."

ئەمجا دەستی کردە قورئان خوێندن و شایەتمان هێنان. ئەمجا ئیشارەتی دایە کوڕەکەی کە دابنەوێتەوە کە سەری شۆڕ کردەوە و ماچێکی کوڕەکەی کرد و گیانی دەرچوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٤٢١

**شەهرەزاد وتی:** ماڵ پڕ بوو لە قیژاندن و هاوار کردن. خەڵکانی دەرودراوسێ و هاورێکانی باوکی کۆ بوونەوە. شتیان و بردیانە مزگەوت نوێژیان لەسەر کرد و بە رێورەسمێکی مەزن بردیانە گۆڕستان و ناشتیان. ئەمجا دراوسێیان و هاورێ و ناسیاوانی خۆی و باوکی، هاتنە ماڵی و سەرەخۆشیان لێ کرد. کوڕەکەش، یادی ٤٠ەی باوکی کردەوە و چەندین "خەتمە"ی بۆ کرد. ئیدی عەلی میسری بۆ مزگەوت نەبوایە: نەدەچووە دەرەوە. رۆژانی هەینیش، دەچووە گۆڕستان بۆ سەردانی باوکی.

هاورێ بازرگانەکانی چوونە سەردانی لە ماڵەوە. لێیان پرسی:

"تاکو کەی هەر لە ماڵەوە دادەنیشتی، ئاخر... بۆ تەندروستیت، باش نییە هێندە لە ماڵەوە بیت!"

شەیتانیش چووبووە بن کلێشەیانەوە کە زیاتر هانی دەدان، کە چوونە بازاڕ و چوونە دەرەوە لای عەلی میسری شیرین بکەن. زوو زوو، هاورێکانی دەبوونە میوانی و هانیان دەدا کە لەگەڵیان بچێتە دەرەوە. عەلی میسریان قایل کرد. ئەویش بە خزمەتکارانی وت:

"هێسترەکەم بۆ زین بکەن."

ئەمجا سوار بوو....... لەگەڵیان چووە ناو رەز و باخێکەوە، تاکو کەمێ خەمی لە دڵ دەرکەن. ئەمجا لێی دانیشتن. تا دەمەو ئێوارە، ئێوارە بەرەوماڵ بوونەوە. بۆ رۆژی دواتر هاتنەوە بەشوێنیدا. عەلیش پرسی: وتیان:

"رەز وباخی فلانە کەس زۆر لە باخەکەی دوێنێ پاك و خاوێن تر و خۆشترە"

فەرمانی دا هێسترە زین کراوەکەیان بۆ هێنا و لەگەڵیان رۆیشت. ئیدی چەند جارێکی دی و "مەی" خواردنەوە و رابواردنیشی چووە سەر. جارێکیان بە سەرخۆشی جێیان هێشت. ئەویش بەرەو بازاڕی شار رۆیشت. دواتر چووە دوکانی ژنەکەیەوە. کە ژنە مێردەکەی بینی وتی:

"ئەمە چییە بۆ وا: تێك چوویت؟"

ئەویش وتی:

"نازانم ژنەکە بۆ سەرم دێشێ! هاورێکانم شەربەتێکیان دانابوو. لێیان خواردەوە و منیش لێم خواردەوە"

ژنەکەی پێی وت:

"بە قوربان.... وا زوو ئامۆژگاری باوکی رەحمەتیت بیر چووەوە؟ ئەی پێی نەوتیت: هاورێیەتی پیاو خراپان مەکە!؟"

عەلی میسریش وتی:

"ژنەکە ئەوانە پیاو خراپ نین. ...... بە زەوقن و خۆش دەژین"

بەم شێوەیە ماوەیەکی زۆر هاورێیەتی کردن. ئەم شوێن و ئەو شوێنیان کرد. خواردیان و خواردیانەوە. ئەمجا هاورێکانی پێیان وت:

"ئیدی نۆبەی تۆیە.... پارەمان بۆ خەرج بکەیت."

عەلی میسریش وتی:

"بە چاوان"

رۆژی دوایی دەرچوون بۆ گەشت و سەفەر کردن. هەموو پێویستییەکی بۆ ئامادە کردن. مانگێکیان پێچوو. پارەیەکی زۆری بۆ خەرج کردن.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٢٢

شەهرەزاد وتی: دوای مانگەکە، سەیری کرد پارەیەکی زۆری لە دەست دەرچووە. بەڵام شەیتان هانە هانەی دا بە خۆی وت:

"جا چییە. رۆژی ئەمەندەش پارە خەرج بکەم سامانەکەم لە بن نایەت و کەم ناکات."

ئەوە بوو، بۆ ماوەی ٣ ساڵ ئەم دەست بڵاوییە پیشەی بوو. هەمیشە ژنەکەی دەمی لە سەری بوو. ئامۆژگاری دەکرد.... بەڵام سودی نەبوو، کار گەیشتە ئەوەی زێڕ و زیوی ژنەکەی جار و بارە دەبردە بازاڕ و دەیفرۆشتن. کە ئەوەشی کۆتایی هات کەوتە فرۆشتنی رەزو باخەکانی و دواتر خانووبەرە و دوکانەکانی، فرۆشت. هێندە هەژار بوو خزمەتکاری لە ماڵدا نەما. خۆی و خێزانەکەی مابوونەوە. رۆژی رۆژانەی ماڵ و منداڵەکانی بۆ پەیدا نەدەکرا. ژنەکەشی پێی وت:

"لە ترسی ئەم رۆژە بوو کە دەم بۆڵان بە سەرتا و ئامۆژگاریەکانی باوکتم بیر دەخستیتەوە!"

هێندە رسوا بووبوو لە دەرگای هەموو هاوڕێکانی دا......... بەڵام لە سەرزەنشت زیاتری پێ نەبڕا. کە بۆ ژنەی گێڕایەوە ژنە هەستا و هانای بۆ ماڵە دراوسێیەکی برد کە پێشتر ئاگای لە ژیانیان بوو. دەیزانی چەند خاوەن سامان و چەند دەوڵەمەند بوون. بۆیە لە هۆیەکەی پرسی. ژنەکەش بەسەرهاتی پیاوەکەی بۆ گێڕایەوە. ژنە دراوسێیەکەش وتی:

"بێخەم بە... هەر کاتێك برسیتان بوو؛ وەرە.... پێم بڵێ.... بێ ئەوەی داوای هیچت لێ بکەم، خواردن ببە"

ژنی عەلی میسریش نزا و پاڕانەوەی بۆ کرد.... کە خوا پاداشتیان بداتەوە. دراوسێیەکەی زەخیرەی خواردنی مانگێکی پێ.... بەخشی. ئەمجا ژنەکە چووەوە دوکانەکەی. عەلی میسری، کە بە زەخیرەکەوە بینی بە دەم گریانەوە پرسی:

"ئەمانەت لە کوێ هێناوە؟"

ژنەکەش وتی:

"لە فلانە ژنە دراوسێمان، کە زانی چیمان بەسەرهاتووە، ئەمانەی پێم دا. پێیشی وتووم هەر کاتێك پێویستت بە زەخیرەی خواردن بوو وەرە...... ببە."

ئەمجا منالەکانی ماچ کرد. جێی هێشتن و چووە دەرەوە.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٢٣

شەهرەزاد وتی: عەلی میسری، ڕۆیشت. خۆیشی نەیدەزانی بۆ کوێ دەچێت. گەیشتە "بۆلاق" کەشتییەکی بینی، کەخەریك بوو سەفەر بکات. کەشتیەوانەکە : هاوڕێی باوکی بوو. پرسی:

"بۆ کوێ سەفەر دەکەیت؟"

ئەویش وتی:

"بۆ دمیات"

کەشتیوان وتی:

"سەر بکەوە."

کەشتی کەوتە ڕۆیشتن کە گەیشتە دمیات عەلی میسری دابەزی. بێ ئەوەی بزانێت بۆ کوێ دەچێت: بازرگانێك کە بنی بەزەیی پێدا هاتەوە. بۆیە قۆڵی گرت و بردیەوە ماڵی خۆیان. ماوەیەك لەوێ مایەوە. ڕۆژێکیان بە خۆی وت:

"باشە... تاکەی لەم ماڵە بێکار بمێنمەوە. "

بۆیە دیسان چووەوە کەنار دەریا. کەشتیەکی دۆزیەوە، بەرەو شام دەبووەوە. چووە لای خاوەن کەشتی و پێی وت:

"لەگەڵ خۆتان بمبەن لە بەرامبەریدا کارتان بۆ دەکەم."

خاوەن کەشتیش پەسەندی بوو. ئیدی لەگەڵیان سەفەری کرد تا گەیشتە "دیمەشق". گێژە گێژ دەسووڕایەوە. نەیدەزانی ڕوو بکاتە کوێ؟ پیاوێکی خێرومەند ئێوارە قۆڵی گرت و بردیەوە ماڵ. عەلی میسری ماوەیەك لای ئەویش مایەوە. ڕۆژێکیان لە بازاڕ کاروانێکی بینی بەرەو بەغدا دەڕۆیشت. عەلی بە پەلە گەڕایەوە ماڵ و دوای سوپاس کردنی خاوەن ماڵ خواحافیزی لێ کردن. ئەمجا گەڕایەوە لای سەرۆکی کاروان زۆری لێ پاڕایەوە. بەزەیی پیا هاتەوەو گرتیە خۆی. ماوەیەك بە ڕێگاوە بوون. کابرایەکی بازرگانی خێرومەند بەزەیی پیادا هاتەوە و گرتیە لای خۆی. ئیدی لەگەڵ خۆیدا تێری دەکرد. چەندین ڕۆژ بەڕێوە بوون. تاکو وتیان: ڕۆژە ڕێیەکمان ماوە، بگەینە شاری بەغدا. ڕێگران دایان بە سەر کاروانەکەدا، هەموو بارەکانیان بردن. زۆریشیان لێ کوشتن. ئەوانەی کە بە زیندوویی مانەوە، هەر یەکە و بۆ لای خزم یان ناسیاوێکیان ڕۆیشتن. عەلی میسریش چونکە بێ کەس بوو بە تەنیا مایەوە. ئیدی بڕیاری دا بە پێ بەرەو بەغدا بڕوات. و کەوتە ڕێ. ڕۆژئاوا گەیشتە یەکێك لە دەروازەکانی بەغدا. پاسەوانەکان خەریکی دەروازە داخستن بوون. عەلی هاواری لێ کردن. کە ئەمشەو بیبەنە لای خۆیان. شەوێ لێیان پرسی:

"له کوێوه هاتوویت؟ بۆ کوێ دەچیت!؟"

ئەویش وتی:

"خەڵکی وڵاتی میسرم. بازرگانم، پێش کاروانەکەم کەوتووم، بەڵکو شوێن بدۆزمەوە لێی بخەوم، بەڵام رێگران دایان بە سەر کراوانەکەدا و زۆریان لێ کوشتین. بارەکانیان زەوت کرد. منیش دوای ماندووبوونێکی زۆر، گەیشتوومەتە ئێرە!!"

ئەوانیش زۆریان رێز گرت. وتیان سبەینێ شوێنێکت بۆ دابین دەکەین. بەیانی عەلی میسری دەستی گێڕا بە گیرفانیدا دینارێکی دۆزیەوە. دای بە یەکێك لە دەرگاوانەکان و وتی:

"بڕۆ خواردنمان بۆ بکڕە و بیهێنەوە، با بیخۆین."

کابرا رۆیشت: گۆشتی برژاو و نانی بۆ هێنانەوە. لەگەڵیان دانیشت و تێری خوارد. ئەمجا پاسەوانێکیان لەگەڵ خۆی بردیە شاری بەغدا و یەکسەر بۆ دوکانی بازرگانێکی ناسیاوی. بەسەرهاتی بە عەلی گێڕایەوە، بۆ بازرگانەکەی شاری بەغدا. ئەویش....... بڕوای کرد و رێزی گرت و ئێوارە بردیەوەماڵی خۆیان. جل و بەرگێکی نایابی خۆی پێ بەخشی. ئەمجا ناردیە گەرماو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٢٤

شەهرەزاد وتی: عەلی حەسەنی زێڕنگەر وتی:

"کە هاتمە دەرەوە، بە مەسعودی خزمەتکاری وت:

"کلیلی خانووەکان بەرن. هەموویانی پیشان بدە. هەر کامیانی هەڵبژارد کلیلەکەی بدەرێ با تێیدا دانیشێت."

لێمان دا و رۆیشتین. کە گەیشتین: دەرگای خانوویەکی نوێی کردەوە و چووینە ژوورەوە. سەیرمان کرد دەرگاکەی داخستەوە. ماوەیەکی دی رۆیشتن دەرگای خانوویەکی تری کردەوە. چوینە ژوورەوە سەیرمان کرد، کەمێك لەولاترەوە خانوویەکی گەورەی خۆشم بینی پرسیارم لێ کرد ، وتی:

"ئەوەی راستی بێت، ئەو خانووەش هەر هی بازرگانەیە. بۆیە پیشانت نادەم چونکە جنۆکە و درنجی تیایە. هەر کەسێك چووەتە ناو ئەم خانووە گەورەیە بە مردوویی لاشەکەیان هێناوەتە دەرەوە. بۆیە ئەم بازرگانە رێ نادات بە کەس تێیدا نیشتەجێ ببێت."

منیش وتم:

"تۆ..... بۆم بکەرەوە، با هیچ نەبێت سەیرێکی بکەم."

مەسعود، دەرگاکەی کردەوە. سەیر دەکەم خانوویەکی زۆر خۆشە!! کە هاتینە دەرەوە بیرم کردەوە و وتم:

"ئەم خانووە، هەر بۆ ئەگبەتێکی شوومی لێقەوماوی وەکو من باشە.... بەڵکو تێیدا بمرم و لەم ژیانەم رزگارم ببێت."

هەر چەند بە مەسعودم وت کە کلیلی ئەو خانووە گەورەیەم بدەرێ... ئەیدا و وتی:

"شتی وا نابێت، من پێم وتیت جنۆکەی تێدایە. دەتەوێت تۆیش بکوژێت!؟"

منیش زۆرم بۆ هێنا ئەمجا وتی:

"گرنگ نییە...... بەلام دەبێت بازرگانەکە بزانێت و رێت پێ بدات."

کە گەراینەوە مەسعود بە بازرگانەکەی وت:

"قوربان.......داوای خانووە گەورەکە دەکات!"

ئەویش زۆری وت و من کەمم بیست. ئەمجا وتی:

"دە.... باشە پەیمانێکم بۆ بنووسە کە : خوێنی خۆت بە ملی خۆت، من بێ تاوانم"

منیش وتم:

"بە چاوان"

کاغەزیان هێنا و پەیمان نامەم بۆ نووسی. کە خوێنی خۆم بە ئەستۆی خۆم. ئەمجا کلیلەکەی دایە دەستم. فەرمانی دا فەرش و پێداویستییەکانی ماڵم بۆ بەرن بۆ خانووە گەورەکە. ئەوانیش شتەکانیان لەسەر سەکۆی بەردەرگای دەرەوە دادەنا و نەیان دەوێرا بچنە ناو خانووەکەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٢٥

شەهرەزاد وتی: عەلی میسری وتی:

"ئێوارەی ئەو رۆژە هاتمە حەوشەکەوە. بیرێکی کۆن و گوریس و سەتڵێکم بینی هەڵم کێشایەوە و دەستنوێژم بە ئاوەکەی گرت و نوێژی ئێوارەم کرد. کاتێکم زانی مەسعود پەیدا بوو فانۆسێك و چەند مۆم و تەشت و مەسینەی بۆ هێنابووم. خواردنەکەی بۆ دانام. دوایی فەرشێکی بۆ بردمە هۆڵەکەوە. سەیرم کرد بن میچەکەی پڕە لە نەخشی زێڕین. دیوارەکانیشی لە مەرمەڕ بوو. کە فەرشەکەم راخست. نوێژم دابەست لەسەری. کە لێ بوومەوە، دەستم کردە قورئان خوێندن. ئەمجا پاڕانەوە لە خوا. گوێم لە یەکێك بوو پێی وتم:

"عەلی کوڕی حەسەن، زێڕت بە سەردا ببارێنم!؟"

منیش پرسیم:

"زێڕت لە کوێ بوو، تا .... بیبارێنیت!!؟"

هێشتا قسەکەم تەواو نەکردبوو، کەکەوتە رژاندنی زێڕ لە هۆڵەکەدا، هێندە زێڕ کەوتە ژوورەکە.. هێندەی نەمابوو، پڕ ببێت.....!! ئەمجا بانگی کرد:

"ئەی عەلی میسری..... ئیدی ئازادم بکە.... سپاردەکەی خۆمم گەیاندەوە دەستت. با.... بڕۆم بە ڕێی خۆمەوە."

عەلی میسریش وتی:

"سوێندت دەدەم بە پەروەردگار....هۆی ئەم زێڕ بارانەتم پێ بڵێ"

دەنگەکەش وەڵامی داوە....... ئەو زێڕە هەر لە زەمانی کۆنەوە، بۆ تۆ دانرابوو. ئەوە....ئەو کەسانەی تر کە دەهاتنە ئێرە و دەمانەوە بانگمان دەکردن دەترسان..! چونکە ئێمە بانگمان دەکردن... ئەی عەلی کوڕی حەسەن زێڕت بە سەردا بڕژێنین. وەکو تۆ نەیان دەپرسی: "لە کوێ ئەو زێڕە دێنیت!!؟" بۆیە تێدەگەیشتین کە درۆمان لەگەڵ دەکات و عەلی کوڕی حەسەن نییە. ئێمەش دادەبەزینە سەری و ملیمان دەشکاند و دەمان کوشت. ئێستاش.. کاری خۆم تەواو کرد و ئازادم بکە.... با بڕۆم بە ڕێی خۆمەوە."

منیش... پێم وت:

"ئازادت ناکەم: تاکو ئەو زێڕانەی "یەمەن"یشم بۆ نەهێنیتە ئێرە."

دەنگەکە وتی:

"ئەگەر بۆت بهێنمەوە، بۆ ئێرە من و پاسەوانی ئەو زێڕەی "یەمەن" ئازاد دەکەیت؟"

منیش وتم:

"بەڵێ"

ئەویش وتی:

"سوێندم بۆ دەخۆیت، کە ئازادمان بکەیت!؟"

منیش سوێندم بۆ خوارد. جنۆکەکە ویستی: بڕوات. پێم وت:

"تەنیا ئیشێکم پێت ماوە"

وتی:

"ئیشەکە چییە؟"

وتم:

"ژن و منداڵەکانم لە میسر بە جێ هێشتووە لە فڵانە شار و فیسار گەڕەك.... دەمەوێت، بێ ئەوەی ماندوو ببن هەموویانم بۆ بهێنیت."

ئەویش وتی:

"بە چاوان لە سەر تەختەی ڕەوان ئەوانیش دێنم بۆ ئێرە. انشاالله. بەڵام دەبێت سێ ڕۆژم مۆڵەت بدەیت."

لێیدا و ڕۆیشت. ئەمیش بە هۆڵەکەدا گەڕا. دەرگایەکی تیابوو. بەردە مەرمەڕێکی بازنەیی پێوە بوو خولی دا. دەرگا کرایەوە. چووە ژوور گەنجینەیەکی گەورە بوو. پڕ بوو لە گوینەی تۆپە کوتاڵ یەکە یەکە گونیەکەی لە کوتاڵەکە چۆڵ دەکرد و دەی هێنایە دەرەوە. پڕی دەکرد لە زێڕی هۆڵەکە. تاکو هەر هەموو زێڕە باریوەکەی هۆڵەکەی کردە گونیەکانەوە بردنیە گەنجینەکە ودرەگا مەڕ مەڕەکەی لەسەر داخستەوە. کوتاڵەکانی هەڵچنی ئەمجا هاتە دەرەوە و چووە سەر سەکۆی حەوشەکە لێی دانیشت. تاکو کەمێ ماندوویەتی دەربچێت.

هێندەی زانی لە دەرگای دەرەوە درا، ئەویش کەمێ چاوەڕێی کرد. سەیری کرد کرایەوە و مەسعود هاتە ژوورەوە بە سەر سوڕمانێکەوە سەیری کردم... ئەمجا بە هاوار هاوار بەرەو دەرەوە رایکرد. بە دەم ڕێوە دەیوت:

"عەلی میسری ماوە و نەمردووە...!! هەر ئێستا ئەم هەواڵە دەدەم بە ئاغام"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٢٦

شەهرەزاد وتی: بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر، کابرای بازرگان پێخۆری بەیانی بە خزمەتکاران و کۆیلە و کەنیزەکەکانی هەڵگرت و بەرەو خانووە گەورە ڕۆیشتن. کە عەلی میسری دەرگای لێ کردنەوە: بازرگانەکە، باوەشی پێدا کرد و ئەم لاو ئەولای ماچ کرد. چوونە ژوورەوە بە دەم نانی بەیانی خواردنەوە بازرگانە پرسی.... چیت دی؟ چیت نەدی؟ ئەمشەو چۆنت بردە سەر؟"

عەلی میسری وتی:

"هیچم نەبینی. ئەمشەو نوێژەکانم کرد و هەندێ لە قورئانم خوێند. لێی نووستم."

ئەمجا بازرگان فەرمانی دا دوو کۆیلە و دوو خزمەتکار و دوو کەنیزەك بمێننەوە. بۆ پەزێرایی کردنی عەلی میسری. ئیدی پێداویستی تری نارد بۆ خانووە گەورەکە. ڕۆژی دووەم... هەندێ بازرگانی بەغدا چوونە سەردانی... پرسیاری ئەوەشیان کرد:

"کەی کاروانی کەلوپەلەکانی دەگاتە بەغدا"

ئەویش پێی دەوتن بەم نزیکانە. ئەمجا جنۆکەکە گەڕایەوە بۆ لای و وتی: ژن و منداڵەکانتم هێناوەتە دەرەوەی میسر. ڕووت و ڕەجاڵ و شڕۆڵ بوون پۆشتەیشم کردوونەتەوە. بە بەرگی نایاب. تۆش ژنە بازرگانان ئامادە بکە و بچنە پێشوازیان. چەندین باری وشتر و هێستریان لەگەڵدایە. کە زێڕەکانی "یەمەن"ە."

عەلی میسری رایگەیاند با خێزانی بازرگانانی بەغدا ئامادەی بە پیرەوە چوون بن. دەعوەتی ئێمەن. ئەمجا بە ڕێوڕەسمی کۆن. باخێکی گەورەیان لە دەرەوەی شاری بەغدا رازاندەوە. جێگا داخران........ سفرەکان ڕاخران. ئەو هەموو بازرگانانە و خێزانەکانیان ئامادە بوون. عەلیش پێشوازی ژن و منداڵەکانی کرد.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٤٢٧

شەهرەزاد وتی: خەلکەکە خەریکی دەمە تەقێ بوون لە رەزەکەدا، کە تۆز و خۆڵ لە بیرەکەوە بڵند بووەوە. سەیریان کرد چەندین هێستری بارکرا و وشتر و پیاوەران و کاروانچیان دەرکەوتن. کە هەندێکیان لە بەرایی کاروانەکەوە بە سەما کردن و ئاواز و گۆرانی وتن هاتن. کاروانچیانیش بەرەورووی عەلی میسری هاتن. دەستیان ماچ کرد. ئەمجا وتیان:

"ببوورن دەبوو دوێنێ بگەیشتینایە ئێرە!! بەڵام خەمی رێگرانمان بوو، نەبادا پەلاماری کاروانەکە بدەن. ژنانیش گەیشتوون ژنە بازرگانانیش کردوویانە بە قەرەباڵغی لە دەوری خێزانەکەتان هەر ئێستا دێنە پێشەوە."

ئیدی ژنە بازرگانان سەریان لە جوانی و نایابی جل و بەرگی ژنی عەلی میسری و منالەکانی سوڕمابوو...!!

کاروانەکە، بە قەرەباڵغی و لەگەڵ ئەوانەی کە هاتوونەتە پێشوازی بەرەو شار بوونەوە. ئەمجا بارە وشتر و هێسترەکانیان بردە حەوشەی ماڵە گەورەکەوە. ماڵ زۆر قەرەباڵغ بوو. ژنان لە هۆڵە گەورەکەدا لە دەورووبەری خێزانی عەلی میسری کۆ بووبوونەوە. پیاوانیش لە دەورووبەری عەلی میسری کۆ بوون. کاروانچیانیش بارەکانیان داگرت و وشتر و هێسترەکانیان تاقەت کرد. شتومەکەکانیان بردە گەنجینەی خانووە گەورەکەوە. کە نیوەڕۆ هات سفرە راخرا. خواردن دانرا. پیاوان لە ژوورێك و ژنانیش لە هۆڵەکە نانیان خوارد. کەنیزەکان گوڵاویان بە سەردا پرژاندن. کە تێریان خوارد چەندین جۆرە میوە دانرا. رێزێکی زۆری میوانان گیرا. دواتر قاوەیان گێرا. ئەمجا کاروانچیان هاتنە لای عەلی میسری و داوایان کرد رێیان پێ بدرێت بڕۆنەوە. ئەویش خواحافیزی لێ کردن. وشتر و هێسترەکان ئامادەی سەفەر کرانەوە. ئەمجا بەرەو قەراغ شاری بەغدا بوونەوە. دوا نیوەڕۆیەکی درەنگ میوانەکان و کۆڕی ژنە بازرگانان خواحافیزیان کرد. رۆژانی دواتر... هەر یەکە و لای خۆیەوە چەندەی پێ هەڵسوڕا دیاری ناردە ماڵی عەلی میسری. هەندێکیان کۆیلەیان کردە دیاری... یان کەنیزەك یان زەخیرە و خواردن. راخەر و پێداویستی ماڵ.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

# شەوی ٤٢٨

شەهرەزاد وتی: تاکو نیوەشەو، لەگەڵ بازرگانی خاوەن خانوو عەلی میسری دانیشت. ئەمجا کە خۆی مایەوە، چووە لای خێزانەکەی لە ژووری ئەو دیو. سڵاوی لێ کرد و لێی پرسی:

"ئەرێ ئەو ماوەیەی جێم هێشتبوون، چۆن ژیا بوون؟"

ژنەکەی وتی:

"بە رووت و رەجاڵی و نەبوونی"

ئەمجا پرسی:

"ئەی چۆن هاتن؟"

ژنە وتی:

"شەو هێندەم زانی لە زەوی بڵند بووینەوە، خۆم و منداڵەکان لە سەر تەختە ڕەوانێك دانراین بە ئاسماندا هاتین، تاکو گەیشتینە شوێنێکی تەخت لەوێ دابەزین. ئەمجا سەیرم کرد کاروان و خەڵکێکی زۆر لەو شوێنە ئامادەی ڕۆیشتنن. ئێمەیان پۆشتە کردەوە. بە نایابترین بەرگی شاهانە و لەگەڵ کاروانەکەدا هاتین. ئەوە بوو ئێوەش هاتن بە پێشوازیمانەوە. لە کاروانچیانم پرسی، وتیان:

"ئێمە کۆیلە و خزمەتکاری عەلی میسری حەسەنی زێڕنگەرین. ئەمەش کاروانی بارە بازرگانی ئەوە. ئەمجا خۆم و منداڵەکانم خرانە کەژاوەوە و بۆ سەر لە بەیانی ڕۆژی دواتر گەشتینە لای ئێوە"

عەلی میسری پرسی:

"ئەم ئەم بەرگە جوانانەی بەرتان؟"

ژنەکەی وتی:

"سندوقێکیان هێنایە بەردەستم و کلیلێکیان دایە دەستم و وتیان ئەم سندوقە بەرگی خۆت و منداڵەکانتی تێدایە، بیکەرەوە و خۆتان پۆشتە بکەنەوە. دوایی دای بخەرەوە و کلیلەکەی بدە بە مێردەکەت. فەرموو ئەوەش کلیلەکە."

دیسان پرسی:

"سندوقەکە دەناسیتەوە!؟"

ژنەکەی وتی:

"دەیناسمەوە."

هەستان و چوونە گەنجینەکە و پیشانی دا.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٢٩

شەهرەزاد وتی: عەلی میسری کلیلەکەی لێ وەرگرت و قفڵەکەی پێ کردەوە سەیری کرد چەندین جۆر جل و بەرگی تیایە. کلیلی هەموو سندوقەکانی تری تیابوو. ئەمجا یەکە یەکە سندوقەکانیان کردەوە. سەیریان کرد زێڕ و زیوێکی هێندە گرانبەهایان تێدایە، کە لای پاشایانیش نییە!! ئەمجا دەستی ژنەکەی گرت و بردیە هۆڵەکە و چووە لای دیوارە مەڕ مەڕەکانی ئەمجا دەسکێکی بادا.. دەرگایەك کرایەوە. چوونە ژوورەوە، زێڕەکانی پیشان دا. ئەمجا وتی:

"ئەمانە، خوا پێی داوین بۆیە دەبێت سوپاسی خوا بکەین."

ئـەمجا بەسـەرهاتی خـۆی بـۆ ژنەکـەی گێڕایـەوە، کـە چـۆن لـە مـاڵ هاتووەتـە دەرەوە و خۆیشی نەیزانیوە روو لە کوێ بکات. دواتـر گەیشتووەتە بۆلاق. لەوێشـەوە چووەتە دمیـاط. عەلی میسری وتی:

"کە گەیشتمە دمیاط، بازرگانێکم بـینی، کـە هاوڕێی بـاوکم بـوو، زۆری ڕێـز گـرتم. لێـی پرسیم:

"بۆ کوێ دەچیت؟"

وتم:

"بۆ دیمەشق. لەوێ چەند هاوڕێیەکم هەیە سەریان لێ دەدەم."

ئیدی هەر چیەکی بەسەرهاتبوو بۆی گێڕایەوە. ژنەکەی وتی:

"قوربـان.. ئەمانـە هـەمووی، بـە هـۆی پـیرۆزی و نزاکانی باوکتـەوە بـووە. پـێش ئـەوەی بمرێت. گەر تووشی بەڵایش بووین پەنا بە خوا دەگرین...."

دیسان ژنەکەی پێی وت:

"تووخـوا.. جـارێکی دی هاوڕێیـەتی پیاوخراپـان مەکـە و بـە نهـێنی و بـە ئاشـکرا: خواپەرستی بکە!"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٣٠

شەهرەزاد وتی: ژنەی هەمیشە، ئامۆژگاری دەکرد، ئەویش پێی وت:

"منـیش ئامۆژگاریـەکانت دەکەمـە هەلەفەیـەك و لـە گـوێی دەکـەم... پـەیڕەوی وتـەکانی پەروەدگار و فەرموودەکانی پێغەمبەر "د.خ" دەکەم."

ئەمجا لە بازاڕ دوکانێکی بازرگانی دانا... کەوتـە کـار کـردن. خـۆی و مـاڵ و منـاڵی زۆر بـە خۆشی و بەختیاری دەژیان. پاشای بەغـداد هـەواڵی دەوڵەمەنـدی عـەلی میسـری بیست بۆیـە ناردی بە شوێنیدا. عـەلی میسـری چـوار سـندوقی عەشتارخانی هێنـا و بـە شتی نەختینـەی نەخشاو بە "یاقووت" و "مرواری" پڕی کردن و بە دیاری بۆ خەلیفەی بـرد و کڕنووشـی بـۆ خەلیفـە بـرد. ٤ سـندوقەیان لەبـەر دەم خەلیفـەدا دانـا و پێشکەشـی کـرد. ئـەویش کـە بـینی سەری لێیان سوڕما. چونکە لە گەنجینەی خۆیدا شتی زێـڕینی بـە یـاقوت ومـرواری ئـاوا ...... گرانبەهای نەبوو. وتی:

"دیاریەکەت، پەسەندە... خوا یار بێت: ئێمەش خەڵاتت دەکەین."

ئیـدی دەسـتی خەلیفـەی مـاچ کـرد و چـووە دەرەوە. ئـەمجا خەلیفـەش رووی کـردە وەزیرەکانی و پرسی:

"چەند پاشا داوای کچەکەمیان کردووە؟"

وتیان:

"قوربان زۆر!!"

وتی:

"کەسیان دیاری: ئاوا.. گرانبەها و جوانیان بۆ هێناوم!؟"

وتیان:

"نەخێر قوربان"

ئەمجا وتی:

"هەموو ئاواتم ئەوەیە: کچەکەم بدەمە، ئەم بازرگانە!!"

فەرمانی دا بە کۆیلە خەساوەکان دیاریەکە ببەنەوە بۆ کۆشك.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٣١

شەهرەزاد وتی: لە شەوێدا، خەلیفە فەرمانی دا دیاریەکە بێنن با تەماشای بکەین. خۆی و ژنەکەی کەوتنە سەیر کردنی. ژنەکەی خەلیفە سەیری پارچەیەکی زۆر عەجایبی ناو عەشتەرخانەکەی کرد. ئەمجا پرسی:

"ئاخۆ ئەم دیاریە هی کام پاشایە: لەوانەی خوازبێنی کچەکەمانیان کردووە!!؟"

خەلیفە وتی:

"نەخێر... ئەم دیاریانە بازرگانێکی میسری هاتە بەغدا و بۆی هێنام! ناردم بە شوێنیدا، کە لە نزیکەوە بیناسم. خۆ... گەر شتی نەختینەی جوانی بوو لێی بکرم: کەچی ئەم دیاریانەی بۆ هێنام. ئیدی کە ئەو لاوەم بینی هێندە قۆز و جوان و بە ڕەوشت بوو چووە دڵمەوە. کە رۆیشت لەگەڵ وەزیرانمدا، سەیری ئەمانەمان کرد وتیان:

"قوربان.... هێشتا شتی لەم جۆرە جوان و گرانبەهامان نەبینیوە!!"

منیش پرسیم:

"چەند پاشا هاتووەتە خوازبێنی کچەکەم؟"

وتیان:

"زۆر!!"

منیش پرسیمەوە:

"کەسیان دیاری لەم جۆرەیان بۆ هێنام؟"

وتیان:

"نەخێر"

ئەمجا لێت ناشارمەوە: خۆم پێ نەگیرا و وتم:

"خۆزگە، کچەکەم لەم لاوە مارە دەکرد!!"

ئەمجا پرسی:

"ژنەکە، تۆ دەڵێی چی؟"

ئەویش وتی:

"خوا بیکات"

خەلیفەش وتی:

"تەقەلا دەدەم"

ئەو شەوە لێی نووستن. ڕۆژی دواتر ناردی بە شوێن بازرگانی شاردا، عەلی میسریش لە نێوانیاندا بوو. لەگەڵیان کۆ بووەوە. ئەمجا ناردی بە دوای قازیدا. کە گەیشت، فەرمانی پێدا هەر ئێستا کچەکەی لە عەلی میسری مارە ببڕێت. عەلی میسری وتی:

"ببوورن، قوربان من لایەقی کچی بەڕێزتان نیم!!"

ئەمجا خەلیفە فەرمانی دا هەر لەو شوێنەدا کردی بە وەزیری خۆی. ئەمجا.... وەکو وەزیر قسەی کرد و وتی:

"قوربان... ئەوا دیاری خۆتت پێشکەش کردم: زۆر سوپاست دەکەم، بەڵام ڕێم بدە..با قسەیەك بکەم!"

خەلیفەش وتی:

"بڵێ.... هیچ مەشارەوە"

عەلی میسری وتی:

"قوربان.....کچەکەتم پەسەندە.....بەڵام ببێتە بووکم"

خەڵکەکە سەریان سوڕما!! ئەمجا خەلیفە پرسی:

"بۆ کوڕی وات هەیە؟"

عەلی میسریش وتی:

"بەڵێ.... ئەی شای زەمان"

ئەمجا خەلیفە وتی:

"بنێرە بە شوێنیدا"

عەلی میسری چووە دەرەوە، یەکێك لەکۆیلەکانی ناردە شوێنی کوڕەکەیدا.... ڕۆیشت. دواتر هێنایە بەردەم پاشا.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٣٢

شەهرەزاد وتی: کە حەسەنی کوڕی عەلی میسری چووە ژوورەوە، کڕنووشی بۆ پاشا برد. پاشا سەرنجێکی وردی دا، لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەم لاوە لە کچەکەم کەڵەگەت تر و شەنگ ترە."

ئەمجا پرسی:

"ناوت چییه کورم؟"

ئەویش وتی:

"حەسەن"

پرسی:

"تەمەنت چەندە؟"

وتی:

"١٤ ساڵانم"

ئەمجا پاشا سەیرێکی دەوروبەری کرد و وتی:

"قازی فەرموو "حۆسن الوجود"ی کچم لە "حەسەن" مارە بکە."

قازیش هاتە پێشەوەو رێورەسمی مارە کردنەکەی جێبەجێ کرد. بازرگانان پیرۆزباییان لە عەلی میسری و کورەکەی کرد. ئەمجا کۆڕ کۆتا بوو. خەڵکەکەش بڵاوەیان لێکرد. عەلی میسریش چووە دیوانی وەزارەتەکەی. فەرمانیدا بەرگی وەزیریان بۆ ئامادە کرد و خۆی پێ پۆشتە کردەوە. ئەمجا هاتە دەرەوە و بەرەومالْ بووەوە. بازرگانانیش بە دوایەوە. لەبەر دەرگای مالی عەلی میسری خواحافیزیان لێکرد. ئەویش لەگەڵ کورەکەیدا و کۆیلەکانی خۆیان کرد بە کۆشکدا. ژنەکەی کە بینی، بە سەر سورمانێکەوە پرسی:

"ئەمە خێرە...؟ چی بووە؟"

عەلی میسریش پێی وت:

"کورەکەمان بووەتە زاوای پاشای مەملەکەت....!"

دایکی کورە زۆر خۆشحاڵ بوو. رۆژی دواتر بەرەو دیوەخان بووەوە. پاشایش لای خۆیەوە داینا و پێی وت:

"دەمەوێت ئاهەنگ بگێڕین"

عەلی میسریش وتی:

"بە دڵی خۆت"

پاشا فەرمانی دا و ... شاریان رازاندەوە. ٣٠ رۆژی رەبەق ئاهەنگ بوو. خەسووی حەسەن، حەسەنی خۆش ویست. هەروەهاش بوو بۆ دایکی زاواکەی. ئەمجا ژنی پاشا سەرنجی دا دایکی حەسەنی زاوای چەند شەوێك لای کورەکەی و چەند شەوێکیش لای وەزیری مێردیەتی. بۆیە شەوێکیان ئەمەی بۆ پاشای مێردی گێڕایەوە.... وتی:

"نابێت.... و مزیر چەند شەوێك هەر خۆی بێت و ژنەی لای کورەکەی بمێنێتەوە"

بۆیە پاشا فەرمانی دا کۆشکێك بە تەنیشت ماڵی کچەکەیەوە بە زووترین کات بۆ عەلی میسری وەزیری دروست بکەن. کە کۆشکەکە تەواو بوو، وەزیر ماڵەکەی گواستەوە بۆ ئەو کۆشکە. ئیدی ماڵی پاشا و ماڵی کچی پاشا و ماڵی عەلی میسری بە تەنیشت یەکەوە بوون. هەر کاتێك پاشا بیویستایە بچێتە بینینی وەزیر بە شەو دەچووە ماڵیان. یان دەینارده شوێنی. ئیدی ماوەیەکی زۆر بە خۆشی و شادمانی ژیان. دواتر پاشا نەخۆش کەوت. لە ماڵەوە لێی کەوت. بۆیە کۆ بونەوەی بە وەزیران کرد و پێی وتن:

"وەکو دەبینن نەخۆشم.... پێدەچێت بمرم، بۆیەش کۆم کردوونەتەوە تاکو لە نێو خۆتاندا یەکێك هەڵبژێرن.... ببێتە جێ نشینم. تاکو کورسی حوکمڕانی پێ ببەخشم و منیش و خۆیشتان تووشی سەر ئێشە نەبین"

ئەوانیش کەوتنە دووان"

"ئێمە لە زاواکەت بە باشتر کەسی تر.... نابینین. پیاوێکی ژیر و قسەزان و کارامە.... ڕێزی گەورە و بچووکی لایە"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٣٣

شەهرەزاد وتی: ئیدی هەر یەکە و چووەوە ماڵی خۆی. بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر: وەزیران و پیاوانی دەوڵەت و سەردارانی سوپا کۆ بوونەوە. ئەمجا نوێنەریان نارده دیوانی حوکمڕانی بە شوێن پاشادا. کە پاشا چووە کۆڕەکە هەموو لەبەری هەستان. دواتر پاشا ڕووی کردە هەمووان و لێی پرسین:

"حەز ناکەم ڕووگیری من ببن. گرنگ نییە حەسەن زاوای منە... گەر کەسێکی لە ئەو بە باشتر دەزانن... پیشانم بدەن!"

ئەوانیش وتیان:

"پاشای زەمان ڕووگیری تۆ نین خۆمان زاواکەتمان بە دڵە... دەیکەینە جێ نشینت"

ئەمجا پاشا فەرمانی دا بە گەورە وەزیر کە بنێرێت بە شوێن حەسەندا. با بێت. کە حەسەن هات بڕیاری بە پاشا بوونیان پێ ڕاگەیاند. شەرمەزار بووو. لە وتەیەکدا وتی:

"بەڕێزینە من تەمەنم کەمە، باوکم لە من دنیادیدەتر و بە تواناترە، ژیرترە، شەرم دەکەم داواکەتان پەسەند بکەم!!؟"

دانیشتوان کردیانە دەنگە دەنگ و وتیان:

"ئێمە تۆ هەڵدەبژێرین... داوا دەکەین پاشایەتیمان پەسەند بکەیت."

حەسەن کەمێك سەری داخست. باوکی بەرەورووی چوو باوەشی پیا کرد و پیرۆزبایی لێ کرد. ئەمجا دانیشتوان پیرۆزباییان لە خۆیان کرد. پاشایش ناردیە شوێن دادوەری مەملەکەت و بەڕێوەبەرانی گشتی دا. هەر لەوێدا فەرمانی پاشایەتی دەرکرد. کە حەسەن ببێتە پاشا. دادوەر و گەورە وەزیران ئیمزایان کرد. ئەمجا پاشا فەرمووی لە زاواکەی کرد و خستیە سەر کورسی پاشایەتی. ئەمجا ئەو ڕۆژە لە سەر کورسی پاشایەتی حوکمڕانی کرد. بۆ شەوەدا خۆی و خێزانی چوونە لای خەزووری و دەستەکانی ماچ کرد. ئەویش ئامۆژگاری کرد و وتی:

"کوڕم.... لە خوا بترسە... لە بەرامبەر هاوڵاتیان دا"

حەسەنیش لە وەڵامدا وتی:

"خوا یار بێت.... پشت بە خوا و پاڕانەوەی تۆ... سەرکەوتوو دەبم"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٣٤

شەهرەزاد وتی: ئەمجا چووەوە بۆ ماڵ. ژنەکەی و خەسووی هاتن بە پیریەوە، دەستیان ماچ کرد و پیرۆزبایی پلەوپایەی پاشایەتیان لێکرد. ئەمجا چووە ژووری باوکیەوە. ئەویش ماچی کرد و پیرۆزبایی لێ کرد. باوکیشی ئامۆژگاری لە خوا ترسان و بەزەیی هاتنەوەی بە هاوڵاتیانی کرد. ئەو شەوەیان بە خۆشی و شادی بردە سەر. بۆ سبەینێدا بەرەو دیوەخانی مەملەکەت چوو. لە کورسی پاشایەتی دانیشت. حوکمڕانی کرد. گەورە ئەفسەران و وەزیران لە پەزێراییدا بوون. کەدەوام تەواو بوو، هەر یەکە و بەرەوماڵی خۆی بووەوە. کە شا حەسەن گەڕایەوە ماڵێ، خەزووری میوانی بوو، سەرنجی دا، نەخۆشی برستی لێ بڕیوە! دوای ئەوەی دەستەکانی ماچ کرد، خەزووری کەوتە ئامۆژگاری و وتی:

"کوڕەکەم... هێندەم لە ژیاندا نەماوە ئاگات لە کچەکەم و دایکی بێت.... ڕێزی دایکت و باوکت بگرە. بەزەییت بە هاوڵاتیان دا بێتەوە لەخوای مەزن.... کە پاشای هەمووانە بترسە دادپەروەر بە"

دوای سێ ڕۆژ وەفاتی کرد. دوای ئەوەی کفن کرا و لە گۆڕ نرا، ٤٠ڕۆژی ڕەبەق تەعزیەی بۆ گیرا. خێری زۆر و خەتمەی بۆ کرا. پاشای نوێ و خێزانی بەخێر و خۆشی ژیانیان بردە سەر. هاوڵاتیان زۆر لە حوکمڕانی پاشای نوێ ڕازی بوون. هەمیشە نزا و پاڕانەوەیان ؛ مانەوەی پاشاکەیان بوو. ماوەیەکی زۆر پاشایەتی کرد. خوا سێ کوڕی لە کچە پاشا پێ بەخشی. کە هەر سێکیان لە شادی و بەختەوەریدا گەورە بوون، تاکو .... خوا... بەرودوا گیانی هەموویانی کێشا.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٣٥

# چیرۆکی حاجی و پیرەژن

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە، حاجییەك، لە کۆمەڵەی حاجیان ماندوو دەبێت و خەوی لێ دەکەوێت، درەنگانێك بە ئاگا دێتەوە. هەر چەند سەیری ئەملاولای خۆی دەکات کەسێکی دی نابینێت! دوای بیر کردنەوە بە نەشارەزایی ڕێگایەك دەگرێتە بەر. ماوەیەك دەڕوات. ئیدی برسی و تینوو دەبێت. دوارێك لە دوورەوە دەبینێ رووی تێدەکات. کە دەیگاتێ سەگێك دەبینێ خەوتووە. دەڕواتە پێشەوە پیرەژنێك دەبینێت، لە دەمی دەوارەکەدا.... دانیشتووە سڵاوی لێدەکات. پیرەژنەش وەڵامی دەداتەوە، ئەمجا کابرای حاجی دەڵێت:

"پیرەژن خێرت دەگات زۆرم برسییە."

پیرەژنەش دەڵێت:

"هیچ لە دەوارەکەمدا نییە، لێرەوە شۆڕ ببەوە ئەم دۆڵەی بەر دەممان. مارێکی زۆر دەبینیت. بچۆ هێندە مار بکوژەو بی هێنەوە کە تێری پێ بخۆیت، منیش بۆت دەبرژێنم"

حاجیش وتی:

"خوشکەگیان، هەرگیز گۆشتی مارم نەخواردووە...!"

ماوەیەك لەو ناوەدا سووڕایەوە. هیچی دەست نەکەوت بیخوات. ناچار هاتەوە. وتی:

"ئاخر....پیرەژن، ناوێرم....! مار بکوژم"

پیرەژنەش سەگەکەی برد و وتی:

"شوێنم بکەوە"

ڕۆیشتن چەند مارێکیان کوشت و هێنایانەوە کە حاجی تێر بوو وتی:

"ئێستا تینوومە"

ئەویش وتی:

"کەمێ لەولا دەوارەکەوە... کانیەکی لێیە، دەمی تێ بخە و تێر.... تێر ئاو بخۆرەوە."

حاجی چووە سەر کاینەکە. کە لێی خواردەوە ئاوەکە تاڵ بوو. چونکە ئاوی تری لێ نەبوو ناچار تێری لێ خواردەوە کە گەڕایەوە پێی وت:

"ئەم چۆن ژیانێکە لێرە.... بەسەری دەبەیت!؟ لە گۆشتی مار دەخۆیت و لە ئاوی تال دەخۆیتەوە!؟"

پیرەژنە وتی:

"ئەی لە وڵاتی تۆ... خواردن چۆنە؟"

حاجیش وتی:

"لای ئێمە ئەو هەموو میوەیە هەیە! چێشت و گۆشتی مەڕی قەڵەو هەیە! ئاوی سازگار هەیە. خانووەکانمان پان و پۆڕە. ڕاخەر و نوێنی نەرم و گەرممان هەیە!"

پیرەژنە وتی:

"ئەو سەرۆکەی کە بەڕێوەتان دەبات ستەمکارە!!؟ بەزۆر کەستان لە ماڵ دەردێنێ!؟ ئاخۆ...گەر کەسێکتان گوناهی کرد و خراپەی دەربارەی کەسانی دی کرد، ماڵ و سامانەکەی لێ دەسنرێتەوە و دابەش دەکرێتەوە بە سەر خەڵکانی تردا!؟"

حاجی وتی:

"ئەرێ بە خوا... سەرکردەمان هەیە ستەمیشمان لێ دەکات. سامانی تاوانبارانیش دابەش ناکاتەوە بەسەر هەژاراندا..!!"

پیرەژنەش وتی:

"کەوابوو خواردنەکەی من پاك و حەڵاڵ و خۆشترە.. لە خواردنەکانی ئێوە!! چونکە سەرۆکەکەم زۆردار و ستەمکار نییە! ئەی نەتبیستووە ..... دوای موسڵمان بوون بێوەیی و تەندروستی دوو نیعمەتی پێویستن بۆ مرۆڤ....!!؟ ئەمەش کاتێك دەبینە خاوەنی دەبێت خەلیفە دادوەر و ڕامیار بێت. ئەگەر خوانەکەران.. خەلیفە کەمتەرخەم بوو..... لە بەرامبەر تاوانباران و پیاو خراپان و دز و جەردەیاندا... مەملەکەت کاول دەبێت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو..........بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٣٦

شەهرەزاد وتی: پێشینان وتوویانە.... ١٠٠ ساڵ ستەم و زۆرداری سوڵتانەکان نەك ستەمی هاوڵاتیان لە یەکتری، گەر بۆ ساڵێکیش بێت لە مێژوودا هاتووە. کە حەجاجی کوڕی یوسف... جارێکیان کێشەیەك دەخەنە بەردەستی و نامەیەکی بۆ دەبەن کە تیا نووسرابوو:

"لە خوا بترسە.... ستەم لە کۆیلەیانی خوا مەکە."

ئەویش کە ڕەوانبێژ و وتاربێژێکی وریا بوو، چووە سەر "میمبەر" و وتی:

"خەڵکینە، خوا منی کردووەتە سەرۆکی ئێوە، بە مردنم چاوەڕێی نەمانی ستەم مەکەن. لە کاتێکدا خراپەکاریتان وەکو خۆی بمێنێتەوە. چونکە خوا.. کەسانێکی زۆری وەکو منی هەیە گەر لە من ستەمکارتر نەبن.... باشتر نین...ئەوەتا شاعیرێك وتویەتی:

چەند باڵا دەست بیت.... باڵاتر خوایە    زۆردار بەزۆردار حوکمی کۆتایە

ستەم، ترس هێنە.... دادوەری باشترین شتەکانە. سا... خوا چاکمان بۆ بکات"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٣٧

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە... پیاوێکی بەغدایی بووە. دەوڵەمەند و خاوەن خانووبەرە. بازرگانێکی ناسراوی شار بووە. بەڵام وەجاخ کوێر بووە. نە کوڕ و نە کچی نەبوو. بە ساڵاچوو پشتی کۆماوە. ئیدی خەم و پەژارەی ئەوە دایگرت کە ئەو هەموو پارە و سامان و خانووبەرانەی دوای خۆی بە فیڕۆ بڕوات، بۆیە... دەستی کردە خوا پەرستی و .... بە ڕۆژوو بوون و چوونە خەڵوەتەوە.... خێر و چاکە کردن. "خەتمە" و قورئان خوێندن. بۆ خوا تاکو ..... خوا نزا و پاڕانەوەی پەسەند کرد و ژنەکەی سکی پڕ بوو. ٩ مانگە و ٩ ڕۆژەی کۆتا بوو. کوڕێکی جوانی بوو.

ئەمجا بازرگان نەزرەکەی جێبەجێ کرد و بێوەژنانی پۆشی و دەستگیرۆیی هەتیوانی کرد و مەولوودی لە گەڕەکدا کرد. کە حەوتەی مناڵەکە چوو..... بانگیان بە گوێیدا دا و ناویان نا "حەسەن". ئەمجا دایەنی بۆ گیرا..... شیری درا. کە گەورە بوو مەلای بۆ گیرا.... فێرە قورئان خوێندن و شیعر و ئەدەب و بیرکاری کرا. هەروەها ڕمبازی... تیرهەندازی.... تاکو بووە گەنجێکی بە توانای ناسراو.. زمان شیرین و قسە پاراو. ڕوومەت و لێو سوور.....ڕوخسار وەکو بلوور، ئیدی گەورە بوو. تاکو ئەوەی پشتی پێ ببەسترێ. ڕۆژێکیان باوکە پیرەکەی بانگی کرد و کەوتە ئامۆژگاری کردنی:

"کوڕەکەم.... ئیدی کاتی مردنمە، کارەکانم، هەموو کردوون تەنیا چوونەوە بەردەمی پەروەردگارم ماوە، هێندەم لە سامان و پارە بۆ بەجێ دێڵم: بەشی کوڕا و کوڕت بکات! تۆزش لە خوا بترسە شوێن هاوڕێی خراپ و ناپیاو مەکەوە....!"

دوای ئـەم ئامۆژگاریـە هێنـدەی پێنەچوو بازرگـان مـرد. ئـەمجا بـەرێورەسمێکی نایـاب باوکەکەی کفن کرد و لە گۆرستان ناشتی. چەند رۆژێك تەعزیەی بۆ گرت و خەتمە و خێـر و دەستگیرۆیی لێقەوماوانی کرد. هاورێیان خـۆی و بـاوکی و دروانسێکانی هاتنـە پرسـەی بـاوکی وتیان:

"هەموو دەمـرین.... رێگـای باوکت دەگـرین. تەعزیـەباری... کـاری ژنانـە. کـار کـردنیش پیشەی پیاوانە"

تەعزیـەیان بـە حەسـەن شـکان. ئـەمجا بردیانـە سـەیران.... کـە گوایـە خـەم دەرەوێنـێ. حەسەنیش کە بیری لە سامانی بە جێماوی باوکی کرد... هێندە زۆر بوو......پێی وابوو لە بن نایەن. زرەی پیاڵەی مەی و زرنگە پاوانەی سەماکەران و شەو نخوونی و رابواردنی بـەلاوە زۆر خۆش بوو. ئامۆژگاری باوکی رەحمەتی لە بیر کرد. سەری کردە سەر چێژەکانی دنیـا.... تـاکو سامانەکانی باوکی بەرە بەرە بـە فـیرۆ دا....! ئیـدی مایـەپووچ و دەست بـەتاڵ بـۆی دەرچوو. تەنیا کارەکەرێکی تایبەتی خۆی بۆ مایەوە، کە کاتی خۆی باوکی پێشکەشی کردبوو. کارەکەر، ناسك و جوان، قەد و باڵا رێـك. هونەرمەنـد و خوێنـدەوار و ئـەدەب دۆست. دەم و چاو خـڕ: وەکو مانگ، چاوانی لە چاوانی ئاسکان دەچوو. لووت باریك لێوانی بـە گوڵە شـەقایق دەچوو. دەمـی بـە مـۆری سـولەیمان دەچـوو. دانـەکانی دەتـوت: ریـزە مـروارین. لەگـەڵ ئـەو هـەموو جوانیەشدا شیرین گفتە و زمان پاراو بوو. کار گەیشتە ئەوەی سێ رۆژیان بە بێ نـان خـواردن بردە سەر بۆیە کەنیزەکەکەی وتی:

"گەورەم بمبە، پیشانی خەلیفە هارونەرەشیدم بدە، نرخەکەیشم بە ۱۰۰۰۰ دینار دابنێ لـە حەقمدا. گـەر گاڵتـەیان پـێ هـات بـە خەلیفـە بڵـێ: تواناکـانی کەنیزەکەکـەم تـاقی بکـەرەوە. وەسفم بکە و بڵێ لە دنیادا وێنەی نییە....!! بۆ خەلیفە نەبێت....... بەفێرۆ دەچێت!"

پێی وتەوە:

"بەو نرخەی پێم وتیت: کەمتر نەم فرۆشیت"

کەنیزەکەکـە ناهـەقی نـەبوو، چـونکە قـەدری نـەدەزانی! ئـەمجا دەسـتی گـرت و بـۆ لای خەلیفە هارونەرەشیدی برد. چۆن ئامۆژگاری کرابوو، بەو شێوەیە دوا. هارونەرەشید پرسی:

"ناوت چییە؟"

کەنیزەکەیش وتی:

"تەوەدود"

خەلیفە وتی:

"تەوەدود لە زانستەکان چی دەزانیت؟"

وتی:

"قوربان: رێزمان و زمانی عەرەبی......ئەدەب و شەرع و قورئـان و تەفسیری سورەتەکانی و نیـوە و چـواریەکی. فـەرزەکان. ئـاواز و مۆسـیقا دەزانم. کڕنوشـەکان و "مەکـەیی" و "مەدینەیی" یەکان. کۆی پیتەکانی قورئان ج ئایـەتێك ئایـەتێکی دی سڕیوەتەوە. بیرکاری و

فەلسەفە و ئەندازە و مەنتیق دەزانم. حەزم لە شیعرە "عوود"دەژەنم هێندە شارەزام مەگەر زاناکانم بگەنێ!
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............بێدەنگ بوو.

# شەوی ٤٣٨

شەهرەزاد وتی: کە خەلیفە ئەمەی بیست سەرنجی تەمەنی کەمیشی دا. پێی سەیر بوو. بە خاوەنەکەی وت:
"بۆ زانستەکان شارەزایان دەهێنمە بەرامبەری گەر بلیمەت بوو ئەوا نرخەکەی بە زیادەوە دەدەم......گەر وایش نەبوو: ئەوا مالی قەلب سەر بە خاوەنێتی"
ئەمجا فەرمانی دا برێ پارەیان دایە خاوەن کەنیزەك و پێیان وتن: ئێستا بڕۆنەوە.... چاوەڕێ بکەن تا دەنێرینەوە شوێنت. خەلیفە فەرمانی پاشایەتی بۆ والی بەسرە نووسی و بۆی نارد، تێیدا داوای "ئیبراهیم کوڕی سەیاری نیزام"ی کردبوو. کە زانایەکی بەناوبانگی زمان و رێزمان و رەوانبێژی سەردەمی خۆی بوو. هێندەی پێنەچوو کەسانێکی زۆر لە کۆشك ئامادە بوون. ئەمجا ناردیانە دووی کەنیزەك و خاوەنی. کەنیزەکەکە کە هات هێندە رازاو و شۆخ بوو دانیشتوان سەریان لە جوانی سوڕما. کورسیەکی زێڕینیان بۆ دانابوو. خەلیفە و یاوەرانی دانیشتبوون. کیژەکە، رووی کردە، خەلیفە و وتی:
"قوربان... بفەرموون.... با پزیشکان و ئەندازیاران و قورئان خوێن و زمان رێزمان زان و رەوانبێژان و ئەستێرەناسان و فەیلەسوفان پرسیارەکانیان بکەن"
میری موسلمانان وتی
"ئەمەوێت.... لە بارەی ئایینەوە، پرسیاری لێ بکەن، بەرپەرچی بیر و راکانی بدەنەوە"
زانایان وتیان:
"بە چاوان"
یەکێك هەستا و وتی:
"من ئەو کەسەم لە شاری بەسرەوە بانگهێشت کراوم"
کەنیزەکەکە و تی:
"فەرموو پرسیار بکە"
ئەمجا ئیبراهیم کوڕی سەیار" پرسی:
"تۆ وتووتە قورئانم خوێندووە و ئایەتەکانی پووچ کەر و پووچ کراوە دەزانم، ئایەتان و پیتەکان پێ دەزانیت"
کیژە وتی:
"بەلێ وتوومە"
کابرا پرسی:

"کەوابوو، فەرزەکان کامانەن؟ پەروەردەگارت کێیە؟ سەر بە چیت؟ و ڕۆوگەت کوێیە؟ پێشەنگت کێیە؟ براکانت کێن؟ بەرنامەت چییە؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"خوا پەروەردگارمە.... موحەممەد پێغەمبەرمە "د.خ" قورئان پێشەنگمە. کەعبە ڕۆوگەمە. موسڵمانیش برامن. ڕێگام چاکەکردن و سونەتی پێغەمبەر "د.خ" پرۆگرامە"

خەلیفە لە وەڵامەکەی سەری سوڕما چەند زمان پاراو بوو. ئەمجا پرسیەوە:

"چۆن بە خوات زانی؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"بە هۆی ژیریمەوە!"

ئەمجا پرسیەوە:

"ژیری خۆی چییە؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"ژیری دوو بەشە: بەشێکیان بەخشراوە و هەیە. بەشەکەی دی لە سروشت و دەوروبەر وەری دەگرین."

ئەمجا وتی:

"ئافەرین... وەڵامەکەت ڕاستە"

پرسییەوە:

"پێغەمبەر "د.خ" بە چی بە خوێندنی قورئان و ئایەتەکانی نێوی؟"

" بەو موعجیزانەی هەیبووە"

پرسییەوە:

"فەرزە پێویستەکان چەندن؟"

کیژە ناسکە منالکارەکە وتی:

"فەرزەکان پێنجن، شایەتمان هێنان، نوێژ کردن، زەکات دان، ڕۆژووگرتن، حەج کردن: گەر لە توانادا بوو. بوونەکان چوارن: شەو و ڕۆژ، مانگ و خۆر، کە ئەمانە دیاریکەری تەمەنن."

زاناکە وتی:

"ڕاستت وت"

ئەمجا پرسی:

"کۆڵەکەکانی ئیسلام کامەنەن؟"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......................بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٣٩

شەهرەزاد وتی: کەنیزەکەکە لە وەڵامیدا وتی:

"بڕوا بوون، نوێژ و زەکات، ڕۆژوو گرتن و حەج کردن و جیهاد کردن. دوورکەوتنەوە لە حەرام کراوەکان"

زاناکە وتیەوە:

"ڕاست دەکەیت" ئەمجا پرسی:

"بە چ نیازێکەوە، هەڵدەستیت بۆ نوێژ کردن؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"بەو نیازە کە من کۆیلەم و بەرامبەرم پەروەردگارمە"

ئەمجا پرسی:

"پێم بڵێ پەروەردگار.. چی لەسەر پێوست کردوویت پێش نوێژ کردن؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"پاك و خاوێنی، شاردنەوەی شوێنە ناسك و جوانەکان، بە کار نەهێنانی ئەو بەرگانەی بە لەشەوە دەلکێن. وەستانی بۆ نوێژ کردن، لە جێگایەکی پاك و خاوێندا. ڕوو کردنە ڕۆوگکە "قبلە" ئەمجا نیازی نوێژ دابەستن"

زاناکە وتی:

"ڕاستت کرد."

ئەمجا پرسی:

"حوکمی ئەوانە چییە کە نوێژ نەکەن؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"لە فەرموودەی "صحیح"دا هاتووە: هەر کەسێك بە ئەنقەست، نوێژ نەکات و بە بێ هۆ بێت، بەشی لە ئیسلامدا نامێنێت."

ئەمجا پرسی:

"ئەی کلیلی نوێژ چییە؟"

کیژە وتی:

"دەستنوێژ"

ئەمجا پرسی:

"ئەی کلیلی دەستنوێژ چییە؟"

وتی:

"بسم الله الرحمن الرحیم"

ئەمجا پرسی:

"ئەی کلیلی بسم الله الرحمن الرحیم؟"

وتی:

"یەقین"

پرسی:

"کلیلی یەقین"

وتی:

"پەیڕەو کردن"

پرسی:

"کلیلی پەیڕەو کردن؟"

وتی:

"دانانان بەو ڕاستیەدا کە خونا تاك وتەنیایە. هەر خۆیشی پەروەردگارە"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو....... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٤٠

شەهرەزاد وتی: کەنیزەکەکە وتی:

"پێغەمبەر "د.خ" فەرموویەتی: هەر کەسێك دوای دەستنوێژ بڵێت: "اشهد ان الااللە وحده، لاشريك لا. و اشهد ان محمد عبدەورسوله. اللهم اجعلني من التوابين. واجعلني من امتطهرين. سبحانك اللهم، و بحمدك و اشهد ان ال الة الا انت.؟ استغفرك و اتوب اليك. هەر ٨ دەرگاکەی بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە. بە ئارەزووی خۆی لە دەرگایەکیانەوە دەچێتە ژوورەوە"

زاناکە وتی:

"ڕاست دەکەیت"

ئەمجا پرسی:

"کە مرۆڤ دەستنوێژ هەڵدەگرێت، فریشتەکان چی دەکەن؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"فریشتەکان لە سەرشانی ڕاستی و شەیتانەکان لە سەر شانی چەپی کۆ دەبنەوە. پێغەمبەر فەرموویەتی: گەر بەڵایە رووی کردە موسڵمانێك دەستنوێژی نەبوو: با.. خۆی سەرزەنشتی خۆی بکات"

زاناکە وتی:

"ڕاست دەکەیت، دەم خۆش"

ئەمجا پرسی:

"هۆیەکانی "تەیەمومم" پێ بڵێ:

کەنیزەکەکە وتی:

"له ئەو هۆیانە:نەبوونی ئاو، یان پێویستی پێی بێت، ترس نەخۆشی، برین و زامداری ئەوەش کە پێویستە تێیدا بیکەین: نیاز بوون، خۆڵ، خۆڵاوی کردنی روخسار. هەر دوو دەست"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٤١

شەهرەزاد وتی: کەنیزەکەکە دیسان وتی:

"سونەتەکانی نوێژ بانگدان هەستان، بڵند کردنەوەی هەر دوو دەست، نزا کردن، وتنی "اعوذ باللة من الشیطان الرجیم". خوێندنی سورەتی فاتیحە و هیتر. وتنی "الله اکبر" لەو کاتانەدا، لە بارێکەوە خۆت دەگۆڕیتە بارێکی دی. وتنی "سمع الله من حمده" ئەمجا سڵاو دانەوە. بە دوو لای خۆتدا."

زاناکە وتی:

"راست دەکەیت"

ئەمجا پرسی:

"چ کاتێك زێڕ زەکاتی دەکەوێتە سەر؟"

وتی:

"گەر کێشی گەیشتە ٢٠ میسقاڵ ئەو کاتە نیو میسقاڵ زەکاتی دەبێت لێ بدرێت. خۆ.. ئەگەر ١٩ میسقاڵ بوو زەکاتی ناچێتە سەر"

ئەمجا زەکاتی مەڕی پرسی: کەنیزەکەکە وتی:

"هەر ٤٠ سەر مەڕ: دەبێت ١ سەر مەڕ زەکاتی لێ بدرێت."

زاناکە وتی:

"راستت کرد"

ئەمجا کە لە بارەی رۆژووە لێی پرسی: کەنیزەکەکە وتی:

"لە پێشەوە نیازبوون. خۆ گرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە. خۆ رشاندنەوە. دەبێت ژنانی بە رۆژوو عادەی مانگانە نەبن... دەبێت مانگ بینرابێت. سونەتەکانیشی: زوو بەربانگ کردنەوەیە. درەنگ لە خواردن بوونەوەی پارشێوە، دوور کەوتنەوە لە فرەبێژی و زۆر وتن. تەنیا بە قورئان خوێندن. باسی چاکە کردن نەبێت."

زاناکە وتی:

"راستە"

پرسیەوە:

"هەندێ لەوانە بڵێ کە رۆژوو بەتاڵ ناکەنەوە."

ئەویش وتی:

"چاو ڕشتن و خۆ چەور کردن. تۆزی ڕێگا، تف فووت دانەوە، سەیری ژنان کردن. کردن"
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٤٢

شەهرەزاد وتی: ئێستا باسی نوێژی مانگ و ڕۆژگیرانم بۆ بکە؛ کەنیزەکەکە وتی:

"دوو ڕکات نوێژە و بانگی بۆ نادرێت. هەر ڕکاتە دوو جار کڕنووش بۆ خوا دەبرێت. بڵند دەبێتەوە. دادەنیشێت و شایەتمان دەڵێت و سڵاو دەداتەوە."

زاناکە وتی:

"زۆر ڕاستە"

پرسی:

"ئەی نوێژی وەتر؟"

وتی:

"کەمەکەی ١ ڕکات دەکرێت. زۆرەکەشی ١ ڕکاتە."

زاناکە وتی:

"ئەمەشت ڕاست بوو."

ئەمجا پرسی:

"خەڵوەت چییە؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"سونەتە. مەرجەکانیشی ئەمانەن: نیازبوون نەچوونە دەرەوە، مەگەر بۆ پێویستییە جەستەییەکان. قسە نەکردن."

زاناکە وتی:

"زۆر ڕاستە"

ئەمجا پرسی:

"مەرجەکانی حەج کردن چین؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"باڵغ بوون ئاوەز بوون. ئیسلام بوون. توانا بوون، لە ژیانیشدا یەك جار حەج کردن پێویستە"

ئەمجا پرسی:

"کۆڵەکەکانی جیهاد چین؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"دەرکردنی کافران. بوونی پێشەنگ. بوونی پێداویستیەکانی جەنگ کردن. ورەی جەنگاوەران"

که زاناکه ئەم هەموو وەڵامە راستانەی لێ بیست بۆی دەرکەوت زۆر زیرەکە و زانایە لە ئایین و بە فەرموودەکان. لە دڵی خۆیدا وتی: کەوابوو، دەبێت فێڵی لێ بکەم. تاکو لە لای خەلیفەدا بشکێت. ئەمجا پرسی:

"ئەی کەنیزەك لە رووی زمانەوە، دەستنوێژ مانای چییە؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"لە رووی زمانەوە پاك و خاوێنی و رزگار بوون لە پیس و پۆخڵی دەگەیەنێت."

پرسی:

"ئەی نوێژ؟"کەنیزەکەکە وتی:

"نزای چاکەو پاڕانەوە"ئەمجا پرسی:

"ئەی واتای غوسڵ؟"وتی:

"خۆ پاك کردنەوە."ئەمجا پرسی:

"ئەی رۆژوو، لە رووی زمانەوە چی دەگەیەنێت؟"

ئەویش وتی:

"خۆ گرتنەوە"ئەمجا پرسی:

"ئەی زەکات؟"وتی:

"زیادە"

که زاناکه فێڵەکەشی بۆ نەچووە سەر، هەستایە سەر پێ و هاواری کرد:

"دانی پیا دەنێم.... ئەم کەنیزەکە لە خۆم زیرەکتر و زاناترە"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٤٣

شەهرەزاد وتی: کەنیزەکەکە بە ئەو شایەتییە ورەی بەرز بووەوە. پرسی:

"ئێستا منیش پرسیارێکم هەیە: بەشەکانی ئایینم بۆ بژمێرە"

زاناکە وتی:

"دە دانەن، شایەتمان، نوێژ. زەکات. پاك بوونەوە. رۆژوو. حەج. جیهاد. فەرمان بە چاکە و دوورکەوتنەوە لەخراپە. کۆڕ و جەماعەت. کە هۆگربوون پەیدا پێك دێنێت. فێربوونی زانست."

کەنیزەکەکە وتی:

"راستت کرد"

ئەمجا پرسی؛
"بنەماکانی ئیسلام چەندن؟"
وتی؛
"چوارن پەیمان بەستن، راستگۆیی مەبەست. پاراستنی سنوور. دروستی پەیمان"
کەنیزەکەکە وتی؛
"راستت کرد. دوو پرسیارت لێ دەکەم، گەر نەتزانی... لە حەقیدا داوا دەکەم لە جل و بەرگی بەرت؛ رووت بکرێیتەوە! بەرگەکانی خۆتم دەبێت بدەیتێ..! "
زاناکە وتی؛
"بپرسە..... ئەی کەنیزەك"
ئەویش پرسی؛
"لقەکانی ئیسلام چین؟"
زاناکە ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو. ئەمجا کەنیزەکەکە وتی؛
"هەر ئێستا رووت ببەوە و جلەکانتم بدەرێ. ئەمجا پێت دەڵێم...!"
خەلیفە وتی؛
"تۆ بۆمان باس بکە منیش هەر ئێستا فەرمان دەدەم بەرگەکانیت بۆ بهێنن."
کەنیزەکەکە وتی؛
"٢٢ لقن. خۆ بەستنەوە بە قورئانەوە، وەدووکەوتنی فەرموودەکانی موحەمەد "د.خ". ئازار نەدانی خەڵك. حەڵاڵ خۆری... دوورەپەرێزی لە حەرام. بەرگری لە زۆرداران. تۆبە کردن. قووڵ بوونەوە لە ئایین دا. خۆشەویستی شوێن کەوتوانی قورئان. بڕوا بوون بە پێغەمبەران. ترسان لە لادان. خۆ ئامادە کردن بۆ مردن. پتەوی یەقین. بووردەیی لە کاتی دەست رۆیشتن دا. بڕوا بە خۆ بوون لە لاوازیدا. ئارام بوون لە کاتی کێشە و بەڵاکاندا. خواناسین. زانینی فەرموودەکانی موحەمەد "د.خ". سەرپێچی لە شەیتانی نەفرەت لێکراو. بە گژاچوونەوەی نەفسی خۆت. دڵسۆزی بەرامبەری خوا.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٤٤

شەهرەزاد وتی؛ کە خەلیفە بینی زاناکە بێدەنگ بوو فەرمانی دا رووتیان کردەوە و عەمامەکەیان لەسەر داگرت. داماوە زۆر تەریق بووەوە. یەکێکی دی هەستا و پرسی؛
"ئەی کەنیزەك من چەند پرسیارێکی کەمت لێ دەکەم"
ئەمجا پرسی؛

"سەلەم چییە"

کەنیزەك وتی:

"بڕەکەی دیاری کراوە. ڕەگەزی ناسراوە. قەرزێکە بۆ ڕۆژێکی دانراو."

زاناکە وتی:

"ڕاستە"

پرسیەوە:

"ئەو پێویستیانە دەبێ لە خواردندا هەبن؟"

ئەویش وتی:

"بڕوا بوون بەوەی کە ئەو خواردن و خواردنەوەیە ڕۆزی خوایە و دەیدات بۆیە دەبێت دوای خواردن: سوپاسی خوات بکرێت!"

ئەمجا پرسی:

"سوپاسی خوا..... بۆچی؟"

وتی:

"پێ زانینە بە نیعمەتەکانی خوا"

وتی:

"ڕاستە"

پرسییەوە:

"سونەتەکانی چین؟"

کەنیزەك وتی:

"دەست شتن، بسم الله کردن لە خواردن. دانیشتن. بە سێ پەنجە خواردن."

کابرا وتی:

"ڕاستت کرد"

ئەمجا پرسی:

"ئەی ڕێوڕەسمەکانی خواردن چین؟"

کیژە وتی:

"پارووی گچکە بخۆین. کەمتر سەیری دانیشتوانی سەر سفرە بکەین."

زاناکە وتی:

"ئەمەش ڕاستە."

پرسییەوە:

"ئەی عەقیدەکانی دڵ و دژەکانی؟"

وتی:

"سێ شتە، دژەکانیشی سیانە! عەقیدەی ئیمانە، پێچەوانەکەشی، تێکەڵی کافرانە. بەجێ هێنانی سونەتە، پێچەوانەکەشی داهێنانی بیدعەیە. سێیەمیان عەقیدەی پەیڕەوە، پێچەوانەکەشی، ملهوڕیە."

ئەمجا پرسی:
"ئەی کام سێیانەیە کە سێ نیعمەتت لە دەست دەدەن؟"
کەنیزەکەکە وتی:
"لە "سفيان الثوري" یان گێڕاوەتەوە، وتویەتی: گاڵتە کردن بە پیاوانیبۆ خوا سوڵحاو ئەو دینات لە دەست دەدات. سوکایەتی کردن بە پاشایان گیانت لە ناو دەبات! سوکایەتی کردن بە ئەڤەڤەڤە، سامانت لەناو دەبات."
ئەمجا زاناکەی دی پرسی:
"ئێستا پێمان بڵێ: شت و نیوە شت و هیچ چین؟"
کەنیزەکەکە وتی:
"شت کەسی بڕوادارە بە خوا، نیوەشت :دووڕووەکانە ، کافرانیش هیچن...! دڵی زانایانیش سێ جۆرە: دڵێك پابەند بە دنیایە.. دڵێك پابەند بە ڕۆژی زیندووبوونەوەیە: دڵێکە پابەند بە گەورەکانە. هەروەها وتراوە : سێ جۆر دڵ هەیە: دڵێك هەڵپەسێراوە کە هی کافرانە. دڵێك هەر ئەماوە ئەویش دڵی دوو ڕووانە! دڵیش هەیە تۆکمە و چەسپاوە کە دڵی بڕوادارانە."
زاناکە وتی:
"ڕاستە."
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو..... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٤٥

شەهرەزاد وتی: کەنیزەکەکە وتی:
"ئەی میری موسڵمانان، ئەم کابرایە، هێندەی پرسی.... ماندووی کردم، بەڵام من ٢ پرسیای لێ دەکەم. گەر وەڵامەکانی ڕاست بوو، ئەوا باشتر گەر نەیزانی ئەوا ئەمیش ڕووت دەکەینەوە...!"
زاناکە وتی:
"فەرموو بە ئارەزووی خۆت پرسیار بکە"
کەنیزەکەکە وتی:
"بڕوا بوون.... چییە؟"
زاناکە وتی:
"دان پیانان بە زمان ڕاستگۆ بوونیش لە مێشکدا. پێغەمبەر "د.خ" فەرموویەتی:
"بڕوا بوون ناخەملێ تاکو ٥ سیفەت نەبێت: پەنا گرتن بە یەزادان. خۆدانە دەست خوا. جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی خوا. ڕازی بوون بە قەزا و قەدەری خوا. کارکردنمان لە

پێناوی خوادا بێت. گەر خۆشەویستی و بەخشندەیی بۆ خوا بوو. ئەوا بڕوا بوون بەخوا لە ناخدا دروست دەبێت."

کچە پرسییەوە:

"ئەی فەرزی فەرز چییە!؟ سەرەتای هەر فەرزێك چی فەرزە؟ هەر فەرزێك چ فەرزێکی پێویستە؟ فەرزە: فەرزە چەند بخایەنێت؟"

زاناکە زمانی بەسترا و هیچی بۆ نەوترا...! بۆیە خەلیفە فەرمانی دا..... بەرگەکانی بەریان لەبەر داکەند و رووتیان کردەوە...! ئەمجا کەنیزەکەکە وتی:

"ئەی زانا: پێویستی پێویست خواناسینە. پێویستی سەرەتای پێویست بوون شایەتمانە. پێویست بوون بە پێویست: دەستنوێژە چەند خایەنی پێویست بوون: "غوسڵ"ە. پێویست بوونی ناو پێویست: نینۆك کردن و ریش کورت کردنەوەیە."

ئەمجا زاناکە هەستایە سەر پێ و بە دەنگی بڵند هاواری کرد:

"دانی پێدا دەنێم ئەم کەنیزەکە لە من زاناترە لە زانستەکاندا."

بە تووڕە بوونەوە، بە رووتی لێیدا و رۆیشت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو....... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٤٦

شەهرەزاد وتی: کەنیزەکەکە چاوی گێڕا، پرسی:

"کێ ٧ جۆرە "تەجوید"ەکە دەزانێت؟"

یەکێك هەستا. ئەمجا پرسی:

"تۆ خوێندنەوەکانی قورئان دەزانیت؟ ئاگاداری "عوشر" و "ئایەتەکان" هەیت؟"

وتی:

"بەڵێ"

ئەمجا کیژەکە وتی:

"فەرموو بپرسە....!"

زاناکە پرسی:

"قورئان چەند سورەتە؟ چەند "عوشرە"؟ چەند ئایەتە؟ چەند پیتە؟ چەند کڕنووشی تێدایە؟ ناوی چەند پێغەمبەری تێدا هاتووە؟ چەندی "مەدەنی"یە و چەندی "مەکی"یە؟"

کەنیزەکەکە وەڵامی دایەوە:

"قوربان قورئان ١١٤ ئایەتە. ٧٠یان مەکین، ٤٤ یان مەدەنین. عوشرەکان ٦٢١ن. ٦٢٣٦ ئایەتە. وشەکانی ٧٩٤٣٩ وشەن. پیتەکانیشی ٥٣٢٣٦٧٠. ١٤ کڕنووشی تێدایە. ناوی ٢٥ پێغەمبەری تێدا هاتووە. کە ئەمانەن "ئادەم، نوح، ئیبراهیم، ئیسماعیل، ئیسحاق، یەعقوب، یوسف، یسع، یونس،

لوت، صالح، هود، شوعەیب، داود. سولەیمان، ذولکفل، ئیدریس ، ئەلیاس. یەحیا، زەکەریا، ئەیوب، موسا، هارون، عیسا، محەمەد سلاوی خوایان لێ بێت، ناوی ٩ باڵندەشی تیایە."

زاناکە پرسی:

"بیان ژمێرە"

کەنیزەکەکە وتی:

"کێچ، هەنگ، مێش، مێرولە، هود هود، قەلەڕەش، کوللە، پەڕەسێلکە، شەمشەمەکوێرە"

زاناکە وتی:

"راست دەکەیت"

دیسان پرسی:

"پەسەندیدەترین سورەتەکانی قورئان بڵێ"

کەنیزەکەکە وتی:

"سورەتی "بقره".

ئەی کام ئایەت پەسەندیدە ترینە؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"ئایە الکرسی کە ٥٠ وشەیە و خێردارن."

زاناکە پرسییەوە:

"ئەی کام ئایەت ٩ بەڵگەی تیایە؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"ان فی خلق السماوات والارض و اختلاف الیل و النهار، والفلك التي تجري في البحر بما ینفع الناس" تاکۆ کۆتایی ئایەتەکە."

ئەمجا پرسی:

"ئەی پەروەردگار کام ئایەتەی بۆ خۆی وتووە؟"

لە وەڵامدا وتی:

"وما خلقت الجن و الانس، الالیعبدون"

ئەی کام ئایەت قسەی فریشتەکانە؟

وتی:

"و نحن سبح و بحمدك و نقدس لك"

ئەمجا زاناکە وتی:

"لە "ئەبن العباس"ی دەگێڕنەوە "خوای لێ رازی بێت" فەرموویەتی: جوبرەئیل یەکەمجار "استعاذە"ی فێری محەمەد "د.خ" کردووە. پێی فەرمووە ئەی محەمەد بڵێ: "اعوذ بالله اسمیع العلیم" دواتر بڵێ: "بسم الله الرحمن الرحیم" دواتر "اقرا باسم ربك..."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٤٤٧

شـەهرەزاد وتـی: کـە کـابرای قورئـان خوێنـد ئەمانـەی بیسـت سـەری لـە کەنیزەکەکـە سوڕما..!. ئەمجا پرسی:

"ئەی کەنیزەك بەرامبەر "بسم الله الرحمن الرحیم" چی دەڵێیت؟ ئاخۆ.... ئایەتە؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"بەڵێ ئایەتە لە سورەتی "نمل"دا هاتووە. لە نێوان سورەتەکانیشدا هەیە. بەڵام هەموو زانایان لە سەری کۆك نین."

ئەمجا پرسی:

"ئەی بۆچی لە سەرەتای سورەتی "براە"دا نییە؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"لە کاتی شکاندنی پـەیمان نێوان پێغەمبـەر "د.خ" و موشـریکەکاندا ، پێغەمبـەر "د.خ" "عـەلی کـوڕی ئـەبو تالـب"ی نـارد، تـاکو ئـەو ئایەتـەیان بـۆ بخوێنێتـەوە. ئـەویش کـە بـۆی خوێندنــەوە: بسـم اللـە الـرحمن الـرحیم"ەکـەی نەخوێنــدەوە. لـە پێغەمبــەریان "د.خ" گێڕاوەتـەوە فەرموویـەتی: ڕۆژی زینـدوو بوونـەوە پیاوێـك دەبەنـە بـەر لێکۆڵینـەوە سـەیر دەکـەن... هـیچ چاکەیەکی لـەدنیادا نـەکردووە!! بۆیـە فـەرمانی بـۆ دەردەچـێت بخرێتـە دۆزەخەوە، بەندەکەش سەر دادەخات و دەڵێت:

"ئەی پەروەردگار دادوەر نەبوون بەرامبەرم...!"

خوایش دەپرسێت چۆن؟

بەندەش دەڵێت:

"ئێوە خۆتان بە "رحمن" و "رحیم" وەسف کردووە،"

خوایش فەرموویەتی :

"وایە، رحمن و ڕەحیمم. کەوابوو ئەو پیاوە بنێرن بۆ بەهەشت."

زاناکە وتی:

"ڕاست دەکەیت."

ئەمجا پرسی:

"بسم الله الرحمن الرحیم چۆن بەکار دەبرێت؟"

کەنیزەك وتی:

"لـە سـەرەتادا قورئـان هاتـە خـوارەوە. لـە سـەرەتایدا دەنووسـرا "یاسمـك اللهم" کـە خـوا ئەمـەی نـاردە خـوار " ادوعـواللا او الـدعوا الـرحمن ایـا ماتـدعوا فلـە الاسمـا الحسـنی" ئـەمجا گۆڕیان و کردیانە : باسم الله الرحمن. کە "الهکم الـە واحـد الاهـو الـرحمن الـرحیم" کردیانـە "بسم الله الرحمن الرحیم"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٤٤٨

شەهرەزاد وتی: کە قورئان خوێند ئەمەی بیست. سەری داخست. لە دڵی خۆیدا وتی:

"زۆر زۆرم پێ سەیرە!! سەیر: چۆن باسی ئەم "بسم الله"یەی کرد!؟ بەو خوایە: مەگەر بەفرِ و فێڵ لێی ببەمەوە و تێ بکەوێت!"

ئەمجا پرسی:

"باشە قورئان بە یەکجار هاتە خوار؟ یان بەش بەش؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"خوای گەورە بە هۆی "جوبرەئیل"ەوە، لە ماوەی ٢٠ ساڵدا ناردیە خوارەوە. بەش بەش بوو. بە گوێرەی رووداوەکانی رۆژ بوو"

کابرا وتی:

"راست دەکەیت"

ئەمجا پرسی:

"یەکەم سورەت کامە بوو؟ کە بۆ پێغەمبەر "د.خ" هاتووە؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"بە گوێرەی قسەی "ابن العباس" سورەتی "الفلق" بووە. جابری کوری عەبدولایش وتویەتی: سورەتی "اعدپر" بووە."

ئەمجا پرسی:

"ئەی دوایەمین ئایەت کامە بووە؟"

کیژەش وتی:

"دەڵێن سورەتی "اذا جا نصرالله... الخ" بووە."

قورئان خوێند وتی:

"چاکت وت"

پرسییەوە:

"ئەوانە کێ بوون لە سەردەمی پێغەمبەردا قورئانیان کۆ کردەوە؟"

ئەویش وتی:

"چوار بوون: ابی بن کعب، زید بن ثابت، ئەبو عبیدە عامر بن الجراح، عوسمان کوری عەفان، خوا لێیان رازی بێت"

ئەمجا پرسی:

"مەبەست چییە لەم ئایەتە : "واتخذالله ابراهیم خلیلا"؟

کەنیزەکە وتی:

"مەبەست لە "خلیل" هەژارە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو....... بێدەنگ بوو.

# شەوی ٤٤٩

شەهرەزاد وتی: کابرای قورئان خوێن و زانا، لە نێو کۆڕەکەدا هەستایە سەر پێ و وتی:

"بە ڕاستی دانی پیا دەنێم ئەم ژنە لە خۆم زانا و زیرەك ترە....."

ئەمجا کەنیزەکەکە وتی:

"بەڵام من یەك پرسیارت لێ دەکەم، گەر زانیت، ئەوا رزگار دەبێت، گەر نەتزانی تۆش وەکو ئەوانی تر رووت دەکرێیتەوە.!"

ئەمجا پرسیارەکەی کرد:

"چی دەزانیت لەو ئایەتەی ٢٣ پیتی "ك"ی تیایە!؟ یان ئەوەی ١٦ پیتی "م"ی تیایە؟ یان ئەوەی ١٤٠ پیتی "ع"ی تیایە؟"

زاناکە بێدەنگ بوو. کەنیزەکەکە وتی:

"ئێستا ئەمیش رووت بکەنەوە."

دەست بە جێ رووتیان کردەوە.....! ئەمجا رووی کردە خەلیفە و وتی:

"ئەو ئایەتەی ١٦ پیتی "م"، تیایە لە سورەتی "هود"ایە دەفەرموێت: "قیل یا نوح اهبط بسلام منا و برکاته" ئەو ئایەتەش کە ٢٣ "کاف" تیایە، لە سورەتی "بقره" دایە. کە ئایەتی قەرزدانەوەیە. "یا ایها الذین امنوا اذا تداینتم بدین..الخ" ئەو ئایەتەش ١٤٠ پیتی "ع"ی تیایە لە سورەتی "اعراف" دایە: "واختار موسی قومه سجین رجلا لمیقاتنا.. الخ" کە ٧٠ پیاوە و هەر پیاوە و دوو "عەین"ی واتە "چاوی هەیە."

ئەمجا پزیشك هاتە پێشەوە وتی:

"ئێستا پرسیارەکانی ئایین کۆتا بوو، کاتی زانستی لەشە، هەواڵم لە بارەی مرۆڤەوە پێ بڵێ، دروست بوونی چۆنە؟ چەند دەمار لە لەشدا هەیە؟ چەند ئێسکی هەیە؟ بڕەی پشتی چەند پارچەیە؟ بۆ ناونراوە ئادەم؟"

کەنیزەك وتی:

"چونکە مەیلە و بۆر بووە، ناو نراوە ئادەم یان لەبەر ئەوەی لە رووی دەرەوەی گڵی زەوی دروست کراوە!! سنگی لە گڵی کەعبە دروست کراوە. سەری لە گڵی رۆژهەڵاتییە... دوو لنگیشی لە زەوی "مەغرب" دروست کراوە. ٧ دەرگای بە سەردا کردووەتەوە، ئەوانەش دوو چاو، دوو گوێ، دوو کونە لوت، هەروەها دەم. دوو چاو بۆ بینین. دوو گوێ بۆ بیستن. دوو کونە لووت بۆ بۆن کردن. دەمیش بۆ چێشتن. زمانیش بۆ قسە کردن. مرۆڤ لە چوار شت دروست کراوە. خۆڵ و ئاو و با و هەوا. زەرد تەبعی ئاگرە، "گەرم و وشك"ە. رەش تەبعی گڵ کە "سارد و وشکە" تەبعی ئاو کە "سارد و شێدار و خوێچناویە" تەبعی هەوا یش گەرم و شێدارە. مرۆڤ ٨٦٠ دەماری هەیە. مرۆڤ ٢٤٠ ئێسکی هەیە. دڵیش لای چەپی سنگی مرۆڤە. ئەمجا هەر دوو سییەکەی و لێ گەدەی بە قەفەزە ئێسکی سنگە دەورە دراوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٥٠

شەهرەزاد وتی: پزیشکەکە وتی:

"راست دەکەیت"

پرسییەوە:

"ئێسکە پەیکەری مرۆڤ چەندە؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"لە ٢٤٠ ئێسك پێك هاتووە. دەکرێن بە سێ بەشەوە. سەر، قەد، چوارپەل. سەریش لە جومجومەو روو پێك هاتووە. جومجومەیش لە ٨ ئێسك پێك هاتووە. ٤ پارچە ئێسکی گوێیەکانی دەچێتە سەر. لە سەریش دا شەویلاگی سەر و خوارو هەیە. سەرووەکەیان ١١ ئێسکە. خوارووەکەشیان ١ ئێسکە. دانەکانی دەبێت بخرێتە سەر، کە ٣٢ ئێسکە دانە. لە لەش دا. گەدەیەك و دوو گورچیلە. دڵێك کە کۆڵەکەی لەشە. گەر دڵ ساغ بوو، ئەوە جەستە و لەشیش بێ گرێ و گۆڵ دەبێت. گەر دڵ خراپ بوو ئەوا لەشیش تێك دەچێت. پزیشکی زیرەك بە هۆی گرتنی جۆری لێدانی دڵ دەتوانێت... ساغی و ناساغی لەش پێ بزانێت. بەهۆی شێوەی رووخسارەوە هەندێ جار نەخۆشیەکان لە جەستەدا دەردەکەون. وەکو : زەردبوونی سپێنەی چاو، وەکو نەخۆشی "زەردوویی" یان نەخۆشی "سیل"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٥١

شەهرەزاد وتی: ئەمجا زاناکە وتی:

"راستت کرد"

ئەی نیشانە ناوەکیەکانی نەخۆشیەکان چین؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"شەش یاسای هەیە: لە جووڵەی نەخۆشی دووەم، لە دەرهاویشەکانی لەشەوە. سێیەم، ئازارەکانی نەخۆش. چوارەم، شوێنی نەخۆشیەکە. پێنجەم بە هۆی دوومەڵ و ئاوساندن. شەشەم بە هۆی دیاردەکانیەوە."

ئەمجا وتی:

"پێمان بڵێ چۆن سەر ئێشە دروست دەبێت"

کەنیزەکەکە وتی:

"لەکاتێکدا، کە دوای نان خواردن، جارێکی دی نان بخورێتەوە. دوای تێر بوون نان بخۆیتەوە. کەسێك بیەوێت زۆرتر بمێنێتەوە و درەنگ تر بمرێت ئەوا دەبێت گەدەی بکاتە سێ بەش بەشێکی بۆ خواردن، بەشێکی دی گەدەی بۆ ئاو، بەشی سێیەمی با چۆڵ بێت و بای

تێ بچێت. کە مرۆڤ بە رێدا دەڕوات دەبێت، خێرا نەڕوات و شێنەیی بێت. ئەوەتا لەقورئاندا هاتووە،

"ولا تمش في الارض مرحا".

زاناى پزیشك وتی،

"راست دەکەیت"

ئەمجا وتی،

"نیشانەکانی زەردوویی چییە؟"

کەنیزەکەکە وتی،

"ئەو زەردووییە نەخۆشی رەنگ زەرد و دەم تاڵ دەکات. دەم وشك بوون. کەم بوونەوەی حەزی خواردن. زۆر بوونی لێدانی دل."

زاناکە وتی،

"ئافەرین"

ئەمجا پرسی،

" پزیشکی دەکرێتە چەند بەشەوە؟"

کەنیزەکەکە وتی،

"دوو بەش، زانستی جەستەی نەخۆش.... زانستی گەڕاندنەوەی دروستی بۆ لەش."

ئەمجا پرسی،

"باشترین کاتی بەکارهێنانی دەرمان؟"

کەنیزەکەکە لەوەڵامدا وتی،

"گەر دلۆپەکانی ئاو قەتارەیان لە سەر لقی دار بەست، کاتی دەرمان خواردنەوەیە."

ئەمجا پرسیەوە،

"چ کاتێ..... خواردنەوەی باشتر و بەچێژترە؟"

کەنیزەکەکە وتی،

"گەر سەعاتێك لە سەری بوەستێت. ئەمجا تام و چێژی خواردن پەیدا دەبێت. ئەوەتا شاعیرێك وتویەتی،

خێرا دوای خواردن مەخۆرەوە ئاو نەخۆشی دێنێ بۆ لەشت شاڵاو

سەعاتێ ئارام بگرە، کە تێر بوویت تینوێتیت دەشکێ و پێی دەگەی تەواو

ئەمجا زاناکە لە کەنیزەکەی پرسی،

"کام خواردن نابێتە هۆی نەخۆشی بوون؟"

کەنیزەکەە وتی،

"ئەو خواردنەی دوای برسی بوون دەخورێت. جالێنوس وتویەتی، ئەویە دەخوات... با پەلەی تێدا نەکات" پێغەمبەر "د.خ" فەرموویەتی، " گەدە، بۆ نەخۆشیان... پارستنی باشترین دەرمانە"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٥٢

شەهرەزاد وتی: ئەمجا زاناکە وتی:

"لە باریە گەرماوەوە چی دەڵێیت؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"دوبێت مرۆڤی زۆر تێری تێ نەچێت. پێغەمبەر "د.خ" فەرمویەتی: شوێنێکی چاکە، چونکە جەستەی تێدا پاك دەبێتەوە... دۆزەخیشی تێدا بیر دەکەوێتەوە..!"

ئەمجا پرسی:

"کام گەرماو باشە؟"

ئەویش وتی:

"ئەو گەرماوەی ئاوەکەی سازگارە... ناویشی فراوانە هەواکەشی بێگەردە... گەرماوی هاوینەو پاییزە و زستانە و بەهارەی هەبێت"

زاناکە پرسی:

"باشترین خواردن کامەیە؟"

وتی:

"ئەو خواردنەیە ژن دەیکات. بە ئاسوودەیی دەخورێت. گەر شۆربای "تێوڵە" بێت باشترە."

ئەمجا وتی:

"ئەی خواردنەوەی ئاو؟"

وتی، کەنیزەکەکە وتی:

"پەلە نەکردن...... نە خواردنەوەی دوای لە گەرماو هاتنە دەرەوە. لە کاتی لە خەو هەستانیشدا: نەخورێتەوە."

ئەویش وتی:

"دەمت خۆش."

ئەی لە بارەی مەی خواردنەوەوە؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"خوا فەرموویەتی:

"یسالونك عن الخمر و المیسر. قل فیهما اثم کبیر و منافع للناس و اثمها اکبر من نفعها"

ئەرێ مەی خۆرە کەی شەرم دەکەی      بە حەرامی خوا سەرگەرم دەکەی

باش بوایە خودای لێ توند نەدەبوو      تەرکت دا: ئەوا سەروەرم دەکەی

سودەکانیشی: بەری گورچیلە ناهێڵێت. گەدە بە توانا دەکات. خەم لا دەبات. مرۆڤ دەستبڵاو دەکات. تەندروستی دەپارێزێت. یارمەتی هەرس کردن دەدات. لەش ساغ دەکات. دڵیش خۆش دەکات. روو گەش دەکات. سەر سپی بوون دواتر دەخات"

ئەمجا وتی:

"راست دەکەیت"

پرسییەوە:

"ئەی کەڵەشاخ گرتن؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"گرتنی خوێنی سەر بە کەڵە شاخ... بۆ حەوانەوەی مێشك و بەهێز بوونی بینینی چاو زۆر باشە. وتراوە لە ١٧ مانگدا... گەر بەر "سێشەمە"ش بکەوێت... کەڵەشاخ بگیرێت بە سوودترە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو....... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٥٣

شەهرەزاد وتی: حەکیمەکە وتی:

"باشترین کات بۆ خوێن گرتن بە کەڵەشاخ؟"

کەنیزەکەکە لە وەڵامدا وتی:

"بە ناشتایی بکرێت. پێغەمبەر "د.خ" کە پرسی سەریەشەو پێ ئێشەیان پێ کردبێت: فەرموویەتی: بچۆ کەڵەشاخ بگرە. دواتر با خواردنەکەت سوێر نەبێت. یان ترش نەبێت."

ئەمجا زاناکە پرسی:

"لە چ کاتێکدا کەڵەشاخ ناگیرێت؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"ڕۆژانی شەموان و چوارشەموان. لەو ڕۆژانەدا کەڵەشاختان گرت: ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی خۆتاندایە."

ئەمجا پرسی:

"ئەوە چییە گەر بەند بکرێت دەژی و گەر با هەڵمژێت: دەمرێت؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"ماسییە"

ئەمجا زاناکە بێدەنگ بوو، بۆیە کەنیزەکەکە رووی کردە خەلیفە و وتی:

"قوربان... ئەم پیاوە هێندەی پرسیار کرد، ماندووی کردم...! ئێستاش من یەك پرسیاری لێ دەکەم....گەر نەیزانی بەرگەکانی بەری لێ دەسەندم."

خەلیفەش وتی:

"پرسیاری لێ بکە: ئازادیت"

کەنیزەك پرسی:

"ئەوە چییە وەکو زەوی خڕە، بێ نرخ و قەدرە، بەستراوەیە و دز نییە، ئاو زۆر دەخواتەوە جاری وایش هەیە بێ تاوانە و لێی دەدرێت، دوای بڵاوە پێکردن کۆ دەبێتەوە.

سکپڕە و کوڕیش لە سکیدا نییە. پیس دەبێت و پاك دەبێتەوە. نوێژ دەکات تێك دەچێت. گازی لێ بگیرێت ناڤیژێنیت. لە لێوار و قەراخدا نیشتەجێیە؟"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٥٤

شەهرەزاد وتی: زاناکە بێدەنگ بوو.... ! ماوەیەکی باش متەقی لێوە نەهات. رەنگی تێك چوو. سەری داخست. ئەمجا کەنیزەکەکە هاواری کرد:

"دەی پزیشك و زانا قسە بکە، دەنا رووتت دەکەمەوە."

ئەمجا زاناکە هەستایە سەر پێ و هاواری کرد:

"ئەی میری موسڵمانان دانی پیا دەنێم ئەم کەنیزەکە، لە من زاناترە لە پزیشکی دا. ئیدی من توانام بە سەریدا ناشکێت"

ئەمجا خەلیفە رووی کردە کەنیزەکەکە:

"ئێستا وەڵامی پرسیارەکەتمان پێ بڵێ"

فەرمانیشی دا لەبەر چاوی دانیشتوان زاناکەیان رووت کردەوە و بەرگەکانیان لێ سەند. ئەویش بە تەریقیەوە لە کۆڕەکە چووە دەرەوە. کەنیزەکەکە وتی:

"ئەوە "الزر و العروە"یە.

ئەجا رووی کردەوە دانیشتوان پرسی:

"کامتان ئەستێرەناسن: بێنە پێشەوە"

ئەستێرەناسێك چووە بەردەمی. کە کەنیزەکەکە بینی دەستی کردە پێکەنین. ئەمجا پرسی:

"تۆ ئەستێرەناسی؟"

ئەویش وتی:

"بەڵێ"

ئەمیش وتی:

"بپرسە... پشت بە خوا وەڵامت دەدەمەوە."

زاناکە وتی:

"باسی خۆر و هەڵهاتنی و ئاوابوونیمان بۆ بکە"

ئەویش وتی:

"خۆر لە کانێکەوە هەڵدێت و لە کانێکەوە ئاوا دەبێت پێی دەوترێت خۆرئاوا. کە ١٨٠ بەشن. خوا فەرموویەتی "فلا اقسم برب المشارق و المغارب" هەروەها فەرموویەتی: "هوالذي جعل الشخي ضيا و القمر نورا و قدرة منازل لتعلموا عدد السنين و الحساب" مانگ سوڵتانی شەوە. خۆریش سوڵتانی رۆژە. هەمیشە بە دوای یەکەوەن. خوا دەفەرموێت:

"لا الشمس ينبغي لها ان تدرك القمر و لا الليل سابق النهار و كل في فلك يسبحون"

ئەمجا زاناکە لە کەنیزەکەکەی پرسی:

"پێم بڵێ: کە شەو داهات ڕۆژ چۆنە؟ کە ڕۆژ بووەوە شەو چۆنە؟"

ئەوش وتی:

"يولج الليل في نهار و يولج النهار في الليل"

ئەمجا ئەستێرەناسەکە پرسی:

"شوێنەکانی مانگ کامانەن؟"

کیژەکە وتی:

"٢٨ شوێنن: سەرەتان، بوتەین، سورەیا، دوبران، هەقعەتە، هەنعەتـە، زراع، نەسـرە، تـەرف، جەبهە، زوبرە، سیرفە، عەوا، سەماك، غوفر، زبانیـا، ئیکلیـل، قـەلب، شـەولە، نـەعائیم، بەلدە، سەعد الذاج، سەعد بلع، سەعد السعود، سەعد الاخبیە، فرغ المقدم، فرغ الموخر، الرشا، کە لـە سەر ڕێسای "ابجد... هوز... " ڕێکخراون.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٥٥

شەهرەزاد وتی: ئەستێرەناس وتی:

"ڕاستت وت:

ئێستا باسـی ئەسـتێرە گەڕۆکـەکانمان بـۆ بکـە. تـەبعیان چۆنە؟ چـەند لـە بورجەکانیانـدا دەمێننەوە؟ کام لەو بورجانە بەختیاری بەخشن؟ کامەشیان شوومن؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"هەر چەند ماوەی ئەو هەمووە نییە بەڵام شـتێکی لـێ بـاس دەکـەم. ٧ ئەسـتێرە هـەن :" خۆر، مانگ، عەتارد، زوهرە، مەریخ، موشتەری، زوحـەل"خـۆر وشـك و گەرمـە. شـوومە و لـە بروجی خۆیـدا ٣٠ ڕۆژ دەمێنێتـەوە.مـانگ سـارد و شـێدارە. بەختـەوەرە لـە بـورجی خۆیـدا ٢ لەسەر یەك سێیەمی ڕۆژ دەمێنێتەوە. عـەتارد بەختـەوەرە و شومیشـە لـە هـەر بورجێکـدا ١٧ لەسەر یەك دووەمی ڕۆژ دەمێنێتەوە. زوهرە: مـام ناوەنـدە بەختـەروە لـە هـەر بورجێکـدا ٢٥ ڕۆژ دەمێنێتەوە. مەریخ شوومە لە هەر بورجێکدا ١٠ مانگ دەمێنێتەوە. موشـتەریش بـەخت هێنـە و لـە هـەر بورجێکـدا ٣٠ مـانگ دەمێنێتـەوە. خـۆر بەیتەکـەی "شـێر"ە شـەرەفەکەی "کاوڕ"ە. تێخزانی "دەلو"ە. مانگ ؛ ماڵە بە سەر سـەرتانەوە شـەرەفەکەی گایـە، خزانەکەشـی "دووپشك"ە. زوحەل ماڵە بە سەر"جدی" سەتڵ" شەرەفەکەی تـەرازووە. ئـەمجا ڕووی کـردە دانیشـتوان و وتـی: ئیـدی کۆتـا بــە قسـەکانم دێـنم، بـا.... دانیشـتووە بـەرێزەکان سـەر ئەنێشێنم...!"

که ئەستێرەناس ئەم زانیاریانەی بیست، بۆی دەرکەوت که به راستی زانایە بە ئەستێرە ناسی. بۆیە لە دڵی خۆیدا بریاری دا.... کە پرسیاری گرانی لێ بکات. تا رووزەردی لای خەلیفەی بکات. بۆیە پرسی:

"ئەی کەنیزەك، ئەم مانگە باران دەبارێت؟"

کەنیزەکەکە سەری داخست و ماوەیەك بە بێ دەنگی بیری کردەوە.... کار گەیشتە ئەوێە کە خەلیفەش وا تێگەیشت: وەڵامەکەی بۆ نادرێتەوە!! ئەستێرەناس بە دەنگی بڵند خوڕی:

"بۆ وەڵام نادەیتەوە؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"تا خەلیفە رێم پێ نەدات وەڵام نادەمەوە!!"

خەلیفە رووی کردە کەنیزەك وتی:

"چیت دەوێت لە من؟"

کەنیزەك وتی:

"دەمەوێت شمشێرێکم بدەیتێ، تاکو لە سەری ئەم پیاوەی بدەم. چونکە "زندیقه"!!"

ئەمجا هەڵیدایە:

"ئەی ئەستێرەناس ٥ شت هەن: خوا نەبێت کەس نایان زانێت. خوای گەورە دەفەرموێت:

"ان اللة عندة علم الساعة و ينزل الغيث و يعلم ما في الارحام و ما تدري نفس ماذا تكسب غدا و مانذري نفس باي ارذ تموت. ان اللة عليم خبير"

ئەستێرەناس وتی:

"راست دەکەیت: بەو خوایە، منیش ویستم تاقیت بکەمەوە.... مەبەستی دیم نەبوو"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو....... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٥٦

شەهرەزاد وتی: کەنیزەکەکە وتی:

"سێ شەمە، سەر بەمەریخە، لەو رۆژەدا گەورە پیاوان دەمرن. تیاچوون و مردن زۆر دەبێت. خوێنی زۆر دەرژێت. گەنم گران دەبێت..... بێ بارانی روو دەدات. گەرێکی زۆر تیا دەتۆپێت!!"

ئەمجا زاناکە پرسی:

"ئەی رۆژانی چوارشەموان؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"ئەستێرەی "عەتارد" سەر بەو ڕۆژەیە. تێیدا کەم بارانی دەبێت. زیندەوەران زۆربەیان دەمرن. کشتوکاڵ لەو ڕۆژەدا باری خراپ دەبێت، هەوەرە بروسکە زۆر دەبێت. کەتان، لۆکە زۆر دەبێت."

زاناکە وتی:

"ڕاستت کرد"

ئەمجا پرسی:

"ئەی پێنج شەموان؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"موشتەری سەر بە پێنج شەمەیە.... دادوەری لە نێوان وەزیراندا هەیە دروستی قازیانە، لە کارەکەیاندا. خێر و چاکە زۆر دەبێت. بارانی زۆر و بەروبوومی فرە و رەزی میوەکان بە بەردەبن. کونجی و لۆکە هەرزان دەبێت. ترێ زۆر دەبێت. والله اعلم"

ئەمجا پرسی:

"ئەی ڕۆژی هەینی؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"ئەستێرەی "زوهـرە" سەر بەم ڕۆژەیە، تێیدا شەونمی سەرگەڵاکان زۆر دەبن. پایزەکەیشی خۆش دەبێت. گەندەڵی زۆر دەبێت. ترێی ئەو ساڵە بێ کەڵك و هەنگوین گران دەبێت. والله اعلم."

ئەمجا ئەستێرەناس پرسی:

"ئەی شەموان؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"شەموان سەر بە ئەستێرەی "زوحەل"ە. لەو ڕۆژەدا گرانی و نەبوونی دەکەوێتەوە. ئاسمان بە هەور دەبێت. مردن زۆر دەبێت. هاوار بە ماڵم بۆ دانیشتوانی "میسر" و "شام" بۆ زۆرداری سوڵتانەکانیان. ڕۆزییان بێ بەرەکەت و گەنمیان پووچەڵ دەبێت. والله اعلم.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٥٧

شەهرەزاد وتی: ئەستێرەناس سەری داخست. ئەمجا کەنیزەکەکە هەڵەکەی قۆستەوە و وتی:

"ئەی ئەستێرەناس، منیش یەك پرسیارت لێ دەکەم گەر نەتزانی.... بەرگەکەی بەرتم دەوێت."

کابرا وتی:

"فەرموو......بپرسە"

پرسی:

"شوێنی "زوحەل" لە کوێدایە؟ "
ئەستێرەناس لە وەڵامدا وتی:
"لە ئاسمانی حەوتەمدایە!"
ئەمجا پرسی:
"ئەی مشتەری؟"
کابرا وتی:
"لە ئاسمانی چوارەم دایە!"
ئەمجا کەنیزەك پرسی:
"ئەی ئەستێرەی "زوهرە"؟"
کابرا و تی:
"لە ئاسمانی سێیەمدایە."
ئەمجا پرسی:
"ئەی عەتارد؟"
کابرا وتی:
"لە ئاسمانی دووەمدایە"
ئەمجا پرسی:
"ئەی مانگ؟"
ئەویش وتی:
"لە ئاسمانی یەکەمدایە"
ئەمجا کەنیزەکەکە پرسی:
"ئەستێرەکان دەکرێنە چەند بەشەوە؟"
ئەستێرەناس بێدەنگ بوو..... هیچی بۆ نەوترا...! ئەمجا کەنیزەکەکە فەرمانی دا:
"دەی.... بەرگەکانی بەرت دابکەنە."
ناچار کابراش بەرگەکانی بەری داکەند. ئەمجا میری موسڵمانان وتی:
"ئەمەی داوییشمان بۆ شی بکەرەوە."
کەنیزەکەکە وتی:
"دەبێتە سێ بەشەوە. بەشێکیان بە ئاسمانی دنیاوەن وەکو چرای داگیرساون. زەوی روناك دەکەنەوە. هەندێکیان شەیتانەکانیان پێ "رەجم" دەکرێن. خوا فەرموویەتی :
"و لقد زيننا السما الدني مصابيح و جعلناها رجوما للشياطين". هەندی سێیەمیان لە بۆشاییدان کە بە هۆیانەوە، دەریاوانان و کاروانیان رێی پێ دەردەبەن و لە ئاو و دەریادا بە هۆیانەوە، رێگا ون ناکەن."
ئەستێرەوان، کە تا ئەو دەمە نەرۆیشت بوو، هەستا و وتی:
"پرسیارێکم زۆر پێ گرنگە حەز دەکەم لێت بپرسم، گەر زانیت وەڵام بدەیتەوە، ئەوا.... شایەتیت بۆ دەدەم کە لە من شارەزا تریت لە ئەستێرەناسیدا"
کەنیزەکەکە وتی:

"بپرسه..."

کابرا پرسی:

"بورجەکانم بۆ بژمێرە، هەروەها "تەبعەکان"یش."

کەنیزەکەکە وتی:

"تەبعەکان چوارن، گەرمی و ساردی، شێ و وشکی. لە ساردیەکە ئاو دروست بووە. تەبعی سارد و بە شێیە. لەگەرمی ئاگر دروست بووە. لە شێیەکە هەوا، لە وشکیەکە خۆڵ دروست بووە. تەبعی سارد و وشکە ١٢ بورج هەن: "کاوڕ، شێر، کەوان "ئەمانە ئاگرین". گا، سونبلە جدی "ئەمانەش خۆڵین". جوزا، میزان سەتل" ئەمانەیان هەوایین" سەرەتان ، دووپشك، حوت "ئەمانەش ئاویین"

ئەمجا ئەستێرەناس هاواری کرد:

"شایەتی دەدەم لە من زاناترە"

ئەمجا رۆیشت بە ڕێی خۆیەوە. ئەمجا خەلیفە بانگی کردە فەیلەسوف. کە هاتە پێشەوە، رووی کردە کەنیزەك و پرسی:

"باسی "زەمانە" بکە. ئەو رۆژانەی تێیدا هاتوون؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"زەمانە: لە سەر سەعاتەکانی کاتی شەو و رۆژ پەیدا دەبێت. کە دەمی سووڕاندنەوەی خۆر و مانگە لە خولگەی خۆیدا و سوڕانەوەی بە کەمەری رۆژدا. هەر وەکو خوای مەزن هەواڵی لێداوە:

"و اية لهم الليل نسلخ منة النهار فاذا هم مظلمون، والشمس تجري لمستقر لها ذلك تقدير العزيز العليم."

ئەمجا فەیلەسوف پرسی:

"باسی کفر کردنی مرۆڤم بۆ بکە."

کەنیزەکەکە وتی:

"لە پێغەمبەری دەگێڕنەوە فەرموویەتی:

"چۆن خوێن بە دەمارەکانی مرۆڤدا دەڕوات ئاوا کفر کردنیش لە مرۆڤدایە. نەفرەت لە زەمانە و دنیا و شەو سەعات دەکات....!!"

هەروەها فەرموویەتی:

"کەستان جنێو بە دنیا بدات، دنیاش پێی دەڵێت خوا پشت و پەنای نەدات. کەسیشتان جنێو بە سەعات نەدات. چونکە گومانی تیا نییە کە ئەو سەعاتە دێت. کەس جنێو بە زەوی نەدات چونکە خوایە بە یەکێك لە دیاردەکانی ناو بردووە. ئەوەتا دەفەرموێت: لە ئەو دروست کردن، بۆ ئەویشتان دەگەڕێنمەوە. هەر لەویشەوە جارێکی دی، دەرتان دێنمەوە"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٥٨

## شەهرەزاد وتی: کابرای فەیلەسوف پرسی:

"ئم پێنجە کامانەن کە خواردیان و خواردیانەوە، نە لە پشتی باوکدا بوون و نە لەدایك بوون؟"

کەنیزەکەکە لە وەڵامدا وتی:

"ئەوانە "ئادەم" و "شەهون" و "وشترەکەی سالح" و "بەرانەکەی ئیسماعیل" و "باڵندەکەی" کە تەنیا "ئەبوبەکر" بینی بووی. لە ئەشکەوتەکەدا."

ئەمجا فەیلەسوف پرسی:

"ئەو پێنجەی ناو بەهەشت کامانەن کە نە مرۆڤن نە جنۆکەن، نە فریشتەن؟"

کیژە وتی:

"گورگەکەی ئەیوب"، "سەگەکەی ئەسحابی کەهەف"، "کەرەکەی عوزەیر پێغەمبەر" "وشترەکەی سالح"، "دوڵدوڵەی پێغەمبەر "د.خ""

ئەمجا کابرا پرسی:

"ئەو پیاوە کێ بوو، نوێژێکی کرد، نە لە زەویدا نە لە ئاسماندا؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"حەزرەتی سولەیمان بوو، لە سەر بەرە فریوەکەی نوێژەکەی کرد"

فەیلەسوف وتی:

"راستت کرد."

ئەی ئەو کەسە کێ بوو، کە نوێژی بەیانی کرد سەیری دایکی کرد. لێی حەرام بوو. کە نیوەڕۆ هات، لێی حەڵاڵ حەڵاڵ بوو. کە عەسر هات لێی حەرام بووەوە. کە ئێوارە هات لێی حەرام بووەوە. کە خەوتنان هات لێی حەڵاڵ بووەوە؟ کە دیسان بەیانی بووەوە لێ حەڵاڵ بووەوە؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"ئەو پیاوە، سەیر "ئەمەتی" خەڵکی کردووە. ئەوە لێی حەرام بووە. بۆ نیوەڕۆدا، ئەو "ئەمەتەی" کڕیوە! لێی حەڵاڵ بووە، بۆ نوێژی عەسردا ئەمەتەکەی ئازاد کردووە دیسان لێی حەرام بووەتەوە! بۆ نوێژی ئێوارەدا مارەی کردووە لێی حەڵاڵ بووەتەوە! نوێژی خەوتنان: تەڵاقی داوە لێی حەرام بووەتەوە. بۆ بەیانی هێناویەتەوە لێی حەڵاڵ بووەتەوە."

فەیلەسوف وتی:

"راستت کرد. ئێستا ئەو گۆڕەم پێ بڵێ کە خاوەنەکەی برد؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"ئەوە "حووت"ەکەی یونس پێغەمبەر بوو."

ئەمجا فەیلەسوف وتی:

"راستت وت. ئەی ئەو بێ گیانە کامەیە هەناسە دەدات؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"ئەوە لەم فەرموودەیەی خوای مەزندایە: "والصبح اذا تنفس"."

ئەمجا کەنیزەك پرسی:

"کێ هەیە لە هەموو هونەرەکاندا پرسیارم لێ بکات؟"

نظام هەستا، وتی:

" من وەکو زاناکانی پێشوو نیم!!"

کەنیزەکەکە لە وەڵامدا وتی:

"مادام خۆت هەڵدەکێشیت، پشت بەخوا دەتبەزێنم! وەکو ئەوانی پێش تۆ رووتت دەکەمەوە. جا.... باشتر وایە پێش پرسیارەکانت یەکێك بنێرە بەرگت بۆ بێنێتە ئێرە!"

ئەمجا نزام وتی:

"بەو خوایە... دەبێت بە جۆرێك بتبەزێنم... تا دنیا دنیایە باست بکەن."

کەنیزەکەکە وتی:

"فریای خۆت بکەوە. .... برۆ کەفارەتی سوێندەکەت بدەم."

کابرا سوور هەڵگەڕا پرسی:

"ئەو ٥ شتەم پێ بڵێ کە پێش هێنانە بوون، خوا ئەوانی دروست کردووە؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"ئاو، خۆڵ، رووناکی، تاریکی، میوە"

ئەمجا پرسیەوە:

"ئەی ئەوانەی خوا، بە دەستی قودرەتی خۆی دروستی کردوون؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"عەرش، داری توبا، ئادەم، بەهەشت."

ئەمجا پرسی:

"ئایینی ئیسلام چییە؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"دانی پێدا دەنێم یەك خوا هەیە. محەمەد "د.خ" نێرراوی خوایە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.................. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٥٩

شەهرەزاد وتی: ئەمجا فەیلەسوف پرسی:

"چی لە "ولی مارب اخری" دەگەیت؟"

ئەویش وتی:

"دەی چەقێنێتە زەوی. گوڵ دەکات و بەر دەگرێ. سێبەر دەخات و لەگەرما دەیپارێزێت. بە دەستییەوە دەگرێت و مەڕی پێ دەلەوەڕێنێت."

ئەمجا پرسی:

"حەزرەتی "موسا" چەند وشەی لەگەڵ خوا وت؟"

ئەویش وتی:

"لە پێغەمبەری دەگێڕنەوە "د.خ" کە ١١١٥ وشەی وتووە"

ئەی مانای ئەم شیعرە چییە؟

| | |
|---|---|
| بێ سەر و دەم و لاقیشە دەڕوات | دار و درەخت و گیان داریش دەخوات |
| تاکو بیدەیتێ دەمێنێتەوە | کاتێ ئاوت دا کۆتایی پێ هات |

کەنیزەکەکە وتی:

"ئەوە ئاگرە....!"

ئەمجا وتی:

"ڕاستت وت. ئەی واتای ئەم شیعرە:

| | |
|---|---|
| دوانن شەوانە دەست لە ملانن | بێ ئاگای خۆشی و چێژی ژیانن |
| بە ڕۆژ لە یەکتر دوور دەبنەوە | بەڵا گێڕدوە و ترسی شەوانن |

کیژەکە وتی:

"ئەوە دووتاکی دەرگایە"

ئەمجا پرسی:

"یەکەم کەس کێ موسڵمان بوو؟"

کیژەکە وتی:

"ئەبوبەکر " خوا لێی ڕازی بێت".

کابرا وتی:

"ئەی حەزرەتی عەلی؟"

کیژەکە وتی:

"عەلی ئەو دەمە خوا، جۆرێك خستبوویە دڵی تەمەنی تەمەنی ٧ ساڵان بوو کە کڕنووشی بۆ هیچ "بت"ێك نەبردووە...!"

فەیلەسوف پرسی:

"کامیان چاکتر بوون، عەلی یان عەباس؟"

کەنیزەکەکە تێگەیشت ئەمە جۆرێکە لە فێڵ....! سەری داخست.... ڕەنگی سورِ هەڵگەڕا. ئەمجا بە شەرمێکەوە وتی:

"هەر یەکەیان چاکە و سیفەتی باشی خۆیان هەبووە! با بگەڕێینەوە بۆ باسەکانی دی."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٦٠

شەهرەزاد وتی: کە خەلیفە گوێی لەم وەڵامە بوو لە خۆشیدا هەستایە سەر پێ: دەمت خۆش.... خاتوو "تەوەدود". ئەمجا کابرا وتی:

"دەمت خۆش...... ئەی باشە لە هەنگوین شیرین تر.. لە شمشێر تیژتر... لە تیر خێراتر چییە؟........ و خۆشترین ڕۆژ و دڵخۆشی هەینی و داوی نەفس و مردنی ژیان و ئەو دەرمانەی تیماری پێ ناکرێت و ئەو ڕەوایەی ناڕەوا نکولی لێ ناکات و دیلی گۆڕ و دڵخۆشی و ئەو خەوشەی شارراوەیە چییە؟"

کەنیزەکەکە وتی:

"ئە دەم گوێ گرتنەوە، ئەرك نەبێت بەرگەکانت دا بکەنە...."

خەلیفە بە پێکەنینەوە وتی:

" تۆ وەڵامی خۆت بدەوە. وا ئەویش رووت دەبێتەوە."

کەنیزەکەکە وتی:

"لە هەنگوین شیرین تر خۆشەویستی منالآنە. ئەوانەی بۆ باوك و دایکیان باشن. زمانیش لە شمشێر تیژترە. لە تیر خێراتر چاوی "حەسوودە" خۆشترین ڕۆژیش: ڕۆژی قازانج کردنی بازرگانانە. خۆشی هەینیش لای بووك و زاوایە. ناڕەوایانیش مردن بە ڕەوا دەزانن. بەندبوونیش لەگۆڕدا بە هۆی منالی خراپەوەیە. بەختیاری پڕ بە دڵیش هی ئەوانەیە کە ژنەکانیانت بۆیان چاکن. ئەو نەخۆشیەش کە تیمار کردنی نییە: ڕەوشتی خراپە. ئەو خەوشەی شاراوەیە: کچی خراپە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٦١

شەهرەزاد وتی: خەلیفە سەر لە زیرەکی و وریایی ئەو کیژە سوڕما..!! ئەمجا بە فەیلەسوف وت:

"خێرا....... رووت ببەوە."

کابراش هەستایە سەر پێ و وتی:

"دانی پێدا دەنێم لەبەر چاوی ئەم بەرێزانە، کە لە من و هەموو دنیا زاناتری."

ئەمجا بوخچەی بەرگەکانی رەوانە کرد و وتی:
"بیبە موبارەك نەبێت: لێت"
خەلیفە فەرمانی دا.... بەرگی تریان بۆ هێنا و لەبەری کرد. ئەمجا خەلیفە وتی:
"ئێستا تەنیا یاریەکی "شەترەنج"ت ماوە، بیبەیتەوە!!"
یاریزانێکی وریای شەترەنج چووە پێشەوە و تەختەی شەترەنجیان خستە نێوانت. ئەم جولاندی و ئەویش گواستیەوە چەند ریزی بازنەیی بە دەوریاندا دروست بوو. کە کەنیزەکەکە بردیە و "شا : مرد". بە پێکەنینەوە یاریزانەکە وتی:
"زۆر دڵت خۆش نەبێت، ئەوە دانم بۆ رۆ کردیت...! یاری دووەم نابەیتەوە. دیسان دەستیان کردەوە بە یاری کردن. کەنیزەکەکەوەزیر و فیل و ئەسپی زۆر بە وریاییەوە دەگواستەوە. بۆیە دوای کەمێك یاریەکەی بردەوە. وتی:
"کش مەلیك"
ئەمجا یاریزانی فەرەنگی هەستایە سەر پێ و هاواری کرد:
"بە نمەکی ماڵی خەلیفە... لە دنیادا لەم کەنیزەکە یاریزان تر نییە و کەس لێی ناباتەوە!!"
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٦٢

شەهرەزاد وتی: خەلیفە لێی پرسی:
"هیچ لە ئاواز و مۆسیقا دەزانیت؟"
کەنیزەکەکە وتی:
"بەڵێ گەورەم"
ئەمجا خەلیفە فەرمانی دا عودێکیان بۆ هێنا کە لە ناو توورەکەیەکی "ئەتڵەس" دا بوو. کیژەکەش کەوتە ژەنینی عودەکە و ئەم گۆرانیەی وت:
بەزەتان زۆر و دووریتان کەم بێ بۆ دەبێ بۆتان: دڵم بە خەم بێ؟
سەیری خەمۆکی و داماویم بکەن بۆ دەبێ حەز و عەشقت ستەم بێ؟
خەڵکەکە زۆریان خۆش لەو گۆرانیە و ئاوازەکەی هات. بۆیە خەلیفە بە کەنیزەکەکەی وت:
"رەحمەت لەو کەسە بێت فێری ئاواز و گۆرانی کردیت!!"
ئەمجا خەلیفە فەرمانی دا پارەی بۆ بێنن، کە پارە هات "١٠٠٠٠٠" دیناری لێ جیا کردەوە بۆ خاوەنەکەی. ئەمجا رووی کردە "تەوەدود" و وتی:
"تۆش چیت دەوێت، بۆت جێبەجێ بکەم؟"
کەنیزەکەکە هێندە بە وەفابوو، وتی:

"هەموو ئاواتم ئەوەیە کە بە دیاری بمدەیتەوە بە خاوەنم"
خەلیفەش وتی:
"بە چاوان."
ئەمجا خەلیفە بەخشییەوە بە خاوەنی و ٥٠٠٠ دیناریشی بەخشی بە خۆی. ئەمجا مانگانەی بۆ خاوەنەکەی بڕیەوە. کە تاکو دەمرێت مانگی ١٠٠٠ دینار وەربگرێت. ئیتر بە خۆشی و بەختیاری کەنیزەك و خاوەنەکەی ژیان. خەلیفەش زۆر سەری لە زیرەکی ئەو کەنیزەکە سوڕما!!
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو................ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٦٣

## چیرۆکی فریشتەی مردن

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە، ئەی پاشای بەختیار......... خاوەنی بڕیار: پاشایەك هەبوو، ویستی خۆی بنوێنێت و هاوڵاتیان قۆزی و شۆخی و سوارچاکی و کەسێتی ببینن. بۆیە فەرمانی بە وەزیران و پیاوانی دەربار دا: کە خۆیان ئامادە بکەن.... دەردەچین. ئەسپی تایبەتیان بۆ هێنا و بەرگی پاشایەتیان بۆ هەڵبژارد. ئەمجا تاجی زێڕینی لە سەرنا، خۆی و دەست و دائرەکەی کەوتنە دوای پاشاش کەوتە ڕمبازێن و خۆ نواندن لە نێو کۆمەڵەکەی خۆیدا... دەستی برد بۆ لووتی و بە فیزێکەوە لە دڵی خۆیدا وتی: تۆ بڵێی لە دنیادا کەسێکی دی هەبێت وەکو من!!؟ دەستی کرد بە ناز و فیز و خۆ بادان! کابرایەکی شڕۆڵەی هەزار چووە بەردەمی و سڵاوی لێکرد. پاشا وەڵامی نەدایەوە، بۆیە کابرای شڕۆڵە لغاوی ئەسپەکەی گرت. پاشا وتی:
"ئەو لغاوە بەر بدە! تۆ نازانیت لغاوی ئەسپی کێت گرتووە!!"
کابرا وتی:
"شتێکم لای تۆیە بیدەوە پێم."
پاشا وتی:
"پەلەم لێ مەکە با دابەزم، ئەمجا شتەکەت داوا بکەرەوە."
کابرای شڕۆڵە وتی:
"شتەکەی من نهێنییە، دەبێت بچرپێنم بە گوێتدا."
خەلیفەش سەری شۆڕ کردەوە، تاکو گوێ بیستی بێت. پیاوە شڕۆلچەکە وتی:
"من "ملك الموت"م. فریشتەی گیان کێشانم. هاتووم گیانت بکێشم!!"
پاشاش کە گیانی کەوتە لەرزین وتی:
"هێندەم مۆڵەت بدە تاکو دەگەمەوە ماڵەوە و خواحافیزی لە ماڵ و منداڵم دەکەم."
ئیزرائیلیش وتی:

"شتی وا نابێت تۆ تەمەنت کۆتا بوو....... کەس نابینیت."
هەر لەوێدا گیانی کێشا و پاشا مرد. ئەمجا ئیزرائیل پاشای مـردووی جێ هێشت ڕۆیشتە لای پیاو چاکێك کە خوا لێی ڕازی بوو. سڵاوی لێکرد و وتی:
"شتێکم لای تۆیە: هاتووم بمدەیتەوە."
کابرای پیاو چاك وتی:
"بچرپێنە بە گوێمدا...!"
ئەویش وتی:
"ئیزرائیلی گیان کێشانم."
پیاو چاك وتی:
"یاخوا.. بەخێر بێیت. لە مێژە چاوەڕێت دەکەم."
ئـەمجا ئیزرائیـل پێـی فـەرموو: چ کارێکـت هەیـە، دەتـەوێت پـێش مردنـت جێبـەجێی بکەیت؟"
پیاوچاك وتی:
"هیچ کارێکم نییە، کە لە گەیشتن بە پەروەردگار گرنگتر بێت"
ئیزرائیل فەرمووی:
"چۆنت پێ خۆشە: با بەوجۆرە گیانـت بکێشم چونکە فـەرمانم بـەم جـۆرە پێدراوە، کە خۆت هەڵی بژێریت."
پیاوچاك فەرمووی:
"کەوابوو...... بـا دەسـتنوێژ هـەڵبگرم، دواتـر نوێـژ دابەسـتم: لـە کاتی کڕنووشـدا گیـانم بکێشە."
ئیزرائیل چاوەڕێی کرد.... تاکو بە دڵی پیاوچاك گیانی کێشا و مرد.
هەروەها دەگێڕنەوە، پاشایەك هەبوو........ سامانێکی فرەی کۆ کردبووەوە. هـەر شتێکی بـەنرخ و ئەنتیکـە هـەبوو..... پەیـدای کردبـوو شـتومەکەکانی هێنـدە زۆر بـوون بـە ناچـاری کۆشـکێکی بڵنـد و پـان و پـۆڕی بـۆ دروسـت کـرد. خزمـەتکار و پاسـەوانی بـۆ هـەر دوو دەروازەکەی کۆشـکی دانـا. کـەنیزەك و چێشتخانەی تیـا بـوو. ئیـدی هـەر کاتێـك پێـی خـۆش بووایە، خێزان و خزمانی لەو کۆشکەدا کۆ دەکـردەوە و سفرە دەڕازایـەوە. خۆشـترین و نایـاب ترین خواردن دانرا. جارێکیـان کـە هـەموان لـە سـەر سفرەی پاشـا وەکـو جاران دانیشتبوون، نایابترین و خۆشترین جۆری میوەکان دانرابـوو. دواتـر پاشـا شانی لـە سـەر پشتییەك دادا لـە دڵـی خۆیـدا وتـی: ئـەی نـەفس، لـە نیعمەتـەکانی دنیـا هـەموویانم بـۆ دەسـتەبەر کردویـت، ئێستاش بە ئارەزووی خۆت چێژیان لێ وەربگرە. تەمەنی زۆریش بـە سـەر بـەرە. هێشتا ئـەم بیرۆکەی لە دڵی خۆیدا تـەواو نـەکردبوو، کـە پیـاوێکی شڕۆڵە ئەڵقـەی دەروازەی کۆشـکەکەی پێکدا کێشا. هێندە دەنگی دایەوە کە وەکو بوومەلـەرزە وابـوو بـە لای پاشـا و میوانەکانیـەوە. دەرگاوان بەرەو دەروازە چوو تاکو لێی بکاتـەوە. شـیراندی بـە سـەر کابرای دەرگـا تەقێنـەوەدا وتی:

"ئارام به با پاشا له نان خواردن ببێتەوه..دواتر چێ پێ باش بوو پێت دەبەخشین"

ئەویش وتی:

"برۆن پێی بڵێن ئیشم پێیەتی: با بێتە دەرەوە"

دەرگاوان وتی:

"لاچۆ...... دەی لاکەوە! تۆ چیت تاکو ئیشت بە پاشا بێت!؟"

ئەمجا کابرای شڕۆڵ توند بوو بەهێزتر لە دەرگای دا. بۆیە پیاوانی پاشا بە چەکەوە بۆی چوون. کە کابرا ئەمانەی بینی قیژاندی بە سەریاندا: لە شوێنی خۆتان بوەستن... من ئیزرائیلی گیان کێشم. ئیدی ئەوان ترسان و ژیریان لە دەست دا. وشك بوون. ئەمجا پاشا کە بەمەی زانی وتی:

"پێی بڵێن.... چی دەوێت لە دنیادا لە بری گیانی من: بیبات"

ئیزرائیل فەرمووی:

"هیچی ترم ناوێت و نێرراوم بۆ گیان کێشانی تۆ...!!"

پاشاش کە چاری نەما بە خۆی وت:

"لەعنەتی خوا، لە سامان و نیعمەتەکانی ژیان: کە ئاوا خواپەرستی لە بیر بردمەوە. پێم وابوو تا سەر سامان و دارایی دەمێنێتەوە. کەچی بوو بە هۆی حەسرەت و داخ.."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٦٤

شەهرەزاد وتی: خوا سامانی پاشای هێنایە قسە:

"لەو کاتەی ئێوە لە خۆڵ دروست بوون ئێمەش لە خۆڵ دروست کراوین. خوا کە ئێمە بە مرۆڤ دەبەخشێت. بۆ ئەوەی یارمەتی خەڵکی هەژارو لێقەوماوی پێ بدەن، پرد و ڕێگاوبان و مزگەوت و بەربەستی پێ دروست بکەن. بەڵام تۆ ئێمەت کۆ کردەوە و لە گەنجینەت خستین و دەرگات لە سەر داخستین. لە ڕێی حەز وخۆشی خۆتدا بەکارت بردین. سوپاس گوزاری خوا نەبوویت بگرە، لە گوناه و کفرکردندا بەکارت بردین. ئێستاش بۆ کەسانی دوژمنی خۆت و خراپەکارانمان بە جێ دەهێڵیت و دەمریت. ئێستاش بە تاسەومیت بۆمان و خەفەتی جێ هێشتنی ئێمەتە. ئاخر...... ئێمە تاوانمان چی بوو: جنێومان پێ دەدەیت؟"

ئەمجا ئیزرائیل گیانی پاشای کێشا و کەوتە سەر جێگەکەی خۆی. خوای گەورە فەرموویەتی: "حتي اذا فرموا بما اتوا اخذناهۆم بغتة فاذا هم مبلسون"

دیسان دەگێڕنەوە: یەکێك لە پاشا بەهێزەکانی بەنی ئیسرائیل لە سەر شوێنی حوکمڕاین دانیشت بوو. پیاوێکی ناشیرینی زەبەلاحی بینی لە دەرگاوە هاتە ژوور. پاشاش ڕاچڵەکی، قێزی لێهاتەوە. بۆیە لێی پرسی:

"تۆ کێی کابرا؟ کێ ڕێی پێداویت بێیتە ژوورەوە؟"

ئەویش وتی:

"خاوەن خانووەکە ڕێی پێدام. کەسیش ناتوانێ بێتە ڕێگام و نەهێڵێت!! چوونە لای پاشایانم بەرێ پێدان نییە و لە زوڵم و زۆری سوڵتانەکانیش ناترسم!! کەسیش دەرناچێ لە دەسم!! من خۆشی بەرم! کۆمەڵ تێکدەرم"

کە پاشا ئەمەی بیست گیانی کەوتە لەرزین. بووڕایەوە و کەوتە سەر زەمین کە بە ئاگا هاتەوە وتی:

"کەوابوو تۆ ئیزرائیلیت."

فریشتەکەش وتی:

"بەڵێ"

ئەمجا پاشا دەستی کردە پاڕانەوە، کە یەك ڕۆژ مۆڵەتی بداتێ تاکو تۆبە بکات. خێر و چاکە بکات. داوای بەخشین لە پەروەردگار بکات. ئیزرائیل فەرمووی:

"چۆن مۆڵەتت بدەم تۆ ڕۆژانی ژیانت کۆتا بووە!!؟"

ئەمجا پاڕایەوە بۆ یەك سەعات. ئەویش فەرمووی:

"تۆ سەعاتەکانی ژیانت بە فیڕۆ داوە!! سەعاتێکیش لە حسابی تەمەنتایە!!"

ئەمجا پاشا پرسی:

"ئەی.. چی دەبەمە گۆڕەوە لەگەڵ خۆم؟"

ئەویش فەرمووی:

"تەنیا کردەوەکانت."

ئەمجا پاشا پرسی:

"کردەوەی چاکم نییە"

ئیزرائیل فەرمووی"

"گەر وابوو گومانی تیا نییە، دەچیتە دۆزەخەوە!"

ئەمجا گیانی کێشا. پاشاش سارد بووەوە و کەوتەوە سەر جێگەکەی. ئیدی دەورووبەر و دواتر خزمان و ماڵ منداڵەکانی کەوتنە هاوار و گریان و قیژە قیژ. مەملەکەت تازیەباری بوو. خۆ..... گەر بیان زانیبایە دۆزەخییە باشتر دەگریان.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٦٥

**چیرۆکی ئەسکەندەر زولقرنین و نەتەوە لاوازەکە**

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە، ئەسکەندەر زولقرنین دەدات بە لای نەتەوە و شارێکدا کە سەرنجیان دەدات هەر ماڵەوە و لە بەردەم خانووەکەی خۆیدا چەند گۆڕێکی هەڵکەندووە...! ڕۆژانە گۆڕەکانیان گسك دەدا. خواردنیان گژ و گیا بوو ئەمیش پیاوێکی خۆی نارده لایان و

داوای پاشاکەیانی کرد. خەڵکەکە پێیان وت: پاشامان نییە. ئەمجا ئەسکەندەر چووە ناویان و لێی پرسین:

"ئەی باشە ئەم گۆڕانە چین لە بەر دەرگاکانتاندا؟"

وتیان:

"لەبەر ئەوەی هەموو جارێك کە دێینە دەرەوە مردنمان بیر بکەوێتەوە...!"

"ئەی کوا...... نە پێشکەوتن بە ژیانتانەوە دەبینم؟....... نە زێڕ و زیو؟ نە زەخیرە و خواردن؟"

وتیان:

"ئێمە گوێ بەوانە نادەین! چێژەی خواردنیش لە قوڕ قوڕاگە تێناپەڕێت! گەدەیشمان ناکەین بە گۆڕستانی باڵندە و ئاژەڵان."

ئەمجا یەکێکیان گۆڕێکی هەڵداوە و دەستی برد، کاسە سەرێکی تیا دەرهێنا و خستییە بەردەمی ئەسکەندەر زی القرنین وتی:

"تۆ دەزانیت.... خاوەنی ئەم کاسە سەرە کێ بووە؟"

ئەویش وتی:

"نە."

کابرا وتی:

"ئەمە کاسە سەری پاشایەك بوو، زۆردار و بێ بەزەیی. هەموو ژیانی بۆ کۆ کردنەوەی زێڕ و زیو و سامانی دنیا تەرخان کردبوو. خوایش گیانی کێشا و جێی هێشت."

ئەمجا چوو گۆڕێکی تری هەڵدایەوە و کاسە سەرێکی دی دەرهێنا و خستییەوە بەردەم ئەسکەندەر زی القرنین و وتی:

"ئەی ئەمەیان دەناسی؟"

ئەویش وتی:

"نە..."

ئەمجا وتی:

"ئەوەشیان پاشایەکی دی بوو. هەموو ژیانی تەرخانی دادپەروەری و چاکە کردن و خێرخوازی کرد. تاکو خوا گیانی کێشا.. دیارە وەکو ئەو پاشایەی پێشوو..... دۆزەخی مسۆگەر کردووە. ئەمەشیان بەهەشتی بەرینی مسۆگەر کردووە...!!

ئەمجا ئەسکەندەر زی القرنین دەستی کردە گریانێکی بە کوڵ و کابرای بە سنگی خۆیەو نوساند و پێی وت:

"وەرە لای من با بتکەمە وەزیر و حوکمڕان بە."

کابراش وتی:

"هاها.....!! حەزم لەو کارە نییە!!"

ئەسکەندەر پرسی:

"بۆچی حەزت لە وەزیری نییە؟"

کابرا لە وەڵامدا وتی:

"لەبەر ئەوەی ئەوانەی دەوروبەرت و هەموو هاوڵاتیانت لەبەر سامان و داراییەکەت بەغیلیت پێ دەبەن و رقیان لێتە...!! بەڵام هەموویان منیان خۆش دەوێت چونکە لەو راستیانەی ژیاندا...... لەگەڵ مندا یەك دەگرنەوە!! هەروەها من چاوم لە دنیا نەبڕیوە!! تەماعم تێیدا نییە..... بە ژیانی خۆم قایلم."

ئەسکەندەر ناوچاوانی ماچ کردەوە و خواحافیزی لێکرد و ڕۆیشت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٦٦

## چیرۆکی بەدادی ئەنەوشیروان لە مەملەکەتەکەیدا

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە، جارێکیان ئەنەوشیروان بە کەسانی دەورووبەری دەڵێت نەخۆشم و پزیشکەکەم داوای لەتە خشتێکی کۆنی لێکردووم کە بۆم بکاتە دەرمان و پێی چاك بمەوە. جا..... دەبێت مەملەکەتم بۆ لە پێوە بدەن و بۆم پەیدا بکەن. ئەوانیش ماوەیەك خەریك بوون. ئەمجا گەڕانەوە هەموویان وتیان:

"قوربان........خانووە رووخاوێك لە هەموو مەملەکەتدا نەبوو. تاکو ئێمە لەتە خشتێکی کۆنی لێ هەڵبگرینەوە و بۆ تۆی بێنین."

ئەنەوشیروان شا زۆر دڵی خۆش بوو سوپاسی خوای کرد. ئەمجا رووی تێکردن و وتی:

"ئەوە ویستم...... بزانم مەملەکەت ئاوەدانە!؟ یان نە؟ ئەوا....... بۆم دەرکەوت ئاوەدانکردنەوە .. هەبووە. ئاسایش بەرکەماڵە و خەڵکی خۆش گوزەرانن."

ئەمجا شەهرەزاد وتی: ئەوە بزانە پاشای پایەدار هەر چەندە وڵات ئاوەدان بێت، هێندە ژیان خۆشەویست دەبێت. وڵات بێ کێشە دەبێت. پاشایانی دێرین بڕوایان بە پەند و ئامۆژگاریە دێرینەکانی خۆیان بووە. ئەوانەی زاناکانیان وتویانە ئەوەتا... وتراوە: ئایین بە پاشەوە بەندە. پاشایش بە سوپاکەیەوە. سوپایش بە ئابووریەوە. ئابووریش بە ئاوەدان کردنەوەوە، وڵاتیش بە دادی کۆمەڵایەتیەوە. رێگەیان نەدەدا بە زۆرداری لە نێوان خەڵکدا روو بدات. چونکە هاوڵاتیان قبوڵیان نییە. چونکە گەر زۆردار مەملەکەت بەڕێوە بەرێت: ئەوا مەملەکەت کاول دەبێت. دووبەرەکی دەکەوێتە وڵات و دانیشتوان، چۆڵی دەکەن و هەڵ دێن بۆ وڵاتانی دەوروبەر..!! داهاتی هاوڵاتیان..... داهاتی دەوڵەت کەم دەبێتەوە. ژیان ناخۆش دەبێت. ئیدی پاشایان لاواز دەبن.

# شەوی ٤٦٧

## ژنە خواناسەکەی نێو بەنی ئیسرائیل

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە، لە نێو قازیەکانی بەنی ئیسرائیلدا قازیەك هەبوو، ژنەکەی زۆر جوان بوو.: زۆر ئارام و لەسەرخۆ بوو. ئەم قازییە ویستی سەردانی "بەیت المقدس "بکات. بۆیە براکەی خۆی خستە شوێنی خۆی. براکەش: دەیزانی براژنەکەی چەند جوانە!! دوای ئەوەی براکەی سەفەری کرد. کەوتە هاتوچۆی براژنەکەی. زۆر لەگەڵیدا خەریك بوو. بەڵام براژنەکەی خۆی نەدا بە دەستەوە. دواتر برای بچوك... ترسی ئەوەی لێ نیشت کە برا گەورەکەی لە سەفەر گەڕایەوە براژنەکەی ئەم بەسەرهاتەی بۆ بگێڕێتەوە...... بۆیە دوو شایەتی بە پارە گرت و ئامادەی کردن. ئەمجا لای پاشا شکاتی لە براژنەکەی کرد.... کە گوایە "زینا"ی کردووە....! دوو شایەتەکە لە دادگایی کردنیدا.... شایەتیان بۆ دا کە بە چاوی خۆیان بینویانە....! بۆیە حوکمی "ڕەجم" کردنیان بۆ دەرکرد.

چاڵێکیان بۆ هەڵکەند و خەڵکەکەش کەوتنە بەرد تێگرتنی. ژنەکە لە نێو چاڵەکەدا...تاکو چاڵەکەیان بە بەرد پڕ کردەوە. ژنەکەش لە ژێر بەردەکاندا دەیناڵاند. بۆ شەویدا... کابرایەك کە دەیویست بڕواتەوە ماڵ دای بە لای چاڵەکەدا.. کە گوێی لە ناڵەی ژنەکە بوو بەردەکانی لەسەر لادا.......ئەمجا لەگەڵ خۆیدا بردیەوە و بە ژنەکەی وت: تیماری بکات و تێری بکات. ئەمجا ژنەکەش منداڵێکی هەبوو، ئەوەشی بۆ هێنا و لە خانوویەکی تری خۆیدا داینا...... ئەمجا خەرجیشی پێ دەدا.

دوای ماوەیەك کابرایەکی دراوسێی ژنە جوانەکە، تەماعی تێ دەکات. تەقەلای لەگەڵ دەدات: بێ سوود دەبێت. بۆیە شەوێك بە کێردێکی تیژەوە ..... بۆ ژنەکە دەچێتە ماڵەوە. دوای پەلاماردان منداڵی ژنەکەی دەست دەکەوێت. .... ژنەکەی پێ دەترسێنێت. سوودی نابێت.......کابراش منداڵەکەی سەر بڕی. بۆ ڕۆژی دواتر چووە سەر کابرا.... هاواری کرد منداڵەکەمی سەر بڕیوە. بەڵام کەس بڕوای پێ نەکرد. دایکەکە لە خەفەت و پەژارەدا سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیشت، لە کاتێکدا چەند درهەمێکی کابرای خاوەن خانووی پێ مابوو....... دوای ماوەیەك خۆی گرد بە دێیەکدا. سەیری کرد خەڵك لە درەختێك کۆ بوونەتەوە، پیاوێکیان بە درەختەکەدا کردووە بە نیازن چوارمێخەی بکێشنەوە، کابراش هێشتا گیانی تێدا مابوو. ژنەکەش خۆی جەرگ سووتاو و خەفەت بار بوو. هاواری کردە خەڵکەکە و پرسی:

"ئەم کابرایە چی کردووە.....وا چوارمێخەی دەکێشنەوە و دەیکوژن!؟"

ئەوانیش وتیان:

"تاوانی کردووە دەبێت ئەوەندە درهەم بدات، لە تۆڵەی تاوانەکەیدا.... یان چوار مێخە بکێشرێتەوە و بکوژرێت!!"

ژنەکە وتی:

"ئەوە بڕە پارەی ئەم کابرایە و ئازادی بکەن...."

که پارەکەیان وەرگرت... کابرایان ئازاد کرد. کابراش زۆر سوپاسی ژنەکەی کرد و وتی:
"ئیدی دەبمە خزمەتکارت و لێت جیا نابمەوە.....ئەوا... لە سەر دەستی پیرۆزی تۆدا تۆبەش دەکەم!!"

ئەمجا بردیەوە و دەستیان کردە خواپەرستی و نوێژ و رۆژوو گرتن و خەڵوەت کێشان.... تاکو خوا بەهرە و توانستی رەوانی پێدا و هەر نەخۆشێکیان، دەخستە بەردەست و دەم و نفوسی ئەو ژنە: خوای شیفای بۆ دەنارد و نەخۆشیەکان دەپەڕین و ساغ دەبوونەوە. کە قازی برای کابرای داوێن پیس لە سەفەرەکەی گەڕایەوە... لە ژنەکەی پرسی. براکەی.... زینا کردنی ژنەکەی بۆ گێڕایەوە و وتی:

"ژنەکەت بە رەجم کردن مرد."

قازی خەفەتێکی زۆری بۆ خوارد. دوای ماوەیەك ژنەکە ناوبانگی پیرۆزی و دەم و نفوسی دەرکرد. بۆیە لە خۆرهەلات و خۆرئاواوە خەلکی روویان دەکردە خەڵوەتگەکەی. برای قازی بوختانچیش بە نەخۆشی بەڵەکییەوە تووش بووبوو. بۆیە قازی پێی وت:

"براکەم.... ئەو ژنە ناوبانگی بە دەم و نفوس پاکی دەرکردووە و هەر نەخۆشێك دەچێتە سەردانی: چاك دەبێتەوە. تۆیش سەرێکی لێ بدە"

ئەویش وتی:

"نەخۆشیەکەم هێندە لاوازی کردووم، بە تەنیا ناگەمە لای ئەو: بۆیە .... خۆزگە دەتبردم "

لە هەمان کاتدا دراوسێ پەلامار دەرەکەشی کە نەخۆش بوو هاتە سەردانی. هەر دووکیان لەبەر دەرگای خەڵوەتگەکەیدا چاوەڕێ بوون...... هەر یەکەیان دەپاڕایەوە لە ژنە خزمەتکارەکەی. ژنە خواناسەش شوێنێکی لە دەرگای خەڵوەتگەکەیدا وا ئامادە کردبوو..... کە سەیری چاوەڕێ کەرانی لێوە دەکرد و دەی بینین: بەلام دانیشتوان ئەویان نەدەبینی!! بۆیە... چاوەڕێی کرد تاکو مێردەکەی و براکەی.... لەولایشەوە دزەکە و ژنەکە پێکەوە هاتنە ژوورەوە. ئەمجا هاتە ناویان و پێی وتن:

"تاکو هەمووتان، دان بە راستیەکاندا نەنێن و تاوانەکانی خۆت نەدرکێنن، چاك نابنەوە...! چونکە پەروەردگار، بەزەیی بەو کەسانەدا دێتەوە: کە راستیەکان دەدرکێنن!!"

ئەمجا قازی رووی کردە براکەی:

"برا گیان دان بە تاوانەکانتا بنێ... بەڵکو چاك ببیتەوە، وتراوە:

| | |
|---|---|
| زۆردار و لێکراو وا جووت بوونەوە | سریان دەرکەوت و نابووت بوونەوە |
| تاوانبار لێرە زوو رسوا دەبێت | پلەی خواناسیش مەزبووت بوونەوە |
| راستی و رەوا بوون هەر دەردەکەوێ | ملهوڕان پووچ و پەڕپووت بوونەوە |

لێرەدا برای قازی وتی:

"هەر ئێستا راستییەکان دەڵێم ئەوی راستی بێت ئاوا و ... ئاوام بە ژنەکەت کرد."

هەمووی بۆ گێڕایەوە، ئەمجا کابرای دراوسێی ژنی خواناس کە گردەنشین بوو: لە پێ کەوتبوو خرابووە سەر کورسی وتی:

"ئەمجا کە بووە دراوسێی من تەقەلایەکی زۆرم دا...... بەڵام خۆی نەدا بە دەستەوە ئەو سەر شینە زۆر جوان بوو...... بۆیە لە ماڵی خۆیدا هەڵم کوتایە سەری: بەڵام هێندە داوێن پاك بوو بە بەرچاویەوە کوڕەکەیم سەر بڕی هەر خۆی نەدا بە دەستەوە...!"

ئەمجا ژنە خواناسەکە سەری بڵند کرد و وتی:

"ئەی پەروەردگار...... چۆن رسوایی ملهوڕی خۆیانت کردن هەرواش بەزەیی گەورەیی خۆتیان پیشان بدە"

هەر لەوێدا... خوا بە گەورەیی خۆی چاکی کردنەوە. ئەمجا قازی سەرنجی زۆری ژنەکەی دا......!! ژنە خواناسەکە بە قازی وت:

"ئەوە بۆ هێندە سەرنجم دەدەیت!؟"

قازی وتی:

"ئەوەی راستی بێت...... ژنێکم هەبوو گەر ئەمزانیایە کە مردووە... دەم وت تۆ ئەویت!!"

ئەمجا بە خۆی ناساند هەر دووکیان باوەشیان بە یەکدا کرد و سوپاسی خوایان کرد. ئەمجا براکەی و کابرا دزی گردەنشین... بە تەریقیەوە داوای لێ بووردنیان لە ژنە خواناس کرد. کە ژنە لێیان خۆش بوو لە سەر دەستیدا تۆبەیان کرد و پەیمانیان دا فەرزەکانی خوا جێبەجێ بکەن. تا مردن تۆبەکەی خۆیان نەشکاند.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٦٨

## چیرۆکی ژنە خواناسە و چەند کەسێکی نێو کەعبە

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە، جارێکیان حاجییەك، گێڕاویەتیەوە:

"کە کاتێك خەریکی سوڕانەوە بووم و زیارەتی گۆڕی پیرۆزی پێغەمبەری "د.خ"م کرد گوێم لە گریان و کڕوزانەوەیەك بوو. هێندە بە کوڵ بوو: خەریك بوو دڵم بوەستێت..!! کە بەرەو دەنگەکە چووم ڕوانیم ژنێکە منداڵێکی لە باوەشدایە... بە نووستوویی. سڵاوم لێکرد، ئەویش وەڵامی دامەوە. دواتر پرسیم:

"تونەو خوایە........ بۆ دەگریت: چیت لە دڵدایە؟"

ژنەش سەیرێکی کردم و وتی:

"گەر سوێندت نەدامایە.... نهێنی خۆم بۆ نەدەگێڕایتەوە... بەم منداڵە سکم پڕ بوو، کە بە کەشتییەك هاتم بۆ ئێرە بۆ حەج کردن، بەڵام..... بەڵامان بۆ بوو.... شەپۆلی دەریا کەشتیەکەمانی هێنا و برد، بۆیە لە ترساندا کەوتمە سەر ژان و ئەم منداڵەم بوو. ئیدی بە خۆمەوە نوساند و کەشتییەکەش لەبەر توندی شەپۆلەکاندا خۆی بۆ نەگیرا و تێك شکا. خوا......بەزەیی پێمدا هاتەوە و پارچە تەختەیەکم دەستگیر بوو. خۆم پێدا هەڵواسی و

منالەکەم خستە سەر...! هێندەی پێنەچوو کابرایەك خۆی بە تەختەکەمدا هەڵواسی! کەوتینە پێ مەلە. دوای کەمێك کابرا مرقی لێم خۆش کرد و وتی:

"هەر لە نێو کەشتیەکەدا...... کە تۆم بینی حەزم لێ کردی... ئێستاش....... دەبێت بێ دڵیم نەکەیت...!"

منیش بۆم گێڕایەوە کە تازە...... ئەم منالەم بووە..! کێ دەڵێت: لەم بەڵایە رزگارمان دەبێت و ناخنکێین!؟ ئێمە دەبێت تۆبە بکەین و بپاڕێینەوە. بەڵام هەر نەی بیست! کە زانی خۆم نادەم بە دەستەوە پەلاماری منالەکەی دا. فڕێی دایە دەریاکەوە. منیش زۆرم بەزەیی بە خۆمدا هاتەوە... بۆیە کەوتمە پاڕانەوە:

"خوایە...... لەم کابرا دڕندەیە رزگارم بکە." ئەمجا وتم:

| | |
|---|---|
| کۆرپەی شیرینم بینایی چاوم | مایەی لاوازی و پشتی شکاوم |
| کە بینیم لاشەت بە سەر دەریاوە | سوێت بووە مایەی جەرگی بڕاوم |
| خەمی من بە کەس نارەوێتەوە | خوایە بە هیوای بەزەی تۆ ماوم |
| خوایە: بۆ خۆت ئاگات لە منە | لە بەر کۆرپەکەم سووتا هەناوم |

شەو و رۆژێك لە دەریادا پێ مەلەم کرد و زۆر دەترسام. بۆ بەیانی لە دوورەوە چارۆکەی کەشتیەکم بینی. دوای تەقەلایەکی زۆر خۆم گەیاندە لایان. لە ئاویان دەرهێنام. لە کەشتیەکەیان دانام. کە ماندوویيم دەرچوو..... چاوم بە چوار دەوری خۆمدا گێڕا.... هاوارم کرد.... ئەمە کۆرپەکەی خۆمە...! ئەمجا پرسیم:

"ئەم کۆرپەیەتان لەکوێ بوو؟"

ئەوانیش وتیان:

"کە بە دەریادا کەشتیەکەمان دەڕۆیشت... حوتێك بە هێندەی کێوێك بوو.... لە دەریاوە لە نزیکمانەوە پشتی سەر ئاو کەوت: کە ئەم کۆرپەیەی بە سەرەوە بوو، پەنجەی خۆی دەمژی. ئێمەش یەکێکمان نارد... منالەکەمان هێنایە کەشتیەکەمانەوە!!"

کە ئەمەم لێ بیستن: بەسەرهاتی خۆمم بۆ گێڕانەوە. ئەمجا دەستم برد پارەی بدەمێ بەڵام وەری نەگرت وتی:

"من تەنیا پارمەتی دانی خوای خۆم هەبێ هیچم ناوێت.:

منیش جێم هێشت و وتم:

| | |
|---|---|
| بەزەیی خودا چەند شاراوەیە | بینینی بەلای چاو کراوەیە |
| لەدوای تەنگانە هەر فەرەحیە | هەر دڵی تەنگە و کە کراوەیە |
| پرزە بڕاو و بێ ئومێد مەبە | پشتیوانی خۆت کە بە دواوەیە |

ئیدی ئەو ژنە تا مرد خواپەرستی کرد. نوێژ و رۆژووی گرت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو....... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٦٩

# چیرۆکی مالیکی کوڕی دینار و کۆیلە ڕەشە خواناسەکە

شەهرەزاد وتی: دەگێرنەوە، مالکی کوڕی دینار بەر رەحمەتی خوا بکەوێت وتویەتی: سالێکیان بێ بارانی بوو. لە شاری بەسرە..... ئێمەش چووینە مزگەوتێك و نوێژە بارانەمان کرد. بەلاّم بێ سوود بوو. دواتر من و عەتای کوڕی سەلا و سابتی بەنانی و نەجی و محەمەد بن واسع ئەیوبی سەختیانی و حەبیبی فارسی و حەسانی کوڕی ئەبی سینان عەتبەی غولام و سالحی موزنی چووینە مزگەوت بۆ نوێژە بارانە کردن.... تەنانەت هەندێك لە منالانی قەفێی مزگەوتیش.... تا نیوەڕۆ چاوەڕوانمان کرد: هەر نەباری. من و سابتی بەنانی لە مزگەوت ماینەوە. شەومان بە سەردا هات. هێندەمان زانی کابرایەکی رەشی چوارپەل باریکی تەنگە ئەستوور، پەیدا بوو. پارچەیەك خوری لەبەر ورگی بەستبوو. کە هەمو بەرگەکانی بایی دوو درهەم نەدەبوو....! دەستنوێژی هەلگرت و هات: دوو رکات نوێژی کرد. ئەمجا سەری بلند کرد و بە نزا کردنەوە وتی:

"پەروەردگار... تاکەی دەست دەنێی بە ڕووی کۆیلەکانتەوە....خۆ.... گەنجینەکانت چۆلّ نین!! بە خۆشەویستی خۆت سوێندت دەدەم کە بۆ سەعاتێك بارانی رەحمەتمان بە سەردا ببارێنە"

هێشتا نزاکەی تەواو نەکردبوو هەور بەری ئاسمانی گرت.... بارانێك باری دەتوت کوندەی سەر بەرەو خوارە... شەستەی دەکرد...!! کە لە مزگەوت چووینە دەرەوە....... تاکو قولەپێمان تەڕ بوو. ئێمەش سەرمان لەو قولەرەشە سوڕما....!! مالیك وتی:

"منیش یەخەم گرت و پرسیم:

"تۆ پێت شەرم نییە لە نزاکەتدا وتت بۆ خاتری خۆشەویستی من لای ئێوە؟"

قولە رەش وتی:

"لاکەوە... ئەی ئەو کاتەی :یەکتابوونی پێم وت و لە زانستەکانی خۆی پێ بەخشیم.. تۆ لە کوێ بوویت!؟"

ئەمجا وتی:

"خۆشەویستی خوا بۆ من: بە هێندەی خۆشەویستیمە بۆ ئەو کە رۆیشت.... دوور و نزیك شوێنی کەوتین..... تاکو خۆی کرد بە مالە دەلاّلێکی کۆیلە فرۆشدا. ئێمەش زۆر چاوەڕێمان کرد. هەر نەهاتە دەرەوە و نیوەشەو رابوورد... لە توانامانـدا نەما و جێمان هێشت. بۆ رۆژی دواتر... چووینە ئەو مالەوە. پرسیارمان کرد کە :

"ئاخۆ کۆیلەیان هەیە بۆ فرۆشتن؟"

خاوەن مالّ وتی:

"بەلێ... لە ١٠٠ کۆیلە زیاترمان هەیە..."

ئیدی یەکە یەکە کۆیلەکانی پیشان داین بەلام ئەو قولەرەشەی شەوم نەبینی!! لە ماڵەکە هاتینــە دەرەوە. خۆمـان کـرد بـە کەلاوەیـەکی پشـت ماڵەکـەدا. روانیمـان قولـە رەش لـەوێ وەستاوە...!! ئەمجا وتم:

"بە خوای کەعبە ئەوە خۆیەتی!"

خێرا گەڕامەوە ماڵەکە و بە کابرام وت:

"ئەو قولەرەشەی کەلاوەکەی پشت ماڵی خۆتانم پێ بفرۆشە."

کابرا وتی:

"کاکی خۆم... ئەو قولە رشە زۆر بێکەڵکە... شەوانە هەر خـەریکی گریانـە..... رۆژانـەش پەشیمانە کابرایەکی شوومە!"

چوو هێنای سەیرمان کرد باوێشك دەدات!! ئەمجا پێی وتم:

"برۆ.... بیبە عەیبەکانی لەسەر خۆت."

منیش ٢٠ دینارم دایە خاوەنی و پرسیم:

"ئەمە ناوی چییە؟"

وتی:

"مەیموون"

ئەمجا بەرەو ماڵی خۆمان چووین. لە رێگا لێی پرسیم:

"گەورەم تۆ بۆ منت کڕی؟ خۆ.... من بە کەڵکی پەزێرایی کردنی مرۆڤ نایەم؟"

منیش پێم وت:

"براکەم... منیش تۆم بۆیە کڕیوە کە پەزێراییت بکەم!"

قولەرەش پرسی:

"بۆ؟"

منیش وتم:

"ئەی ئەوە تۆ نەبوویت دوێنێ شەو هاتیتە مزگەوت و دوو ڕکات نوێژەکەت کـرد؟ منـیش رەخنەم لە پاڕانەوەکەت گرت؟ "

کە قولەرەش ئەمەی بیست.... وتی:

"کەوابوو تۆ بە نهێنی خۆم و خوای خۆمت زانیوە...!"

ئەمجا سەری بڵند کرد و کەوتە پاڕانەوە:

"خوایە.... هەر لەم ئان و ساتەدا گیانم بکێشە"

ئەمجا هەر لە شوێنی خۆی دوو ڕکات نوێژی دابەست. نزیکەی سـەعاتێك چاوەڕێم کـرد.. هەر سەری بڵند نـەکردەوە...! ئـەمجا شـانیم گـرت و کـەمێك رام وەشـاند.... روانـیم مـردووە! خوا لێی خۆش بێت. هەر دووکمان سەرمان لە کاری خوا سوڕمابوو!! دوای کەمێك لاوێك هات و پێی وتین:

"خوا پاداشتتان بداتەوە.... ئەوەش کفن"

ئەمجا پێکەوە بە ڕێورەسمی مردوان شتمان و لە گۆڕستان ناشتمان... دواتر خەڵکی دەچوونە سەر گۆڕەکەی و لەخوا دەپاڕانەوە.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٧٠

چیرۆکی پیاوچاکێك لە بەنوئیسرائیلدا

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە پیاوێك هەبوو، لە نێو بەنو ئیسرائیلدا کە روو لە خوا بوو. ژنێکی گوێڕایەڵی رێك و پێکی هەبوو. ئەم ژن و مێردە رۆژانە باوەشێن و سەبەتەیان دروست دەکرد. پاش نیوەڕۆانیش کابرا دەستکارەکانی ئەو رۆژەی دەدا بە شانیدا و دەچووە شار. کۆڵانە و کۆڵان دەگەڕا و لەبەر ماڵاندا..... هاواری فرۆشتنی دەکرد. پاش نیوەڕۆیەکیان... ژنی ماڵە دەوڵەمەندێك ئەم کابرایە دەبینێت حەزی لێ دەکات. چونکە ماوەیەك بوو مێردەکەی لە سەفەر بوو. تاسەی دەکات و بە کەنیزەکەکەی دەڵێت:

"ئادەی.... بزانە بە هەر فێڵێك بێت ئەو کابرا.. جوان و قۆزە: باوەشێن فرۆشەم بۆ ناکەیت بەماڵدا!!"

کەنیزەکەکە دەچێتە دەرەوە و بە پیاو چاکەکە دەڵێت:

"ئاغاژنم.... دەڵێت... با بێتە ژوورەوە، سەیری دەستکارەکانی بکەم. تاکو شتی لێ بکڕم."

ئەمجا ژنەکە چووە بەردەم پیاوچاك و وتی:

"ماڵم رازاندووەتەوە.... خواردن ئامادەیە.... وەرە ژوورەوە. حەزم لێ کردوویت و خۆم دەخەمە بەردەستت. ئەوەش بزانە چەندین دەوڵەمەند و وەزیر و پیاوانی خانەدان داوایان کردووم. هەر وەڵامم نەداونەتەوە. ئێستاش وەرە... ژوورەوە."

پیاوچاك لە ترسی خوا... شەرم گرتی و سەری بڵند نەکرد وەکو ئەوەی بڵێت:

یەزدانی مەزن مەنعی منی کرد          دەنا... هەر لەوێ دەستم بۆ دەبرد
هەر چەند، تەسەلای حەزیشی دەبووم          شەرمم لە خوا بوو، کاری وام نەکرد

پیاوچاك ویستی بە هەر فێڵێك بووە: خۆی لەو گوناهە رزگار بکات بۆیە بە ژنەکەی وت:

"ئامادەم بەڵام مەرجێکم هەیە"

ژنەکە وتی:

"بە چاوان"

پیاوچاك وتی:

"مەسینەیەك ئاوم بۆ بێنن. تاکو سەر ئاوێکی پێ بکەم. بەڵام دەمەوێت لە شوێنێکی بڵندی ئەم خانووەدا بێت."

ژنەکەش وتی:

"ئاوڕەست ئەمانەیە، خۆیشت کۆیت بێ باشە بچۆ ئەوێ."

ئەمجا پیرەکەنیزەکەکەش وت:

"ئادەی... مەسیحییەکان ئاوی بۆ بێنن، بیبە سەربان کە بڵندترین شوێنی ماڵەکەیە."

ئەمجا کەنیزەکان ئاوی هێنا و بێنیش پیاوەکە کەوت. کە گەیشتە سەربان کەنیزەکەکە هاتەوە خوارەوە. پیاوەش سوچێکی سەربانەکە و سەیرێکی خوارەوەی کرد... تاکو خۆی لێوە فڕێ بداتە خوارەوە. هەر چەند بیری کردەوە بە باشی نەزانی ئەحلەتی لە شەیتان کرد و دەستنوێژی هەڵگرت و دوو رکات نوێژی کرد. ئەمجا رووی کردە خوا و وتی:

"خوایە... بۆ خۆت ئاگات لەحاڵمە هیچ شتێکت لە دەست دەرناچێتا!"

ئەمجا ئەم شیعرەی وت:

دڵم لای تۆیە... هەست و ویژدانم      لە نهێنییەکان دایت بیری پەنهانم

گەر دەنگم دەرهات بانگی تۆ دەکەم      بە ئیشارەتیش؛ شکا زمانم

رزگارم بکەیت خودای بانی سەر      کە بێ گوناهم... هیچیش ناتوانم

ئەمجا کابرا پەنای بە خوا گرت و خۆی فڕێدایە خوارەوە. پەروەردگاریش فریشتەیەکی بۆ نارد، باڵەکانی گرت و بە هێمنی لەسەر زەوی دانا. ئەمجا سوپاسی خوای کرد، کە رزگاری بوو. بەرەو ماڵەوە بووەوە. ئەو رۆژەش هیچی نەبردەوە بۆ ماڵ...! کە ژنەکەی پرسیاری لێکرد، بۆی گێڕایەوە ئەوەی چ بەلایەک بووە و دواتر خۆی بەردراوەتەوە و خوا یارمەتی داوە و هیچی لێ نەهاتووە! ژنەکەش وتی:

"پیاوەکە... ئەگەر ئەم ئێوارەیە "تەنوور" دانەخەم دەروودراوسێ دەزانن کە نان نییە بیخۆین. ئەم شەو ئێمەش بەرۆژوو بووین لێ دێنین و تاکو سبەینێ ئێوارە هیچ ناخۆین.

ئەمجا چووە حەوشە و تەنووری داخست... ئەم شیعرانەی وت:

خەم و خەفەتم بۆ کەس دەرناخەم      هەر بۆیەش ئێستا تەنوور دادەخەم

رازیم بە سزای خوای بانی سەر      کە ئەو بم بینێ منیش دەنگ ناکەم!

ژنەکە کەمێک لە تەنوورەکە دوور کەوتەوە لەو کاتەدا ژنە دراوسێ یەکیان هات و وتی:

"خوشکێ هەندێ پشکۆم بدەرێ منیش تەنووری پێ دادەخەم."

ژنی خواناسیش رێی پێدا، دراوسێکەی کە پشکۆکانی لە تەنوورەکە دەرهێنا، بانگی کرد:

"وەرە........ خوشکێ نانەکانت لێ بکەرەوە با نەسووتێن!!"

ژنەش بە پیاوچاکی وت:

"بیستت ژنە دراوسێکەمان چی دەڵێت!!؟"

پیاوەکەشی وتی:

"ئە بڕۆ... سەیرێکی ناو تەنوورەکە بکە"

ژنە چوو... نانەکانی لە تەنوورەکە دەرهێنا و زۆر سوپاسی خوای کرد. ئەمجا بە دەم نان خواردنەوە ژنەکە بە پیاوەکەی وت:

"پیاوەکە وەرە با پێکەوە لە خوا بپاڕێینەوە....تاکو ئاوا ڕۆزیمان بدات و بە پەیدا کردنیەوە ماندوو نەبین تاکو ئێمەش فریای پەرستی خۆی بکەویت."

ئەمجا پیاوچاك و ژنەکەی دەستیان بڵند کرد و کەوتنە نزا و پاڕانەوە. هێندەیان زانی ژوورەکە رووناك بووەوە و مرواریەك لە بنمیچەکەو کەوتە خوارەوە. ئەوانیش زۆر دڵیان خۆش بوو. ... سوپاسی خوایان کرد. کەوتنە خواپەرستی. دەمەوبەیان هەر دووکیان نووستن. ژنەکە خەونی بینی: لە خەویدا چووە شوێنێکی زۆر خۆش. کورسی و شوێنی بە یاقوت و مرواری رازاوەی تیابوو. ژنە سەری سوڕمابوو!! پرسی:

"ئەو ریزە کورسیانەی کە زۆر خۆش و رازاوەن بەیاقوت و مرواری و زێر شوێنی کێن؟"

لە وەڵامدا پێیان وت:

"ئەوانە شوێنی پێغەمبەرانن د.خ"

ئەمجا پرسی:

"ئەی باشە شوێنی مێردەکەم کامەیە؟"

وتیان ئەو کورسییە دەبینی؟"

ژنە وتی:

"ئەو کورسییەی شوێنی نقێمێکی دیارە کە دەرهاتووە؟"

وتیان:

"بەڵێ ئەوە نقێمەکەی ئەمشەو بەرمان دایەوە ژوورەکەتان لەو کورسیەمان کردەوە!!"

ژنەکە .......زۆر خەمی لە کورسی مێردەکەی خوارد و خەبەری بووەوە. بۆ بەیانی خەونەکەی بۆ مێردەکەی گێڕایەوە. ئەمجا بە دەم گریانەوە وتی:

"پیاوەکە...... با نزا و پاڕانەوە بکەین لە خوا...... کە نقێمە مرواریەکە بەرێتەوە شوێنی خۆی لە کورسیەکەتدا."

دیسان هەر دووکیان کەوتنەوە نزا و پاڕانەوە. ئەمجا مرواریەکە لە زەوی ژوورەکەوە.... بڵند بووەوە و خۆیشیان سەیریان دەکرد. تاکو نەما. ئیدی بە رەنجی شانی خۆیان بژیوی خۆیان پەیدا دەکرد. تاکو خوا گیانی کێشان.

شەهرزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٧١

## چیرۆکی حەجاجی یوسف و پیاو چاکەکە

شەهرزاد وتی: دەگێڕنەوە کە حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی ناردی بە شوێن پیاوێکی گەورەدا. کە هات فەرمانی دا کە خانوویەکی بۆ بکرێت و تیا بەند بکرێت. نابێت، نە کەس بچێتە و نەکەس لێ بێتە دەرەوە. ئەمجا ناردی ئاسنگەریان هێنا و هەندێ ئاسنیان هێنا و خستیانە بەردەستی تاکو هەڵقە و زریزەی بۆ دروست بکات و لە ملی بکەن و پێوەنی بکەن.

که ئاسنگەر کەوتە چەکوش کاری هەر جارەی بلندی دەکردەوە پیاو چاکەش سەری لەگەڵیدا بڵند دەکردەوە و دەیوت:

"الا له الخلق و الامر"

ئەمجا قەفەزێکی ئاسنیان بۆ کرد و کابرایان خستە ناو. هێندە بە بێ دەنگی و بێکەس مایەوە:

ئەی فریاد رەس، بە تۆیە پەنام — بە نیعمەتی تۆ کە من دەژیام
لە گرفتی من کە بێ ئاگا نیت — کەسی بێکەسان بگەرە فریام
گەر تۆ قبوڵتە ئازار بچێژم — هەر خۆت دەزانیت کە من لە چیام!

ئەو شەوە کابرای ناو قەفەزەی سپاردە پاسەوان و خۆی رۆیشتەوە بۆ ماڵەوە. بۆ سبەینێ گەڕایەوە بەندیخانە... روانی قەیدی ئاسن و هەڵقەکان رەویونەتەوە و کابرای بەند دیار نییە. بۆیە شپرزە بوو. گومانی ئەما... کە هەر ئەو رۆژە چوارمێخەی دەکێشنەوە و دەیکوژن. ... بۆیە بە پەلە چووەوە ناو ماڵ و منالی و خواحافیزی لێکردن و کێشەکەی بۆ گێڕانەوە. کفنەکەی خۆی خستە بن دەستی خۆی و چووە لای حەجاج. حەجاج بە کابرای وت:

"ئەفرەتت لێ بێت... کە کابرای بەندکراو لە بەردەستتدا بوو: هیچی نەدەوت!؟"

ئەمیش وتی:

"بەڵێ.... لەگەڵ بڵند کردنەوەی چەکوشی ئاسنگەردا.. دەیوت: "الا له الخلق و الامر" وەکو ئەوەی ئەمەی بۆ وترابێت:

خوایە... چەند بەلات لە سەر لاداوم — پشت بە تۆ لە سەر پێی خۆم وەستاوم
بەلا و موسیبەت بە بێ ئەندازە — فریاد رەسم بووی: هەر بۆیە ماوم

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٧٢

# چیرۆکی پیاوچاك و ئاسنگەر

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە کە پیاوچاکێك دەبیستێت، ئاسنگەرێ لە یەکێ لە شارەکاندا، هەیە. کە شیشی سوورەکراوی لە نێو ئاگرێ کورەکە دەردەهێنا: بێئەوەی دەستی بسووتێت!! ئەویش سەفەر دەکات بۆ ئەو شارە و لە ئاسنگەرە دەپرسێت و دوکانەکەی پیشان دەدەن. دەچێتە بەر دوکان و سەرنج دەدات سەری سوڕ دەمێنێ!! کە ئاسنگەر لە کار کردن دەبێتەوە لێی دەچێتە پێشەوە و سڵاوی لێ دەکات. ئاسنگەرەش وەڵامی دەداتەوە ئەمجا پێی دەڵێت:

"حەز دەکەم ئەمشەو میوانت بم"

ئاسنگەرەش دەڵێت:

"بە چاوان"

که نێواره بردیەوه بۆ ماڵ، نانی نێواره خورا. دوای ماوەیەك جێ راخرا. بۆ نووستن. که هەموو نووستن....میوانەش ........ که بینی نه خواپەرستی دەکات و نه سونەتەکان. له دڵی خۆیدا دەڵێت:

"رەنگه خواپەرستییەکەی له من شاردبێتەوە!!"

بۆیه شەوی دووەم و سێیەمیش مایەوە. بۆی دەرکەوت دوای فەرزەکانی نوێژ، هەندێ له سونەتەکان دەکات. میوانەکه لێی پرسی:

"براکەم هەر چەد سەرنجم داوه نوێژەکان و هەندێ سونەتەکان به جێ دێنیت که بڕوا ناکەم خوا "کەرامەت"ی پێ بەخشی بێت!!"

ئاسنگەر وتی:

"مەسەلەی ئەم دەست خستنه کوره و دەرهێنانی شیشی سوورەوەکراوانەم: بوونی کەرامەت نییه... دەبا........ بەسەرهاتی خۆمت بۆ بگێڕمەوە:

"کەنیزەکێك بوو، زۆرم حەز لێ کردبوو...... هەر چەند تەقەلام دا لەگەڵی جووت بم لەبەر ئەوەی "وەرع"ی دەکرد. رێی پێ نەدام. دوای ماوەیەك گرانی و برسیەتی رووی له وڵات کرد. ئەو کەنیزەکه رۆژێکیان له دەرگای ماڵی منی دا. که هاته ژوور وتی:

"زۆرم برسییه، لەبەر خاتری خوا.....تێرم بکه"

منیش پێم وت:

"خۆت دەزانیت چەندە حەزم لێ کردبوویت. تۆش هەر خۆت نەدا به دەستەوە. ئێستاش ئەگەر لەگەڵم جووت نەبیت تێرت ناکەم."

کەنیزەکەکه وتی:

"له برسا بمرم..... پێم باشتره له گوناه کردن. "

لێیدا و رۆیشت دوای ماوەیەکی تر..... دیسان له دەرگای ماڵی دام، منیش به هەمان شێوەم پێ وت. ئەویش دیسان رۆیشت و به قسەی نەکردم. دوای ئەمەش به ماوەیەك برسێتی زۆری بۆ هێنا و هاتەوە. منیش به هەمان شێوەم پێ وت. ئەویش دیسان خۆی نەدا به دەستەوە وتی:

| | |
|---|---|
| ئەو کەسەی چاکەت: که بێ سنووره | بۆ خۆت گوێت لێیه چاوت به نووره |
| هەر چۆن تینویەك که ئاو دەبینێ | دەمی پیا ناگات، کەهێندە دووره |
| لەشم بفرۆشم بۆ ژەمێ خواردن | رازی بم رسوام گەرنا رووم سووره |

ئەمجارەیان دوای دوو رۆژ دیسان هاتەوە و له دەرگای دام که کردمەوە..... وتی:

"براکەم... رووم نییه، روو له کەسی تر بنێم و داوای خواردنی لێ بکەم ئەوەتا .....دەنگیشم له برسێتیدا دەرنایەت"

منیش دیسان پێم وت:

"گەر لەگەڵم جووت نەبیت.... تێرت ناکەم!"

ئیدی خۆی بە پێوە بۆ نەگیرا و لە ژوورەکەمدا دانیشت. منیش خواردنی ئامادەم نەبوو، چووم چێشتم بۆ هەلکولاند...تاکو بۆی دابنێم و بیخوات. بە دەم شت ئامادە کردنەوە بیرم لەمە کردەوە خۆمم لەبەر چاو کەوت!! بە خۆم وت:

"بڕوانە.... ئەم ژنە بێ دەسەلاتە، دەڵێن ژیریشی ناتەواوە... کەچی هێندە ئازایە، خۆی نادات بە دەستەوە....!! بەڵام من کارەکەم گوناهەیە و گەر ئەم گوناهە نەکەم نامرم!! کەچی هێندە.... لە خوا ناترسم : کۆڵ بدەم لەم کەنیزەکە. بۆیە هەر لەوێدا "تۆبەم" کرد. ئەمجا خواردنەکەم بۆ برد و خستمە بەردەستی و وتم:

"بخۆ و... بێخەم بە چونکە لە ڕێی خوادا تێرت دەکەم!!"

کەنیزەکەکە سەری بڵند کردەوە و ئەم نزایەی لە خوا بۆ کردم:

"خوایە..... گەر ئەم پیاوە ڕاستگۆیە لەم قسەیەدا: لە ئاگری هەر دوو دنیای بپارێزە و بەئاگر مەیسووتێنە. تۆ بە سەر هەموو شتەکانی دنیادا زاڵیت"

ئیدی ئەوم جێ هێشت. چووم لە کوانووەکە ئاگر دەر بێنم. پشکۆیەك کەوتە کۆشمەوە. سەرنج دەدەم نەسوتاندمی و نە شوێنەکەی گەرم بوو......!! ئەمجا پشکۆکەم گرت بە دەستمەوە هاتمەوە ئەو ژوورەی کەنیزەکەکەی لێ دانیشت بوو. پشکۆکەم پیشاندا و وتم:

"مژدە بێت، نزاکەت لای خوا گیرابوو!!"

کەچی کە ئەوەی بینی و قسەکەمی بیست سەری بڵند کردەوە و وتی:

"ئەی پەروەردگار سوپاس بۆ تۆ..... کە نزاکەمت پەسەند کرد ئێستاش لێت دەپاڕێمەوە...... گیانم بکێشە!!"

هێندەی پێ نەچوو...... گیانی دەرچوو........نزای کرد.........

| | |
|---|---|
| بە کوڵ کە پاڕایەوە | خوا بە گیان کێشان جوابی دایەوە |
| گوناهبار بوونی: لەلا گران بوو | بۆیە دڵبەند بوو بەو دنیایەوە |

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٧٣

## چیرۆکی پیاوە خواپەرستەکە

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە پیاوێکی خواپەرستی بەناوبانگ لەنێو "بەنی ئیسرائیل" هەبوو. بە خۆگرەوە، لە چێژەکانی ژیان ئاسرابوو. نزاکانی بێ وەڵام نەدەمان!! هەر داوای بکردایە، پێی دەبەخشرا.. ئەم پیاوە بەو کێوانەوە بوو شەو نوێژی دەکرد پەروەردگاریش پەڵە هەورێکی لە سەر سەری دانابوو، بۆ هەر شوێنێك بچوایە لە سەر سەری بوو. هەر پێویستی بە ئاو بوایە، بۆ خواردنەوە و دەستنوێژ گرتن بۆی دەباری. ماوەیەکی باش بەم شێوەیە دەژیا... تاکو..... وردە وردە خواپەرستی کەم ببووە. خوایش ئەم نیعمەتەی لێ سەندەوە. نزاکانیشی لێ وەرنەدەگرت! ئیدی زۆری پەژارە پێ خوارد. زۆر پەشیمانی

دۆراندنی ئەو کەراماتەی بوو. شەوێکیان لە خەونیدا پێیان وت: بچۆ بۆ لای پاشای فلان مەملەکەت و لێی بپاڕێوە..... تاکو لای خوا نزات بۆ بکات لای پەروەدگار. ئیدی خوا پەڵە هەورەکەت دەخاتەوە سەر سەر!! نزاکانیشت لای خوا... گیرا دەبێت. ئەویش وتی:

رێی بەرەو پاشای خواناس دەگرم دەست بە داوێنی کەواکەی دەگرم
نزام بۆ بکات کە خوا بم بەخشێت پەڵە هەورەکەشی بێتە سەر سەرم
رێگای سەخت و دوور چۆڵ و بیابان بەرەو لای پاشا و گەورەمان دەگرم

کابرا رێیەکی زۆری بڕی تاکو گەیشتە شارەکە. ئەمجا پرسیاری ماڵی پاشای کرد. کە چووە بەردەم کۆشك لاوێکی زۆر قۆزی بینی... لە سەر کورسییەکی زێڕین دانیشتبوو. جل و بەرگێکی نایابی لەبەردا بوو. سڵاوی لێ کرد. لاوەکە وەڵامی دایەوە. ئەمجا پێی وت:

"من پیاوێکی داماوم. دەمەوێت بچمە لای پاشا"

لاوەکە وتی:

"رێگا نادەم.. چونکە پاشا هەفتەی رۆژێکی هەیە....... کە فلان رۆژە. تیادا خەڵکی دەچنە لای. تۆش برۆ.. ئەو رۆژە وەرە سەردانی."

ئەویش وتی:

"سەیرە...من پێم وتراوە پیاوێکی وەلی بۆ خوا رەخساوە...!! کەچی وادەرنەچوو."

شوێنەکەی جێ هێشت. چاوەڕێی ئەو رۆژەی کرد کە ئەو رۆژە دیاری کراوە هات. چوومەوە دەڕوانم: خەڵکێکی زۆر لەبەر قاپی وەستاون. منیش وەکو ئەوان چاوەڕێم کرد. هێنەمان زانی.... وەزیرێك هاتە دەرەوە: بەرگێکی زۆر نایابی گرانبەهای لەبەردا بوو. چەند خزمەتکاری بە دواوە بوو. ئەمجا پێمان وترا: نۆرەمانە... یەکە یەکە دەکراینە ژوورەوە. وەستام تاکو نۆبەم هات. کە چوومە ژوورەوە، پێی وتم:

"بەخێر بێیت خاوەن پەڵەهەور. فەرموو دابنیشە.... تاکو دەم پەرژێتە سەرت"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٧٤

## شەهرەزاد وتی: خواناس وتی:

"کە ئەمەم بیست، بۆم سەلما کە پاشا "وەلی"یە و پلە و پایەی هەیە. کە کاتی پاشای ئەو رۆژە کۆتا بوو، دەستی گرتم بۆ کۆشك و ماڵی خۆی بردم کە گەیشتم قولە رەشێکم بینی: بەرگی جوانی لەبەر بوو. شمشێر و قەڵغانی بە دەستەوە بوو. بەرەورووی شا هات تاکو فەرمانەکانی بۆ جێبەجێ بکات. ئەمجا دەرگایەکی بچکۆلەی بە دەستی خۆی کردەوە و دەستیشی بە دەستی منەوە بوو. بردمیە ژوورێکی بچووکەوە بەڕەیەکی تیا راخرابوو. ئەمجا دانیشتین. ئەمجا ژنەکەی بانگ کرد. کە وەڵام درایەوە پرسی:

"دەزانی کێ میوانمانە؟"

ئەویش وتی:

"ئا..... ئا: ئەوە خاوەن پەڵە هەورەکەیە!!"

ئەمجا پێی وت:

"وەرە ئێرە ئەم پیاوە خۆییە!"

کە هاتە ژوورەوە، ژن چی؟ وەکو مانگ جوان بوو. ناسك و نازدار بوو. ئەویش بەرگی خوری لەبەردا بوو. پەچەی پۆشی بوو. ئەمجا پاشا وتی:

"حەز دەکەیت هەواڵی ئێمە بزانیت؟"

منیش وتم:

"زۆریش...!"

پاشا وتی:

"بنەماڵەکەمان......بەوردوا کورسی پاشایانەی پێدراوە. کەس و کارم مردوون. تاکو گەشتووەتە......حوکمڕانی من. منیش یەکەمجار ویستم تەختی پاشایەتی جێ بهێڵم و بدەمە کێو بۆ خواپەرستی. دواتر کە بیرم کردەوە وتم: نابێت.... نەبادا.......بەو کارەم دووبەرەکی بکەوێتەوە و شەڕ و ئاژاوە بتەنێتەوە. ئایین لە وڵاتدا لاواز ببێت. بۆیەش بەرگی نایاب و گران دەپۆشم. دەرگاوان لەبەر دەرگای کۆشکی حوکمڕانی دادەنێم. تاکو پیاو خراپان لێم بترسن. پیاوچاکانیش ئاسوودە بن. ئەمەش ئامۆزای خۆمە و یارمەتی دەرمە بۆ خوا پەرستی. ئەوە بۆ چل ساڵێك دەچێت رۆژانە پاشام و حکومەت دەبەم بە رێوە، شەوانەش ئەم بەرگە دەپۆشین و بە کەم رازین. ئێوارانیش بە رووناك لق و پۆپی دارخورما دەخەینە سەر شانمان دەیبەین: لە بازاڕ دەیفرۆشین و بە پارەکەی نان دەکڕین و لێرە دەیخۆین. ئیدی زۆر ئاسوودە دەژین. تۆیش لای ئێمە بمێنەوە. تاخوا..... خۆی بەزەیی پێتدا بێتەوە. هێندەی زانی قولەرەشەکە بارە لقە دارخورماکانی هێنا و لەبەر دەرگای ژوورەکە بۆی دانان. ئەمجا بردیانە بازاڕ و بە "قیرات"ێکیان فرۆشت. ئەمجا نان و پاقلەیان لێ کڕی و هێنایانەوە. شەویش هەڵدەستانەوە بۆ "شەو نوێژ". خواپەرستیان دەکرد و دەگریان. چەند بەیانییەك لە پاڕانەوەکەیاندا وتیان:

"خوایە.... ئەو پیاوەش کۆیلەی خۆتە بەزەییت پێیدا بێتەوە پەڵە هەورەکەی پێ بدەوە. خۆ.....تۆ توانات بە سەر هەموو کارێکدا دەشکێت"

تاکو... بەیانیەکیان مژدەیان پێدام کە خوا نیعمەتی هەورەکەی پێ بەخشیومەتەوە. ئیدی خواحافیزیم لێ کردن و وەکو جاران بۆ هەر شوێنێك بچوومایە پەڵە هەورەکە بەسەر سەرمەوە بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٧٥

## بەسەرهاتی چەند سەحابەیەکی سەردەمی عومەری کوری خەتاب

شەهرەزاد وتی: دەگێرنەوە خەلیفە عومەری کوری خەتاب خوا لێی رازی بێت سوپایەکی گەورەی ئامادە کرد بۆ جەنگی دوژمنانی و ناردیە ولاتی شام. گەمارۆی چەند شوێنێکی قەلاداریان دا. سەرۆکی سوپای خاوەن قەلایەکیان ئامۆژگاری کردن کە دوو برا لە نێو سوپا گەرمارۆدەری خەلیفە عومەردا هەن. گەر بیان گرین یان بتوانین بیان کوژین ئەوا سەرکەوتنی جەنگمان مسۆگەر کردووە. بۆیە.... سەربازانی ناو قەلاکە... فرو فێلێکی زۆریان بە کار هێنا بۆ ئەو دوو برایە. دواتر بۆیان رێکەوت و یەکێکیان کوشت و ئەوی تریشیان بە دیل گرت. کە بردیانە بەردەم میر: سەرنجێکی دا ئەمجا وتی:

"گەر ئازادی بکەین...... مەترسییە بۆ خۆمان گەر بیکوژین خراپتر. بۆیە حەز دەکەم ئەم پالەوانە بێتە سەر ئایینی نەسرانی. ئەوسا دەبێتە پشت و یارمەتی دەرمان."

بۆیە سەرۆك قەشەکەیان وتی:

"قوربان من دەتوانم لە ئاینی خۆی وەربگێرم و ببێتە "نەسرانی"!! چونکە کچێکم هەیە زۆر جوان و نازدارە. هەر ببینێ شەیدای دەبێت. ئیدی ناشار دەبێت بۆ ئەوەی مارەی بکات بێتە سەر دینمان."

ئەمجا دەستیان دا بە دەست سەرۆك قەشەوە. ئەویش بریدەوە بۆ مالی خۆیان. ئەمجا کچەکەی بانگ کرد و فەرمانی پێدا خۆی برازێنێتەوە. کە هێندەی دی جوان و نازدار بوو. ئەمجا ئێوارە خواردنی پێدا ناردە لای پالەوانە موسلمانەکە. ئەویش کە خستیە بەردەمی لە بەرامبەریدا وەکو کەنیزەك وەستا و چاوەرێی فەرمانی بوو. پالەوانش سەری داخست کە لە نان خواردن بووەوە خۆی بە قورئان خوێندنەوە، خەریك کرد. ئەو کە دەنگیشی خۆش بوو بەم شێوەیە ٧ رۆژ کچی سەرۆکی قەشەکان خزمەتی پالەوانی موسلمانی کرد. تاکو.....کارەکە وا...... کەوتەوە کچەکە حەزی لە موسلمانەکە کرد. لە دلی خۆیدا وتی:

"خۆزگە...... رێی پێ دەدام...... لە سەر دەستی دا دەبووومە موسلمان."

رۆژێکیان کچە نەسرانی پێی وت:

"زۆر حەز دەکەم بێمە سەر دینت....!"

پالەوان وتی:

"زۆر باشە"

ئەمجا رێ و شوێنی موسلمانێتی و فەرزەکانی فێر کردن. دواتر پێی وت:

"حەزم لێ کردویت. بمکە.... بە ژنی خۆت"

پالەوان وتی:

"منیش حەز دەکەم...... بەلام دەبێت مەلایەك مارەمان بکات و ٢ شایەتی موسلمانمان لەگەلدا بێت. لەم مالەدا و بەم دەست بەسەرییەی من دروست نییە تاکو مارەت بکەم.

بۆیە...... پیلانێك رێك بخە.. هەر دوكمان لەم ماڵە بچینە دەرەوە، پەیمانت دەدەمێ لە تۆ زیاتر، کەسی دی مارە نەکەم"

کیژە جوانەکە چووە لای باوکی و پێی وت:

"بابە..... کە پێم وت شووت پێدەکەم رازی بوو. بێتە سەر دینی نەسرانیان. بەڵام دەڵێت چاوم بەرایی نایەت. لە شوێنێکدا ببمە مێردت و بێمە سەر دینتان کە براکەمی تێدا کوژراوە."

ئەمجا وتی:

"خۆم کەفیلی دەکەم ئەگەر بچێتە دێیەکی دەوروبەر...... ئەوا بە ژن و مێردی دەی هێنمەوە"

سەرۆکی قەشە چووە لای والی شار و ئەمەی بۆ گێڕایەوە. والی زۆری پێ خۆش بوو. ئەمجا رێی پێدا . ئەمجا بردیانن بۆ دێیەك. کە شەویان بە سەرا ها خۆیان بۆ سەفەر کردن ئامادە کرد. وەکو ئەم شیعرەیان بۆ وترابێت:

| | |
|---|---|
| وتیان سەفەری دوورت لەبەرە | وتم: ئەو ئەرکەم دیارە لە سەرە |
| کە رێگام هەر دەم هەر دو کێوان بێ | میل بە میل دەبڕم ئەو دەشت و دەرە |
| بە عەشقی تۆ دەڕۆم بەرێوە | دەگەم بە یاوەری ئا ئەم دولبەرە |

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٧٦

شەهرەزاد وتی: ئەو شەوە تا بەرەبەیان بە سواری ئەسپێکەوە بوون کیژە لە پاشکۆی پاڵەوانەکەدا بوو. ئەمجا ئەسپەکەشیان ماندوو بوو. لە لای ئاوێکدا لایان دا. دەستنوێژیان هەلگرت و نوێژی بەیانیان کرد. هێندەیان زانی غەڵبە غەڵبی خەڵك پەیدا بوو. زرمەی چوارناڵەی ئەسپان. دەنگ و هەرای زۆر. پاڵەوان وتی:

"جا چی بکەین لەوە دەچێت لەشکری نەسرانیەکان بێت...!"

کیژە پرسی:

"ئەوە دەترسی؟"

موسڵمان وتی:

"بەڵێ"

کیژە وتی:

"ئەرێ...... تۆ........باسی هاوار بردنە بەر خوا و فریادرەسی ئەوت بۆ دەکردم! وەرە با .... لێی بپارێینەوە"

پاڵەوان وتی:

"ئامین... ڕاست دەکەیت."

ئەمجا ئاوا پاڕانەوە:

هەمیشە خوایە بە تۆ موحتاجم گەر زێڕینیش بێت لە سەرا تاجم

پێویستی گەورەم هەر تۆی خودایە بێ لە سایەی تۆ لای کەسێ ناچم

خۆت بە بەزەیی و بەخشندەی بەڵام نوقمی گوناهەم، کە دەیدەم باجم

لەکاتێکدا.. کە دەپاڕانەوە دەنگی حیلەی ئەسپان و هاواری سوارە چەکداران نزیکتر دەبووەوە. گوێی لە دەنگی برا شەهیدەکەی بوو دەیوت:

"برا گیان... بێخەم بە... ئەوانە فریشتەکانن هاتوون شایەتی مارەبڕینی ئێوە بن..! خوا..... بە ئێوە دڵخۆشترە و ئاوتان دێنێ...! ڕێگای لفە بەر سەفەرتاندا لوول کردووە و ئەو کێوەی بەرامبەرتان شاخی قەراغ شاری خۆمانە. کە بە خزمەت خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب گەیشتیت، سڵاوی منی پێ بگەیەنە پێی بڵێ خوا پاداشتی ئامۆژگاریەکانی موسڵمانیەتیت بداتەوە."

ئەمجا فریشتەکانی پەروەردگار گەیشتن و سڵاویان لەو کوڕ و کچە کردو پێیان ڕاگەیاند کە خوا : پێش دروست کردنی حەزرەتی "ئادەم" و "دایکە حەوا" دروست بکات، بە ٢٠٠٠ ساڵ ئێوە لە یەکتر "مارە بڕاون"!!

کە ئەمەیان بیست زۆریان پێ خۆش بوو. دڵیان ئاوی خواردەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٧٧

شەهرەزاد وتی: بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر هەستان و نوێژی بەیانیان کرد. خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب هەموو بەیانیەك نوێژی دادەبەست. سورەتی "انعام"ی دەخوێند لە ڕکاتی یەکەمدا. بەڵام لە دووەمدا کەمتری دەخوێند. ئیدی مزگەوت بە موسڵمانان پڕ دەبوو. ئەم بەیانیە هەر دوو ڕکاتەکەی کورت تر و خێراتر کۆتا کرد. کە موسڵمانان سڵاویان دایەوە فەرمووی:

"با بڕۆین بە پیر بووك و زاواوە."

ئەمجا خۆی پێشیان کەوت و نوێژکەران کە سەریان سوڕما بوو!! شوێنی کەوتن. بەرەو دەروازەی دەرەوەی شار. دوای گەیشتنیان بووك و زاوا گەیشتن و خەلیفە سڵاوی لێ کردن. کەگەڕانەوە شار. حەزرەتی عومەر فەرمانی دا خواردنێکی فرە بکرێت بۆ موسڵمانان. ساڵانێکی بەختیاریان بردە سەر و خوا چەند منداڵێکی پێدان. ڕەحسا و و خزمەتگوزاری ئایین. چەند جوان وتراوە:

هەستە و تۆبە کە جا... خوا پەرستی کێ دەرگای ڕەحمی خوای لێ بەستی

بارانی ڕەحمی خوا خوڕزمە ڕووی لە قاپی کە.... بڕۆ.. نەوەستی
دەکرێ کە دیلی بەستراو ئازاد بێ ڕێی کراوە بێت بەرەو سەربەستی
ئیدی بە خۆشی و بەختیاری ژیانیان بە سەر برد، تاکو تەمەنیان کۆتا کرد.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٧٨

# چیرۆکی ئیبراهیمی خەواس و کچە پاشاکە

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە کە ئیبراهیمی کوڕی خەواس خوا لێی ڕازی بێت حەز دەکات سەفەر بکات. وتی:

"سەفەرم کرد ڕێگەم گرتە بەر. تاکو لە یەکێك لە هەرێمەکان گیرسامەوە. کۆمەڵێك کۆیلەی شمشێر بە دەستم بینی. لەبەرم هەستان و پرسیان:

"تۆ پزیشکیت؟"

وتم:

"بەڵێ"

وتیان:

"کەوابوو...... بڕۆ دیوەخانی پاشا."

ئیدی منیان بردە کۆشك. پێش ئەوەی بچمە ژوور پێیان وتم:

"مەرجەکەشی ئەوەیە هەر پزیشکێك چووەتە بینینی کچە نەخۆشەکەی پاشا و نەیتوانیوە چاکی بکاتەوە پاشا...... کوشتویەتی."

ئەمجا لەوێوە بردمیانە بەردەرگای کچە پاشا. کچە لە ژوورەوە بانگی کرد:

"پزیشکم بۆ بێنن" ئەمجا ئەم شیعرەی وت:

دەرگا والاکەن.... پزیشکە: واهات زۆری پێ سەیرە، بۆیە کشە و مات
چەندین نزیکان لە یەکتر دوورە یان دابڕاوان بە یەکتر بوون شاد
هەر چیەك دەڵێن: من بێ وەڵامم لۆمەیشم مەکەن گلەیی و بناشت

هێندەم زانی پیرەمێردێك دەرگاکەی کردەوە. چوومە ژوورەوە سەیرم کرد. زوور ڕازاوەتەوە. فەرشی نایاب ڕاخراوە. پەردە دادراوە. منیش فەرموودەکەی پێغەمبەرم بیر کەوتەوە. کە فەرموویەتی:

"گەر گەیشتن بە جوولەکە یان نەساریێ: سڵاویان لێ مەکەن"

سەیرم کرد کچێکە لاواز و ڕەنگ زەرد. لەو دیو پەردەوە هاواری کرد:

"کوا سڵاوی یەکتا و دڵسۆزی ئەی خەواس؟"

سەرم لێی سوڕما و وتم:

"چۆنم دەناسیت؟"

وتی:

"لەو کاتەوە بڕوام بە خوا هێناوە بووم بە موسڵمان بەندیان کردووم و بە شێتیان لە قەڵەم داوم! دوێنێ زۆر پاڕامەوە....گوێم لێ بوو یەکێك پێچی وتم: بێخەم بە، ئیبراهیمی خەواست دەنێرینە سەر. کە رزگارت دەکات! منیش پێشتر هەر پزیشکێك دەهات.... دڵم پێی دەگیرا. پەژارە دای دەگرتم. بەڵام ئەمجارە دڵم پێت دەکرێتەوە..... بۆیە دەزانم تۆ ئیبراهیمی خەواسیت."

ئەمجا پیرەمێردەکەی کە کچەکەی لە ژێر دەستدا بوو، پرسی:

"ها.. پزیشکەکەت چۆنە؟"

کچەکە وتی:

"نەخۆشییەکەمی دۆزیوەتەوە و ...... دڵم خۆشە.... پێمەوە دیارە: روو لە چاك بوونەوەم"

ئیدی پیرەمێرد زۆر رێزی گرتم. ئیدی ۷ رۆژ دەچوومە ژوورەکەی بۆ چارسەر کردنی. ئەمجا پرسی:

"کە بڕۆین بۆ "داراسلام"؟"

منیش وتم:

"کێ دەوێرێت لەم ژوورە....... دەربازت بکات؟"

کچەکە وتی:

"هەر ئەو کەسەی تۆی هێنایە ئەم ژوورە! دەتوانێت منیش لەم بەندیخانەیە دەربێنێت."

ئیدی ناوی خوامان هێنا و لە ژوورەکە هاتینە دەرەوە. پەنا بە خوا... کەس نەی بینین و کوێر بوون لە ئاستماندا. دواتر خۆی گەیاندە شاری "مەکە" و "مەدینە" و لە نزیك خانەی خوا، بۆ ماوەی ۷ساڵ مایەوە. تا بە رەحمەتی خوا چوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٧٩

## چیرۆکی یەکێك لە پێغەمبەران

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە، پێغەمبەرێك لە پێغەمبەران درودی خوایان لێ بێت دەچێتە شاخێکی بڵند بۆ خوا پەرستی. رۆژانە لە لوتکەی چیا دەمێنێت و بۆ ئاو خواردنەوەش شۆڕ دەبێتەوە بۆ دامێنی چیاکە..... کە لە سەرە رێیەکدا کانییەکی لێ دەبێت. بۆ ئاو خواردنەوە. رۆژێکیان سوارێك دەبینێ. لا دەدات. توورەکەیەك پارەی پێ دەبێت: لەولا خۆیەوە دای دەنێت و ئاو دەخواتەوە. دواتر سوار دەبێت و دەڕوات و توورەکە پارەکەی لێ جێ دەمێنێت!!

دوای کەمێك سوارێکی دی دێت دادەبەزێت و دەست و دەم و چاوی دەشوات و تێر دەخواتەوە. توورەکە پارەکە دەبینێت. ... هەڵی دەگرێت. سوار دەبێت و بە غار دەڕوات.

ئەمیش هەر وا سەیر دەکات. دواتر کابرایەکی داربڕ دێت و کۆلە دارەکەی دادەگرێت و دەست دەکات بە دەم و چاو شتن و ئاو خواردنەوە. هێندەی زانی سوارەی یەکەم پەیدا بوو دابەزی و لە داربڕی پرسی:

"کوا ئەو توورەکە پارەیەی لێرەدا بوو؟"

سوارەش شمشێری هەڵکێشا و داربڕی کوشت. ئەمجا جل و بەرگ و گیرفانەکانی گەڕا.... بەڵام هیچی نەدۆزیەوە. سوار بوو لێیدا و رۆیشت. پێغەمبەرەکە سەری بڵند کرد و وتی:

"ئەی پەروەردگار یەکێك پارەکەی بیرچوو، کەسێکی دی هەڵی گرت و بردی. کەمێکی دی کەسێ بێ تاوان بوو، لە سەر ئەو پارەیە کوژرا!!"

پەروەردگار وەحی بۆ نارد:

"تۆ بەرستشەوە سەرقاڵ ببە...... بەڕێوەبردنی مەملەکەت کاری تۆ نییە! ئەوە.... باوکی ئەو پیاوە، کاتی خۆی ۱۰۰۰ دنیاری کابرای پارە بەری زەوت کردووە....! ئەوە بوو بە پارەکەی گەیشتەوە. کابرای داربڕیش، کاتی خۆی باوکی خاوەن پارەکەی کوشت بوو بۆیە.... تۆڵەی خۆی کردەوە....!"

ئەو پێغەمبەرە وتی:

"الا اله الا انت سبحانك انت علام الغیوب"

پێشینان وتویانە:

پێغەمبەرێك دی بە دوو چاوان ئەو کارەساتە و هۆکەی نەزانی

بینیم پیاوێکیان بە ناڕەوا کوشت زۆر بە تۆپزی و بە بێ تاوان

یەکێکی تریش بەبێ ماندووبوون گەیشت بە خۆشی و پارە و سامانی

تومەز داربڕیش، باوك کوشتەی بوو کوڕی کوژراوەش دوایی بەم هانی

وتیان: کاری خەڵك بۆ "مە"حێ بێڵە ژیانی مرۆڤ "سرە" و پەنهانی

## چیرۆکی کەشتی پەوانە پیاو چاکەکە

دەگێڕنەوە: پیاوچاکێك وتویەتی: کەشتیوان بووم لە رووباری نیلدا لەمیسر. لە رۆخی خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا. رۆژێکیان لە بەلەمەکەمدا دانیشتبووم پیرەمێردێکی نوورانی جوان هاتە لام و سڵاوی کرد. وەڵامم دایەوە. ئەمجا پێی وتم:

"بۆ خوا رێم دەدەیت سواری بەلەمەکەت بیم؟"

وتم:

"بەڵێ"

ئەمجا پرسیەوە:

"ئەی تێریشم دەکەیت!؟"

وتم:

"به چاوان"
پیرەمێردەکە جلێکی پینەکراوی لەبەردا بوو، لەگەڵ کەشکۆڵێك و گۆچانێك کە پێی بوو.
کە گەیشتینەوە ئەو بەر رووبارەکە..... پیرەمێرد پێی وتم:
"دەمەوێت سپاردەیەکت پێ بسپێرم"
منیش وتم:
"سپاردەکەت چییە؟"
وتی:
"کە سبەی نیوەڕۆ.... دەگەیتە ئێرە.. بڕۆ ئەو بن ئەو درەختە.. دەم بینی راکشاوم.... کفنەکەم لە ژوور سەرم دایە. خۆت بمشۆ... کفنم بکە و دوای لە سەر خوێندنم و نوێژی نیوەڕۆ لە لەمکەدا بم نێژە. ئەم بەرگە پیناویە و کەشکۆڵ و گۆچانەشم لای خۆت هەڵبگرە... ئەگەر کەسێك هات و داوای ئەم شتانەی کرد...... بێدەرێ...."
ئەو شەوەم رۆژ کردەوە. بۆ نوێژی نیوەڕۆ.. راسپێری یەکەم: بیر چووەوە، عەسر بیرم کەوتەوە.... بە پەلە چوومەوە ئەو شوێنەی بۆی دیاری کردبووم. دەڕوانم پیرەمێرد راکشاوە و کفنەکەی لە ژوور سەر دایە. منیش چۆنی پێ وتبووم جێبەجێم کرد. شەو گەشتمەوە کەناری خۆرئاوای رووباری نیل. جلە پینەکراوەکەی و کەشکۆڵ و گالۆکەیم پێبوو.
بەیانی رۆژی دواتر، لاوێکم بینی کە پێشتر دەمناسی. کوڕێکی جوان و رێك پۆش و نازدار. هێشتا رەنگی خەنە بە دەستیەوە مابوو. کە گەیشتە لام پرسی:
"تۆ فلان کەسیت؟"
وتم:
"بەڵێ"
ئەمجا وتی:
"کەوابوو، سپاردەکەم بدەرێ!!"
منیش وتم:
"سپاردەکە چییە؟"
وتی:
"بەرگە پیناوی و کەشکۆڵ و گۆچانەکەیە."
وتم:
"باشە..... کێ ئەم زانیاریانەی بە تۆدا!؟"
ئەویش وتی:
"ئەوەی راستی بێت دوێنێ شەو، لە ئاهەنگی ژن هێنانی فلان کەسدا بووم تاکو بەرەبەیان گۆرانیم وت....! ئەمجا کەمێك نوستم، لە خەونمدا کەسێك هاتە ژوور سەرم و پێی وتم: هەستە... بڕۆ لای فلان کەس کە تۆی داوای بەرگەپیناوی کەشکۆڵ و گالۆکەکەی فلان پیاو چاك "وەلی" بکە. چونکە مردووە و تۆ خراویتە شوێنی ئەو."

ئەمجا شتەکانم دەرهێنا و پێم دایەوە. هەر لەو شوێنەدا بەرگە نوێیە نایابەکانی بەری داکەند و بەرگە پیناویەکەی خوا لێ خۆش بووی کردە بەر و خواحافیزی کردو رۆیشت. منیش زۆرم پەژارە خوارد کە ئاوا... دەست بە تاڵ مامەوە. کە شەو داهات. نووستم لە خەونمدا: گوێم لە دەنگێك بوو، پێی وتم: ئەی کۆیلەی من ئالوگۆڕەکانی جیهان بە دەست خۆمە! چۆنم بوێت: وا دەکەم:

دڵدار نیەتی لە یارا مەرام ئارەزوو خوازیت حەرامە حەرام
دوور و نزیکی حەزت نازانی؟ بڵێ پێش خۆمە می لێ جێ مام
گەر ئایە و مایەت حەز و هەوەسە بڵی بۆ مەرگ جڵەوی کێشام
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٨٠

# چیرۆکی پیاو چاکەکەی بەنو ئیسرائیل

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە پیاوێکی پیری دەوڵەمەند، کە دێتە سەرە مەرگ، کوڕە بۆ خوا سوڵحاوەکەی لە ژوور سەری دادەنیشێت پێی دەڵێت:

"بابە گیان... ئامۆژگاریم بکە."

ئەویش وتی:

"کوڕی خۆم.... هەرگیز مەستان و خاوەن مەیخانەیان و داوێن پیسان سوێند مەدە.........!!"

باوکەمرد. کوڕەش پارە و سامانێکی زۆری بۆ مایەوە. ماوەیەك رابورد و هاوڕێیانی خراپ لێی کۆ بوونەوە. پیاوێك هات و پێی وت:

"فلان بڕە پارەم لای باوکی رەحمەتیت بووە... جا.... گەر نەمدەیتەوە سوێندی لەسەر دەخۆم!!"

کوڕەش ناهێڵێت سوێند بخوات و ئەو بڕە پارەیەی دەداتێ! ئیدی خەڵکێکی زۆر کەوتنە سەر فێڵەکەی و چوونە سەر کوڕە....تا.. خستیانە سەر ساجی عەلی و سامان و پارەیان بە کوڕە نەهێشت....! ئیفلاس بو. ئەم کوڕە ژنێکی خواپەرستی زۆر چاکی هەبوو.....لەگەڵ دوو مناڵدا. شەوێکیان بە ژنەکەی وت:

"ئەوە.....پارە و سامانی باوکم کۆتا بوو ئێمەش برسی و داماو. خەڵکەکەش هەر بۆ قەرزی باوکم دێن و دێن...وەرە....... با .... ئەم شارە جێ بهێڵین و سەر بنێینەوە."

بۆ سبەینێ دا خۆی و ژنی و هەر دوو منالەکەی ماڵیان جێ هێشت و سواری پاپۆڕ بوون بێ ئەوەی بزانن بۆ کوێ دەچن!! دواتر شەپۆلی دەریا کەشتیەکەیانی تێك شکان و هەر یەکەیان بە پارچە تەختەیەکی کەشتیە شکاوەکەوە گیرسانەوە و بەرەو لایەك ئاو هەڵی گرتن. تەنیا کوڕێکیان نەبێت کە کەوتە دەست سەرنشینانی کەشتیەکی دی. ژنەکە لە شارێك

گیرسایەوە. کوڕەی پیرەمێردە دەوڵەمەندیش کەوتە دوورگەیەکی دوور و لە مردن رزگاری بوو. ئەمجا دەستنوێژی هەلگرت و دەستی کردە "بانگ دان..... ئەمجا نوێژی دابەست... سەیری کرد لە دەریاوە کەسانێك هاتنە دەرەوە و نوێژیان لە پشتیەوە دابەست...! کە سڵاوی دایەوە.. هەستی کرد زۆری برسییە بۆیە چووە بن دارێکی بەردار و لەمیوەکەی خوارد..... خۆی تێر کرد، ئەمجا گەڕا تاکو کانیەکی دۆزیەوە. ئاوەکەی سازگار بوو. تێری خواردەوە دیسان دەستنوێژی گرت و بانگی دا..... ئەمجا نوێژی دابەست.

دیسان کۆمەڵێك کەسی جۆراوجۆر لە دەریاوە: هاتنە دەر و لە پشتی کوڕەکەوە جەماعەتیان دابەست. دوای سێ رۆژ.. گوێی لە کەسێك بوو، پێی وت:

"ئەی لاوە خواسە، گوێڕایەڵی باوکی خۆت مژدە بێت... خوا دەرووت لێدەکاتەوە. ئەم دوورگەیەش گەنجینەیەکی گەورەی زێڕ و زیوی تیایە، بە نسیبت بووە. بگەڕێ بیدۆزەوە. خێر و چاکەی لێ بکە. کەشتیەك دەگاتە ئێرە و دەت دۆزنەوە، لایان خۆشەویست دەبیت. دواتر ئەوانەی دەگەنە ئەم دوورگەیە، بە خۆشەویستی تۆوە دەمێننەوە."

لاوە پیاو چاکەکە لە ماوەی ١٠ ساڵدا، هێندەی خەڵکی هەرێمەکان هاتن و لەدوورگەکەدا.......نیشتەجێ بوون... کە خۆیان کردە پاشای دوورگەکە. کوڕەکان هەر یەکەیان کەوتنە لای بازرگانێك و مەردانە بەخێویان کرن. زانست و ئەدەب و وێژەیان فێر کردن. ژنەکەشی شووی کردەوە بە پیاوێکی دەوڵەمەند و بووە باوەڕپێکراوی مێردەکەی، کە کوڕە گەورەکەی ناوبانگی ئەم پاشا خواناس و یارمەتی دەرەی بیست بێ ئەوەی بزانێت... کە ئەم پاشایە، باوکێتی. بەرەو لای چوو. کوڕە بچوکەکەشی بە هەمان شێوە بێ ئەوەی باوکی بناسێتەوە، رووی لە ئەم دوورگەیە کرد. بردیانە لای پاشا و ئەویش کردی بە ژمێریاری خۆی. ماوەیەکی زۆر پێکەوە بوون. بەڵام بە یەکتریان نەزانی بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو................ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٨١

شەهرەزاد وتی: بازرگانێك، باسی ئەم پاشا دادپەروەرەی بۆ ژنەکەی کرد، دواتر ژنەکەی هێنا و چوونە لای پاشا. دیاریەکی جوانیان لەگەڵ خۆیان بۆ پاشا برد. پاشاش زۆر دڵخۆش بوو بە دیاریەکە بۆیە پاداشتی باشی دانەوە. لە نێو دیاریەکانی بازرگانەدا هەندێك دەرمن هەبوو. پاشاش ویستی بزانێت: ئەم دەرمانانە بۆ چ نەخۆشیەك باشن!؟ پاشا بە بازرگانی وت:

"حەز دەکەم ئەمشەو میوانی من بیت."

بازرگان وتی:

"قوربان..... لە کەشتیەکەدا ئەمانەتێکم هەلگرتووە دەبێت بگەڕێمەوە ناو کەشتییەکە. بە بێ ئەو هیچم بۆ ناخورێت. ژنێکە بۆ خوا سوڵحاوە، دەم و نفوسی پیرۆزە!"

پاشاش وتی:

"پاسەوانی بەویژدانی بۆ دەنێرم؛ پارێزگاری بکەن و نەهێڵن، هیچی لە دەست دەرچێت!"

پیاوەکە مایەوە و پاشاش..... بریکار و نووسەرەکەی خۆی نارد لەگەڵ چەند سەرباز بۆ پارێزگاری کردنی کەشتی میوانەکەی. ئەو دوانەش یەکێکیان چووە ئەو سەری کەشتیەکەو ئەویتریان ئەم سەری. شەو تا درەنگانێك زکری خوایان کرد. دواتر یەکێکیان چووە لای ئەویتریان و وتی؛

"وەرە. با. بۆ خۆمان باسی رابردووی خۆمان بکەین.....نەبادا خەومان لێ بکەوێت!"

ئەویتر وتی؛

"جا..... براکەم.... من باسی زەمانە دەکەم چۆن باوك و دایك و براکەمی... لێ کردم. براکەم، ناوی تۆی هەبوو. ئەوەیش بە هۆی باوکمانەوە کە بە دەریادا سەفەری کرد. شارەو شار رۆیشت. ئیدی برا جوانەکەم ئێمەش لەگەڵی بووین. بۆچی با و بۆرِفت، هەڵی نەکرد. ... لەو دەریادا. کەشتیەکەی ئێمەی شکاند. هەر یەکە و بە لایەکدا ئیدی یەکترمان نەدیەوە!"

کە ئەویتر ئەمەی بیست پرسی؛

"باوکت ناوی چی بوو؟"

ئەویش وتی؛

"فلاّن"

کە ناوەکەی بیست باوەشی پێدا کرد و وتی:

"ئەرێ بە خوا. براکەی خۆمم دۆزیەوە!!"

ئەمجا پێك شاد و شوکر بوونەوە. دواتر کەوتنە گێڕانەوەی بەسەر هاتی منالّی خۆیان. ئەوا دایکە خواناسیش گوێی لە بەسەرهاتەکەیان بوو. بەلاّم... دانی بەخۆیدا گرت و هیچی نەوت. کە رۆژ بووەوە یەکێکیان بە ئەوی تری وت:

"وەرە با بڕۆینەوە، مالّی خۆمان لەوێ قسە دەکەین"

ئەویش وتی؛

"بە چاوان"

کە چوونەوە مالّ، کابرا.. سەرنجی ژنەکەی دا بینی زۆر خەمبارە.....! بۆیە لێی پرسی؛

"ئەوە چیتە؟"

ژنەی خواناس وتی؛

"چۆن خەمبار نەبم!!؟ تۆ دوو پیاوت کردووەتە سەرم، ویستیان دەست درێژیم بکەنە سەر!!"

کابرای بازرگان زۆر تووڕە بوو چووە لای پاشا و بە سەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە. پاشاش کە هەر دووکیانی بەداوێن پاك و بە ویژدان ناسی بوو ناردی بە شوێن هەر دووکیاندا. ئەمجا ناردی بە شوێن ژنە خواناسەکەدا. کە ژنە گەیشت. پاشا لێی پرسی؛

"ئەم دوو پیاوە چیان لێ کردی؟"

ژنەش وتی؛

"ئەی پاشا بە خوای خاوەن تەخت سوێندت دەدەم کە فەرمانیان پێ بدەیت قسەکانی دوێنێ شەویان وەکو خۆی پێ بگێڕەوە."

پاشاش فەرمانی دا قسەکانی دوێنێ شەوتان وەکو خۆی بۆمان بگێڕنەوە. کە بەسەرهاتەکەیان گێڕایەوە پاشا بە پەلە لە سەر تەختی پاشایەتیەکەی هەستا و هاواری کرد:

"کوڕینە بۆ خاتری خوا.. بە ڕاستتانە!!؟ خۆ... منیش باوکتانم."

ئەمجا باوەشی پێدا کردن و ماچی کردن. ژنە خواناسەکەش چارشێوەکەی لادا و هاواری کرد:

"سەیری منیش بکەن....... کوڕەکانم بە خوا منیش دایکتانم!!"

ئیدی هەموو پێك شاد بوونەوە. ژیانێکی خۆشیان بردە سەر. تاکو مردن. فریشتەی گیان کێش کۆتای کردن: شیعرێك هەیە دەڵێی بۆ ئەم بەسەرهاتە نووسراوە:

ڕووداوان هەموو کە بە ژووانن بەڵگە نەویستە و دەبێت بیزانن
کە تووش هێندەش بێ ئارام مەبە لە دوای تەنگانە، خەڵکی فەرحانن
کێ پێ دەزانێت: خێر لە چیدایە ڕووداو باشیشە: وای تێی نارِوانن
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٨٢

## چیرۆکی ئەبو حەسەنی دەڕاج و ئەبوجەعفەر

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە ئەبو حەسەنی دەڕاج زوو زوو سەفەری "مەکە"ی دەکرد. تەواو شارەزای ڕێورەسمی "حەج" کردن بوو. بۆیە هاوڕێ و ناسیاوانی ڕوویان لێ دەنا و لەگەڵیدا دەچوونە حەج. ئەبو حەسەن وتی:

"ساڵێکیان لە دڵی خۆمدا وتم ئەمساڵ خوا یار بێت بە تەنیا و بە دزی هاوڕێ و ناسیاوانەوە دەچمە حەج!! ڕۆژێکیان خۆم کرد بە مزگەوتدا بۆ نوێژ کردن. کابرایەکی "گەڕ" کە منی بینی وتی:

"ئەبو حەسەن بەڵکو لەگەڵ خۆت ئەمساڵ منیش ببەیت بۆ حەج!"

منیش لە دڵی خۆمدا وتم: من .....خۆم لە هاوڕێکانم دزیوەتەوە ئێستا چۆن لەگەڵ "گەڕ"ێکدا دەچم بۆ حەج!؟ بە کابرام وت:

"ناتوانم بت بەم!"

ئیدی کابرا بێ دەنگ بوو. ئەوە بوو: هەر وام کرد و بە تاقی تەنیا چوومە "عەقەبە" و لەوێوە بۆ شاری مەکە. ئەمجا تێکەڵی حاجیان بووم بە مزگەوتی "مەکە"دا دەڕوانم: کابرای "گول" لە میحرابەکەیدایە...!. منیش لە دڵی خۆمدا وتم: پەنا بە خوا...... باشە ئەم کابرا "گەڕ"ە چۆن پێش من گەیشتووەتە ئێرە!!؟ کابرای "گول" سەری بڵند کرد و بە زەردە خەنەیەکەوە وتی:

"جاری وا هەیە پیاوای لاواز کاری وا دەکات پیاوە بەهێزەکان سەریان سوڕ دەمێنێ!!"

ئەو شەوە تا خەوم لێ کەوت...... بیرم لێ کردەوە و پێم سەیر بوو......!! بۆ بەیانی رۆژی دواتر چوومەوە هەمان مزگەوت.... سەرنجم دا دیسان لە میحرابەکەدایە....! بۆیە لێی چوومە پێشەوە و پێم وت:

"گەورەم..... تۆ من لەگەڵ خۆت ببە."

ئەمجا داموکامەوە، پێیەکانی ماچ بکەم. دەستم کردە گریان. ئەویش پێی وتم:

"رێی ئەوەم نییە!!"

دیسان دەستم کردەوە بە گریان بۆیە پێی وتم:

"ئارام بە..... گریان و فرمێسك رشتن دادت نادات....!"

ئەمجا ئەم شیعرەی بە دەمدا هات:

| | |
|---|---|
| خۆت لێم دوور گرت و نزیکیت دەوێ | ئێستاش کە ناکرێ! لە منت کەوێ |
| بینیت لاواز و نەخۆشم وتت | رێی بۆ نابڕرێت لە پێ دەکەوێ |
| ئاخر... خۆ خودای گەورەی بانی سەر | جێی دێنی ئەوەی دیوتە لە خەوێ |

ئەمجا جێم هێشت، ئیدی بۆ هەر لایەك دەچووم لە پێش مندا لەوێ بوو. دواتر ئەم بینییەوە. ئەمجا "ئەبو زەیدی بەستامی" و "ئەبوبەکری شبلی" و کۆمەڵێ لە پیرانم بینی و ئەم سکاڵایەی خۆمم بۆ کردن. وتیان:

"ستەمە.... جارێکی دی هاورێیەتی ئەو پیاوە بکەیت!! ئەبو جەعفەری گول بووە. هەمیشە دوعای گیرایە."

کە ئەمەم بیست هێندەی دی تاسەیم کرد. زۆر لەخەوا پاڕامەوە. جارێکی دی ببینم. کاتێك لە "عەرەفات" وەستابووم. یەکێك لە دواوە رایکێشا کە ئاوڕم دایەوە: خۆی بوو، قیژەیەکم کرد و بێ ئاگا کەوتم کە بە ئاگا هاتمەوە. ئەو دیار نەمابوو. هێندەی دی لام خۆشەویست بوو. دوای چەند رۆژێکی کەم بینیمەوە! پێی وتم:

"بۆیە هاتوومەوە تاکو نزای بەخێرت بۆ بکەم"

منیش وتم:

"لە پاڕانەوەتدا بۆم: داوای سێ شتم بۆ بکە: ١- هەژارانم لا شیرین بێت. ٢- رۆژیم دیاری کراو نەبێت ٣- خوا.... بینی روخساریم پێ رەوا ببینێ!"

ئەم نزایەی بۆ کردم و دیار نەماوە. ئەمجا خوا.. نزاکەی پەسەند فەرموو. بەو خوایە لە هەژاری شیری تر نییە لام. بۆ دووەمیش: بەو خوایە... ئەوەندە هەیە برسی نیم: ئەگینا رۆژی دیاری کراوم نییە. بۆ سێیەمیش...... چاوەڕێم.

| | |
|---|---|
| بەرگی هەژاری کۆن و بە پینە | پیاوی چاك تێیدا گردە نشینە |
| کە بە رەنگی زەرد دەرازێتەوە | هێندەی دی لە لای خەڵکی شیرینە |
| زیکر و تەسبیحات کاری شەوانەو | بۆیە لە ماڵیا: خوا هەم نشینە |
| لێقەوماو هاوار بۆ فەقیر دێنێ! | تاکو باڵندەی سەر ئەم زەمینە |
| بۆ هەژارانە بەزەیی خوایش | ئەم رۆژی خەڵکە و باران بارینە |

گەر نزای شەری زۆردارێکی کرد          بۆی "نغرۆ" دەکرێت تا ئەو بێ دینە
ئەو خەڵکە هەموو لاوازو نەخۆش‌نزای ئەو تەنیا شیفا و نگینە
سیمای هەزار و رووە جوانەکەی          ئارامیی دڵە.... پاکە و زێرینە
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٨٣

## چیرۆکی حاسب کریم الدینی دانیالی زانا

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە لەزەمانی دێرین دا لە وڵاتی "یونان"دا پزیشکێك هەبووە، ناوی "دانیال" بووە. ئەم کابرایە زۆر بە ناوبانگ بووە. زانایان و پزیشکان هەمیشە ویستویانە لێی نزیك بنەوە. ئەم پزیشکە..... کوڕێکی نەبوو...... تا ببێتە جێگری لە پیشەی پزیشکیەکەیدا. بۆیە هەمیشە خەم و پەژارەی کردبوو بە پیشە. تاکو لەدوایدا بڕوای هێنا بەوەی کە خوا "مجیب الدعوات"ە دەرووی رۆزییە، بووردەیی بێ سنوورە و پاسەوانی بۆ دانەنراوە کەوتە خێر کردن و دەستگیرۆیی لێقەوماوان.

خوا بەزەی پێدا هاتەوە بۆیە ژنەکەی سکی پڕ بوو. پزیشکە بە خۆی و کتێبەکانیەوە دەچێتە سەفەر. لە کەشتیا و لەگەڵ ئەو سەرنشینانەدا دەکەونە دەریاوە و کەشتیەکە تێك دەشکێت: خوا..... ئەگەر یەکێك نەکوژێت نامرێت. بۆیە.... دەستی دەگاتە پارچە تەختەیەك وخۆی پێدا هەڵدەواستێت. تەنیا ٥ پەڕەی لە کتێبەکانی بۆ دەردەچێت. کە دەگەڕێتەوە ماڵ وەسیەت بۆ ژنەکەی دەکات و دەڵێت:

"ژنەکە من دوا دوای ژیانمە.. ئەگەر مردم و فریای بینینی ئەم منالە نەکەوتم: گەر کوڕ بوو، ناوی بنێ "حاسب" ئەم ٥ پەڕەیەشی لەو سندوقە بۆ دەنێم. گەر پرسی باوکم چی بۆ بەجێ هێشتووم... سندوقەکە بکەرەوە و ئەم ٥ پەڕەیەی بدەرێ. کە بە هۆیەوە دەبێتە پزیشکێکی بە ناوبانگ، پەروەردەیەکی باشی بکە. دوای ئامۆژگاریەکانی بە چەند رۆژێك کەریمە دینی دانیال مرد. ئیدی بە رێورەسمی جوان نێژرا و تەعزیەی بۆ گیرا.

دوای ماوەیەك ژنەکەی ناردیە شوێن ئەستێرە ناساندا، تاکو لە تالعی بڕوانن. ئەوانیش پێیان وت:

"ئەم سکەی تۆ کوڕە... لە سەرەتای لاویدا، تووشی گیروگرفت دەبێت. ئەگەر خوا رزگاری کرد و نەمرد دەبێتە یەکێك لە هەرە بەناوبانگەکانی پزیشکی."

ئەمجا لێیان دا و رۆیشتن. کۆرپەی لە دایك بوو. دوو ساڵ شیری دایکی خوارد. کە تەمەنی کوڕە گەیشتە ٥ ساڵان دایکی خستیە حوجرە بەڵام هیچ فێر نەبوو. ناچار دایکەکەی لەحوجرە دەری هێنا و خستیە بەر پیشە بەڵکو فێری ببێت. فێری پیشەش نەبوو!! دایکی کە ئەمەی لە کوڕەکەی بینی زۆر گریا. دەرودراوسێ.... ئامۆژگاریان کرد،

"کە ژنی بۆ بهێنێت...... تاکو ئەرکی ماڵ بەڕێوە بردن ناچاری بکات، پیشەیەك فێر بێت و کاری پێ بکات!"

دایکە داماوەکەی هەستا و چوو کچێکی بۆ خواست. ماوەیەکی زۆر بەو حاڵەیشەوە کوڕە، هەر فێری ئەوە نەبوو کار بکات. چەند دراوسێیەکی داربڕیان هەبوو. هاتنە لای دایکەکەی و پێیان وت:

"ئیدی کوڕەکەت ژن و ماڵی هەیە... دەبێت کار بکات. ئێمەش پێمان باشە "کەرێك" و گوریسێك و "تەورداس"ێکی بۆ بکڕیت و لەگەڵ ئێمە بینێریت بۆ داربڕین! وەکو ئێمە بارەدار بهێنێت بۆ شار، بیفرۆشێت."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە........... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٨٤

شەهرەزاد وتی: کە دایکی حاسب ئەمەی لە داربڕان بیست زۆر خۆشحاڵ بوو. ناردیە بازاڕ و "کەر"ێك و "تەورداس"ێك و "گوریس"ێکی بۆ حاسب کڕی و ڕۆژی دواتر دەستی کوڕەی گرت و دایە دەست داربڕانەوە و پێی وتن:

"ئاگاتان لە کوڕەکەم بێت"

ئەوانیش وتیان:

"بە چاوان، ئەمە کوڕی گەورەی گەڕەکمانە خوا لێی خۆش بێت."

لەگەڵ خۆیان بەرەو شاخ بوونەوە. ئەو ڕۆژە هەر یەکە و بارێك داریان بڕی و لە کەریان بار کرد و بردیانە ناو شار و فرۆشتیان. حاسبیش، لە پارەی دارەکەی بۆ ماڵەکەی خەرج کرد و هاتەوە. ماوەیەکی باش حاسب ئەم کارەی کرد، ڕۆژێکیان کاتێك لەگەڵ هاوڕێکانی خەریکی داربڕین بوو. بارانێکی بەخوڕەم باری ئەوانیش ناچار بوو بۆ ئەوەی تەڕ نەبن....... بچنە ئەشکەوتێکەوە.

داربڕەکان لەدەمی ئەشکەوتەکەدا، کەوتنە قسە کردن. حاسب، بەئەشکەوتەکەدا ....ماوەیەك ڕۆیشت بە تەنیا....... دواتر لێی دانیشت. بە دەم بیر کردنەوەوە، کەوتە چاڵی کردنی بەردەمی خۆی بە تەورداسەکەی. دوای کەمێك هەڵکەندن سەرنجی دا دەنگی زەویە بە شێوەیەك گۆڕرا. وەکو ئەوەی ژێرەکەی بۆش بێت! بۆیە کەوەتە دەردانی گڵەکە...... ڕووانی فەرشێکی ڕاخراوە ئەمجا هاوڕێ داربڕەکانی بانگ کرد.... بە هەموویان کەوتنە لادانی گڵەکە ودواتر فەرشەکە: سەیریان دەرگایەك دەرکەوت! ئەمجا دەرگایان کردەوە. دەمی بیرێکیان بینی! پڕ بوو لە هەنگوین. هەموویان زۆر خۆشحاڵ بوون. دواتر بڕیاریان دا کە یەکێکیان سواری کەرەکەی ببێت و بچێتەوە بۆ شار. دەبە و تەنەکە بێنن و پڕیان بکەن و بیان بەن بۆ بازاڕ و هەنگوینەکە بفرۆشن. ئەمجا پارەکەی بە یەکسانی بەش بکەن بە سەر خۆیاندا. یەکێك لە سەر بیرەکە بمێنێتەوە. ئاگای لە هەنگوینە بێت. حاسب وتی:

"من بە دیار بیرە هەنگوینەکەوە دەمێنمەوە."

ئەو رۆژە چەند کاروانێکیان لێ بار کرد و فرۆشتیان. ئیدی ماوەیەکی زۆر هەنگوینیان دەفرۆشت. ئەمجا بە جیا کۆبوونەوە وتیان:

"گەر ئێمە حاسب پشتگوێ بخەین لە شاردا باسی دەکات و دەڵێت هی من بووە چونکە یەکەمجار خۆم دۆزیمەتەوە. جا.... باشترین شت ئەوەیە خۆمان رزگار بکەین لێی، بەوەی بیخەینە بیرەکەوە، کەسیش پێمان نازانێت."

رۆژێکیان حاسبیان بردە سەر بیرە و پێیان وت:

"تۆ شۆڕ ببەوە سەتڵەکان پڕ بکە بۆمان."

ئەویش چووە خوارەوە بۆ بنی بیرەکە، تەنەکەکانی پڕ کرد و ئەوانیش لە سەرەوە بارە هەنگوینەکانیان بار کرد و لێیان دا و رۆیشتن. حاسبیش هەر چەند لە ناو بیرەکەوە هاواری کرد و لێیان پاڕایەوە.......... سودی نەبوو. جێیان هێشت بۆیە وتی:

"لاحول و لاقوە الا بالله العلی ....."

کە بارە هەنگوینەکانیان لە بازاڕ فرۆشت و گەڕانەوە و چوونە ماڵی حاسب و بە دایکیان وت:

"بۆ خۆت خۆش بیت کوڕەکەت گورگ خواردی."دایکی حاسب پرسی:

"چۆن گورگ خواردی؟"وتیان:

"لە سەر شاخ بووین. بارانێکی زۆر باری، ناچار بووین هاتینە خوارەوە و خۆمان کرد بە ئەشکەوتێکدا. دواتر کەرەکەی خوا لێخۆش بوو هەڵی تیزان و بەرەو دۆڵەکە بووەوە. ئەویش بەدوایدا چوو، تاکو بیگرێتەوە، بەڵام دۆڵەکە گەلە گورگێکی زۆری تیا بوو، پەلاماریان دا خۆی و کەرەکەیان خوارد"

کە دایکە ئەمەی بیست، کەوتە خۆ ڕنینەوە و لەخۆدان ئەمجا تەعزیەی بۆ دانرا. ئیدی داربڕەکان رۆژانە سەریان لەم دایکە داماوە دەدا و زەخیرە و خواردنیان بۆ دەبردن. لەولایشەوە داربڕەکان هەر یەکە و دوکانێکیان کڕی و دەوڵەمەند بوون.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

# شەوی ٤٨٥

## چیرۆکی شامار

شەهرەزاد وتی: حاسب دەستی کردە گریان. بۆ چارەڕەشی خۆی. کاتێکی زانی دوپشکێکی گەورە کەوتە خوارەوە. ئەویش هەستایە سەرپێ و کوشتی. دواتر کەوتە بیر کردنەوە و بە خۆی وت:

"باشە ئەم بیرە پڕ بوو لە هەنگوین، کە هەموویمان فرۆشت. و چۆڵ بوو، ئەم کونە چۆن پەیدا بوو. تاکو ئەم دووپشکەی لێ بکەوێتە خوارەوە!؟"

گەڕا...... تاکو کونەکەی دۆزیەوە... چەقۆیەکی پێ بوو کونەکەی بە هێندەی دەرگایەك گەورە کرد، سەیری کرد لەو دیوەوە دالانێکە، پێیدا نزیکەی سەعاتێك ڕۆیشت. دەرگایەکی بینی کە لە ئاسنی رەش دروست کرابوو. قفڵێکی زیوی پێوە بوو. کلیلێکی زێڕی پێدا هەڵواسرابوو.

حاسب کلیلەکەی هێنا و قفڵەکەی کردەوە. دەرگاکەش کرایەوە. حاسب چووە دەرەوە روانی گردێك بریسکە دەداتەوە. لە بەردێکی ئاسکی جوان دروست بووە، سەوزێکی کاڵی زەردباو بوو. تەختێکی پاشایانەی لە سەر دانراوە... کە بە یاقوت و مرواری نەخش کراوە. بە دەوریدا چەندین کورسی جوان و رازەوە بە "زومرود" و "زێڕ" و "زیو" نەخشاوە. چووە سەر تەختەکە و کەوتە ژماردنی ئەو هەموو کورسیانە، ١٢٠٠٠ کورسی بوو. ئەمجا سەیری گۆماوەکەی بەردەم تەختی پاشایانەی کرد و سەری لێی سوڕما...! دوای کەمێك هێندە ماندوو بوو خەوی لێ کەوت. دوای سەعاتێك گوێی لە فیشك وهوڕ و ژاوە ژاو بوو. کە بە ئاگا هات، ڕووانی هەر کورسیەك و ئەژدیهایەك پەپکەی لە سەر خواردووە، کە درێژییەکەی ١٠٠ باڵ دەبێت. چاویان لە پشکۆی ئاگر دەچوو. لە ترسانا قورگی وشك بوو. سەیری گۆمە ئاوەکەی بەردەمی کرد. هێندەی ماری بچووك تیابوو، کە لە ژماردن نەدەهات! دواتر ئەژدیهایەك هات، دەتوت هێسترە! سینیەکی زیوین لە سەر پشتی بوو. لە ناوەڕاستی سینیەکەدا مارێك بوو، وەکو بلور بریسکەی دەدا. سەری وەکو سەری مرۆڤ بوو، زۆر جوان قسەی دەکرد. کە شامارە مێچکە گەیشتە لای حاسب سڵاوی لێکرد. ئەویش وەڵامی دایەوە. ئەمجا یەکێك لە ئەژدیهاکانی سەر کورسییەکان هات و سینیەکەی بە شا مارەوە داگرت و لەسەر کورسییەك داینا. ئەمجا شیراندی هەموو ئەژدیهاکانی سەر کورسییەکان ڕاست بوونەوە. ئەمجا بە زوبانی ماران فەرمانی پێدان دانیشتنەوە. ئەمجا رووی کردە "حاسب" وتی:

"بێخەم بە...... من شای ئەم هەموو مارانەم، لێمان مەترسە"

کە حاسب کریم الدین ئەمەی بیست ئارام بووەوە. ئەمجا شامار فەرمانی دا: خواردن بێنن. سێو و هەنار و ترێ و فستق و گوێز و بادامیان هێنا. ئەمجا دەستیان کرد بەخواردن.

شامار پرسی:

"ناوت چیە؟"

ئەویش وتی:

"ناوم حاسب كريم الدينه"
شامار وتی:
"حاسب لەم میوانە بخۆ...... بێ لەمیوە، خواردنێکی ترمان نییە."
حاسب تێری خوارد و سوپاسی خوای کرد. سفرە و خوان لابرا. ئەمجا شامار وتی:
"پێم بڵێ لە کوێوە هاتوویت؟ خەڵکی کوێیت؟ بەسەرهاتت چی بووە؟"
ئەمیش هەر لە نووکەوە بۆی گێڕایەوە... چۆن دایکی خستویەتیە حوجرە بەڵام هیچ فێر نەبووە. خستویەتیە بەردەم وەستای پیشەیان. بەڵام هیچ فێر نەبووە. دواتر دایکی کەرێك و تەوارسێك و گوریسێکی بۆ کڕیوە و لەگەڵ دراوسێکانیدا، ناردوویەتی بۆ داربڕین. چۆن بیرە هەنگوینی دۆزیوەتەوە. دواتر خۆیان لە بیرەکەدا جێ هێشتووە. دوپشکەکەی چۆن کوشتووە و رۆیشتووە، تاکو دەرگا رەشەکەی بینی. ئەمجا بە شاماری وت:
"ئەمە چیرۆك و بەسەرهاتم بوو. دوا رۆژیشم خوا بۆ خۆی نەبێت، کەس نازانێت."
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.......... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٨٦

# چیرۆکی بلوقیا

شەهرەزاد وتی: کە شامار بەسەرهاتی "حاسب کریم الدین"ی بیست، پێی وت:
"دەمەوێت ماوەیەك لای مـن بمێنیتەوە، تاکو بەسەرهاتی خۆمت بۆ بگێڕمەوە، کە چەندین کێشەی سەیر و سەمەرەم بەسەر هاتووە......!"
ئەویش وتی:
"بە چاوان..... دەمێنمەوە."
شامار دەستی بە گێڕانەوە کرد و وتی:
"لە وڵاتی میسردا و لە نێو بەنی ئیسرائیلیەکاندا پاشایەك هەبوو. ئەم پاشایە کوڕێکی هەبوو ناوی "بلوقیا" بوو. ئەم پاشایە زانا بوو بە ئایین و هەمیشە خەریکی خوێندنەوەی کتێبان و خواپەرستی بوو. لەبەر ئەوەی پیر بوو چاوەڕێی مەرگ بوو. رۆژێکیان وەزیرانی کۆ کردەوە و کەوتە قسە کردن بۆیان و وتی:
"لەبەر ئەوەی چوومەتە ساڵەوە، زۆر نەخۆشیشم، دەمەوێت پێش ئەوەی دنیا بەجێ بهێڵم، یەك ئامۆژگاریم هەیە، پێتان بڵێم تاکو جێبەجێی بکەن. ئەویش "بلوقیا"ی کوڕمە ئاگاتان لێی بێت."
پاشا دوای ئەم ئامۆژگاریەی شایەتمانی هێنا و هەناسەیەکی هەڵکێشا و مرد. پاشا کفن کرا و لەگۆڕ نرا و مەملەکەت تەعزیەبار بوو. دواتر وەزیران "بلوقیا"یان کردە جێ نشینی و بووە پاشا. بەڵام پاشایەکی دادپەروەر و خواناس. ئەمجا کەوتە بە سەر کردنەوەی شتومەك و شوێنەکانی باوکی.. رۆژێکیان گەنجینەیەکی لە گەنجینەکان کردەوە دەرگایەکی بینی.

کردیەوە چووە ناو خەڵوەتگایەك. پایەیەکی سپی تیا بوو. لە مەرمەڕ دروست کرابوو. سندوقێکی لە سەر بوو، لە داری چام بوو.

بلوقیا سندوقەی داگرت و کردیەوە. سەیری کرد لە ناویدا سندوقێکی دی هەیە. لە زێڕ دروست کراوە. ئەویشی کردەوە.روانی کتێبێکی تیایە. دەستی کردە خوێندنەوەی. باسی سیفەتەکانی "محەمەد د.خ" تێدا بوو. ئەوەشی تیا نووسرابوو کە پێغەمبەری یەکەم و کۆتاییە. کە بلوقیا کتێبەکەی خوێندەوە پێغەمبەری بە دڵ چوو. ئەمجا هەموو وەزیر و گەورە پیاوانی بەنوئیسرائیل هەر لە قەشەکان و ئەحبارەکان و خاوەن کڵێسەکانەوە تاکو دەوڵەمەندان. ئەمجا کەوتە خوێندنەوەی. هەندێك لەو کتێبەی بۆ خوێندنەوە. ئەمجا پێی وتن:

"دەمەوێت گۆڕی باوکم هەڵبدەمەوە. ئێسك و پروسکی بسوتێنم؛ لەبەر ئەوەی چەند دەمێکە ئەم کتێبەی هەبووە و لە سندوقدا لە گەنجینەکەیدا شاردوویەتیەوە."

بەڵام دانیشتوان رازی نەبوون. بلوقیا تێگەیشت کارەکەی بۆ ناکرێت. خەڵکەکەش پێیان وت:

"باوکت، ئێستا لە گۆڕدایە و لە بەردەم فەرمانی خوادایە. تازە...... لە گۆڕی دەر مەهێنە."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٨٧

شەهرەزاد وتی: شامار دەستی بە گێڕانەوە کردەوە وتی:

"ئەمجا "بلوقیا" چووە لای دایکی و پێی وت: ئەرێ دایە..... کتێبێکم لە گەنجینەکانی باوکمدا دۆزیوەتەوە. باسی سیفەتەکانی "محەمەد" پێغەمبەر دەکات. منیش زۆر بە تاسەی بینینی ئەوم. بەجۆرێك گەر پێی شاد نەبم: بە تاسەوە دەمرم!!"

ئەمجا بەرگی پاشایەتی داکەند و بەرگی گەڕۆکی کردەبەر، عەبایەکی دا بە شانیدا و کوچەڵەیەکی ئاو خواردنەوە. ئەمجا چووەوە لای دایکی و وتی:

"دایە گیان هەمیشە نزای خێرم بۆ بکەیت."

دایکیشی وتی:

"جا .......کوڕەکەم، بێ تۆ چۆن بژیم؟"

بلوقیا وتی:

"خۆمان دەدەین بە دەست خواوە."

ئەمجا رێگای وڵاتی شامی گرتە بەر بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت. ئەمجا گەیشتە سەر دەریا. سواری کەشتی بوو. کەشتی کەوتە رێ. کەشتیەکە گەیشتە دوورگەیەك. سەرنشینان دابەزین و کەوتنە گەڕان بە دوورگەکەدا. بلوقیاش لەگەڵیان چوو دوای ماوەیەك گەڕان،

چووە بن دارێك. لەبەر ئەوەی ماندووبوو لە ژێر دارەکەدا خەوی لێ کەوت. کە بە ئاگا هاتەوە بەرەو کەناری دەریا بووەوە. تاکو فریای کەشتیەکەی بکەوێت. بەڵام کەشتی رۆیشتبوو. بلوقیای جێ هێشت بوو، ئەمیش زۆری خەم خوارد و کەوتە گەڕان. رێی کەوتە دۆڵێك. سەیری کرد پڕە لە ئەژدیهای گەورە، تیایاندا بوو بە هێندەی وشترێك دەبوو. هەموویان زیکری خوایان دەکرد و سەڵاواتیان لە "محەمەد د.خ" دەدا. ئەمیش زۆی بە لاوە سەیر بوو!! کە ئەژدیهاکان بلوقیایان بینی لێی کۆ بوونەوە. مارێکیان لێی پرسی:

"ناوت چیە؟ خەڵکی کوێیت؟ بۆ کوێ دەچیت؟"

ئەویش وتی:

"ناوم بلوقیایە..... بەنوئیسرائیلیم. خۆشەوستی محەمەد وای لێکردم: سەری خۆم هەڵبگرم و بە دوایدا بگەڕێم."

ئەمجا پرسی:

"ئەی ئێوە؟"

مارێکیان وتی:

"ئێمە لە "دۆزەخ"ەوە هاتووین. دۆزەخ لە گەرمی خۆیدا ساڵی ٢ جار هەناسە دەداتەوە. زستانان و هاوینان. ئێمەش لەگەڵ هەناسەکاندا دەکەوینە ئەم دۆڵەوە. دواتر کە هەناسە هەڵدەمژێتەوە دەگەڕێینەوە دۆزەخ. ئێمە بۆ گیانی دۆزەخیان دروست کراوین."

بلوقیا پرسی:

"ئەژدیهاکانی دۆزەخ هێندەی ئێوە گەورەن."

مارێکیان وتی:

"ئێمە هێندە بچوکین بە بەراورد بەوانی تر. بۆیە هەوای هەناسەکە فڕێمان دەداتە سەر زەوی. کاممان بەگەورە دەزانیت: بە کونە لووتی ئەژدیهایەکی دۆزەخدا بڕۆین. بە خۆی نازانێت...!!"

بلوقیا پێی وتن:

"باشە ئێوە زیکری خوا دەکەن...... سڵاوت لە محەمەد "د.خ" دەدەن. محەمەد چۆن دەناسن!؟"

مارێکیان وتی:

"ناوی محەمەد "د.خ" لە سەر دەرگای بەهەشت نووسراوە. هەر لەبەر خاتری محەمەد "د.خ" بەهەشت و دۆزەخ دروست بووە. لەبەر خاتری ئەو نەبوایە: زەوی و ئاسمانەکان دروست نەدەکران...! هەموو جارێك خوا لەگەڵ ناوی خۆیدا: ناوی محەمەد "د.خ" دێنێت!! هەر لەبەر ئەمەیشە محەمەدمان "د.خ" خۆش دەوێت."

بلوقیا هێندەیدی خۆشەویستی بۆ پێغەمبەر "د.خ" زۆرتر بوو. ئەمجا خواحافیزی لێکردن و رۆیشت بۆ رۆخی دەریاز کەشتیەکی بینی، چووە کەنار و لەگەڵیان سوار بوو. سەفەریان کرد. تا گەیشتنە دوورگەیەکی دی. کەشتیەکە لەنگەری خست. بلوقیا دابەزی و کەوتە گەڕان بەو دوورگەیەشدا. دوای سەعاتێك لە دۆڵێکدا مار و ئەژدیهای بینی. کە مەگەر

هەر خوا خۆی بزانێت چەندن! کە روانی مارێکی سپی لەسەر سینیەکی زێرینە. سینیەکەش لە سەر پشتی ئەژدیهایەکە، کە هێندەی فیلێك دەبێت....!! ئەمجا شامار بزەیەك گرتی و وتی:

"حاسب...... ئەو مارە سپییە خۆم بووم."

ئەمجا حاسب کریم الدین پرسی:

"ئێ توخوا..... لەگەڵ بلوقیا چیت کرد؟"

شامار وتی:

"کە بلوقیام بینی سڵاوم لێ کرد و وەڵامی دامەوە. ئەمجا پرسیم:

"تۆ کێیت؟ چ کارەیت؟ لە کوێوە هاتوویت؟ بۆ کوێ دەچیت؟"

ئەویش لە وەڵامدا وتی:

"من بلوقیام، لە بەنوئیسرائیلم. عیشقی محەمەد "د.خ" خستومیە سەر سەفەر کردن."

منیش پێم وت:

"منیش شای مارانم. کە بە خزمەتی پێغەمبەر "د.خ" گەیشتی سڵاوی منی پێ بگەیەنە."

ئەمجا بلوقیا خواحافیزی لە شامار کرد و رۆیشتەوە بۆ کەناری دەریا و سواری کەشتیەکە بووەوە، کەشتی کەوتەوە سەوڵ لێدان. تاکو گەیشتە "بیت المقدس". لە "بیت المقدس" کابرایەکی زانا هەبوو. شارەزا لە ئەندازە و ئەستێرە ناسی و بیرکاریدا. هەمیشە "تەورات" و "ئینجیل" و "زەبوور" "صحف ابراهیم"ی دەخوێندەوە. ناوی "عەففان" بوو. ئەم پیاوە دەیزانی هەر کەسێك موستیلەکەی حەزرەتی سولەیمان لە پەنجە بکات: مرۆڤ و جنۆکە و باڵندە و ئاژەڵان رکێف دەکات و لە فەرمانی دەرناچن....!! لە کتێبدا خوێندبوویەوە: کە حەزرەتی سولەیمان وەفاتی کردووە: تەرمەکەیان بەو موستیلەوە لە تابووت ناوە و بردوویانە بۆ حەوت دەریا... تابووتەکەیان خستووەتە ناوی. هەر کەشتیەك بچێتە حەوت دەریاوە: وەر دەگەڕێت و سەرنشینانی نقووم دەبن و دەخنکێن..! بۆیە کەس نییە لە دنیادا دەستی بگات بەو موستیلەیەدا. لە هەندێ کتێبی تردا، "عەففان" خوێندبوویەوە، کەوا گیایەك هەیە گەر بکوترێت و ئاوەکەی بدرێت لە بنی پێی هەر کەسێك ئەوا بێخەم بە سەر ئاوی دەریادا دەڕوات. بێ ئەوەی نقووم ببێت!! کەس نییە ئەو گیایەی دەست بکەوێت. تەنیا شامار نەبێت! ئەمجا بلوقیا گەیشتە "بیت المقدس". لەوێ کەوتە خواپەرستی. رۆژێکیان بلوقیا خەریکی خواپەرستی بوو. "عەففان" سڵاوی لێکرد. ئەمیش وەڵامی دایەوە. سەرنجی دا بلوقیا "تەورات" دەخوێنێتەوە....! لێی چووە پێش و پرسی:

"ئەرێ...... ناوت چییە؟ لە کوێوە هاتوویت؟ بۆ کوێ دەچیت؟"

بلوقیاش وتی:

"بلوقیام ناوە. میسریم. بەرەو محەمەد "د.خ" سەرم هەڵگرتووە."

عەففانی زانا وتی:

"کەوابوو..... بفەرموو، ئەمشەو لەماڵی من میوان بە."

بلوقیا وتی:
"بەخۆشیەوە."
ئەمجا شوێن عەفان کەوت. بەرەوماڵ دوای ئەوەی پەزێراییەکی باشی کرد، پرسی:
"باشە تۆ چۆن کەوتیتە سەر تاسەی بینینی "محەمەد د.خ"؟ کێ پێی ناساندی؟ ئاخر.....
تۆ محەمەدت "د.خ" نەدیوە!!"
بلوقیاش بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو................ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٨٨

شەهرەزاد وتی: کە عەفان ئەمەی بیست، لە خۆشیدا خەریك بوو شێت ببێت...! ئەمجا بە بلوقیای وت:

"براکەم... تۆ شامار پیشانی من بدە..... منیش دەتگەیەنمە "محەمەد د.خ". ئەو پێغەمبەرەی تۆ ناوت هێنا.... هێشتا نەهاتووەتە دنیاوە..! ئەگەر پێیشت سەیرە، کە من چۆن دەتوانم، بتگەیەنمە خزمەتی "د.خ" ئەوە کارەکە بەم شێوەیە: هەر دووکمان شامار دەگرین و لە قەفەزی دەنێین. دەشت و دەری دەگێڕین. بۆ گیایەك. کە ئەگەر دەستمان کەوت: جوان دەیکوتین ئاوەکەی دەگرین و بەری پێمانی پێ تەڕ دەکەین. ئیدی پەنا بە خوا.... بە سەر هەر ئاوێکی دەریادا بڕۆین نقووم نابین!! ئەمجا شامار دەبیەنەوە شوێنی خۆی و ئازادی دەکەین."

ئەمجا هەر دووکمان سەفەر دەکەین بەرەو ٧ دەریا. دەچینە بن دەریا و تابووتەکەی حەزرەتی سولەیمان دەکەینەوە و موستیلەکە لە پەنجەی پیرۆزی دەردێنین و دەگەڕێینەوە و دەگەڕێین بە شوێن دەریای رەشدا. لە ناوی ئەویش دەخۆینەوە. تاکو خوا تەمەنمان تا "رۆژی دوایی" درێژ بکاتەوە. بۆ ئەوەی سەردەمی محەمەد "د.خ" ببینین و بە خزمەتی بگەین. موستیلەکەش بە هۆیەوە دێو و درنج و جنۆکە و باڵندە و ئاژەڵان دەکەونە ژێر فەرمانمانەوە."

کە بلوقیا ئەمەی بیست وتی:
"من بە شامارت دەگەیەنم."

عەفان قەفەزێکی ئاسنی دروست کرد و لەگەڵ بلوقیا رۆیشت تا گەیشتە شوێنی شامار ئەمجا قەفەزەی کردەوە و پەرداخێك شیر و پەرداخێك "مەی" لە ناویدا دانا. خۆیان لە دوورە چاودێری قەفەزەکەیان کرد. شامار بە سەر پشتی ئەژدیهاکەوە هات و کە قەفەزەکەی بینی ماوەیەکی باش سەرنجی دا. ئەمجا بۆنی شیرەکەی کرد. حەزی لێ کرد و

خواردیەوە......دواتر پەرداخە مەیەکەشی خواردەوە. دوای کەمێك لەناو قەفەزەکەدا خێ بوو، نووست...! عەفان و بلوقیا هاتن. عەفان قەفەزەکەی داخستەوە و خستیە سەر سەری و لەگەڵ بلوقیادا گەڕانەوە. لە ڕێگا شامار چاوی هەڵێنا..... سەیری کرد بە سەر سەری کەسێکەوەیە! بلوقیاشی لەگەڵە. رووی کردە بلوقیا و وتی:

"ئەمە پاداشتی ئەوەیە کە ئازار بە مرۆڤ ناگەیەنم؟"

بلوقیاش لە وەڵامدا وتی:

"بێخەم بە...... شامار ئێمە هێندە کارمان ئەو دەشت و کێوە.. گیایەك هەیە گەر بکوترێت و ئاوەکەی لە بنی پێ بدرێت ئەو کەسە نقووم نابێت. گەر ئەو گیایەت پیشان داین..... دەتگەڕێنینەوە شوێنی خۆت و ئازاریشت نادەین.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٨٩

شەهرەزاد وتی: عەفانی پزیشك و بلوقیا شاماریان بە قەفەزەکەوە گەیاندە ئەو شاخەی کە رووەکەکەی لێیە... ئەمجا پێیدا کەوتنە گەڕان. بە ویستی خوا روویان لە هەر رووەکێك دەنا، سوود و چاکەی دەوت. گەیشتە رووەکێك وتی:

"من ئەو رووەکەم کە دەکوترێم و ئاوەکەم دەدرێ لە بنی پێ. ئیدی ئەو کەسە لە ئاودا نقوم نابێت و ناخنکێت!!"

کە عەفانی پزیشك ئەمەی لە رووەکەکە بیست قەفەزەکەی دانا. کەوتنە گیا کوتان. دوو شووشەیان لە رۆنی ئەو رووەکە پڕ کرد. ئەوی تریان هەڵسوو لە بنی پێیان. ئەمجا هەر دووکیان قەفەز و شاماریان هەڵگرت و چەند شەو و چەند رۆژ بەرێوە بوون. ئەمجا شاماریان گەیاندەوە شوێنی خۆی. ئەمجا دەرگای قەفەزیان بۆ کردەوە و شاماریان ئازاد کرد. شامار لێی پرسین:

"ئەو رۆنی رووەکەتان بۆ چییە؟"

وتیان:

"لە بنی پێمانی دەدەین و خۆمان دەگەیەنینە ٧ دەریا و دەچینە بنی دەریاکە و سندوقی حەزرەتی سولەیمان هەڵ دەدەینەوە و موستیلەکەی پەنجەی دێنین!"

شا مار وتی:

"هەیهوو...... هەی هوو!! ئەو کارەی ئێوە سەر ناگرێت!"

وتیان:

"لەبەرچی؟"

وتی:

"چـونکه کـاتی خـۆی حـەزرەتی سـولەیمان لـە خـوا پاڕاوەتـەوە کـە دیاریـەکی پـێ ببەخشێت..... کە بە کەسی دی نەبەخشرابێت. ئەوەتا خوا فەرموویەتی: رب هب لی ملکا لا ینبغی لاحد من بعدی انك انت الوهاب" واز بێنن لەو موستیلەیە. ئەگەر ئێوە ژیربوونایە: لەو رووەکەتان دەخوارد، کە تاکو ژیان لە سەر زەوی بمایە..... ئێوەش دەمان و تەمەنتان درێژ دەبوو. عەفانی پزیشك و بلوقیا بە پەژارەیەکی زۆرەوە..... گەڕانەوە. لەولایشەوە..... کە شامار گەڕایەوە ناو ماران رووانی لاوازەکانیان مردوون و ئەوانەشی ماونەتەوە، لاواز و بێ توانا.....پەرژ و بلاون. کە شایان بینی، کردیانە ئاهەنگ و خۆشی. ئەمجا لێیان پرسی:

"لە کوێ بویت؟"

ئەویش بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕانەوە. ئەمجا مار و ئەژدیهاکانی کۆ کردەوە و بەرەو کێوی "قاف" کشانەوە. ئەو شوێنەی "حاسب کریم الدین"ی تیا بینی بوو. ئەمجا شای ماران وتی:

"ئەی حاسب کریم الدین ئەمە بوو بە سەرهاتی من."

حاسب لە قسەکانی شامار سەری سوڕما! ئەمجا پێی وت:

"شامار ئێستا... داوات لێ دەکەم کە بم بەیتەوە سەر زەوی، بەلکو بڕۆمەوە مالی خۆم."

شامار وتی:

"تا ئەگەینەوە وەرزی زستان نابێت ئێرە بەجێ بهێلیت. کاکە..... لێرە بە لە کێوی قاف...با دێو و درنج ببینی، ئەو کێو و دەر و دەشتە ببینی ئەو هەموو ئاژەل و بالندانە ببینیت. بزانیت چۆن خواپەرستی دەکەیت. کە حاسب ئەمەی بیست پەژارە دایگرت. دوای کەمێك پرسی:

"باشە عەفانی پزیشك و بلوقیا: کە پێیان چەور کرد، چوونە ٧ دەریاوە یان نا؟ گەیشتنە تابووتی حەزرەتی "سولەیمان؟" ئاخۆ... بە موستیلەکە شاد بوون؟"

شامار وتی:

"هەر دووکیان بە دەریادا، سەفەریان کرد. لەم دەریاوە، دەچوونە ئەو دەریا... تا گەیشتنە ٧ دەریا. بەلام کێوێکی بلند لەبەر دەمیاندا بوو کە هەمووی بەردی "زومرود"و "مرواری" بوو. رووبارێکی پێدا دەهاتە خوارەوە. زەوییەکەشی هەمووی "میسك" بوو. ئیدی زۆر دلیان خۆش بوو. وتیان:

"بە ئاواتی خۆمان گەیشتین."

کە گەیشتنە شاخە بلندەکە، روانیان ئەوشکەوتێکی تیایە. کە دەمی ئەشکەوتە گومەزێکی زۆر جوانە. لەناو گومەزەکەدا تەختی پاشایەتییە. هێندە کورسی ریزکراوە کە مەگەر خوا بۆ خۆی بزانێت چەند کورسیە! ئەمجا عەفانی پزیشك چەند "قسەم " و "عەزیمە"یەکی فێری بلوقیا کرد. فەرمانیشی پێدا، کە دەچنە ژێر تەختی پاشایەتی: بیان خوێنێت و بێدەنگ نەبێت، کاتێکیان زانی ئەژدیهایەك: زیڕانی و لە ژێر تەختی پاشایەتیەوە هاتە دەر. ئەمجا بە عەفانی وت:

"ئەگەڕێیتەوە لە ئاوت دەبەم"

بەڵام عەفان نەترسا و کەوتەوە خوێندنی "قەسەم". ئەژدیهاکەش فویەکی گڕاوی کرد بە سەریدا... خەریك بوو ئەو ناوە بسوتێنێت. ئەمجا وتی:

"قوڕت بە سەر نەگەڕێیتەوە دواوە دەت سوتێنم. بەڵام عەفان نەترسا و سەرومڕبوو لە سەر قەسەم خوێندن و دەستی برد بۆ پەنجەی حەزرەتی سولەیمان لە نێو تابووتەکەدا. بلوقیاش کە زۆر ترسابوو بە پەلە بەرەودواوە گەڕابووەوە و لە ئەشکەوتەکە هاتبووە دەرەوە. ئەژدیهاش کە بینی "عەفان" ناترسێت یەك باوەش ئاگری کرد بە سەریدا و "عەفان" سووتا و بوو بە زوخاڵ.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.................... بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٩٠

شەهرەزاد وتی: عەفانی پزیشك ئەوەی بەسەرهات. لەم لایشەوە بلوقیا کە ئەو گڕەی بینی، لە ترساندا بوورایەوە. ئەمجا خوا فریای بلوقیا کەوت و لە دەمی ئەشکەوتەکەی دوور خستەوە. ئەمجا فریشتە نێرراوە کەی لە لایەن پەروەردگارەوە هاتبوو بە بلوقیای وت:

"ئەوا....... پێغەمبەر د.خ فریات کەوت و خوا منی نارده یارمەتیت"

بلوقیا بە هەلی زانی و وتی:

"من خۆشەویستی محەمەد"د.خ" منی گەیانده ئێرە."

فریشتەکەش وتی:

"بڕۆ بە رێی خۆتەوە... پێغەمبەر لە سەر دەمێکدا پەیدا دەبێت دووره لە تەمەنی تۆوە. هەر ئەوانە دەی بینن: کە لە سەردەمی ئەودا دەژین."

فریشتەکە فڕی و ون بوو.... بلوقیاش بە دەم گریانەوە، پەشیمان بووەوە بیری قسەی "شامار"ی بیر کەوتەوە. کە پێی وتن:

"هەیهوو..... ئێوە ناتوانن موستیلەی حەزرەتی سولەیمان بە دەست بێنن...!!"

ئەمجا بە لاپاڵی کێوەکەدا شۆڕ بووەوە. تا گەیشتە کەناری دەریاکە. سەعاتێك لێی دانیشت و بە سەر سوڕمانەوە دەیڕوانییە ئەو کێوە و دوورگەکانی نێو دەریاکە...! ئەو شەوە لە کەنار ئەو دەریایە مایەوە بۆ بەیانی ڕۆژی دواتردا؛ بنی پێیەکانی بە ڕۆنی رووەکەکەی پێی بوو چەور کرد و بە سەر دەریادا چەندین شەو و ڕۆژ بەڕێوە بوو. دواتر گەیشتە دوورگەیەك کە لە بەهەشت دەچوو..... هێندە خۆش بوو ئەویش دەستی کردە گەڕان... لە چەند لاوە: مرواری و زێڕی بینی.

لە هەندێ شوێن خاکەکەی "زەعفەران" بوو. کە پەرژینی ڕەزەکانی زۆربەیان لە گوڵی یاسەمین بوو. چەندین رووبار و کانی و ئاوی سازگاری تێدا بوو. لە چەند شوێن قامیشی شەکری تێدا بوو. کە چەند پەڵە گوڵی نێرگز و قورنغل و سەوسەنی تێدابوو. بولبولان لە

سەر درەختەکان، بە چەندین جۆر دەیان خوێند. ئاسکان لە دەشت و دۆلیدا بوون. دەسوڕانەوە: باڵندەکان بە سەر لق و پۆپەکانەوە هەر چەند بەو دیمەنانە دڵی گەشایەوە بەلام دڵ تەنگیش بوو بە ئەوی کە دەیزانی رێگەی هەڵە کردووە و ئەو رێگەیە نییە کە لەگەڵ عەفانی خوا لێخۆش بوودا پێیدا هاتبوو.

زۆر گەڕا و ئێوارەی بە سەردا هات. بۆیە.... بە درەختێکی بڵنددا هەڵزنا... تاکو لە سەری بنووێت. لە سەر دارەکەش هەر بیری لەو دوورگە خۆشە دەکردەوە لە پڕێکدا گوێی لە دەنگی ئاژەڵێك بوو. کە لە دەریاوە هاتە دەر. کە هەموو ئاژەلانی ترساند. بلوقیاش کە سەرنجی دا سەری سوڕما.!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٩١

شەهرەزاد وتی: دوای کەمێك بلوقیا سەرنجی دا ئاژەڵێکی زۆر لە دەریاوە هاتنە دەرەوە. هەر یەکەیان گۆیەکی مرواریان بە دەستەوە بوو دەبریسکایەوە! هێندە زۆر بوون.. ئەو دارستانەیان رووناك کردبووەوە. ئەمجا ئاژەلانی نێو دارستانەکەش هاتنە لایان و پێکەوە کۆ بوونەوە و کەوتنە مرقە مرق! تاکو بەرەبەیان بە زمانی ئاژەلان گفتوگۆیان کرد. کە بەیان هات و دنیا کەمێك رووناك بووەوە هەر یەکەیان بە لایەکدا و بلاوەیان لێ کرد.

بۆیە بە پەلە لە درەختەکە هاتە خوارەوە و بنی پێیەکانی دیسان چەور کردەوە و کەوتە رۆیشتن بە سەر دەریادا، تاکو گەیشتە شاخێکی زۆر بلند. کە لە دامێنی دا دۆلێکی دووزودرێژ هەبوو. بەردەکانی موگناتیس بوو. ئاژەڵەکانی: شێر و پڵنگ و کەروێشك بوو. بلوقیا کەوتە گەڕان. تاکو ئێوارە گەڕا، لە کەنارێکدا دەستی کرد بە ماسی خواردن. هێندەی زانی پڵنگێکی بۆ هات: تاکو بیخوات. ئەمیش خێرا بنی پێیەکانی چەور کرد و بە سەر دەریادا کەوتە را کردن. بایەك دەهات و ئاسمان بە هەور بوو. بۆیە زۆر تاریك بوو. بەو شێوەیە دەریای سێیەمیشی بڕی.

لەو دوورگەیەدا تاکو ئێوارە گەڕا، ئەمجا شوێنێکی بۆ خۆی دۆزیەوە و لێی نووست. بۆ بەیانی رۆژی دواتر دەستی کردەوە بەگەڕان. ١٠ رۆژی رەبەق لەو دوورگەیەدا مایەوە. سەرنجی دا: باز و هەڵۆیەکی زۆری تێدایە.. کە هێلانەیان لەناو ئەو لە سپییەدا کردووە. چونکە دار و درەخت و گژوگیای تیا نەبوو. ئەمجا چووە کەناری دەریاکە و سەفەری دەست پێکردەوە. چەند شەو و رۆژێك بە رێوە بوو تا لە دوورگەیەکی دی گیرسایەوە. شاخەکانی لە بلوری سپی دەچوون لە کاتێکدا دەبریسکانەوە. زەویەکەی دەماری وای تێدابوو، زێری لێ دروست دەکرا. گوڵەکانی رەنگ زێڕین بوو. بلوقیا تاکو ئێوارە بەو دوورگەیەدا سووڕایەوە. کە دنیا تاریك بوو. سەیری کرد گوڵەکانی وەکو ئەستێرە دەبریسکانەوە...! زۆری پێ سەیر بوو...! بۆی دەرکەوت خۆر لە رۆژدا کە هەڵدێت... ئەو گوڵانە وشك دەبنەوە و با لوولیان دەکات و دەیان

پەسێوێتە ژێــر بــەرد و کونــەکانی جــیاوە و لەوێــدا دوای ماوەیــەك دەبنــە زێــڕ. شــەو لــە دوورگەکەدا لێی نووست تاکو بەیانی. کە دنیا رووناك بووەوە بنی پێیەکانی چەور کرد و چووە سەفەرە بە سەر دەریای شەشەمدا. چەندین شەو و رۆژ بەرێوە بوو. تاکو گەیشتە دوورگەیەکی دی. ماوەیەکیش بەو دوورگەیەدا....گەڕا ۲ کێوی بڵندی بە دارستان چڕی..... بینی. میوەی رەز و باخەکەیان......لە کەللە سەری مرۆڤ دەچوو. بلوقیا زۆر شتی سەر سوڕهێنی بینی.

هەندێ درەختی بینی باڵندەی گرتبوو. قاچەکانی بۆ سەرەوە و خۆیشی هەڵواسراوبوو بە لقەکانیەوە. بەری درەختی پێوە بوو. کە دەوەریە سەر زەوی بەر هەر شتێك بکەوتایە؛ دەی سوتاند. بەری درەختی بینی دەگریا. بەری تری بینی پێ دەکەنی. لە کەناری دەریا درەختێکی بڵندی بینی کە ئێوارە داهات، چووە سەری و نووست.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٩٢

شەهرەزاد وتی: شەو لە سەر درەختەکە، کەوتە بیر کردنەوە لە گەورەیی خوا و ئەو هەموو شتە سەر سوڕهێنانەی کە بینی بووی. هێندەی زانی لە دەریاوە، کیژان دەهاتنە دەر و هەر یەکەیان مرواریەکی بریسکەداری بە دەستەوە بوو. هەموو ئەو کچانە هاتنە ئەو بنارەی بلوقیای بە سەرەوە بوو. دەستیان کردە سەما و هەڵپەڕکێ تا بەرەبەیان ئەمە پیشەیان بوو.

بلوقیاش لە سەر درەختەکەوە بێدەنگ سەیری دەکردن. تاکو بەرەبەیان ئەمجا کچان چوونەوە ناو دەریاکە. کە خۆر هەڵهات ئەمیش لە درەختەکە هاتە خوارەوە بنی پێیەکانی چەور کردەوە و بە سەر دەریای حەوتمدا، کەوتە سەفەر کردن. ئەمجا لە هیچ شوێنێك لای نەدەدا. هێندەی برسی بوو جار و بارێك دەستی دەخستە دەریاوە و ماسییەکی دەردەهێنا و بە کاڵی دەیخوارد.

بەم شێوەیە ۲ مانگی رەبەق بەرێوە بوو. دواتر گەیشتە دوورگەیەك کە پڕ رەز و باخ بوو. کانی و ئاوی زۆر بوو. کات نیوەڕۆ بوو. بلوقیا بە دڵی خۆی بەو دوورگەیەدا گەڕا. دواتر کە ماندوو بوو چووە ژێر دارسێوێکەوە. دەستی برد سێوێك لێ بکاتەوە و بیخوات کەسێك بانگی کرد:

"ئەکەی لەو دارسێوە نزیك بیتەوە و بیخۆیت چونکە ئەوە ژەهری تیایە و دەتکوژێت."

کە سەری بڵند کردەوە پیاوێکی قووچی بینی کە ٤٠ باڵێك درێژ بوو......! کە بلوقیا ئەمەی بینی زۆری لێ ترسا، بۆیە نەی وێرا سێوەکە بخوات. ئەمجا پرسی:

"بۆچی ئەت هێشت لەو سێوە بخۆم؟"

ئەو درێژەیش لە وەڵامدا وتی:

"چونکە تۆ.. نەوەی "ئادەم"یت. ئەویش فەرمانی خوای بە جێ نەهێنا و لەو سێوەی خوارد!"

ئەمجا بلوقیا لێی پرسی:

"تۆ چیت؟ ناوت چییە؟ ئەم دوورگەیە کێ خاوەنیەتی؟"

پیاوە زەبەلاحە درێژەکە وتی:

"من ناوم "شراهیا"یە.ئەم دوورگەیەش "سەخرشا"خاوەنیەتی. منیش دێوی ئەوم و کردوومی بە پاسەوانی ئەم دوورگەیە."

ئەمجا ئەویش پرسی:

"تۆ کێیت؟ چۆن گەیشتویتە ئەم دوورگەیە؟"

بلوقیاش بە سەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە. ئەمجا دێوەکە پێی وت:

"بێخەم بە... مەترسە."

چوو هەندێك خواردنی بۆ هێنا... بلوقیاش تێری خوارد، ئەمجا بلوقیا کەوتەوە سەفەر کردن. ١٠ رۆژی رەبەق بەڕێوە بوو. ئەمجا گوێی لە دەنگە دەنگ بوو. تەپ و تۆزێکی زۆریش بڵند بوو بووەوە. ئەویش بەرەو تەپ و تۆزەکە رۆیشت. روانی سوارەیەکی زۆری رم بە دەستن و هەندێکیان پارچە ئاسنی پێیە. رم و شمشێر بە دەستیشیان تێدایە. کە دیار بوون کە جەنگاوەری مەزنن. ئەمیش زۆر لێیان ترسا.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو........ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٩٣

شەهرەزاد وتی: کە سوارە جەنگاوەرەکان هاتن کەوتنە شەڕ و شمشێر و گورز وەشاندن. دوای کەمێك یەکێك لە سوارەکان بلوقیای بینی بە دەوریدا خولایەوە و بە سەر سوڕمانێکەوە پرسی:

"ئەرێ تۆ چیت؟ بۆ کوێ دەچیت؟ ناوت چییە؟ چۆن گەیشتییە ئێرە؟"

ئەمجا بانگی سەربازەکانی کرد. ئەوانیش جەنگیان وەستان و هاتن. کەوتنە سەیر کردنی بلوقیا. ئەویش لە وەڵامدا وتی:

"من مرۆڤم....ناوم بلوقیایە. رێم ون کردووە. هاتوومە ئێرە. هەواداری "محەممەدم د.خ"

ئەمجا ئەویش پرسی:

"ئەی ئێوە چین؟ ئەم جەنگە لە سەر چی دەکەن؟ ئێرە کوێیە؟"

جەنگاوەرەکەی یەکەمجار هات بۆوە لای وتی:

"ئێمە جنۆکەی بڕوادارین ساڵی جارێك خوا فەرمانمان پێ دەدات بێینە سەر ئەم جنۆکە کافرانە و لەگەڵیان بجەنگین. ئێرەش پێی دەوترێت وڵاتی "شەدادی کوڕی عاد"ە. مەملەکەتی ئێمەش...... پاشایەکی هەیە ناوی "شا سەخرە". وڵاتەکەشمان ناوی "زەوی

سپی"یه. کەوتۆتە ئەو دیو کێوی قافەوە.....ئەگەر تۆ سەفەری بۆ بکەیت بە ٧٥ ساڵ دەگەیتە وڵاتی ئێمە."

جەنگاوەران پێیان وت:

"ئەی ئادەمیزاد تۆ دەبێت لەگەڵ ئێمە بێیت: تاکو پیشانی پاشاکەمانت بدەین."

ئەمجا ......... بلوقیایان لەگەڵ خۆیان برد و گەڕانەوە وڵاتی خۆیان. کە بلوقیا روانی رەشماڵێکی زۆر هەڵدراوە. کە هەر یەکەیان لە ئاوریشمی سەوزی کاڵ دروست کراوە. لە ناوەڕاستیاندا رەشماڵێك هەیە. لەوانی دی پان و پۆڕ ترە...! ئەمەیان لە ئاوریشمی سوورەو هێڵی شینی تیا نەخش کراوە. گوریس و پەتەکانی بە ئالتون نەخش کراوە. جنۆکە بڕوادارەکان نەوەستان تاکو بلوقیایان گەیاندە بەردەم "سەخر پاشا". بلوقیا کە رووانی: لای راستی پاشاوە کۆمەڵەی وەزیران دانیشتون....! لای شانی پاشاوە کۆمەڵەی زانایان و پزیشکان دانیشتوون. ئەمجا سەخر شا کە بلوقیای بینی فەرمانی دا.... هێنایانە ژێر رەشماڵەکە. سڵاوی کردو پاشا وەڵامی دایەوە و فەرمانیدا کورسیەکیان بۆ هێنا لە تەنیشتی تەختی پاشایانەی خۆیەوە داینا..... ئەمجا پرسی:

"تۆ چیت؟ ناوت چییە؟ لە کوێوە هاتوویت؟"

بلوقیا وتی:

"من مرۆڤم.... رێم ون کردووە! هەواداری محەمەدم "د.خ"

ئەمجا کەوتە گێڕانەوەی گەشتەکەی، لە نووکەوە کە .... چی بەسەرهاتبوو. سەخرشا.. سەری لێ سوڕما! ئەمجا فەرمانی دا...... سفرە راخرا. خواردن دانرا..... کە ١٥٠٠ سینی بوو. هەندێکیان گۆشتی وشتری کوڵاو بوو. هەر سینییەك ٥٠ سەر وشتری لە سەر بوو. چەند سینییەکیان، گۆشتی کوڵاو و برژاوی لە سەر بوو. هەر سینیەك ٥٠ سەر مەڕی برژاوی لە سەر بوو. کە بلوقیا ئەم سینیانەی بینی سەری سوڕما!! دەستی کردە خواردن لەگەڵیان کە تێر بوو: سوپاسی خوای کرد. ئەمجا سفرەکان هەڵگیران... میوەکان هێنران. دوای میوە خواردن بلوقیا سوپاسی خوای کردەوە. ئەمجا هەموویان سەڵاواتیان لە محەمەد "د.خ" لێ دا.

ئەمجا شا سەخر وتی:

"بلوقیا حەز دەکەم ئەوە بزانیت... خوا ئاگری لە حەوت نوێژ دروست کردوە. نێوان توێژێك بۆ توێژێکی دی ١٠٠٠ ساڵ رێیە! توێژی یەکەم ئاگری دۆزەخە بۆ ئەو موسڵمانە ملهوڕانەیە، کە تاکو مردن: تۆبە ناکەن...! توێژی دووەم! ناوی کلێپەیە! ئەوە بۆ کافران دانراوە! توێژی سێیەم، پێی دەوترێت دۆزەخ، ئەمەیان بۆ "یاجوج" و "ماجووج" دانراوە...! توێژی چوارەم ناوی گڕە ئەوە بۆ هۆزی شەیتان تەرخان کراوە. توێژی پێنجەم، ئاگری سەقەرە ئەوە بۆ نوێژنەکەران" تەرخان کراوە..! توێژی شەشەم: ئاگری "حطمة"یە.....! ئەمەیشان بۆ جوولەکە و نەسرانیانە!! حەوتەم توێژی ئاگرەکە: ئاگری "هاویە"یە........ بۆ "مونافیقەکان" دانراوە."

بلوقیا وتی:

"رەنگە حەوتەم توێژی ئاگرەکە، گەرمییەکەی لە هەموویان کەمتر بێت: چونکە کەوتۆتە سەرووی هەموویانەوە!!"

شا سەخر وتی:

"راستت وت، بەڵام ١٠٠٠ کێوی ئاگرینی تیایە هەر کێوەیشی ٧٠٠٠٠ دۆڵی ئاگرینی هەیە!! هەر شارێکی ٧٠٠٠٠ قەڵای ئاگرینی تیایە!! هەر قەڵایەکیش ٧٠٠٠٠ ماڵی ئاگرینی تیایە. هەر ماڵەش ٧٠٠٠٠ تەختە ئاگرینی تیایە. لە سەر هەر تەختە ئاگرینەش ٧٠٠٠٠ جۆر جەزرەبەدان هەیە!! ئەمەی باسم کرد بۆت، ئەی بلوقیا: توێژی یەکەم بوو. بەڵام توێژەکان دی مەگەر خوا خۆی بزانێت چۆنن.........!!"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٩٤

شەهرەزاد وتی: کە بلوقیا ئەمەی لە شا سەخر بیست لە ترسا بوورایەوە. کە بە ئاگا هاتەوە بە دەم گریانەوە وتی:

"ئەی پاشا: دەبێت حاڵی ئێمە چی بێت؟"

شا سەخر وتی:

"بلوقیا ئەوە بزانە: هەر کەس هەواداری محەممەد د.خ بێت و خۆشی بوێت! ئاگری دۆزەخ نای سوتێنێت!! بەڵام ئێمە لە ئاگری دۆزەخ دروست کراوین. یەکەم جار دوانمان دروست کراوین. ناویان "خلیت" و "ملیت" بووە. خلیت لە شێوەی شێردا بووە. ملیتیش لە شێوەی گورگدا بووە. ئەو دووانە ٧ منداڵیان بووە....... شەشیان گوێڕایەڵیان بوون..... یەکێکیان نەبێت لێیان یاخی بووە!! ئەویش لە دۆزەخدا ماوەتەوە و "مار" و "دووپشك" لەومن!! ئیدی ئەمانە جەزرەبەی دۆزەخیان دەدات. ئەم دانە ملهوڕەی دۆزەخیش کە لە شەش براکەی دابڕاوە، لە شێوەی "کرم" دایە.. ناوی "شەیتان"ە. لەعنەتی خوای لێ بێت.

کاتێك پەروەردگار "ئادەم"ی دروست کرد فەرمانی دا بە شەیتان کە کڕنووشی بۆ بەرێت. بەڵام شەیتان کڕنووشی بۆ "ئادەم" نەبرد. خوایش دەری کرد و نەفرەتی لێ کرد. بەڵام شەش خوشك و براکەی دی بڕواداربوون. ئێمەش نەوەی ئەوانەین ئەی بلوقیا."

بلوقیا..... زۆری پێی سەیر بوو، ئەمجا وتی:

"ئەی شا سەخر، دەمەوێت فەرمان بدەیت یەکێك لە "ئەعوان"ەکانت، من بگەیەنێتەوە وڵاتی خۆم"

شا سەخر وتی:

"ئێمە بە فەرمانی خوا نەبێت، ناتوانین کاری وا جێبەجێ بکەین.... بەڵام دەتوانم ئەسپێکی خۆمت بخەمە ژێرت... کە بتگەیەنێتە هەموو سنوورەکانی دەسەڵاتی خۆم. لەوێوە

کۆمەڵێکی دی هەن: لە فریشتەکان لە ناویاندا شا براخیا ئەسپەکەمان دەناسێتەوە و بۆمان دەنێرێتەوە. هەر ئەوەندەش توانامان هەیە"

بلوقیا دەستی بە گریان کرد و وتی:

"چیت توانایە، دریغیم لێ مەکە."

شا فەرمانی دا ئەسپیان بۆ هێنا و پێیان وت:

"بێدەنگ سواری ببە، قسەی لەگەڵ مەکە. لێی مەدە. مەشیرێنە بە سەریدا بۆ خۆی غار دەکات و دەڕوات. چونکە لێی بدەیت لە ناوت دەبات"

بلوقیاش وتی:

"بە چاوان"

ئەسپەکەش کەوتە فڕین کە بە سەر ڕەشماڵی شا سەخردا ڕۆیشت بلوقیا سەیری ئەو مەنجەڵە زەبەلاحانەی کرد. کە هەر یەکەیان ٥٠ وشتریان تێ فڕێ دابوو. ژێریان ئاگر بوو، سەری سوڕما. شا سەخر کە لە سەر زەوی سەیری دەکردن بلوقیای بینی فەرمانی دا: دوو وشتری کوڵاوی بخەنە دوا و سەر پشتی ئەسپەکەی بلوقیا.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو................ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٩٥

شەهرەزاد وتی: سەند و باد وتی:

ئەسپەکە، گەیاندمیە ئەوپەڕی سنووری دەسەڵاتی شا سەخر. ئەسپەکە وەستا و بلوقیا دابەزی و خۆی تەکاند. ئەمجا چەند کەسێك پەیدا بوون و سەیری ئەسپەکەیان کرد و لەگەڵ بلوقیادا بردیانن بۆ لای شا براخیا. کە بلوقیا چووە لای پاشا سڵاوی لێکرد. ڕووانی شا لە نێوان ڕەشماڵێکدایە و سوپاکەی بە دەوروو‌بەری خۆیەوەیە. ئەمجا پاشا لای خۆیەوە..... داینا، فەرمانی دا سفرە و خوان ئامادە کرا. بلوقیا سەرنجی دا..... ئەمانیش خواردنیان وەکو خواردنی مەملەکەتی "شاسەخر"ە. تێری خوارد، دواتر سوپاسی خوای کرد. ئەمجا میوەیان هێنا و لەویشیان خوارد. ئەمجا "براخیاشا" پرسی:

"کەی شا سەخرت جێ هێشت؟"

بلوقیا وتی:

"دوو ڕۆژە."

ئەمجا شا براخیا پرسی:

"ئەزانی بە ئەو دوو ڕۆژە چەندت ڕێگا بڕیوە؟"

ئەویش وتی:

"نە"

شا براخیا وتی:

"حەفتا مانگە ڕێت بڕیوە! ئەو دوو لاکە وشترە کولاوەشیان بۆیە خستووەتە سەر پشتی ئەسپەکەت.... ترسی ئەوەیان بووە ئەسپە بزانێت تۆ مرۆڤیت و فڕێت بداتە خوارەوە."

کە بلوقیا ئەمەی زانی سوپاسی خوای کرد کە بە سەلامەت گەیشتووە. ئەمجا شا براخیا وتی:

چیرۆکی خۆتم بۆ بگێڕەوە...... با بزانم چۆن گەیشتوویتە ئەم وڵاتە!؟"

بلوقیاش.... هەموو بەسەرهاتەکەی خۆی بۆ گێڕایەوە. شایش زۆری پێ سەیر بوو. بلوقیا دوو مانگی ڕەبەق مایەوە.

کە حاسب کریم الدین قسەکانی شاماری بیست، زۆر زۆری بە لاوە سەیر بوو! ئەمجا بە شا ماری وت:

"تکایە.... بخەرەوە سەر زەوی"

شامار وتی:

"حاسب...... تۆ ببەمەوە سەر زەوی. لەوێ دەچیتە گەرماو و خۆت دەشۆیت و دەبیتە هۆی مردنم."

حاسب سوێندی خوارد کە هەرگیز خۆی لە گەرماوی گەورە ناشوات."

شامار پێی وت:

"تۆ ئادەمیزادیت. متمانەت پێ ناکەم. خوا خۆی حەزرەتی ئادەمی کە دروست کرد....... فەرمانی دا، فریشتەکان هەموو کڕنووشیان بۆ برد. ئادەمیزاد کە پەیمانی دابوو لەبەر دارەکە نەخوات پەیمانی شکاند و بەری دارەکەی خوارد. حاسب ماوەی ١٠ ڕۆژ گریا. ئەمجا بە شاماری وت:

"باسی بلوقیام بۆ بکە."

شامار وتی:

"ئەی حاسب ئەوە بزانە... دوای ئەوەی ٢ مانگی ڕەبەق بلوقیا مایەوە.. ئەمجا براخیا...... ڕەوانەی سەفەری کرد و خواحافیزی لێ کرد. ئەویش ڕێگای گرتە بەر. چەندین شەو و ڕۆژ بەڕێوە بوو.......دواتر گەیشتە لووتکەی شاخێکی بڵند، ڕوانی پاشایەك لە سەر ئەو شاخەیە. باڵێکی لە خۆرهەڵاتە و ئەوی تری لە خۆرئاوایە. تابلۆیەکی ڕەش و سپی مەزنی لەبەر دەمدایە. خەریکی زیکری خوایە و سڵاوات دان لە گیانی محەمەد د.خ لێ بێت. بلوقیا سڵاوی لێکرد. پاشا وەڵامی دایەوە و لێی پرسی:

"تۆ کێیت؟ و چ کارەیت؟ چۆن گەیشتوویتە ئێرە؟"

ئەویش وتی:

"من وئادەمیزادم بەنوئیسرائیلیم. هەواداری محەمەدم د.خ. "

ئەمجا بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە. ئەم پاشا مەزنە کە ئەمەی بیست سەری سوڕما!! ئەمجا بلوقیا لەوی پرسی:

"ئەم تابلۆیە چییە؟ چی تیا نووسراوە؟ چی دەکەیت؟"

پاشا مەزنەکە وتی:

"من فریشتەی "میخائیل"مکارم سەرپەرشتی کردنی شەو و رۆژە. تا رۆژی دوایی ئەم کارە دەکەم.....!"

کە بلوقیا ئەمەی بیست: سەری لێی سوڕما! کە چەندە گەورەیە!! ئەمجا خواحافیزی لێکرد و درێژەی بە سەفەرەکەی دا. چەندین شەو و رۆژ بەڕێوە بوو. گەیشتە مێرگوزارێك.... روانی ۷ رووباری تیایە. دار و درەختێکی زۆری گەورەی تیایە. چووە بن دارێك کە زۆر گەورە بوو. لە ژێریدا ٤ فریشتە هەبوون. بلووقیا لێیان چووە پێش. سەرنجی دا یەکێکیان شێوەی لە مرۆڤ دەچوو. ئەوی تریان لە دڕندە و سێیەم باڵندە و چوارەم لە گا دەچوو. کە هەر چواریان خەریکی خواپەرستی بوون. هەر یەکەیان دەیوت:

"ئەی پەروەردگار گەورەم.......... بۆ خاتری مەزنی خۆت و خۆشەویستی حەزرەتی محەمەد د.خ پێغەمبەرت لەوانە خۆش ببە، کە لە شێوەی منداں! کە هەموو شتێکت لە دەست دێت!"

بلوقیا کە ئەمەی لێ بیستن سەری سوڕما!! درێژەی بە سەفەرەکەدا. تاکو گەیشتە کێوی "قاف". لەوێیش فریشتەیەکی مەزنی بینی کە هەر خەریکی خواپەرستی و سڵاوات دان بوو لە گیانی پاکی محەمەد د.خ. بڵاو دەبووەوە! دەهاتەوە یەك! رووخۆش دەبوو. دڵتەنگ دەبووەوە! بلوقیا سڵاوی لێکرد. فریشتەکەش وەڵامی دایەوە. ئەمجا لێی پرسی:

"تۆ چیت؟ لە کوێوە هاتوویت؟ بەرەوکوێ دەچیت؟ و ناوت چییە؟"

بلوقیا وتی:

"ناوم بلوقیایە، بەنوئیسرائیلیم. رێبواری رێی محەممەدم د.خ رێم ون کردووە!"

ئیدی بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە. ئەمجا ئەمیش پرسی:

"ئەی تۆ کێیت؟ ئەم شاخە کوێیە؟ تۆ چ کارەیت؟"

فریشتەکە وتی:

"بلوقیا حەز دەکەم بزانیت ئەمە کێوی قافە... دەوری دنیای داوە...! هەر چی زەوی زاری دنیا هەیە لە ژێر رکێفی مندایە!! خوا خۆی بفەرموویێت لە هەر شوێنێکی دنیا بوومەلەرزە دروست بکە.... یان جەنگ.... یان گرانی بێت......! ئەوا جێبەجێی دەکەم. بێ ئەوەی لە شوێنی خۆم بجووڵێم!!"

ئەمجا پرسی:

"لە کێوی قافدا بێ ئەم زەوییەی ئێمەی لە سەرین....... زەوی تری دروست کردووە؟"

فریشتەکە وتی:

"بەڵێ زەوی دی هەیە.... دەڵێی زیوی سپییە! مەگەر خوا بۆ خۆی فراوانیەکەی بزانێت.... فریشتەکانی لێ نیشتەجێن کە هەر خەرکی خواپەرستین و سڵاوات دان لە محەمەد د.خ. هەموو شەوانێکی هەینی دێنە ئەم کێوی قافە و تا بەیانی خوا پەرستی دەکەن و سڵاوات لە پێغەمبەر د.خ دەدەن... ئەمجا خێری ئەو خوا پەرستیەیان دەبەخشن بە بەندە گوناهبارەکانی محەمەد د.خ. تا رۆژی زیندوو بوونەوە ئەمە کاریانە."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٩٦

شەهرەزاد وتی: ئەمجا بلوقیا پرسی:

"لەو دیو کێوی قافەوە کێوی تر هەیە؟"

فریشتەکە وتی:

"بەڵێ هەیە و دووریەکەی ٥٠٠ ساڵ ڕێیە! کە هەمووی بەفر و بەستەڵەکە! کە بە هۆیەوە لە گەرمی دۆزەخ پارێزراوین! لەو زەویانەدا....فریشتەکانی لێیە کە هەر خەریکی خوا پەرستین. کە حەزرەتی "ئادەم" و "حەوا" یان هەر نەبیستووە. هەر نازانن شەو و ڕۆژ چییە!! زەویش ٧ چینە. خوا فریشتەیەکی دروست کردوە کەس ناتوانێت وەسفی بکات.... ئەو فریشتەیە ئەو ٧ چین و توێژەی زەوی ڕاگرتووە! ئەمجا خوا لە ژێر پێیدا تاشەبەردێکی دروست کردووە. لە ژێر ئەویشدا گایەك هەیە! ئەویش لە سەر پشتی "نەهەنگە"!! نەهەنگەکەش لە دەریایەکدایە! خوا خۆی ئەو نەهەنگەی پیشانی حەزرەتی عیسا داوە. چونکە لە خوای مەزن پاڕاوەتەوە، کە ئەو نەهەنگەی پیشان بدات!! خوایش فەرمانی بە فریشتەیەك داوە کە حەزرەتی عیسا ببات و ئەو نەهەنگەی پیشان بدات.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٩٧

شەهرەزاد وتی: خوای گەورەی پرسی:

"ئەی موسا.. نەهەنگەکەت بینی؟"

ئەویش فەرمووی:

"نە.....بە گەورەیی خۆت... تەنیا گایەکم بینی کە هێندە خێرا تێپەڕی.. تەنیا سەریم بینی.... کە ٣ ڕۆژە ڕێگا درێژ دەبوو........ بە مەزندەی خۆم!"

ئەمجا بلوقیا کە ئەمەی بیست: دەستی کردە گریان خواحافیزی لەو فریشتەیەش کرد بەرەو ڕۆژئاوا سەفەری کرد. گەیشتە دوو کەس لەبەر دەرگایەکی کڵۆم دراودا... دانیشتبوون. ڕوانی یەکێکیان لە شێوەی شێردایە...... ئەوی دی گا!! بلوقیا سڵاوی لێکردن. ئەوانیش وەڵامیان دایەوە. ئەمجا ئەوان لێیان پرسی:

"تۆ چیت؟ لە کوێوە هاتوویت؟ چ کارەیت؟"

بلوقیا وتی:

"من ئادەمیزادم، هەواداری محەممەدم د.خ. ڕێم ون کردووە!"

ئەمجا ئەویش لێی پرسین:

"ئەی ئێوە چین؟ ئەم دەرگا داخراوە چییە؟"

وتیان:

ئێمە پاسەوانی ئەم دەرگا داخراوەین. کاریشمان خواپەرستی و سڵاوات دانە لە حەزرەتی محەممەد د.خ."

بلوقیا سەری سوڕما!! ئەمجا پرسی:

ئەی ئەو دیو ئەم دەرگایە...... چی تیایە؟"

وتیان:

"نازانین!"

ئەمجا سوێندی دان.... کە ئەو دەرگایەی بۆ بکەنەوە. ئەوانیش وتیان:

"تەنیا "جوبرەعیل" دەتوانێت ئەم دەرگایە بکاتەوە!!"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.............. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٩٨

شەهرەزاد وتی: دوای ئەوەی بلوقیا زۆر پاڕایەوە: خوا نزاکەی گیرا کرد و حەزرەتی "جوبرەئیل" هات و دەرگاکەی بۆ کردەوە. بلوقیا کە چووە ژوورەوە دوو ریزە شاخ و دەریایەکی گەورەی بینی. بە سەر دەریاکەدا رۆیشت. سەیری کرد ٤ کەس زۆر بە خێرایی بە سەر دەریادا بەرەوڕووی دێن! بلوقیاش چووە سەرە ڕێیەکەیان. کە گەیشتن لێیان پاڕایەوە کە بوەستن کە وەستان پرسیاری لێ کردن:

"ئێوە کێن؟ بۆ کوێ دەچن؟"

یەکێکیان وتی:

"من "جوبرەئیل"م، ئەمەش "ئیسرافیل"ە. ئەمەی دی "میکائیل"ە و چوارەمیشمان "عیزرائیل"ە لە رۆژهەڵاتی زەویەوە چەندی ماری ئەژدیهای مەزن لە زەوی هاتوونە دەر و هەزاران شاریان کاول کردووە. دانیشتوانیان خواردووە. خوا فەرمانی پێداوین: بچین بیانگرین و فڕێیان بدەینە ناگری دۆزەخەوە."

ئەمجا خواحافیزی لێ کردن و بەرێ کەوتەوە. تا گەیشتە دوورگەیەك. بە دوورگەکەدا گەڕا لاوێکی جوانی بینی: نوور لە نێوچاوانی دەباری. کە لێی نزیك بووەوە سەیری کرد لە نێوان دوو گۆڕدا دانیشتووە. دەگری. بلوقیا لێی چووە پێش و سڵاوی لێکرد. دوای وەڵام دانەوەی: بلوقیا پرسی:

"ناوت چییە؟ ئەم دوو گۆڕە گۆڕی کێن؟"

سەری بڵند کردەوە و وتی:

"چیرۆکی ئەم دوو گۆڕە سەرسوڕهێنەرە.وەرە لام دابنیشە و یەکەمجار بۆم باس بکە، تۆ کێیت؟ چۆن گەیشتویتە ئێرە؟ دواتر منیش چیرۆکی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە."

ئەمجا بلوقیا لەولا لاوەکەوە دانیشت. بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە. کە چۆن کاتێك باوکی مرد چوو.... خەڵوەتگەکەی کردەوە و لە ناویدا دەرگایەك هەبوو کردیەوە. سندوقێکی

تیابوو، سندوقەکەی کردەوە نووسراوەکەی بینی و وەسفی محەمەد د.خ تیا بوو. بلوقیاش تاسەی بینینی کرد و سەفەری کرد. تاکو بە خزمەتی محەمەد د.خ بگات. ئەمجا وتی:

"ئەمە بوو چیرۆکی من......... خوایش لەشتەکان بە ئاگایە"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو............ بێدەنگ بوو.

## شەوی ٤٩٩

شەهرەزاد وتی: لاوەکە وتی:

"جا.....داماو تۆ هەر هیچت نەدیوە و بە سەر نەهاتووە. من بە خزمەتی حەزرەتی "سولەیمان" گەشتووم. هێندەم شت بینیوە....... لە ژماردن نایەت! دابنیشە، با بۆت بگێڕمەوە. کە حاسب ئەمەی لە شامار بیست وتی:

"ئەی شای ماران بە یەکێك لە بەردەستەکانت بفەرموو با.... بم خەنەوە زەوی پەیمان دەدەم هەرگیز لە گەرماودا خۆم نەشۆم!"

شامار وتی:

"شتی وا نییە........ بڕوام بە سوێندەکەت نییە!!"

کە حاسب ئەمەی بیست دەستی کردەوە بە گریان. شامار ناوی "یلمیخا" بوو. کە بینی حاسب زۆر بە کوڵ دەگری. هێنای سوێندی دا: ئەمجارە فەرمانی بە ئەژدیهایەك دا بیخاتەوە سەر زەوی. ئەژدیهایەك هات بۆ بردنی. رووی لە شامار کرد و وتی:

"پاشام ..... زۆر حەز دەکەم چیرۆکی بلوقیام بۆ تەواو بکەیت."

ئەمجا شامار وتی:

"ئێ..... کە لاوەکە وتی:

"من سەردەمی حەزرەتی سولەیمانم دیوە، باوکم پاشا بوو. ناوی "تەیغموس" بوو. پاشای وڵاتی "کابل" بوو. ١٠٠٠٠ پاڵەوانی هەبوو. هەر یەکەیان ١٠٠ شاری بەڕێوە دەبرد. ١٠٠ قەڵای هەبوو. ٧ سوڵتانی وڵاتانی لە ژێر دەستدا بوو. لە خۆرهەڵات و خۆرئاواوە دیاری ئەو سوڵتانانەی ساڵانە بۆ دەهات. لە حوکمڕانیدا زۆر دادپەروەر بوو. خوا خۆی ئەو هەموو سامانەی پێ بەخشی بوو. بەڵام کوڕی نەبوو. هەموو ئاواتی ئەوە بوو......خوا کوڕێکی پێ ببەخشێت. دوای خۆی ببێتە جێ نشینی. بۆیە رۆژێکیان هەر چی پزیشکان و ئەستێرەناسان و جادوگەران هەیە کۆی کردەوە و لێی پرسین:

"ئاخۆ..... خوا کوڕێکم لە ژیانمدا دەداتێ!؟"

ئەستێرە ناسان کتێبانیان گرتەوە. جادوگەران بۆیان تێڕوانی: دواتر وەڵامیان دایەوە:

"بەڵێ، ئەو کوڕەش لە کچی پاشای خۆراسان دەبێت...!"

کە تەیغموس شا ئەمەی بیست زۆر خۆشحاڵ بوو. فەرمانی دا... هەموویانیان خەڵات کرد. دواتر ناردی بە شوێن گەورە وەزیرەکەیدا، کە ناوی "عەینزار" بوو. پاڵەوانێکی لێهاتوو

بوو. پاشا پێی وت: ١٠٠٠ جەنگاوەر لەگەڵ خۆت ببە و دیارییەکی زۆری نایاب بچۆ بۆ وڵاتی "خۆراسان". داوای کچی "بەهرەوان" شام بۆ بکە. گەورە وەزیر ئاگای لێبوو: چۆن ئەستێرەناسان تەگبیریان بۆ کردبوو. ئەویش هەر زوو سوپای ڕێکخست و بەرەو وڵاتی خۆراسان کەوتە ڕێ.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە............ بێدەنگ بوو.

@Muhammad N Hassan













زنجیرەی بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شڤان ٢٠